# هێلانە

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**٤**

# هێلانە

ڕۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
هێلانە – رۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٢
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٣٤ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ئیمان غازی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

# بەشی یەکەم

## ١

– با بیشیاننێژین..

ئەم پێشتر گیرفانیانی پشکنی بوو. هەرچییان تێدا بوو دەری هێنا بوون. تێکەڵەیەك بوون لە ناسنامە و کلیل و پسوولە و نامە و دەفتەری تەلەفۆن، لەگەڵ کەمەکێ پارەدا، کە لە هەشت نۆ دەیی و پێنجی و تاك دیناری بەولاوە نەبوون.

هەموویانی خستبوونە گیرفانێکی کۆڵە پشتەکەیەوە.

ئەم داواکەی هێندە بە دەروونساردییەوە بەڕووی جافردا دا. هێندە بەئاوازێکی خەمخۆرانەوە بوو، کە ئەو چیی تر خۆی پێ پێڕانەگیرا و تەقییەوە. ئەو هێشتا پاشگەزبوونەوەکەی ئەمی، لە بڕیاری شێوەی کوشتنەکەیانی پێ قووت نەچووبوو، کە ئەم داوا پڕ سەیروسەمەرەیەشی بەدوادا هات. ئیتر لە وزەیدا نەما و بەدەنگێکی پڕ لە رق و کینەی تێکەڵ لە سەرسوڕمانەوە وتی:

– چی؟ بیشیاننێژین؟.

ئینجا بە قێزوبێزێکەوە، نووکی پێڵاوە لاستیکییەکەی، لە لاجانگی یەکێکیانەوە ژەند و وتی:

– ئەمە سوبحان.. ئەمە بنێژین؟ کەلاکی کەریم کەللە بنێژین؟ بۆچی و لە پای چی؟.

ئەم هەر ساردوسڕ.. هەر هێمن و ئارام، خۆی لە تووڕەبوونەکەی نەبان کرد و ورتەی لێوە نەهات. دەیزانی ئەو بەپێی بڕیارەکەی لەوەبەریان، ناهەقی نییە. ئاگەدار بوو چۆن لە دەروونیدا دەکوڵێ و بۆچی؟ تەنانەت کاتێ ئەو دیسان، بنی پێڵاوەکەی نیشانده سەر ناوچەوانی ئەوی تریان و وتی:

– یا ئەمەیان سوبحان.. ئەمە؟ کەلاکی معاون نوعمان؟ بۆچی کاکە؟ میوانێکی ئازیز بوو؟ هاتبوو خێر و بەرەکەتمان بەسەردا ببارێنێ؟ ئاخر خۆ ئەو بڕیارە لەسەر خواستی خۆت بوو، کەچی ئێستا چۆنی دەشکێنیتەوە؟ بۆچی.. ئاخر بۆچی؟.

ئـەوساش ئـەم بـەدەم زەردەیـەکـی خـەمـاویـی تـفـتـەوە.. زەردەیـەك کـە هـەوڵـی دەدا لەگەڵیدا، ڕاز و نیازە حەشارخواردووەکەی ناخی دەروونی پێ دەرببڕێ، وەك سوور بزانێ داواکەی نابەجێیە و دەشبێ بیکا، وتی:

– جـافـر تـکـات لـێ دەکـەم بـەقسەم بـکـە. مـەپرسە بـۆچـی و بـەقسەم بکـە. وابـزانـە داوایەکت لێ دەکەم کە لە کردن نایەت و لەبەر خاتری من، خۆت ناچاری کردنی دەکەیت.

جافر بەم قسانە کەمێ خاو بووەوە. وتی:

– سوبحان تۆ قسەی سەیر دەکەیت، باشە نابێ بزانم بۆچی و چۆن، هەتا..

ئەم پێی بڕی و وتی:

– نەء مەیزانە.. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: جارێ تەنیا ئەوەندەی لێ بزانە، کە مەسەلە ئەوان نین و منم. منم کە وام پێ باشە و پێ خۆشە.. منم کە ئاسوودە دەبم و دڵم دەحەوێتەوە.. منی زیندوو نەك ئەوانی تۆپیو. باسەکە دەمەتەقێ زۆر هەڵدەگرێ. تکایە تۆ بە قسەم بکە و دوایی لێی دەدوێین.. تکایە.

جـافـر حـەپـەسا و رامـا. وتـەکـان کـارێکـی سیـحـراویـیـان تـێ کرد. دوو سێ جار بەسەرسامییەوە، سەرنجی لە نێوان ئەم و لاشەکاندا هێنا و برد. دیاربوو کە تەوژمی تووڕەیییەکەی رەویوەتەوە. خەریکە مل دەدا و دەڵێ: باش. بەڵام وەك هێشتا پریشکە ئـاگرێك، لـە بـنـی کـادانـی تـووڕەییدا مـەڵاسی خـواردبـێ، پـەنـای بـردە بـەر زەحـمـەتـیی مـەیسەرکردنی کارەکە و وتی:

ئەوا وتم ئێ، بەڵام بەچی؟. ئەو ئەرزە رەقە بەچی هەڵکەنین؟. بە چنگ و نینۆك؟.

ئەم بەری ئەو بیانووەشی لێ گرت و وتی:

– حـەدی ئـەوەیـان نـییـە. چـاڵێك، ئـاودرێك، بـنـکـەندێك و رمـانـدنـی گڵ و خـۆڵـیـان بـەسـەردا ئاسان بێ و هیچی تر.

جافر ملی دا. ئەم چاوێکی گێڕا و بنکەندێکی، لەو نزیکانە لە دامێنی ملەی حاجی سوبحاندا دیاری کرد. لاشەکانیان بۆ بەکێش کرد و گڵ و خۆڵیان، بەسەردا دارماندن. ئیتر هەردووکیان هەوراز سەرکەوتن. ئەم لە ئاستی ملەدا، بە دیداری گاشەبەردە دێرینەکەی شاد بووەوە. کورسییەکی خواکردە و مەگەر خوا خۆی بزانێ، لە کەیەوە

لەوێدا دانراوە!. پاڵپشتێکی نیو مەتری بەرز و نیویش پان. شاقووڵی نیشتووەتە سەر، تەلەبەردێکی ئەستوور و پێکەوە لکاون. پاڵپشتەکە هێشتا پاك و تەمیزە. تەنیا تویژاڵێك تەپوتۆزی لێ نیشتووە. تەلەبەردەکە چینێك خۆڵی لەسەر کەڵەکەیە. هەندێ گژوگیای وشکەوەبووی بەهاریش، هێشتا بەسەرییەوە بەپێوەن.

ئەم جارەیان بەپێچەوانەی جارانی ترەوە، بەچەشنی چوونە حزووری گڵکۆیەك رووی تێ کرد و بە ملی لارەوە، بەدیارییەوە راوەستا، جافر لێی حاڵی بوو. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– بە جێت بێڵم؟.

ئەم بەبێ ئاوڕدانەوە بەلایدا، وتی:

– ئا.. زۆرم پێ ناچێ.. لەوێ چاوەڕێم بکەن.

ئەوێ ئەشکەوتی (کونە کەمتیار)ە، کە پێشتر جافر لەسەر داوای ئەم، هۆشیار و پشتیوانی ناردبوو، بچن لەوێ چاوەڕوانی ئەمان بکەن. ئیتر جافر هەنگاوی سەر خست و جێی هێشت. ئەمیش کلاشینکۆفی لە شانی داگرت و لەگەڵ ئەو تەورەدا، کە لە شەوێوە بەدەستی گرتبوو، لە تەنیشت گاشەبەردەکەوە پاڵی خستن. دانیشتە سەر چیچکان و بە لەپی دەست، پووشوپەڵاش و خۆڵەکەی لێ لادا. تەلەبەرد هێشتا تویژاڵێك خۆڵە ئاردی بەسەرەوە مابوو. چەمکی پشتێنی لێ خستە کار و گەردی پێوە نەهێشت. بەدەستووری جاری جارانی، دانیشت و پاڵی دایەوە. وەك ئەو جارانەش، جگەرەیەکی ئاگر دا و یەکەم مژی لێ دا. بەڵام ئەم یەکەم مژەی ئێستا، بەپێچەوانەی ئەو جارانەوە، مژدانە لە ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕی لە بنەهاتوو.. لە جەخارێکی هەناوقرچێنی بێ بڕانەوە. مژێك کە دەروون دەکاتە کوانووی جۆشدانی، رستێك بیرەوەریی گورچکبڕ. ئەگەرچی ئەم یەکەم مژە بەدەم و لێو، لە جگەرەکەی نێوان پەنجەکانی دەدا و بەچاو، بینایی بەسەر کەلاوەکانی حاجی سوبحانی خاپووردا دەگێڕێ، بەڵام بە بیر و هۆش بەخێراییی تیشك، بەزنجیرەی کارەساتەکاندا دەچێتەوە.

***

هەموو جار کە بەخۆی و تراکتۆرەکەیەوە دەگەیشتە ئاستێ، ڕای دەگرت و بازدی دەدایە خوارەوە. دەچوو دادەنیشت و پاڵی دەدایەوە. جگەرەیەکی دادەگیرساند و بەدەم مژلێدانییەوە، بە ئاوایی و دەوروبەریدا هەڵدەڕوانی. ماڵ بەماڵی.. کۆڵان و

سەرەنویلکەکانی.. مزگەوت و قوتابخانەکەی.. کانییەکانی و جۆگەلەکانیان کە بە قەڵبەزە، بەرەو کێڵگەکانی لای خوارووی ڕۆدەچوون.. باخ و رەزەکانی دامێن و قەدپاڵی کەژ و کێوەکانی.. چیاکانی هەرچوار لای کە وەك شوورەیەك، بەدەوریدا ئەڵقەیان بەستبوو.. بە تامەزرۆیییەوە بینایی پێدا دەگێڕان و یەك بەیەکیانی بەسەر دەکردەوە.

هێندەی کەشوهەوا بۆی لەبار بووایە، جاربوێری نەدەکرد. خووە و لێی بووەتە خولیا. دابێکە و دەقی پێوە گرتووە. بەدرێژاییی ماوەی جگەرەکێشانەکەی دیمەنەکان وەك یەکەم جار بیێ بکەونە بەر دیدەی، لەگەڵیاندا جۆش دەخوا و سەراسیمە دەبێ. گەشکە دەیگرێ و نەشئەی مەستی، بە هەناویدا شەپۆڵ دەدا. پڕ بەپڕی هەست و نەستی بۆیان دەخنێتەوە. لێواولێوی بیر و هۆشی، هۆگرییان بە ڕوودا دەدا. هەریەکەیان بۆی دەبێتە، دەزوولە تیشکێکی ئەفسووناوی دادەرژێتە ناخی دەروونییەوە. سەدان دەزوولە تیشك و ناخی دەکەنە چراخانێك. چراخان شادی و ئاسوودەیییەکی دەگمەنی پێ دەدا.

سۆزێکی دەروێشانەی بەرامبەر بە گوند لێ دەورووژێنێ و کەیلی دەکا.

درێژەی بە کەیلبوونەکەی نەدەدا، نەکو کاڵ ببێتەوە. لەگەڵ دوا مژلێدانی جگەرەکەیدا، وەك پەرستکارێك و نەریتی لە کانگەی دڵەوە بەجێ هێنابێ، هەڵدەستا و فرکەی دەکردەوە سەر تراکتۆرەکە. پێش بە ڕێخستنەوەی، بە دەم بزەیەکی وشەدارەوە، دوا سەرنجی دەدایە گوند. ئەمیانی تەرخان بوو بۆ هێلانەکەی. دەیزانی (غوربەت) هەر چاوەچاوێیەتی. لێی بەئاگا بوو کە هەتا ئەم ماڵئاوایی لێ نەکا و ئاودیوی ملە نەبێ، ئەو لەو چاوەچاوەی ناکەوێ. لەگەڵ ئەو دوا سەرنجەیدا، دەستێکی بۆ هەڵدەتەکاند. تەنانەت بەبێ گوێدانە دووریی ماوەی نێوانیان، لاچاوێکی مەغزاشی لێ دادەگرت. ئیتر کاتێ دەیبینی ئەویش دەستی بۆ رادەوەشێنێ و (بەمەزنەی ئەم خۆی)، وەڵامی چاولێداگرتنەکەشی دەداتەوە، بە دڵ و دەروونێکی سیخناخ لە شادمانییەوە، ڕووی وەردەچەرخاندەوە. وەك بە سەرپشتی ئەسپێکی کەحێلەوە بێ و بۆ راووشکارێك بچێ، ئاوزەنگی لە قەبرخەی تراکتۆر گیر دەکرد و ئاودیوی ملە دەبوو.

***

ئەو رۆژەش بەیانییەکەی زوو، کاتێ غوربەت ویستی خۆی لە ئامێزی دەربکێشێ و بەدەنگە ناسکە بە ئاوازەکەیەوە وتی:

– دەبەسە ئیتر.. هەڵسە درەنگە.

ئەم تامەزرۆتر باسکی لێ توند کرد. بە پەرۆشترەوە بەخۆیەوە هەڵلووشی و وەك منداڵێکی وڕکگرتوو وتی:

– دە نەخێر.. بەس نییە و درەنگیش نییە.

کە ئەو وتی:

– ئاخر تۆ خۆت.. شەوێ نەتووت..

ئەم لێوی نیشاندە سەر لێوی و بواری تەواوکردنی قسەکەی لێ بڕێ. گڕی ئارەزووی جووتبوونەوە، کڵپەی سەندبووەوە. گۆنا و لامل و بەرمەمانی، دانەوە بەر لێزمەی ماچی بڵێساوی. بە ئارەزوویەکی هێندە ئاڵۆشاوییەوە بە خۆیەوە شەتەك دەدا، دەتوت دەیەوێ هەردوو جەستە بەناو یەکتریدا بتوێنێتەوە. غوربەتیش پڕبەپڕی شاڵاوەکەی ئەم، جۆشی سەند و تێك ئالانەوە، گەردەلوولی چێژی جووتبوون، بەرەو ئاسمانە ئەفسووناوییەکە رایفڕاندنەوە. کردنییە دوو پەپوولەی باڵنەخشینی ناو مێرگوزارێك. بە دوایدا وەك داخزابنە باوەشی شیرین خەوێکەوە، سرتە و جووڵەیان لەبەربڕا و خامۆش بوون. تەنیا دەنگی ترپەی دڵ و مشەی هەناسەیان، لە یەکتری ئاگەدار دەکردن کە لەش بە لەشەوەن.. کە بەناو یەکتریدا جۆشیان خواردووە. دیسان غوربەت بزواو وریای کردەوە بە شێنەیی کەلای خست و وتی:

– ئەگەر بە ڕاستی نیازی ڕۆیشتنت هەیە، هەڵسە درەنگە.

– ئەی ئەگەر نیازم نەبێ؟.

– هەر هەڵسە و درەنگە. خۆ بەیتی بلە نییە.

غوربەت بەدەم قسەکەیەوە، پێخەفەکەی لادا و خۆی خستە سەر باری دانیشتن. ئەم نەیهێشت و ڕای کشاندەوە. ئێستا لەشێکی تا بەر مەمکان رووت بە تەنیشتییەوە دەبینێ. ئێستا ئەم هەڵساوە دانیشتووە و سەیر دەکا. وەك یەکەم جاری بێ ئاوەها بە رووتی بیبینێ، بە پەرۆشەوە پێیدا هەڵدەڕوانی. کراس لە ئاستی مەمانیدا گرمۆڵە بووە. دەست دەبا بەرەو گرمۆڵە بەرەو سەروویان رادەماڵێ. بەوەشەوە ناوەستێ و کراسی لەبەردا ناهێڵێ. ئێستا لەشی غوربەتی لە پەنجەی پێوە تا تەوقی سەر، لە بەردەمدا رووتە. بەسەرسامییەوە سەرنجی پێدا دەگێڕێ. لە سەرەوە تا پەنجەی پێ و لە پەنجەی پێوە تا تەوقی سەر. هێندە بەسەرسوڕمانەوە تێی ورد دەبێتەوە کە دەڵێی، چەندان ساڵە

گەوهەرێکی لە بندەستەوە بووە و ئێستا وا لە ناکاوێکدا لێی بە ئاگا دێ.

غوربەت تا ئەو ساتە، لەم حاڵەی بێ خەبەر بوو. ویستی راست ببێتەوە و دیسان نەیهێشت. رێکتر لەسەر پشت جەستەی پێ درێژ کرد وەك جەستەیەکی نوێی، لەوەی جاراندا دۆزیبێتەوە وتی:

– مەجووڵێ.. ئە ئاوا راکشێ و مەجووڵێ.

غوربەت خواستەکەی بەجێ هێنا. لەسەر گازی پشت بێ جووڵە راکشا. بزەیەکی گەشی تێکەڵ لە شادی و شانازی، بەسەر لێوییەوە دەدرەوشایەوە. ئەو بە جۆرێ کەوتە بینایی گێڕان بە یەك بەیەکی ئەندامانی لەشیدا، کە دەتوت چاوانی لێ کردوونەتە کامێرا و دەیەوێ وێنەیان بگرێ و لە ئەلبوومی زەینیدا بیانپارێزێ. قژێکی خاوی خورمایی وەك خەرمانە، بەملا و بەولای تەوێڵ و گۆناکانیدا، پرژاوەتە سەر سەرینەکەی. چاو و برۆیەکی رەشی پڕ لە عیشوە و ناز، کە سۆز و خۆشەویستی و ئەمەکدارییان تێدا دەبریسکێتەوە. دوو رووومەتی ئاڵ و خرپن دوو لێوی گۆشتنی، هەردەم بە خەندەی نیشانەی بەختەوەری و بەختیاری. لە سەروسیما لایدا و دیدەی داخزایە سەر سینە و مەمانێکی پڕ باوەش. هەردوو دەستی بۆ بردن و بە ئەسپایی لەپی پێدا هێنان. لەوانی لادا و بینایی بەرەو خوار، بۆ سەر سك و ناوقەد و بانەگای داکشاند. لەوە خوارتر بۆ سەر نەرمەی ران و پووزی کەللەشەکری و قاچی خنجیلە و جوان. ئینجا چۆن هاتبوو، وەهاش لەپ و دیدی بەرەوژوور تا تەوقی سەر هەڵکشاندەوە. بە واقوڕماوییەوە لە دڵدا وتی: ”خۆ من هەشت ساڵی رەبەقە، ئەم لەشەم بەو هەموو قەشەنگییەوە لە بندەستەوە بووە.. سەدان جارم چاو پێدا داچەقاندووە. پانتایی هێندەی نینۆکێکی تێدا نەماوە، جارەهای جار سەفەری پڕ لە گڕوکفی حەز و سۆزم پێدا نەکردبێ.. لە میحرابیدا کڕنووشم نەبردبێ عابیدانە بۆی بەچۆکدا نەهاتبم، ئەم کیشوەرە کوا قوڕنە و کەنارێکی تێدا مابوو زەفەرم پێ نەبردبێ.. نەیگەیشتبوومێ و وەکو بەری دەستم، شارەزای نەبوویم؟. کەچی ئێستا ئەوەی دەیبینم...“.

– هێی.. لە کوێیت؟ دەڵێی قەت نەتدیوم.

غوربەت بوو لەو دەریای سەراسیمەییە دەری کێشا. ئەم بەدەم ئەو لێڕامانەوە وتی:

– با دیومیت.. هەزار جارم دیویت.. بەڵام بەم چەشنە؟ هەرگیز نەء، غوربەت تۆ خۆت پێم بڵێ: ئا ئەم ئەندامانەی لەشت، لەو پەنجەی پێیەتەوە تا ئەم تەوقی سەرەت،

لـەوەبـەریش هـێـندەی ئـێستـای ئـەم ساتـە جـوان بـوون؟ هـەر بـەم چـەشنـە دڵڕفێن و هۆشتەزێن بوون؟.

غوربـەت بـە جەستە لـەبـەر دەستیدا، مت و خـامۆش بووبوو. دەتوت ئەو دیدە و لـەپەی ئەم، بەهێمنی شاگەشکەی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەزار جامبـازانە وتی:

– نـا وا نـەبوون.. نـاشیرین و رەزاگران بوون. بـەڵام لـە دڵم گـەڕابوو کـە تۆ ئـەم بـەیانییە، بـەشێوەیەکی تـایبـەتی چاوی پێدا زەق دەکـەیتـەوە. بۆیـە منیش دوێنـێ نـاچار چووم، خۆم لـە ئـاوی جوانی هـەڵکێشا.

ئەم بەدەم لەپێگێڕانەوە وتی:

– کچێ دەنـا.. وام مـەبەست نییە. دەزانم هـەروا جوان بوون. بـەڵام دیـارە من یـەکەم جـارە، بـە بـاری راستـەقینـەیـاندا دەیـانبینم. خـەتـاکە لـە منـەوە بووە من.

ئـەوسا غوربـەت، خۆی خستە سەر بـاری دانیشتن. کراسی لـەبـەر کردەوە و تـابلۆکەی لە پێش چاوی ئەم لادا. بە زمانێکی شیرین و نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– بـاشە سوپـاست دەکـەم.. گـاڵتـەم کرد.. بە قسەکانت گەز گەز بـاڵا دەکەم.

بەڵام ئیتر درەنگە..

هـەردووکـیـان لـەنـاو جـێگـە هـاتـنـە دەر. غـوربـەت دەیـویـست بـچـێ بـەلای کـار و فـەرمـانییەوە. ئەم لێی نەدەبووەوە. هـەر دەوروخولی دەدا. پەیتا پـەیتا لـە ئـامێزی دەگرت و مـاچبـارانی دەکرد. ئـەو هـەرچـەندە پێوەی دیـاربوو کە لـە نـاخدا گەشکە دەیگرێ، بـەسەر زاری بێزاریی نیشان دا و وتی:

– دەڵێی نیازت خراپە.

– نـا.. بەڵام وا بزانم هێشتا زووە.

– بەخوا بە چاوە حیزەکانتا دیارە..

– دەتۆ بـا تۆزێ بچینەوە نـاو جێگە.

– کورە خۆ چۆلەکە نیت.. چۆلەکەیت؟.

ئەم هـەر بە ڕاستی وەك چۆلەکەیەکی بـاوکە، بە دەوریدا دەخولایەوە. تەنـانـەت بـەو چـەشنـەش بـە نمـاییشەوە، بـاڵی بـە یـەکدا دا و وتی:

– بەرێ وەڵڵا چۆلەکەم و ئەولاتریش.. ئەوە عەرز و ئەوە گەز.

غوربەت لێوی نایە سەر لێوی. سووکە ماچێکی کرد و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– باشە باش.. دەتناسم و دەیسەلمێنم. بەڵام با لە قاپیدا بمێنێ. با قەرز بێ بەسەرمەوە. قەرز کۆن دەبێ و نافەوتێ.

ئیتر غوربەت چوو بەلای ئامادەکردنی بەرچاییەوە. ئەمیش دوای خۆگۆڕین، لایدایە لای هەردوو کۆرپەکەی. (بنار)ی کوڕ و (چنار)ی کچ، کە وەك دوو فریشتە لە شیرین خەودا بوون. دانیشتە سەرچۆك و ماوەیەك بە شادمانییەوە سەیری کردن. دەستێکی پڕ لە سۆزی باوکایەتی بەسەر و قژیاندا گێڕا. بە ئەسپایی لێوی نا بەگۆنایانەوە و ماچی کردن. لە دڵدا گوتی: زوو دێمەوە لاتان.. لە دوو یا سێ ڕۆژ زیاترم پێ ناچێ".

دوای بەرچاییکردن، ئامادەی بە ڕێکەوتن بوو. دەستی دایە جانتاکەی و لە ژوور بەدەرکەوت. لە حەوشەکەدا سەری بەرز کردەوە چاوێکی بە ئاسماندا گێڕایەوە. هەر ئەو هەندە ڕیشاڵە هەورە پەرتوبڵاوەی پێوە بوون، کە لە سەیرکردنی یەکەمیدا بینیبوونی و جێگۆڕکێیان کردبوو. غوربەت وتی:

– پێیان مەخەڵەتێ.. هەوری بەهار ئامانی بۆ نییە.

– دەزانم.. بەڵام بارانی بەهاریش، بەسزمان و بێ وەیە.

تا پشت دەرگەی حەوشە، شان بەشانی یەکترەوە بوون. ئەم دەستی برد دەرگەکە بکاتەوە و نەیکرد. وەرچەرخا و ڕووبەڕووی غوربەت ڕاوەستا. هیچی نەدەوت. بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە مەغزای سەر لێو و سووکە داگرتنێکی لاچاوی چەپی، بە ڕاست یا بۆ گاڵتە، هێمای بۆ داخوازییەکەی دەکرد. غوربەت لە بریی ئەو، دەرگەکەی واڵا کرد. لەسەرخۆ هەنگاوی پێنایە دەرەوە و وتی:

– بڕۆ.. تا دێیتەوە، دەچم جارێکی تریش خۆم لە ئاوی جوانی هەڵدەکێشم. ئاوسا دەزانم چیت بەسەر دێنم.

ئەم وتی:

– نا نا .. تکایە مەکە.. ئەگەر حەز ناکەیت شێت و شبر ببم مەکە. لەوە زیاترم ناوێ. بەسمە و سەروزیادمە. تەنیا هێندەم لە تۆ دەوێ کە قەرزەکەم فەرامۆش نەکەیت.

ئەو بۆی خنایەوە. وتی:

– خەمت نەبێ.. پارسەنگیشی دەدەمەوە.

کاتێکیش بازدی دایە سەر تراکتۆرەکە و ئامادەی بەگەڕخستنی بوو، غوربەت لێی هاتە پێش و بەدەنگێکی نزم، وەك بچرپێنێ بە گوێیدا وتی:

– چۆلەکە.. زوو وەرەوە.. تۆش لە بیرت نەچێ کە قەرزدارتم.

## ٢

ئەو وەختەی گەیشتە سەر ملە، خۆر لە دەم کەلی (نزارە)وە، رمێك هەڵکشابووە سەر سنگی ئاسمان. تیشکی زێڕینی لە نێوان ریشاڵە هەورەکانەوە، بە سەرجەم ئاوایی و باخ و رەز و کێوەکانی دەوریدا پەخش کردبوو. سەربانی خانووەکان، جۆگەلەی ئاوی کانییەکان، گۆلاوی ناو کێڵگەکان، گژوگیای ئاورنگ لێنیشتووی قەدپاڵی گرد و یاڵەکان، دار و دەوەنی چرۆ تەقیووتاتی دامێنیٚ ئاودڕ و تاشەبەردی ترۆپکی چیاکان، بووبوونە ئاوێنەبەندێك دەبریسکانەوە. ناو گوند بووبووەوە کوورە هەنگەکەی رۆژانە و هالاوی گەرموگوڕیی ژیان، لە شان بەشانییەوە هەڵدەستا. ″سەد و بیست و دوو مرۆڤی تێداین، پڕ لە گڕوتینی ژیانن″. لە دڵدا وای وت و خێراش بەژمارەکەدا چووەوە: ″نا نا.. بەهەموو ئەوەندەین.. بەڵام حاڵیحازر منی تێدا نیم، ئەوە یەك. حەمە ساڵح پێشمەرگەیە و خوا دەزانیٚ لە کوێیە. ئەوە دوو. حەمۆلە جاشە نەگبەتەکەش، ئەوە سیٚ. کەوابوو سەد و نۆزدەی تێدان.. سەد و نۆزدە″

لە بەجێهێنانی ئەم جارەی دەستوورەکەیدا، هەروا لە خۆوە ئەو سەرژمێرییەی بەخەیاڵدا هات. گوند کەسێکی نامۆ بەمی تێدا نییە. لە منداڵی سەر بێشکەوە تا تەمەندارترین باپیرە و داپیرە، یەك بەیەکیان وەك پەنجەکانی دەستی خۆی دەناسیٚ. لە خزمی نزیك و دوورەوە کە زۆرینەن، تا دەگاتە کەسانی دوور لە خزمایەتی. پێوەندیی لەگەڵ هەمووانیشدا، لە رادەی مامە خەمەییدایە. ئەی مەگەر نەوەی حاجی سوبحانی ئاوەدانکەرەوەی گوندەکە نییە؟ ئەم بیرەش بە مێشکیدا گوزەری کرد. بزەیەکی شانازیکردن بەخۆوە، بەسەر لێوییەوە درەوشایەوە. بەدەمییەوە بینایی رووەو گردی (گۆڕسوبحان) گواستەوە. گومەزە رەنگ شیرییەکەی ئەویش، لەژێر تیشکی خۆرەکەی دەم کەلی (نزارە)دا دەبریقایەوە. ماوەیەك بینایی لەسەر راگیر کرد. بۆ ئەویش هەروا لە خۆوە و بۆ یەکەم جار، حەزێك لە ناخیدا سەری هەڵدا.. حەزی هێنایە بەرچاوی ئەو حاجی سوبحانە بە زیندوویی.. لەساتی لەدایکبوونییەوە تا ئەو کاتەی، هات و ئەم

گوندەی ئاوەدان کردەوە و نەوەی تێدا خستەوە کە ئێستا لەمدا بەرجەستەیە، تا دوا هەناسەی دا و حەشاردرایە گۆڕەکەی ناو ئەو گومەزەوە. ئەم زۆری لە بارەیەوە لە باوکی هەندێکیش بە منداڵی لە باپیری بیستبوو. یەکەم جار ئالێرەدا لەسەر ئەم ملەیە، بڕیاری ئاوەدانکردنەوەی لەلا گەڵاڵە بوو. "رەنگە هەر لەم جێیەی منیشدا دانیشتبێ. سەبیلێکی قانگ دابێ و بەدەم فیشکەفیشکی مژ لێدانییەوە، ورد پێیدا هەڵڕوانیبێ و هۆگری بووبێ. ئا.. گومانم نییە کە وەها بووە".

ئەم لە منداڵییەوە باوکی و باپیری بۆیان باس کردبوو کە حاجی سوبحان، لەگەڵ مەلا سالحی برا بچووکیدا، بە ڕەزامەندیی باوکیان و براکانی تریان، بە خاو و خێزانییە لە (کانیی وەلی)یەوە هاتوون و یەکەمین دوو خانوویان تێدا دروست کردووە. ئەرز و ئاوێکی چەپەکی فەرامۆشکراوی بنەماڵەکەیان بووە و حاجی بەکارامەیی و دەسڕنگینی خۆی، بناخەی ئەم مەملەکەتی حاجی سوبحانە خنجیلەیەی تێدا بنیات ناوە.." ئاخۆ ئەگەر ئێستا حاجی لەناو گۆڕ و گومەزەکەیەوە، سەرێك دەربێنێ و بمبینێ چی دەڵێ؟ ئەو سوبحان و من سوبحان!. پێ دەچێ.. نا نا هەروایە کە ئەویش لە تەمەنی ئێستای مندا بووە و هاتووە ئەو بڕیارەی داوە. ئەو بڕیار و منیش بڕیار. دوای باوکم کە خوا بکەم و لە ناخی دڵەوە هیواخوازم تەمەنی نووحی هەبێ، جێگرتنەوەی ئەو سوبحان دەکەوێتە ئەستۆی ئەم سوبحان. لەو بڕیاری ئاوەدانکردنەوە و دامەزراندن و لە منیش، کردنی بەڕاستی بە پایەختی دنیا".

دوا مژی لە جگەرەکەی دا. دوا سەرنجی بە ئاوایی و دەوروبەریدا گێڕا. راستبووەوە و پاڵ گاشەبەردەکەی جێ هێشت. هەڵزنایەوە سەر تراکتۆرەکە و چووەوە قەڵاندۆشکانی. لای کردەوە بەلای ماڵەوەدا. غوربەت لە حەوشەکەدا دەهات و دەچوو. ئەم ئاسایی وەك جاری جاران، دەستەکەی بۆ هەڵتەکاند و لاچاوەکەی لێ داگرتەوە. ئیتر بەبێ چاوەڕوانکردنی وەرگرتنی وەڵامی ئەو، پێی لێنا و ئاودیوی ملە بوو.

بەدەم ڕێوە بەخەیاڵ، پەرتوبڵاو پەلی بۆ جۆرەها باسوخواز دەهاویشت. چەندە زەین بڕی بۆ دوور ڕۆیشتن بکردایە، بۆ ئەمپەڕ یا ئەوپەڕی دنیا، بۆ بنی ئاسمان و بۆ بێخی زەمین، گرگر دەهاتەوە سەر ساتە پڕ لە چێژە ئەفسووناوییەکانی ئەو بەرەبەیانەی. دەتوت بووەتە جەمسەرێکی موگناتیزی و خەیاڵ بۆ هەر لایەك فڕکە بکا، بەکێشی دەکاتەوە بۆ لای خۆی. کاتێکیش لەو حاڵەی وریا دەبووەوە، سەرسام دەبوو. دەیوت"سەیرە!.. خۆ ئەم چۆلەکەکارییە یەکەم جارم نییە. کەچی ئەمیان یەخەی

خەیاڵم بەرنادا.. بۆچی؟ بڕیاری دەدا کە ئیتر بەسبێ. بە تاسووقەوە دەیڕوانییە دیمەنە بەهارییە دڵگیرەکانی دەوروبەری. هەوڵی دەدا تەواوی هەست و هۆشیان تێوە بگلێنێ. وەك بوونەوەری پڕاوپڕ لە ژیان، بۆیان دەخنایەوە و دەیدواندن. دەستی سڵاو و سۆزی بۆ دەنانە سەرچاو و سەر. کە لە دوورەوە باڵندەیەکی لەسەر جادەکە دەدی، پڕ بەدەم هاواری دەکرد:

– هێی لاچۆ! با نەبیت بە ژێرەوە.

یا پەیتا پەیتا ماچی هەوایی بۆ هەڵفڕیوەکان.. بۆ گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەملا و ئەولای جادەکە بەتایبەتی، بۆ پەڵە گوڵاڵە سوورەکان دەنارد. تەنانەت تراکتۆرەکەشی لە دواندن بێبەش نەدەکرد. وەك بەسەرپشتی ئەسپێکی کەحێلەوە بێ، لەپی دەستی بە چامللغدا دەکێشا و بەدەنگی بەرز دەیوت:

– بفڕە کەحێلەکەم خەمت نەبێ.. لە شار سیخناخت دەکەمەوە لە ئالیك.

کەچی هەر هێندەی دەزانی، خەیاڵ لوولی داوەتەوە ناو گێژەنی ساتە پڕ لە چێژە ئەفسووناوییەکانی.. جەمسەرە موگناتیزییەکە، کەمەنکێشی کردووەتەوە و لە نووکەوە پێدا دەچێتەوە.

***

لە گەرمەی یەکێك لەو لوولخواردنانەدا بوو، کە لە پێچی پاڵ گردۆڵکەیەکدا (حەمۆڵ)ی لێ قوت بووەوە. وەك لەو ساتەوەی دەنگی تراکتۆرەکەی کەوتبووە بەرگوێ، زانیبێتی کە دەبێ ئەمبێ، لای دابووە قەراغ جادە و بە چیچکانەوە دانیشتبوو. کە گەیشتە ئاستی راوەستا. ئەو بەبێ هیچ سڵاوکردن و چاکوچۆنییەك، هەڵزنایە سەر چامللغ و دانیشت. ئەمیش بەبێ هیچ بەخێرهاتنێك ، تراکتۆری بەڕێخستەوە و وتی:

– بۆ ئاگەدارت نەکردم جاشی کەر.. وەرە زەلام هەم جاشیش بێ و هەم کەر و بێ ئەقڵ.

حەمۆڵ  پەست و خەمگین دیاربوو. بەپێچەوانەی جارانی ترییەوە کە لەگەڵ ئەمدا ئاسایی دەکرایەوە، قسە سوعبەتئامێزەکەی ئەمی فەرامۆش کرد و هیچی نەوت. بگرە پاکەتی لە گیرفان دەرهێنا و دوو جگەرەی ئاگر دا. یەکێکی بۆ ئەم ڕەت کرد و ئەوی تری نایە نێوان لێوانییەوە. بە پەرۆشیی خەفەتبارێکەوە، دەستی کردە مژلێدانی. ئەم ئاوڕێکی بەلایدادایەوە و لێی حاڵی بوو، وتی:

– چیتە؟ هەرچەند قەت تەواو نەبوویت. بەڵام ئێستا تەواو تەواو نیت. چ خێرتە؟

ئەو راستەوخۆ نەچووەوە سەر گرفتە جەرپیوەکەی ناو دەروونی، کە ئەم پێشتر لە نووکەوە ئاگەداری بوو. لە کەنارەوە خۆی لێ دا و بە پەژارەوارییەوە وتی:

– سوبحان.. تۆ خۆت لە نزیکەوە ئاگات لە حاڵی من هەیە. باوك، خوا زوو بردییەوە حزووری خۆی. برا، ئەو کوشتنە کوژرا کە دەیزانیت. خوشکیش لەگەڵ ماڵ و مێردەکەی پەرەوازەن و لە ئێران گیرساونەتەوە. ماوینەتەوە من و ئەو دایە پیرەم. منیش ئەوە حاڵمە کە دەیبینیت و ئیتر دەبێ، ئەو دایکەم لە تۆ بەولاوە بە کێ بسپێرم؟. هەوڵم زۆر لەگەڵیدا داوە بیبەمە ناو شار و رازی نابێ. دەڵێ: ساتێك ژیانی حاجی سوبحان، بە سەد ساڵی دەرەوەی ناگۆڕمەوە. تکایە چاوێکت تێوەی بێ.

ئەم دەیزانی کە ئەگەرچی ئەوەی سەبارەت بە دایکی دەیڵێ راستە و وایە، بەڵام مەسەلەیەکی لاوەکییە و گرفتە گەورەکەی لەوێدا نییە. بۆیە لە وەڵامیدا وتی:

– دایکت دایکمە و بەقەد نووکی دەرزییەك خەمی ئەوت نەبێ. کە گەڕامەوە ئەگەر حەزی کرد دەیبەمە لای خۆم. با لەگەڵ غوربەتدا وەك دایك و کچێك پێکەوە بن. بەڵام تۆ لە روو بدوێ و پێم بڵێ: پاپۆڕت لە کام دەریادا ژێر ئاو کەوتووە؟.

ئەوساش ئەو تەنیا هەر سووکێك بەلای خەمەکەیدا گوزەری کرد و وتی:

– بیستم جافر ژنهێنانەکەی مەیسەر بووە.

لەگەڵ حەمۆل و جافردا، سێ هاوەڵی منداڵی بوون. پێکەوە سەریان لە هێلکە جووقا و پێکەوە چوونە بەر خوێندن. پێکیشەوە دوای سەرەتایی چوونە شار بۆ تەواوکردنی. ئەم و جافر لە ماڵی پوورە عەتاویان و ئەویش لە ماڵی خوشکی گیرسانەوە. جافر چەند زوو خۆی لە حزبایەتی و سیاسەتەوە گلاند، هێندەش خێرا ئەوی تێڕاماڵی. کۆیان لە هیچ نەدەکردەوە. دەتوت هەنگیان لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە. بۆڕبۆڕێنیان لەگەڵ شارییەکاندا دەکرد. زۆریان تەقەلا لەگەڵ ئەمیشدا دا. دوو قۆڵی نیشتنە گیانی بیخەنە ژێر بار و نەچوو. ئەوان هەر بۆیان رست و ئەم هەر وتی: کەری ئەو بارە نیم. تانووتی ترسنۆکییان لێ دا و وتی: بۆ خۆتان وت. کە دادی نەدا فەرامۆشیان کرد و وایان دانا مرۆڤێکی داشۆراوە، لە هەست و هۆشی نەتەوەیی و نیشتمانی. بەڵام ئەو شەوەی جافری تێدا گیرا، ئەم بوو بە هەڵەداوان چوو حەمۆلی ئاگەدار کرد و لە گرتن رزگاری کرد. رێی شاخی گرتە بەر و بوو بە پێشمەرگە. کەچی دوای شەش ساڵ

پێشمەرگایەتی، کۆڵی دا بوو بە جاش. ئەم لە یەکەم بینینەوەیدا پێی وت: ″ئەوەت لە چی و ئەمەت لە چی؟ کە کەری ئەو بارە نەبوویت بۆ هەڵت گرت؟ وەکو منت بکردایە باشتر نەبوو؟″. تەنانەت جافریش پێش ئەو بە ساڵێك بەر تیری هەمان توانجی ئەم کەوتبوو. دوای بەربوونی لە بەندیخانە کە پێنج ساڵی تێدا بەسەر بردبوو، وازی هێنا و بڕیاری دا دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێ.. بگەڕێتەوە حاجی سوبحان و ژن بێنێ و دوور لە سەریەشەی سیاسەت و حزبایەتی بژی. ژنەش دەبوو (مینا)کەی یار و دڵداری دێرینی بێ. بەڵام کارەکەی لێ چووبوو بە قیردا و مەیسەر نەدەبوو.

سوبحان بەدوای قسەکەی حەمۆلدا، بەخێرایی بەو بیرەوەرییانەیدا چووەوە. بزەیەك کەوتە سەر لێوی و لە دڵدا وتی: ″جاشێك و بەزیوێك و منێك کە نازانم چ ناوێك لە خۆم بنێم!.. رەنگە هیچێك باشبێ!. ئا.. کەواتە جاشێك و بەزیوێك و هیچێك.″

– دایکم وای وت.. راستە؟ مەیسەر بووە؟

ئەوسا بە وەڵام هات، وتی:

– ئا.. مەیسەر بووە.

ئەو درێژەی دایە:

– دەبوو زووتر ببووایە. ئەو سێ ساڵە لەو وەختەوەی بەربووە، سەری خۆی سووك کردووە. بووکیش بۆی لە قاپیدا بوو. وانەبوو؟.

– با.. بەڵام تەگەرەکە دوای خست.

– کام؟.. کاکی بووك.. وانا؟.

– با.

– ئاخر سەیرە، وا زانیمان کاکە و لە جێی باوکێتی. ئەی باشە ئەوی کادرێکی پێشکەوتووی حزبێکی پێشکەوتنخواز، چ عەجەب وەها کردار دەکا؟.

ئەم لە منداڵییەوە، ڕێزێکی تایبەتی بەرامبەر بە حەمە ساڵحی کاکی مینا، لە مێشکیدا کرۆکی کردبوو. ئەو تانووتەی لێ خۆش نەهات. ویستی تۆڵەوەسێن وەڵامی بداتەوە، وتی:

– حەز دەکەیت پێت بڵێم بۆچی؟.

– بەڵێ.

– دەیوت: ڕازی نابم خوشکم، شوو بە پیاوێکی بەزیو بکا.

حەمۆڵ چاوەڕوانی ئەم قسەیەی نەدەکرد. وەك کەو چوو. ورتەی بۆ لە دەم نەهاتە دەرەوە. تا کاتێ ئەم زیاتر پێی لەسەر داگرت و وتییەوە:

– هەر جارێك داوای ڕەزامەندی لێ دەکرا، ئاوەها وەڵامی دەدایەوە: من رازی نابم خوشکم، شوو بە کابرایەکی بەزیو بکا.

ئەو وەك گەیشتبێتە تینی و بیەوێ بەسەر ئەمدا بشکێتەوە، وتی:

– سوبحان.. سەیر قسە دەکەیت. لەوە دەچێ بە دەردی بێ ئەقڵییەکەی جارانی من و جافر چووبیت. تۆ بڵێی ئەو سوبحانەی ئێمە تێیدا کوللوکافر بووین و بۆمان قاییل نەکرا، ئێستا وا سووك و ئاسان تێوەگلابێ؟.

ئەم دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– سڵاو لە ئەقڵت.. وا نییە و دڵنیا بە. وابووایە سڵم نەدەکردەوە و دەموت. تەنیا هێندە هەیە کە لەبەرئەوەی تێوەنەگلاوم، سەربەستم پڕ بە ئارەزووی خۆم قسە بکەم. لە کاتێکدا چ تۆی جاش و جافری بەزیو و چ حەمە ساڵحی خۆڕاگر، سەربەست نین. ئێوە هەر یەکەتان لەسەر پێیە، سەد و یەك بەهانە بۆ حاڵەتەکەی خۆی بێنێتەوە. بەڵام من بەرەڵا و حەرەڵام و ئازادم هەرچییەك بڵێم.

– بە فەلسەفە قسە دەکەیت.. ئەوە لە کەیەوە؟.

– نا.. بە ئەقڵ قسە دەکەم. ئەقڵ پێم دەڵێ: ئەوە بارێکە لەوێدا دانراوە ئەگەر دەزانیت پێت هەڵناگیرێ، خۆت لە قەرەی مەدە. ئەگەریش خۆتت لێ دا، دەبێ تاسەر بە کۆڵییەوە بگریت. ئەمە فەلسەفەی پێ ناوێ.

– ئەگەر وابێ، نابێ کەس هەڵە بکا.

– ئەگەر هەڵەی کرد، نابێ دەستە چەورەکەی، بە کەسێکی تردا بسوێ.

حەمۆڵ ورتەی لێ بڕا. بێدەنگییەکی درێژخایەن، باڵی بەسەردا کێشان. ئەم بێ ئاوڕدانەوە بەلایدا، لێی بەئاگایە کە دەسەسڕ لە گیرفان دەردێنێ. ئەوەتا ئارەقی سەر و ڕووی پێ دەسڕێ. خۆ لە لاڕێوە بە سەگرمەدا هەڵنەزناوە!. ئارەقی تەریقییە". بەلاچاو دزە سەرنجێکی داوەتێ.. "چمکی دەسەسڕەکە بەپێڵووەکانیدا دێنێ فرمێسکیان تێدا قەتیسە" حەز دەکا لا بکاتەوە بە لایدا و ڕاستەوخۆ سەیری بکا و دڵی بەرایی نادا. بگرە

شەپۆلێکی بەزەیی زۆری بۆ دێنێ. سەرزەنشتی خۆی دەکا. هاوڕێی تەمەنە و هەقی بەسەرییەوە هەیە. ئەویش و جافریش بۆ ئەم، دوو برادەری گیانیەگیانین. سیاسەت و حزبایەتی لێیانی شێواند. لەم نا لەوان. جافر بەزی و سەرکز دانیشت. حەمۆڵی نەگریسیش، ڕێگەی ئەم جاشایەتییە کەرایەتییەی گرتە بەر. جافر لەسەر ئەوە لەگەڵیدا تێك چوو. لە مشتومڕێکیان پێی وت: هیچ نەبێ وەك من بکە. سەرکز بگرەو ئەو چەکی جاشایەتییە فڕێدە. ئەو لە وەڵامیدا وتی: من وەکو تۆ ترسنۆك نیم. ئیتر لەو کاتەوە شەیتان کەوتە نێوانیانەوە.

ئەم لە گەرمەی ئەم پێداچوونەوەیەدا، لەو شاڵاوە گورچکبڕەی پەشیمان بووەوە. دیسان بەلاچاو دزە سەرنجێکی دایە. بەسەر تەختانیی چامللغەکەوە، بووبووە پەیکەرێکی بەردین. کپ و خامۆش دەیڕوانییە دوورێکی نادیار. دیمەنە پڕ لە کەساسییەکەی، هەستی پاشگەزبوونەوەی لەلای ئەم خەستتر کردەوە. توندتر بە خۆیدا هەڵشاخا: "گەورە و بچووکی ئاوایی دەیبوغزێنن. لە من و دایکە پیرەکەی بەولاوە، کەس رووی ناداتێ. تەنیا ئەو و منی هەین. منیش ئەوەتا ئێسکم هاڕی".

ئەو کاتەی گەیشتبوونە ئاستی کانییە دڵفڕێنەکەی (قرژاڵان). کانی لە بێخی تاشەلانێکەوە هەڵدەقوڵێ. بە ژمارە بیژمێریت، دە دووازدە دەرووە قوڵپی درشت و وردت دێنە بەرچاو. لە یەکبینا بەدەم قوڵپی ئاوەوە، وردە زیخ و لمی دەرووەکان هەڵدەبلۆوقێنەوە. دەرووەکان ڕێچکە بە قوڵپەقوڵپیان دەبەستنە ناو جۆگەلەیەکی زیخەلانەوە، کە بە بریقوباق و بەدەم خوڕەخوڕێکی ئاواز دەرەوە، بەرەو خوار بۆ ناو نشێوێك شۆڕ دەبێتەوە. لە تەختانییەکی کەنار جۆگەلەکەدا، نزیك سەرچاوەی بێخی تاشەلان، تەلە بەردڕێژێکە و موسڵمانان بۆ نوێژ ڕێکیان خستووە. ئەم لێرەش بە دەستووری لای ملە، هەموو جار تراکتۆری رادەگرت و لای دەدا. دەموچاوی دەشۆرد. ئاوی دەخواردەوە. جگەرەیەکی دەکێشا و ئینجا دەکەوتەوە ڕێ. لە کاتێکدا ئەم جارەیان لە دڵدا بڕیاری دابوو، کە دواندنی حەمۆڵی بە شێنەیی و دڵدانەوەشی بێتە پاڵ. مەکینەی کوژاندەوە و دابەزی. ئەو هێشتا هەر پەیکەرەکە بوو. تەنانەت کە بانگیشی لێ کرد:

– دابەزە با بایەکی باڵمان بدەین و جگەرەیەکیش بکێشین.

دابەزینێکی بەردینەش دابەزی. ڕەنگوڕووی پەژارەی لێ دەچۆڕا. چاوانی وەك

ئاورنگە فرمێسکیان تێ زابێ، کزە بریسکەیەکی تەمومژاوییان دەردەدایەوە. لێوانی وشك بووبوون و سەری زمانی، بە دزە پێدا دەهێنان. لە نەخۆشێك دەچوو هێزی ئەژنۆی شکابێ. بە خەیاڵیدا هات بچێ یاریدەی بدا و نەیکرد. لە بریی ئەوە بە خەمخۆرییەوە وتی:

– حەمۆڵ چیتە؟ لەوە دەچێ ناساغ بیت. بۆ زوو قسەت نەکرد؟.

ئەو راوەستا و بۆ ماوەیەك، بەچاوە تەمومژاوییەکانییەوە لەمی روانی گازندەیەکی تێکەڵ بە توورەیی، شەپۆڵیان تێدا دەدان. بەدەنگێکی گڕی پڕ لە کەسەرەوە وتی:

– نا سوبحان نەخێر.. بە لەش لە گوێزی ساغ ساغلەمترم. بەڵام بە دڵ و دەروون بڕستم لەبەر بڕاوە. خەریکم پەتۆ دەبەم و لێك دەبمەوە. خۆم لە خۆمدا ئەوە حاڵم بوو کە هەبوو. تۆی ناموبارەکیش.. تۆی هاوڕێکەی تەمەنم.. تۆی برادەرە گیانیبەگیانییەکەم کە تاقە کەسێکم مابوویت دانێکی خێرم پێدا بنێ.. تۆش درێخیت نەکرد. چنگێکی باشت نایە سەر خەرمانی ئازارەکانم. سوپاست دەکەم هاوڕێکەی تەمەنم.. سوپاس.

ئەم لەگەڵ بیستنی یەك بەیەکی وشەکانیدا، دەتوت دڵی دەرزیئاژن دەکەن بەدەمییەوە لە خۆی دەپرسی: ″ گوایە هێندە دڵڕەق بووم؟ هێندە بێ بەزەیی و بێ ویژدان؟ بەرامبەر بە کێش؟″. گەرما و گەرم وەڵامی درێژی بۆ نەهات. تەنیا وتی:

– نەمدەزانی بەو قسانە هێجگار وەها پەست دەبیت. با بچین دانیشین باسی لێ دەکەین.

تا سەر کانییەکە هیچیان ورتەیان نەکرد. لەوێش ئەم بە نیازی بوار بەخۆدان بۆ بیرکردنەوە، زیاد لە ئاسایی خۆی بەدەموچاوشتنەوە خەریك کرد. بگرە دوای ئەوەش بە بیانووی میزکردنەوە خۆی ون کرد. کاتێ گەڕایەوە، حەمۆڵ چوار مەشقی لەسەر تەلەبەردرێژەکە، ئارام دانیشتبوو. تەنانەت جگەرەیەکی بۆ خۆی ئاگر دابوو، یەکێکیشی بۆ ئەم ئامادە کردبوو. کە بەرامبەری دانیشت، لێی وەرگرت و دای گیرساند. بە دوای یەکەم نەفەسدا وتی:

– ئێستا با بدوێین.. دەی.. دڵم لەلاتە.

ئەویش وەك لەو ماوەیەدا بیر و هۆشی لە هەسان دابێ، بەپێی نەخشەیەك دەرگەی لەسەر باسەکە کردەوە. بەدەر لە تیروتوانج وتی:

– جافر کاری خێرێکەی بە کوێ گەیاندووە.. نزیکی کردووەتەوە؟.

ئەم خەریك بوو لە پرسیارەکەی بسڵەمێتەوە. بەڵام لەرەی بێ خەوشیی دەنگی، هانی دا وەری بگرێ. وتی:

– زۆر.. هەموو شتێکی براوەتەوە و مارە کراوە. ئێستا سەرقاڵی ماڵ پێکەوەنانە. دەبوو ئەمڕۆ لە تەك مندابێت بۆ شار و لەگەڵ پوورە عەتاودا، بچن کەلوپەلی پێویست بۆ بووك بکڕن. بەڵام پارەی لەدەستدا نەمابوو. مامە قادری بەڵێنی پێ دابوو پێنجسەد دیناری بە قەرز بداتێ. سبەینێ دەچێ بۆ (کانیی وەلی) بۆ وەرگرتنی. وا ڕێککەوتووین دوو سبەی بەیانییەکەی، بێ بۆ شار کەلوپەلەکان بکڕێ و پێکەوە بگەڕێینەوە. دوای ئەوە ئیتر..

قسەی پاش (ئیتر)ەکەی بە زمان دەرنەبڕی. بە هێما ڕای گەیاند. هەردوو پەنجەی شایەتمان و باڵابەرزەی دەستی ڕاستی واڵاکردن. بەدەم بزەیەکی بە ماناوە، قلْپی کردنەوە سەر پەنجەی شایەتمانی دەستی چەپی. ئەویش زەردەیەکی گەشی کەوتە سەر لێو. لە دڵەوە وتی:

– پیرۆزی بێ.

ئەم لە خۆشیی بزاوتەکەی خۆی و بێ گەردیی وەڵامەکەی ئەو، لە کرۆکی باسەکە غافڵ بوو. بە گیانی هاوڕێیەتییەکەی تەمەنەوە و لەسەر شێوەی ساڵانی لاوێتییان وتی:

– کەرن.. ئێوە زۆر کەرن من چیتان لێ بکەم کە لە نهێنییە هەرە گەورەکەی ژیان تێ ناگەن. ئەم ژیانە قرچۆکە لەوە بەولاوە (بزاوتی سوارکردنی پەنجەکانی دووبارە کردەوە)، چ لەزەتێکی تری تێدایە.. ها.. چیی تر پێم بڵێ؟ فەرموون من وەکو ئێوە خۆم کەر نەکرد و ئەوە هەشت ساڵە بە ئارەزووی خۆم بەو دەریایەدا مەلە دەکەم. لە کاتێکدا ئێوە، مەگەر ئەو لە ئاودەستەکانی بەندیخانەدا و تۆ لەبن تاوێر و تاشە بەردەکانی ئەو کەژو کێوانەدا، بەرتان دابنە ناو لەپی دەستتان، یا ڕەنگە تۆ جارجارێ لە ماکەرێ.. گوێرەکەیە.. بزنە لاتێکت تەپاندبێ. کورە کێ دەڵێ ئەوەشت بۆ لواوە.. بڕوا ناکەم وێرابێتت.. وێراوتە؟.

حەمۆل بە تەنیا نەرمە پێکەنینێك وەڵامی دایەوە. ئەم درێژەی دایە:

– بەلام وا جافر زەفەری پێ برد. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی داهاتوودا، لێ دەنیشێ و

دێته ریزی ئاقڵان. هەر باشە. هەندێکی لە کیس چووە. قەیناکا. دەتوانیێ پارسەنگی بداتەوە. بە زستان هەنگوین و گوێز و بە هاوین بامیێ زۆر بخوا، دەیکەن بە چۆلەکە و هەندێکی لیێ دێنێتەوە جیێ. تۆ بەم نهێنییە دەزانیت؟.

– کام؟!

– هەنگوین و گوێز و بامیێ.

– نەوەڵلا.. وایە

– ئەی چۆن، رێوشوێنی تریش هەن، پڕت بکەن لەو ئارەزووە چۆلەکانەیە.. بیێ ئەقڵ.. بزانە تیێ بگە.. من و تۆی ئادەمی..ئاژەڵیش.. رووەکیش کورە بگرە گومانم تەنانەت بۆ بەردی بەردئاساش دەچیێ، هەموو بەندەی ئەو تەلیسمەین. هەن.. شتی تر هەن و زۆرن. بەڵام کورد واتەنی: هەموو رێیەك بۆ بانە دەچیێ. هەموو بۆ ئەم مەبەستەیە و لەوێدا یەکانگیر دەبنەوە. تێم دەگەیت دەڵێم چی کەری بەغدایی؟.

– مەبەستت وایە بڵێی: جاشی بەغدایی؟.

– نا نا.. شەرم پیێ مەفرۆشە. ئەوەیان ناوی خۆت بەخۆتەوەیە. من کەری راستەقینەی بەغداییم مەبەستە. دیوتە؟.. هێندەی بارگیرێك دەبیێ.

– ئاخر خۆ من..

– دەزانم.. باسم لە لەشولارتان نییە. مەبەستم مێشکەکەی ناو کەللەی سەرتانە.

ئەم یەکەم جاری نەبوو، وەها بۆ حەمۆل و جافر لەو باسە بدویێ. ئەم لە وەختیکی زووەوە، هەر جارە کە لەم مەسەلەیە دەدوان، بەو چەشنە بیر و ڕای خۆی بە روونی بۆ دەردەبڕین. تەنانەت ئەوان لە ئەنجامی ئەو باوەڕەشدا، کە لەو رووەوە مرۆڤێکی چڵێسەو پێچەوانەوەی ئەو دەروێشییەیە کە دەیخوازن، کاتی خۆی زۆر سەریان نەکردە سەری و دەستیان لیێ بەردا.

دوو جگەرەی تریان ئاگر دا و کەوتنە نەفەس لێدانی. حەمۆل سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە، پێوەی دیاربوو کە ئیتر لە چاوەڕواندایە، بچنە سەر جەوهەری باسەکە. ئەم وازی لە لاقرتیێ و قسەی گاڵتە هێنا. سەری لیێ بردە پێشەوە و بە بایەخپێدانەوە وتی:

– ئێستا بڵی بزانم.. چیت لە من دەویێ و چیم پیێ دەکریێ بۆتی بکەم؟.

ئەو سەری هەڵبڕی وەڵام بداتەوە. چاوانی دیسان دەبریسکانەوە. پێڵووەکانی دوو سێ دزەپڕتەیان کرد. دەستی بەرز کردەوە و مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا. دووکەڵەکەی بەلادا بەردایەوە. کە رووی وەرچەرخاندەوە، بە لەرەی دەنگێکی پڕ لە خەمناکیی تێکەڵ لە گازندە و تکا و پاڕانەوەیەکی ژێرا و ژێریشەوە وتی:

– قسەیەکی ترم لەگەڵ جافردا بۆ بکە، بەڵکو لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە. باهیچ نەبێ لە چاوی خۆیەوە بڕوانێتە من. خۆ حەمە ساڵح چی بەو دەوت، ئەویش هەر ئەوە بە من دەڵێ. بۆچی بانێکبێ و دوو هەوا؟ تۆ خۆت لە نووکەوە ئاگەداریت.

ئا، لە نووکەوە ئاگەداربوو. لەوەبەر چەند جارێك، ئەو باسەی لەگەڵ جافردا کردبووەوە. تەنانەت لە دوا جاردا، گەیشتە تینی و لەو بابەتە قسەیەی حەمۆلی بە روودادا. ئەو فشقی بوو وتی:"راستە من بەزیوم. بەلام خۆ وەك کەڵکم بۆ شۆڕش نییە، خەنجەریشی لە پشتەوە تێ ناسرەوێنم !". ئەم ئەو وەختە لە دڵدا قسەکەی سەلماند. لە شێوەی ئامۆژگارییەکدا بە حەمۆلی راگەیاند کە ئەگەر بە ڕاستێتی تا ئەو رادەیە بۆ (نەشمیل) سووتاوە، بە وازهێنانی لە جاشایەتییەکەی، کارەکەی سووك و ئاسان مەیسەر دەبێ. کەچی ئەو لە وەڵامدا وتی: "بەزین و جاشایەتی، دوو دیوی یەك پارەن". ئەم وەڵامەکەی بەلاوە مەلابەزێنی بوو. لەوەبەدوا وای دانا کە هەردووکیان، دوو گرێکوێرە لە دەروونیاندایە و کردنەوەیان لەم عاسییە.

بەدەم ئەم پێداچوونەوەیە، بینایی بە سەروسەکوتی حەمۆلدا روا بوو. بەزەین وێڵی دوای وەڵامێکی گونجاو بوو بیداتەوە. پێشەکی لە قاڵبی پرسیاردا بەهێمنی وتی:

– حەمۆل راستم پێ بڵێ: بۆچی ناتوانیت واز لەو جاشایەتییە بێنی و سەرت سووك بکەیت؟ خۆ کارێکی ئەوەندە زەحمەت نییە. بەهانە زۆرن. بڵێ نەخۆشم و سیل و سەرەتانمە. بڵێ دایکێکی پەککەوتەم هەیە و دەبێ لەبن دەستییەوە بم. کوڕە بڵێ کابرایەکی ترسنۆك و بوودەڵەم و پێم ناکرێ.

ئەو نەرمە پێکەنینێك گرتی. بەلام خێرا کپی کردەوە و وتی:

– تۆ رازی دەبیت بچم بڵێم: ترسنۆك و بوودەڵەم؟.

– ئەرێ وەڵلا.. بۆ نەء.. چی تێدایە؟

– ئەی بێ قەزا بیت.. زۆری تێدایە. یەکەم: من خۆم دەزانم وانیم و بە عەیبی دەزانم بیڵێم. دووەم: چ گەوادێکیان باوەڕم پێ دەکا، لە کاتێکدا ئەوان لە خۆم باشتر دەزانن

کە وانیم. سێیەمیش: تۆ و جافر و خەڵکی ئاوایی و بەتایبەتیش نەشمیل، نازانن کە وا نیم؟ سوبحان.. بۆ داوام لێ دەکەیت بچم بەدەستی خۆم، خۆم ریسوا بکەم؟.

– باشە باش.. ئەمەیان نا.. هەقتە.. بەڵام بەهانەی تر زۆرن.

– وەکو چی؟.

– وەکو.. وەکو ئەوەی کە هێندە بە تەنگ ئازایەتییەکەتەوەیت، چەکەکە بەروویاندا فڕێ بدە و بڵێ: ها لە خۆتانی ببڕن و من ئیتر نایکەم.

ئەو لێرەدا تەنگەتاو بوو. وەڵامی راستەوخۆی بۆ نەهات بیداتەوە. بۆ خۆخڵەفاندن تا وەڵامێکی گونجاو دەدۆزێتەوە، کەوتە دەستگێڕان بەم گیرفان و بەو گیرفاندا. ناو کۆشی هەڵتەکاند و چاوێکیشی بە دەورویشتیدا گێڕا. ئەم لە فرتوفێڵی تێگەیشت، وتی:

– ئەوەتان حۆلە ئەوەتان. خۆ ئەرز قووتی نەداون.

ئەو خۆی گێل کرد، وتی:

– چی؟

– پاکەت و چەرخەکەت.

– نا نا.. بۆ تەزبیاحەکەم دەگەڕێم.

– تەزبیاح؟ تۆ کوا تەزبیاحت بە دەستەوە بوو؟.

– ها!.. وا بزانم بەدەستمەوە بوو.

– باشە وازی لێ بێنە.. ئێستا من چی بکەم باشە. چیت دەوێ راستوڕەوان بیڵێ.

حەمۆل بزەیەکی هاتێ. دەستی بەرز کردەوە بۆ لای تەوێڵی. پەنجەی شایەتمانی کرد بەژێر کڵاو و جامانەکەیدا. بە شێنەیی سەری خوراند و وتی:

– نەشمیل.. نەشمیلم لێت دەوێ. تکایە جافرم لەو کەلی شەیتانە بۆ بێنە خوارەوە. قاییلی بکە کە ئیتر بەسە. ئەو چۆن بۆ مینا سووتابوو، منیش بۆ نەشمیل بوومەتە قەرەبرووت. ئەو چۆن وا بەمەرام گەیشتووە، منیش هەقمە پێ بگەم. سوبحان حەزم لێیەتی حەز. تۆ خۆت باشتر دەزانی حەزلێبوون یانی چی.. نایزانیت؟.

– من؟ نا.. قەت.. یانی چی؟.

– یانی.. یانی..

– بیڵێ.. تا نەیڵێی، بەتەما مەبە هەڕت لە بڕت بۆ بکەمەوە.

– کوڕە دە یانی..

بەزار هەر بۆی نەوترا. پەنای بردە بەر لاسایکردنەوەی بزاوتەکەی ئەم. سوارکردنی پەنجەکان و بە کەفوکوڵیشەوە، تێکی هەڵسوون و وتی:

– ئە ئاوا و ئیتر لێم گەڕێ.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. بە دەمییەوە ئەم راچەنییە سەرپێ. بەرەو تراکتۆر هەنگاوی نا و ئەویش بەدوایدا. ئەم چووەوە پشتی ستێرنەوە و مەکینەی بەگەڕ خستەوە. ئەویش لەسەر چامللغ قوت دانیشتەوە. پێش ئەوەی بکەونەوە رێ، ئەو باڵی درێژ کرد و لە ملی ئەمییەوەی ئالآند. سەری نا بە سەرییەوە ماچی کرد. بەدەنگێکی پڕ لە هیوا و ئاواتەوە وتی:

– سوبحان.. نەشمیلم لە تۆ دەوێ.. لە تۆ.

# ٣

دەمە دەمی نیوەڕۆ، گەیشتنە سەری کۆڵانەکەی ماڵی پوورە عەتاو. حەمۆل دابەزی و پێش جودابوونەوەی، بە تکایەکی پڕ لە خرۆشی عەزرەتییەوە وتی:

– سوبحان فەرامۆشم نەکەیت.. هەر تۆم هەیت.

ئەم لە کانگەی دڵەوە وتی:

– خەمت نەبێ.. لێی دەبم بە مووی لووت. تا نەڵێ باش لە کۆڵی نابمەوە.

ئەو ڕۆیشت و ئەم لە دڵدا وتی: ″تۆ بڕوانە تووشی چ جڕوجانەوەرێك بووم تۆ بزانە ئەم دوو هەتیوە حیزە، چۆن لە خوتوخۆڕایی سەری دنیایان، لە خۆیان و لەو دوو چەتیوە قۆڕیتانە هێناوەتەوە یەك!. ئینجا وەرە هەموو گێچەڵەکەشیان، گڕگڕ یەخەی کێ بگرێتەوە؟″.

حەمۆل سێ چوار هەنگاوێکی نابوو کە ئەم بە دوای قسەکەی ناو دڵیدا، پرسیارێکی متی ناو مێشکی سەری لێ هەڵدایەوە..″ وەللاهی ئەم حەمۆلە بێتو نهێنییەکی لەژێر سەردایە !. واز نەهێنانی لەو جاشایەتییە لە خۆڕایی نییە. ئەو سوور دەزانێ بە وازهێنانی، کارەکەی مەیسەر دەبێ و نایکا.. بۆچی؟ ئەم ماستە موویەکی تێدایە″. لەوەبەر کە ئەم گومانە بە مێشکیدا گوزەری دەکرد، ئەو بایەخەی پێ نەدەدا کە بیهێنێ، بیخاتە سەر زار و بەڕوویدا بدا. بەڵام ئێستا بەڵێنە کۆنکرێتییەکە هانی دا بیکا. کۆنکرێتانەش بانگی لێ کرد بگەڕێتەوە. کاتێ گەڕایەوە تەنانەت سەریشی بۆ شۆڕ کردەوە، تا بە دەنگی نزم وەك نهێنییەك پرسیارەکەی لێ بکا. کەچی ئەم جارەش لە دوا ساتدا پاشگەز بووەوە. لە بریی پرسیارەکە وتی:

– جافر سبەی یا دوو سبەی دێت و دەیدوێنم. دڵنیا بە کە بە ئەنجامێکی باشی دەگەیەنم. تۆش چەند ڕۆژێکی تر دەربکەوەرەوە.

ئەو بە گەشکەدارییەوە وەرچەرخایەوە و ڕۆیشت. ئەمیش لایدایە ناو کۆڵان و

تراکتۆری لەبەر ماڵەوەدا ڕاگرت. تایەکی دەرگە لەسەر پشت بوو. پوورە عەتاو ئەو کاتە لە حەوشەکەدا بوو. بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە هات. لەناو دەرگەکەدا ئەملا و ئەولای ماچ کرد. کە چوونە ژوورەوە، ئەم لایدایە ناو هەیوان و ئەو چوو کلیلی بۆ هێنا.

هەیوان و ژوور دەکەونە دەستەڕاستی دەرگەی حەوشەوە. خەزووری پوورە عەتاو وەختی خۆی، بۆ میوانە دێهاتییەکانی دروست کردبوون. وەختێ بەروبوومیان بۆ دەهێنا بۆیانی ساغ بکاتەوە، ئەو شەو و دووەی دەمانەوە، لەوێدا میوانداری دەکران. هەر لەو ڕێگەیەشەوە، عەتاوی کردە بووکی و خزمایەتیی، لەگەڵ گوندی حاجی سوبحاندا پەیدا کرد. دواتر کە ڕۆژگار خولی خوارد و ئەم و جافر هاتنە شار بۆ خوێندن، هەیوان و ژووریان بە نەسیب بوو. ئەو کاتە خەزوور لە ژیاندا نەمابوو. فەتاحی کوڕیشی، ڕێگەیەکی تری بۆ کاسبی گرتبووەبەر.

ژوور و هەیوانەکە بۆ ئەم، ماڵی دووەمێتی. لە دوای ساڵانی خوێندنیشەوە، هەرچەند دێتە شار، ئێرە جێگەیەتی و بۆ جافریش هەروەهایە. خانووەکە گەورەترین خانووی ناو گەڕەکە. باڵەخانەیەکی دوو نهۆمییە لە تەرزی ڕۆژهەڵاتی و حەوشەیەکی بەرینی هەیە. دوو نهۆمەکە هەریەکەیان بریتییە لە هەیوان و پشتهەیوان و دووکەلەگی. ئاودەست و حەمام و سەرتەنوور، لە ریزی هەیوان و ژوورەکەی لەمەڕ ئەمەوەن. حەوشەکەش سووکە باخێکی میوەجاتی پشتگوێخراوی تێدایە و لەسەر پەڕییەوە، بەلای کۆڵاندا پشت دەرگەکە، پیرە دارتوویەکە و چڕستانێك لقوپۆپی بەدەوری خۆیدا بڵاو کردووەتەوە.

پوورە عەتاو بە دەم کردنەوەی دەرگەوە، ئەمی بە پرسیار داگرتەوە. لە یەك بەیەکی کەسوکار و ناسیاوانی پرسی، بەتایبەتیش جافر و ژنهێنانەکەی. ئەم دڵنیای کرد کە هەموو شت بڕاوەتەوە. ئەویش کە لە نووکەوە ئاگەداری گرفتەکە بوو، وەك هەر دایکێك گەشکە گرتی. ئەم و جافر پوورە عەتاویان نەك تەنیا بە سۆزی دایکانەی، بگرە بە سیماش وەك دایکانی خۆیان دەکەوتە بەرچاو. سێ خوشك و دەتوت سێوێکن و کراون بە سێ کەرتەوە. ئەوەی لە نزیك نەیناسینایە، کە دەیبینین وای دەزانی بە سکێك لە دایك بوون. کاتێ ئەو لێ بووەوە، ئەمیش ئاسایی لێی پرسی:

– ئەی ئێوە چۆنن؟.. مام فەتاح.. کامەران و شادمان.. گوڵناز؟.

کەچی ئەو کە هەتا ئەو ساتە، بە خۆشیی هاتنەکەی ئەمەوە رووگەش و دەم بەخەندە

بوو، لە ناکاوێکدا ڕەنگوڕووی گۆڕدرا. بەدەنگێکی نزمی خەماویشەوە وتی:

– باش نین.

ئەم کە لەوەبەر قەت وەڵامی وەهای لێ نەبیستبوو، بە حەپەسانەوە وتی:

– بۆچی؟ چی بووە؟ هیچیان لێ قەوماوە؟.

ئەو نەیویست درێژەی پێ بدا. تەنیا وتی:

– نەء.. لە خۆیان نا.. بەڵام هەست دەکەم پەشۆکاو و دڵگرانن. بە وردی ئاگەدارنیم بۆچی، دوایی لە خۆیان بپرسە.

***

کاتێ لە ماڵ بە دەرکەوت، قسەکەی پوورە عەتاو لە مێشکیدا گێژی دەخوارد: ″دەبێ چی بێ؟″. کە زەفەری پێ نەبرد، پشتگوێی خست و وتی: ″ شەو لە دەمی خۆیانی دەبیستم″. لیستەی ئەو شمەکانەی لە گیرفان دەرهێنا کە لەگەڵ غوربەتدا، بۆ کڕین ئامادەی کردبوو. چاوێکی پێدا گێڕا. لەسەر بڕگەی (قوماش بۆ غوربەت و بەچکەکانی) ڕاگیری کرد. بزەیەکی ورشەدار کەوتە سەر لێوانی و پێداچووەوە:

(– بڵێ چیی تر؟.

– هیچی تر.

– بڵێ و ناز مەکە نازدارەکەم.

– هەیە.. تێیدا دەبێ؟.

– حەی!.. ئەقڵ دەیگرێ بۆ تۆی تێدا نەبێ؟

– دەچاکە.. بەشی کراسێك قوماشێکی ئاڵی گەشی لەو بابەتەی، خۆت واتەنی گا هار دەکا.

– یانی ئەم گایە، ئە ئاوا هار بکا؟.

لەگەڵیدا هەردوو پەنجەی شایەتمانی، بەرزکردنەوە بۆ ئەملا و ئەولای سەری و کردنی بە دوو شاخەگا. بەدەم بۆڕەیەکی گائاساوە هەڵمەتی بۆ برد ئەو بەخێرایی وریای کردەوە و سەرنجی بۆ منداڵەکان ڕاکێشا کە لە شیرین خەودا بوون. ئەمیش خێرا بە ئاگا هات و خۆی خامۆش کرد).

بەنیازی جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە بەر لەوانی تر، لیستەکەی نایەوە گیرفانی. دوای چەند شەقاوێك، لووتی بوو بە لووتی سیروان و گێلاسی هاوسەرییەوە، کە لە ماڵەوە دەهاتنە دەرەوە. یەکەم هەواڵی وەزعی نائاسایی ناو شاری لەوانەوە بیست. خەم و پەژارە لە سیمایان دەچۆڕا. گێلاس بەتایبەتی، شین و شەپۆڕ لە چاوانی دەباری. بووبوونە دوو گۆمی خوێن. هەوڵی دا وەڵامی سڵاوەکەی ئەم بداتەوە، قوڵپی گریانێکی خنکاو بواری پێ نەدا. ئەم لە بەرامبەر ئەو دیمەنەیاندا حەپەسا. سەرنجێکی پڕ لە سەرسوڕمانی لە نێوانیاندا هێنا و برد. ویستی بپرسێ و سیروان پێشی کەوت، وتی:

– خۆت دەزانیت کەسوکاری گێلاس هەموو لە هەڵەبجەن. لە دوای کارەساتەکەوە هیچ هەواڵێکیان نییە. نازانین چییان بەسەر هاتووە.

ئەم هێندەی تر سەرسام بوو. وتی:

– کارەساتی هەڵەبجە؟ چی بووە؟ ببوورە من زۆر نییە گەیشتوومەتە ناو شار.. ئاگەدار نیم.

– ناهەقت نییە.. ئێمەش تەنیا هێندەمان بیستووە کە بۆردمان کراوە و خەڵکێکی زۆری تێدا فەوتاوە.

ئانوسات بیری بۆ قسە قرتاوەکەی پوورە عەتاو چووەوە. وتی: ″ قەوماوە و من بێ خەبەرم !.″ لە وەڵامی سیروانیشدا وتی:

– کەس لەوێوە نەهاتووە باسی بکا؟.

– با.. تاکوتەرایەك.. زۆر نییە ناوی یەکێکیان بۆ هەڵداین. گێلاس دەیناسێ و وا دەچین. بەڵکو بیدۆزینەوە و هەواڵێکیان لەلابێ.

کە لەوان جودا بووەوە. سووکە سامێك بە ناخیدا تێسکەی کرد. وتی: ″ مەسەلەکە چییە؟!. پوورە عەتاو لەولاوە وەها و ئەمانیش وەها!″. پێی نایە سەر راستە شەقام و بە وریاییەوە هەڵی دەڕوانی. دەیویست سەروسیمای خەڵکەکە بخوێنێتەوە. دەیزانی رۆژی پێشوو جەژنی نەورۆز بووە. شاریش بە ئاهەنگگێڕان بەو بۆنەیەوە بەناوبانگە و خەڵکەکە، وەك بووك دەیرازێننەوە. کەچی کوا؟ بەپێچەوانەوە.. هیچ شوێنەوارێکی ڕازاندنەوە دیار نییە. خەڵکەکەش سەراسیمە، رەنگووڕوو بزرکاو و تەمومژاوی، کڕوکاس لە تاسەوەچوو دێنە بەرچاو. دەڵێی کۆستێکی گەورەی دڵتەزێن، راپێچی تازێبارییەکی گشتیی کردوون.

لە ئاستی گوومرگە سوتاودا، لایدایە سەر شەقامی کاوە. ئەوە (جەبار)ی سەرتاشی ناسیاوێتی. لە دووکانەکەیدا ملی بە لارەوە ناوە. بە ئاراستەی چاو زەقزەق لەم دەڕوانێ. بەڵام کە دەستی سڵاوی بۆ بەرز دەکاتەوە، جووڵەی بۆ ناکا. تا کاتێ دەچێ لووت دەنێ بە لووتییەوە، ئینجا بەرزەپێ رادەچەنێ و هەوڵی لادانی دەدا. حەز دەکا و نایکا. دەڵێ: ″ نەء.. چاکتر وایە خۆم بگەیەنمە لای دلێر.. ئەو ئاگەدارترە″.

دلێریش هاوەڵی قوتابخانەی ناوەندییان بوو. بە درێژاییی هەرسێ ساڵەکە، ئەمان سێکوچکە و ئەو چوارەمیان بوو. بەڵام ئەو لەسەر داوای باوکی و حەزی خۆیشی، رووی کردە دواناوەندی و لەمان دابڕا. تا لە پۆلی شەشەمدا چەقی و وازی لە خوێندن هێنا. پشت ئەستوور بە باوکی، لایدایە سەر پیشەی بازرگانییەکەی ئەو. کە مردیش وەك کوڕی گەورە و کارامە، بووە، جێنشینی سەرباری ئەوانەش، ئەم لە رۆژانی ناوەندییانەوە دەیزانی، کە ئەویش تا بینەقاقای نوقمی سیاسەت و حزبایەتییەکەیە.

دلێری لە دووکان نەبینی. سامانی برا بچووکی لێ بوو. وای لێ تێگەیشت کە لە بەیانییەوە، دووکانی بەو سپاردووە و رۆیشتووە. بیری بۆ قوماشەکە چوو. بەڵام وتی: ″ نەء.. سووڕێکی ناو بازاڕ دەخۆم و دێمەوە. تا ئەو وەختە دلێریش دێتەوە″. ناو بازاڕ هەر جەنجاڵەکەی جارانە. خەڵکەکە وەها بەیەکدادێن کە دەڵێی دەخولێنەوە. دووکانـدارەکـان سەرنجی رادەکێشن. دەنگیان کپ و خنکاوە. گڕ و تینی هاتوهاوارەکەی رۆژانی تری تێدا نییە. خەمبار و بێ حەوسەڵەن. دادەچێتە ناو قەیسەریی نەقیب. (عوسمان)ی ناسیاوی بەسەر دەکاتەوە. لە ساڵانی قوتابێتییەوە، بۆ کڕینی کراس و دەرپێ و فانیلە مەعمیلێتی. دەزانی ئەویش سەری لە سیاسەت و حزبایەتی دەخورێ. مەیلی بەلای شیوعییەتدایە. تەنانەت ئەویش بەختی خۆی، بۆ تێوەگلانی تاقی کردەوە. بەڵام هەر زوو وازی هێنا و بە ناسیاوی و مەعمیلییەکەی رازی بوو. ئەو هەواڵی هەڵەبجەی زیاتر پێ بوو. وتی:

– کیمیاباران کراوە.. بە هەزاران لە خەڵکەکەی کوژراون. ئەوانەی دەرباز بوون، بەرەو ئێران هەڵاتوون. هەندێکیش واوە هاتوون. بەڵام زۆربەیان گیراون و کەس نازانێ بۆ کوێ براون. تاکوتەرایەك رزگاریان بووە و هاتوونەتە ناو شارەوە. من برایەکم لەوێ مامۆستایە. خۆی و ژنەکەی و شەش منداڵن. سەری دنیام لێ هاتووەتە یەك. نازانم چی بکەم.

ئەم حاڵەتەکەی سیروانی بۆ باس کرد و وتی:

– ئەگەر ئەنجامێکیان دەستگیر بووبوو، دێم ئاگەدارت دەکەم.

بە خەفەتبارییەوە خواحافیزی لێ کرد. لە دەرگەی بەرامبەر قەیسەریی وەسمان پاشاوە، سەری دەرکردەوە بۆ ناو بازاڕ. کۆمەڵە چەکدارێکی بە بەرگی مەغاویرەوە بینی بە یەکدا دەهاتن. سڵی کردەوە و لەوەدا بوو بگەڕێتەوە ناو قەیسەری. ترسا گومانی لێ بکەن و نەگەڕایەوە. لایدایە یەکەم دووکانی لاتەنیشتی و خۆی بەسەیرکردنی کەلوپەلەکانییەوە خەریك کرد. دووکاندارەکە سەرەتا فەرمووی کڕین و فرۆشتنی لێ کرد. کە ئەم هیچ وەڵامێکی نەبوو، ئەو هاتە دەرەوە و پەلکێشی کردە ناو دووکان. بەدەنگی نزمیش وەك ئەوەی بچرپێنێ وتی:

– دانیشە تا ئەو جانەوەرانە وەل دەبن.

ئەم بێدەنگ دانیشت. ئەو چووە بەر دووکان و بانگی کرد:

– ئەحە.. خێرا چایەکی شیرینی جوان.

کە گەڕایەوە وەك بۆ خۆی بدوێ، وتی:

– بەسەریانەوە ناچێ.. پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە.. لە شار نا لە شاخ.. لە شاخ نا لە شار.

تا ئەم چایەکەی خواردەوە، چەکدارەکان دووکاندار وتەنی: وەل بوون. ئیتر ئەمیش ئاسایی سوپاسی کرد و جێی هێشت. لە دڵدا وتی: ″دیارە سەروسەکوت و پۆشاکم لە پێشمەرگە دەچێ ″ ئەو سووکە ترسێکی لە ناخدا پێ پەیدا کرد. بەڵام خێرا ڕەواندییەوە و کەوتە تەواوکردنی گەشتەکەی. بیری بۆ لیستەی کەلوپەلەکان چووەوە. لە نێوانی بکڕم نەکڕمدا سەری هێنا و برد. دوا جار وتی: ″ نەء.. با بکەوێتە سبەینێ بەیانی″. خوارتر لایدایە کەبابخانەکەی ئەمین. ″ لادێیی بێتە شار و کەباب نەخوا کفرە″. قسە دێرینەکەی بە دەم تارماییی بزەیەکەوە چووەوە. لەگەڵ ئەمینیشدا ناسیاویی کۆنی هەبوو. ئەویش سەری لێی دەخورا. بەدەم بەخێرهاتن لێکردنییەوە، بەدەنگی نزم لێی پرسی:

– هەواڵی لای ئێوە چییە؟ وەزعتان لە چیدایە؟.

ئەم وتی:

– ئاساییه.

ئەو وەك بەو دووعایە نەڵێ ئامین، سەرێکی بۆ بادا و وتی:

– خوا بکەم تا سەر ئاسایی بێ.

بەدەم نانخواردنەکەیەوە، بە قسەکەدا دەچووەوە. کە هەڵسا بڕوا لێی پرسی:

– بۆچی وات وت؟.

ئەو دیسان بەدەنگی نزم، وەك بچرپێنێ وتی:

– هەڵەبجە.. خۆ بیستووته.

– بەڵێ.

– دڕندە.. کە وترا دڕندە دەبڕێتەوە. ئێمە لێرە لەم شارە زەبەللاحەدا، ترسمان لێ نیشتووە بە دەردی ئەوێ ببرێین، چ جایە ئێوە.

ئەو قسەیە سووکە سامەکەی لەمەڕ ئەوەکەی سیروانی، لەلا خەستتر کرد. وتی: "مەسەلە چییە؟ دەڵێی من لە گوێی گادا نووستبووم" ئەو ساتە هەروا لە ناکاو حەمۆلی بەبیر هاتەوە. وتی: "ئەو قوڕمساغە بۆچی هیچی بۆ نەدرکاندم؟ خۆ ئەو دەبێ ئاگەدار بێ". ویستی پاکانەی بۆ بکا و هۆی قسە نەکردنی، بداتە پاڵ خەریکبوونی بیر و هۆشی بە باسە تایبەتییەکەیەوە. بەڵام خۆی پێ قاییل نەکرا، وتی: "نا نەخێر.. کە وترا جاش ئیتر پێی ناوێ.. چاوەڕوانی چ مەردایەتییەك لە جاش دەکرێ".

بە هەڵەداوان بەرەو لای دلێر گەڕایەوە و هەر نەهاتبووەوە. نیو سەعاتێك لەلای سامان دانیشت و بێزار بوو. بەنیازی پیاسەیەك و دیسان گەڕانەوە، رووی کردە بەر دەرکی سەرا. ئەوێی وەك مەیدانی شەڕی مەغلووبە بینی. حاڵەتی چەکدارەکانی ناو بازاڕ و بۆچوونی دووکاندارەکەی بەیاد هاتەوە. ترسا و بە پەلە لەوێی لادا. بەرەو سابوونکەران هەڵکشا. لەوێوە بۆ برایم پاشا و ئینجا بەرەو تووی مەلیك. هەرچەندە ئێستا مەبەستی کات بەسەربردن بوو، بەڵام وەکو هەموو جارێکی تر، حەزی بەسەرکردنەوەی گەڕەك و شەقامەکانی شاریشی لە پاڵدا بوو. کە داکشایەوە خوارەوە، بە بەردەمی مزگەوتی گەورەدا، رووی لە گوزەری قوماشفرۆشەکان کردەوە. دلێر نەهاتبووەوە.." ئەو ناموبارەکە کوێ چووبێ؟"..

– سامان تۆ بە ڕاستی نازانیت بۆ کوێ چووە؟.

– نە بەخوا كاك سوبحان.

– ئاخر نەیوت دێتەوە نایەتەوە.

– نەء هیچ.. خۆ من دەوامی قوتابخانەم دوای نیوەڕوانە. دەبووایە هیچ نەبێ لەبەرئەوە بهاتبایەوە.

بەوەدا تێ گەیشت کە هەبێ و نەبێ، ئەویش سەرقاڵی ئەو بارودۆخە جەنجاڵەیە کە باسی لێوە دەکەن. هیوای بە بینینی نەما و بگرە لێشی بێزار بوو. وتی: "ئەم هیچ.. شەو کامەران و شادمان دەبینم. ئەوەی هەیە لەوانی دەبیستم". چیی تر لەلای سامان دانەنیشت. تەنیا بۆ ماوەیەك بەوردی چاوی بە قوماشەکاندا گێڕا. یەکێکیانی دیاری کرد کە غوربەت واتەنی: لە بابەتی گا هارکەر بوو. لە دڵدا وتی: "سبەینێ بۆی دێم". بە سامانیشی وت:

– بە کاکت بڵێ: سبەینێ بەیانی دێم بۆ لای.

***

شەو ئەوەی لە کامەرانی بیست، سووکە سامی لێ گەیاندە رادەی تۆقین. ئەو بەزمانی خەباتگێڕی حزبی دەدوا، بەڵام ئەم وتە بەوتەی بەڕادەی یەکەم، بۆ حاڵی خۆی لێك دەدایەوە. بەتایبەتیش کاتێ بە روونی وتی:

– هێرشی ئەم جارەیان، بۆنی راماڵینی گشتی لێ دێ. شێوەی تووناکردنی سەراپایی پێوە دیارە. نیازیان تەنیا بنبڕکردنی شۆڕش و فەوتاندنی هێزی پێشمەرگە نییە. بگرە قەلاچۆکردنی کوردیشە وەك گەل و نەتەوە. تۆ گوێت لە راگەیاندنەکەی بەسرپێرێیان نەبوو، سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی؟ دەزانیت شاڵاوی ئەم جارەیان بە چی ناوناوە؟.

– نەء.. نەمبیستووە.. بە چی؟.

– ئەنفال.

– ئەنفال؟ ئەوە سوورەتێکی قورئانە.

– ئا بەڵێ.. من یەکسەر هێنامە بەردەست و خوێندمەوە. ئینجا بڕوانە چ ئایەتێکیان لێ دەرکێشاوەو لە راگەیاندنەکەدا، کردوویانەتە سەرەڕم.. دەڵێ:

(فلم تقتلوهم ولكن اللّه قتلهم وما رميت إذ رميت ولكن اللّه رمى). خۆ تۆ

عەرەبییەکەت باشە. تێ دەگەیت دەڵێن چی؟.

– چاك.. ئەوان نین کە دەکوژن.. خوا دەکوژێ. ئەوان تەنیا فەرمانی خوا بەجێ دێنن.

– بێ کەم و زیاد.. بەرامبەر بە کێش؟ ئێمەی کافر، ئینجا تۆ وەرە بچۆرە بنجوبناوانییەوە و مەغزاکەی لێ دەربێنە. ئەوان موسڵمان و ئێمە کافر و هاتوون. بۆ غەزا لە دژمان. خۆ کاتێ هەموو سوورەتەکە دەخوێنیتەوە، ئینجا دەردەکەوێ چ نەخشەیەکی جەهەنەمییان لەژێر سەردایە.

لە کاتێکدا ئەمان ئەوها دەدوان، شادمان رۆژنامەی (الثورة)و گوڵناز (الجمهورية)یان بەدەستەوە بوو دەیانخوێندنەوە. مام فەتاح لە قورنەیەکەوە پاڵی دابووەوە، میلی رادیۆی بۆ راوکردنی دوا هەواڵ دەگێڕا. پوورە عەتاویش بەرامبەر تەدارەکی چا خواردنەوە دانیشتبوو. بە خەمناکییەوە گوێی لێ دەگرتن. ئەم لە ناکاوێکدا رووی باسەکەی گۆڕی و وتی:

– کامەران.. تۆ بەم قسانە دەمتۆقێنی.

ئەو سەرەتا بۆی نەچوو لە کوێوە قسە دەکا. بە بارە سیاسییەکەدا لە وەڵامیدا وتی:

– مەسەلە تۆقاندن نییە. ئەوە حاڵەکەیە و دەبێ بەو جۆرەی کە هەیە تێی بڕوانین، تا ئێمەش بزانین چۆن رووبەڕووی دەبینەوە.

بەڵام کە ئەم روونتر وتی:

– یانی بەڕای تۆ ئەو شاڵاوی غەزایە، لای ئێمەش دەگرێتەوە؟.

ئەوسا لە مەبەستەکەی حاڵیی بوو. تێ گەیشت کە وەڵامدانەوەی چ بە ئا و چ بە نەء. ئاسان نییە و لقوپۆپی لێ دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوای هەندێ رامان وتی:

– بە دووری نازانم.

لقوپۆپ لێبوونەوەکە دەستی پێ کرد. ئەم لێی پرسی:

– دەی لەو حاڵەدا ئێمە چی بکەین باشە؟ ئێوە بڕیارتان بە چییە؟.

– ئاخر ئەوەیە کە ئێستا پێوەی سەرقاڵین. دەبێ چارەسەرێك بدۆزینەوە.

– ئەوە بۆ خەڵکەکە بەگشتی.. ئەی من.. من چی بکەم باشە؟.

کامەران بۆ وەڵام گیری خوارد. پوورە عەتاو وەك پێشتر بیری بۆی چووبێ، هەڵی

دایە و بەشێوەیەك بە قسەهات، کە وابگەیەنێ کامەرانە وەڵام دەداتەوە و وتی:

لە سبەینێ زووتر نییە، دەچیت منداڵەکان و دایك و باوکت دێنیتە ئێرە.

کامەران پرسیارئامێز روانییە دایکی. بەو قسەیە باسەکەی لەلا تێکەڵوپێکەڵ کرد. وشەکان لە زاری دایکە پوورەوە هاتوونەتە دەر و فەرمان دەبێتە هی ئەو. چی لە ئاستیدا بڵێ؟ هیچی بۆ نەوترا بە کرێ مایەوە. ئەم لەسەر دەستوورەکەی پوورە عەتاو کە کامەران بکەوێتە بەر حاڵەتی ناچاری، رووی پرسیارەکەی لێ کردەوە:

– ئەی کەسوکار؟. ئەی خەڵکەکەی تر؟.

ئەم جاریش پوورە عەتاو هەڵیدایە:

– تۆ بۆ خۆت وا بکە. خەڵکەکەش با وەك تۆ، چارەسەرێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

– وابکەم؟.

مەبەستی بوو نوتقێکی بە ئا یا نەء لێ وەربگرێ. ئەوساتە شادمان و گوڵنازیش رۆژنامەیان بەلاوە نابوو. وەك مەغزای ئا و نەئەکە سەرنجی راکێشابن. گوێقوڵا غ لە چاوەڕوانیی وەڵامدا بوون. کامەران هەستی کرد هەموو چاویان بڕیوەتە دەمی. سەرنجێکی خێرای پێدا گێڕان. ئینجا بینایی گواستەوە سەر شوێنێکی نادیار و وەك لەبەرخۆوە بدوێ وتی:

– ئا.. بیکە.. بەڵام چاکتر وایە خەڵکەکەش تێ بگەیەنیت، تا هەر یەکە لەلای خۆیەوە، چی بە باش دەزانێ بیکا.

کاتێ بۆ خەوتن گەڕایەوە ژوورەکەی، دەروونی بە ترس و سامێکی پەنهان قانگ درابوو. راکشا بنوێ و پێڵوو باوەشی بە خەودا نەدەکرد. دەیتاراند و چاو هەر زەق دەیڕوانی. بیر و هۆشیش لە نووکەوە پێدا دەچوونەوە. بەیانییەکەی چۆن و بۆ چیی هات و ئێستا بەچی دەشکێتەوە. شکاندنەوەکە گەڕاندییەوە بۆ ساڵانێکی پێشتر.. بۆ گفتوگۆیەکی لەگەڵ دلێردا. ئەم زۆر نەبوو گەڕابووەوە گوند و غوربەتی گواستبووەوە. ئەم لە سۆزی هاوڕێیەتییەوە، دوای دەمەتەقێیەکی گەرم پێی وت: "ئاخر باشە پێم بڵێ: ژیانی ناو ئەو کوێرەدێیە چ لەزەتێکی تێدایە؟ بۆ نایەیتە، شارە حەیاتەکە؟ خەمی ژیان و گوزەرانت نەبێ. چ کارێکت بەلاوە پەسندە، دەرگەت لە بەردەمدا والآیە. ئێمە هەین و پشت ئەستوور بە. ئێ دەچیت غوربەتە فۆرلیقاکەشت دێنیت.. ئێوە شا و شاژن و ئێمەش دەستوپێوەند. ئیتر لە ژیاندا لەوە زیاتر چیت دەوێ؟ بەڵام ئەم لە وەڵامیدا وتی:

″ دلێر گوێم لێ بگرە تێم بگە.. یەکەم: حاجی سوبحان لەلای من کوێرەدێ نییە و پایتەختە.. بگرە پایتەختی سەرانسەری زەوینە. من لەوێدا یەکەم زیقەی گریان و یەکەم خنەی پێکەنینم لێ بەرز بووەتەوە. یەکەمین دیمەنەکانی ئەم دنیایەم تێدا کەوتوونەتە بەر دیدە. یەکەمینەکانی ناو چوار دیوار و حەوشە و کۆڵان.. درەخت و کانی و دۆڵ و گرد و چیا.. رۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەزار و یەکەمین دیمەن. ئیتر چۆن ئەوێ بۆ من کوێرەدێیە؟ دووەمیش کە حەز دەکەم زیاتر لە یەکەم زەینی بدەیتێ، لێت دەپرسم: هیچ لەزەتێك لە ژیاندا دەگاتە رادەی لەزەتی جووتبوون؟ دە زۆر باش بزانە کە من لەوێ جووتبوونم. تەنیا لەگەڵ فۆرلیقاکەمدا نییە. من لەوێ رۆژانە بەهەمان لەزەتەوە، لەگەڵ کازیوە و تیشکی دەمکەل و شنەبا و کانی و درەخت و گژوگیا و گوڵ و وەرد و چەم و نشێو و تاوێر و رەوەز و ترۆپك و هەرچی لەو کویرەدێیە و دەوروبەریدا هەیە، جووت دەبم و هەر دەبم و دەبمەوە. ئەوەین من و ئەو حاجی سوبحانەی کە تۆ بەکوێرەدێی ناو دەبەیت.″

بە بیرهاتنەوەی گفتوگۆکە، تای هیوای لەلا، بەسەر ترس و سامەکەدا سەنگینتر کرد. وتی : ″ سبەینێ زوو.. سبەینێ شەبەقی، بەرەو حاجی سوبحان دەکەومە رێ. بۆ سەردانێکی چەند رۆژە دەیانهێنم. ناوی دەنێم سەردان و چاوەرێ دەکەم بزانم بەچی دەگا. خۆ رەنگە هیچ روونەدا و ئاسایی بگەرێینەوە حاجی سوبحانەکەمان″. تای زاڵی هیوا، ئارامیی پێ دا. چاوی لێکنا و زۆری نەبرد، وەنەوزە خەوی دوای ماندووبوون خەپی کرد.

## ٤

بەسەر پشتی تراکتۆرەکەوە، کزەبایەکی سارد، سەری لووت و گۆپکەی ڕوومەتی دەتەزاند. خۆی دەدا بە برژانگ و پێڵووەکانیدا و دەیرەتاندن. ئاویان دەزاندە کەناری چاوانی و بایەکە، دڵۆپ دڵۆپ بەرەو لاجانگەکانی دایدەخزاند. کڵاو و جامانەی لەسەری داگرتن. کڵاوەکەی ئاخنییە بەر باخەڵی و جامانەکەی، وەك دەمامك لە مل و دەم و لووتییەوە ئاڵاند. ئەو کاتە دنیا تەواو ڕووناك بووبووەوە. بەڵام جادە هێشتا چۆڵ بوو. تاکو تەرا ئۆتۆمۆبێلی پێوە دەبینرا. تراکتۆری خستبووە سەر ئەوپەڕی توانای خێرایی و بینی پێ گرتبوو. بە دەم ڕێوە مەزەنەی دەکرد: " چێشتەنگاوێکی زوو دەگەمە جێ. غوربەت دەحەپەسێ. بە پەلە کورتەیەکی بۆ باس دەکەم و دەڵێم: خۆت ئامادە بکە دەچین بۆ.. نا.. وا نەکەم باشە. جارێ هیچ بۆ ئەو باس ناکەم. دەچم باوکم تێ دەگەیەنم. دەبێ وا بکەم. مەگەر ئەو نەوەی حاجی سوبحان و کوێخا و دەمڕاستی گوند نییە؟ دەبێ مامیشم ئاگەدار بکرێ. جگە لەوەی مامە خەزووریشە. من دەزانم هیچیان بە ئاسانی مل بۆ داواکەم نادەن. ئەوان لەسەر پیشەی باو و باپیر کە لە حاجی سوبحانەوە بۆیان ماوەتەوە. ڕاوێژ بەڕیش سپییانی گوند دەکەن و ئەوەش وەختێکی زۆری پێ دەچێ. یا دوور نییە ئەوان لە بنەڕەتەوە. بایەخێکی ئەوتۆ بەبۆچوون و داواکەی من نەدەن و باوەڕی پێ نەکەن. یا ئەگەر بیشیکەن، چۆن هەروا سووك و ئاسان، حاجی سوبحانیان پێ جێ دەهێڵرێ؟ بگرە وا بڕیاریش درا، بۆ کوێ بچن؟ بەڵێ.. بۆ من و ماڵی باوکم و خەزوورم ئاسانە ڕوو بکەینە شار. بنکەیەکمان هەیە لێی بگیرسێینەوە. ئەی ئەو خەڵکەی تر؟ پشتیان تێ بکرێ و خۆمان لە ئاستیاندا، نابینا و کەڕ و لاڵ بکەین؟ نا.. من باوکی خۆمە و باشی دەناسم. لە ملی بدەیت نایکا. مامیشم نایکا. دەی بەخوا ئەگەر ئەوان نەیکەن، منیش کە بەخێرێ دەبمە جێنشینی باوکم. ئەو کابرا بڵح و ترسنۆکە نیم بیکەم. نایکەم.. منیش نایکەم..دەچمەوە و منیش وەکو ئەو خەڵکە. ژن و منداڵ و دایك و باوکی منیش وەکو هی ئەو خەڵکە. نایکەم. نا..

نـایـکـەم. راسـتـە لـەسەر داوای پـووره عـەتـاو و بـڕیـاری کـامـەران.. بـڕیـاری نـابـەدڵـی کامەران.. هـاتووم وا بکەم. بەڵام تۆ بیهێنە بەرچاوت. دوێنیّ هـاتوویت بۆ شار و ئەمڕۆ لە ناکاوێکدا گەڕاویتەوە. بە پەلە ماڵ و منداڵ دەپێچیتەوە و دەتەویّ بەرەو شاریان رافڕێنیت. دەی باشە ئەوەتا خەڵکەکە دەورت دەدەن و دەپرسن:

بۆ کویّ دەچیت؟ تۆ..".

– بۆ کویّ دەچیت؟.

ئەو ساتە هەڵکشابووە سەر کۆتاییی هەورازەکەی تاسڵووجە. چەکدارێکی پاسگەکە بوو پرسیارەکەی لیّ دەکرد. لە جاری یەکەمدا وەڵامی دەستوبردی بۆ نەهاتە سەرزار. هەروا بە واقوڕماوی تێی دەڕوانی. کە وتییەوە:

– لەگەڵ تۆمە.. بۆ کویّ دەچیت؟.

ئەوسا وتی:

– ئەڵڵایی.

ئەویش تەنیا سەرێکی ناڕەزایی لیّ بادا و وتی:

– بڕۆ.

رۆیشت و لە دڵدا بە حیرسەوە وتی: " دە وەڵڵایی درۆم کرد و بۆ ئەڵڵایی ناچم، تۆ وەرە بزانە ئەو قەحپەبابانە، چۆن پیاو لە رووی خوای خۆیدا ریسوا دەکەن. منێك کە رقی دنیام لە درۆکردنە، ئەوەتا بیّ ئەوەی بەخۆم بزانم پێیان کردم. دە نەخێر بۆ ئەڵڵایی نییە و بۆ حاجی سوبحانە. بۆ ئەوەشە بچم باوکم و خەڵکەکەی ئاگەدار بکەم کە مەترسییەك لە ئارادایە دەبیّ وریا بن.. ئا.. باسی هەڵەبجە و دۆڵی جافایەتییان بۆ دەکەم. قسەکانی کامەرانیان بۆ دەگێڕمەوە. خۆیشم بە چاو و گوێی خۆم، چیم دی و بیست باسی دەکەم. باوکم پیاوێکی دنیادیدە و بە تەگبیرە. چارەسەرێك دەدۆزێتەوە. زۆرجار گوند و خەڵکەکەی، لە گرفت و کێشەی ئاڵۆز رزگار کردووە. پیاوی رۆژی تەنگانەیە. هیچ مەرج نییە چارەسەر چۆڵکردنی گوند بیّ. ئەو رەنگە رێوشوێنی تری لەلا هەبیّ. ئەو هێندە دووربین و بیرتیژە کە دەڵیّ پێشتر، نەخشەی بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە لە زەینیدا نەکێشاوە؟. نا.. بۆ چارەسەر دانامێنیّ. با بگەمەوە ئاوایی و وەزعەکەی بۆ ورد بکەمەوە، ئەوسا خۆی دەزانیّ چی دەکا. بڕیاری هێنانی غوربەت و منداڵەکان بۆ شار نابەجیّ بوو. شتیّ وا چۆن دەبیّ. پووره عەتاو وای ویست دەنا من ئەوەم لە

خەیاڵدا نەبوو. کامەرانیش دوودڵ بوو. وا بزانم لە رووودا داما. بەڵام تۆ راوەستە.. ئەو هەرچەندە بەپێوانەی هەڵەبجە و دۆڵی جافایەتی رەشبین بوو، ئەی ئاخر کێ دەڵێ بەوەندە نابڕێتەوە؟ حاجی سوبحانێکی لاتەریکی ناو ئەو چۆڵ و چیایە، چ مەترسییەکی بۆیان هەیە تا بکەوێتە بەر شاڵاویان؟ بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵانی پێشووە، شەڕێکی لە نزیکەوە تێدا نەکراوە. سەر ڕێگە نییە. لە رووی سەربازییەوە بێ بایەخە. تەنانەت بۆ پێشمەرگەش، قەت قەت نەبووەتە جێگەی بنکە و بارەگایان. قەت لە میوانخانەیەکی سەر رێگەی هاتوچۆیان بەولاوە نەبووە. راستە ساڵانی زوو پێشمەرگەمان زۆر بوون. بەڵام ئێستا تەنیا یەکێکە و جاری وا هەیە، بە ساڵ رێی ناکەوێتەوە گوند. ئێ لە بەرامبەریدا جاشێکیشمان هەیە. ئیتر بۆ دەبێ بەر شاڵاویان بکەوێ؟ نا.. رەنگە وا نەبێ.. رەنگە..".

تا لە پێچەکەی ئاستی ئەڵڵایی تێ نەپەڕی و بەرەو دامێن شۆڕ نەبووەوە، دیمەنە سامناکەکەی نەبینی. ئەم تا ئەو ساتە، لەبەر خەریکبوونی چاوی ناخییەوە بە گرفتە سەختەکەوە، بە چاوی کەللەی سەر، لە جادە قیرەکەی پێش دەمی بەولاوەی نەدەکەوتە بەر دیدە. ئەگەر چاوی کەللەی سەری بە دەردی چاوی ئەسپی عارەبانە نەچووایە، دەیتوانی لە زووەوە.. لەو کاتەوەی هێشتا بەسەر تەوقە سەرەوە بوو، تەواوی دیمەنەکە یا شتێکی لێ بەدی بکردایە. یا تەنانەت خوارتریش، هێشتا نەچووبوو بچێ و دەکرا چاوی کەللەی سەری، لە کەللەی سەری عارەبانەوە بگەڕێتەوە ناو کەللەی مرۆڤ. کەچی نەیکرد و ئێستا ئەوەتا کار لە کار ترازاوە!. ئەم لەگەڵ بینینی دیمەنەکە و بە ئاگاهاتنەوەیدا، کسپەیەك بە هەناویدا برووسکە دەدا. خورپەیەك لە دڵی هەڵدەسێنێ و دڵ لە قەفەزی سنگیدا، وەك مریشکێکی سەربڕدراو دەکەوێتە هەڵبلۆوقانەوە. تەڵەیەك لە بەردەمیدایە.. قاچی بۆ هەنگاونان بەرز کردووەتەوە.. بەرێوەیە داینێتەوە سەر زەوی.. لە دوا ساتدا، لە ئاستی دەمی داچەقیوی تەڵەکەدا، پێ دەزانێ و کار لە کار ترازاوە. ئاستی دەمی بیرێك.. قەراغی هەڵدێرێك.. لێواری گوێسوانەیەکە و بواری لێکشانەوەی بە تۆزقاڵ تێدا نەماوە.

پاسگەیەك ئەوەتا، لەسەر هەردوو لای جادەی سەرەکی دانراوە. ئێستا ئەم تەنیا چل پەنجا مەترێك لێوەی دوورە. بینینی پاسگەکە، چاوی کەللەی سەری پێ وریا دەکاتەوە. پاسگەکە لە ئاستی، جادە لاوەکییەکەی لەمەڕ ئەمدا دانراوە. دیمەنە سامناکەکە لەسەر ئەو جادەیەیە و کسپە و خورپەکە، لە هەناو و دڵی ئەم هەڵدەسێنێ. قافڵەیەکی

سەربازی لە تانك، زرێپۆش، تۆپی قورس، زیلی پڕ لە سەرباز، تا چاوی بڕ بکا ڕێچکەی تێ بەستووە. ئانوسات لەگەڵ کسپە و خورپەکەدا وەك خۆی لە بەیەکدادانێك بپارێزێ، بەبێ ئاگا لەخۆ توند پێی لە برێك گیر دەکا. دە دووازدە مەترێکی تر، بەدەم زیرپوهووڕی برێکی لە ناکاو گرتنەوە دەچێتە پێش و ئەوسا، لە کەنار جادەکەدا دەچەقێ. زیرپوهووڕەکە، سەرنجی زەلامەکانی پاسگەکەی راکێشاوە. ئەوەتا تێی دەڕوانن و هێمای بۆ دەکەن.. "چی بکەم باشە؟ بڕیاری بۆ نادرێ. بەسەرپشتی تراکتۆرەکەیەوە، لە قەراغ جادەکەدا راوەستاوە. مەکینەکە هێشتا لە ئیشدایە. زەقزەق دەڕوانێتە پاسگە و قافڵەکە. دڵی لەناو قەفەزەی سنگیدا هەلەکەسەمایەتی. مێشکی بووەتە کوورەی هەنگ و ژاوەژاوی کاسی دەکا. لاجەنگەکانی گڕیان لێ دەبێتەوە. لەشی نیشتووەتە سەر عارەقێکی گەرمی لینج. هەناسەی سوار بووە. دەست دەبا بۆ جامانەکەی لە دەمولووتی دادەماڵێ. ناو دەم و گەرووی وشکن.. " چی بکەم باشە؟ نازانێ چی بکا. بڕیاری بۆ نادرێ. هیچ کامی پێ ناکرێ. نە گەڕانەوە. نەچوون بەرەوپێش. زەلامەکانی پاسگەکەش هەر سەیری دەکەن. پەنجە لە سویچ گیر دەکا و مەکینە دەکوژێنێتەوە. بۆچی؟ نازانێ. بەبێ ئاگا دەیکا. مەکینە خامۆشە. ئەم دەستی هەر بە سووکانەوەیە و بە جەستە بووەتە بت. وەکو مەکینەکە خامۆشە. بەڵام بە ناخ پڕ جۆش و خرۆشە."چی بکەم باشە" دەستەوستانە و زەفەر نابا. ئاستە سامناکەکەیە. ئەم نابزوێ.. ناتوانێ ببزوێ، ئەوان دەبزوێن. ئەوەتا یەکێکیان بەرەو رووی دێ. یەکێکی تریش بە دوایدا. دەبینێ چەکەکان لە شانیان دادەماڵن و دەیگرن بەدەستەوە.. بۆچی؟ بە یەکەوە نایەن. یەکێکیان بەملا و ئەوی تریان بەولادا دێن.. بۆچی؟ ئەوەی ئەملایان ئاوڕێك بۆ پاسگەکە دەداتەوە. چەکەکەی بەرز دەکاتەوە و بانگ دەکا. یەکێك بە ڕاکردن بەدەنگییەوە دێ.. بۆچی؟ ئەم هەر وا لە جێی خۆی چەقیوە. زەقزەق دەڕوانی و نابزوێ. ناخی پڕە لە بزووتن. تەپە تەپی دڵی.. ژاوەژاوی ناو مێشك.. کەوتنی هەناو و وشکهەڵاتنی گەروو.

ئەوەتا یەکەم و دووەمەکە گەیشتوونەتە ئاستی. ئەملا و ئەولایان لێ گرتووە. یەکەمیان دەیدوێنێ. بە عەرەبی قسە دەکا. بە روونی ناکەونە بەرگوێی. نازانێ چ وەڵامێك بداتەوە. دووەمیان لوولەی تفەنگەکەی لە قەبرغەی دەژەنێ. ئاوڕ بەلایدا دەداتەوە. ورتەورتێکی لێ دەبیسرێ و وەڵامی ئەویشی بۆ نادرێتەوە. سێیەم (بانگکراوەکە) گەیشتووەتە جێ. ورتەورتێکی ئەویشی گوێ لێیە. لەگەڵ ئەم نا، لەگەڵ

ئەوان دەدوێ. دەبینێ چەکەکەی دەداتە دەست یەکێکیان هەڵدەزنێتە سەر تراکتۆر. دەست دەنێتە هەردوو بنباڵی و بەرزی دەکاتەوە. وەك گونییە کایەك فڕێی دەداتە خوارەوە. رەتێك دەبا و لەپەوڕوو، لەسەر جادەکە پان دەبێتەوە. هەر ئەویشە ئەوەتا لێی دەنەوێ و دەیخاتە سەر پێ. بە تەکان دەیداتە پێش و دەیگەیەنێتە لای پاسگە. کاسکێت سوورێك لێی وەردەگرێ دەیبا لە کەنارێکەوە دایدەنیشێنێ. بێ ئەوەی پێی وترابێ، وای لە زەین دەگەڕێ هەڕەشەی لێ کراوە کە ورتە و جووڵە نەکا. چوارمەشقی دانیشتووە و ورتە و جووڵە ناکا. کەمێ هێور بووەتەوە. سەرنج دەدا و دەبینێ بە یەکدا دێن. دەبیسێ غەڵبەغەڵبیانە. ورەی تراکتۆرێکی دێتە بەر گوێ. بە بەردەمیدا تێ دەپەڕێ و دەیناسێتەوە.." بۆ کوێی دەبەن؟ چی لێ دەکەن؟ ناگا وردی بکاتەوە. نووکە پۆستاڵێك دەدا بەلاڕانیدا:

– گوم!.

(گوم)ەکە هێندە لە ناکاو بوو، دەستوبرد بۆی بەجێ نەهێنرا. سەرێکی وڕوکاسی هەڵبڕی. کاسکێت سوورێکی حووج بوو تێی دەخوڕی. دووبارەی نەکردەوە. دەستی راستی لە یەخەی گیر کرد و بەرزی کردەوە. خستییە سەرپێ و بردی. وەهای دەبرد کە تەنیا نووکی پێی دەنیشتە سەر زەوی. دەنا وەك دەسکەنە پووشێك، بەرەو شوێن مەقسەدی بەکێش دەکرد. دە دووازدە هەنگاوێك و ڕای گرت:

– سیدی هذا هو!.

(سەیدی) ئەو ساتە پشتی لەمان بوو. کە وەرچەرخا، سەروسیمای لاوێکی یوسفی خۆی نواند. جوانی و قەشەنگییەکی بێ خەوش. رووبەکی گەش و دەمێکی بەخەندە. موو زەرد و سوور و سپی. گچکە کانە خورمایەك بە رووەمەتییەوە، دەموچاوی جوانتر دەنەخشاند. سەرباری هەموو، دۆستانە دەیڕوانی و لەخۆوە بزە دەیگرت. ئەم دڵی بەو دیمەنەی خۆش کرد و هێور بووەوە. وای بۆ چوو کە ئێستا دەست دەخاتە سەر شانی و عوزرخوایی بۆ دێنێتەوە. داوای لێبووردنی لێ دەکا و دەڵێ: فەرموو کوێ دەچیت بچۆ. کەچی.. ئەها.. ئای!.. سەرنج لادەدا و هەنگاو بۆ لاتەنیشتی ئەم دەنێ.. بۆچی؟.

دەچێتە پشتییەوە و دێتەوە بەردەمی و رادەوەستێ. دەموچاوی ئێستای ئەوەکەی پێشووی نییە. گرژومۆنە و غەزەبی لێ دەبارێ.. بۆچی؟ بە ڕقەوە چاوی بڕیوەتە چاوی.. ددان جیڕ دەکاتەوە.. لێوی دەکرۆژێ.. بۆچی؟ ئەم بەرگەی روانینە ئاگرینەکەی ناگرێ. چاو دەخەوێنێ و سەر بە سنگدا شۆڕ دەکاتەوە. ئەو پەنجەکانی

دەستی راستی دەچەقێنێتە چەناگەی ئەم. سەری رووەو خۆی بەرز دەکاتەوە. پەنجە لە چەناگەی بەردەدا. بە پەنجەکانی هەردوو دەست، هەردوو پەڕەی گوێچکەی دەگرێ. ئێستا چاوی چاو نین و دوو کوورەی ئاگرن. پەنجەش پەنجە نین دوو مەنگەنەن. بە هەموو هێزیانەوە، تەنکە پێست و نەرمەلیقە گۆشت و خاوە کرکراگە هەڵدەگلۆفن. ئینجا کە لە هەڵگلۆفتن بێتاقەت دەبن، واز لە گوێچکە دێنن. لەپ دەخەنە پاڵ خۆیان. پراوپڕی ماوەی کرانەوەی هەردووباڵ، خۆیان والا دەکەن و ئینجا وەك بە دوو زەمبەلەك بۆ والاکردن بەکێش کرابن، لە ناکاوێکدا وەك دوو دەستاڕ دەسرەوێنرێنە هەردوو بناگوێی. ئازاری هاڕینی گوێچکە و جەزرەبەی بناگوێ، ورگوگێژی دەکەن. بەزەحمەت جەستەی بەپێوە بۆ راگیر دەکرێ. بەڵام فەرمانی (سەیدی) بە روونی دەبیسێ کە دەڵێ:

– هذا مخرب.. ودو!..

ئێستا ئەم ئیتر پەڕێکی دەم رەشەبایە. حووجەکە داوێتییە بەر تەکان و دەیبا. وەهای دەبا کە تەنیا نووکی پێی بەسەر زەوییەوە بێ. دەنا وەك سیپاڵێك ڕای دەفڕێنێ. ئاگەدارە کە بە نێوان دوو زیلدا، رەتی دەکاتە دەرەوەی جادە.. بۆچی؟ لەوێدا ڕای دەگرێ و گاڵ دەداتە سەربازێك کە پشتێنەکەی لێ بکاتەوە و هەردوو دەستی لە پشتەوە ببەستێ.. بۆچی؟ ئەوا دەستی لە پشتەوە بەستراون و بێ جووڵە و ورتە راوەستاوە. کەچی حووجەکە فەرمان دەدا کە چاوانیشی، بە جامانەکەی ببەسترێتەوە.. بۆچی.. ئاخر بۆچی؟ دەنگی حووجەکە دەبیسێ دەڵێ:

– اگعد!..

بووەتە مەڕە ئادەمییەکی بەردەستی قەسابە ئادەمییەك. چوارمەشقی دادەنیشێ. گوێی لێیە بە سەربازەکە دەڵێ کە پاڵی بخا. سەربازەکە دێت ئەم بەسەر دەمدا پاڵ دەخا.. بۆچی؟ "چیم لێدەکەن؟". دەنگی راکێشانی میل بەسەر سەرییەوە دەبیسێ. "دەمکوژن؟" پۆستاڵە بەرداشێك دەنیشێتە سەر پشتی. دەنگێکی دێتە بەرگوێ دەڵێ:

– عريف عبود.. خطية لاتخلي يتعذب.. هدف زين على راسه.

شریخەیەك لە کاسەی سەریدا، وەك گرمەی هەورەتریشقەیەکی بەهاری دەنگ دەداتەوە. برووسکەیەك تیژ، بەسەرتاپایدا تێسکە دەکا. ئاگرێکی دۆزەخی بەردەداتە یەك بەیەکی ئەندامانی لەشی. وەك لە یەکتری ترازابن هەریەکە بۆ خۆی دەقرچێ و

دادەپلۆخێ. بنی پۆستاڵە بەرداشەکە، توندتر دەنیشێتەوە سەرپشتی. دەیەوێ بیپلیشێنێتەوە. وا دێتە بەر زەینی کە قاقای پێکەنینێکی بە کۆمەڵ دەبیسێ. واش زەن دەکا کە دەنگەکەی پێشوو بانگ دەکاتەوە:

– عريف عبود.. خطية.. انطي طلقة لوخ.

شریخەیەکی تر و گرمەیەکی تر و برووسکەیەکی تر. جەستە بەدەم گەوزینییەوە. ئاوێکی گەرم بەناو گەڵیدا فیچقە دەکا. لەگەڵ سێلاوی ئارەق و شێی زەوییەکەدا، ژێری لێ دەکەنە لیتاوێك. ئێستا وا لەناو لیتاوەکەدا تەپاوتلێتی. بەدەم قاقایەکی بە کۆمەڵی بڵندترەوە دەگەوزێ. ئەوان هەر قاقا لێ دەدەن و ئەم هەر دەگەوزێ. تا وردە وردە قاقا نامێنێ و جەستەی ئەمیش خاو دەبێتەوە. وا هەست دەکا لە بریی پۆستاڵە بەرداشەکە، زنجیری تانکێکی دەنیشێتە سەر پشتی. دەیشێلێ و رادەبوورێ. تایەی زرێپۆشێك... زیلێك.. شۆڤل و گرێدەرێك، تێ دەپەڕن و دەیفلیقێننەوە. دەیهاڕن و دەیکەنە لیتەیەکی چەوری لینج.

ئێستا هیچ نابیسێ. هیچ ورتە و جووڵەیەکیش ناکا. مردوو ئاسا نوقمی خامۆشیی گۆڕئاسایە. لەپەوڕوو بەزەوییەکەوە لکاوە.. "مردووم؟!". سەری لابەلا نیشتووەتە سەر زەوی. گوێچکەی چەقیوەتە ناو گڵ.. (ترپ.. ترپ.. ترپ).. دڵ لێ دەدا.. گوێ دەبیسێ.. هۆش دەبووژێتەوە.. "پێکراوم؟ هەست بە ئازاری برینداری ناکا.. "نا.. نە پێکراوم" نا.. نەپێکراوە.. بەڵام زات ناکا بجووڵێ. وا زەن دەکا هەر هێندەی جووڵا، بۆ لەجووڵەخستنی دێنەوە گیانی. ئا.. ئەوە .. ئەوە خشپەی پێیەکە و واوە دێ. تابێ نزیك دەبێتەوە و گومانی نییە کە بۆ لای ئەم دێ. ئەم دەبێ کەلاکێکی مردووی بێ ورتە و جووڵە بێ. بەڵام دڵ جۆش دەسێنێ. ترپە ترپی هەراسانی دەکا. دەترسێ لەشی بخاتە لەرزین و جاڕی لێ بدا. داد نادا. هەست و نەست دەکەونەوە هەلەکەسەما. مێشك گڕی سامی مردنی تێ بەردەبێتەوە. جەستە دەکەوێتە لەرزین و خشپەش دەگاتە ئاستی. خشپە دەست دێنێ گرێی پشتێنی لێ دەکاتەوە. جامانەی لەسەر چاو لێ لادەدا. بە کوردی و بە هێمنی دەڵێ:

– هەستە.

دەست و چاوکردنەوەو دەنگە هێمنەکە، دڵنیاییان پێ دەدا، جەستە ئۆقرەی گرت. بەڵام تینی خۆهەڵپچڕینیان لە زەوی نەدایە. تا کاتێ ئەو بۆ یاریدەدانی، دەستی دایە

بن باڵی و وتی:

– هەستە کاکە.. هەستە مەترسە.

ئینجا تەکانی دا و هەڵسایە سەر باری دانیشتن. بە مەبەستی بینینی خاوەن دەنگ و دەستەکە، سەری بەرز کردەوە و هەڵی ڕوانی. پیاوێکی تەمەن کامڵی سەروسیما بەهەیبەتی چوارشانەیە. موو زەرد و سوور و سپی. ڕوومەتی گووپن و ژێر چەناگەی بە غەبغەبە. جلێکی کوردیی شیکی لەبەردایە. دەمانچەیەك بە کیف و قاییشەوە، بە لاقەدییەوە. دەیبینێ لا دەکاتەوە بۆ پشتەوە و بانگ دەکا:

– مەریوان.. وەرە بابە.

دەنگی مەریوان دەبیسێ دەڵێ:

– بەڵێ بابە.

دێتە پێشەوە دەیبینێ. وێنەیەکی باوکێتی بە لاوی. بە سەروسەکوت تازە خەتی داوە بە لەشولار هەڵی داوە و چووەتە سەرلۆق. وەك باوکی شیکپۆشە. کلاشینکۆفێکی کوڵی لە شاندایە. لەگەڵ ڕەختەیەکی چوار مەخزەنی بەناوقەدییەوە.

هەریەکەیان لە بنباڵێکی نەوی و خستیانە سەرپێ. بەرەو لای پاسگەکە بردیان. پاسگە ئێستا لەوان و دوو چەکداری سەر بەخۆیان و دوو سەربازی بەولاوە لێ نییە. دەیبەن چەند شەقاوێك دوور لە جادەکە، لە کەنارێکدا دایدەنیشێنن. ئەوان ئەوها لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە، کە ئەم دەبێ هێشتا وڕوکاسبێ و نەتوانێ، ڕاست و چەپی خۆی لە یەکتری جودا بکاتەوە. بەڵام وانەبوو. ئەم ئەو کاتە هێندە هاتبووەوە سەرخۆ، کە باش لە حاڵی خۆی و دەوروبەری تێ بگا..(.. جاشێکی خێرخواز و کوڕەکەی، هەستی بەزەیی و پیاوەتییان بزواوە و بە هانایەوە هاتوون. شوێن دۆزەخەکە، ئێستا بووەتە ئاشی ئاو لێکەوتوو. پاسگەکە لە باوك و کوڕ و ئەو چوار کەسە زیاتری لێ نەماوە. باوك و کوڕ ئەمیان لە کەناردا داناوە و خۆیان چوون، لەگەڵ چوارەکەدا دەدوێن. وای تێ دەگا کە لەم دەدوێن. ئەمیش ئێستا هێندە بە ئاگا هاتووەتەوە کە لە خۆی بدوێ. چ بە ڕوانین و چ بە مەزەنە، لە خۆی دەدوێ. بە ڕوانین: ئەوە شڕواڵ و لە ناوفەکەوە تا دەرەلنگ، فیچقەی میزی بەلەسەی ترسی مەرگ، خەڵتانی لیتاوێکی بێڕەزای بۆن کەسکوونی کردووە. دەرڕوانێتە سك و سنگی خوڵاوییە. مەریوان و باوکی جامانە و کڵاو پشتێنەکەیان بۆ هێناوە و لە بەردەمیدا دایان ناوە. جامانەکەش خۆڵاوییە. نا..

بگره ئارەق و چڵم و لیك، خۆڵەکەیان پێوە کردووەتە لیتە. ئینجا بە مەزنە دەزانی کە دەموچاویشی لیتاوییە. شەپۆڵێکی شەرمکردن لە خۆ شاڵاوی بۆ دێنێ. ئاواتی پێ دەخوازێ ببێتە تنۆکێك ئاو و نغرۆی ناخی زەوی ببێ. بیری بۆ ئەوە دەچێ، راچەنێتە سەرپێ و بەرەو ئەو چیا و چۆڵانە سەر هەڵبگرێ. بەڵام شاڵاوی شەرمەزاری و تەریقبوونەوەکە لە پەلوپۆی خستووە. سەری بەسەر سنگیدا پێ شۆڕ دەکاتەوە و فرمێسکی تێدا دەبارێنێ. فرمێسك دادەچۆڕێتە ناو کۆشییەوە و تێکەڵ بە لیتاوی ناو گەڵی دەبێ).

– هەڵسە برام..

جاشە خێرخواکە بوو هاتبووەوە بەلایەوە. کە ئەمی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بینی، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی دڵدانەوەوە وتی:

– مەیکە بە گرێ لە دڵتدا. هەرکەس لە جێی تۆ بووایە، حاڵی لە تۆ باشتر نەدەبوو. هەستە لەگەڵمدا وەرە.

ئەم توانای هەڵسانە سەرپێی بە بەر هاتبووەوە. کە ئەویش دەستی دایە بن باڵی، بەئاسانی هەڵسا و لەگەڵی رۆیشت. چەند شەقاوێك دووری خستەوە و لە ئاستی چاڵێکدا رای گرت. شڕواڵێکی بۆ ڕەت کرد و وتی:

– ئەوەکەی خۆت فڕێ بدە و ئەمە لەبەر بکە. هەوڵیش بدە خۆت بتەکێنیت و سەر و ڕووت پاك بکەیتەوە.. خەمت نەبێ.. ئێستا دەتنێرمەوە ناو شار.

شڕواڵەکەی لێ وەرگرت و چووە ناو چاڵەکەوە. ئەوەکەی خۆی داکەند و دەرپێکەش لەگەڵیدا. بە چمکە وشکەکانی جامانەکەی، کەوتە سڕینی دەموچاوی. ئینجا بە هەردوو دەست، سەر و سنگ و بەرۆکی تەکاند. شڕواڵە پاکەکەی لەبەر کرد. بەندەخوێنی شەتەك دا و پشتێنی بەسەردا بەست. شڕواڵ و دەرپێ و جامانەی لیتاویی، لە قوڕنەیەکی چاڵەکەدا گرمۆڵە کردن. بەچنگەکڕێ هەندێ گڵی بەسەردا دارمان. کە گەڕایەوە قەراغ جادەکە، باوکی مەریوان هاتەوە بەلایەوە. سەرنجێکی دایە لەشولاری و وتی:

– ئێستا باشیت.

ئەم وەك شەرم و تەریقییەکەی لەگەڵ هۆیەکانیدا لە چاڵەکەدا ناشتبێ، سەربەستانەتر چاوی بۆ هەڵبڕین و روونتر بینینی. باوك و کوڕێکی کۆپیکاری رەنگوڕوو گەشی لێو بەخەندە. پێیانەوە دیارە کە لە کارە خێرخوازییەکەیان رازین و

شانازی پێوە دەكەن. ئەم لە دڵی گەڕا كە دەبێ، بۆ دەربڕینی سوپاس و ستایشی خۆی، شتێ بڵێ و یا بكا. ئا.. هەڵمەتی برد و بەشێوەیەك پەلاماری دەستی باوكەی دا و ماچی كرد، كە ئەو لەلای خۆیەوە سڵەمییەوە. ئیتر بردیانەوە ئاستی پاسگەكە و لە كەنارێكەوە دایان نیشاند. یەكێ لە سەربازەكان هات بەلایەوە. پاكەتی دەرهێنا و جگەرەیەكی دایە. بۆی ئاگر دا و وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ وتی:

– خطیە.. بلاش عذبوك.

زۆری نەخایاند پیكابێكیان بۆ راگرت. سواریان كرد و بەرەو ناوشار گەڕایەوە.

***

دەمەدەمی عەسر بوو كە پێی نایەوە ناو ماڵ. شوفێری پیكابەكە، لە فولكەی دووڕییانی كەركوك – سەرچنار دایبەزاند. لەوێ سواری پاسێكی ریمی ناو شار بوو. بەڵام هەر هێندەی پاشووی نیشاندە سەر كورسی، وەك دانیشتبێتە سەر رستێك نووكە دەرزی، راچەنییەوە سەرپێ. ئانوسات بە بیریدا هات كە پارەی پێ نییە. ئەوەی پێی بوو لەگەڵ پێناسە و مۆڵەتی لێخوڕین و هەرچییەكی تری لە گیرفاندا بووبوو، لەگەڵ شرواڵی لیتاویی گۆڕیندا چووبووە ژێر گڵەوە. بە پەلەپرووزێ، پێش ئەوەی پاس بكەوێتە رێ، دابەزی و بە پێ ملی رێگەی گرتەبەر.

رێگە كۆتایی نەدەهات. دەتوت بیابانێكی كاكی بەكاكی تەی دەكا. هەر دەڕۆیشت و نەدەگەیشت. وای زەن دەكرد كە لۆقی حووجانە دەهاوێ.. كە قەڵەمبازدی ئاسكانە دەدا و كەچی، هەنگاوی مردەلۆخانەی كیسەڵی بوون. جەستەی بە شانوباهوو.. بە سنگ و پشتی پانوپۆڕ.. بە ماسولكەی پتەوی ران و پووز و قاچی توندوتۆڵ، هەر جەستە تۆكمە و داڕێژراوەكەی جاران بوو. بەڵام بە تین و توانا، بووە باگردێنێك و كێشمەكێش تلی پێ دەدا. شۆستە و شۆستە، تلی پێ دەدا و بەرەو ماڵەوەی دەبرد.

گەیشت و پوور بە بینینی تۆقی!. سەرەتا واقی وڕما و بەدەمێكی داچەقاوەوە چاوی تێ بڕی. حەپەسا و زمانی چووە كلیلە.. ئەم ویستی خۆی لێ نەبان بكا و رابوورێ. ئەوی پووره دایك، پڕی بە شانیدا كرد و ڕای گرت پڕبەپڕی ئەو تەوژمی ترسەی لە دەروونیدا تەقیبووەوە وتی:

– سوبحان.. چیت لێ قەوماوە؟.

ئەم كز و مات، دڵ پڕ لە خەم و پەژارە، بەبێ وەڵام راوەستا. تا كاتێ ئەو شانی

راوەشاند و وەك تۆقیوێك وتی:

– چی بووە پێم بڵێ.. چیت بەسەرهاتووە؟.

ئەم کە خەمی خۆپاککردنەوە و شوێنەونکردنی پاشماوەی کارەساتەکە، بەسەروسەکوت و لەشییەوە، بیر و هۆشی داگیر کردبوو، بە تکایەکی تێکەڵ لە پاڕانەوەوە وتی:

– پووری.. تکایە جاری وازم لێ بێنە.. دوایی بۆتی باس دەکەم.

پوور کە زوو تێ گەیشت لە حاڵێکی نا ئاساییدایە، دەستی لێ بەردا و کشومات لە جێی خۆی چەقی . ئەمیش لایدایە ژوورەکەی. دەرپێ و فانیلەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنان. دەستی دایە بیجامە و خاولییە هەڵواسراوەکانی. هەمووی گرمۆڵە کردن و لە بندەستی نان. لە ژوور بەدەرکەوتەوە بەرەو حەمام بچێ. پوور هەر حەپەساو و چاو پڕ لە ترس، لە بەرهەیوانەکەدا لە چاوەڕواندا بوو. کە خاولی و جلەکانی بە بندەستییەوە بینی وتی:

– حەمامەکە ساردە.. چاوەڕێ بکە بۆتی گەرم بکەم.

ئەم بە تەنیا (قەیناکە)یەکی ژێر لێوەوە، وەڵامی دایەوە و لێی ڕەت بوو. بە خێرایی، نەوەکو رێگەی پێ بگرێ، خۆی گەیاندە حەمام. هەرچییەکی لەبەردابوو دایکەندن. هەموویانی بە شرواڵە خوازراوەکەشەوە، پەستاوتە ناو تەشتی جلشتنەکەوە. چنگێك تایدی رژاندنە سەر. تەشتی پڕ ئاو کرد و کەوتە هەڵگلۆفتنیان. ئاراوێك و دووان و سیان و ئینجا دڵنیابوو. بەلاوەی نان و دەستی کردە خۆشۆردن. ئەگەرچی ساردیی ئاوەکە هەراسانی دەکرد، بەڵام بە حیرسی خۆ پاککردنەوەکە بەسەریدا زاڵ دەبوو. کە لێ بووەوە جلە شۆردراوەکانی بە گوشراوی جێ هێشت. خۆیشی پۆشتەوپەرداخ و دڵنیا لە پاکبوونەوەی هاتە دەرەوە. لە ژوورەوە سەرما لرفەلرفی پێ خستبوو. کە پێی نایە ناو حەوشەکەوە و کەوتە بەر بای شەماڵێکی توند، لرفەلرفی لێ کردە چۆقەچۆقی ددان. ئەو کاتە گوڵنازیش گەڕابووەوە ماڵەوە. لەگەڵ دایکیدا لە چاوەڕوانیدا بوون قسەی لێ ببیستن. کە گەیشتە ئاستیان، ویستی بیدوێنێ و ئەم بواری نەدا. بگرە لە وزەشیدا نەبوو بدوێ. بەدەم چۆقەچۆقەوە بە هەنگاوی خێرا وەك راونرابێ، بەرەو ژوورەکەی بووەوە و ئەوان بە دوایدا. لەوێ یەکسەر خۆی ئاخنییە ناو جێگەوە و وتی:

– هیلاکم.. خەوم دێ.. تکایە جێم بێڵن.

٥

بەچەشنی مردوویەك و گیانی بە بەردابێتەوە، چاوی نووقاوی هەڵهێنانەوە. سەرەتا پێڵووی بە ئاستەمێك لە یەکتری جودا بوونەوە. نیشتنەوە سەریەك و جودابوونەوە. جارێك و دووی تر و ئینجا وەك مەشقی باڵەفڕەیان بەئەنجام گەیاندبێ، یەکاڵە بوونەوە و بەری بیناییيان لە چاوانی روون کردەوە. پووره عەتاو زۆر نەبوو لێی بەژوور کەوتبووەوە. لە نزیك سەرییەوە دانیشتبووە سەر قەراغی قەرەوێڵەکە . ئەملا و ئەولای بە بەتانییەکە دەئاخنی. لەپی دەستی دەنیشاندە سەر ناوچەوان و لاملی. ورتەورتێکی لێوە دەگەیشتە بەرگوێ. دەیزانی دەیدوێنێ و پرسیاری لێ دەکا. بەڵام دەنگی دەبووە تەنیا بڵمەبڵمێك و لە کاسەی سەریدا، وەك ژاوەژاوێك سەدای دەدایەوە. تەنانەت دەیبینی سەری بەسەردا شۆڕ دەکاتەوە. ماچی دەکا و بەدەمییەوە، دڵۆپە فرمێسکی گەرم دەتکێتە سەر روومەت و لاملی. ئەوسا پێڵووی وەها بەسەریەکتریدا داکشان کە چووەوە ناو تاریکستانی گۆڕ ئاساوە. بەڵام ئێستا چاوی بەسەر دیمەنێکی تردا هەڵدێنێ. ئەوە شادمانە و لە ژوور سەرییەوە، لەسەر کورسییەك دانیشتووە. کتێبێکی بە دەستەوەیە و دەخوێنێتەوە. بە بیری دێتەوە کە ئەم ئەو کاتە لەسەر پشت پاڵ کەوتبوو. کەچی ئێستا بەشێوەی بینینەکەی ئەودا، دەبێ لەسەر لابێ. قەدەرێ راما و هۆشیشی بەگەڕ کەوتەوە.. "شادمان بۆچی لەسەر ئەو کورسییە، لەبن سەرمەوە دانیشتووە؟ بە کتێبەکەی دەستیدا، دەبێ لە دەمێکەوە بێ!.. ئێشکم لێ دەگرێ؟".

حەزی دڵنیابوون لە دیمەنەکە بزواندی. تەکانی دا و سەری بەرز کردەوە. لە ناوقەد و بەرەوژووری نیشاندە سەر ئانیشك. بەڵام کسپەی ئازارێکی هێندە تیژ، لە کاسەی سەریدا برووسکەی دا، کە بەدەم ناڵەیەکی تۆقێنەرەوە، سەری پێ فڕێ دایەوە سەر سەرین!. شادمان راچەنی و هات بەلایەوە. بەسەریدا نوشتایەوە و بە پەشۆکاوییەوە وتی:

– کاکە سوبحان.. من لە لاتم.. ئەوەتام.. من شادمانم،، کوێت دێشێ پێم بڵێ؟.

ئەم هەردوو چنگی لە ناوچەوان و لاجانگەکانی، وەها گیر کردبوون و هەڵی دەگلۆفتن کە دەتوت دەیەوێ، کونیان بکا و نووکی پەنجەیان تێ بئاخنێ. بەدەم ئاخ و ئۆفێکی دڵپڕوێنەوە وتی:

– سەرم.. سەرم.. خەریکە شەق دەبا.. دەتەقێ.

لە شادمان بە ئاگابوو کە دەستی لێ بەردا و بە پرتاو لە ژوور بەدەرکەوت.. کە کامەرانی هێنا و بە پەلەپڕووزێ هاتنە ژوورەوە.. کە کامەران قۆڵی نیشاندە ژێر سەری و بە ئەسپایی کەمێك بەرزی کردەوە.. کە بە شادمانیشی وت:

– دوو حەب لە ڤالیۆمەکە و تۆزێ ئاوم بدەرێ.

بەئاگابوو کە دەمی پێ داپچڕی و حەبەکانی ڕەتکردنە ناو گەروویەوە.. کە ئاوەکەی قلْپاندە ناو دەمییەوەو پێی قووت دان. ئینجا سەری نیشاندەوە سەر سەرین.. بەهێواشی دەستی کردە شێلانی شانوملی. هێشتاش بە ئاگابوو کە پوورە عەتاو و گوڵناز و مام فەتاح هاتن. دەنگی گریانی پووری دەبیست کە دەیویست بێت بەلایەوە. دەنگی کامەرانیش کە دەیوت:

– دایە وازی لێ بێنە..خەمت نەبێ.. هەر ئێستا ئازارەکەی دەشکێ و دەحەوێتەوە.

ئینجا وەڵامەکەی پوور کە دەڵێ:

– ئێ ئاخر لە دوێنێ عەسرەوە ئەوە حاڵێتی.. ئاخر تاکەی وابێ؟.

تەنانەت زەینی پەشۆکاوی، سەرەڕای ئەو ئازارە گورچکبڕە، ڕستەی لە (دوێنێ عەسرەوە) بە روونی دەقۆزێتەوە. تێ دەگا کە شەوێکی بەو حاڵە بەسەردا تێ پەڕیوە و ئێستاش ڕۆژی دوای ئەو شەوەیە. بەڵام چ کاتێکی؟ ئاواتەخوازە بزانێ. دەیەوێ سەر بەرز بکاتەوە بڕوانێ و زات ناکا. هەوڵ دەدا بپرسێ و بۆی نایەتە سەرزار. واز دێنێ و خامۆش دەبێ. هەست دەکا ئازار ڕوو لە سووکبوونە. لەگەڵیدا وردە وردە ئەندامانی لەشی، خاو دەبنەوەو بەرەو سستی دەچن. گلێنەیشی بۆ ناسووڕێنرێن. دەڵێی بوونەتە دوو هەڵماتی قورقوشم. ئەوەتا پێڵووش هێدی هێدی، وەك چوار تای دوو دەرگەی ئاسنین پێوە دەدرێن. لەگەڵ بیستنی دوا قسەکەدا، کە وەك لە بنی بیرێکەوە بکەوێتە بەرگوێی دەڵێ:

– نووست.

***

كە بۆ جاری دووەم پێڵووی لە یەكتر ترازاندەوە، بینایی بەسەر ڕوویێكی نامۆدا لێ ڕوون بووەوە. هەستی كرد لەسەر قەراغی قەرەوێڵەكە دانیشتووە و سەیری ئەم دەكا. دەنگیشی بە روونی بیست كە وتی:

– چۆنیت؟.

وەڵامی راستەوخۆی بۆ نەدرایەوە. بەنیازی ناسینەوەی، وردتر سەرنجی دایە. بە گوێبیستەكەیدا كە بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە. تێ گەیشت كە دوكتۆرە. لەوی لادا و بە گێڕانی تەنیا گلێنە، بۆ كەسانی تر گەڕا. ئا.. ئەوەش كامەرانە بەپێوە، بە تەنیشت دوكتۆرەكەوە راوەستا. ئەوەتا سەری نزیك دەكاتەوە و دەپرسێ:

– كاكە سوبحان.. چۆنیت؟.

بەڵام ئەم زمانی هێشتا لە كلیلەدایە. تێیان دەڕوانێ و وەڵامی بۆ نادرێتەوە. دوكتۆر هەردوو دەستی بۆ درێژ دەكا و دەڵێ:

– هەستە دانیشە بزانم:

ئەم دەستبەجێ، كسپەی ئازارەكەی جاری پێشووی بە بیر هاتەوە و نەبزوا. لەگەڵیدا بەلاچاو، سەرنجێكی پڕ لە تكای دایە كامەران. ئەو بزەیەكی گەشی بە روودا دا و وتی:

– ئاگەدارە.. خەمت نەبێ.

دوكتۆریش وتی:

– دەست بدەرە دەستم و لەسەرخۆ راست بەرەوە.. مەترسە.

بە قسەی كرد و بە شێنەیی، هەڵسایە سەر باری دانیشتن. ئازارەكە ئاسەواری نەمابوو. بەڵام هەستی بە داهێزرانێكی قورسی، لە سەراپای لەشیدا دەكرد. یەك بەیەكی ئەندامانی و بەتایبەتی جمگەكانی، بێ هێز و خاو و خلیچك بووبوون. كە دەیویست ئاسایی بیانبزوێنێ و بەگەڕیان بخا، بە پیر ویستەكەیەوە نەدەهاتن. دەتوت مانیان گرتووە و بڕیاری خۆمتكردنیان داوە. سەرباری هەمووش، هەستی بە جۆرە هەناو پووتییەكی ئەوتۆ دەكرد كە ها ئێستا ها تۆزێكی تر، وەك قاوغە هێلكەیەك بە ناوەخۆدا هەپروون دەبێ.

دوكتۆر لە بریی ئەمدیو و ئەودیو پێكردن و گوێبیست بە سنگ و سك و پشتەوەنان و نووكی پەنجەگیركردن لەم نەرمانی و ئەو نەرمانی، بە دەنگێكی هێمن و لەسەرخۆ

و بە زمانێکی شیرین بۆی دوا. دڵنیای کرد کە لە کۆڵنجێکی توند وماندووبوونێکی لە رادەبەدەر بەولاوەی نییە. بۆیشی روون کردەوە کە ئارامگرتن و حەوانەوە و خۆ گەرم داپۆشین، باشترین چارەسەرە و پێویستی بە دەرزی و دەرمانێکی لەو بابەتە نییە، کە بۆ نەخۆشێکی بەڕاستی نەخۆش دەنووسرێ. ئیتر ئەو دانیشتنەی دانیشت پاڵ نەکەوتەوە. شادمان کە تا ئەو ساتە خۆی کەنار خستبوو، هات بەلایەوە و پاڵپشتێکی بەرزی بۆ سازاند. دوکتۆر خواحافیزیی لێ کرد و لەگەڵ کامەراندا رۆیشتن. گوێی لێیان بوو لە هەیوانەکە، بەدەنگی نزم دەدوان. دەیزانی باس لەم دەکەن و قسەکانیانی بە ڕوونی نەدەبیست. زەینی لەوان دابڕی و لەگەڵ روانیندا، گواستییەوە بۆ لای شادمان. ئەو ساتە ئەو، چاوی بەسەر ڕووی ئەمدا روابوو. پەژارەیەکی تێکەڵ لە سەرسامییان لێ دەتکا. لە ناکاو قسەکەی پوورە عەتاوی هاتە بەر زەین.. "لە دوێنێ عەسرەوە ئەوە حاڵێتی..". لە پەنجەرەکەوە روانییە دەرەوە. شنەبایەك لقوپۆپی پیرە دارتووەکەی دەلەراندەوە. وردە گەڵا بەهارییەکانیان، لەژێر تیشکی خۆردا بریقوباقیان بوو. بە نێوانیشیاندا کە دەیدا لەسەر زەوی، خەرمانێك لیرەی زێڕی هەڵڕێژراوی بریسکاوەی پێك دەهێنا. وای مەزەندە کرد کە عەسرێکی زووە. بەڵام عەسری کام رۆژی؟. لە شادمانی پرسی:

– سەعات چەندە؟.

دەمی وەها هەڵهێنایەوە کە قسەکە روون و ساف دەرببڕێ. کەچی بەنووزە و خاووخلیچك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا شادمان، سەیرێکی سەعاتەکەی مەچەکی کرد و وتی:

– پێنج و چارەك.

ئەم تەقەلای دا پێدابچێتەوە.. سەعات چەند گەیشتەوە ماڵەوە؟. پوور وتی: دوێنێ عەسر. بۆ دڵنیابوون لێی پرسییەوە:

– لە کەیەوە هاتوومەتەوە ماڵەوە؟.

– دوێنێ عەسر.

– کەی بوو بۆ جاری دووەم بوورامەوە؟.

– نەبوورایتەوە.. نووستیت.. کاکم حەبی خەوی دایتێ.

– کەی بوو؟.

– بەیانی.. نریکی سەعات دە.

تێ گەیشت و بێدەنگ بوو. کامەران هاتە ژوورەوە. کورسییەکی هێنا و رووبەڕووی دانیشت. سیمای گەش و دەم بە خەندە بوو. دەستی خستە ناو دەستییەوە و بە ئەسپایی هەڵیووشی. وەك مژدەیەکی سەبارەت بەم پێ درابێ و بە عەزرەتەوە بێ، خێرا پێی ڕابگەیەنێ وتی:

– دوکتۆر سامان هەم برادەرمە و هەم دۆستێکی نزیکیشمانە. دڵنیای کردم کە بە قەد نووکی دەرزییەك، نەخۆشی بە مانای بە ڕاستی نەخۆشی لە لەشتدا نییە. ئازارەکەی سەرت لە کۆڵنجەکەوە بووە. خەتاش خەتای خۆتە. بەو هەموو ماندوویێتییەوە، دەچیت بە ئاوی سارد خۆت دەشۆیت. ئاخر شتی وا چۆن دەبێ؟. دایکم تا ئێستاش نایبرێتەوە!.. هەر دەیڵێت و دەیڵێتەوە.

وەك چاوەڕێی نوتقێك لەو بارەیەوە بکا، چاوی بڕییە چاوی ئەم و بێدەنگ بوو. کە ئەم هیچ نوتقێکی نەدا، توندتر دەستی گووشی و وتی:

– دوکتۆر هەندێ حەب و دەرمانی بۆ نووسیویت. دەچم دەیانهێنم و دێمەوە. دایکیشم وا خواردنت بۆ ئامادە دەکا. دوکتۆر وتی: خواردنێکی شاهانەی بدەنێ، با هێزی بە بەردا بێتەوە. تۆ دەزانیت ئەوە دوو رۆژە هیچت نەخواردووە؟. من ناڵێم هەڵسە ناو جێگە جێ بێڵە و بکەوەرە راکەڕاکە. بەڵام دڵنیا بە کە نەخۆش نیت.

کامەران دەستی لێ بەردا و رۆیشت. ئەو روانییەوە شادمان. وەکو دیمەنەکەی پێشووی، پەژارەوار و خەمگینە. بەپێوە بە پاڵ دیواری لای پەنجەرەکەوە، رووەو ئەم راوەستاوە و ماتە.. بۆچی؟. تەڕاییەك لە کەنارەکانی چاوانیدا دەبریسکێتەوە.. بۆچی؟. کە سەرنجیان یەکدگیر دەبنەوە چاو کەلا دەخا.. بۆچی؟ گومانێك لە دڵی ئەمدا چەکەرە دەکا. هەڵدەئاوسێ و زۆری بۆ دێنێ. دەیخاتە سەر زار و دەپرسێ:

– جلەکانم وشك بوونەتەوە؟.

دەستبەجێ بەخۆی زانی کە پرسیارێکی گێلانەی کرد و.. وتی: " بۆ ئەم حاڵەی ئێستای تۆ، جل وشك بووبنەوە یا نەبووبنەوە. لە گرێی گومان لەخۆکردن بەولاوە، چ مانایەکی تر دەدا؟" بۆ وەڵامیك گەڕا دەلاقەکەی پێ پینە بکا و فریا نەکەوت. شادمان بە سەر هێمایەکی بۆ کرد و وتی:

– بەڵێ.. ئەوەتان.

بە قەدکراوی لەسەر تەپڵەکێك، لەوسەری ژوورەکەوە دانرابوون. ئەم خەریك بوو داوای هێنانیان بکا و پاشگەز بووەوە. سەرنجی کەمێ لەسەر ڕاگیر کردن. هەستی بە جۆرە رق و کینەیەك کرد بەرامبەریان. حەزی دەکرد بچێ و نجرونجڕیان بکا. لە بەرچاوی بوونە تۆپەڵە پەڕۆوپاتێکی نوقمی چاڵە پیساییەك. بەڵام شادمان دیمەنەکەی لە بەرچاو رەواندەوە کە وتی:

– دەتەوێن؟.. بیانهێنم؟.

ئەم لە بریی (ئا یا نەء)، لەخۆوە وتی:

– شرواڵەکەی خۆم نییە.

بەڵام ئەو دیسان ئاسایی وتی:

– دەزانم.. دایکیشم وای وت.

شێوەی وەڵامدانەوەکانی، گومانەکەی لەلا خەستتر کرد. شەپۆڵێکی شەرمەزاری لە ناخەوە وروژمی بۆ هێنا. تەریق بووەوە و بە ناوخۆدا شکایەوە. چاوی لە شادمان لادا و سەری بەسەر سنگیدا لار بووەوە. لە حەژمەتدا قەسدی بوو، ئەو سەرەی جارێکی تر بەرز نەکاتەوە. بەڵام هەر لەو ساتە وەك هێزێك لە پەنهانەوە بەهانایەوە بێ، لە بێخی هۆشییەوە بزوا و سەربردەیەکی جافری بەیاد هێناوە. دوای بەربوونی لە بەندیخانە، زۆرجار بیرەوەرییە تفت و تاڵەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە. لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر بەلای ئەمەوە، بردنی بووە بۆ پاککردنەوەی ژووری لە سێدارەدان، لەو میز و پیسایی و پاشەڕۆکەی، لەو کەسانە بەربووەتەوە کە لە سێدارەدراون.

بەوە ئاهێکی پێدا هاتەوە. هەستێکی بەزەیی بەرامبەر بەخۆ، جێگەی شەرم و تەریقییەکەی گرتەوە. دڵنەوایی بەسەر گازندەدا زاڵ بوو. وتی: ″ئێ خۆ منیش وەك ئەوانم بەسەر هات. منیش لەو ساتانەدا بە قەد تاڵە موویەك، گومانم لە دڵدا نەمابوو کە ئەوەتا دەکوژرێم. ئەوەتا دەستم لە پشتەوە بە بشتێنەکەم و چاوم بە جامانەکەم دەبەسترێنەوە. ییخ دەدرێمە سەر زەوی و جەللادەکەم چەکم لێ دەخاتە سەر پێ. زرمەشم لێ هەڵدەستێنێ و ئیتر دەبێ وەك ئەوان بم. لە هەموو شتێکدا وەك ئەوان. کەچی ئەوەتا کار بۆ عەزابی من.. بۆ بەردەوام کوشتن و کوشتنەوە و مراندن و مراندنەوەم، نەکوژراوم و نەمردووم!. ئێستا من دەمەوێ بزانم و تێ بگەم: خۆشە کە ماوم و بەختەوەرییە کە نەکوژراوم؟ ئەی باشە خەجاڵەتییەکەی، لە چ کون و

قوژبنێکی بیر و هۆشمدا حەشار بدەم؟ چۆن چۆنی خۆمی لێ بدزمەوە و لە دەستی هەڵبێم؟ ئەوانەی لەمەڕ سەربردەکەی جافر، کردیان و نغرۆی بن خاك بوون و نەمان. لەگەڵ خۆیان دا بردیانە ژێر گڵ. مەگەر جافرێك و ئەویش بەبێ ناوبردن، وەك ڕووداوی ناو داستانێکی ئەفسووناوی بیگێڕێتەوە. لە کاتێکدا من هێشتا ئەوەتا زرت و زیندوو، بەسەر خاکەوەم و هەم و سوبحانەی جارانم. ئەوان ئیتر ببڕای ببڕ حاڵەتەکەیان بە بیر نایەتەوە. هۆشیان بەلایدا گوزەر ناکاتەوە. هەست و نەستیان لە ئاستیدا نووزەی لێوە نایەت. چاویان بە چاوی کەس ناکەوێتەوە . نە هاوڕێ و دۆست و ناسیاو. نە کەسوکار و خزم و خوێش. نە دەرودراوسێ و خەڵکی کووچە و کۆڵان و تەنانەت، نە جەللادی پەت لەملخەر و نە جافری پاککەرەوەی پاشەرۆکیش. لە کاتێکدا من.. منی گوللەبارانکراوی نەکراو.. منی لە سێدارەدراوی نەدراو.. فەوتاوی نەفەوتاو.. مردووی نەمردوو، بەردەوام بە بیرم دێتەوە و لە هۆشمدا دەژێتەوە. هەست و نەستم لێ دەورووژێنێ. دیمەنەکەم لە چاوی هەر کەسێکدا کە دەیناسم و نایناسم دەبینمەوە. ئیتر من دەبێ چ دڵێك بەو ژیانە خۆش بکەم  کە گوایە، لە دواساتدا، پێم دراوەتەوە. یانی ئێستا من دەبێ، نانێ بخۆم و یەکێ بکەم بە خێر و پشتی دەستی خۆم ماچ بکەم، لەبەرئەوەی عەبوود دەستی پاراست و گوللەکانی نەنا بە پشتی سەرمەوە؟ کە نەیکوشتم و ژیانم لێ نوێ بووەوە؟ کام نوێبوونەوە؟ ئەوەی دەبێتە دۆزەخێك تا دوا هەناسەی مردنی دووەم بە کۆڵییەوە دەگرم؟ نا.. بەپێچەوانەوە. ئەگەر جەنابی ناموبارەکی ئەو دەستە چەپەڵەی نەپاراستایە، ئێستا من تووشی ئەشکەنجەی ئەو خۆهاڕینە نەدەبووم. لەعنەتی لێ بێ و تف لە چارەی. ئاواتەخوازم ئەو دەست و پەنجەیە و هەموو ئەندامانی لەشیشی، دابڕزێن و ببنە ئاو و زلْزلە. کرم تێیان بدا و کوت کوت هەڵوەرێنە سەر زەوی. ئەگەر گوللەکانی بەڕاستی بنایە بەپشتی سەرمەوە، ئازارەکەیان هەزار و هەند جار کەمتر دەبوو لە پێوەنانەکە. باشە وا ئەو.. ئەوێکی ئەو دڕندەیەی کە هەیە وای کرد. ئەی ئەمان.. ئەمان بۆچی گوللەکانی خۆیانم پێوە نانێن؟ بۆچی وا لێم کڕوکاسن و کەسێکیان دەم هەڵناهێنێتەوە بپرسێ: ئەرێ کابرا تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ هەموو خۆیانم لێ گێل دەکەن و وا نیشان دەدەن کە نازانن لە دیوەخان چ باسە! من بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەو پرسیارەدام بیکەن و نایکەن.. شادمان پرسیارەکە لە ئاوێنەی چاویدا زەق زەق دیارە نایخاتە سەرزار.. بۆچی؟ خۆ کامەران.. ئەو دانی مارە.. ئەو وتووریایەی کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە، وا نیشان دەدا کە گوایە

ئـەم بـەیـانـییـەکـەی لـە مـاڵ چووەتـە دەرەوە و عـەسرەکـەی، بـە کـۆڵـنـجێکـی قـورسـەوە گەڕاوەتەوە و هیچی تر!. جا ئایا وایە کامەران؟. تەنیا هێندە و هیچی تر؟ بۆ وا دەزانی ناتناسم و نەچوومەتە ناو مۆخەکەتەوە؟ دەی باشە بۆ ناپرسیت.. ها.. بۆ ناپرسیت؟ دیارە.. ئا دیارە.. ناپرسیت چونکە لەوسەری هاتوویتەوە و لە نووکەوە ئاگەداریت. بەڵام چۆن؟ ئەوە خۆت و خوای خۆت دەیزانن. تۆ شتت زۆر لەژێر سەردایە. دوور نییە.. دەشێ.. لەو ماوەیەدا کە بێ ئاگا بووم، بەدەم بزرکاندنەوە گێڕابێتمەوە.. هیچ دوور نییە. نا.. بگرە هەر وەهاشە.. هەر وەها".

بە حیرسەوە سەری لەسەر سنگی هەڵپچڕی.. بە پەرۆشەوە لە قالبی پرسیاردا وتی:

– شادمان.. نەمدەبزرکاند؟ ورێنەم نەدەکرد؟.

شادمان لە ژوورەکەدا نەمابوو. بە بیستنی دەنگی هاتەوە و وتی:

– ببوورە کاك سوبحان.. لە هەیوان بووم.. چیت ویست؟.

– لەو ماوەیەدا کە بێ ئاگا بووم، ورێنەم نەدەکرد؟.

– نا نەخێر.

ئەو بەبێ هیچ رامانێك لە پرسیارەکە، ئاوەها بە نەخێرێکی کۆنکرێتی وەڵامی دایەوە، ئەم لە دڵدا لێی دەهری بوو. خستییەوە کوانووی بەدگومانییەوە. وتی: " ئەم جۆرە وەڵامە کورت و خێرایە، نیشانەی درۆکردنە". ویستی بیداتە ڕووی و نەیکرد. بەدگومانییەکە بە چەشنێك لوولی دەدا، کە گومانی لەوەش دەکرد. سەری لێ شێوا و لە خۆی کەللەیی بوو. بێ پەروا سەری وەك تۆپێك بەسەر ملییەوە دەسووڕاند. قاچی ڕاهێڵایە سەر زەوی و دابەزی و کشاندنییەوە. دەستێکی بێزاریی بەسەروپۆتەلاکیدا هێنا. تا لە پرێکدا بە ڕقەوە لەسەرلا. ڕووەو دیوار راکشا. شادمان هات بەلایەوە و بەتانییەکی بەسەر داکشاند. ئەم لەوەدا بوو فرێی بداتەوە بە روویدا نەیکرد. وتی: "جوان نییە". خۆی مت کرد و بینایی بەسەر، بستە دیوارەکەی بەرچاویدا رووا. بستە دیوار وردە وردە بوو بە پەردەیەکی سینەما. دیمەنەکانی بەسەرهاتەکەی بە زنجیرە، بەسەرەوە دەبینن. یەك بەدوای یەکدا بەڕوونی، بەڵام بە خامۆشی ڕادەبوردن. ئەم بە حەزی سەیرکەرێکەوە تێی دەڕوانین. دەتوت فیلمی بەسەرهاتی کەسێکی تر دەبینێ نەك خۆی. بگرە بە هەست و نەستی کەسێکی تریشەوە لەگەڵیدا دەخرۆشا نەك خۆی!. دەیوت: " ئەها تۆ سەیری کە.. کابرایەکی چەند ترسنۆکە، خۆ وتمان گیان شیرین و

ئازیزە.. وتمان لە شوێنێکی سەختدایە دەرکێشانی بەئازارە.. وتیشمان کەس لە ساتی ڕووبەڕووبوونەوەیدا، ئەو جەربەزەیە نییە زمانی لێ دەربکێشێ بەڵام هێجگار واشمان نەوت. تۆ بڕوانە چی بەسەرهاتووە.. ئەها تۆ بڕوانە".

– کاکە.. کاکە سوبحان..

شادمان بوو بە ئەسپایی شانی رادەوەشاند. ئەم سەرەتا نەجووڵا و وەڵامی نەدایەوە. دوودڵ بوو کە ئایا ئەو قسانەی لە دڵدا کردوون، یا بە زار وتوونی.

هەوڵی دا ساغی بکاتەوە. کە ئەو بواری نەدا و وتی:

– کاکە سوبحان.. هەڵسە دانیشە.. خواردنەکەت ئامادەیە.

ئەمیش وازی هێنا. هەڵسا دانیشت. شادمان بە ژوور سەریەوە بوو. پوورە عەتاو بە تەنیشتییەوە و گوڵنازیش، لەولاترەوە سینییەك بەسەر دەستییەوە. سینی هالاوی لێ هەڵدەستا. هالاو بۆ یەکەم جار دوای ئەو ماوەیە، بۆن و بەرامەی خواردنیان بە لووتیدا دەدایەوە. شادمان بە نیازی هەڵپڕاندنی لەسەر قەرەوێڵەکە، هانی دا دابەزێ و لەسەر زەوی نانەکە بخوا. پوور نەیهێشت. سینییەکەی لە گوڵناز وەرگرت و داینایە سەر کۆشی. ئەم خۆیشی هەر وەهای پێ خۆش بوو. ئیتر وەك کەسێکی ساغڵەم و بەڵام ژەمبوردە، نیشتە سەر مریشکی کوڵاو و شۆربا بە ئاوەکەی و سەوزە و ماستاو.

***

– کامەران بۆ نەهاتەوە؟.

– دێتەوە.. ئێستا دێتەوە.

– سەعات چەندە؟.

– کەمێ لە هەشت لای داوە.

– ئەو وتی: دەچم دەرمانەکان دێنم و دێمەوە.

– رەنگە بە کار و فەرمانێکەوە گیری خواردبێ.. هاکا هاتەوە.

ئەو کاتە لە پاڵ حەوانەوە جەستەییەکەیدا، ژەمە خواردنە گەرمەکەش کاری خۆی کردبوو. لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزیبووە خوارەوە و بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. بەڵام بە دەروون هێشتا دانەمرکابووەوە. جۆشوخرۆشی بایدابوو بەلای، سات بەسات چاوەڕوانکردنی هاتنەوەی کامەراندا. دەیوت:

"ئـاخـر دەوەرەوە کـاکـە.. دەوەرەوە شەقـم بـرد. مـن دەرمـانـم نـاوێ. خـۆشت و دوکتۆرەکەشت وتتان کە من نەخۆش نیم. ئیتر دەرمانی چی؟ وەرەوە و گفتێك بدە، قسەیەك.. باسێك بکە، وەڵامێك بدەرەوە.. ڕایەك دەرببڕە".

لەو ماوەیەدا شەش جار پرسیاری: کامەران بۆ نەهاتەوەی لە شادمان کرد. هێشتا ئەوەندە تین و توانای نەهاتبووەوە بەر لەش، کە بتوانێ بەردەوام بەسەر پێوە بێ. بۆیە کە دەکەوتە سەر پێ، دەچوو کەمێ لەبەر پەنجەرەکەدا ڕادەوەستا. ئینجا سێ چوار سووڕ بـە ژوورەکـەدا دەهـات و دەچـوو. بـە دوایـدا دەگـەڕایـەوە بـەر پـەنـجـەرەکـە و ڕادەوەستایەوە. ئیتر بەدەم دووپاتکردنەوەی پرسیارەکەوە، دەچووەوە سەر قەرەوێڵەکە و ڕادەکشایەوە.

چیی لە کامەران دەویست؟ دەیوت: "با بێتەوە و تێم بگەیەنێ، بزانم چی قەوماوە؟". هـەسـتـی کـرد کـە زەیـنـی روونـتـر بـووەتـەوە.. دوورتـر پـەل دەهـاوێ و بـەریـنـتـر لـە کارەساتەکەی خودی خۆی بڕ دەکا. تەنانەت وای بۆ دەچێ کە کلیلێکی تەلیسماوی، لە گیرفانی ئەودایە بە هاتنەوەی، دەرگەیەکی داخراوی لەسەر هۆش و هەستی ئەمی پێ دەکرێتەوە. لەو ماوەیەدا جارجارە بە بیریدا دەهات، کە بۆ ئەم مەبەستە لە بریی کامەران، پەنا بەرێتە بەر شادمان دەیوت: " خۆ وێنەیەکی کتومتی ئەوە. وەك ئەو لە جووڵەی مار و مێروو ئاگەدارە " بەڵام هێندە لە وەڵامە کورت و کوێرەکانی پەست بووبوو. هێندەش لێی بەدگومان بووبوو، کە هەموو جار لە باسەکەی دەردەهاوێشت. ناچار بەلای چاوەڕوانکردنی هاتنەوەکەی کامەراندا، دایدەشکاندەوە و لە بۆتەیدا دەبرژا.

هەروەها ماوەی جگەرەکێشانێك، بەسەر جاری شەشەمی پرسیارەکەیدا ڕابوردبوو، کە لە دەرگەی حەوشە درا. ئەم ئەو کاتە ڕاکشابووە سەر گازی پشت. دەیڕوانییە بنمیچەکە و بە بێهوودە، بینایی پێدا دەگێڕا. دەتوت بۆ وێنەیەك.. بۆ نەقش و نیگارێك.. بۆ هێڵکارییەك دەگەڕێ کە مەبەستێتی و نایدۆزێتەوە. گەڕان و نەدۆزینەوەکە، پەست و بـێزاری کـردبـوو. خـەریك بـوو فـجـووق بـکـا و لـە دەرگـەدانـەکـە بـە فـریـای کـەوت. گەشکەیەك بە هەناویدا تێسکەی کرد. ڕاچەنییە سەر باری دانیشتن و وتی:

– وا هاتەوە.

– شادمان وەك لە قسەکەی ئەم بێ ئاگا بێ، لە بەرخۆوە وتی:

– دەبێ کێ بێ؟.

ئەم سەیری لێ هات.. وتی:

– کاکتە.. لەو بەولاوە کێ هەیە؟.

شادمان وتی:

نا.. کاکم کلیلی دەرگەی حەوشەی پێیە.. نابێ ئەو بێ.

ئەم ئەو وەڵامەشی وەك ئەوانی تر لێ خۆش نەهات. بگرە تووڕەش بوو، وتی: ″ ئەم لەعنەتییە دەڵێی، بۆ ئازاردانی گیانم بە دیارمەوە دانیشتووە. سوور دەزانێ کامەرانە و چەواشەم دەکا! ″. لەگەڵ ئەوەشدا نەیدایە رووی. هەردووکیان لە یەك ساتدا بزوان. ئەو بەرەو دەرەوەی ژوور بۆ کردنەوەی دەرگە.. ئەم بۆ بەر پەنجەرەکە و هەڵڕوانین.

هەردوو گڵۆپی هەیوانی بەربەرەڵا و ناو حەوشە، رووناکییەکی گەش بەلای دەرگەکە دەدەن، ئەوە شادمانە گەیشتووەتە پشت دەرگە و ڕاوەستاوە. دەنگی بە روونی نابیسێ. بەڵام دەزانێ پرسیاری کێیت و کێ نیتەکە دەکا. ئەم دیسان دەهری دەبێ. دەڵێ: ″ دەبیکەرەوە بەلای ناگەهان.. کاکتە.. خۆ دێو و درنج نییە!″. دەیکاتەوە و بەدەم کردنەوەکەوە، ئاورێکی ساتەوەختی بەلای ئەمدا دەداتەوە. تای دەرگە یەکالا دەبێتەوە. ئادەمییەك دێتە ئەمدیوییەوە. ئادەمییەکە کامەران نییە..″ نا.. بێگومان کامەران نییە!″. با هێشتاش ڕووی لەمەوە بە روونی نەبینرێ، بەڵام ئەو دیمەنە شڕوشەپرێوە قەت ناشێ هی ئەو بێ..″ ئەی گوایە کێ بێ؟ ئێستا وا وەرچەرخا و شادمان دەیداتە پێش خۆی. ئێستا رووناکییە گەشەکەی ڕووی روون نیشان دەدا و ئەم خورپەیەکی سەراسیمەیی دەدا لە هەناوی!.. جافرە.. خۆ جافرە!″.

بەر پەنجەرەکەی بەردا و قەڵەمبازدی دایە لای دەرگەکە. فڕکەی کردە ناو هەیوان و ئەمبازی بوو. واقوڕمان لە دیمەنەکەی، دەستووری پێشوازی لێکردنی پێ دواخست. باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. ئەقڵ دەیگرێ ئەو جافرە قۆز و پۆشتەوپەرداخ و پاکوتەمیزەی جاران بێ؟ ئەمەی ئێستا دەیبینێ، دیمەنی شێتێکی بەرەڵای کۆڵانانە و ڕەوە منداڵێکی چەتوون، وەك زەردەواڵە تێئالابن و لە حەژمەتدا، خۆی بەو ماڵەدا کردبێ. قژی بژ و ئالۆزە. ڕەنگوڕووی شێواو و هەڵبزرکاوە. چاوی زەق و پڕ لە ترس و سامی دڵەڕاوکێن. توێژاڵێك گڵ و خۆڵ، نیشتووەتە سەر تووکی سەر و مووی برۆ و برژانگ و سمێڵی. لێوی وشك و شەقار شەقارن. چۆغەی لەبەردا نییە و بە توێی تەنیا

کراس و شڕواڵە. شڕواڵ لە چەندان لاوە، تیلماسکی قەڵبەی پێدا شۆڕ بوونەتەوە. پشتێنی بە قەدەوە نەماوە. سەربارى هەمووش پێڵاوەکانی.. تاکێ قۆندەرە و تاکێ لاستیکن.

– با بچینە ژوورەوە.

شادمان بوو لەو گێژەنی واقوڕمانەی دەرکێشا. ئەوسا باوەشی پێدا کرد. ئەملا و ئەولای ماچ کرد و ویستی بە زاریش شتێ بڵێ. زمانی بۆ نەهاتە گۆ و تەنیا بەدەم باوەش پێداکردنەوەیەوە، بەرەو ناو ژووری کردەوە. بەڵام هەر هێندەی پێیان نایە ناو دەرگەوە، جافری بە باوەشەوە نەما و داڕمایە سەر زەوی. شادمان کە ئەو ساتە لە پشتییەوە بوو، قۆستییەوە و چووە بن باڵی. بە کێشی کردە ژوورترەوە و داینیشاند. پاڵی پێدا بە دیوارەوە و قاچی پێ ڕاکێشان. پێڵاو و گۆرەویی لەپێ داکەندن. بە هەردووکیان ویستیان بیخەنەوە سەر پێ، تا بیبەنە سەر قەرەوێڵەکە. هەریەکەیان دەستی دایە بن باڵێکی. لەگەڵ بەرزکردنەوەیدا هاواری لێ هەڵسا، وتی:

– وابزانم ئەو قۆڵەم شکاوە.

قۆڵەکەی لای شادمان بوو. دەستی لێ بەردا و لە ناوقەدی نەوی. گەیاندیانە سەر قەرەوێڵەکە و پاڵیان خست. هەر لەو ساتەدا کامەرانیش پێی لێ نابوونە ژوورەوە بە حەپەساوییەوە سەیری دەکردن. دوو کیسەی نایلۆن بەمدەست و بەودەستییەوە، وەك خۆی مت و بەملا و بەولایدا شۆڕ بوونەتەوە. دیاربوو یەکێکیان دەرمانەکە و ئەوی تریان میوەیە. ئەمان لەگەڵ بینینیدا خۆیان کەلا خست و هیچیان نەوت. تەنانەت ئەم ئەو هەموو گلەیییەی لەبیر نەما، کە بۆی لە دڵ گرتبوو لە عۆیەی درەنگ هاتنەوەکەیدا بە روویدا بدا. ئەو پێڵاوی داکەندن و لێیان هاتە بەرەوە. کیسەکانی هەر بە دەستەوە بوون. دەتوت ئاگای لەلایان نەماوە. شادمان لە دەستی وەرگرتن و لەلاوە دانان. ئەوسا چووە لای جافر و بە ژوور سەرییەوە ڕاوەستا قەدەرێ لێی ورد بووەوە. ئینجا دانیشتە سەر قەراغی قەرەوێڵەکە و دەستی خستە ناو دەستییەوە. بە دەنگێکی هێمنی لەسەرخۆ، بەڵام خەماوی لێی پرسی:

– چی قەوماوە؟ بۆ وات بەسەر هاتووە؟.

جافر تەنیا وتی:

– دوور و درێژە.. بۆتانی دەگێڕمەوە.

ئەم ئێستا کەوتووەتە پشت کامەرانەوە، بەڵام هێشتا لەگەڵ جافردا رووبەڕووە. دەیبینێ بەدەم قسەکەیەوە: (بۆتانی دەگێڕمەوە)، تیلەیەکی خێرا ئاراستەی ئەم دەکا.. بۆچی؟ دواتریش هەر بەیناوبەینێك، نیگای بۆ چرکە ساتێك بەسەر ڕووی ئەمەوە دەنیشێنێتەوە.. بۆچی؟ هەموو جاریش کە نیگایان ڕێکەوتی یەکتر دەکەن، ئەو بە فرکان کەلای دەخا.. بۆچی؟ تەنانەت کاتێ کامەران دەستی لێ بەردەدا تا بچێ، دایك و باوك و خوشك ئاگەدار بکا، ئەم لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە جێگەی دەگرێتەوە، هەست دەکا ئەو بەبێ ئاگا لەخۆ، ئەم هەڵدەگلۆفێ و بە دەمییەوە لێو دەکرۆژێ.. بۆچی؟ دەیەوێ لێی پرسێ و نایکا. پرسیارلێکردنی بەو حاڵەیە کاری کردە نییە. وازی لێ دێنێ بۆ کاتی ئاسایی.

داهاتنی کاتی ئاسایی زۆری نەخایاند. ئەوەی پێویست بوو بە گورجی بۆی کرا. پوورە عەتاو لە شێوەی فەرماندا وتی:

– با وەکو سوبحانی لێ بەسەر نەیەت.

وەکو ئەمی لێ بەسەر نەهات. تەشت و جام و سابوون و مەنجەڵێك ئاوی، شیلەتێنی بۆ هێنرایە ژوورەوە. سەروسەکوت و دەستوپل و قاچوقولی پێ شۆردران. دەستێ بێجامەی پاکی کامەرانی لەبەر کرا. قۆڵە ئازار پێگەیشتووەکەی بە جامانەیەکی مام فەتاح، هەڵپێچرا و کرایە ملی. پوور ژەمە خواردنێکی لە بابەتی ئەوەکەی ئەمی بۆ ڕازاندەوە. گوڵناز لەسەر سینییەك هێنای و لە بەردەمیدا داینا. بە دەستە ساغەکەی کە دەستی ڕاستی بوو، بە یاریدەی شادمان لێی مڕ بوو. دواجار لەسەر حەزی خۆی، جێگەیەکی لەبەر پەنجەرەکەدا بۆ ڕاخرا. لەگەڵ ڕاخستنیدا، لەسەری دانیشت و پاڵی دایەوە. پاڵدانەوەکەی پێ لەبار نەبوو. هەندێ جووڵە جووڵی کرد و شادمان بە هانایەوە چوو. پاڵپشتەکەی بۆ ڕێکتر خست و ئۆقرەی گرت. بەتایبەتی کە جگەرەیەکیشی بۆ ئاگر دا و بەکاووخۆ کەوتە مژلێدانی.

ئێستا ئەم چووەتەوە سەر قەرەوێڵەکە و چوارمەشقی دانیشتووە. ڕووەو جافر دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی و تێیی دەڕوانێ. چاوەڕوانە دەم هەڵبێنێتەوە و بدوێ. لە قووڵاییی ناخەوە دەزانێ کە هەواڵی خۆشی لێ نابیسێ. بەڵام ناچارە قایل بێ بە بیستنی هەر هەواڵێك. سەرنجێکی خێرایی بەوانی تریشدا گێڕا. هەموو بیناییان ئاراستەی دەمی جافرە.

هەموو کشومات لە چاوەڕوانیدان بدوێ و بیگێڕێتەوە . ئا.. ئەویش ئەوەتا پێ دەزانێ. بە لاچاو سەیرێکیان دەکا. مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدا و دووکەڵەکەی، لە نێوان لێوانییەوە، بەرەو ژوورسەری بەردەداتەوە. ئینجا وەك هەقایەتێکی گوێئاگردانی ئەفسانەیی بگێڕێتەوە، دەدوێ و دەڵێ:

## ٦

دوێنێ بەیانی کە لە خەو هەڵسام، هیچ شتێك لە کایەدا نەبوو.. هیچ.. هەر هیچ.. نە نیشانەیەك.. نە دەنگ و سەدا و جووڵەیەك، چ لە نزیك و چ لە دوور. لەسەر بڕیاری شەوێم، ملی ڕێی (کانیی وەلی)م گرتەبەر. (حاجی سوبحان)م ئاوەدان و ئارام و ئاسوودە جێ هێشت. چێشتەنگاوێکی درەنگ گەیشتمە جێ. مامە قادرم ئەو پێنجسەد دینارەی بۆ ئامادە کردبووم، کە بەڵێن بوو بە قەرز بمداتێ. لێم وەرگرت و ویستم بگەڕێمەوە. نەیانهێشت و بۆ نانی نیوەڕۆ گلیان دامەوە. دوای نانخواردن کەوتمە ڕێ، دەمە دەمی عەسر بوو کە هەوراز بە (تاشان)دا سەرکەوتم. بەڵام هێشتا بە بنارەوە بووم کە چەرە دووکەڵێکی خەستم بینی، لە دیوی حاجی سوبحانەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا!. ماوەیەك ڕاوەستام و لە دیمەنەکە ڕامام. چەندە سەرم دەهێنا و دەبرد، ئەنجامێکم دەستگیر نەدەبوو. دەبێ ئەوە چەرە دووکەڵی چ جۆرە ئاگرێ بێ؟ پووش و پەڵاش و قامیشەڵان؟ ڕەز و باخ و دار و درەخت؟ خانوویەك و بگرە دووان و سیان؟ چەرەدووکەڵە هێندە بەرین و خەست و چڕبوو، کە لە هی ئەوانە هەموو بەولاترەوە بوو. ترسی کارەساتێکی نادیار لە دڵمدا هەڵتۆقی. تەکانم دایە بەرخۆم و بەفڕکان بە تاشاندا کەوتمە سەرکەوتن. کاتێ ئاواییم لێ دەرکەوت، خۆم بە پێوە بۆ ڕاگیر نەکرا و دارمامە سەرچۆك. خانوو بە خانووی دەسووتا و کڵپەی بە ئاسماندا شاڵاوی دەبرد. ئاگر پڕ بەپڕی پانتاییی حاجی سوبحان بوو. لەمسەر بۆ ئەوسەری.. لە ژوور بۆ ژێری.. ماڵبوێری نەکردبوو. بۆچی و چۆن لە پای چی؟ زەفەرم پێ نەدەبرد. هیچ وەڵامێکم دەسگیر نەدەبوو. وازم لە ئاگر هێنا و چاوم بۆ خەڵکەکە گێڕا. وتم: خۆ دەبێ هەڵاتبنە دەرەوەی گوند. هەڵسامە سەرپێ و وەك شێت و شەیدایەك، لە بنارەکانەوە تا بەرزترین لووتکەکانی دەوروبەرم تەی کرد. کەچی کەس.. هەر هیچ کەسم بەدی نەکرد. نە ژنێ.. نە پیاوێ.. نە منداڵێ.. نە پیرێ.. نە لاوێ.. هیچ.. هەر هیچ. دەی باشە ئەی ئاژەڵ و مەڕوماڵات؟ ئەی بەرخێ، کارێ، گوێلکێ؟ ئەی سەگێ، پشیلەیە؟ ئەی تەنانەت

باڵندەیەکیش؟ هیچ.. هەر هیچ.. تەنیا حاجی سوبحانێکی گڕتێبەربووی بێ خەڵك و بێ مەڕومالآت و بێ گیان و گیانلەبەر. بۆچی و چۆن و لە پای چی؟ بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە و هەڵم دەڕوانی. بە عەزرەتی بینینی ترووسکەی نیشانەیەکەوە کە شتێکم لێ حاڵی بکا، هەر دەخولام و دەخولامەوە و ئاسنی ساردم دەکوتا. لەو ساتانەدا دەبوو شێت بوومایە و نازانم بۆچی نەبووم؟ دەبوو مێشکم بتەقیایە و نازانم چۆن نەتەقی؟.

چەندم تاووتوێ کرد و لێکم دایەوە.. چەندم هێنا و برد و وردم کردەوە، نەمدەزانی چی بکەم؟... چۆن بچمە بنجوبناوانی ئەو تەلیسمەوە؟. هەر چاوم دەگێڕا.. لە یەکبینا هەڵم دەڕوانی و ورد دەبوومەوە. سەرنجێك بۆ ناو گوند و یەکێك بۆ ئەمبەر و ئەوبەر. بۆ ناو باخ و ڕەزەکان.. بنار و قەدپاڵ و ترۆپکی چیاکان. چاوێکیشم هەر لەلای ملە بوو. دەموت: مەگەر تروسکاییەکەم لەوێوە لێ دیاری بدا. یەکێ بێت.. یەکێ بڕوا. بێ سوود بوو. ملەش دەتوت قەتوقەت، نە کەسێکی پێدا بەمدیودا هاتووە.. نە پێیدا بەودیودا چووە.

دەمویست شۆڕ ببمەوە بۆ ناو دێ و زاتم نەدەکرد. سامێکی وەهام لێ نیشتبوو کە دەموت: ڕەنگە جۆرە دێو و درنجێك کە بە چاو نابینرێن، لەو دەوروبەرە، خۆیان مەڵاس دابێ. خۆ من زەلامی باوەڕکردن بەو شتانە نیم، بەڵام دیمەنەکە زارەترەکی کردبووم. گوندێکی پێنج شەش سەعات لەوەبەر، چۆنم بەجێ هێشت و ئێستا چۆنی دەبینمەوە. هەر ئەو ترس و سامە جووڵاندمی. قەدپاڵە و قەدپاڵ بە ماتەماتە، خۆم گەیاندە ناو تاشە بەردەکانی سەروو ملە. لەوێوە سەرەتاتکێیەکم کردە دیوی پێدەشت. لە دوو سێ چەڕەدووکەڵ بەولاوە، کە لە دوور بە ئاسماندا لوولیان دەخوارد، هیچی ترم نەبینی. تەلیسمەکەم لەلا ئاڵۆزتر بوو. روانیمە حاجی سوبحان. گڕی بە کڵپەی روو لە کزبوون بوو. ویستم بۆی شۆڕ ببمەوە. هەستی زارەترەکبوونەکەم لێ ڕەویبووەوە. سامی دێو و درنجە نەبینراوەکانم لە دڵدا نەمابوو. بەڵام دوای چەند هەنگاوێك وتم: "نەء.. تا ڕۆژ بە بەرییەوە ماوە، با بچمە کانیی وەلی و ئاگەداریان بکەم". ئیتر نەگەڕامەوە لای تاشان. لە لاڕێوە باڵم بەخۆم گرت. شاخە و شاخ و دۆڵا و دۆڵ خۆم گەیاندێ. بەڵام چی ببینم؟ کتومت بە دەردی حاجی سوبحان برابوو.. گوند سەرپاکی نێڵەنێڵ دەسووتێ و گیانلەبەرێکیشی لێ نەماوە. هێز لە ئەژنۆمدا نەما. داڕمامە سەر زەوی و پاڵم بە قەدی درەختێکەوە دا. کەللەی سەرم درنگەی لێوە دەهات. بیر و هۆشم لە کار کەوتن. سەراسیمە بووم. نەمدەزانی چۆن تێ بگەم. نەمدەزانی چی بکەم.. چی.. چی؟

ماوەیەکی زۆر بە قەدی درەختەکەوە داکوترام. پرسیاری (چی بکەم)ەکە مێشکمی دەکرۆشت. هێندە بۆ وەڵام دەستەوسان بووم کە لە خۆم دەبێزرام پشتی سەرم بە قەدی درەختەکەدا دەکێشا. بزربوونی گیانلەبەرەکانی ئێرەش بە دەستووری ئەولا، سەرمی دەئاوساند و وڕوکاسی دەکردم. بگرە لە حاڵەتە تەلیسماوییەکەی لەمەڕ ئەولای دەگلاندمەوە. "ئاخر باشە ئەرز قوتی دان. ئاسمان هەڵی لووشین.. یا چی؟". بە بیرمدا هات سەرکەومەوە سەر چیا.. سەر بەرزترین لووتکە و لەوێوە هەڵڕوانم، بەڵکو شتێك ببینم. ئەو کاتە خۆر هێشتا ڕمێك سەروو ئاسۆ بوو. ئەوەم هێندە پێ باش بوو کە ئانوسات، ڕاپەڕیمە سەرپێ و باڵم بە خۆم گرتەوە. نەمهێشت خۆر بە ئاسۆدا داخزێ و من بەسەر لووتکەی (قووچەك)ەوە بووم. هەردوو پێدەشتم وەك بەری دەستم دەکەوتنە بەرچاو. لە پاشماوەی دووکەڵی گوندی سووتاو بەولاوە، هیچی ترم نەدەبینی.. هیچ.. هەر هیچ!. ئینجا بەڕاستی ترسی ئەوەم لێ نیشت، کە هەرچی گیانلەبەرێك لە سەرانسەری ئەو ناوچانەدا هەبووبن، دەبێ ئەرز قووتی دابن یا ئاسمان هەڵی لووشیبن. وتیشم: "ئەی بۆچی بە تەنیا من ماوم؟". لە خۆم کەوتمە گومانەوە، وتم: " کێ دەڵێ ئەمە هەمووی خەونێکی مۆتەکاوی نییە؟ کێ دەڵێ من هێشتا لە ماڵەوە لەناو جێگەدا نیم؟". خەریك بوو باوەڕ بکەم. چەند جارێك چاوم هەڵگلۆفتن و زەقم کردنەوە. دوا جار گاڵتەم پێ هات و تەریق بوومەوە. دانیشتمە پاڵ گاشە بەردێك و قاچم ڕاکێشا. دیسان (چی بکەم)ەکە یەخەگیری مێشکم بووەوە. تاك و تەنیا و بێ دەسەڵات، لەو چیا و چۆڵەدا گیرۆدەی تەلیسمێکم. خۆر قەدەرێکە ئاودیوی ئاسۆ بووە. دنیا بەرەو تاریکبوون دەچێ. بەڵام لەتە مانگێك بە دەستی لای خۆرەلاتمەوە بە تەختی ئاسمانەوەیە. سەیری دەکەم و هیچ هیوایەکم پێ نادا. لە لەتە دەورییە فافۆنێك بەولاوە نییە.

دڵم وای پێ وتم کە ئیتر تاقیبکردن بەو شەوە، ئاسنی سادر کوتانە و چاکتر وایە، وازی لێ بێنم بۆ بەیانی. وام کرد و لامدایە ئەشکەوتی (کونە کومتیار) کە زۆر لێمەوە دوور نەبوو. ئاگر بکەمەوە یا نا؟.. نا.. نەیکەمەوە باشە. دێو و درنجەکانم لێ ئاگەدار دەکا. بەڵام سەعاتێك و دووان سەرما کەنەفتی کردم. بڕیارم دا چیلکە و چەوێڵم کۆکردەوە. مشووری ئەوەشم خوارد کە نەبینرێ. ئاگرەکەم لە بنەوەدا کردەوە و سووکە ئاگرێکیش کە لەبەری دانیشتم و گەرمم بکاتەوە. پاکەتم دەرهێنا و جگەرەیەکم داگیرساند. دڵم بە ئەشکەوت و ئاگرەکەم خۆش بوو. لەوەدابووم کەمێك چ بە مێشك و

چ بە لەش، بحەوێمەوە و ئۆقرە بگرم. کەچی هێشتا نەفەسم لە جگەرەکەم نەدابوو کە زرمەم لێ هەڵسێنرا. پازدە بیست هەنگاوێك دوور لە دەمی ئەشکەوت، دای بە زەویدا و سەرو ژێرمی راتەکاند. خێرا بە هەردوو مشت، خۆڵم فرێدایە سەر ئاگرەکە و کوژانمەوە. خۆم خزاندە بنەوەی ئەشکەوت. دوو گوللەتۆپی تریشیان سرەواندە دەوروبەر. ئیتر کە ماوەی جگەرەکێشانێك چاوەڕێم کرد و هیچی تریان بەدوادا نەهات، دەرپەڕیمە دەرەوە و ئەشکەوت و قووچەکم جێ هێشت. دەگەڕامە خوارەوە بۆ ناو دۆڵ. دەتوت بە ناو دیوارێکدا شۆڕ دەبمەوە. بووبوومە مەیموونێك و دەوەنا و دەوەن و درەختا و درەخت دادەبەزیم. بە درێژاییی ئەو ماوەیە، دوو ترس هەراسانی دەکردم: گلان و ئەستۆ وردبوون.. تووشهاتنی دڕندەیەك کە لە چەقۆیەکی یایلیم بەولاوە پێ نییە، خۆمی پێ بپارێزم.

بەدەم ئەو دوو ترسەوە بە پرتاو دادەخزامە خوارەوە، کاتێ لە ناکاو گریانی ساوایەکم هاتە بەرگوێ. سەرەتا باوەڕم نەکرد و بە گومان بووم. بە لقی دەوەنێکەوە خۆم گیرساندەوە و مت بووم. ئا.. وایە.. گریانی ساوایەك و غەڵبەغەڵبی خەڵکانێکیش کە ڕادەبوورن. وتم: هەبێ و نەبێ هەڵاتووی گوندێکی سووتێنراون و شتێکیان لێ حاڵی دەبم. بە پەلەپرووزێ داگەڕامە خوارەوە و خۆم لێ ئاشکرا کردن. وایان زانی پێشمەرگەم و لە دەورم گردبوونەوە. دیاربوو کە لە چنگی مردن هەڵاتوون و زارەترەکن. دەیانپرسی کە ئاخۆ چی بکەن باشە و ڕوو لە کوێ بکەن. کە تێگەیشتن منیش وەك ئەوان سەرگەردان و ڕەنجەڕۆم، بەرودوا لێم جیابوونەوە و ملی ڕێیان گرتەوە بەر.

مامەوە خۆم و لێکدانەوەی خۆم. بیرم بۆ جگەرەکەی ناو ئەشکەوتەکە چووەوە کە نەیانهێشت لێی تێر نەفەس ببم. لامدایە سەر تاشە بەردێك و دانیشتم. جگەرەیەکم لە بریی ئەوەکەی ئەوێ ئاگردا و بەبێ خەم دەستم کردە مژلێدانی. لەتە مانگەکە هێشتا ڕووناکیی، بە ترۆپکی چیاکەی پشتم دەدا. ترۆپکیش تروسکاییەکی کاڵی لێ دەدا بەناو دۆڵ. تارماییی خەڵکەکەی نیشان دەدام کە بە ڕێچکە بەرەو خوار دەبوونەوە. ئەو دیمەنە لە پڕێکدا پرسیارێکی لێ وروژاندم: کێ دەڵێ خەڵکەکەی حاجی سوبحان و کانیی وەلیش وەك ئەمان پەرەوازەی ناو دۆڵ و نشێوان نەبوون و من باش بۆیان نەگەڕاوم؟ من دەبوو بیرم بۆ پێچ و پەناکانی (توونتوونە) و ئەشکەوتەکانی بچوایە، کە بۆ خۆ حەشاردانی خەڵکی حاجی سوبحان باشترین شوێنە؟ کێ دەڵێ ئێستا هەموو

لەوێ نین؟ وەك دەق لە دڵم گەڕابێ کە ئەوەتا هەموو لەوێ مۆڵن، لە تاشە بەرد دابەزیم و بە گوڕ و تینی کەسێکەوە کە کۆك حەوابێتەوە، هەیپێم لێ کرد. وتیشم: هەروا دۆڵاو دۆڵ دەیکوتم و بەلای کانیی وەلیدا ڕەت دەبمەوە. تا لەوێش دڵنیا ببمەوە. ئەو هیوایە هێندە تین و توانای بە بەردا هێنابوومەوە کە زۆری پێ نەچوو، بە کاروانەکەی پێش خۆم گەیشتمەوە و لێیان ڕەت بووم. زۆر دوور نەکەوتمەوە و بەسەر کاروانێکی تردا کەوتم کە بۆ حەوانەوە لایان دابوو. ئەوانیش بیست کەسێك دەبوون لە ژن و منداڵ و پیاو. لەگەڵ ئەوانیشدا پرسیار و وەڵام و هیچ سوودێکمان بۆ یەکتر نەبوو. جێم هێشتن و ملم پێوەنا. پێچاوپێچی دۆڵم کۆتایی پێ هێنا و کانیی وەلیم لێ دەرکەوتەوە. لەتە مانگەکە ئەگەرچی ڕۆچووبووە سەر کەناری ئاسۆ، بەڵام هێشتا خلیچکە ڕووناکییەکی دەدا. لە نێوانییەوە تارماییی کەسانێکم دەبینی، بەناو دار و پەردووی گوندا ئەملا و ئەولایان دەکرد. نزیکترینیان لێمەوە نەڕاندی: کێی زەلام و گوللەیەکیش بە ژوور سەرمدا گیڤەی کرد. ترسی ئەوەم نەبوو دوژمن بن. دوژمن بەم نیوەشەوە لەو ناو دار و پەردووەدا چی دەکا. هاوارم کرد "خۆمانین. چەکدار نیم.. تکایە تەقە مەکە". چوومە بەرەوە و لە یەکتری ئاشکرابووین. چوار پێشمەرگە بوون و یەکێکیان خەڵکی ئەوێ بوو. یەکترمان ناسییەوە. من بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش باسیان کرد کە نیوەڕۆکەی، تووشی شەڕێکی قورس بوون و لە ئەنجامیدا، لە برادەرەکانی تریان دابڕاون. بۆ جگەرەکێشانێك لە گەڵیاندا مامەوە و ئیتر جێم هێشتن.

ئەو کاتەی کەوتمە ڕێ، تۆزە ڕۆشنایییە خاوەکەی لەتە مانگەکەش نەمابوو. تەنیا ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان، کپ و تروسکاییەکیان دەدا و ئیتر دەبوو، پشت بە شارەزاییم ببەستم و ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر (تاشان)دا بگرمە بەر. کە گەیشتمە سەرەوە لە پەلوپۆ کەوتبووم. لەسەر گازی پشت ڕاکشام و جووڵەم لەبەر بڕا. ماوەیەك مت بووم. کەوتمە بەر حاڵەتێکی تێکەڵ لە سڕبوونی ماندوویێتی و خەوبردنەوەوە. خەریك بوو زەفەرم پێ ببا و خەپم بکا. بەڵام وەك پەلەقاژەی لادانی تاشەبەردێك لەسەر سنگم بکەم، ئاوەها خۆم ڕاپسکاند و ڕاچەنیمە سەرپێ. جەستەم بە کێش کرد و ئەم جارە بێ سڵەمینەوە، شۆڕبوومەوە بۆ ناو گوند کە ئەو وەختە گڵۆکۆی دامردبووەوە. بەڵام بۆنسۆیەکی تیژ، هەردوو کونەلووتمی دەچووزاندەوە و کاسی دەکردم. تەنانەت قنچکەکانی هەردوو چاویشم، دەستیان کردە برژاندنەوە و فرمێسك ڕشتن.

نەچوومە ناو دار و پەردووەکانەوە.. زاتم نەدەکرد بچم، یا دڵم بەرایی نەدەدا.

نازانم!. قەراغەوقەراغ ڕۆیشتم و یەکەم گیانداری سەر بە حاجی سوبحانم دییەوە. دەتوت بەتایبەتی لەوێدا، لە سەعاتەها لەوەبەرەوە لە چاوەڕوانمدا بووە. (هەتەر) بوو.. هەتەرەکەی لەمەڕ خۆم و هێشتا سی چل هەنگاوم مابوو، بگەمە ئاستی ماڵی خۆمان و یەکەم مرەییم هاتە بەرگوێ. مرەیەك و دووانی تر و کردی بە قرووسکە بەرەو ڕووم هات و (هەتەر)ی لە بەردەممدا قوت کردەوە. وەك هەستی کردبێ کە دوای ئەو بەسەرهاتەی بە چاوانی خۆی بینیبووی، ئاسان نییە بەبێ پارێز باوەڕ بکا کە من منەکەی جارانی ئەوم، دوو سێ شەقاو دوور لێمەوە ڕاوەستا. بە نەزمێکی تایبەتی بۆ نواندنی ملکەچیی خۆی و دڵنیابوون لە هەڵوێستی من، پەیتا پەیتا سەروقەپۆزی نەوی و بڵند دەکرد.. دەست و قاچی دەهێنانە پێش و دەیبردنەوە دواوە. کلکی وەك پەڕەکەی پانکە دەخولاندەوە. ئینجا کاتێ من دانیشتمە سەر چیچکان و باوەشم بۆ گرتەوە، ئەوسا قەڵەمبازدی دایە باوەشمەوە و سەری لە سنگ و ملم لادەدا. خۆی لە باوەشم دەرکێشا. بەسەری کز و کلکی شۆڕەوە، دوو سێ هەنگاو ڕووەو لای ماڵی خۆمان دوور دەکەوتەوە. وەك بیەوێ سکاڵا بۆ لای خوا بەرێ، سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و قرووسکەیەکی دەکرد. ئینجا وردەچەرخا و بەدەم نووزانەوەکەیەوە، دەهاتەوە باوەشم و سەری بە سنگ و لاملمەوە دەنووساندەوە.

سەردانەکەم بۆ لای گوند، بۆ لە نزیکەوە بینینی بوو. پێم نەنایە ناو خۆڵەمێش و دار و پەردوویەوە. قەراغەوقەراغ بە لایدا ڕەت بووم و هەتەر بە تەنیشتمەوە. بە بست لێم دوور نەدەکەوتەوە. دەتوت دەترسێ لێی دابڕێم. گوندم جێ هێشت و داکشام بۆ سەر چەم. لە چەم پەڕیمەوە و دەبوو ڕێگە کورت بکەمەوە. لە لاڕێوە بە چیادا هەڵزنام. ڕێگەی بنارە و بناری سێ سەعاتیم بە سەعاتێك بڕاندەوە. کە گەیشتمە بەرەوە شاگەشکە بووم. دەنگەدەنگێکم هاتە بەرگوێ و وتم: ئەوەتا.. ئەوانن. گومانم نەبوو کە دەبێ ئەوان بن. بە هەڵەداوان خۆم گەیاندنێ. کەچی دوای ئەو هەموو هیوا و ئاواتە.. ئەو هەموو خۆڕەتاندن و ماندووبوونە، مایەپووچ دەرچووم!. چوار پێنج خێزانێکی خەڵکی ئاوایی (دەرەدوو) بوون. سێ کەسیان بریندار بوون و یەکێکیان حاڵی شڕ بوو. وتیان بە فڕۆکە بۆمباران کراوین. دیسان لە من پرسیار و لەوان پرسیار و هیچمان بۆ یەکتر پێ نەبوو داد بدا. جێم هێشتن و چۆن چوو بووم، وەها گەڕامەوە حاجی سوبحان و هەتەریش لەگەڵمدا. ماندوویێتی خەریك بوو لە پەلوپۆی دەخستم. لە کەنارێکدا دانیشتم و پاڵم دایەوە. ئێستا چی بکەم باشە؟ وەڵامم دەسگیر نەدەبوو. کەوتمەوە

وەنەوزدان و زانیم، ئەگەر جڵەو شل بکەم خەو دەمباتەوە. دەبوو نەیەڵم و ڕاپەڕیمەوە سەرپێ. بەرەو ملە هەڵکشام و وەك لە ناخدا نیازم وابووبێ بارگە لەوێ بخەم، قەدەرێ ڕاوەستام. بەڵام نەم کرد و بەرەو ژوورتر هەڵکشام. بەرەو ژوورتر بردمی و دیسان لەسەر (قووچەك) گیرساندمییەوە. لەوێ لە مەرامی حەشاردراوی هۆشم حاڵی بووم: ئا.. هاتووم کەمێ بخەوم و بحەوێمەوە. بەیانییەکەشی بتوانم بەمدیو و بەودیو هەڵبڕوانمەوە. ئینجا تا لە چاڵاییی ژێر تاشێکدا دانەنیشتم و هەتەر خۆی نەخزاندە پاڵمەوە، بە ئاگا نەهاتمەوە کە هێشتا لە گەڵمدایە.

خەو و سەرما وەك دوو بەرداش کەوتنە هاڕینم. ئەویان وەنەوزی تێ بەردەدام و ئەمیان کەڵبەی تێ دەچەقاندم. هانام بردە بەر هەتەر و گرتمە باوەشم. ئەویش وەك سوور بزانێ بۆ چ مەبەستێکمە، خۆی بە سنگ و بەرۆکمەوە نووساند. بەڵام دادی نەدام و ئۆقرەم لەبەر بڕا. بڕیارم دا پەنا بەرمەوە بەر ئەشکەوت. هیچ نەبێ لەوێ، لەو کزەبا سەڕسەڕە ڕزگارم دەبێ، کە لەشم تا سەر ئێسقان دەتەزێنێ. چووم و هەتەر لە دووریی دوو سێ هەنگاوەوە، دەستی کردە مڕە مڕ. من سەرما وەها کەسیرەی کردبووم، کە باش لێی بە ئاگا نەبووم و پێم تێ نا. کەچی ڕووبەڕووی مڕەیەکی تۆقێنەر و دوو چاوی ئاگرین بوومەوە. ئانوسات و لە یەك کاتدا، من دەرپەڕیمە دەرەوە و هەتەر چووە بەر مەیدانی جەنگی. سەرەتا وەك بیەوێ لە بەرامبەرەکەی تێ بگا چ جۆرێکە، تەنیا لە بەردەمی ئەشکەوتەوە لێی کردە گاڵە. تا لە ناکاوێکدا هەڵمەتی بۆ برد و دەری پەڕاندە دەرەوە. من ئێستا و ئەوسا نەمزانی چ دەعبایەك بوو. وەك تێسکەی تفەنگ دەرپەڕی و لە چاوترووکانێکدا ون بوو. هەتەریش دەتوت بەرنامەیەکی داڕێژراو بەجێ دێنێ. دوای نەکەوت و لە سێ چوار جار وەڕینیشی زیاتر بە دوادا هەڵنەدا. هێمن و لەسەرخۆ کشایەوە و بەرامبەرم، لە چاوەڕوانی فەرماندا ڕاوەستا. من لە خۆشییاندا دانەویمەوە، بە باوەش هەڵم گرت و بردمە ژوورەوە. لە قوڕنەیەکەوە دانیشتم و ئەویش لە باوەشدا هێشتەوە. هێندەی لێ ڕازی بووم کە دەستم کردە ماچکردنی سەروپۆتەڵاکی. ئەویش لە پاداشتدا پەیتا پەیتا، لمووز و سەری زمانی لەژێر چەنە و لامل و ڕوومەتم هەڵدەسوو. من لەو ساتە بەدواوە تەنیا هێندەم ئاگا لە خۆ بوو، کە هەردووکمان وازمان لە ماچکردن و لستنەوەی یەکتر هێناوە. هەردووکمان وەك پێکەوە بچینە باوەشی شیرین خەوێکەوە، خامۆش خامۆش دەبین و هۆشمان بەسەر دنیاوە نامێنێ.

لە ڕاتەکاندنی خێرا خێرای قۆڵم، لە خەو بە ئاگا هاتم. هەتەر بوو قەپی پێدا کردبوو

بە حیرسەوە ڕای دەوەشاند. لەگەڵ چاوکردنەوەمدا، سووکە حەپەحەپێکی لەسەر نەزمی (هەستە.. هەستە)ی بە ڕوو دادام. کە پەلوپۆم جووڵاندو قوت بوومەوە، لای منی جێ هێشت و چووە دەرەوە. لەگەڵیدا قرمە و گیزەی فیشەك و گرموهووڕی تەقینەوەم بەچەشنێك بیست، دەتوت لە ناوجەرگەی شەڕێکی بێ ئاماندام. ڕاچەنیمە سەرپێ و دەرپەڕیمە دەرەوە. پێشتر وام مەزەنە کردبوو کە دەبێ کات بەرەبەیان بێ. بەڵام سەیرم کرد نەخێر چێشتەنگاوە. گیڤەی ڕێژنە گوللەیەك کە لە نزیکمەوە بە ئاسماندا تێسکەی کرد، خزاندمییە ناو ئەشکەوت. هەتەریشم بانگ کردەوە ژوورەوە. نەدەهات و بە تووڕەبوون ناچارم کرد. ڕاوەستام و سەراسیمە بیرم دەکردەوە کە چی بکەم باشە. تاقوتۆق و گرمە و ناڵەی شەڕەکە، لە دەرەوە بەردەوام بوو. نەمدەزانی چ بڕیارێك بدەم.. چاوەڕێ بکەم، یا دەرفرتێمە دەرەوە تێ تەقێنم؟. بەم نیازەیان سەرم کێشایە دەرەوە و پێشمەرگەیەکم بینی، بریندارێکی بە کۆڵەوە بوو بەرەو لای من دەهات، کە هەستی بە من کرد، سڵەمییەوە و ڕاوەستا. وای بۆ چووم دەیەوێ بریندارەکە دابنێ و ئامادەی تەقەکردن بێ. خێرا خۆم دەرخست و وتم: ″ دوژمن نیم دۆستم.. بیهێنە ئێرە″. ترسی نەما و هێنای. وەك هێشتا بەگومان بێ، سووڕێکی خوارد و ورد بووەوە. ئینجا پێی نایە ناو ئەشکەوت و بریندارەکەی دانایە سەر زەوی. کوڕێکی جوانکیلەی منداڵکار بوو. تازە سمێڵی بۆر کردبوو. هەرچەندە ڕەنگوڕووی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام وەك هەست بەهیچ ئازارێك نەکا، چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە و دزە بزەیەکیشی بە لێوەوە بوو. من بەو دیمەنەیدا، وای بۆ چووم کە دەبێ برینەکەی سووك بێ. کەچی نەء.. کە هاوەڵەکەی بەسەری کردەوە، بۆم دەرکەوت سەختە.. لە سنگی درابوو. تۆپەڵێ لۆکە و شاشیان نابووە سەر و بە جامانەکەی بەستبوویان.

هاوەڵەکەی لە تەمەندا زۆر هەڵکشاوتر نەبوو. جیاوازییان تەنیا هێندە بوو کە سمێڵی تەواو ڕەش کردبوو. ئەو سووکە جیاوازییەی تەمەنیان نەبووایە، دەموت جمکن. بەڵام جمك نەبوون و جووتبرا بوون. ئەم کاك و ئەو برا بچووك. ئەم پەیتا پەیتا ماچی دەکرد و ئاسۆ گیان ئاسۆ گیانی بوو. ئەویش بۆ دڵنیاکردنی هەموو جار دەیوت: بەڵێ کاکە!. وەك هێشتا تەواو لە من دڵنیا نەبووبێ، سەرنجێکی تری بە ئەشکەوتەکەدا گێڕا و بە نیمچە گومانێکیشەوە لێی پرسیم: ″ تۆ کێیت؟ بۆچی لێرەیت؟ کە بە خێرایی و زۆر بە کورتی بۆم گێڕایەوە، هیچ گومانێکی لە دڵدا نەما. ئاسۆی لەلای من جێ هێشت و بە دەم فڕکەی لە ئەشکەوت دەرچوونییەوە وتی: ″ئێستا دێمەوە″. ئەگەر چی تاقوتۆق

و گرمە و ناڵەی شەڕ توندوتیژتر بووبوو. بەڵام من حیسابم لەگەڵ دەرفرتان لە ئەشکەوت و تێ تەقاندندا نەمابوو. برینداریکم لە ئەستۆیە و دەبێ، تا کاکی دێتەوە بە دیاریەوە بم. کاك وەك بەو ناو ئاگربارانەدا باڵی گرتبێ، زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە و پێشمەرگەیەك لەگەڵیدا. پێشمەرگەکە هەرچەندە لەوان بە قەڵافەت و شان و باهووتر بوو، بەڵام بە تەمەنتر نەبوو، ئەو پەڕەکەی بە سمێڵە قەترانییەکەیدا شانی لە شانی کاکی ئاسۆ دەدا.

ئاسۆمان بە شێنەیی هەڵگرت و دامان بە کۆڵی کاکیدا. کاك وتی: ناوی جەنابتم نەزانی. وتم: جافر. وتی : کاکە جافر.. من ئازادم و ئەمیش نەبەز.. بڕیار وایە تا دەتوانین لێرەی دوور بخەینەوە.. تکایە چاوساغیمان بکە. پێشیان کەوتم و ئەوان بە دوامدا. بە نیاز بووم شانە و شان بیانگەینمە سەر (تاشان) و لەوێوە، دایان گەڕێنمە دیوی کانیی وەلی. پێش گەیشتنمان سێ جار پشوویان دا. هەم حاڵی ئاسۆیان بەسەر دەکردەوە هەم هەڵگرتنیشیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. من جار لە دوای جار، هەستم دەکرد ڕوو لە خراپییە. هەناسەی بۆ نەدەدرا و دەنگی دەرنەدەهات. وەك خەو بیباتەوە، پێڵووەکانی دەنیشتنە سەر یەکتر و بەزەحمەت لێکی دەکردنەوە. کە گەیشتین لاماندایە ژێر داربەڕووەکەی (کوڵنکە). وتم: لێرە کەمێ بحەوێنەوە و با ئاسۆش پشوویەك بدا. بەڵام ئاسۆ حاڵی شڕ بوو. ئازاد و نەبەز کە دوایی زانیم ئەویش، هاوڕێیەکی گیانیبەگیانی منداڵییانە، بەملا و بەولایەوە بە ژوور سەرییەوە دانیشتن. کاك دیسان دەستی کردەوە ماچکردنی و وتی: ترست نەبێ.. ئاسۆ گیان ترست نەبێ.. ڕزگارت دەکەین.. ئەو کە دەتوت دەنگی لە بنی بیرێکەوە دێتە دەرێ وتی: ناترسم کاکە.. ناترسم.. بەلام دەزانم دەمرم.

کاك خۆی پێ نەگیرا. سەری لێ دوور خستەوە و نایە ناو هەردوو لەپییەوە بە کپی گریا. نەبەز سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە و فرمێسکی داباراند.. منیش سەرباری هەژبەسەری و دەردی گرانی خۆم، قوڵپی گریان بەربین و فرمێسکی قەتیس بەری بینایی لێ تەنیم. ئێمە هەرسێکمان لەو حاڵی جەخارنۆشییەدا بووین، کە دەنگیمان هاتەوە بەرگوێ!. دەنگەکە قەت نەتدەوت دەنگی مرۆڤێکە، لە ئانوساتدابێ گیان بسپێرێ. یەکەم جار زولاڵانە وتی: کاکە.. کە کاك سەری نایەوە بە سەرییەوە و نەبەزیش قوت بووەوە لێی چووە پێشەوە، ئەوسا وتی: کاکە.. نەبەز.. تکاتان لێ دەکەم.. لە شوێنێکدا بمشارنەوە کە بتوانن.. ڕۆژێك لە ڕۆژان بمگوێزنەوە بۆ گردی شەهیدان لە

سەیوان. کاك بەو قسەیە شێتگیر بوو. تەنانەت بە جۆرە دڵڕەقییەکەوە. سەری بەرز کردەوە و لە ئامێزی گرت. بەدەنگێکی گڕی ڕقاویی خنکاوەوە، وەك هەڕەشە لە هێزێکی نادیاردا بکا وتی: نا ئاسۆ نا.. نامریت نا.. نابێ بمریت نا!. زۆری نەبرد کاك، وەك هەستی بە دوا خامۆشبوونی سەری ئاسۆی لە باوەشیدا کردبێ، لە سنگی هەڵپچڕی و تێی ڕوانی. سەرنجێکی پڕ لە جەخاری لە نێوان من و نەبەزدا هێنا و برد. ڕوانییەوە ڕووی ئاسۆ تاس بردییەوە. نەبەز چوو گوێی بە سنگییەوە نا. کە سەری هەڵبڕییەوە، ڕوانییە، من و دایە پڕمەی گریان و کاکیش لەگەڵیدا. ئینجا من بە قورگی پڕ لە گریانەوە، چووم سەریم لە باوەشی کاك دەرکێشا. ڕام کشاندە سەر زەوی و منیش بە دیارییەوە دانیشتم. ماوەیەك سێ قۆڵی لەسەر ئەو بارە ماینەوە. ئەوان وڕوکاسی کۆستەکە بووبوون. من بەخۆ کەوتم و وتم: دەبێ مشووری شاردنەوەی بخۆین. کاك هەر نەبزوا. نەبەز وتی: کوێ باشە؟. وتم: هەر ئێرە.. ژێر ئەو داربەڕووە. ئەو هەڵسا و چاوێکی بە دەور و پشتیدا گێڕا. قەمەیەکی پێ بوو لە کیفەکەی دەرهێنا. من وتم: پێویست بەوە ناکا. ناو دار و پەردووی گوند، پاچ و خاکەنازی زۆری لێیە. دابەزیمە خوارەوە و پاچ و خاکەنازم سەرخست. گۆڕمان هەڵکەند و ئاسۆمان پێ سپارد. ماوەیەك بەدیارییەوە دانیشتین. کاك هەر وڕوکاس بوو. نەبەز هاتبووەوە سەرخۆ، وتی: تۆ نیازی چیت هەیە؟. وتم: من وێڵی دوای کەسوکارو خەڵکی گوندم. دەبێ ئەنجامێکیانم دەستگیر ببی. ئینجا ڕووی پرسیاری لە کاك کرد، وتی: ″ کاك ئازاد.. ئێمە چی بکەین؟″. ئازاد دەمی نا بە گۆڕەکەی ئاسۆوە و ماچی کرد. هەڵسا و چەکەکەی خۆی و ئەویشی کردنە شانی. وەك تەواو هاتبێتەوە سەرخۆ، دەستی منی بە گەرمەوە گووشی و وتی ئەم پیاوەتی و مەردایەتییەت لەبیر ناکەین. بە نەبەزیشی وت: دەگەڕێین و بەدوای هاوڕێیانماندا و دەچینەوە پاڵیان. ئیتر ئەوان بە تاشاندا، ڕێگەی دیوی کانیی وەلییان گرتەبەر و ڕۆیشتن. منیش بۆ دیسان وەڵامدانەوەی پرسیاری (چی بکەم)ەکە، بەدیار گۆڕەکەی ئاسۆوە دانیشتمەوە.

ئەو ساتە کات لە نیوەڕۆ لای دابوو. لە خۆم بە ئاگا هاتم کەوا شەو و ڕۆژێکی ڕەبەقە، زاد نەچووەتە ناو زارم. خەوتنە سێ چوار سەعاتییەکەی ئەشکەوتەکە. جەستەمی تا ڕادەیەك حەواندووەتەوە و گوڕوتینی پێ داوەتەوە، بەڵام ئەی خواردن!.. ئەی!.. ئەی بەڕاست هەتەر؟ هەتەر کوا؟ بە چەشنێك کەوتمە سەرپێ کە دەتوت، لە خەوێکی سامناك ڕاچەنیم. خولێکی خێرام بە دەورمدا خوارد و بینیم. چەند شەقاوێك

لە پشتمەوە، لە پاڵ قەدی داربەڕووەکەدا لەوپەڕوو پاڵ کەوتبوو. وەك هەستی کردبێ کە لەو دەگەڕێم، هەڵسایە سەر چوارپەل و دەستی کردە، کلکە لەقێ. چووم بەلایەوە و دانیشتم و ئەویشم لە تەنیشتمەوە دانیشاند. لە بەرامبەر ئەو وەفادارییەیدا، سەریم بە سنگمەوە گرت و ماچم کرد. وتم: خۆ تۆش برسێتی دەبێ هەراسانی کردبیت.. تۆ ڕەنگە لە من خراپتریش بیت. وەك ڕاست و دروست لە قسەکەم حاڵیی بووبێ، دوو سێ جار چاوی پڕ لە سۆزی خەجاڵەتاویی بۆ بەرز و نزم کردمەوە. بە دەم نووزەنووزێکی کپی شەرمنانەشەوە، دەم و قەپۆزی وشکهەڵاتووی نیشاندە سەر ڕانم. تۆزە نا تۆزێکیش، چاوە شەرمناوییەکانی بۆ هەڵدەبڕیم و دای دەگرتنەوە.

ئێستا من و هەتەر، سەرباری هەموو شتێك، برسێتیش زەیفی لێ سەندووین. ئێستا وا ئەم چی بکەینەش، چووە پاڵ ئەوەکەی تر و بگرە بەبێ وەڵامدانەوەی ئەمیان، ئەویان گەڕان بە دوایدا ستەم و ستمتر دەبێ. بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە، شتێکمان لەناو دار و پەردووی ئاواییدا دەسگیر ببێ. بۆم دیاری نەدەکرا کە دەبێ چی بێ؟. ئەو ئاگرە دۆزەخییەی من بە چاوی خۆم بینیم، دەبێ چ تۆزقاڵە خێروبێرێکی لە چنگ دەرباز بووبێ، چ جایە خۆراك بۆ من و هەتەر دەگا؟ لەگەڵ ئەوەشدا وتم: بەڵکو! لەگەڵ هەتەردا دابەزینە خوارەوە. کون و قوژبنیمان تەی کرد و زەڕنیخاوێکمان دەست نەکەوت. ماڵبوێریان نەکردبوو. وەهایان ئاگر تێ بەردابوون کە لە خۆڵەمێش و دار و پەردووی بۆ کڕووزاوی بەولاوە، هیچیان لێ نەمێنێتەوە. تەنانەت هەتەر بە هەتەرێتی خۆیەوە، تۆزقاڵی بۆ نەدۆزرایەوە. هێندە نەبێ کە لە گەڕانێکدا، تۆپەڵە خەڵووزێکی بە کێش کرد بۆ لام و پاشماوەی بەرخێکی سووتاو بوو. کە لە سووڕانەوەی ناو گوند بێزار بووم، داکشاینە خوارەوە بۆ سەرچەم. بەدەم ڕێوە هەتەر گەڕی ئاڵاندە کونی ژێر گاشە بەردێك. بەو هیوایەی زیندەوەرێکی لێ دەسگیر بێنێ و بخورێ، چووم بەدیارییەوە ڕاوەستام. کەچی دوای ئەوەی بەرامبەری حەپاندی.. چنگە کڕێی تێدا کرد و پەلی کوتا.. قرووسکاندی و کشایەوە. وەك دەستی ڕاستی بە پشکۆیەکدا چزابێ، کەوتە ڕاوەشاندنی. تێ گەیشتم کە گازی لێ گیراوە. ویستی بچێتەوە وێزەی و نەمهێشت.

لەسەر چەم چوومە دنیایەکی ترەوە. دەتوت لە شوێنێکەوە کە دێو و درنج بەردەوام چاویان لێم بووە، خۆم هاوێشتووەتە حەشارگەیەکەوە کە بەهیچ کلۆجێ نامبینن. تا ئێستاش نازانم بۆچی وای تێ دەگەیشتم. لەو ساتانەدا هەروا لە خۆوە وام هەست کرد و زۆر ئارام بووم. لە خوڕەی ئاوی چەمەکە بەولاوە، هیچی ترم نەدەهاتە بەرگوێ.. یا

نەیدەهێشت هیچی تر ببیستم. ئەو کاتە ڕۆژیش تەختی ئاسمانی، ڕووەو شانی تاشان جێ هێشتبوو. تیشکێکی خاوی زێڕینی بە ناو چەم دەدا. هەرچییەکی تێدا بوون، لەبەریدا دەبریسکانەوە. چاوی من و هەتەریان بە شەوارە دەخست.. لە قەراغەوە لەسەر تاتێك دانیشتم. پێڵاو و گۆرەویم داکەندن و لەلاوەم دانان. قاچم ڕاکێشانە ناو حەوزۆکەیەکەوە و پاڵم دایەوە. پاکەتم دەرهێنا و وەك لەو ساتەدا، خەیاڵم بۆ خەمی تەواوبوونی جگەرە چووبێ ژماردمن. شەشی تێدا مابوون. وتم دەبێ دەستیان پێوە بگرم. یەکێکیانم ئاگر دا و قووڵ کەوتمە مژلێدانی. وەك حەزم لێ بێ هەتەرم بە تەنیشتەوە بێ سەیری ئەملا و ئەولام کرد و نەمدی. فیکەیەکی زیکەداری نێوان لێوانم بۆ لێ دا. لە چاوترووکانێکدا لە بەردەممدا قوت بووەوە. دەمزانی مرومووشی خواردن دەکا. برسییە و هەقێتی. بگرە گومانم نەبوو هەوڵ دەدا شتێ بۆ منیش پەیدا بکا. بەڵام پێم خۆش بوو لەو دانیشتنەمدا لە بندەستمەوە بێ. بە چاو و بە دەست هێمام بۆ کرد بێتە تەنیشتمەوە. وەك مرۆیەکی گوێڕایەڵ، هات و لە پاڵمدا ڕۆنیشتە سەر چوار پەل.

بۆ جار بەجارەها پرسیارەکە.. ئێستا چیی تر؟ بەڵام بۆ یەکەم جار نائومێدی لە گەڕان بەدوایاندا سەری لێ هەڵدام. پشووە ئارامییەکەی لێ لێڵ کردم. وتم: بێ ئەنجامە و دەشێ لە خۆڕایی، سەری خۆشمی تێدا بە فەتارەت بدەم هەرچەندە بڕیاری بنەڕەتیی وازهێنانم بۆ نەدرا. بەڵام وتم: ئەگەر بڕیارم دا، چارەسەر هەر بۆ ئەوەیە خۆم بگەینمە ناو شار. لەگەڵیدا ئەو پرسیارەشم کرد: ئەی چۆن بگەمە ناو شار؟ کە ئەوە حاڵەکە بێ، دەبێ هەرچی کون و قوژبن هەیە تەنیبێتیان. نەکەس دەتوانێ لێی دەرباز ببێ و نەکەس دزە بکاتە ناوی. من لەم کەینوبەینەدا بووم و تاقوتۆقێکم لە دوور، لە سەرووی چەمەوە هاتە بەرگوێ. پێڵاو و گۆرەویم لە پێ کردنەوە. ڕاپەڕیمە سەرپێ و ڕاوەستام. زۆری نەبرد ڕەوە خەڵکێکم لە ژن و پیاو و منداڵ بینی، بە هەڵەداوان بە چەمدا دادەگەڕانە خوارەوە. کە هاتنە بەرەوە زانیم ڕاونراون. دیمەنیان دڵی بەردینی دەتواندەوە. ترسی مەرگ بەناو بەردەڵان و لیتاو و دار و دەوەندا، چنگ لەسەر شان ڕای دەفڕاندن. زریکەی ژنان و قرووسکەی منداڵان، تێکەڵ بە هاژەی چەمەکە دەبوو. هەڵدەنووتان و دەکەوتن و هەڵدەسانەوە. ژنێك ساوایەکی بە باوەشەوە بوو بە پرتاو دەهات. دوور لە من بە دە پازدە شەقاوێك، قاچی خزا و کەوت و ساوای لە دەست پەڕییە ناو ئاو. من هەڵمەتم برد و پێشم لێ گرت. بەڵام دوای چی؟. تا گرتمە ئاوی بە خوڕی چەم، بە سێ چوار گاشە بەردیدا کێشا کە دامە دەستی دایکی، نووزەی

لەبەر بڕابوو. منیش تاکێکی پێڵاوەکانم، لە پێم داماڵرا و ئاو بردی. بەدوای خەڵکەوە دوو چەکدارم بینی. بەوەدا کە بە نۆرە سەنگەریان دەگرت و دەکشانەوە، خێرا بۆم دەرکەوت کە بەرگری لە خەڵکەکە دەکەن. کاتێ یەکەمیان گەیشتە ئاستم، بە تووڕەییەوە وتی: بۆ ڕاوەستاویت؟ ڕاکە. وەك تا ئەو ساتە لە مەترسییەکە غافڵ بووبم و لە ناکاوێکدا، بە وشەی (ڕاکە)کەی ئەو لێی بە ئاگا هاتبم، سەربەرەو خوار هەیپێم لێ کرد. هەیپێ لیکردنەکە بەو چەشنەیە، هەنگاونانی بەو ناو چەمە بەردەڵانەدا لێ بەگرێژنە بردم. قاچە پەتییەکەی پێخستمە سەر خڕکە بەردێکی قەوزاویی لووس و لەنگەری لێ شێواندم. ڕەتێکی دوو سێ شەقاویی پێ بردم. بەسەر ئەم قۆڵەمدا، کێشامی بە قەراغی تەلەبەردێکدا. کسپەی ئازارێك جەرگمی ئاگر دا. وام هەست کرد کە دەبێ ئێسقانی قۆڵم بووبێ بە خڕخاڵ. لە جێی خۆم خپ بووم و وتم: ستەمە بتوانم بکەومەوە سەر پێ. هەتەر تا ئەو کاتە دیسان ئاگام لێی بڕابوو، گەیشتە سەرم و دەستی کردە نووزەنووز. بە دەورمدا دەخولایەوە و بەجۆرێك لمووزی تێ هەڵدەسووم، وەك بڵێی دەیەوێ بمخاتە سەرپێ. ئەو نەیتوانی.. وشەی (ڕاکە)کە تینی دایە بەرم، بەتایبەتی کە لێی زیاد کرد و وتی: بە دوامانەوەن!. وەك تۆزقاڵ ئازارم تێدا نەمابێ، سەربەرەو خوار تێم تەقاند.

من و دوو چەکدارەکە، لە ئاستی قووڵکەی (سێلوو)دا، یەکدگیر بووینەوە. خەڵکەکە خۆیان خزاندبووە ژێر بنکەندەکەی سەی فەتاحەوە و مۆڵیان خواردبوو. کۆرپەی لە باوەش پەڕیوی دایکە کڵۆڵەکە مردبوو. دوو پیاو هەوڵیان دەدا، لە باوەشی دەربێنن و دەستی لێ بەرنەدەدا. ژنێك و دوو منداڵی هەراش، لاڵوپاڵ کەوتبوون و دەیانناڵاند. پیرەمێردێك سەری نیشاندبووە سەر سنگی لاوکارێك و خوێن بە لاجەنگەکانیدا، داچۆڕابووە سەر ڕوومەت و لاملی و وشك بووبووەوە. منداڵان و ژنانی تر لەملا و لەولا هەڵترووشکابوون و بەکپی دەگریان. دوو چەکدارەکە گەیشتن. لە خەڵکەکە خۆیان بوون نەك پێشمەرگە. دوو پیاوی کامڵ و بە ویقار بوون. دووانی تری بە ساڵاچوویان بانگ کردە لاوە و کەوتنە ڕاوێژکردن. وەك قسە بەسەر قسەدا هاتبێ و لە من بە ئاگا هاتبن، بانگیان کردمە لای خۆیان. من بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش باسیان کرد کە ئەوە دوو ڕۆژ و شەوێکە ئەم شاخ و ئەو شاخ ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ دەکەن و ڕاو دەنرێن. وتیان: تۆ چی دەکەیت؟. وتم: ڕەنگە ڕوو بکەمە ناو شار. ئیتر لە منیان لادا و دەستیان کردەوە ڕاوێژ. منیش کە ئازاری قۆڵم دەیپرواندم، چووم لە

بنەوەی بنکەندەکە، لە قوڕنەیەکەوە دانیشتم. پاکەتم دەرهێنا و لەو پێنجەی تێیدا مابوون، یەکێکی تریانم داگیرساند. دەنگێك لە تەنیشتەوە وتی: دەکرێ جگەرەیەکم بدەیتێ؟ لە بەیانییەوە لێم براوە، دەستی راستی لێ هێنابوومە پێشەوە و پەنجەی شایەتمان و دۆشاومژەی، بۆ وەرگرتنی لە ڕوومدا والا کردبوون. داواکەیم لێ خۆش نەهات. بەلام چۆن بتوانم بلێم نەء؟ لە چوارەکە یەکێکیانم دایە و پاکەتەکەم زوو ئاخنییەوە گیرفانم. خوا خوام بوو کەسی تر نەمانبینێ و داوا بکا.

راوێژکردن زۆری پێ چوو. دەتوت بۆیان بە ئەنجام ناگەیەنرێ. من خۆم ساغ کردەوە. لە دلدا بڕیاری هاتنم بۆ شار دا. چاوەڕێم کرد بزانم ئەوان بە چ لایەکیدا دەخەن. من پاپەندی ئەوان نەبووم. هەروا لە خۆوە حەزم دەکرد بزانم. پیرەمێردەکە داوای جگەرەیەکی تری کرد و ئەم جارە، پێم بە جەرگمدا نا بلێم نەء. درۆیەکی زلیشم کردو وتم: یەك جگەرەم پێ ماوە و هەلی دەگرم بۆ بۆنکردنی. لەو ماوەیەدا هەتەر چەند جارێك هات بەلامەوە. هەر جارێ کەمەکێ بە دیارمەوە هەلدەترووشکا. بەسۆزەوە سەرنجی دەدامێ. وەك لێم دلنیابێ کە ئەوەتا لەگەل خەلکانێکدام و سەلامەتم، هەلدەستایەوە سەر چوارپەل و دوای هەندێ کلکەلەقێ، وەردەچەرخا و دەڕۆیشت. لە دوا جاریدا تەنیا وەك تارماییەك بینیم و ئیتر ون بوو. ئەو کاتە ڕۆژ ئاوا بووبوو. ئەگەرچی لە دەرەوە هێشتا کزە ڕووناکییەك لێل مابوو، بەلام بنکەندەکە تەواو ڕوو لە تاریکبوون بوو. هەر ئەو کاتەش، هێندەم نەزانی خەلکەکە بەخۆ کەوتن. ژاوەژاو و بەیەکداهاتنێك و نەمان. بەبێ هیچ پرسینەوەیەك لە من، تەنانەت پیرەمێردەکە و خواحافیزییەك، وەك کوورە هەنگێك و جێگۆڕکێ بکا، فرتەیان کرد و ڕۆیشتن.

قۆلم ئازاری زۆر دەدام. وام دانا کە شکاوە. وتم چاکتر وایە هەلی بەستم دەستم برد پشتێن بۆ ئەو مەبەستە لە پشتم بکەمەوە و نەمابوو. سەرەتا پێم سەیر بوو. پشتێنم بۆ بە قەدەوە نەماوە؟ بەلام خێرا ساغم کردەوە. ئا. دەبێ لە راکردنەکەمدا بە دەردی تاکی پێلاوەکەم چووبێ. لەو ساتەدا گلەییم لە خۆم کرد کە بۆچی کلاو و جامانەکەم لەسەر نەدەنان. جامانەکە بۆ ئێستا بە کەلك دەهات. وازم لەو باسە هێنا و بڕیارم دا بجوولێم. وتم: وردە وردە دۆلاو دۆل بەرەو (دەرەدوو) دەیکوتم. ئیتر لەوێوە ڕووەو شار ملی پێوە دەنێم و چی دەبێ بابێ. لەگەل بەرێکەوتنمدا بیرم بۆ لای هەتەر چووەوە. بە تەمابووم لە بندەستمەوە ئامادەی فەرمان بێ، کەچی نەمدی. وتم: ڕەنگە هێشتا عەودالی مرومووش بێ. فیکەیەکم بۆ کێشا. چاوەڕێ بووم بە پرتاو لە بەردەممدا قوت

ببێتەوە و نەبوو. فیکەیەك و دووان سیانی تر و هەر نەبوو. وام مەزەندە کرد چەواشە بووبێ و لەگەڵ خەڵکەکەدا رۆیشتبێ. وتم: کە پێ دەزانێ لەگەڵیاندا نیم دەگەڕێتەوە. بەو نیازە دانیشتمەوە و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد. تا ناچار لێی هیوابڕاو بووم و ملی ڕێم گرتە بەر. لەتە مانگەکەی شەوی پێشوو، نیشتبووەوە سەر سنگی ئاسمان. ڕووناکییە خاوە زیوینییەکەی، بە ترۆپکی چیاکان دەدا و لێیشی دادەچۆڕایەوە ناو دۆڵەوە. بەرپێمم بە باشی دەبینی. بەڵام ئازارەکەی قۆڵم و قاچە پەتییەکەم گاڵەیان پێ دەکردم. قۆڵمم بە پزووی شرواڵەکەم، بە بەرۆکمەوە بەستەوە و لە بەلەبەلم خست. بۆ قاچەکەش، هەر دەبوو چۆغەکەی لێ بخەمە کار. دام کەند و توند تێمەوە پێچا. ئیتر خۆمی شەکەت و قۆڵی بە ئازار و قاچی بە چۆغە پێچراوم، تا دەرەدوو بەو شێوەیە بەکێش کرد.

دەرەدوو وەکو حاجی سوبحان و کانیی وەلی نەبوو. کە گەیشتم سەرەتا لامدایە تاوێرەکانی پشتییەوە و تێم ڕوانی. خانوو بە خانوویم بە ڕوونی دەبینی. بە ژمارەدە شەشیان بەر بۆردومان کەوتبوون و داڕمابوون و ئەوانی تر بە پێوە بوون. بەڵام هیچ ورتە و جووڵەیەکی ژیانیان پێوە هەست پێ نەدەکرا. من تا ئەو ساتەی لەوە زیاتر کە بەرەو ناو شار بەلایدا رادەبووم. هیچی ترم لێ بەخەیاڵ نەگرتبوو. بەڵام بەو شێوەیەی کەوتە بەرچاوم، هانی دام بڵێم: بۆ نەچم هەر سێ گرفتەکەم (قۆڵم، قاچم، ورگم)ی تێدا چارەسەر نەکەم؟ بڕیارم دا و خۆم گەیاندە نزیکترین خانوو لێمەوە. هیچ کەلوپەلێکی بەنرخی تێدا نەهێڵرابوون. هەرچی شڕەوپڕەیەکیشی تێدا مابوون، پەرتوبڵاو فڕێ درابوون. تریفەی لەتە مانگەکە، لە دەرگە و پەنجەرەی والای ژوورەکانەوە، دەپرژایە ناوەوە و کزە ڕووناکییەکی پێ دەدان. لە یەکەم ژووردا کە پێم تێ نا، مەنجەڵە ماستێکی ڕژاو و پارچە کولێرەی ژێر پێکەوتووی رەقەوەبووم دەستگیر بوو. پارچە نانەکەم وڵێیە. پاشماوەی ماستی ناو مەنجەڵەکە. هێندە برسی بووم، بە هەردوو دەست دەمگلاندە ناو دەممەوە و دەمپەستایە ورگمەوە. ئەوا گرفتێکم نەما. ئەگەرچی ئەو تێرە نیم کە دەبێ هەبم، بەڵام ئەو برسییەش نیم کە هەبووم. ئینجا گەڕام بۆ پێڵاو و ئەو تاکە پۆتینە لاستیکەم بەردەست کەوت.

چەندە خولم خوارد و پەلم گێڕا، ئەویتریانم دەستگیر نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەختم هێنابووی کە تاکە گونجاوەکە بوو. لە پێم کرد و ویستم بۆ پەڕۆ و پاتاڵێك بگەڕێم قۆڵمی پێ هەڵبەستم و خشەخشێکم بیست. سەرم کێشایە دەرەوە و گەماڵێکی کەتەم

بینی، بەرەو ژوورەکە دەهات. سەرەتا وەك بیەوێ بۆی ساغ ببێتەوە کێم و کێ نیم، هەڵوێستەیەکی ساتە وەختیی کرد. کە دڵنیا بوو، بە جۆرێك دەستی کردە حەپین و خۆڕەتاندن کە دەتوت بە نیازە، تۆڵەی بەرو دوای خاوەنەکانی لە من بکاتەوە. ناچار دەرگەم داخست و سورگیم لێ توند کرد. ئەو وازی نەهێنا و کردییە چنگەکرِێ و راتەکاندنی دەرگەکە. ترسێکی زۆرم لێ نیشت کە دەرگەکە بشکێنی و بۆم بێتە ژوورەوە. منێکی ماندووی مردەلۆخی یەکدەست، لە بەرامبەر کەڵبەتیژی کەتەی سیخناخ لە رق و کینە چیم پێ دەکرێ؟. وتم: نەخێر ئەگەر بێتە ژوورەوە، هەر بە خواردن دەمخوا. کەوتمە راکەڕاکە بە ژوورەکەدا و هەرچیم بەردەست کەوت، دەمئاخنییە پشت دەرگە. بەوە ترسی هاتنە ژوورەوەیم نەما. بەڵام وتم: ئەی ئەو خۆ هێندە گەمژە نییە بەر دەرگەکەم لێ بەردا. خێرا بیرم بۆ پەنجەرەی دیواری پشتەوەی ژوورەکە چوو. ڕێگەی دەربازبوونم ئەوێ بوو. تەنانەت بۆ ئەویش وتم: ئەوێکی هێندە دڵسۆز و بە تەنگەوەهاتووی خاوەنەکانی، ناشێ هێندە زرنگ نەبێ بیری بۆی نەچێ. بڕیارم دا پێشی بکەوم، وتم: جارێ لەگەڵ رەتاندنی دەرگەکەدا گەرماوگەرمە. دەبێ تا لێی سارد نەبووەتەوە، دەستی خۆم بوەشێنم. سێ و دووم لێ نەکرد و چوومە گیانی پەنجەرە. جەستە ماندووە مردەلۆخە یەکدەستەکەم. لێ کردە پاڵەوانیکی دەستوبازوو پۆڵایین. بەوەی باش بوو پەنجەرەی لە تەختە و چەسپی دیواری گڵین بوو. بەو هەندە هێزەی بە پاڵەپەستۆی ترسی کەڵبەی گەماڵی ئەودیو دەرگە تینی سەندبوو، پەنجەرەم لە بنوبێخ دەرهێنا. لێوەی دەربازبووم و ئەو راکردنەی رام کرد، هەتا ناو تاوێرەکان نەوەستامەوە. لەوێ کە لە لاپاڵێکدا دانیشتم و کەمێ حەوامەوە، هەتەرم بە بیرهاتەوە و داخم بۆ خوارد کە لەگەڵمدا نەبوو.

لەوە بەدوا نەموێرا خۆم لە قەرەی ناو دێ بدەمەوە. جگەرەیەکی ترم ئاگر دا و بۆ ئەمیان نەك تەنیا لە ترسی دوژمنی دووپێ، بگرە لە ترسی چوارپێ دڕندەکەش، نەمهێشت تروسکەی تەنانەت بستێك دوور لە خۆم بڕ بکا. ئینجا لەلاڕێوە ملم پێوەنا و چۆڵاو چۆڵ کوتام. ئەوەندەم پێدەشت و هەرد و چەم و دۆڵ و نشێو و هەوراز بڕی، دەتوت رووم لە بنی دنیا کردووە نەك لەناو شار. هەر دەهاتم و نەدەگەیشتم. لە کوێ تروسکاییەکم لە دوورەوە بەدی بکردایە، لە ترساندا بەپێچە بەدەورەیەکی دوور و درێژ خۆم لێ دەپاراست. لە خشپەی مار و مێروو دەسڵەمیمەوە. سووکترین تەقە و ڕەقە دای دەچڵەکاندم. وام هەست دەکرد کە مەرگ شەقاو بە شەقاو بە دوامەوەیە. یا لە بست

بستی پێش دەممدا بۆم لە مەڵاسدایە. ئەوەی بە درێژاییی ئەو دوو ڕۆژ و شەوە دیبووم. وای لێ کردبووم خۆم بە نێچیرێك تێ بگەم و راو دەکرێم. من هەڵدێم و راوکەر بەدوامەوە و هاکا گەیشتە سەرم. تەنانەت ئەو ساتانەی لە پەلوپۆ دەکەوتم و دادەنیشتم پشوویەك بدەم، لە یەکبینا بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە و ورد دەبوومەوە. دەتوت بۆ ئەو راوکەرەم دەگەڕێم  کە لە ئانوساتدایە پەلامارم بدا.

بەپێی نەخشەکەم بە سەلامەتی خۆم گەیاندە شیوەکەی خوار جوولەکان. لەوێدا ئیتر ناو شارم لێ بوو بە گرفت. چۆن بەم دیمەنەوە، ئەو هەموو کووچە و کۆڵانانە ببڕم و تووش نەبم؟ بیرم بۆ ئەوە چوو لە یەکەم دەرگە بدەم و هاواریان بەرمەبەر. ترسام پێچەوانە دەرچن و نەمکرد. وتم: چاکتر وایە ملی پێوەنێم، تەنیا ترسی مەفرەزە و بۆسە لە ئارادا دەبێ و لەسەر رێکەوت دەوەستێ. وام کردو رێکەوت لەگەڵمدا مەردانە بوو.

٧

کاتێ جافر بێدەنگ بوو، کشوماتییەکی وەها باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا بوو، دەتوت کەسی تێدا نییە. تا ئەو ساتە هەموو وەك تەلیسمیان لێ کرابێ، کڕوکاس و مل بەلارەوە گوێیان دەگرت. تەنیا رەنگوڕوویان دەری دەخست کە ئەوەی دەیبیسن، چ ئازارێکی دەمــەگـوێزانـی بـە دەروونـیـان دەدا. پـوور تـنـۆك تـنـۆك فـرمـێسك، لـە چـاوانـیـیـەوە هـەڵـدەقـوڵان.. دادەخـزانـە سەر روومـەتـەکـانـی و بـە کـەنـاری پـەڕەکـەکـانـی لـووتـیـدا، دەچۆڕانە ژێر لێوی و بە گۆپکەی چەناگەیدا دەتکانە خوارەوە بۆ ناو کۆشی. گوڵناز کچانە، هەردوو قاچ و پووز و رانی کەوانەیی نابوونە سەر یەکتر. شان و باڵی چەپی، چـەسپـانـدبـوونـە پـاڵ دیوار و لـەسەر لاسمت دانیشتبوو. بـە چـاوی ئـەبڵـەق و دەمـی داچەقاوەوە، گوێقولاغ بووبوو. مام فەتاح چووبووە سەرباری چوار مەشقی. هەردوو ئانیشکی نیشاندبوونە سەر هەردوو ئەژنۆی. سەری بە سنگیدا شۆڕ کردبووەوە. بە پەنجەکانی هەردوو دەستی، بە ئەسپایی دەنکەکانی تەزبیاحە قەزوانییە ئەبڵەقەکەی، دەهێنان و دەبردن. کامەران و شادمان لەسەر قەنەفەکەی ریزی ئەمەوەن. ئەگەرچی ئاوڕیان بەلادا لێ ناداتەوە، بەڵام دەزانێ کە بەسەر قەنەفەکەدا دادووراون و ورتە و جووڵەیان لەبەر بڕاوە. تەنانەت ئەم خۆیشی ئەوەتا، تەنیا بە گێڕانی گلێنەی چاو لە جێوە، یا بە مەزەنە پێ دەزانێ و دەبینێ. دەنا وەك ئەوان مۆمیایەکەو لەسەر باری دانیشتن، رووەو جافر دەقی پێ گیراوە.

دیـمـەنـەکە بـۆ مـاوەیـەك نـائـاسایی، لـەسەر ئـەوبـاری کشتـومـاتـییـە درێژەی کێشا. تەنانەت لەگەڵ دوا قسەیدا، سەری داتەپییە سەر سنگی و مت بوو. ئەم کە بە بیستنی بەسەرهاتەکەی جافر، لەلای روون بووەوە تووشی چ لێقەومانێکی سەخت و سامناك هـاتوون، یەکەمینیان بوو بە پرسیارێکی پڕ لە سەرسوڕمان، گۆمی بێدەنگییەکەی شڵەقاند و وتی:

– جافر.. ئاخر خۆ ئەو خەڵکە دە دووازدەیەك نین.. ئەوانە عەشاماتێکن. چۆن وا بە

ئاسانی.. وا دەستوبرد پاکۆدران و بران؟ یا باشە بۆ کوێ.. ئاخر بۆ کوێ؟.

پرسیارەکە ئەوانی تر و جافریشی، لەو دەریای خامۆشییە دەرکێشا و زیت بوونەوە. جافر بە دەستە ساغەکەی، جگەرەکەی لە پاکەت دەرهێنا و نای بە لێوییەوە. دوای ئەوەی شادمان بۆی ئاگر دا و مژێکی قووڵی لێ دا، وتی:

– نازانم.. منیش سەری لێ دەرناکەم، بەڵام خۆ من درێغیم نەکرد. لەوە زیاترم پێ نەدەکرا.. دەکرا؟.

ئەو رووی دەمی لەو بوو. کەچی کامەران هەڵی دایە:

– قەت نەء.. ئەوەی تۆ کردووتە، بە هەموو کەس ناکرێ. بگرە تۆ فیداکاری و ئازایەتییەکی زۆرت نواندووە.

ئەم بەو قسانە دڵگران بوو. وای بۆ چوو کە با بە ئەنقەستیش نەبووبێ، بەڵام جۆرە لاقرتێیەکیان بۆ ئەم تێدایە. ویستی لە ئاستیاندا کەمتەرخەم بێ و جڵەوی خۆی بۆ نەگیرا. پچڕپچڕ و بە منجەمنج وتی:

– ئاخر خۆ منیش.. ئەگەر بگەیشتمایە.. منیش..

کامەران زوو وریا بووەوە و قسەکەی پێ بڕێ. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– کاکە سوبحان خراپم تێ مەگە.. گومانی تێدا نییە کە ئەگەر تۆش لەوێ بوویتایە، وەکو کاکە جافرت دەکرد و رەنگە زیاتریش. ئێوە هەردووکتان بە رێکەوت لەوێ نەبوون و هەریەکە بە جۆرێك، بۆیە ئەوەتا ئێستا لێرەن. بەڵام با واز لەوە بێنین.. با بپرسین: چی بکەین باشە؟.

ئەم وەك هێشتا تەمی تانوونەتەکەی لێ نەڕەوی بووبێتەوە، بەدەنگێکی رەقی لاسارانەوە وتی:

– من سبەینێ بەیانی زوو، دەچمەوە بۆ حاجی سوبحان.

جافر کە زوو زوو سەری دادەخزایە سەر سنگی و تاس دەیبردەوە، بە بیستنی ئەو قسەیە ملی قوت کردەوە. سەرەتا کەمێ لێی ڕاما. دەتوت باوەڕ بە گوێی خۆی ناکا. ئینجا بە تووڕەیییەکی تێکەڵ لە گازاندەوە وتی:

– کام حاجی سوبحان؟ ئەی من سەعاتێکە چیت بۆ دەڕێسم؟ لەوە دەچێ باوەڕ نەکەیت و وابزانیت خەوم دیوە. یا.. یا ڕەنگە وای تێ بگەیت و تێك چووم و دەبزڕکێنم.

هەموو بەو تووڕەيييە تەنگاو بوون. ئەم بەر لە وەڵامدانەوە سەرنجێکی خێرایی پێدا گێڕان. دیمەنیان لایەنگیریی ئەوی رادەگەیاند. تەنانەت کامەران، بە سووکە لێوگەستن و ئاستەمە لاترووکەیەکی چاو، هێمایەکیشی بەو مانایە بۆ کرد. ئینجا کە بە وەڵام هات، زۆر بە هیمنی و لەسەرخۆ وتی:

– نا نا.. ببوورە.. تکایە وای بۆ مەچۆ. من قەت ئەوەم مەبەست نەبوو قسەکەم لە عەزرەت و کەساسییەوە کرد. لە داخ و خەفەت و سوێ لە دڵییەوە.. یا لە دەستەوستانییەوە.. یاخۆ.. نازانم.. نازانم بڵێم چی؟.

جافری بێ ئاگا لە بەسەرهات و لە حاڵی ئەم، تووڕەییییەکەی بەو عوزر خواییە نەنیشتەوە. بگرە بەرپەرچی دایەوە و توندتر وتی:

– بۆ نازانیت؟. کامەران واتەنی، ئەگەر رێکەوت یاریدەی نەدایتایە کە بۆ خۆت لێرە پاڵی لێ بدەیتەوە، ئێستا لە کوێ دەبوویت.. ها.. لە کوێ؟.

ئەمیان تانووتێکی راستەوخۆی جگەربڕ بوو. ئاگرێکی بەردایە گیانی و نەیدەزانی لە بەرامبەریدا چی بڵێ. چاوێکی گێژوویژی پڕ لە زەلیلی، بە هەمووواندا گێڕا. ئینجا وەك داواکارێکی بە هاناوەهاتن، لەسەر کامەرانی گیرساندەوە. کامەران دەمودەست تێ گەیشت. لە جافر بەدەنگ هات و تەنانەت گلەیی ئامێزانەش وتی:

– نا کاکە جافر نا.. تۆ ئەو قسەیەت لە بێ ئاگاییيەوە کرد. کاکە سوبحان لێرە پاڵی نەدابووەوە هەر ئەو وەخت و سەعاتەی کە تۆ بەڕێوە بوویت بچیت بۆ کانیی وەلی، ئەمیش بەڕێوە بوو بێتەوە بۆ حاجی سوبحان. بەڵام وەك چۆن رێکەوت وای شکاندەوە کە تۆ نە لەملا بەرچنگ بکەویت و نە لەولا، هەروەهاش ئەمی لە هاتنەوە لەو رۆژەدا بۆ حاجی سوبحان گل دایەوە!. نا کاکە جافر نا.. وای تێ مەگە.

ئەم چەندە بە تانوونەتەکەی جافر ژان چووە دڵی، هێندەش لەو پارێزگاری لێکردنەی کامەران دڵی گوشرا. وتی:″ خۆ من تا ئەم ساتە، هیچم لە بارەی خۆمەوە بۆ نەگێڕاوەتەوە. کەچی ئەو وا دەدوێ کە لەوسەری هاتبێتەوە!. ئەی ئەگینا ئەو بەراوردەی نێوان هەردوو رێکەوتەکەی لە کوێوە هێنا؟ لەگەڵ ئەوەشدا هیچی نەوت. جافریش وەك زەفەری بە مەغزای قسەکە نەبردبێ، یا بێزار بووبێ و نەیەوێ لەوە زیاتر درێژەی پێ بدرێ، خۆی کڕ کرد، کامەران دیسان بەقسە هات:

– با واز لەو باسە بێنین. دێمەوە سەر پرسیارەکەم. چی بکەین باشە؟.

هەموو لە دڵدا دەیانزانی کە کامەران لە بنەڕەتدا، پرسیارەکە لە خۆی دەکا، چونکە سەری گوریس بەدەستی خۆیەوەیە. ئەوە کە دەتوانێ بڕیار بدا و چ ئەمان چ خەڵکانی تر بجووڵێنێ. بەڵام مام فەتاحی کەمدووی مەنگ، هەرچەندە بەو ڕاستییە ئاشنا بوو، لێی بە وەڵام هات و بەدەنگە هێمنە خاوەکەی وتی:

– ئێستا هەرچییەك بڵێن بێ سەمەرە. سبەی دوو سبەیەك روون دەبێتەوە. ئەوسا باسی لێ بکەن و هەوڵ بدەن.

شادمانیش وەك لەوەبەرترەوە، بۆچوونێك بە مێشکیدا خولی خواردبێ و لە چاوەڕوانیی هەلێکدا بووبێ و بۆ دەربڕینی، هەڵی دایە:

– کاکە.. من پێم وایە ئیتر ئیشی ئێمەیە. ئاشکرایە ئەمان ئەگەر بەردەست بکەون دەگیرێن. چاکتر وایە ئەمان لێرە لە حەشاردابن و ئێمە تاقیب بکەین.

کامەران هەردوو پێشنیازەکەی سەلماند. واز لەو باسەش هێنرا و لادرایە سەر گرفتی قۆڵی جافر. ئەوەش دیسان یەخەی دوکتۆر سامانی گرتەوە.

***

شەوەکەی بۆ سوبحان و جافر، شەوێکی دەیجوور بوو. لە حاڵی کەسێکدا بوون لە دواساتدا، لە هەڵدێری مەرگ گلیان خواردبێتەوە. خۆیان تەمەنێکی نوێ باوەشیان بۆ بکاتەوە، لە کاتێکدا ئازیزترین کەسانیان، ڕاپێچی توونی بابا کرابن، یا درابن بەدەم ئاوی ئاموونەوە.

ئەم قسەی زۆر هەبوو لەگەڵ جافردا بیکا. بەڵام کە سەیری کرد وا ئەوێکی شەکەتی بێ حەوسەڵەی عەزرەتی بۆ خەو راکشا بخەوێ، بە غەدری زانی بەری لێ بگرێ. بۆیە ئەو حەزی دواندنەی سەرکوت کرد و زمانی خۆی گرت. بە ئەسپایی لە قەرەوێڵەکە دابەزی بچێ گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە. چووە ئاستی دوگمەکە و دەستی بۆ برد. پێش ئەوەی پەنجەی پێدا بنێ وتی:

– بە قسەم بکە بچۆرە سەر قەرەوێڵەکە.. بۆ حەوانەوەت ئەوێ لەبارترە.

ئەو ببڕای ببڕ وتی:

– ناچم.

بە دەمییەوە هەوڵی دەدا بە دەستە ساغەکەی، خۆی باش دابپۆشێ و بە ئاسانی بۆی

نەدەکرا. ئەم چوو بە لایەوە و داپۆشی. گەڕایەوە لای دوگمەکە و دەستی بۆ بردەوە. ئەم جاریش پێش پەنجە پێدانانی وتی:

– بیکوژێنمەوە؟ هیچت ناوێ؟.

ئەو بەدەم باوێشکدانێکی قووڵەوە وتی:

– نەء.

ئیتر ئەم پەنجەی بە دووگمە دانا. ساتە وەختێ چاوەڕوانی کرد تا گڵۆپەکەی حەوشە، بەری بینایی هێندە لێ ڕوون کردەوە کە بە ئاسانی بگاتەوە سەر قەرەوێڵەکە. لەبەر خاتری جافر راکشا بنوێ، دەنا کام نووستن؟. ″ بە چ حاڵێکەوە بتوانم چاو لێك بنێم؟ لە خۆشیی سەرنگومبوونی غوربەت و بنار و چنار؟ دایك و باوك و کەسوکار؟.. خەڵکی گوند؟ بە چ حاڵێکەوە؟ ″. لە نووکەوە بە قسەکانی جافردا چووەوە. هەوڵی دەدا خۆی بخاتە جێگەی ئەو و دیمەنەکان، بە زیندوویی بێنێتەوە بەر دیدە. دەیویست ئەنجامێکی لێ هەڵکرێنێ.. ئەنجامێك کە بە چاك یا خراپ، سرەوت بە دڵ و دەروونیی پەشێوی بدا.. ″ گوند سووتا، سووتا. تالآن کرا، کرا. مەڕومالآت برا، برا. بەلآم ئەی خەڵکەکە؟.. ئەی دایك و باوك و کەسوکار؟ ئەی غوربەت و بنار و چنار؟ ئەی ئەو سەد و هەندە کەسە چییان بەسەر هات؟ جافر هەموو شتەکانی تر بە روونی دەگێڕێتەوە. سەعات بەسەعات.. هەنگاو بەهەنگاو.. بەبێ تەمومژ.. بەبێ ئاڵۆزی. کەچی سەبارەت بە خەڵکەکە، دەڵێی باس لە تەلیسم و تەلیسمکاری دەکا، یا لە کفلەیکوونێکدا ئەرز قووتی دابن، یا ئاسمان هەڵی لووشیبن″.

قووتدان و هەڵلووشینەکە دەیتۆقاند. مووچڕکەی ترس و سامی بە لەشدا دەهێنا. ئاگری بەردەدایە دەروونی و هەراسانی دەکرد.. ″ دوور نییە کۆمەڵکوژ کرابن. جافر رای وایە براون.. بە زیل بێ.. یا بە عارەبانەی تراکتۆر.. یا بە کۆپتەر.. بارکراون و براون. ئەو وای بۆ دەچێ. بەلآم کێ دەڵێ هەر لەوێ، لە دەوروبەری حاجی سوبحان کۆمەڵکوژ نەکراون؟ کێ دەڵێ نەبراونەتە بن کەندەکە پشتی (گۆڕ سوبحان) و نەدراونەتە بەر دەستڕێژ و کەندەکەیان بەسەردا نەڕووخێنراوە.. ها.. کێ دەڵێ؟ جافر بیری بۆ ئەمە نەچووە. دەبێ بیدوێنم و لەگەڵیدا ساغی بکەمەوە″.

ئەم بۆچوونی کۆمەڵکوژییە، لە ناکاوێکدا لە مێشکیدا هەڵتۆقی و زەیفی لێ سەند. هەڵسایەوە سەر باری دانیشتن. وای هەست کرد کەللەی پەنەماوە و گڕی لێ دەبێتەوە.

بـە دوایـدا تـەڕایـی لـەنـاو دەمـیـدا نـەمـا. زمـان تـێیـدا بـووە پـارچـە چـەرمێکی زبـری وشکـەوەبـوو. دەستـی دایـە پـەرداخـەکـە ئـاوی سـەر تـەپڵـەکـەکـەی ژوور سـەری. قـومـی یەکەمی دوو سێ سوورِ بە ناو دەمیدا خولاندەوە. زمان و بنزمان و مەلاشووی، باش پێ تەڕکردن و قووتی دا. بە دوایدا بینی پێوەنا و چۆڕپڕی کرد. کە جگەرەیەکیشی داگیرساند و کەوتە مژلێدانی، ئاهێکی پێدا هاتەوە و هێور بووەوە. ملی قوت کردەوە و روانـیـیـە جـافـر. رووـنـاکـیـی گـڵـۆپـی نـاو حـەوشـەکـە، بـە هـەیـوانـی بـەر بـەڕەلادا و لـە پەنجەرەکەوە، دەیدا لەسەر جێگەکەی و بە خاوی دەنیشتە سەر دەموچاوی. ئەویش ئەوەتا لەسەر گازی پشت راکشا و زەقەی چاوی دێ. ئەم بەدەنگی نزم وتی:

– تۆ کەنەفت و ماندوویت.. بۆ ناخەویت؟.

ئەو ئانیشکی قۆڵە ساغەکەی لە زەوی گیر کرد. خۆی خستە سەر باری دانیشتن و پشتی بە دیوارەوە دا. وتی:

– جگەرەیەکیش بۆ من داگیرسێنە.

ئـەم لـە قـەرەوێڵـە دابـەزی و چـووە تـەنـیشتـیـیـەوە. جگـەرەی ئـاگر دا و نـایـە نێوان پەنجەکانی دەستە ساغەکەیەوە. ویستی بگەڕێتەوە سەر جێگەکەی و ئەو وتی:

– گڵۆپەکە داگیرسێنەرەوە.

ئەم پێی خۆش بوو. فرسەتی دواندنەکەیەتی و دەرەخسێ. گڵۆپی داگیرساندەوە و گەڕایەوە تەنیشتی. هەردووك بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون. تەنیا لوولەی دووکەڵی دەم و لووتیان، بووبووە زمان و زووخاوی ناخیانی دەردەدایەوە. ئەم پەردەی بێدەنگییەکەی دڕی. بەدەنگێکی پڕ لە ناسۆرەوە وتی:

– جافر تۆ چۆنی تێ دەگەیت؟. تکایە راستییەکەیم پێ بڵێ.. دەبێ چییان بەسەر هاتبێ؟.

ئەو هەناسەیەکی قووڵی حەسرەتاویی هەڵکێشا. دوای کەمێ رامان وتی:

– ئەگەر بمزانیایە دەموت. هیچم لە پەنهاندا نەهێشتووەتەوە. هەرچیم دی و بیست و بەسەرهات، بێ کەم و زیاد گێڕامەوە.

– دەزانم و تێ دەگەم. بەلام خۆت.. تۆ خۆت چۆنی بۆ دەچیت؟. رات لەو بارەیەوە چییە؟. کوژراون؟.. زیندەبەچاڵ کراون؟.. هەلاتوون و خۆیان حەشارداوە؟. یا بۆ لایەك

براون؟ کامیان؟.

– ئەی من ئەو دوو ڕۆژ و شەوە خەریکی چی بووم؟. ئەو هەموو سووڕانەوەیەم، بەو ناو چەم و دۆڵ و چیا و ئەشکەوتانەدا بۆچی بوو؟.

– تێ دەگەم جافر تێ دەگەم.. ئێستا.. ئا ئێستا و لەم ساتەدا رات بە چییە؟.

– نازانم بڵێم چی. دەبێ برابن.. دەبێ بۆ شوێنێکی نادیار برابن.

– ئەی ناشێ.. دەڵێم یانی.. ناشێ..

وەك دڵی بەرایی نەدا بیڵێ، زمانی گیرا و تەواوی نەدەکرد. دوا نەفەسی لە جگەرەکەی دا. ماوەیەك خۆی بۆ کوژاندنەوەی قنچکەکەیەوە ماتەڵ کرد. دوودڵ بوو لە دەربڕینی مەبەستەکەی. بەڵام هێندەش لە مێشکیدا پەنگی خواردبووەوە، کە لەوە زیاتر لە حەشاردا بۆی نەدەهێڵرایەوە. زمانی لە شێوەی تەقینەوەدا بەربوو. بەڕەوانی وتی:

– ناشێ کوژرابن؟.. ناشێ کۆمەڵکوژ کرابن؟.

جافر لە تەقینەوەکە سڵەمییەوە و سەرەتا وەڵامی نەبوو. کاتێ ئەم بە حیرسەوە وتییەوە:

– ناشێ؟.

– ئەوسا ئەو لەسەرخۆ وتی:

– با.. با بڵێین دەشێ. بەڵام ئاخر کوان؟. تەرمەکانیان کوان؟. تۆ مەبەستت هەر لەوێ نییە؟.

– با.

– دەی باشە من هیچم نەدی. ئەو هەموو گەڕانە هیچم نەدی.

– تۆ لەناو دێدا هیچت نەدی.. وانا؟.

– نەخێر.. لە دەوروبەریشدا.

– کەندەکەی پشتی (گۆڕ سوبحان)یش؟.

– ئەوێ نەء.. بۆچی؟.. مەبەستت چییە؟.

– ناشێ بە دەستێك گوندیان بۆ خاپوورکردن ئاگر تێ بەردابێ. بە دەستێکیش پاکی خەڵکەکەیان راپێچ کردبێتە ئەوێ. لەوێدا گوللەباران کرابن و کەندەکەیان بەسەردا

ڕمێنرابێ. خۆ خۆت باش شارەزای هەیت. لە بریی سەد، جێگەی حەشاردانی پێنج تەرمی تێدا نابێتەوە؟. دارمانەکەش لە چەند نووکە شۆقڵێکی زیاتری پێ دەوێ؟. بەو شێوەیە ئیتر نەکەس دیونی و نە کەس دەیانبینێتەوە. نەکەس بردوونی و نەکەس دەیانهێنێتەوە. ناشێ؟.. ئایا ئەمە ناشێ؟.

جافر وەك بەدەم قسەکانەوە دیمەنەکەی هێنابێتە بەرچاو، وەك بە دیارییەوە بێ و کتومت بیبینێ، دۆشداماو و دەم داچەقاو، چاوی بەسەر ئەمدا زەق بووبوونەوە. کەوتبووە بەر مەنگەنەی باوەڕکردن و نەکردنەوە. دەستاڕی گومان دەیهاڕی. ئەمیش لە بنەڕەتەوە لە قووڵاییی ناخیدا، رقی لەو بۆچوونەی خۆی دەبووەوە، لەو شێواوییەی جافر لە نێوان باوەڕکردن و نەکردندا پەست بوو.

ئەم خوازیار بوو لە وەڵامدا یەکسەر بڵێ: نا نەخێر.. وا نییە. بگرە بە توندیش بەرپەرچ بداتەوە. کەچی ئەوەتا دەیبینێ سەرکز و ترس لە دڵ و ڕاڕایە.

تەنانەت خەریکە دەڵێ: با.. دەشێ و گومانی تێدا نییە وایە. ئەها چۆن چاوی گێژوویژ بووە؟ ئەها چۆن ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و لێوەلەرەی پێ کەوتووە؟ ئەوەتا سەریش بادەدا و ناوچەوان گرژ دەکا. وا دیارە سەرزەنشتی خۆی دەکا کە بۆچی، ئەوەی بە بیردا نەهاتووە و نەچووە بیپشکنێ.

ئەم وەهای لێکدایەوە، کاتێ جافر لێی بە وەڵام هات و بەدەنگێکی زوڵاڵی گازندە ئامێزەوە وتی:

– نا نا.. ناشێ و زۆر دوورە ئەوە ڕووی دابێ. تکایە شتی وەها مەچەسپێنەرە مێشکتەوە.. خراپە.. زۆر خراپە و بۆت دەبێتە مایەی ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕ.

ئەم بەو وەڵامە، خۆشحاڵی و نائومێدی لەلا تێکەڵ بوون. بە جۆرێك لێی چرژانە ناو یەکترەوە کە لە ئاستیاندا، تووشی حاڵەتی شێوە حۆلییەك بوو.

وەك لەبەرخۆوە بدوێ وتییەوە:

– ئەی باشە دەبێ ئەو خەڵکە چییان بەسەر هاتبێ؟ ئاخر ئاسمان هەڵی لووشیون.. ئەرز قووتی داون.. یا چی؟.

– نەخێر براون.. براون و زۆری پێ ناچێ هەواڵیان دەزانرێ.

بەو قسەیە باسی بن کەند و کۆکوژییەکەی لێ کەلا کەوت. لایدا بەلای بردنەکەدا.

وتی:

– دەی وا وتمان براون.. بەڵام بۆ کوێ؟. بۆ ئەمیان رات بە چییە؟.

جافر لەسەری نەوەستا. یەکسەر وتی:

– بۆ ئەمیان مام فەتاح باشی بۆ چوو. ئێستا هەرچییەك بڵێین بێ سەمەرە. با وازی لێ بێنین بۆ کاتی خۆی.

ئەم وای زەن کرد کە تاقەتی قسەکردنی نەماوە. وتی:

– وا بزانم خەوت دێ.. ناهەقت نییە.

چاوەڕوانی وەڵامی ئەوی نەکرد. هەڵسا و گڵۆپی کوژاندەوە. گەڕایەوە سەر جێگەکەی و لەسەر پشت راکشا. چاوی لێکنان و ئەندامانی لەشی مت کردن. هەست و نەستی ورووژاوی هێور بوونەوە. بیر و هۆشی بە گڕ و کفی خەفەبوون. ئامادەی داخزانی ناو باوەشی شیرین خەوە و ناخەوێ. لە دوورێکی دوورەوە، تاڵە تررووسکەیەك، لەسەر پەردەی زەینی دەردەکەوێ. هێندە بە خێرایی واوە دێ، لە چاوتررووکانێکدا، تەواوی سەرپەردە داگیر دەکا. لە راکشانی سەر گازی پشتی هەڵدەپچڕێ و دەیخاتە سەرباری دانیشتن. گوێی بۆ سرتە و پرتەی جافر پێ هەڵدەخا. پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەویش نووستووە. زمانی لێ دەنێتە گۆ:

– نەخەوتوویت؟

– نەء.

نەئەکەی پێ خۆش بوو. نیشانەی بەمەرامگەیاندنی بوو. بیری بۆ داگیرساندنەوەی گڵۆپەکە چوو. نەیکرد و کەمەکە رووناکییەکەی گڵۆپەکەی حەوشەی پێ بەس بوو. دەتوت لە دڵدا وای پێ پەسندە، ئەو باسەی بە نیازە لێی بدوێ، لە دوو تۆیی تاریکی و رووناکیدا بێ. لەمیاندا دەری ببڕێ و لەویاندا بیشارێتەوە. بەبێ پێشەکی و لە دەرگەدان وتی:

– جافر.. لە بیرتە جارێکیان.. باسی ئەو کەسانەت بۆ کردم کە لە سێدارە دەدرێن؟. لە بیرتە وتت: لە کاتی لە سێدارەدانیاندا خۆیان پیس دەکەن؟.

جافر وەك پرسیارەکەی بەلاوە، زۆر بەبێ هۆ و بەبێ بۆنە بێ، سەرەتا بایەخی پێ نەدا و ئارەزووی وەڵامدانەوەی لەلا نەبزواند. بەڵام کە ئەم بە حیرسێکی تێکەڵ لە تکا

و پێداگرتنەوە دووپاتی کردەوە، ئەوسا وتی:

– ئا.. مەبەستت چییە؟.

– دەمەوێ بزانم بۆچی خۆیان پیس دەکەن؟.

– دوکتۆرێك لەگەڵماندا زیندانی بوو دەیوت: ئەو کەسە دەسەڵاتی بەسەر جەستەیدا نامێنێ.

– لە ساتی لە سێدارەدانەکەدا یا پێشتر؟.

– پێشتر کەی؟.

– پێشتر هەڵواسینی. یا کە هەنگاوی بۆ سەر سێدارە پێ دەنرێ. یا ئە ئاوا لەو کاتانەدا.

– ها؟.. نازانم.. بۆ ئەوەیان نازانم. ئێمە کە دەبراینە ژوورەوە، هەموو شت کۆتایی هاتبوو.

– ئێوە لاشەکانتان لە قەنارەکان دادەگرت؟.

– نا نەء.. ئێمە تەنیا بۆ پاککردنەوەی ژوورەکە لە پاشەڕۆکەکانیان دەبراین.

– ئێوە لاشەکانتان نەدەدی؟.

– نەء.

– ئەی کێ دایدەگرتن و دەیبردنە دەرەوە؟.

– دیارە ئەوانەی کە هەڵیان دەواسین.. جەللادەکان.

– پاکیان دەکردنەوە؟.. یا هەروا..

– نازانم.. بەڵام تۆ پێم بڵێ: ئەو باسەت لە چییەوە بە بیر هاتووەتەوە و مەبەستت چییە؟.

– ویستم بزانم ئایا ئەو خۆپیسکردنە لە ترساندا نییە؟.

– دەشبێ لە ترساندابێ.. بۆ نابێ. هەن بە سووکە ترسێك، میز بە خۆیاندا دەکەن، چ جایە ترسی مەرگ دەکا. تۆ هەر لە منداڵەوە تێی بڕوانە.. من بەشبەحاڵی خۆم، جارێکیان باوکم راوی نام لێم بدا. ڕام کردە باوەشی دایکمەوە و کۆشیم پڕ کرد لە میز. هەن بە گەورەییش دەیکەن.

– منداڵی شتێکە و گەورەیی شتێکی تر. من دەگەڕێمەوە سەر حاڵەتی لە سێدارەدانەکە: تۆ ئەگەر تووشی بوویت، چی لە خۆت چاوەڕوان دەکەیت؟.

– دڵنیا نیم.. ڕەنگە بیکەم، ڕەنگە نەء.

– گریمان کردت.. بەلاتەوە عەیبوعار نییە؟.

– جا من کە مردم، کردبم یا نەمکردبێ، چ دەربەست دەبم.

– ئەی ئەگەر نەمردبیت؟.

– سوبحان قسەکەت سەیرە، کەس هەیە لە سێدارە بدرێ و نەمرێ؟ لە سەردەمانی پێشوودا، قسەیەکی ساوێلکانە لەناو خەڵکی ڕەشۆکیدا باو بوو دەیوت: ئەگەر لە کاتی هەڵواسیندا پەتەکە پچڕا، ئیتر ئەو کەسە بەر لێبووردن دەکەوێ!. سەیر دەبێ تۆش ئەوەت لێ بووبێ بە ڕاست.

ئەم ئەو لاقرتێیەی پێ خۆش بوو. بۆی دەبووە فرسەتێك کە بتوانێ، وەڵامی (مەبەستت چییە)کەی ئەو لە حەشاردا بهێڵێتەوە و لێی دەرباز ببێ. خۆی گێل کرد و وتی:

– بۆ گوایە وا نییە؟.

ئەو کەوتە داوەوە. ئەوەشی زیاتر خستی حەزی خۆی بوو کە لەو بارەیەوە بدوێ و داخی دڵی هەڵبڕێژێ. دایە دەمی و وتی:

– نەخێر قەت.. ئەگەر ڕاست بووایە، دەبوو.. دەبوو هێن.. ناوەکەیم بۆ نایەتە بەر زەین.. وەزیرەکەی سەردەمی پاشایەتی کە دوای شۆڕشی تەمووزی پەنجا و هەشت لە سێدارە درا، دەبوو بەر ئەو لێبووردنە بکەوتایە. بیستوومە گوایە پەتەکەی پچڕاوە. دیارە دەبێ جەنابی جەللادەکەی، لە پێوانەکانیدا سەهووی فەرمووبێ. قەفی پەت و توندوتۆڵی و درێژییەکەی، لەگەڵ کێش و قەلافەتی کابرادا یەکسان نەبووە و پچڕاوە. ئینجا بەو پێیەی کە لە قەنارە هەر درا و مرێنرا. دەبێ پەتەکەیان بۆ گۆڕیبێ و هەڵیان واسیبێتەوە. هێندەی لە بەندیخانە لەبارەی لە سێدارەدانی ئوسوولییەوە بیستم. ئەگەر بەپێی ڕێنموێنییە تایبەتییەکانی بکرێ، هونەرێکە و وردەکاری خۆی هەیە. تۆ دەزانیت کاری کوشندە لە چیدایە؟. لە ساتەوەختی ژێر پێ بۆشکردن و تەکانی بەربوونەوەی لەشی زەلامەکەدایە. بەوە دەمودەست ڕایەڵی ناو بڕبڕەی پشتی، لە ئاستی گەردەملیدا دەقرتێ و بە دوایدا، هەناسە لە بەربڕانیشی دەچیتە پاڵ. لەبەرئەوە

جەللادی کارامە، دەبێ بۆ هەرکەسە و پەتی گونجاو لەگەڵ کێش و قەڵافەتیدا بەکار بێنی، تا کارەکەی بە باشی ئەنجام بدا. جەللادی بە پیشە جەللاد، لەسەر هەڵەکردن لەو ڕووەوە سزا دەدرێ، تەنانەت ماوەیەکی دیاریکراویش بۆ گیانسپاردنی لە سێدارەدراوەکە هەیە ئەگەر تێپەڕی کرد، جەللادەکە لێی بەرپرسیارە و لەسەر ئەوەش سزا دەدرێ، چونکە وا دادەنرێ کە هەڵەیەکی کردووە. لە سێدارەدانی ئوسولی دەبێ وابێ. بەڵام ئەقڵ دەیگرێ بۆ ژمارەیەکی پەنجا کەسی کە لە یەك شەودا هەڵواسرێن ئەوە بکرێ؟ ژمارەی لە سێدارەدراوەکانی هەر یەکێك لەو دوو جارەدا کە نۆرەی پاککردنەوەم هاتە سەر، وەك بیستم لەو دەوروبەرەدا بوو. قەنارەکان لە ژوورەکەدا چوار بوون بەڕیز لە بنەوەیدا لە باری درێژی. دیارە دەبێ هەر جارە و چوار بێننە ژوورەوە. ئامادەیان بکەن و سەریان بخەنە سەرەوە و شەتەکیان بدەن و پەت بچەسپێننە ملیان و ئیتر بدە بەدەمییەوە، تا دەگاتە ئەو ساتەی جەنابی دوکتۆر، یا ڕەنگە برینپێچێك و دوور نییە یەکێ لە جەللادەکان دەڵێ: مردووە، ئەمە چەندی پێ دەچێ؟. با بڵێین: نیو سەعات. واتە چوار قەنارە و پەنجا لاشە بۆ هەڵواسین و بە دووازدە کەڕەت، دەکاتە خەریکبوونی چوار جەللاد و دۆمان و شاگرد و بەردەست و کێ و کێیان، بۆ ماوەی شەش سەعاتی ڕەبەق. یانی لە سەعات دووازدە بۆ شەشی بەیانی. جا کە مەسەلە ئاوەهابێ، چ جەللادێك دەیپرژێتە سەر پەیڕەوکردنی ئەو ڕێنوێنییانە؟. من لەو باوەڕەدام ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو جەللادانە بهێنرێنە زمان، کارەساتی ئەوتۆ دەگێڕنەوە کە مووچڕکە بە لەشدا بێنن. سوبحان.. ئەوەی نەکەوێتە بەردەستیان، ناتوانی بیهێنێتە بەر زەین کە ئەوانە چ دڕندەیەکن. ئەوانە لەوەکەی ناو دارستان دڕندەترن. ئەوەی ناو دارستان کاتێ برسێتی زۆری بۆ دێنێ، مل بە نێچیرێکەوە دەنێ و ئیتر، تا نۆرەی برسێتی داهاتوو پاڵ دەداتەوە. کەچی ئەوانە بەردەوام لە یەکبینا، هەر دەخۆن و تێر نابن.. هەر دەخۆن و تێر نابن سوبحان بە خەبەریت؟.

ئەم بە جۆرێ گوێبیستی بووبوو، کە دەتوت هەقایەتێکی ئەفسانەیی گوێئاگردانی بۆ دەگێڕێتەوە. تەنانەت وەها سڕ بووبوو. کە دوای دووبارەکردنەوەی پرسیارەکە، ئینجا وتی:

– ئا، بەڵێ.. ئا بە خەبەرم و بە دڵ گوێم لێ گرتبوویت. بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێ، قسەکانت بۆ من تۆقێنەرن. دەی کەوابێ من لە دەربڕینی، ترسی کۆمەڵکوژییەکەدا ناهەقم بوو؟. ئاخر خۆ منیش کەمەکێ لە دڕندەیەتییەکەیان ئاگەدارم.

جافر ڕاستەوخۆ وەڵامی نەدایەوە، جەستەی هەڵکشاند و پاڵی دایەوە. دەستە ساغەکەی بەملا و بەولادا گێڕا و وتی:

– پاکەتەکەم دیار نییە.. جگەرەیەکم بۆ داگیرسێنە.

– ئەم وا بۆی چوو کە جگە لە حەزی جگەرەکێشان، دەیەوێ بەر لە وەڵامدانەوە پشوویەکیش بدا. دوو جگەرەی ئاگر دا و لەسەر قەرەوێڵەکەوە، یەکێکیانی بۆ ڕەت کرد. دوای دوو سێ مژی قووڵ، وتی:

– ڕاست دەکەیت.. قسەکانم ئەو مانایە دەدەن. بەڵام حەز دەکەم جیای بکەیتەوە، کە ئەوە منی جەزرەبەلێدراوی مارانگازم دەیانکەم... منێك مەگەر تەنیا خۆم بزانم، بە چ دەردێکیان بردم و تووشی تلانەوەیان بە چ زووخاوێکەوە کردم. من لە دەردەدڵی لەوەبەرمەوە ئەو قسانەم کرد، نەك سەبارەت بە بەسەرهاتی ئێستامان.

ئەم بەو دووعایەی نەوت ئامین. بەڵام بۆ پارسەنگ وتی:

– ناهەقت نییە.. وا بزانم برینم کولاندیتەوە.

– نا وای تێ مەگە.. بێ لەوەش من بەردەوام، لەگەڵ خۆمدا ئەوە حاڵمە. شتێك نییە لەبیر بچێتەوە. وەرە تۆ خۆت زیندانی بیت و بەو عەزابەوە بتلێیتەوە، کەچی بتبەن ژووری لە سێدارەدانیشت پێ پاك بکەنەوە. ڕاستە لەبیرچوونەوە کارێکی سروشتییە و ئەگەر نەبووایە ستەم بوو مرۆڤ بتوانێ ژیان بەسەر بەرێ، بەڵام حاڵەتی وەها چۆن لە بیر دەچێتەوە؟ ئەگەر هەموو شتیش وەك ئاو خواردنەوەیەك لە بیر بچوایەتەوە، دیسان ستەم بوو مرۆڤ بتوانێ وەك مرۆڤ ژیان بەسەر بەرێ. ئەگەر بکرایە، هەر بە ئاژەڵی دەمایەوە. ئێستا با لەم قسانە گەڕێین.. ئاخۆ سەعات بووبێ بە چەند؟.

– بۆ چیتە؟.

– ها؟.. هیچ.. هیچ.. هەرچەندێکە با ببێ. خووگرتنە بە پرسیارەکەوە و هیچی تر.. دەنا بۆ چیمە؟.

– ئازاری قۆڵت لە چیدایە؟.

– نەیجووڵێنم کپە. بەڵام لەگەڵ جووڵاندندا دەزریکێنێ.

– دەکەوابوو نەشکاوە. بشکایە بەردەوام دەیزریکاند. هەوڵیش بدە بخەویت. خەوتن دەتحەوێنێتەوە. مێشك و دڵ دەروون و قۆڵیشت دەحەوێنێتەوە.

جافر وەك قسەكەی ئەمی، لە شێوەی ئامۆژگاریی دوكتۆرێكدا وەرگرتبێ، جگەرەكەی كوژاندەوە و جەستەی داكشاندەوە سەر جێگە. بۆ دۆزینەوەی باری گونجاو خەوتن، بەچەشنی مریشكی ناوكولانە، چەندان جار تاووتوێی بە جۆری راكشانەكە كرد. تا لە ئەنجامدا خەو لەسەر بارێكیان، ئۆقرەی پێ گرت و خپی كرد.

***

ئەم بەدوای جافردا، هەوڵی خۆخەواندنی دا و بێ سوود بوو. دەیویست بیر و هۆشی تەفربدا.. بە باسوخوازی هەمەچەشنەوەی خەریك دەكردن و بۆی نەدەچووە سەر. داوی بۆ دەنانەوە و لە دوور دانی بۆ ڕۆ دەكردن. دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە ئارامی و ئاسوودەیی نیشان دەدان. بەڵام هەموو تەقەلاكانی پووچ دەبوونەوە. تەنانەت ئەگەر ڕاپێچی ئەوپەڕی دنیاشی بكردنایە، لە چاوترووكانێكدا دەهاتنە سەر بای بەڕێ.. سەر حاجی سوبحان، كەسوكار، دایك وباوك، غوربەت و بنار و چنار و لە زەینیدا، بەڕست پرسیاری دەكرد و بە مەزەنە، جۆرەها وەڵامی دەدایەوە. بگرە هەموو جار، ئەنجامی پرسیاری زەین و وەڵامی مەزەنەی، بە وێنەی زەقی لە شێوەی شریتی سینەمادا دەشكاندەوە. ئەوەتا بە دیارەوەیە و زەق زەق دەیبینێ.. ″ غوربەت لە هەیوانەكەدایە. خەریكی گسكدانە. دەنگەدەنگێكی دێتە بەرگوێ دەردەپەڕێتە ناو حەوشەكە و بە ئاگا دێ. سەرباز و جاشن و دادەبەزنە ناو دێوە. دەتۆقێ و رادەكاتە ژوورەوە. بنار و چنار هێشتا لە خەودان. پڕیان پێدا دەكا و هەریەكەیان دێنێتە بن باڵێكی. رایان دەفڕێنێتە ماڵی باوكم. ئەوانیش لە حەوشەكەدا راوەستاون و سەراسیمەن. لێیان بە ماڵ دەكەون و دەیاندەنە پێش. لەگەڵ خەڵكەكەدا ڕاپێچی دەرەوەی گوندیان دەكەن. گوند بە بەرچاویانەوە تالان دەكرێ. بە بەرچاویشیانەوە، ئاگر لە ماڵ بە ماڵی بەردەدرێ. ئینجا خەڵكەكەش دەبرێن.. دایكم و باوكم.. غوربەت و بنار و چناریش دەبرێن. دەبرێن بۆ.. كوێ؟ ئاخر بۆ كوێ؟ ئاخر ئەمەیە كە دەمپڕووكێنێ. مێشكم دەكرۆژێ و جگەرم ئاگر دەدا. وا گوند تالان كرا، بەڵێ. وا سووتێنرا و كاول بوو. ئەی باشە ئێوە غوربەت، ئێوە كوان؟ ئێوە بۆ كوێ چوون؟ ئێوە چیتان بەسەر هێنرا؟″

پرسیاری سەختی بێ وەڵام، سرەوتی لەبەر هەڵگرت. تەكانی دا لە قەرەوێڵەكە دابەزێ و جیرەیەكی توندی لێ بەرز بووەوە. خەمی بە خەبەر نەهێنانی جافر متی كرد. كە دڵنیا بوو لە شیرین خەودایە، بە شێنەیی دابەزی و كەوتە سەرپێ. نەیدەزانی

چی بکا. ماوەیەك رووەو پەنجەرەکە، بێ ورتە و جووڵە راوەستا. بە دوایدا سەرنجی داخزایە سەر دەموچاوی جافر. کزە ڕووناکییەکەی گڵۆپەکەی حەوشە، سەروسیمای بە روونی لێ دەخستە بەر دیدە. سەروسیما ئەگەرچی، توێژێکی ئەستووری ئەشکەنجەی دوو سێ رۆژی پێشووی بەسەردا داکشابوو، بەڵام هێشتا ئەو جوان و ڕەونەقدارەی جاران بوو، کە ئەمیش و حەمۆلیش لە ساڵانی هەرزەکارییەوە، بەلاقرتێی هاوڕێیەتی گیانی بەگیانییەوە، بەغیلییان پێ دەبرد.

بە ئەسپایی پاشووی نیشاندەوە سەر قەراغی قەرەوێڵەکە. لاونیو رووەو جافر دانیشت. بینایی وەها بەسەریدا چەسپاند، دەتوت دوای ساڵانێکی دوور و درێژی لەیەکدابڕان دەیبینێتەوە. سەرباری حاڵی شڕشڕی خۆی، خەمی ئەویش دڵی دەپرواند. وتی: "جافر.. رەنگە هەناوی تۆ پرتر بێ لە زووخاو. رەنگە ئەشکەنجەت بڕندەتر بێ!. تۆش دەبوو ئێستا کەلوپەلەکەت کڕیبوونایە. دەبوو سبەی بمانبردنایەتەوە بۆ حاجی سوبحانەکەی لەمەڕ (مینا)کەت. ئا.. دەبوو ئێستا خەو بە شەوی زاوایەتی و لە ئامێزگرتنییەوە ببینیت. وەرە دوای ئەو هەموو عەزابنۆشینەی ساڵانی چاوەڕوانی، چەند ڕۆژێکی مابێ بە مەرام بگەیت و کەچی... ".

قوڵپی گریانێکی قەتیس، بەری گەرووی لێ تەنی. بینایی لە جافر لادا. وەرگەڕا و هەڵکشایە سەر قەرەوێڵەکە. پەنای بردەوە بەر جگەرە. بەدەم مژلێدانییەوە چووەوە بۆ حاجی سوبحان: ".. غوربەت لە حەوشەکەدایە. مەشکەی دابەستووە و دەیژەنێ. بەرخەکانی نەکردووەتە ناو بەرخەڵ. غوربەت بۆ نەتکردوون؟.. وەڵا سوبحان ئەمڕۆ وام پێ باش بوو. حەزم لێ بوو لە بەرچاوم بن وتم با بنار و چناریش پێیانەوە خەریك بن. ئا وایە.. ئەوەتا بەدەم کارەکەیەوە، سەیریان دەکا و دەتریقێتەوە.. لە خۆشی گەمەی پێنج بەرخەکەی دەتریقێتەوە. بەڵام بنار تێکی دەدا. شۆقشۆقێنیان لەگەڵدا دەکا. دەترسێ، ئازاری بدەن. دەم هەڵدێنێتەوە بڵێ: بنار وا مەکە قسەکە لە قورگیدا دەتاسێ. دەستی بە مەشکەکەوە وشك دەبێ. تا لە ناکاوێکدا دەستی لێ بەردەدا. بە پرتاو قەڵەمبازد دەداتە لای منداڵەکان. لە باوەشیان دەگرێ و ڕایان دەفڕێنێتە ماڵی باوکم. باوکم بە هەڵەداوان بەرەو ڕووی دێ و بناری لێ وەردەگرێ. هاوار لە غوربەت و دایکم دەکا دوای بکەون. بەخێرایی ڕووەو سەرچەم شۆڕ دەبنەوە. خەڵکەکەش بەدوایاندا. پێ لە ئاوایی نابەنە دەر و بارانی گوللە، دەیانگێڕێتەوە ناو گوند. سەرباز و جاش بەسەریاندا دادەڕژێن. وەك گەلەگورگ تێیان بەردەبن. ڕاپێچی دەرەوەی گوندیان

دەکەن و مۆڵیان دەدەن. دەچنە وێزەی خانوو بە خانووی ئاوایی. ئەوەی سووك و گرانبەهایە، دەدرێ بە کۆڵدا و دەبرێ. ئینجا ئاگر بەردەدرێتە یەك بەیەکیان. ئێستا گوندە و لەولاوە گڕی ئاگری بە ڕووی ئاسماندا هەڵدەپژێ. ئەمەش خەڵکەکەیەتی لەملاوە، بە مۆڵی ڕاپێچ دەکرێن. بەڵام ئاخر چۆن و بۆ کوێ؟. چۆن ڕاپێچ کراون و بۆ بران؟ ئاخر خۆ من ئێستا هیچم ناوێ نا. سامان تالآن کرا، کرا. مولْك و ماڵ سووتێنرا و لە دەست چوو، چوو. لانەی باو و باپیران کاول بوو، بوو. بەڵام ئەی ئاخر غوربەت، ئەی بنارو چنار!.. ئەی دایك و باوك و کەسوکار و خەڵکەکە کوان؟ لە کوێن؟ چییان بەسەرهێنرا؟".

هۆشی بەلای جیرەی قەرەوێڵە و لە خەوکردن و نەکردنی جافرەوە نەمابوو. وەك ئاگرێك کتوپڕ لە هەناویدا کڵپەی سەندبێ، هەڵبەزییەوە و سەر قەرەوێڵەی جێ هێشت. وەها بەرەو دەرگەی ژوور تەکانی دا. کە دەتوت هەوای تێدا نەماوە و خەریکە هەناسەی لەبەر دەبڕێ. تا ئەو ساتەش کە دەسکی دەرگەی لە مشت گرت، هێشتا جافر بێ ئاگا بوو. بەڵام کە کردییەوە و زیکەیەکی توندی لێوە هات، وریا بووەوە و خۆی مت کرد. لای کردەوە بەلایدا تێی ڕوانی. کە سەیری کرد بێ ورتە و جووڵەیە، دڵی حەوایەوە و هێور بووەوە. چووە دەرەوە و دەرگەی بە ئەسپایی پێوەدایەوە. لە پێش دەمی هەیواندا ڕاوەستا. سووکە شەماڵێك دەیدا، لە چڵە پۆپەکانی پیرە دارتووەکە و دەیلەرزاندن. بەلایاندا بینایی بەرەو ئاسمان سەرخست. تارماییی چەند پەڵە هەورێکی خاوی پێوە بینین. سەرنجی دا کەنارەکانی ڕووەو خۆرەلاتیان سپی دەچنەوە. مەزەنەی کرد کە کات ڕوو لە سپێدەدانە.. سپێدەدانیش بۆ ئەم، مانای بەرەبەیانەکان و.. لەخەوڕابوونەکان و.. غوربەتەکە و.. جەوەلانەکانی ناو جێگە گەرموگوڕ و نەرمونیانەکەی.. لەمەڕ حاجی سوبحانەکەی جاری جارانە.

بیر و هۆش و هەست و نەستی بەشێوەیەك لێی ورووژان، کە دیمەنەکان لە زەینیدا تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون و تێك دەچرژان ".. غوربەت لەناو جێگەدایە. لەسەر گازی پشت ڕاکشاوە. بزەیەکی گەشی تێکەڵ لە شادمانی و شانازی، بەسەر لێویەوە دەدرەوشێتەوە. بە ساتەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی پێشوودا دەچێتەوە.... غوربەت لە کانی دەگەڕێتەوە. بناری لای دایکم جێ هێشتووە و چناری بردەوە. لەگەڵ (مینا)دا پێکەوە دەگەڕێنەوە.... ئەم چاوانی کردوونەتە کامێرا. وێنەی یەك بەیەکی ئەندامانی لەشی دەگرێ. دەڵێی قەت نەیدیوە!.... لە غوربەت لاقرتێ و لە مینا تریقانەوە. باسیان لە

زەماوەند و شەوی بووکێنییەکەیەتی.... قژێکی خاوی خورمایی.... هێی.. لە کوێت؟.. دەڵێی قەت نەتدیوم؟. – با.. هەزار جار.. بەڵام..– چووم خۆم لە ئاوی جوانی هەڵکێشا. کچێ.... «کچێ نەترسیت».. غوربەت ئامۆژگاریی مینا دەکا. مینا دەخنێتەوە. نزیك ماڵەوە بوونەتەوە. لەوەدان لە یەکتر جودا ببنەوە. غوربەت دەبینێ و زارەترەك دەبێ. میناش. دەبە ئاوەکانی سەر شانیان فڕێ دەدەن.

غوربەت پڕ دەکا بە چناردا. بە هەڵەداوان بەرەو ماڵەوە ڕادەکەن. دایکم بناری بەسەر سنگەوەیە. لەگەڵ باوکمدا لە حەوشەکەدا دۆش داماون. ئەوە دەستەیەك سەرباز و جاشن هەڵدەکوتنە ناو ماڵ. پەلکێشی دەرەوەی ماڵ و لەگەڵ خەڵکەکەدا دەرەوەی گوندیان دەکەن. بە بەرچاویانەوە ماڵان تاڵان دەکرێن. خانوو بە خانوو ئاگریان تێ بەردەدرێ. ئینجا هەموویان ڕاپێچی.. ڕاپێچی کوێ.. ئاخر کوێ؟. ".

# بەشی دووەم

## ١

ئێستا ئەم و جافر لە ژوورەکەدا، وەك دوو زەرنەقووتەن و بەردەوام لە باتیی دەم بۆ خواردن، گوێ داچەقاوی هەواڵن. لەو ساتەوەی هەرکام لە ئەندامانی خێزان و بەتایبەتی کامەران و شادمان، پێ لە ماڵ دەباتە دەر و تا دەگەڕێتەوە، ئەمان دەڵێی لەسەر ئاگر دانیشتوون. لەگەڵ هەر تەقەوڕەقەیەکی دەرگەی حەوشەکەدا، مل قوت دەکەنەوە و گوێقولاغ دەبن. ڕادەپەڕنە بەر پەنجەرەکە و هەڵدەڕوانن. بە پەرۆشەوە هیوا دەخوازن، هەواڵێك خۆی بە ماڵدا بکا.. هەر هەواڵێك، بەڵام کاتێ ڕووبەڕووی هەگبەی بەتاڵ دەبنەوە، وەك دوو هەمانەی فشی پواویان لێ دێ یا دوو سیپاڵی فڕێدراوی پاڵ دیوارێك. یا دوو جەستەی مردەلۆخی بێ حەوسەڵەی ئەوتۆ، کە ئیتر تا ساتی تەقەوڕەقەی داهاتوو، دیارترین نیشانەی چالاکی و جموجووڵیان، فیشکەفیشکی جگەرەکێشانیان دەبێ.

کامەران یەکەمین هەواڵی دڵخۆشکەری پێ ڕاگەیاندن. ئەو لە چوونە دەرەوە و گەڕانەوەیدا، کات و ساتی دیاریکراوی بۆ نەبوو. جاری وا دەبوو شەو و ڕۆژ و دوو شەو و دوو ڕۆژ، پێی لە ماڵ نەدەبردە دەر. وایشی تێ دەکەوت ئەو ڕۆیشتنەی دەڕۆیشت، دوو شەو و دوو ڕۆژ زیاتریش نەدەهاتەوە. ئەمان لە ڕۆژانێکی لەوەبەرترەوە، بەوەیان دەزانی و ئاگەداربوون، بۆچی و بەهۆی چییەوەیە. بەڵام بۆ ئێستایان بە ئاواتەوە بوون وا نەکا. بە حەزرەتەوە بوون، پێیەکی لە دەرەوەبێ و پێیەکی لە هەیوان و ژوورەکەی ئەماندا. تا هەرچی هەیە، بە چاك یا بە خراپ، سەعات سەعات پێیانی ڕایگەیەنێ.

کامەران وەك لە دڵیاندابێ، بەیانییەکەی کە زۆر زووتر لە ڕۆژانی پێشووی چووە دەرەوە، تا ئەو کاتەی هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندن، بەپێی ئارەزووی ئەمانی کرد. لە حەوت و نیودا چووە دەرەوە و لە دە و نیودا گەڕایەوە. چارەکە سەعاتێ دانیشت و چووەوە و لە یەکدا گەڕایەوە. نانی نیوەڕۆی لەگەڵدا خواردن. پشوویەکی دا و ڕۆیشتەوە

و لە چوار و نیودا. بە خۆی و هەواڵەکەوە دەم بەخەندە گەڕایەوە وتی:

– دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ، چەند زیلێکی پڕ لە خاو و خێزان، هێنراونەتە ناو شار..

ئەم ئۆقرەی نەگرت تا ئەو قسەکە تەواو دەکا. وەك لەو ساتەدا وای لە زەین گەڕابێ، کە هەبێ و نەبێ ئەوانە خەڵکەکەی لەمەڕ خۆیین، بە عەزرەتەوە وتی:

– کێن؟.. خەڵکی کوێن؟.. نەیانوت؟.

کامەران لەسەرخۆ وتی:

– نەء.. بەڵام وا ناردوومە سۆراغ بکەن.

– کێت نارد؟.. کەی دێتەوە؟.

ئەم خۆی بۆ دابین نەدەکرا. ئەو بەسۆزەوە سەیری دەکرد و سەرنجێکی بە مەغزاشی لە جافر گرت. جافر لە مەرامی حاڵی بوو، وتی:

– سوبحان پەلە مەکە. ئەوە سەرەداوێکی باشە. هەرکێ و خەڵکی هەر کوێ بن، نیشانەیە بۆ سەرهەڵدانی خەڵکەکەی تریش.

کامەران سەلماندی:

– قسەیەکی بەجێیە.

ئەم ساکارانە وتی:

– یانی هەموویان دێننە ناو شار؟.

جافر بە وەڵام نەهات. کامەرانیش تەنیا وتی:

– دەچمەوە بەلای تاقیبکردنی هەواڵەکەوە. هەر هێندەی ئەنجامێکم دەستگیر بوو دێمەوە.

ئەم ئەوەندە بە هەواڵەکە و بۆچوونەکەی جافر دڵخۆش بوو، کە هێنانی خەڵکەکەی بۆ ناو شار، لێ بووە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر. دوای ڕۆیشتنی کامەران، خەمخۆرانە وتی:

– باشە ئاخر.. جێی ئەو هەموو خەڵکە، لەناو شاردا چۆن دەکەنەوە؟.

جافر زانی کە خراپی تێ گەیشتووە، وتی:

– من وام مەبەست نەبوو.

– ئەی چی؟.

– مـن ویستم بڵێم: ئـەوە نیشانـەی سەلامـەتییـانـە. ئیـنجـا ڕەنگیشە بیـانـهێنن لـە شوێنێکی نزیك شاردا، یا لە هـەر شوێنێك لە ناوچەکەدا، ئۆردووگایان بۆ بکەنەوە و جێگیریان بکەن.

– دەیجا ئێمە چیمان دەوێ؟ گوند کاول کراوە.. ماڵ و موڵکە لە دەست چووە. مـاومـانـە هـیـوای سەر سەلامــەتـی. مـن خـوا دەکـا سەریـانم بـە سەلامـەتـی دەست دەکەوێتەوە، ئیتر هیچم ناوێ.. هیچ.

تا ئەو ساتەی ئێوارە درەنگوەختێك کامەران گەڕایەوە، ئەمان ژانی چاوەڕوانکردن دڵی دەپرواندن. بە بێهوودە بە ژوورەکەدا دەخولانەوە . خولانەوەیان تەشەنەی دەسەند بۆ ناو هەیوان و حەوشەش. کەمتر یەکتریان دەدواند وەك لەخۆ.. کێشانی جگەرە بەدەم چرەدووکەڵیانەوە خۆدواندن: "ئا.. دەبێ وابێ.. دەیانهێنن لە ئۆردووگادا نیشتەجێیان دەکەن. ئا دیارە.. نایانەوێ وەك دێهات و دێهاتی بمێنن. خۆش نییە.. من.. ئاخر من بۆچی!.. دەی ئێستا ئەوە نا.. ئەوە واز لێ بێنە.. سەریان. تەنیا سەریان سەلامەت بێ و پێیان شاد ببمەوە، ئیتر هیچم ناوێ.. هیچ.. هەر هیچ.. ". ئینجاش کە گەڕایەوە لە بریی مژدە، زووخاوی هیوابڕانی پێ بوو. ئەو خۆیشی بە ڕەنگوڕوویەکەوە کە پەژارەی لێ دەباری، پێی نایە ناو ژوور و بە دەروونێکی پڕاوپڕ لە خەم و خەفەتەوە بەرامبەریان ڕاوەستـا. بـوون بـە سێکـوچکـەیـەکی هـەست و نـەست هـەژاوی ورووژاو. کـامـەران بەدەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە وتی:

– بەداخەوە.. شەوەکەی لە حامییە بوون و بەیانی زوو، سوار کراونەتەوە و براون.

ئەم زمانی چووە کلیلە. جافر وتی:

– بۆ کوێ؟.

– زۆرمان هەوڵ دا بزانین.. بێ ئەنجام بوو.

– نەشزانرا خەڵکی چ لایەك بوون؟.

– نەء.

ئەمان وەها کڕوکاس بوون کە دەتوت، خۆڵی مردوویان بەسەردا کراوە. کامەران

بەنیازی گەشانەوەی هیوا لە دڵیاندا وتی:

– تەقەلای ترمان زۆر داوە. لە گەڵێ لاوە خەریکین. شالاوەکە هێجگار بەرینە. بەدەیان هەزاری گرتووەتەوە. تکایە بە سەبر بن. هەواڵیان هەر دەگا.

ئەم زمانی لە ئاستی ئەو قسەیە بەربوو. بە ڕوویەکی گرژەوە وتی:

– ئەگەر هەواڵ وەها بگا، نەگا باشترە. چەند دڵمان پێ خۆش کرد، وا دە ئەوەندە زووخاوی پێ نۆشین.

کامەران لێی بێدەنگ بوو. جافر بۆ پاساودانەوە وتی:

– ئێستا ئێمە ئێوەمان هەن، لە ئێوە بەولاوە کێی تر هەیە هەوڵمان بۆ بدا و ئەنجامێکمان دەستگیر بخا؟. خۆ من بەلامەوە ئاساییە، هەر ئێستا ملی پێوە بنێم و بچم بۆ تاقیبکردن. بەڵام ئێوە وای بەپەسند دەزانن وازی لێ بێنین بۆ خۆتان.

کامەران لە مەبەستی تێ گەیشت. نەرم و هێمن لە وەڵامیدا وتی:

– کاکە جافر.. ئێوە ئاگەدارن چ جەبەزرەیەکی کاریگەرمان لێ دراوە. ئێمە لە ڕووی سەربازییەوە داغان کراوین.. ئەوە ڕاستە.. بەڵام وەکی تر هێشتا هێندەمان بە بەرەوە ماوە کە...

لەو ساتەدا لە دەرگەی حەوشە درا. ئەو وەختە دنیا تاریک بووبوو. کەسێکی خێزان لە دەرەوە نەمابوو، چاوەڕێی هاتنەوەی بکرێ. بۆ ئەمان لە دەرگەدانێکی لە ناوەخت بوو. ملیان قوت کردەوە و گوێقولاغ بوون. لە کاتێکدا کامەران وەك پێشتر ئاگەدار بێ، ئاسایی هەڵسا و بەدەم بەپیرەوەچوونەوە، قسەکەی تەواوکرد و وتی:

– دەستمان بڕوا و شتمان پێ بکرێ.

زۆری نەبرد ئەم و جافر، گوێقولاغییان لێ بووە واقوڕمان. کامەران حەمۆلی دابووە پێش خۆی و وەك میوانێکی ئازیز، بە دەم فەرموو لێکردنێکی بە جۆشوخرۆشەوە کردی بە ژووردا. هەردوو لا دەمودەست، کەوتنە ناو گێژەنی حاڵەتێکی تێکەڵ لە جۆرەها هەست و خوستی تێکچڕژاوی ئاڵۆز و دژوارەوە. کامەران لە درێژەی سەربردەیان ئاگەدار بوو. سوور دەیزانی پێکەوە دانانی حەمۆل و جافر لە ژوورێکدا، کاری نەکردەیە و ئەوەتا کردی. کامەران بۆچی؟ کامەران تۆ دەزانیت ئەوان شیر و تیر لە یەکتر دەسوون.. ئیتر چۆن وا دەکەیت؟ ئەم هەرچەندی هێنا و برد، سەری بۆ لێ

دەرنەکرا. خۆی ترنجاندە مەڵاسی حەپەسان و چاوەڕوانیی ئەنجامەوە.

حەمۆل سڵاوی نەکرد تا بزانرێ، ئایا ئەمان وەڵام دەدەنەوە یا نا!. تەنانەت خۆی لە حاڵەتە نا ئاساییەکەش نەبان کرد. کلاشینکۆفەکەی لە شانی داگرت. بە بێزارییەوە وەك نەفرەتی لێ بکا، تووڕی دایە پاڵ دیوار. ڕەختەی لە کەمەری کردەوە و بەهەمان شێوە، هاوێشتییە سەری. پێڵاوی داکەند و لە تەنیشتییانەوە جووت داینان. کڵاوو جامانەکەی لەسەری داگرتن. چوو خستنییە سەر کەنارێکی قەنەفەکە. لەوێدا پشت لەمان، پشتێنیشی لە قەدی کردەوە و داینایە سەر کڵاو و جامانەکەی. وەها هەڵسوکەوتی دەکرد، وەك ژوورەکە کەسی تری تێدا نەبێ. تەنانەت ئەمان و لەگەڵیاندا کامەرانیش، تەنیا بەسەرسوڕمانەوە سەرنجیان دەدایە!. دەتوت دیمەنێکی نمایشکراو دەبینن و ئەویش ئەوەتا لەسەری بەردەوامە. وەردەچەرخێ و لە شوێنی خۆی دادەنیشێ. پاڵ دەدا بە قەنەفەکەوە و قاچ ڕادەکێشێ. بنی پێی ڕووەو جافرە. هێشتا ناڕوانێتە کەسیان. دەست دەبا پاکەت و شقارتە لە گیرفانی دەردێنێ و خەریکی جگەرە ئاگردانە. ئەم جافر دەبینێ و سەیری بنی پێی دەکا. چاوی لێیە ڕووی ترشوتاڵە. دەزانێ و وای دادەنێ کە ئەو کردەوەیەی حەمۆل بە ئەنقەستدە. بەڵام ئەم دڵنیا نییە وەها بێ. وای بۆ دەچێ کە ڕەنگە ماندوویێتی بێ. یا بەبێ غەرەز. بەڵام بەوەی باشە کە حەمۆل یەکلایی دەکاتەوە.. پێی هەڵدەکێشێ دەچێتە سەرباری چوار مەشقی. بەملا و بەولایدا هەڵدەڕوانێ. تەپڵەکە جگەرەیەك لە نزیکییەوە دەبینێ و ڕای دەکێشێتە بەردەمی. هێندە قووڵ و بە حیرسەوە بینی مژ بە جگەرەکەیەوە دەگرێ. دەڵێی دەیەوێ هەناوی خۆی قانگ بدا و دووکەڵکوژ ببێ. چڕەدووکەڵی دەردراو لە دەم و کونە لووتییەوە، بە فریای دەکەوت و پەردەیەکی بە دەوری سەروسیمایدا دەگێڕا. دەنا چاوی پڕ لە فرمێسکی قەتیس و قورگی پڕ لە قوڵپی گریانی خنکاوی، لە حەشاردا (حەشار لەوان نەك لەم) نەدەمایەوە.

ئەم بیرێکی خێرای لە پەیدابوونە چاوەڕواننەکراوەکەی حەمۆل کردەوە. کە هیچ ئەنجامێکی بۆ بەگیر نەهات، وازی لێ هێنا بۆ دەمودووی خۆی و بۆ ئەوەی لە پەنهانیدایە. مەبەستی بوو بزانێ جافر بە ڕوو چی دەڵێ؟. جافر خۆی لە کەنار خستبوو. وەك بیەوێ وا  نیشان بدا، کە حەمۆل لەلای ئەو لە ژوورەکەدا بوونی نییە، لەسەر جێگەکەی ڕووەو پەنجەرەکە، پاڵی دابووەوە و دەیڕوانییە دەرەوە. کامەران کە بە درێژاییی ئەو ماوەیە هێشتا بەسەر پێوە بوو، وەك لە هەموو ئەو هەراوهوریا ژێرەوژێرە

بێ خەبەربێ، هێمن و لەسەرخۆ بەرامبەر حەمۆل دانیشت و لێی پرسی:

– لە کوێوە؟.

بەڵام ئەو وەك گازندەیەکی بە جەخاری لە بەرامبەریدا لە دڵدابێ و ڕوو لە تەقینەوە بێ، بە کپە غەزەبێکەوە وتی:

– دەبێ لە کوێوە بێ؟ لە دۆزەخەوە.

ئەم سەرنجی دا کامەران بەو وەڵامە تەنگەتاو بوو. بە تیلەیەکی پڕ لە پەشۆکاوی، بینایی لە نێوان ئەم و جافردا هێنا و برد. وەك نەزانێ بەچی ئەو شڵەژانەی دابپۆشێ، هەڵسا و پەنای بردە بەر جێهێشتنی ژوورەکە. وای نیشان دا کە بۆ کارێکی پێویستە. بەڵام ئەو وای بۆ چوو کە نەء.. بۆ پشوودان و دەربازبوونە. کاتێ گەڕایەوە بە ڕوویەکی گەشەوە، دەستی دایە پەلی حەمۆل و بەدەم ڕاکێشانییەوە تا بیخاتە سەرپێ وتی:

– تۆ جارێ هەڵسە بچۆ، دەموچاو و قاچوقولت بشۆ، ئەوسا بە شێنەیی بۆمان بدوێ.

حەمۆل بێ چەندوچۆن، هەڵسا و پەل بە پەلی کامەرانەوە، لە ژوور بەدەرکەوت و دەنگیان نەما. جافر فرسەتی هێنا. داخی دڵی دەربڕی و وتی:

– دەفەرموو.. مار حەزی لە سیر نەبوو. کەچی...

ئەم هێشتا سەرسام بوو. گوێی بە قسەکەی جافر نەدا. لە خولیای مەتەڵەکەی حەمۆلدا بوو. بە هیوا بوو لە هاتنەوەیدا، لە زاری خۆی ببیسێ. بەڵام ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشت، گەڕانەوە نەبوو. کامەرانیش دوای ماوەیەکی ئەوتۆ کە بەشی دە جار دەموچاو شووشتنی خۆی و ئەویشی دەکرد، ئینجا پەیدا بووەوە و کەمتەرخەمانە، بە سووکە گلەییەکەوە وتی:

– بردمە ژوورێکی سەرەوە. با لەوێ بخەوێ و بحەوێتەوە. ئێوە پێشوازییەکی خراپتان لێ کرد. من دەزانم چارەیتان ناوێ و دەیبوغزێنن. بەڵام بەڕای من زوڵمی لێ دەکەن. ئەو یەکەم: هاوڕێی تەمەنتانە و ئەوەش ئەجری تایبەتیی خۆی هەیە. دووەمیش: کابرا ئەو جاشە نییە بیهێنێ هێندە بیبوغزێنن. بگرە پیاوێکی بێ وەیە و سوودی هەیە و زیانی نییە.

جافر گاڵتەی پێ هات. زەردەیەکی بێزهاتنەوەی خستە سەر لێوانی. وەك دڵنیا بێ

کە ئەم بۆی دەسەلمێنێ، بە دەمییەوە لای کردەوە بە لایدا. هێشتاش ڕوو لەم بوو کە بەلاقرتێوە، لە وەڵامی کامەراندا وتی:

– سوود؟ بۆ گوایە جاش هەیە سوودی هەبێ؟.

پرسیارەکە تەزوویەکی کارەبا ئاسای، بە سەراپای لەشی ئەمدا ڕابوورواند. لەگەڵیدا ئانوسات، دیمەنەکانی کارەساتەکەی خۆی، بە خێراییی تیشك بە زەینیدا تێسکەیان کرد. تا شریتەکە لە ئاستی جاشەکەی لەمەڕ خۆی و کوڕەکەیدا خاو بووەوە. بگرە وێنەیانی وەها دەبینی کە دەتوت، لە چوارچێوە گیراون و بەرامبەری هەڵواسراون. ئاگای لەوە بڕا کە ڕووی پرسیارەکە لە کامەرانە. بە دەنگێکی زوڵاڵ و بە هەندێ دڵگەرمیشەوە وتی:

– ئا هەیە جافر.. بێگومان هەیە.

جافر سڵەمییەوە. بەبێ ئاگا لە جێوە، تەکانێکی بە جەستەی دا و سەری قوت کردەوە. بە جۆرێك سەرنجی لە نێوان ئەم و کامەراندا مەکۆیی دەجووڵاند، دەتوت گومان دەکا پیلانێك لەو بارەیەوە لە نێوانیاندا هەبێ. ڕەنگوڕووی تا دەهات هەڵدەبزڕکا. تەوێڵی گرژ و چاوانی مۆن دەبوون. پەڕەکەکانی هەردوو کونەلووتی، هەمانە ئاسا پڕ و فش دەبوونەوە. لێوە لەرەی سەهۆڵبەندانی پێ کەوتبوو. دیاربوو وێڵی دوای وەڵامێکە لە عۆیەی بێ و لێی دەچێ بە قیردا.. وەڵامێك بتوانێ بە گژ ئەو (ئا هەیە)دا بچێتەوە و بتوانێ (بێگومان)ەکەیشی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکێنێ. بەڵام زەفەری پێ نەبرد. لە نێوان گومان و ڕاستیدا لێی بزر دەبوو. دەکەوتە ژێر رکێفی سەراسیمەیی و رامانەوە و تەنانەت زمان لە گۆکەوتنیش!.. ئەم دەرکی پێ کرد. بە هەلی زانی و ڕووی قسەی کردە کامەران:

– من بەینم لەگەڵیدا ئاساییە. ئەم زاتە لێی چووە بە قیندا. بە دوژمنی باوەکوشتەی خۆی دەزانێ. لە باتیی سەرێك بە دووو سەریش.

مانای قسەکە لە جافر ڕوون بوو. بەزار هیچی لە بەرامبەریدا دەرنەبڕی. بە سیما وەڵامی دایەوە. لێی کردە پەڵەهەورێکی چڵکنی پڕ لە غەزەب و ئامادەی دابارینی رەهێڵە بێ. بەڵام کامەران بە فریاکەوت. بووە تەیمان لە نێوانیاندا و وتی:

– بێ خەم بن.. وا نەهاتووە بمێنێتەوە. واش هاتبێ، من بواری نادەم.

***

ئەم بەیانییەکەی، لە جیڕەی دەرگە بەخەبەر هات. ئەو ساتە لەسەر لا، ڕووەو دەرگەکە خەوتبوو. کامەرانی بینی بەبێ خشپە، چوو بەلای تفەنگ و ڕەختەکەی حەمۆلەوە. بە ئەسپایی دەستی دانێ و بردنییە دەرەوە. ئەم ڕاست بووەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد. حەمۆل لە پێش دەمی هەیوانەکەدا لە چاوەڕواندا بوو. چاوی لێ بوو کە ڕەختەکەی وەرگرت و بەستییە پشتی.. کە بە دوایدا کامەران بە دەستی خۆی، تفەنگەکەی کردە شانی بە سۆزیشەوە، باوەشی پێدا کرد و ئەملا و ئەولای ماچ کرد. ئیتر بەر هەیوانیان جێ هێشت و بەرەو دەرگەی حەوشە چوون. زۆری نەبرد کامەرانی بینی، بەرەو ژوور بە حەوشەکەدا ڕابورد. بەڵام لە ناکاوێکدا پێی نایە ناو هەیوان. ئەم خێرا تێ گەیشت. پاڵ کەوتەوە و خۆی مت کرد. دڵنیابوو کە ژوورەوە هێشتا هێندە ڕووناك نەبووەتەوە، توانیبێتی لە پەنجەرەکەوە ئەمی بە دانیشتوویی دیبێ. سەیرکردنەکەشی بە دزە لە پەنجەرەکەوە دڵنیاتری کرد.

لەو ساتەدا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، لێی ڕاپەڕێ و بچێ لەمدیو پەنجەرەکەوە لووت بنێ بە لووتییەوە. زمانی لێ دەرکێشێ و بە تێزەوە بڵێ: دەمزانی کامەران.. دەمزانی و لە دەمێکەوە دڵم خەبەری دابوومی. بەڵام بە کردەوەیەکی نابەجێ و منداڵانەی لێك دەدایەوە و نەیکرد. لە بریی ئەوە، هەست و هۆشی ئاڵاندە یەکلابوونەوەی نهێنییەکە. بۆ یەکەم جار لە دوای کارەساتەکەیەوە، شنەبایەکی شادی بە هەناویدا ڕابورد. بە شانازییەوە وتی:

" من هەر لە سەرەتاوە بەگومان بووم. لە دڵدا دەمووت: چەندە من جاشم، ئەویش ئەوەندە!.. ئاخر حەمۆلێك کە من لە منداڵییەوە، ورد و درشتی دەمارەکانیم ناسیبێ، چۆن دەمتوانی باوەڕ بکەم کە بەڕاستی بووە بە جاش؟ ئاخر جافر خۆ تۆش وەکو من دەتناسی کە ئەو کون لە جەرگیدا نییە، ئیتر چۆن ترس زەفەری پێ دەبا و دەیکا بە جاش؟ ها.. چۆن؟" هەڵسایە سەر باری دانیشتن و ڕوانییە جافر، کە ئەو ساتە جەستەی لەسەر پشت درێژ بووبوو. دەستە سەقەتەکەی، بە پاڵ سنگیدا هەڵپەسێردرابوو. ساغەکەی ڕاست و ڕاست، بە تەنیشتییەوە ڕاکشابوو. دیمەنی لە مل و سنگەوە بەرەو خوار، تا دەگەیشتە لای هەردوو بنەپێ کە ڕەنگیان زەردباو دەینواند، لە لاشەی مردوویەك دەچوو کە چەند سەعاتێك بێ گیانی سپاردبێ. بەڵام بە ڕوو بەپێچەوانەوە.. پڕاوپڕ بوو لە ژیان، با بەدیوە تفت و تاڵەکەشیدابێ. بێ ڕەونەق و گرژ و مۆن.. تەوێڵ لۆچاوی و ڕوومەت قوپاو و لێو قووچاوی ناڕازی. ئەم خۆ بەخۆ وای بۆچوو کە بەو

سەروسیما دژوارەی، دەیەوێ بەرپەرچی بداتەوە. بۆیە هەروا بۆ سوعبەت وتی: ″ چۆنە بچم نووکە شەقێك، بسرەوێنمە قوڵە شکاوە نەشکاوەکەی و بڵێم: هەستە کەری وەحشی هەستە.. ئەو حەمۆلەی جەنابت لەسەر جاشایەتییەکەی دەیبوغزێنیت، سەد جار لە.. من نا، چونکە من قەت هیچ نەبووم، بەڵام لە تۆ کە زۆر شت بوویت، پیاوتر و ئازاتر و فیداکارترە. هەستە.. ئەو حەمۆلە جاش نییە و پێشمەرگەیە″. ویستی و زۆر ئارەزوومەند بوو وا بکا نەیکرد. بە هەست و نەست وای ئارەزوو دەکرد. دەنا بە بیر و هۆش وریا بوو کە ئەوە کاری کردە نییە. لێکی دایەوە و وتی: ئەگەر چی من قەت هیچ نەبووم ونیم و قەت پابەندیان نەبووم، بەڵام ئەمە نهێنییەکی حزبایە تییانەو هەقی درکاندنیم نییە بەتایبەتیش کە ئەوەتا لەژێر سایەی جوامێریی ئەواندام. کامەران بە باشی بزانیایە، خۆی بۆمانی ئاشکرا دەکرد. کە ئەو نەیکا، من بە چ هەقێك بیکەم؟ نا.. وازی لێ دێنم بۆ کاتی خۆی. با جارێ لە دڵمدا پەنهان بێ. من وا بۆ خۆم دڵنیابووم. بۆ جافریش با وەختی بێ ئەوسا دەزانم چی پێ دەکەم″.

دواتر کامەران بەدەم چوونە دەرەوەیەوە لە ماڵ، هەروا بەسەر پێوە لایدایە لای ئەمان. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، چاوێکی لەم داگرت و ڕووی پرسیاری کردە جافر:

– تۆ هەر سووریت لەسەر ئەوەی، کە جاش قەت سوودگەیێن نابێ؟.

– بێگومان.

– دەسا وا حەمۆل چوو سۆراغێکی خەڵکەکەمان بۆ بکا. شەوێ ئەو باسەم لەگەڵدا کردەوە و پیاوانە بە دەنگەوە هات. بەتایبەتی کە باسی خۆتانم بۆ کرد و بەسەرهاتەکەی تۆم بۆ گێڕایەوە و ئەو هیچی لە بارەوە نەبیستبوو، ئیتر وتی: سەرم پێوە نییە و ئامادەم. منیش بەیانی زوو بەڕێم کرد و بەڵێنی دا، بە زووترین کات ئەنجامم پێ ڕابگەیەنێ. دەمێك بوو سەری بەم ماڵەدا نەکردبوو. بەڵام کە کردی لە وەختێکی باشدا بوو. من چاوەڕێی خێری لێ دەکەم.

جافر بە ڕوویەکی غەزەباوییەوە گوێی دەگرت. بەرەو پەنجەرەکە پاڵی دابووەوە و لەسەر لا، بە تیلە دەیڕوانییە کامەران. لە وەڵامیدا بە لەرەیەکی پڕ لە کینەوە وتی:

– جا خۆ ناچێ فەتحی قەڵای خەیبەر بکا. هیچ نەبێ دایکە پیرە کلۆڵەکەی، لەگەڵ خەڵکەکەدایە. هەر کەسێکی تر.. هەر جاشێکی تر لە جێی ئەو بووایە، تفی لە خۆی دەکرد و بێ چەندوچۆن، چەکی جاشایەتییەکەی فڕێ دەدا.

کامەران هەوڵی دا، لە سنووری جاشایەتییەکەیدا، پارێزگاری لە حەمۆل بکا. لە بەرپەرچدانەوەیدا وتی:

ئاخر بەپێی ئەو بۆچوونەی تۆ بێ، دەبێ جاش لەو جۆرە هەست و نەستە شۆرابێتەوە.

– نا نا.. وانا.. من دەڵێم: تەنیا خۆی و کەسوکاری خۆی مەبەستە. دەنا قەلاچۆکردنی خەڵکی تر خامبای پێدا ناهێنێ.

– واتە بەلای تۆوە، چوونەکە بەهۆی سۆراغکردنی دایکییەوەیە؟.

– ئا.. وا..

– یانی ئەگەر دایکی لەگەڵ خەڵکەکەدا نەبووایە نەدەچوو؟.

– نا.. نەدەچوو.

ئەم کە بەپێچەوانەی جافرەوە، بە دڵ و دەروونێکی بێ گەرد و سیمایەکی ڕوونەوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو سەری لە نێوانیاندا دەهێنا و دەبرد، وەهای لە دەموچاوی کامەراندا خوێندەوە کە لە ناخدا دەهری بووە. ئەم کامەران و شادمانیشی باش دەناسین. لە سەردەمی منالییانەوە کە دەهاتن و هەر لەم دوو ژوورەدا وەك دوو قوتابی لە ڕادەبەدەر زیرەك سەعیی پێ دەکردن، شارەزای دەمار بە دەماریان بووبوو. وای بۆ چوو دەهریبوونەکە خەریکە، وای لێ دەکا تێ بکەوێ. بۆ بە هاناوەچوونی هەڵی دایە:

– جافر.. تۆ ئەم سەرسەختییە چییە، بەرامبەر بەو زەلامە دەستت داوەتێ؟ کابرا لەو بارودۆخە ستەمەدا، دەچێ سۆراغت بۆ دەکا. ئیتر کە مەمنوونی نابیت، تەشەری بۆ لێ دەدەیت؟.

ئینجا ڕووی قسەی کردە کامەران و وتی:

– کاکە من بەشبەحاڵی خۆم، سوپاسی دەکەم و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی دەبم. بەڵام حەز دەکەم بزانم: ڕووی لە کوێ کرد و کەی دێتەوە؟.

کامەران بە مەغزاوە سەرنجی لەم گیر کردبوو. دەتوت گومانێکی پەیدا کردووە و دەیەوێ، ناواخنی قسەکانی بخوێنێتەوە. یا نیشانەیەك بە سەروسیمایەوە ببینێ. دوای کەمێ ڕامان، وەك هیچی دەسگیر نەبووبێ وتی:

– منیش ئەو پرسیارەم لێ کرد و نەیدرکاند. تەنیا وتی: بە زووترین کات دێمەوە.

جافر بە بەگژداچوونەکەی ئەم متی کردبوو. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە. دەنکەکانی تەزبیاحەکەی بە نا ئارامییەوە، بە نێو پەنجەکانیدا بەخێرایی ڕەت دەکردن. قرچەقرچیان سەرنجی ئەمیان ڕاکێشا. هەردووکیان لە یەك ساتدا، لایان کردەوە بە لایدا تێیان ڕوانی. پێکیشەوە بینایییان لەوەوە گەڕاندەوە بۆ یەکتر. ئەم بەو مانایەی گوێی نەداتێ، لاچاوێکی بۆ هەڵەوداگێڕ کرد. ئەویش ئیتر بە بێدەنگ پشتی تێ کردن و جێی هێشتن.

## ٢

ئەم لەگەڵ جافردا، هەڵپەی سۆراغکردنیان لێ بووە مەراقی سات بەساتی، بیست و چوار سەعاتەکەی شەو و ڕۆژیان. ئەو ماوەیەی لێ دەرچێ کە خەو بە ناچاری زەفەری پێ دەبردن، دەنا ئیتر سەراپای هەست و نەست و بیر و هۆشیان، لەو بازنەیەدا دەخولانەوە و دەخولانەوە. تەنانەت ئەو خەونانەشی کە لە ماوەی نووستنەکەیاندا دەیانبینین، هەر گیرۆدەی ئەو بازنەیە بوون و توانای لێدەربازبوونیان لەبەر بڕابوو. دەتوت خەونەکانیشیان، لە حەشاری ناو چوار دیواری ژوورەکەیان نراون.

ئەوەی پتر دەیپڕووکاندن، گیرۆدەی خۆ حەشاردانەکەیان بوو. زۆربەی کاتیان بە کڕوکاسی بەسەر دەبرد. ئەو کاتانەشی کە دەدوان، زۆربەی دەچووە قەبەڵی ئەو تەلیسمەوە. ئەم دەیوت:

– تۆ سەرنجدە و بزانە، ئێمەیەکی مەڵاسخواردوو لەناو چوار دیوارێکدا، دەمانەوێ شتێکی ونبوو لە پانتاییی چەندان هەزار کیلۆمەتردا بدۆزینەوە. ئەمە دەبێ؟ هیچی لێ بەرهەم دێنین؟.

جافر بە پێشخواردنەوە وەڵامی دەدایەوە. خۆیشی کپبوونی دەخستە پاڵ خۆ خواردنەوەوە. ئیتر گیرۆدەی ناو حەشارگەکە، وردەوردە بەرەو هەراسانی و ئارام لەبەربڕانی دەبردن.. ڕووەو تەقینەوە ڕای دەماڵین.. تەقینەوە لە هەر کات و ساتێکدا بواری بۆ بڕەخسێ. بە ڕوو هەر کەسێکیشدا لە بەردەستدابێ و بەر لە هەمووش خۆیان.

ڕۆژێك و دووان.. سیان و چوار.. بوو بە پێنج و تەنانەت، لە کونی دەرزییەکیشەوە، هەواڵ خۆی بە ژووردا نەکرد. عەزابی چاوەڕوانی، سات بەسات دەیبرژاندن و سەرەداوێکیان نەدرایە دەست. سرتەیەکیان نەبیست و سووسەیەکیان پێڕانەگەیەنرا. بە درێژاییی ئەو پێنج ڕۆژە، نە کامەران و شادمان لەبزێکی شادیدەریان لە دەم هاتە دەر، نەحەمۆلی جێی ئومێدە گەورەکەش سەری هەڵدایەوە. ناو چوار دیوارەکەیان نەك لێ

بووبوو بە زیندان، بگرە بە ژووری ئیعدامکردن لە شێوەی هەوا لێبڕاندا.

لە ڕۆژی چوارەمدا، جافر بەڕووی ئەمدا و دواتر کامەرانیشدا تەقییەوە. نیوەڕۆکەی کامەران وەك ڕۆژانی پێشوو، هاتەوە و لایدایە لایان. وەك ڕۆژانی پێشووش، هەر لە ڕێوە بە سەروسیمای وشکیدا دیاربوو، هەگبەی بەتاڵ بێ. بە دەمییش هەروا بەسەرڕێوە، بەدەنگێکی وشکتر لە سەروسیمای، بەتاڵیی هەگبەکەی ڕاگەیاند و کشایەوە. جافر پێش هاتنەوەکەی کامەران بە ماوەیەکی کەم، لە خۆوە بە گەشکەدارییەوە وتی:

– دڵم وام پێ دەڵێ کامەران ئەمڕۆ، هەواڵێکی خۆشمان بۆ دێنێتەوە.

بەڵام کە کامەران نەك هەواڵی خۆشی نەهێنایەوە، بگرە کەمتەرخەمتریش لە ڕۆژانی تر هات و ڕابورد، ئەم خێرا بیری بۆ حاڵەتە دەروونییەکەی جافر چوو. سەرنجی دایە و دڵنیابوو کە ئەوەتا پیش دەخواتەوە. بە ناو ژوورەکەدا بێ پەروا دەکەوێتە هاتوچۆ. لێو دەکرۆژێ و ددان لە یەکتری دەسوێ. دەنکەکانی تەزبیاحەکەی، یەکبینا لە نێوان پەنجەکانی هەردوو دەستیدا دەخولێنێتەوە. قرچەقرچیان وەك برژاندنی گەنمەشامی، لە ژوورەکەدا دەنگ دەدەنەوە. ئەم دەیزانی لە ئانوساتدایە بتەقێتەوە. بەڵام لە زەینیدا نەبوو لێی ببیستێ، با بداتەوە سەر حەمۆل و غەزەبەکەی بەسەر ئەودا هەڵبڕێژێ. ئەم ئەو ساتە چوارمەشقی لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو. پاڵی دابوو بە دیوارەوە و سەیری ئەوی دەکرد. ئەو لە پڕێکدا وازی لە هاتوچۆ هێنا. هات بەرامبەری ئەم ڕاوەستا. سەروسەکوتی بووبووە. سەلکە چەوەنەرێکی پاککراو. چاوانی هێندە زەق بووبوونەوە، کە پانتایی سپێنەیان بە چەشنێك زاڵ بووبوو، کە دەتوت ڕەشێنەیان تێدا پووکاوەتەوە. دەنکەکانی تەزبیاحە کە لە قرچەقرچ کەوتبوون. جیرەجیری ددانەکانی، جێگەیان گرتبوونەوە. پەیتا پەیتاش دڵۆپی عارەق لە تەوێڵییەوە، بەرەو لاجەنگەکانی زەنگۆڵیان دەبەست. بۆ ماوەی چەند ساتێك لەسەر ئەو بارە دەقی گرت. دەتوت پەیکەرێکی چاوزەقی تووڕەیە و ها ئێستا ها ساتێکی تر، گیانی بەبەردا دێ و بە ڕوویدا دەتەقێتەوە. هەرواش بوو.. لە ناکاوێکدا بزوا و بەدەنگێکی پڕ لە کینەوە وتی:

– کوا جاشە پاڵەوانەکەتان؟ کوا کامە بوو ئەو هەواڵە پڕ لە شادییەی، بە زووترین کات دەیهێنایەوە؟.. ها.. کامە بوو؟ چەند ڕۆژە ڕۆیشتووە.. من لە خۆت دەپرسم.. چەندە؟.

ئەم کە هێندەی نووکی دەرزییەك گومانی لە حەمۆل نەمابوو، بە وشەی (جاشە)کە دڵتەنگ بوو. خەریك بوو لە دەمی دەربچێ و بڵێ. بێجات کرد.. جاش نییە و پێشمەرگەیە. بەڵام بە فریا کەوت و گلی دایەوە. بگرە وەك لە غەیبەوە بخرێتە سەر زاری، پێچەوانەی کردەوە بە تەوسەوە وتی:

– جا گوایە تۆ بە تەمای بوویت؟.

ئەو نەیگرتە خۆی، وتی:

– ئا.. ئەی کامەران وای نەوت؟.

ئەم لە کۆڵی نەبووەوە، وتی:

– با.. بەڵام بۆ تۆ نا.. تۆ کوا چاوەڕێی مەردایەتییەکی وەهای لێ دەکەیت. دەیکەیت؟.

– نەخێر نایکەم.. من نایکەم.. ئێوە دەیکەن.. فەرموون بزانم کوا؟ ئەوە چەند ڕۆژە ڕۆیشتووە؟!.

– چوار.

– نەخێر پێنج.. وا بزانم شەشیش.

– هەرچەندێك بێ.. تا نەیەتەوە، تۆ ناتوانیت حوکم بدەیت.

– جا تۆ باوەڕت وایە کە دێتەوە.

– بەڵێ.. من بێگومانم کە دێتەوە.

جافر گڕوگفەکەی بەوەندەوە نەوەستاند. کامەران لەو کاتەدا، ڕابورد لە ماڵ بچێتە دەرێ. بۆی دەرپەڕییە هەیوان و بانگی کردە ژوورەوە. بە ڕوویەکی گرژ و زمانێکی زبرەوە وتی:

– ئێمە تا کەی دەستەوئەژنۆ، لەم ناو چوار دیوارەدا دانیشین؟. تا کەی داخ و خەفەت هەناومان بقرچێنێ؟. کار وا بڕوا، دڵمان دەتەقێ و وەك سەگ دەتۆپین.

کامەران ڕاما. ڕاستەوخۆ وەڵامی بۆ نەدرایەوە. بە سەرنجێکی پرسیار ئامێز، هانای بۆ ئەم هێنا. ئەم خەریکبوو هەڵبداتێ و جافر خۆی، وەك دەمودەست ڕای گۆڕیبێ، بە ئاوازێکی تێکەڵ لە بێزاری و سکاڵاوە وتی:

– من مێشکم وەختە بتەقێ.. وەختە لێك ببمەوە و پەتۆ بەرم. شەو بە هیوای بەیانیم.

بەیانی نیوەڕۆ. نیوەڕۆ عەسر و عەسر شەو. ئەنجامیش مایە پووچی. تا کەی.. ئاخر تا کەی؟.

ئەم لەو قسانەیدا هێندە هاوسۆزی بوو، وازی لە نیازی بەرپەرچدانەوەکەی هێنا و بێدەنگ بوو. کامەرانیش لەلای خۆیەوە، پێویستی بە یاریدەی ئەم نەما. بە نەرمی و لەسەرخۆ وتی:

– کاکە جافر.. ئێمە درێغیمان نەکردووە. هەوڵێکی زۆرمان داوە و ئەوەی لە دەستمان هاتبێ، کردوومانە بەردەوامیشین. بەڵام وەك دەزانیت و باش ئاگەداریت، وەزعەکە سەخت و ئاڵۆزە. شاڵاوەکە زۆر دڕندانەیە.. زۆر بەربڵاوە، وەهایشی ئەنجام دەدەن، کە پەی پێبردن و بەدواداچوونی ستەم بێ.

– بەڵێ دەزانم.. من خۆم کەوتمە ناو دۆزەخەکەوە و لەلام ڕوونە. بەڵام من هەواڵێکم دەوێ و هیچی تر. ئێوە چۆن دەبێ نەتوانن، هەواڵێکی چارەنووسی ئەو خەڵکە دەسگیر بخەن؟ ئاخر چۆن؟.

– دەیخەین.. هەر دەیخەین.. تەنیا کەمێ سەبرتان هەبێ.

– ئاخر...

جافر بەنیاز بوو لەسەری بڕوا و گێڕایەوە. وەك بیەوێ شەیتان بە لەعنەت بکا، سەرێکی بادا و مڵچەیەکی بۆ کرد. بۆ خۆلادانیش، ڕووی لەم کرد و لە شێوەی گازندەدا وتی:

– بۆ بێدەنگیت؟ بۆ قسەیەکی تێدا ناکەیت؟.

ئەم دزە بزەیەك گرتی. سەیرێکی کامەرانی کرد و لاچاوێکی لێ داگرت. هەرچەندە دەیزانی کە جافری لێ جارس دەبێ وتی:

– من بە هیوای هاتنەوەی حەمۆلم.. ئەو هەواڵ دێنێتەوە.

جافر وزەی تووڕەبوونی تێدا کوژابووەوە. تەنیا بە تەوسەوە وتی:

– ئەی کوا بۆ نەهاتەوە؟ خۆ نەچووە بۆ چین و ماچین؟.

ئەم بەدەم دزە بزەکەوە وتی:

– بۆ ئەوێش چووبێ دێتەوە.

***

هەر ئەو ڕۆژە دەمەدەمی خۆرئاوا، حەمۆل و کامەران خۆیان بە ماڵدا کرد. ئەو ساتە جافر کەنارگیر، لە سووچی بنەوەی ژوورەکەدا دانیشتبوو. نا ئومێدی تەرکی گوێقۆڵاغکردن و هاتوچۆ و ڕاوەستانی بەر پەنجەرەی پێ کردبوو. جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند و ژووری بە دووکەڵ قانگ دەدا. لە کاتێکدا ئەم وەك لە دڵی گەڕابێ، کە حەمۆل ها ئێستا ها تاوێکی تر خۆی بە ژووردا دەکا، بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانیدا بوو. ئیتر کە لە پەنجەرەکەوە بەدیی کرد، بە گەشکەدارییەوە وتی:

– حەمۆلە.. هاتەوە.

جافریش وەك قەت ئەو کەسە نەبووبێ، کە ئەو هەموو تانە و تاشەرەی لێ دەدا، ڕاچەنی و هەڵمەتی بردە بەر پەنجەرەکە. بەڵام بە فریای بینینی تەنیا دوا هەنگاویان کەوت، کە بە خێرایی بەرەو ژوور ڕەت بوون. ئینجا بە دوو چاوی پڕ لە نیگەرانییەوە، ڕوانییە ئەم و وتی:

– بۆچی لایان نەدایە لای ئێمە؟.

ئەم بە سەرنجێکی توانج ئامێزەوە، ڕووبەڕووی ڕوانینەکە بووەوە. دڵڕەقانە لە وەڵامیدا وتی:

– بۆچی لابدەن؟ من بەشبەحاڵی خۆم، ڕازی نابم جاش لابداتە لامان. تۆ ڕازی دەبیت؟.

جافر تەنگەتاو بوو. وەك سەری گرۆڵەکەی لێ بزر کرابێ، چاوانی تاکولۆ بوون و گێژوویژ دەخولانەوە. ڕەنگی سەرەتا زەرد هەڵگەڕا.. زەردێکی لیمۆیی. ئینجا وردە وردە بە هوروژمی خوێنی کەڵلەییبوون، بووە سوورێکی مەیلەو ئاڵ. بە دەمییەوە دڵۆپی ئارەق لە تەختی تەوێڵییەوە، کەوتە هەڵقولین و زەنگوڵەبەستن بە لاجانگ و سەر ڕوومەتەکانیدا. ماوەیەك لەو کوانووی هەڵچوونەدا هەڵقرچا، تا دوا جار سەرێکی ناڕەزایی بادا. بە بەر بینێکی خنکاوەوە، دەنگێکی کزۆڵەی خاوی دەرپەڕاند و وتی:

– تۆ تەشقەڵەم پێ دەکەیت.. بۆچی؟.

ئەم دەمودووی خۆی ئاسایی کردەوە، وتی:

– خۆت بە خۆتی دەکەیت.

– خۆم؟ چۆن؟.

– گولله به تاریکییەوە دەنێی.

– مەبەستت چییە؟

– وردی ناکەیتەوە. یا با بڵێین: ڕقێکی کوێرانە لە هیچە، دڵ و دەروونتی تەنیوە و چەواشەت دەکا.

ئەو تاسێکی قووڵ بردییەوە. وەك کەوتبێتە ناو دەریایەکی بێ بنەوە، خامۆش خامۆش بوو. دەتوت بەسەر دنیاوە نەماوە. ئەمیش لە بەرامبەریدا، لە خۆی وریا بووەوە کە خەریکە زیادەڕۆیی دەکا.. کە ڕوو لەوەیە بدرکێنێ. بە نیازی خۆ دەمکوتکردن، بەر پەنجەرەکە بەردەدا و دەکشێتەوە سەر قەرەوێڵەکە. جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و بە مژلێدانییەوە خەریك دەبێ. جار جارە لەگەڵ سەربەرزکردنەوە و دەردانەوەی دووکەڵداکەیدا، دیمەنی جافری لە نێوانییەوە وەك تارماییەك دەکەوێتە بەرچاو. لەسەر لا لەمەوە دیارە. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەتەوە و بووەتە پەیکەرێك. پەیکەرەکە کەساسی و زەلیلی لێ دەچۆڕێ. دەڵێی لە مۆم دروست کراوە و ها ئێستا ها تاوێکی تر، دەتوێتەوە و دادەڕژێتە سەر زەوی.. دەبێتە تۆپەڵە گۆشت و خوێن و ئێسك و پرووسکێکی دارماو بەناو یەکتریدا. دیمەنەکەی لێ خۆش نایەت. دڵی دەگوشرێ و سۆزی دەبزوێ. دەڵێ: " بۆ دەبێ نەیدرکێنم؟ دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی و لە یەکتر چەواشەبوون. نا نا.. ئەم نەگریسە لێی چەواشە بووە. دەنا من و حەمۆل دەزانین لە دیوەخان چ باسە. هەرچەندە حەمۆلیش هێشتا ئاگەدار نییە کە من دەزانم.. بەڵام گرفتەکە لە نێوان من و ئەودا نییە.. لە نێوان ئەو و جافردایە. باشە من بۆچی کۆتایی بەم مەخسەرەیە نەهێنم؟ دەیهێنم.. هەر ئەمشەو دەیهێنم. ئەو دەبێ شتێکی بەشتێ کردبێ. هەواڵێکی دەبێ پێ بێ و پێمانی ڕابگەیەنێ. کە لەگەڵ کامەراندا هاتنە لامان، فرسەتیان لێ دێنم و دەستیان پێ دەخەمە ڕوو. گوناهە ئاوا بەردەوام بن. بەسە ئیتر. بەتایبەتی گرفتی ئەو کچە بەسەزمانە لە نێواندایە. بۆچی لەخوتوخۆڕایی، بە پریشکی ئاگرە بێ ماناکەی ئەوان بسووتێ. نایەڵم مەخسەرەکە لەوە زیاتر درێژە بکێشێ. کە هاتن ڕاست و ڕەوان پێیان دەڵێم: ئیتر بەسە و ویژدانتان هەبێ. زووتریش یەخەی کامەرانی لەسەر دەگرم. خەتای گەورە ئەستۆی ئەوە. وتمان مەسەلە حزبایەتی و نهێنی پاراستنە. بەڵام تف لەو حزبایەتییە و لەو نهێنییە کە ئاوەها بێ. ئەمە حزبایەتی نییە وەحشیگەرییە. بابێن ئەوسا دەزانم چییان پێ دەکەم".

بەدوای بڕیارەکەیدا، هەڵسا و بە ژوورەکەدا دەستی کردە هاتوچۆ. زوو زووش دەچووە بەر پەنجەرەکە. بە تەمابوو ها ئێستا ها تۆزێکی تر پەیدا ببن. لانەدانەکەیانی لە ڕێوە وا لێکدایەوە، کە دەبێ کار و فەرمانێکی بەپەلەی تایبەتییان هەبێ، بچن لێی بدوێن و ئەوسا بێنە لای ئەمان. بۆیە تا داهاتنی کاتی نانخواردنیش بەلایەوە ئاسایی بوو، کە وای زەن دەکرد دێن و پێکەوە شێو دەکەن. کەچی ئەوەتا گوڵناز، سینییە خواردنە دوو قۆڵییەکەیان بۆ دێنێ و دایدەنێ و دەڕوا. دێتەوە چایان بۆ دێنێ و سینی دەباتەوە. دێتەوە و سینی و پیاڵەش دەباتەوە و کامەران و حەمۆل هەر دیار نین. ویستی لە گوڵناز بپرسێ و نەیکرد. پرسیارکردن لەو، هەم نابەجێ و هەم ناشیرینە. لە زەینی گەڕا جافری لێ بدوێنێ. دواندنی ئەویشی بەلاوە بێ سوود بوو... وازی هێنا و بەدەم خۆ خواردنەوەوە، لە چاوەڕواندا مایەوە و وتی: "ڕەنگە هێشتا قسەی خۆیان مابێ بیکەن".

ئەم سەرەڕای هەموو پەستی و بێزارییەکیشی، پێی لەبەر پەنجەرەکە نەبڕی. دەچووە سەر جێگەکەی و پشوویەکی دەدا. هەڵدەستا و ماوەیەك بە ژوورەکەدا دەسووڕایەوە. دەچووە هەیوان و حەوشە و کەمێ دەهات و دەچوو. دەگەڕایەوە ناو ژوور و دەچووەوە بەر میحرابی چاوەڕوانی.." ئەم پەرۆشیی چاوەڕوانییەم لە پای چی و بۆ چییە؟". درەنگ بۆی جوداکرایەوە. بەسەر زاری بۆ باسەکەی جافر و حەمۆلە، دەنا بۆ بیستنی هەواڵە. بە خۆدا شکایەوە. بە درۆکردن و یا بە خۆ خەڵەتاندنی دانا. بێزار و خەریك بوو بەر پەنجەرەکە بەربدا، تەپەتەپی پێیانی بەرگوێ کەوت. وتی:

– واهاتن.

وای دانابوو کە (واهاتن)ەکەی لە دڵدا وتووە. کەچی جافری کڕوکاس لەولاوە بەدەنگ هات:

– کێ؟

وەڵامی جافری نەدایەوە. ئەوەتا ئەوانی لێ بەدەرکەوتوون. بەدەم قسەکردنەوە لەسەرخۆ هەنگاو دەنێن. حەمۆل بەهەموو تەدارەکییەوەیە. تفەنگ لە شاندا و ڕەختە بەناوقەدەوە. بە بەر هەیواندا ڕادەبوورن و لانادەن.. سەیرە، بۆچی؟ دەگەنە پشت دەرگەی حەوشە و ڕادەوەستن. کامەران دەدوێ و ئەو سەر دەلەقێنێ. ئەوەتا کامەران بە گەرمی تەوقەی لەگەڵدا دەکا. تا لادەداتە ناو هەیوان. ئەم لەناو پەنجەرەکەدا بەدیی

دەکا. بۆ ساتەوەختێك ڕادەوەستێ و سەرسام دەبێ: کە دێتە ژوورەوە ڕووی قسە لەم دەکا:

– هەوڵم دا خۆی بێت و بۆتان بدوێ، قاییل نەبوو.

جافر کە ئەو کاتە وریا بووبووەوە وتی:

– بۆ؟. باوکیمان کوشتووە؟.

ئەم لە دڵدا بە تەوسەوە وتی: "دەڵێی منداڵ دەخەڵەتێنێ". بەدەنگیش وتی:

– ئەی خۆ بۆ تۆ دواوە، وانا؟.

– با بەڵێ.

– ئێ دادەنیشە بە وردی بۆمانی باس بکە.

ئەو وەك لە داواکە بەو شێوەیە ناڕازی بێ، هەندێ دوودڵی و ڕاڕایی نواند. دوای کەمێ ڕامان وتی:

– ببوورن ناتوانم دابنیشم. ئێستا بە پەلەم و دەبێ بڕۆم. دڵنیابن زۆرم پێ ناچێ. کە هاتمەوە هەرچییەکم لێی بیستبوو، بە دوور و درێژی بۆتانی دەگێڕمەوە، بەڵام تا ئەو کاتە ئەوە بزانن، کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە، دوای وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکانیان، بەرەو دیوی گەرمیان هەڵاتوون و لە دێهاتەکانی ئەوێ گیرساونەتەوە.

– خۆی چووە بۆ ئەوێ؟.

– ئەوێ کوێ؟.

– گەرمیان.

– نا نەء.. لەو سەفەرەیدا بۆی نەکراوە.. نیازی وایە لە دوو سێ ڕۆژی داهاتوودا بچێ. بۆ ئەو مەبەستەش دەچێ.

– ئەی ئاخر..

– ببوورن.. دەبێ بڕۆم. هەوڵ دەدەم زوو بێمەوە.

ئیتر بواری قسەی نەدا. وەرگەڕا و جێی هێشتن.

***

کامەران ئەو شەوە هاتنەوی نەبوو. ئەم پێشتر بەو جۆرە کردارەی ئاشنا بووبوو.

دەیزانی چ دەروێشێکە بۆ حزبایەتییەکەی. هەزار بەڵێنی ناحزبی، لە بەرامبەریدا بە پوولێکە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم جارەی، زۆر پەست بوو. چونکە دەبوو حاڵی ئەمانی ئۆقرە لەبەربڕاو، لە بەرچاو بگرێ. ئەمانێك کە بە ئاواتی ساتێ زووتر هاتنەوەیین.. کە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنن. بەبێ پەروا بە ژوورەکە دەخولێتەوە. (نەهاتەوە و بۆ نەهاتەوە)، وەك قەوانێك بۆ یەکتری دەڵێنەوە. تا دوو سەعاتیش خۆیان لە قەرەی باسەکە نەدا. هەر بەتەمای بوون بێتەوە و بەدرێژی و بەوردی، بۆیانی بگێڕێتەوە. بە بێ سوودیان دەزانی هەروا لە خۆوە لێی بدوێن. ئەو تەنیا سەرەداوێکی لە کلافە ئاڵۆزەکە نیشان دان و ئیتر، کلافەکەی نایەوە باخەڵی و ڕۆیشت.. ڕۆیشت و هاتنەوەی نەبوو!. ئەم هێندەی پیش خواردەوە کە پەتی پچڕی و وتی:

– بێویژدانییە.. ئەمە ئەوپەڕی بێویژدانییە.

جافر قسەکەی بەلاوە لە ناکاو بوو. ڕاستەوخۆ لێی حاڵی نەبوو، وتی:

– مەبەستت چییە.

ئەم بە تووڕەیییەوە، پاشماوەی جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەدا کوژاندەوە. تەپڵەکی پڕ لە پاشماوە، قڵپ بووەوە سەر کومبار. بە پەلەپڕووزێ کۆی کردنەوە و بە دەمییەوە، بەدەنگێکی قرخن وتی:

– کامەران.. مەبەستم کامەرانە. ئەو ئاگەدارە ئێمە چ ناسۆرێك دەچێژین.. چەندە بە عەزرەتەوەین بێتەوە، تۆزقاڵێك ئاسوودەیی بە دەروونی پڕ لە زووخاومان بدا. باشە ئاخر ئەفەندی.. تۆزێ بەزەیی!.. کەمەکێ ویژدان.

بەم قسانە جافریش زمانی کرایەوە. بۆی سەندەوە و وتی:

– ئەوە حزبایەتییە کاکە حزبایەتی.. تۆ نەتکردووە.. من کردوومە و لەوسەری هاتوومەوە. ئەو ئێستا تا بینەقاقای، نوقمی بەجێهێنانی ئەرکی حزبایەتییەکەیەتی. سوبحان کێیە و جافر کێیە. تا حزب وەستابێ، هەزارانی وەك من و تۆ، سفری لای چەپین.

– قەیناکە با وابێ.. چۆنی دەکا با بیکا. بەڵام خۆ دەتوانێ ئاگایەکی لە ئێمەش بێ.. ناتوانێ؟.

– لە خۆی بپرسە.

– لەوە ناچێ بێتەوە. وا نیوە شەوە.

لەوە بەدوا هیوایان بڕی. ئەم بە نیازی خەوتن، کشایەوە سەر جێگەکەی. چاوەڕێکردن بەزاندبووی. بە تەمابوو سەر بنێتەوە، تا سبەی کامەران دێتەوە و درێژەی باسەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. وای دانابوو جافریش کڕ دەبێ و وەك ئەم دەکا. کەچی ئەو دڵڕەشانە بایدایە سەر حەمۆل و وتی:

– تۆ باوەڕ دەکەیت کە حەمۆل ڕاست بکا و چوونەکەی بۆ تاقیبکردن ئەسڵی هەبێ؟.

ئەمێك کە خۆی لە حاڵێکدا بوو، پەلەپیتکەت لێ بدایە دەتەقی، بەو قسەیە ئیمانی لە کەللەدا نەما. چاوی پەڕییە پشتی سەری. بە ڕوویدا تەقییەوە:

– ئەرێ کابرا تۆ پێم ناڵێی، بۆچی وەها لەو زەلامە بە قیندا چوویت؟ بۆ هێندە لێی پڕیت؟ ئاخر باشە جەزرەبەی نامەردانەی لێ داویت.. بوختانی گەورەی بۆ کردوویت.. هەقێکی خواردوویت.. خوێن لە نێوانتاندا هەیە.. ئەی چی.. ئاخر چی؟ پێم بڵێ.. ڕوونی بکەرەوە.. ئەگەر شتێك لەژێر بەرەدا هەیە و من نایزانم، ئاشکرای بکە.. بیڵێ.. هەر ئێستا دەبێ بیڵێی، تا تێ بگەم و بزانم. ئەم ڕق و کینە ژەهراوییەت بەرامبەری لە چییەوە هاتووە؟ تا ئەگەر لەسەر هەق بیت، بە هەر دە پەنجە بۆتی مۆر بکەم و بدەمە پاڵت. ئەگەریش نا، با ئیتر بەسبێ و ببڕێتەوە. تۆ دەزانیت ئەو، سەرەڕای ئەو هەموو بوغزەی جەنابت، چەندە ڕێزت لێ دەگرێ و بە تەنگتەوەیە؟ تۆ دەزانیت ئەم نەهامەتییەمان بەسەر نەهاتایە، ئیستا من دەبوو لەسەر داوا و پاڕانەوەی ئەو و لە باتیی ئەو، بکەوتمایە بەسەر دەست و پێی جەنابتاندا، تا ڕەحمتان بتلیسایەتەوە و بەزەییەکتان، بەو غولامە کۆیلەتاندا بهاتایەتەوە.. ها!.. دەزانیت؟ دیارە نەء.. دیارە تۆیەك هێندەی ببوغزێنیت کە تەنانەت چاوت بەسەریدا هەڵنەیەت، چۆن دەتوانیت هەر بە ئاستەمیش هەست بەوە بکەیت. ئێستا فەرموو بیڵێ.. دەبێ بیڵێی. چییە کە دڵ و دەروونی تۆی، تا ئەم ڕادەیە لەو کابرایە پڕ لە غەزەب کردووە؟ کابرا؟ تۆ سەرنج دە.. من لە زمانی تۆوەیە دەڵێم: کابرا دەنا. لای من، هاوڕێی منداڵی و گیانی بەگیانییە. چییە پێم بڵێ؟. جاشایەتییەکەی؟!. ئەگەر هەر ئەوەیە، بیڵێ تا من بەیەك وشە، تەنیا یەك وشە لێتی پووچ بکەمەوە و لە ڕەگوڕیشەوە، لە مێشکتی هەڵکەنم. تۆ.. ئاخر خۆ تۆ.. من.. نازانم.. نازانم چی ت پێ بڵێم.

هێندە کەللەیی بووبوو. هێندەش حیرسی پارێزگاریکردن لە حەمۆل گرتبووی، کە لە

ئانوساتدا بوو لە بنی هەمانەکە بدا و بڵێ: جاش نییە و پێشمەرگەیە و لەسەر لێو گێڕایەوە. لە دڵدا وتی: شەیتان بە لەعنەت بیت.. هێشتا وەختی نەهاتووە". ترسا جافر بەگیری بێنێ و لە وشەکە بپرسێ. بەڵام ئەو بەدەردی خۆیدا کەوتبوو. شاڵاوەکە وەهای تاساندبوو کە چاو ئەبڵەق.. دەم داچەقیو.. ڕەنگ هەڵبزرکاو، دەیڕوانییە شوێنێکی نادیار. تەمێکی کەساسی و زەلیلی، بەسەروسیمایدا داکشابوو. دیمەنی لە کەسێکی دەسەپاچە دەچوو، کە سووکایەتییەکی گەورەی پێ کرابێ و نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا. زۆر کلۆڵ و بێ دەسەڵات دەهاتە بەرچاو. ئەم بەو حاڵەی نیگەران بوو. سەرزەنشتی خۆی کرد و وتی: " زیادەڕۆییم کرد. نەدەبوو وەها شووڵی لێ هەڵکێشم". بڕیاری دا عوزر خوایی بۆ بێنێتەوە. ماوەیەك چاوەڕوانی کرد تا ئەو نوتقێك بدا ئینجا ئەم، بواری بۆ بڕەخسێ. کەچی ئەو دەتوت زمانی بۆ ناهێنرێتە گۆ. بگرە دەتوت بەسەر دنیاشەوە نەماوە. ئەو ساتە ئەو چوارمەشقی لەسەر جێگەکەی بوو. ئەم دابەزی و ڕووبەڕووی دانیشت. ئینجا بەدەنگێکی هێمنی پڕاوپڕ لە سۆزی هاوڕێیەتی وتی:

– جافر بمبەخشە کە زبر دوام و قسەی ڕەقم کرد. خۆت باشم دەناسیت. من ئازاردانی دڵی چۆلەکەیەکم بەلاوە ستەمکارییە، چ جایە تۆ دەگا. بەڵام ئاخر جافر، ئێوە من لە نێوان دوو ئاگردا دەسووتێنن. بۆم بوونەتە دوو دەستاڕ و دەمهاڕن. تکات لێ دەکەم.. ئەگەر کارێ، کردارێ، باسێ، خوازێکی شاراوە لە نێوانتاندا هەیە کە دڵتی هێندە لێ ڕەنجاندبێ، حەز دەکەم ئاگەدار ببم تا منیش ڕاست و چەپی خۆم، لە بەرامبەرتاندا بزانم و قسەیەکی تێدا بکەم.. تکایە.

جافر کە ئەو کاتە جووڵەی تێ گەڕابووەوە و پەیتا پەیتا مژی قووڵی لە جگەرەکەی دەدا، بەدەنگێکی خەماویی تیکەڵ لە گازندە و بێزارییەوە وتی:

– بۆ لێم تووڕە دەبیت؟ بۆ وا سەرکوێرم دەکەیت؟ بە چ هەقێك؟.

– هیچ.. ڕاست دەکەیت.. داوای لێبووردنم لێ کردیت. گوێت لێم نەبوو؟.

– با.. بەڵام دوای چی.

– خۆ ئاسمانم بەسەر ئەرزدا نەڕووخاند.. ڕووخاندم؟.

– ئەی بەلای تۆوە ئاسمان ڕووخاندن چۆنە؟.

– ئەوەیە کە لە جێی خۆت پەتۆت ببردایە و بتۆپیتایە.

– دیسان؟.

– سەیری کە بۆ کوێی دەباتەوە. نا نەخێر.. وام مەبەست نییە و دەهریم مەکەرەوە. تۆ لە گێچەڵ دەگەڕێی و شەڕ دەفرۆشیت.

– من؟. ئای.. چەند سەیرە!!.. دەوەرە شەق مەبە.

– شەق بۆ دەبەیت؟!. وتم بێجام کرد و لێم ببوورە. ئیتر ئەم ڕیسوگوریسەی بۆچی بوو!.. دەیویست؟.

ئەم وریا بووەوە داخزاونەتە چەنەحانێیەکی مەلا بەزێنییەوە. بڕیاری دا بیقرتێنێ و قرۆقەپی لێ بکا و ئەو دەستی پێش خست جگەرەیەکی لە پاکەت دەرهێنا. شقارتە و دەنکی بۆ ئاگردانی ئامادە کرد. لەوەدابوو سەری دەنك بە قەراغدا بێنێ و نەیکرد. بە قنگەخشێ هەڵکشا بەرەو ژوور پاڵی دایەوە. ساتەوەختێ لەسەر ئەو بارە مایەوە. پشتی بە بالیف و دیوارەوەیە. قاچەکانی لە حاڵەتی چوارمەشقیدان. جگەرەکە بە لێوییەوە و شقارتە و دەنکەکە، هەر لەنێو پەنجەکانی هەردوو دەستیدان. ئێستا ناڕوانێتە ئەم. پێوەی دیارە لەم دابڕاوە. تەنانەت ئەوەتا باری دانیشتنەکەی، ڕووەو پەنجەرەکە دەگۆڕێ. لاونیو دادەنیشێ و ئۆقرە دەگرێ. ئەوسا دەست و پەنجە دەخاتە کار. دەنك بە قەراغدا دەخشێنێ. کڵپەیەکی لێ هەڵدەستێ. بەرزی دەکاتەوە و جگەرەی پێ دادەگیرسێنێ. کڵپەکە بە ڕاوەشاندن دەکوژێنێتەوە. دەنکە نیوە سووتاوە کوژاوەکە، بە شێنەیی دادەنێتە سەر قەراغی پەنجەرەکە. ئیتر لەوە بەدوا، بە تەواوی دابڕانەوە لەم، پەیتا پەیتا مژ لە جگەرەکەی دەدا و دووکەڵەکەی، بە ڕووی پەنجەرەکەدا بەر دەداتەوە.

ئەم دانیشتنی بە دیارییەوە و لەوە زیاتر دواندنی، بە کارێکی نارەوا زانی. هەڵسا و بەبێدەنگ کشایەوە سەر جێگەکەی. پاڵ کەوتەوە بنوێ و لەوەشدا بوو چاوی بچێتە خەو، کاتێ لە دەنگی ئەو بە ئاگا هاتەوە کە دەیوت:

– تۆ باوەڕت پێیەتی کە ڕاست دەکا؟.. ها؟.. تۆ باوەڕت پێیەتی؟.

ئەم وەك خەون ببینێ و لە خەونەکەدا بدوێ، وتی:

– ئا باوەڕم پێیەتی..ئا.. ڕاست دەکا..

ئیتر هێندەی تری لێ بە ئاگا بوو، کە ئەو هەر بەو مانایە دەیبڵماند و ئەمیش لە یەکبینا دەیوت:

– ئا.. ئا.. ئا..

## ٣

– سوبحان.. کوڕەکەم.. هەڵناسیت؟.. درەنگە.

پوورە عەتاو بوو، هاتبووە ژوور سەریەوە و بانگی لێ دەکرد. کاتێ چاوی هەڵهێنا، بەو ڕووناکییە تیژەدا کە لە پەنجەرەکەوە ڕووبەڕووی بووەوە، تێ گەیشت کە بەڵێ زۆر درەنگە.

– خۆ ناساغ نیت؟.

بەدەم ڕاستبوونەوەوە وتی:

– نا نەخێر.. هیچم نییە.

– ئەی جافر کوا؟.. کوێ چووە؟.

ئەو پرسیارەکەی وا کرد وەهای بگەیەنێ، کە بە بڕیاری ئەمان خۆیان بۆ کار و فەرمانێك بە لایەکدا چووبێ. لە کاتێکدا ئەم بە بیستنی سەرسام بوو. سەرەتا گێژوویژ ڕوانییە پوور. دەیویست لە مەبەستی تێبگا. کە هیچ نا ئاساییەکی پێوە بەدی نەکرد، بینایی لەو لادا و بە ژوورەکەیدا گێڕا. لە ئاستی جێگەکەی جافردا ڕای وەستاند. بۆ باشتر بینینی، خۆی خستە چوارپەل و بەسەریدا نوشتایەوە. دەتوت بینایی بۆ دەرزییەك پێدا دەگێڕێ. یا لە دڵی گەڕابێ کە شتێکی تێدا دەدۆزێتەوە. وەهاش بوو.. پارچە کاغەزێکی لەسەر سەرینەکە بینی. فرتەی کردە خوارەوە و پەلاماری دا. بە خەتێکی شاش لە شێوەی برووسکەدا نووسیبووی: (وا منیش باوەڕم کرد و چووم بۆ تاقیبکردن. خۆم دەگەینمە ماڵی حەمە نەجمی ئامۆزام لە سەنگاو. لەوێوە هەوڵ دەدەم سۆراغیان بکەم و بیاندۆزمەوە. هەر هێندەی بە ئەنجامێك گەیشتم ئاگەدارت دەکەم).

پوور تێ گەیشت چ باسە و لێی پرسی:

– چیی نووسیوە؟.

ئەم تاس بردبوویەوە و یەکەم جار لێی غافڵ بوو. کە ئەو قۆڵی بە ئەسپایی ڕاوەشاند و پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، ئەوسا وتی:

– چووە بۆ سەنگاو بۆ سۆراغکردن.

– بە تۆی نەوتبوو کە دەڕوا؟.

– نەء.

– بۆچی؟.

– نازانم.. پێم سەیرە!. ئەی ئێوە.. کە ڕۆیشت نەتانبینی؟!.

– نەء.. دەبێ بەیانی زۆر زوو ڕۆیشتبێ.

– سەیرە!.. بۆچی ئاگەداری نەکردم؟ بۆچی وا بەدزییەوە؟.

پووری ڕاهاتوو بەو کار و کردەوە بە پێچوپەنایانە، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدا. پشتی تێ کرد و بەدەم جێهێشتنییەوە وتی:

– وەڵا ئەوە خۆتان دەیزانن.. دەچم بەرچاییەکەت بۆ دێنم.

جارێك و دووی تر کاغەزەکەی خوێندەوە. تەوژمێکی گومان شاڵاوی بۆ هێنا. وەك کوورە هەنگێك ئالایە بیر و هۆشی. پرسیاری (بۆچی بە دزییەوە) سەرەگێژەی پێ دەخست. ڕەنگە لەگەڵ کامەراندا وا ڕێککەوتبن. جا باشە من بۆچی لەگەڵیدا نەبم؟. سڵم لێ دەکەنەوە؟ لە چی؟ من چیمە؟ نا.. بڕوا ناکەم وابێ. دوور نییە لە خۆوە ملی پێوە نابێ. کاغەزەکەشی هەر ئەوە دەگەیەنێ. ئەی لەوە ناچێ بۆ شوێنەونی.. بۆ سەر لێ تێکدانی من بێ؟ ها!.. ئەوەش دەبێ.. دەبێ بۆ نابێ، بەڵام ئاخر ئەم پێچوپەنایەی بۆ چی بوو؟ لەبەر چی لێمی دەشارنەوە؟ دیارە بە کابرایەکی بوودەڵە و تەپۆ، یا ترسنۆك و بێ نموودیان داناوم. دەنا بۆچی.. ئاخر بۆچی گوو بە کڵاوم نەپێوراوە؟".

کاسەی سەری درەنگەی هات. هەستی دەکرد هێندە پەنەماوە کە ڕوو لە تەقینە. وەك تۆپێك پەنجە و لەپی هەردوو دەستی لێ گیرکردن. بە ژوورەکەدا بێ پەروا کەوتە خولانەوە. دەتوت کەللەی خۆی بەدەم یارییەوە ڕادەفرێنێ. بەبێ ئاگا لەخۆ دەخولایەوە. تەنانەت کاتێکیش پوور بە سینییە بەرچاییەکەوە پێی نایە ناو ژوور، هەر ڕاوەستانی بۆ نەبوو. تا ئەو ناچار سینییەکەی خستە سەر تەپڵەکێك. هات بەری لێ گرت و بە نیمچە تووڕەیییەکەوە وتی:

– ڕاوەستە سوبحان.. ئەوە چییە؟ بۆ وادەکەیت؟.

ئەوسا وەك لە خەوێكی مۆتەكاوی خەبەر كرابێتەوە، یەكەم جار ڕاچڵەكی و بە واقوڕمانەوە، لە جێی خۆی چەقی. حۆل حۆل ڕوانییە پوور. سیمای پڕ لە حەپەساویی ئەو وریای كردەوە. دەستی لەسەری بەردان و بەملا و بەولایدا شۆڕ بوونەوە. بە هێواشی جەستەی نیشاندە سەر زەوی و چوارمەشقی دانیشت. هەستێكی تێكەڵ لە تووڕەیییەكەی ساتێ لەوەبەری تەریقی و پەژارەواریی ئێستای، شالاوی بۆ هێنا و بەناوەخۆدا شكاندییەوە. سەری داخزایە سەر سنگی و مت بوو. ئاگەدار بوو كە پوور ڕووبەڕووی دانیشت هەستی پێ كرد كە ئەوەتا دەستی پڕ لە سۆزی، بەسەر و لامل و ڕوومەتیدا دێنێ.. كە بە لەرەی دەنگێكی گریاناوییەوە دەڵێ:

– سوبحان كوڕەكەم.. چ خێرتە پێم بڵێ.. بۆ وا دەكەیت؟.

بەڵام هەرچەندی كرد، زمانی ملی بۆ نەدا. كە هەر تەقەلای دا و بێ ئەنجام بوو، تەكانی بەخۆ دا و هەڵسایە سەرپێ. كشایەوە سەر قەرەوێڵەكە و پشت لەو ڕاكشا. ئەویش بەبێدەنگ لە ژوور بە دەركەوت و جێی هێشت.

***

كامەران ئێوارەیەكی درەنگ سەری هەڵدایەوە. بە شێوەیەكیش كە دەتوت تەنیا چەند دەقیقەیەك، لە كاتی بەڵێنەكەی دواكەوتووە. ئەو ساتەی پێی نایە ناو دەرگە، ئەم هێشتا گڵۆپی دانەگیرساندبوو. ئەگەرچی تاریكی ڕوو لەوە بوو بە ژوورەكەدا بتەنێتەوە، بەڵام ئارەزووی نەدەكرد ئەو باری دانیشتنەی پتر لە سەعاتە وەختێك بوو دەقی پێوەگرتبوو، تێكی بدا و هەڵسێ بچێ گڵۆپ دابگیرسێنێ. دیمەنەكە تەزوویەكی خۆشحاڵیی بە هەناوی ئەمدا تێ پەڕاند. ئەو ئەوەتا دەستی بە دەرگەوە ناوە. پێیەكی خستووەتە ئەمدیوی و ئەوی تری هێشتا لەودیوە. ئەم ئەو باش دەبینێ. گومان و سەرسامیی پێوە دیارە. كەمێ ڕادەمێنێ. بە وردی لەناو ژوورەكە دەڕوانێ. پێیەكی تری دەخاتە ئەمدیو و دوو هەنگاو دێتە بەرەوە. دوگمەی گڵۆپەكە لە پشت دەرگەكەوەیە. دەستی بۆ دەبا و گڵۆپ دادەگیرسێنێ. وەردەچەرخێ و ئەم دەبینێ، لەسەر ئەرز دانیشتووە، لاقی بە درێژكراوی ناوەتە سەر یەكتر و پاڵی بە قەفەزەكەوە داوە. بەسەرسوڕمانەوە ڕووی قسە لەم دەكا:

– ئەوە چییە؟ بۆ وا بە تاریكی دانیشتوون؟.

ئەم هیچ وەڵامێکی ناداتەوە. ئەو وەردەگەڕێتەوە بۆ پێوەدانەوەی دەرگە. ئینجا دادەنوێتەوە بۆ کردنەوەی قەیتانی پێڵاو و داکەندنی. بە دەمییەوە دەڵێ:

– بمبەخشن.. وام جێ هێشتن دوای نیو سەعاتێ بێمەوە. بەڵام چەندە هەوڵم دا بۆم نەکرا. من زۆر..

ئەم مەسەلەی پیلانگێڕییەکەی نێوان ئەو و جافری هێندە بە خەستی لە زەین چەسپیبوو، کە داڕشتنی قسەکانیشی ئاوەها لە شێوەی کۆدا، بە ئەڵقەیەکی تری پیلانەکە دانا. گوایە دەیەوێ بەو خۆگیلکردنە ئەم چەواشە بکا. بۆیە قسەکەی پێ بڕی و بەتەوسەوە وتی:

– بتبەخشن؟. من و کێ بتبەخشین؟.

ئەو بە وتەی (من و کێ) کە وریا بووەوە. سەرنجێکی خێرایی دایە جێگەکەی جافر و خێراتریش، بە ناو ژوورەکەیدا گێڕا. ئەم لەبەر خۆوە بەدەنگی نزم وتی:

– دەرزییە.

ئەو گوێی لێ بوو. پشتگوێی خست و بە پەرۆشەوە لێی پرسی:

– چی بووە؟ لە کوێیە؟.

– لە من دەپرسیت؟.

– ئەی؟.

– خۆت.

– خۆم؟ بۆچی؟ کاکە سوبحان چی بووە؟. تکایە ڕوونی بکەرەوە.

– ئەی چاکتر وا نییە تۆ بۆ منی ڕوون بکەیتەوە؟.

کامەران مرۆڤێکی بە حەوسەڵەیە. ئەم باشی دەناسێ و لە بندەستەوە شارەزایەتی. ئەو وەك هەر کەسێکی تر، پەست و بێزار دەبێ. بیستنی قسەی ناهەق، تووشی دەمارگرژیی دەکا. تووڕە دەبێ و ڕەنگوڕووی دەگۆڕدرێ. دەنگی بەرز دەکاتەوە. بەڵام توانایەکی سەرسوڕهێنەری، لە دانبەخۆداگرتندا هەیە. بگرە دەتوانێ لە ساتەوەختێکدا، هەست و هۆشی لە لووتکەی هەژان و خرۆشانەوە، دابەزێنێتە سەر خاوبوونەوەی ڕادەی خامۆشی. ئەم لەگەڵ دوا خرۆشانەوە، ئەم لەگەڵ دوا قسەکەی خۆیدا، سەرنجی دا ئەو ئەوەتا ناوچەوانی بەیەکدا داوە. سەروسیمای ترش و تاڵە. پەڕەکانی لووتی

لەرەلەریانە. لێوانی بەسەر یەکتریدا نووقاندن و ددان لەودیویانەوە کیرەکیرپانە. کەچی وەك فریشتەیەك لە ناکاوێکدا، لەو ئاسمانەوە دابەزیبێ و بە باڵە پیرۆزەکانی باوەشێنی رووی بکەن، رەنگورووی دەبێتە سایەقەی ساماڵ. ناوچەوان ساف و لووس. سەروسیما گەش و روون. پەرەکەی لووت ئارام و ددان مت و لێوان بەسەر یەکتریدا خەوتوو. ئینجا ئەوەتا دەستی راستی بۆ لای سەری بەرز دەکاتەوە. بە پەنجەی شایەتمانی بە ئەسپایی، پەنا گوێی دەخورێنێ، کەمێ رادەمێنێ و سەر دێنێ و دەبا. دوا جار بەدەم بزەیەکی خاوی ئارامگەیێنەوە دەڵێ:

– بەڵێ باشە و چاکتر وایە.. ئا بێگومان چاکتر وایە.

ئەوسا چووە سەر جێگەکەی جافر دانیشت. بە هێمنی و لە دڵەوە وتی:

– کاکە.. باوەرت هەبێ، من کاتێ پێم لێرە بردە دەرەوە، تەواو لە خۆم دڵنیا بووم کە نیو سەعات، ئەو پەرەکەی سەعاتێکم پێ دەچێ. بەڵام هەندێ کار و فەرمانی لە ناکاوی بەپەلە، هێندەی سەرقاڵ کردم کە بە هیچ کلۆجێ، بواری هاتنەوەی نەدام. خۆت دەزانیت ئەمە چارەنووسمە و خۆمم پێوە گرێ داوە. ناتوانم تەمەڵی و کەمتەرخەمیی تێدا بکەم. سەبارەت بە تووڕەبوونەکەشت، بۆنی ئەوەی لێ دەکەم، جافر شتێکی قەوماندبێ و تۆ منی پێ گوناهبار بکەیت.. یا وا دەزانیت من لێی ئاگەدارم.. وایە؟س.

– دەسا دڵنیا بە وا نییە.. بێ گوناهـ و بێ ئاگام.. ئێستا پێم بڵێ بزانم مەسەلە چییە؟.

ئەمیش رەنگورووی کرایەوە. بزەیەك گرتی و لە قالبی گاڵتەدا وتی:

– خۆم وتم: ئێستا بە قنگەوە دەمخاتە چاڵەوە.

بە دەمییەوە کاغەزەکەی جافری بۆ رەت کرد. ئەو هەر هێندەی خوێندییەوە، زەردە و نەرمە پێکەنینەکەی لێ رەوینەوە. بە ئەسپایی بینایی لە کاغەزەکەوە گواستەوە سەر دەموچاوی ئەم. سەری لەگەڵیدا وەرنەچەرخاند. تەنیا بینایی و ئەویش بە تیلە. تیلەکە هێندە بە مانابوو کە دەتوت دەڵێ: سیحرەکە بەگژ سیحربازەکەدا دەچێتەوە. ئەم لەو ساتەدا وای لێ تێ گەیشت. تەنانەت لەوەدا بوو هاوار بکا و بڵێ: نا من لە رۆیشتنی ئاگەدار نیم. بەڵام ئەو تیلەی کشاندەوە و چاوی برییەوە کاغەزەکە. وەك لەبەر خۆوە بدوێ، بە خەمخۆرییەوە وتی:

– کارێکی خراپی کردووە. دەبوو چاوەرێ بکا. رێگە هەمووی گیراون. نەدەیەڵن کەس

بۆ ناوچەکە بچیٚ، نەکەسی لیٚ دەرباز ببیٚ.

– بە قسەی کیٚ؟.

– حەمۆڵ... نەموت کە هاتمەوە بەدریٚژی باسی دەکەم؟ بۆچی پەلەی کرد؟. دەبوو چاوەڕیٚ بکا تا روون دەبووەوە.

هەردووکیان بۆ ماوەیەك بیٚدەنگ بوون. تا کامەران کە هیٚشتا کاغەزەکەی بە دەستەوە بوو، لەپڕیٚکدا چوار قەدی کرد و نایە گیرفانی. هەڵسایە سەرپیٚ و قەڵەمبازدی دایە لای دەرگە. پیٚڵاوی کردنەوە پیٚ و خەریکی قەیتان بەستن بوو. کە ئەم لیٚی پرسی:

– ئەی حەمۆڵ؟.

ئەو بەزار وەڵامی نەداوە. تەنیا سەری بەرز کردەوە و بە سیما لیٚی پرسیٚ کە ئاخۆ مەبەستی چییە؟. کاتیٚکیش ئەم وتی:

– چووەتەوە؟.

ئەو لەژیٚر لیٚوەوە کە دەتوت لەگەڵ ئەمیشی نییە، وتی:

– هیٚشتا نەء.

ئیتر بەبیٚ خواحافیزی، بە پرتاو لە ژوور دەرپەڕی. تاقوتۆقی لە دەرگەی حەوشە هەڵساند و ئاودیوی بوو. تەپەتەپی پیٚی بە ڕوونی هاتە بەرگویٚی، کە بە شەقاوی خیٚرا، بە پاڵ دیواری ژوورەکەدا تیٚپەڕی. ئەم لەو کردەوەیەی سەرسام بوو. نەیدەزانی چۆنی لیٚك بداتەوە. لای ئاشکرا بوو کە کاغەزەکە هەراسانی کردووە. بەڵام بۆچی؟ زەفەری پیٚ نەدەبرد.

## ٤

ئەم بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق، بەسەر ساجی سوورەوەبووی سێ جۆر چاوەڕوانییەوە بوو. جافر و کوا هەواڵی چارەنووسی؟ حەمۆل و چووەتەوە یا نەچووەتەوە؟ کامەران بۆ نایەتەوە؟ سێ دۆزەخ و سات بەسات هەڵیان دەقرچاند. مێشکیان دەکرۆشت و دڵیان دەپڕواند. هەر سەعاتەو بە یەکێکیانەوە دەتلایەوە. بەسەد و یەك باردا تاووتوێی پێ دەکرد. هێندەی لێك دەدایەوە.. هێندەی ورد دەکردەوە، کە لەو سەرەوە لێی درشت دەبووەوە و دای دەخزاندە ناو کۆلانێکی داخراوەوە.

کامەران ها ئێستا ها ساتیکی تر خۆی بە ماڵدا دەکا. هەواڵی چوونەوەی حەمۆل بۆ تاقیبکردن لەلای ئەوە. ئەو دەزانێ چووەتەوە یان نا نەك ئەم. ئەمێکی بەندی ناو ئەم چوار دیوارە، لە کوێوە پێ بزانێ؟ دەبێ ئەو بێتەوە و بە ئا و نەء بیلێ.. " خۆ من غەیبزان نیم . ئەو دوێنێ وتی: هێشتا نەء!. بواری نەدام بپرسم: ئەی کەی؟. دەتوت ڕاونراوە!. نا نا.. دەتوت بە چاوی قوورەتی، جافری بینیوە هەنگاو بەرەو هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار دەنێ و ئەو دەچێ و دەدا لە شەقەی باڵ، لە چاوترووکانێکدا دەگاتە لای ڕزگاری دەکا. دەرفرتانەکەی لە ژوور لەوەی دەکرد. دەنا بۆچی هیچ نەبێ، گفتێکی نەدا و ماڵاواییەکی نەکرد؟ جافرە و گەیشتووەتە تینی. دەبوو بتزانیبایە کە ناهەقی نییە. دەبوو بچیت حەمۆلی بەتایبەتی بەدوادا بنێرێ. خۆ من نازانم. دوور نییە وات کردبێ. ڕەنگە ئەو ڕۆیشتنە بە پرتاوەت بۆ ئەوە بووبێ. ئەگەر وابێ چاکت کردووە. بەڵام بۆ نایەیتەوە تا بزانم وایە یا نا؟. تا نەیەیتەوە من چۆن دڵنیا ببم؟. خۆ غەیبزان نیم. تۆ ئەوە بیست و چوار سەعاتی ڕەبەقە ڕۆیشتوویت. شەوی پێشتر وتت: نیو سەعات و سەعاتێك و کردت بە بیست و چوار. ئەمیشیانت دیسان وابوو بە بیست و چوار. باشە خۆ نیازت نییە بیکەیت  بە چل و هەشت. ئێ دەوەرەوە کاکە.. وەرەوە دڵم تەقی!. ئاخر خۆ تۆ دەفامیت و لە حاڵی من ئاگەداریت. دوێنێ وتت: بمبەخشن و بەخشرایت. ئەی ئێستا تۆ دەڵێی چی و من بڵێم چی؟ دیسان بمبەخشە لە تۆ و بەخشرایت لە من؟ بۆ

گوایە ئێمە هەقایەتی مێش بۆ یەکتر دەکەین؟ بۆ تۆ نازانیت من لە چ حاڵێکدام؟ نازانیت کە ئەوەتا خەریکم دەتوێمەوە.. دەبم بە هەڵم.. بە پڕ بە موستیلەیەك ئاو و برژێتە سەر لمستانی بیابانێك؟ ها.. نازانیت؟ دەی باشە بۆ نایەیتەوە.. ئاخر بۆ؟ خۆ لە چۆڵی قۆڵفە گیرت نەخواردووە؟. خۆ ڕێت نەکەوتووەتە توونی بابا؟ خۆ خۆت بەدەم ئاوی ئاموونەوە نەداوە؟ شارێکە و چوار بست بەملا و چوار بەولادا. چەندە بە پێچ و پەناشبێ، تۆیەکی شارەزای نەك کووچە و کۆڵانەکانی، بگرە زێرابەکانیشی، دەتتوانی لە باتی جارێك دە جار سەرت بدایەتەوە. هەروا بەسەر پێوە سەرت بدایەتەوە و بتوتایە: کاکە سوبحان..".

– کاکە سوبحان.

لە بریی کامەران شادمان بوو. هاتبووە ناو ژوور سەرسام ڕاوەستابوو.. سەرسام لەمی بەسەر دنیاوە نەماوا! زەلامێك بەو قەلافەت و شان و باهووەی شادمانەوە، تەپ تەپ بە هەیواندا بێتە بەرەوە. تەق تەق دەرگە بکاتەوە.. بێتە ژوورەوە زەق زەق سەیر بکا.. ئەمیش زیت زیت لەو بڕوانێ، کەچی وەك مێش میوانی نەبێ وابێ. کە لە (کاکە سوبحانە)ەکەی بە ئاگا هاتەوە، ڕاچەنی و شڵەژا. نەیدەزانی چی بڵێ و هیچی نەوت. بەڵام نەشیدەزانی چی بکا. ڕووی لێ وەرگێڕا و بەبێ پەروا بە دەوری خۆیدا خولایەوە. تا لە ئەنجامدا خۆی هاویشتە سەر قەرەوێڵەکە و دانیشت. ئەوساش هیچی نەوت. شادمان گلۆزێ جگەرەی بە دەستەوە بوو. لێی هاتە پێشەوە و لەسەر تەپڵەکەکەی تەنیشتی قەرەوێڵەکە داینا. کەمەکێ بەرامبەری ڕاوەستا. ئینجا وتی:

– هیچی ترت ناوێ؟.

ئەم لێی پرسی:

– کاکت دێتەوە؟.

ئەو وتی:

– نازانم.

ئەم دیسان لێی پرسی:

– ئەمڕۆ نەتدیوە؟.

ئەو ئەم جاریش، بە (نەء)ێکی هاومانای (نازانم)ەکە وەڵامی دایەوە، کە ئەم لە

ناخدا پێی شێتگیر بوو. لەوەدا بوو بە ڕوویدا بتەقێتەوە و دانی بە خۆیدا گرت. تەنیا چاوانی لێ ژێرە و ژوور کردن و کڕکەوت. ئەویش ئیتر کشایەوە و جێی هێشت.

ئا بەڵێ.. کامەران بیست و چوار سەعاتەکەی، بە ڕاستی لێ کردە چل و هەشت. شەوی دووەم و ڕۆژی دووەمیش نەهاتەوە. ئەوی کەلا خست و بیر و هۆشی ئالاندە جافر..″ ڕەنگە ئەو شتێکی بە شتێ کردبێ. لە خۆڕایی ملی پێوە نەنا. دیارە دەبێ ئەو هەموو سەرەخۆلێیەی، بەو هەموو دۆڵ و نشێو و چیا و چۆلانەدا و نەبینەوەیان، دڵنیای کردبێ کە هەلاتوونەتە دیوی گەرمیان. چوونەکەی بۆ سەنگاو ئاقلانەیە. لەوێوە بە باشی دەتوانێ سۆراغ بکا. ئافەرم جافر.. باشی بۆ چوویت. بەلام ئاخر بۆچی ئاگەدارت نەکردم تا منیش بێم؟. یا هیچ نەبێ بۆچی لێمت شاردەوە؟ لە کامەرانیش؟. ڕەنگ بوو بمانتوانیایە یارمەتیت بدەین. من نا.. کامەران.. ئەو دەیتوانی. ئێستا تۆ کە ئاوا سووك و ئاسان ملت پێوە ناوە، خوا دەزانێ تووشی چ کۆسپ و کەندێك دەبیت.

کامەران ڕاست دەکا. من وەك ئەو نالێم دەبوو چاوەڕێ بکەیت. نا.. من دەڵێم باشتر وابوو پرسمان پێ بکەیت. یا هیچ نەبێ منت ئاگەدار بکردایە. ئەو حەلە دوور نەبوو من نهێنییەکەی حەمۆلم بۆ ئاشکرا بکردیتایە. بگرە هەروەهاشم دەکرد و دەتانتوانی پێکەوە بچن. ئیشی یەکترتان ئاسان دەکرد. کوڕە بگرە ئەو گرێکوێرەیەی نێوانیشتان دەکرایەوە و هەموو ڕزگارمان دەبوو. سەگی کوڕی سەگینە.. تۆ بزانە ئێوە چ دەردێکتان داوەتە من. لەم حاڵەشدا هەر لە کۆڵم نابنەوە. هەردەبێ دەستم بە پاشووتانەوە بێ. من خۆم بە چ دەرد و سزایەکەوە دەتلێمەوە و کەچی دەبێ، ئازاری دوومەڵەکەی جەنابیشتانی بێتە سەر. ها تەقی ها نەتەقی. دەتەقێ نا تەقێ بە جەهەنەم. با واز لەوە بێنین. با بێینەوە سەر چارەنووسی جەنابت. ئێستا تۆ لە کوێیت؟. ئێستا کلاوی سەخری جن لە کوێ بێنم و لێت دڵنیا ببم؟. گەیشتوویتە جێ یا..″.

ئەو ساتە لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو. ساتانێکە کە خۆری تێدا دادەخزێتە پشتی ئاسۆوە. پاشماوەی تیشکێکی ئاگرینی خاو، هەڵدەداتە سەر سنگی ئاسمان. پاشماوەیەك کە لە جگەرەکێشانێکی پتر پێ ناچێ و دادەکشێتەوە ئەودیوی ئاسۆ. لەوە بەدواش ئیتر تاریك و لێڵییە و ساتانی هاتنەوەیەتی، ئەگەر لە هاتنەوە بێ. بە بینینی چمکی سەرەوەی دیمەنەکە، لە خۆی بە ئاگا هاتەوەکە بۆ ئەو مەبەستە چووەتە بەر پەنجەرەکە. ئەو لە هەموو ساتەکانی هەر بیست و چوار.. هەر چل و هەشت

سەعاتەکەی پێشوودا، چاوی بیر و هۆشی زەینی تەنانەت لە خەویشدا لە ڕێ بووە. بەڵام ئەمانەی ئێستا.. ئەم ساتانەی ئەم ئێوارە درەنگ وەختەی ڕوو لە تاریك و لێڵییە. هەرە گەرموگوڕەکانن بۆ هاتنەوەی. هەرە لە بارەکانن کە ها ئێستا ها تاوێکی تر، پاڵ بە دەرگەی حەوشەوە بنێ و شەقاو هەڵێنێتە ناو ماڵ. بەڵام دوا دەزوولەکانی تیشکە خاوەکە، بەرەو پشتی ئاسۆ ڕاکێشرانەوە. بە دوایاندا پەردەیەك لێڵایی و ئینجا تاریکی، بەسەر پەنجەرەکەدا داکشا. ئەوسا بە نائومێدییەوە بەر پەنجەرەی بەردا. چوو گڵۆپی داگیرساند و لەو کاتەدا، گوڵناز بە سینییە خۆراکی شێوەوە، لێی بە ژوور کەوت. ویستی هەواڵی کامەرانی لێ بپرسی و پاشگەز بووەوە. وتی: " خۆ لە شادمانم باشتر وەڵام ناداتەوە؟.. ئیتر بۆ؟ لە بریی ئەوە لێی پرسێ:

– دەنگوباس چییە؟.

کەچی وەڵامەکەی شتێك بوو لە بابەتی ئەوەکەی شادمان. وتی:

– وەڵا کاکە سوبحان، ئەمڕۆ هەر لە ماڵەوە بووم و هیچی وەهام لەلا نییە بایەخێکی هەبێ.

لەوەدابوو لێی بپرسێ: ئەی دوێنێ و پێرێ و نەیکرد. وتی: بێ سوودە.

گوڵناز وتی:

– هیچت ناوێ؟.

ئەم وتی:

– ڕۆژنامەکان.. شادمان نەیهێناونەتەوە؟.

ئەو وتی:

– ئا.. با با.. بەسەرچاو.. هەر ئێستا.

کامەران لە چل و هەشتیشی تێ پەڕاند و گەیاندییە حەفتا و دوو. ئێستا ئەوە حەفتا و دوو دانە سەعاتە و ئەو بێویژدانە، بۆ ساتە وەختێك.. تەنیا بۆ ساتە وەختێکیش، سەرێکی لە ماڵ نەدایەوە و ئەگەر بەسەر پێوەش بووە بڵێ: واو وا؟ خۆ من نامەوێ بێت شانامەم بۆ بخوێنێتەوە. کاکە کەی من ئەوەم لە تۆ دەوێ؟ تۆ تا حاڵیحازر ئەوە بوو بە حەفتا و دوو سەعاتی ڕەبەق کە ڕۆیشتوویت. تۆ لەوەکەی پێشوتدا وا ڕۆیشتیت کە دوای نیو سەعات یا سەعاتیك بێیتەوە. کەچی درێژەت پێ کێشا بۆ بیست و چوار. بۆ

ئەمیان ئەشهەدو نەتوت کەی دێیتەوە. بەڵام خۆ نەشتوت: حەفتا و دوو سەعات.. سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەقم پێ دەچێ. نەتوت.. وانا؟ دەی باشە بۆ نایەیتەوە؟ خۆ ئەرز قووتی نەداویت؟ خۆ ئاسمان هەڵی نەلووشیت؟ کفر دەبێ ئێستا .. هەر ئێستا خۆت بە ژووردا بکەیت؟ نا.. کابە کەچ نابێ. چاکتر وایە جافریشت لەگەڵدا بێ. تا چارەنووسیم لەلا ڕوون ببێتەوە. یا تا بزانم چی بەچی کردووە. چووە سەنگاو یا نەچووە. ئەگەر نەچووە بۆچی؟. ئەگەر چووشە بۆمی بگێڕێتەوە. چیی دی؟ چیی کرد؟ چیی بیست؟ بە چ ئەنجامیك گەیشتووە؟. جا بۆ وا؟. کێ دەڵێ بەخۆی و لۆرییەك.. پاسێکی کۆستەر.. یا تراکتۆر و عارەبانەیەکەوە، لەبەر دەرگەی حەوشەدا قوت نابێتەوە؟ یەکەم جار کامەران بەهەڵەداوان دێ. دەڵێ ڕاکە وەرە ببینە. دەردەفرتێمە کۆڵان دەبینم. ئەوە هەمووانن دادەبەزن. دایکم، باوکم، غوربەت و منداڵەکان، ماڵی مامم، ماڵی جافر و ماڵی باوکی بووکەخانی. زۆرن. خەڵکەکانی تریشیان لەگەڵدایە. ژاوەژاویان کۆڵانەکەی پڕ کردووە. کامەران پەلەی هاتنە ناو ماڵیان لێ دەکا. ئەوەتا پوورم و مام فەتاح و شادمان و گوڵنازیش، دەرپەڕیونەتە ناو کۆڵان. فەرموون وەرنە ناو حەوشە. زووکەن ناو کۆڵان چۆڵ بکەن. پوورم لەناو حەوشەشیاندا ناهێڵێ. بەسەر ژوورەکانیاندا دابەش دەکا. ئەوەتا من دایکم و باوکم و غوربەت و منداڵەکانم لەگەڵدان. بنار و چنار لەسەر ئەم ڕان و ئەو ڕانم دانیشتوون. غوربەت تێم دەڕوانی و دەخنێتەوە. من لاچاوەکەی لێ دەترووکێنم. دەزانم وەختی خنینەوە و چاو تروکاندن نییە. ئەوە بەمرۆوە بوو بە چەند؟. پانزەیە.. بیستە.. نازانم. بۆ من سەردەمانێك بوو. دەی هەرچەندێك بێ، ئەوان ئێستا زۆر برسین. ژەمبوردەی ئەو هەموو ڕۆژانەن. ئەوە گوڵنازە وا خواردنی هێنا. دەزانم برسیتانە. بەڵام ئاقڵ دانیشن و ئاقڵ بخۆن. باجی گوڵناز.. ئەها چەند ئاقڵن!.. ئەها!.. ″.

گوڵناز واقڕماو بەسەر پێوە، دەستی بە سینییەکەوە وشك بووبوو. لە بەرامبەری ئەو دوایین قسەیەی ئەمدا کە بە دەنگی بەرز کردی، نەیدەزانی چی بڵێ و چی بکا!. تێ نەدەگەیشت مەسەلە چییە. بە سینییە خۆراکەوە دێتە ژوورەوە و ئەو قسانە دەبیسێ. بەڵام ئەم بە فریا کەوت. کە لە خۆی وریا بووەوە. خێرا ڕاپەڕییە سەرپێ. سینییەکەی لە دەست وەرگرت و بە زەردەخەنەیەکی تێکەڵ لە خەم و پەژارەوە وتی:

– بنار و چنارم لەگەڵدا بوون.. ئەوانم دەدواند.

گوڵناز لەو بازنەی ڕامانەی هاتەدەر. بەڵام پێوەی دیاربوو کە لوولی خواردووەتەوە

ناو بازنەی دڵسووتانەوە بۆ ئەم. سینییەکەی چۆن لە دەست وەرگرت، وەها لەسەر ئەو بارە ئەوق مابوو. تەنانەت دەستەکانیشی هێشتا بۆ پێشەوە ڕەت بووبوون. قنچکەکانی هەردوو چاوی تەڕاییان تێ زابوو. تەمێکی خەست بە سەرانسەری ڕووە هەردەم گەشاوەکەیدا داکشابوو. دەتوت لە ناکاوێکدا هەواڵی کۆستێکی گەورەی پێ ڕاگەیەنراوە. لەوە نەدەچوو ئاسایی بۆ خۆی ببزوێ و بێتەوە سەرخۆ. ئەم سەرنجی دا وا ڕۆژنامەکانی لە بنهەنگڵ ناون. سینی بەسەر دەستەوە و ڕۆژنامە لە بنهەنگڵدا. بۆ بزواندنی لێی نزیك بووەوە و وتی:

– ڕۆژنامەکانیشت بۆ هێناوم؟. وەکو دوێنێ لە بیرت نەچوون.

ئەوسا مۆتەکەکە دەستبەرداری بوو. جووڵا و ڕۆژنامەکانی بۆ ڕەت کرد و وتی:

– دوو سێ گۆڤاریشیان لەگەڵدایە. من داوام کردن.

بۆ ڕەواندنەوەی کەسەری دڵی ئەو، کە وەری گرتن بە تاسووقەوە لاپەڕەکانی گۆڤارەکانی هەڵدانەوە. بە دەمییەوە پەیتا پەیتا خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕی و بە پەرۆشەوە وتی:

– سوپاست دەکەم.. چاکت کرد.. کاتیان پێ بەسەر دەبەم.

کە ئەو جێ هێشت، زۆری نەبرد پوورە عەتاو و مام فەتاحی لێ پەیدا بوون. ئەم خێرا هەستی کرد کە گوڵناز، باسی حاڵەتەکەی بۆ کردوون. لە ترووکەی چاویاندا.. لە سەرنجی پڕ سۆز و بەزەیی و لە هەڵسوکەوتی هێمنانەی مەغزا دەریاندا دەردەکەوت. لەگەڵ دانیشتنیشیاندا، پوور ڕاستەوخۆ دەری بڕی، وتی:

– سوبحان.. کوڕەکەم.. تۆ ئەو سێ ڕۆژە لە خواردن تەوەلا بوویت. تۆ بەوە ئازاری خۆت و ئێمەش دەدەیت. بۆ وا دەکەیت؟

ئەم نەیویست ڕاو و ڕێوییان بۆ بێنێتەوە.. خۆیشی و ئەوانیش بخەڵەتێنێ. بە دڵێکی پڕ لە ژانەوە.. بە دەروونێکی سیخناخ لە گازندەوە.. بەبێ پێچ و پەنا وتی:

– ئەوە بوو بە سێ ڕۆژی ڕەبەق، سێ قۆڵی ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشتن، کەسێکیان سەری هەڵنەدایەوە. ئەوە دووانەکەی تر بۆ دوور چوون و با بڵێین: قەیناکا. ئەی خۆ کامەران لە بندەستەوەیە. ئەو بۆچی؟. من خوێنم خەریکە دەبێتە ئاو.. مێشکم لە تەقینە پوورێ. ئێوە نازانن من لە چ حاڵێکی پەشێودام.

مام فەتاح هەڵی دایە و بە سۆزێکی باوکانەوە وتی:

– باوکەکەم.. تۆ خۆت ئاگەداری هەیت و دەزانیت، کە ئەویش ئەم ڕۆژانە چەندە باری شانی گرانە. داخ و خەفەتی ئەو، لە هیٚ ئێوە کەمتر نییە.

– دەزانم مامە دەزانم.. بەڵام خۆ دەیتوانی بۆ ماوەی جگەرەکێشانێکیش بێ، سەرێك بداتەوە و دوو قسەم بۆ بکا. ئەگەر شتێك هەبێ پێمی ڕابگەیەنێ. ئەگەر نییە بڵێ نییە. تەنیا ئەوەندە.

– تۆ هەقتە. بەڵام عەرەب واتەنی: ئەوەی لە حزووردا نییە، بەهانەی لەگەڵ خۆیدایە. لێی مەخۆرەوە. کە هاتەوە یەخەی بگرە و لێی بپرسە بۆچی؟.

ئەم قسەکەی پەسند کرد و هیچی تری نەوت. پوورە عەتاو فرسەتی هێنا. چوو بەلای سینییە خواردنەکەوە، کە ئەم هێشتا دەستی بۆ نەبردبوو. هێنای و خستییە بەردەمی. لە شێوەی فەرماندا وتی:

– بخۆ دەی.. نەخۆیت وەك هەر ساوایەکی چەتوون، لووتت دەگرم و بە زۆر پاروو دەئاخنمە قورگتەوە.

– ئاخر پووریٚ بۆم ناخوریٚ.. بۆم قووت ناچیٚ.

– دەچیٚ.. بە زۆر دەبیٚ بچیٚ. خۆ ئێمە کەمتر لە تۆ دەردمان گران نییە.

چەندە کەسوکاری تۆن، هێندەش هی منن. ڕەنگە لێت وابیٚ ئێمە خەمیان لیٚ ناخۆین.. لێت وایە؟.

– نا پووریٚ.. قەت نەء.

– دەخۆت لە برسا مەکوژە و نانەکەت بخۆ.

مام فەتاحیش وتی:

– خەمت نەبیٚ.. دێنەوە و خوا یاربیٚ، بە هەواڵی خۆشیشەوە دێنەوە. خۆ ئەو خەڵکە زەنگیانە نین، لەناو خۆڵدا بزر بووبن. هەر لەو دەوروبەرەن. من دڵنیام لەو دەوروبەرەن.

***

کامەران لە ڕۆژی چوارەمدا، چێشتەنگاوێکی درەنگ سەری هەڵدا. ئەم ئەشکەنجەی

چاوەڕوانکردنە سێ شەو و سێ ڕۆژییەکەی، هێزی بەرگەگرتنی لەلا پواندبوو. وزەی خۆڕاگرتنی تێدا کوژاندبووەوە. هەستی دەستەپاچەیی دڵ و دەروونی تەنیبوو. بەیانییەکەی بەپێچەوانەی ڕۆژانی پێشووەوە، هەرچەندی دەکرد خۆی لەناو جێگەکە بۆ دەرنەدەکێشرا. دەتوت پێوەی شەتەك دراوە. دەیزانی کە ئەگەرچی کەمخۆراکیی ئەو ڕۆژانە بێ هێزی کردووە. بەڵام هیچ ناساغییەك لە جەستەیدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا وزەی جێهێشتنی ناو جێگەی، لە خۆیدا هەست پێ نەدەکرد و ئارەزووی مانەوە، بەسەریدا زاڵ دەبوو. تەنانەت کاتێك پووره عەتاویش هات و تەقەلای دا لەناو جێگەی دەربێنێ، ئەم بەوە قاییلی کرد کە شەو زۆر درەنگ نووستووە و تێر خەو نەبووە.

ئەوساتەی کامەران پێی نایە ژوور، ئەم پشت لە دەرگە و ڕووەو دیوار ڕاکشابوو. بەئاگا بوو کە ئەوەتا دەرگە کرایەوە و یەکێك هاتە ژوورەوە. وای بۆ چوو کە دەبێ پووره عەتاو بێ هاتبێتەوە وێزەی. بە نیازی دەست پێوە نانی، ورتە و جووڵەی لەخۆ بڕی. بەدەستی بووایە هەناسەیشی نەدەدا. ماوەیەك دەنگ نەبوو. چاوەڕێ بوو خشپەی پێی ببیستێ لێی نزیك ببێتەوە. بگاتە ئاستی و بۆ خەبەرکردنیەوە شانی ڕاوەشێنێ. کەچی لە بریی ئەوە، دەنگی پێوەدانەوەی دەرگەی کەوتە بەرگوێ.. ″ ڕۆیشت.. ڕزگار و لە کۆڵم بووەوە! ″. لە دڵدا وای وت و بە جەستەش جموجۆڵی تێ کەوتەوە. تەنانەت جەستەی وەرگەڕاندە سەر پشت و فیشکەیەکی نیشانەی بێزاریشی لە دەم دەرپەڕی. ئەوسا لە دەنگی کامەران ڕاچڵەکی کە وتی:

– وام زانی خەوتوویت، وتم با خەبەری نەکەمەوە. نیازم وابوو منیش هەر ئاوا بەم وەزعەمەوە، ڕاکشێم و کەمێ بحەوێمەوە.

ڕاچەنییە سەرباری دانیشتن و بە دوو چاوی رەقەوە تێی ڕوانی. دەتوت دەڕوانێتە ئەستێرەی بەخت و لە ناکاوێکدا هەڵهاتبێ. ئەوەتا ئەوە کامەرانەکەیە و هاتەوە. پەیام و هەواڵ و مژدەهێنەکەیە و هاتەوە. بەڵام.. ″ تۆ ڕاوەستە!.. ئەوە سەروسیمای مژدەهێنە؟ ئەو دەڵێی لە گۆڕ هاتووتە دەرێ!. دەڵێی زەعفەڕانیان لە ڕووی هەڵسووە. چاوانی زەق کراوەن. کەچی ترووسکاییان تێدا نییە. تەڵخ و بێ سپێنەن. ناوچەوان لۆچاوی. لێو وشك و بەسەر یەکتریدا تەپیو. مل بە لارەوە و شان و شەپیلك داکەوتوو. جەستە شەکەت و شێواو. لەوە دایە ها ئێستا ها ساتێکی تر بە لادا بێ. قەت ئەمە سەروسەکوت و ڕەنگوڕووی کابرایەك نییە، هیچ جۆرە مژدەیەك لە هەگبەیدا بێ. بگرە بەپێچەوانەوە، بە ئاشکرا هاوار دەکا: سەیرم بکە و تێ بگە″.

ئانوسات تێ گەیشت. دڵی گوشرا و برووسکەیەك بە هەناویدا تێسکەی کرد. لەشی داگیرسا و لاجەنگەکان و ناوچەوانی گریان لێ دەبووەوە. کەوتبووە سەر پێ و بەرامبەری ڕاوەستا بوو. بە دەمی داچەقیو و چاوی ئەبڵەقەوە، تێی دەڕوانی و زمانی بۆ نە دەهێنرایە گۆ. ئەو بەدەنگێکی خەمناکی پڕ لە شکست خواردەیییەوە وتی:

– لە دەرەوەی شار بووم.. ئێستا لە ڕێوە هاتوومەوە.

ئەم زمانی بەربوو، وتی:

– لە کوێ؟.

– چەمچەماڵ.

– ئەی حەمۆل و جافر؟.

– ئاگام لە جافرنییە. بەڵام لەگەڵ حەمۆلدا پێکەوە بووین.. پێکەوە چووین بۆ چەمچەماڵ.

– ئێی؟.

ئەو دیاربوو کە دڵی بەرایی نەدا، ڕاستەوخۆ دەری ببڕێ. دەستێکی بەسەر و پۆتەڵاکیدا هێنا. چاکەتەکەی داکەند و لەولاوە داینا. هێنایەوە پێش و ئەم گیرفان و ئەو گیرفان، بۆ تەزبیاح گەڕا. دەری هێنا و کەوتە قرتە قرتکردن بە دەنکەکانی. ئەوسا برووسکەیی وتی:

– شاڵاو بۆ گەرمیانیش دەستی پێ کردووە. هیچیان پێ نەکرا. حەمۆل لەوێ ماوەتەوە. هەوڵ دەدا ئەنجامێکی دەسگیر ببێ.

– ئەی ئاخر جافر، ئەو چی؟.

– من وتم ڕەنگە هاتبێتەوە بۆ ئێرە.

– حەمۆل بۆ نەچوو بۆ سەنگاو سۆراخێکی بکا؟.

– نەیدەتوانی.. من بیرم بۆی چوو.. بەڵام جگە لە ستەمیی چوونەکە، خۆت دەزانیت کە ڕای جافر چۆنە بەرامبەری!. داواشم لێ کردایە نەدەچوو.

ئەمێك کە قسەکانی تری کامەران لە بنەڕەتدا بڕستیان لە بەر بڕیبوو، بەمەیان تەواو کەللەیی بوو. خۆی لە ئاستیدا وا هاتە بەرچاو، کە بووەتە گاڵتەجاڕی ئەو و گەمەی پێ دەکرێ. لە حەوسەڵەیدا نەما و تەقییەوە. لێی چووە پێشەوە و بەرامبەری

ڕاوەستا. دەستی چەپی لێنایە کەمەر و دەستی ڕاستی لێ خستە ڕاوەشاندن. بەدەنگێکی تیکەڵ لە بێزاری و تووڕەیییەوە وتی:

– تا کەی لێتی بخۆمەوە؟ تاکەی دەمم بدوورم و دەنگ نەکەم؟ نەخێر دەچوو.. کامەران تۆ کێ دەخەڵەتێنی؟.. کێ چەواشە دەکەیت؟. خۆت باش دەزانیت کە ئەگەر فەرمانت پێ بکردایە دەچوو. ئەوێکی پێشمەرگەی ئازا و دلێر و لەخۆبوردەی گیان لەسەر دەست، ئەگەر جەنابتی فەرماندەکەی فەرمانت بدایە دەچوو. کامەران.. لە دوژمن و خەڵکانی ترت حەشارداوە و دەیدەیت هەقتە.. تەواوە.. جێی خۆیەتی. بەڵام لە من و جافری هاوڕێی تەمەنی.. هاوڕێ گیانی بەگیانیی بۆچی؟. لە پای چی لێمانی دەکەیتە جاشێکی ناپاکی خۆفرۆش؟ پێم بڵێ بزانم بۆچی؟.

کامەران لە یەکەمین قسەکانەوە، وەك لە ناکاوێکدا دەرزییەك بە بنی نینۆکیدا کرابێ، ڕاچەنی و سەری بەرز کردەوە. حەپەسا و هەردوو چاوی بەسەر ئەمدا ئەبڵەق بوون. ڕەنگە زەرد و هەڵبزرکاوەکەی سوور هەڵگەڕا. وەك لەبەر خۆوە وشەیەك یا ڕستەیەك بڵێتەوە، لێوانی کەوتنە لەرینەوە. پێڵووی چاوە ئەبڵەقەکانی دەستیان بە پرتە پرت کرد. تەنانەت چەند وردە تنۆکێکیش ئارەق، بەناوچەوانییەوە سەریان هەڵدا. ئینجا بەنیازی شاردنەوەی ئەو پەشێوییەی لەم، دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و هێنای بەسەر و پۆتەڵاکیدا. بە دەمییەوە سەری ڕووەو تەزبیاحەکەی دەستی چەپی داخزاند، پەنجەکانی دەستی چەپ، دەنکەکانی تەزبیاحەکەی تووڕە تێ دەپەڕاندن. قرچە قرچیان لەناو ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە. بە دوایدا وەك لەو قسەیەی دەیکا دوودڵ بێ، بە نزمی و بێباوەڕییەوە وتی:

– مەبەستت چییە؟.. تێ ناگەم.

ئەم بەری دەربازبوونی لێ گرت. ڕوونتر و زوڵاڵتر وتی:

– باش تێ دەگەیت.. حەمۆل جاش نییە و پێشمەرگەیە.. پێشمەرگەیەکی دوو جار گیان لەسەر دەست.. دوو جار چاو نەترس و جەربەزەیە.

– چۆن؟ بە چیدا دەیزانیت؟.

ئەم پرسیارەکەی بەلاوە نا. لەسەر مەبەستەکەی بەردەوام بوو. وتی:

– منی لێ دەرکە.. من قەت لەگەڵیدا تێکم نەدابوو. بەشی هەق و حسابی ئەو هاوڕێیەتییەم تێدا هێشتبووەوە. بەڵام جافر گەیاندییە ڕادەی بوغزاندێکی ئەوتۆ، کە

تەنانەت لێی بچێ بەقیردا و نایەڵێ نەشملیی بدرێتێ. خۆ نابێ لەم باسە ئاگەدار نەبوویت، ئاگەدار نەبوویت؟.

– دەی باشە تۆ چ جۆرە مرۆڤێکیت؟. تۆ هیچ دڵت بەو کوڕ و کچە نە دەسووتا؟ ئەوا خۆت بوویت بەو دەروێشە کە هەیت. ئەی ئەو خەڵکەی تر بۆچی بەو دەردە دەبەیت؟ ئاخر هەی زاڵمی دڵڕەقی بێویژدان، کابرا دەکەیت بە جاش بیکە. دوو جار دەیخەیتە بەر مەترسیی بە کوشتدانەوە بیخە. سەری چۆن بە فەتارەت دەدەیت بیدە. بەڵام چی دەبوو ئەگەر قسەیەکی خێرت بە پەنهانی لای من.. یا لای منیش نا لای جافر لە دەم دەرچووایە و ئەو دوو دڵەت بە یەکتر شاد بکردایە.. ها.. چی دەبوو؟.

کامەران کۆڵی دا. قرچە قرچی دەنکەکانی تەزبیاحەکەی خاو بووەوە. دیمەنی سەروسیمای گەڕایەوە سەر باری پێشوو. سووکە بزەیەکی دڵئارامی، نیشتە سەر لێوە وشکە گرنجاوییەکانی. تەکانی بە جەستە شەکەتەکەی دایەوە و نایە سەرپێ. بە هێمنی بەلای ئەمدا ڕەت بوو. چووە بەرپەنجەرەکە. ماوەیەك بە خامۆشی ڕووەو دەرەوە ڕاوەستا. دەتوت چاوەڕوانە یەکێك لەودیوەوە، پەیامی وەڵامدانەوەی ئەمی پێ ڕابگەیەنێ. ئەوسا وەرچەرخا و بەسەر و زمانێکی زۆر شیرن و لەسەرخۆ وتی:

– کاکە سوبحان.. تۆ خۆت لە منداڵییەوە باشم دەناسیت. کەی من ئەو دڵڕەق و بێویژدانە بووم کە وتت؟ بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵەی ناسیوتم، کامە شەڕخوازیی و گیانی خراپەکارییەت لە من دیوە؟ بەڵام تکات لێ دەکەم لێم تێ بگە. مەسەلە بیروباوەڕ و فیداکارییە لەپێناویدا. پاپەندبوونە بە بەجێهێنانی ئەرکێکەوە کە بەلای ئێمە پیرۆزە. ئێمە ڕووبەڕووی دوژمنێکی هێندە سەرسەخت بووینەتەوە، کە لە کەڵەموستی پێیەوە تا تەوقی سەری، پڕ لە جۆرەها چەکی کوشندەی سامناکە. لە چەکی مەرگپڕژێنی ڕاستەوخۆوە بیگرە، تا دەگاتە چەکی تەڵە و داو. کاکە سوبحان.. بەلاتەوە سەیر نەبێ کە ئاسانەکەیان بۆ ئێمە، مەرگپڕژێنەکەیە و سەخت و ستەمەکە تەڵە و داوە!. ئەمەیان کە ئەوان هەتا بڵێی، تێیدا شارەزا و لێزان و بەتوانان و گرەو لە شەیتان دەبەنەوە. ئێمە لە گەڵیاندا لە پێشبڕکێداین. لەوان تەڵە و داونانەوە و لە ئێمەش خۆپاراستن. ئەوانێك کە لە هەر بستێکی سەر ڕێگەمدا تەڵەیەکیان بۆ دانابم، دیارە دەبێ منیش هەر چاوێکیان لێ بکەم بە حەوت. هەر هەنگاوێك و حەوت جار لە شوێن پێم ورد ببمەوە. زۆر کار و کردەوە هەن، من پێم خۆش نییە بیانکەم. بۆ نموونە: من نابێ قەت سڵ لە تۆ بکەمەوە. بە گوێرەی دڵنیاییم بێ لێت، دەبێ هیچ نهێنییەکت لێ

نەشارمەوە. کەچی نەك لە تۆ کە پێوەندیی حزبایەتیت لە گەڵماندا نییە، بگرە زۆر نهێنی هەیە دەبێ لە ئەندامانی خۆشمانی حەشار بدەم و بۆ ئەوانیش قەدەغەیە، هەوڵی زانینی نهێنییەك بدەن کە لێیانی حەشاردراوە. هیوادارم لێم تێ گەیشتبیت و باسەکە، لە چوارچێوەی ئاساییی خۆیدا وەربگریت.. تۆ ئەمە بە دەروێشی و ڕەنگە بە کوێلەییشی بزانیت، ئارەزووتە. بەڵام بەلای منەوە خۆپاراستنە لە مەرگ و بەهادانە بە ژیان. بەکارهێنانی ئەقڵ و تیژکردنی زیرەکی و وریاییيە. پێشبینیکردنی مەترسییەکی کوشندە و خۆ لێلادانێتی. دوژمنەکەم گەمەم لەگەڵدا ناکا. دوژمنەکەم هەوڵ دەدا لە ڕەگوڕیشەوە هەڵم کەنێ.. وارویۆخم دەربێنێ.. قەڵاچۆم بکا و گەردم بە با بدا.. نەمێنم.. لە بنەڕەتەوە نەمێنم. جا کە دوژمنەکەم ئەوەبێ و ئاوەهام لەگەڵدا بکا، ئیتر من بۆ خۆتی جێ دێڵم کە ئایا لە بەرامبەریدا، من دەبێ چی بکەم؟ تۆ خۆت سەرپشك بە و بڕیاری لەسەر بدە. خۆ ئەگەر مۆڵەتیشم بدەیت بچم ئیسراحەتێ بکەم، گەلێ مەمنوونت دەبم. تا ڕادەی بەلاهاتن ماندووم.. ماندووی هەم لەش و هەم مێشك.

ئەم لە ئاستی ئەو قسانەدا، کڕوکاس بووبوو. دەستە چەپە گیرەکەی سەر کەمەری و ڕاستە ڕاوەشاوە تووڕەکەی، بەمەلا و بەولایدا شۆڕ بووبوونەوە. دزە شەقاوێك کشابووەوە و کوور ڕاوەستابوو. دەتوت لەژێر باری ئەو قسانەدا، شان و ملی قیت بۆ ڕاگیر ناکرێ. لەگەڵ ڕاستبوونەوەی ئەودا، شەقاوێکی تریش کشایەوە دواوە. تا کاتێ ئەو گەیشتە ئاستی دەرگە، ئینجا لێی بە قسە هات و وتی:

– هەقتە.. پێتەوە دیارە چەند ماندوویت. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆیت، تکایە پێم بڵێ.. من چی بکەم باشە؟.. بەتەمای چی بم؟.

کامەران پێڵاوەکانی کردن بەسەر پێوە. دوای کەمێ ڕامان وتی:

– کاکە سوبحان.. تا ئێستا سەبرت گرتووە و چەند ڕۆژێکی تریشیان بخەرە سەر. حەمۆل ئەوەتا لەوێ خەریکی سۆراغکردنە. جافریش هەر لەو دەوروبەرەیە. لە دوو سێ ڕۆژی داهاتوودا ئەنجامێکمان دەستگیر دەبێ.. بەتایبەتی لە حەمۆلەوە. ڕام سپاردووە کە ئەگەر خۆیشی نەیتوانی بێتەوە، بە نامە بە زوویی ئاگەدارمان بکا. چارەسەر لە ئێستادا تەنیا ئەوەیە. تکایە بیر لە هیچی تر مەکەرەوە.

ئەم بەزار هیچی نەوت. بە سووکە سەر لەقاندنێك وەڵامی دایەوە. ئەویش ئیتر لە ژوور بە دەرکەوت. بە هەنگاوی قورس و لەسەرخۆ بەرەو ژوور بووەوە.

## ٥

دوو سێ ڕۆژەکە بوون  بە شەش و حەوت. گەردەلوولی ناسۆریش لە دەروونی ئەمدا، بوو بە شەش و حەوت لۆ. هەرگێژی دەدا و دامرکانەوەی بۆ نەبوو. ڕۆژی پێ دەدایە دەم شەو و شەو دەم ڕۆژ و کپ نەدەبوو. بێ وچان ڕای دەفڕاند و ڕای دەفڕاند. بە دەشت و هەرد و دۆڵ و کەندەلاندا.. بە زەلکاو و بێشەلان و دارستاندا.. بە ترۆپك و ڕەوەز و هەڵەموت و تەلاندا، ڕای دەفڕاند و بەبێ پەروا ڕای دەفڕاند و ئەنجامیش، دەیهێنایەوە ناو چوار دیوارێکی هەڵچنراو، لەسەر پانتاییەکی سێ بە پێنج مەتری. وەرە تۆ بەندی ناو چوار دیوارێك و کەچی، بەسەرانسەری هەزاران کیلۆمەتری دووجادا وێڵ بە.. وێڵی دوای هەواڵێك.. سووسەی هەواڵێك کە لە پەنا پاسارێکدا.. لە لاپاڵ و لاکۆلانێکدا.. لە تەویلەیەك، گەوڕێك، کادانێکدا حەشاری خواردبێ. حەوت ڕۆژی ڕەبەق و حەوت شەویش لەگەڵیاندا، گەردەلوولی ئەشکەنجەی چاوەڕوانکردنی هەواڵ، لە دەروونی ئەمدا دەیلووراند و دەیلووراند.

لە شەوی ڕۆژی یەکەمدا، لەو کاتەوەی کامەران پێی لە ژوور بردە دەر، هەتا ئەو ساتەی خەو زەفەری پێ برد و خپی کرد، هەواڵەکەی دەستپێکردنی شالاوی بۆ سەر گەرمیان، لێ بووە یەکەم تەوژمی گەردەلوولەکە. هێشتا دەنگی هەنگاوە قورسەکانی کامەران لە حەوشەکەوە دەهاتە بەرگوێی، کە لە خۆی بە ئاگا هات و وتی: ″ ئەرێ خۆ من سەبارەت بە شالاوەکە، هیچم لێ نەپرسی؟″

تەکانی دا بچێ لە حەوشەکەدا بە گیری بێنێ و تا بەر هەیوانەکەش چوو. بەڵام ئەو لە حەوشەی تێ پەڕاندبوو. بە زەینیدا ڕابورد بە دوایدا بچێ و نەچوو. وتی: ″بێ مروەتییە!.. گوایە سەرباری ئەو حاڵەی، منیش بچمە وێزەی؟ ناچم″. نەچوو. گەڕایەوە ناو  چوار دیوارەکە. ماخۆلانی پێ کەوت.. ″ شالاو بۆ گەرمیانیش دەستی پێ کردووە. بە دەردی ئێمە دەبرێن. بە چەشنی ڕاوڕاوێنەکەی لای ئێمە. دەشتی گەرمیان پڕاوپڕە لە گڕ. تا چاو هەتەر دەکا، چڕە دووکەڵە. بە قوولایی و بەرینایی ئاسماندا دەتەنێتەوە.

بە پانتاییی سەر ئەرزیشدا، تەپوتۆزی پۆستاڵی ڕاوکەر و پێی پەتیی نێچیرانیش، ڕاوڕاوێنە.. غوربەت و بنار و چنار، دایکم و باوکم و خەڵکەکەی حاجی سوبحان، دیسان بۆ ڕاوکردن ڕاو دەنرێنەوە. هەر عەشاماتە و بەیەکدا دێن. لە شێوەی مێگەلدا و بەر پەلاماری گەلەگورگ خۆی کەوتبێ. مۆڵ دەخۆن و هەڵدێن و مۆڵ دەخۆنەوە. گەلەگورگ خۆ دەگۆڕن. دەبنە دێو و درنج. دەبنە ماری شاخدار و ئەژدیهای حەوت سەر. دەبن بە دەعبای سامناك و بە جنۆکە و شەیتان و بە جەجاڵ و ڕاو دەنێن. بە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا ڕاو دەنێن و ڕاو دەکەن. ئەوە غوربەتە و بناری بە باوەشەوەیە. باوکم  چناری لە کۆڵدایە و دایکم بە دوایانەوە و ڕادەکەن. گورگێك ئەمبازیان دەبێ. گورگ دەبێتە دێو. دێو بە ئەژدیها. ئەژدیها بە دەعبا. دەعبا بە جنۆکە و شەیتان و جەجاڵ و بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە. زنجیرەیەکی لەبن نەهاتووی ڕاکردن و ئەمبازبوون و گەڕانەوە و ڕاکردنەوە. نابڕێتەوە. کۆتاییی نایەت. شالاوەکە بۆ گەرمیانیش دەستی پێ کردووە. تا نەیکردبوو. دڵ پڕ لە هیوا بووم. پشت ئەستوور بووم بە باوکم. دەموت: پیاوێکی کارامەیە. بەنەجیبزادە و خانەدان ناسراوە. بە درێژاییی ژیانی، دەست و دڵپاك و بەرچاو تێر و نانبدە بووە. برادەر و دۆست و ناسیاوی لە دیوی گەرمیان زۆرن. لە هەر کوێ گیرسابێتەوە پەکی نەکەوتووە. بەڵام بە چی دەچێ؟. شالاوەکە ئەوەتا ئەوێشی گرتووەتەوە. ئەوەتا برادەر و دۆست و ناسیاوەکانیشی ڕامالیوە. گەلەگورگ بەربوونەتە هەردوو مێگەل، خانەخوێ و میوان پێکەوە کەلەپاچە دەکەن. ئەوانیش هەردوو پێکەوە، دەشتی  کاکیبەکاکی دەگرنە بەر و هەڵدێن. لە پەشۆکاویدا تێکەڵ و پێکەڵ پڕ بە ساواکانیاندا دەکەن. بنار و چنار بەسەر سنگی خانەخوێکەی باوکمەوە دەبینم. کۆرپەیەکی خانەخۆی بە باوەشی باوکمەوەیە. پەلی کچۆڵەیەکیان بە دەستی غوربەتەوە و لە ماڵ دەردەپەڕنە دەرەوە بۆ کۆڵان. لە کۆڵانەوە بۆ دەرەوەی گوند. لەوێوە ملی پێوە دەنێن و تێ دەتەقێنن.. بۆ کوێ؟. دەشتێکی بەرین بەرینە. بەرین بەرین و بست بەبستی تەنراو بە تەڵە و داو. ڕادەکەن و ڕاو دەکرێن. پەلی هەریەکەیان بە پەلی درنجێکەوەیە. مارێکی شاخدار خۆی پێوە لوول داوە. ئەژدیهایەك بە ڕوویدا دەفیشکێنێ. دێوەزمەیەك چەقیوەتە کۆڵی و جنۆکەیەك چاوی لێ ژێر و ژوور دەکا. بڵێسەی ئاگر.. چڕە دووکەڵ.. تەپوتۆز.. لوورەی گورگ.. فیشکەی مار و دیمەنی سامناکی دەعبا و دێو.. ئا.. شالاو بۆ گەرمیانیش دەستی پێ کردووە. ئا.. دەبوو لە کامەران بپرسم. نازانم بۆچی لێم نەپرسی؟. ماندوو دیاربوو زۆر ماندوو. با بمێنێ بۆ

سبەینێ. سبەینێ بەیانی لێی دەپرسم.. ″.

لە بەیانی ڕۆژی یەکەمدا، وا بە تەما بوو کە کامەران لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوەیدا، لابداتە لای ئەم و ئەوسا بیدوێنێ. کەچی کات گەیشتە چێشتنگاو و دیار نەبوو. ئەوسا ئەم چوو. کامەران لەناو جێگەدا لە خەودا بوو. پووره عەتاو وتی:

– سوبحان.. لەوە دەچێ ناساغ بێ. شەو تا درەنگانێ گینگڵی دا. ئیتر خەوت و لەوساوە خەبەری نەبووەتەوە. لای تۆ هیچی نەوت؟.

ئەم وتی:

– نەء.. تەنیا وتی: زۆر ماندووم.

ماوەیەك دانیشت و گەڕایەوە ژوورەکەی. لێی بوو بە مەراق. وتی: ″ ئا.. بە ئاشکرا دیاربوو کە نەخۆشە. کار لە ماندوێتیدا نەبوو. ڕەنگی زۆر تێك چووبوو. کە قسەی دەکرد، زوو زوو زمانی بە لێویدا دەهێنا. پەنجەی لە ناوچەوانی گیر دەکرد. وای نیشان دەدا گوایە، دەست بەسەر و پۆتەڵاکیدا دێنێ، هەر بەینا و بەینێك، شان و ملی دەهێنانەوە یەك. دەتوت کۆڵنجی کردووە و دەمارە گرژەکان خاو دەکاتەوە. بێ تاقەت و خاووخلیچك. خوا خوای بوو بەرۆکی بەر بدەم. ئەو ناهەقی نەبوو. ئێ خۆ منیش. ئەو ناساغ و ماندوو بوو، ڕاستە.. ئەی من؟.. ئاخر منیش چاوەڕوانی برستی لێ بڕیبووم. هەراسانی کردبووم و دەموت: ها ئێستا ها ساتێکی تر، بە هەواڵیکی خۆشەوە دێتەوە. کەچی کە هاتەوە ئەوە هەواڵەکەی بوو. ئەی چی بکەم.. ها.. چی؟. ئەوا دەردم گرانتر و زامم قووڵتر بووەوە. قەتماغەی هەڵکەندرا مشتێ خوێشی تێ ڕژێنرا. ئێستا چی بکەم؟. وەرە من تەنیا ئەوم هەبێ و ئەویش لە جێگەدا بکەوێ!. دەی من ئەنجامم بەچی دەگا؟. کێی تر سۆراغم بۆ دەکا؟. جافر؟.. جەنابی ملی پێوە ناوە و خۆی هاوێشتووەتە ناو گێژاوەکەوە. بە دەردی خەڵکەکە چووە و دەبێ سۆراغی بکرێ نەك سۆراغ بکا. ئەی حەمۆل؟. ئەویش بە ئیشی خۆیەوە خەریکە و خوا دەزانێ، کامەران چەند کۆڵ کار و فەرمانی لێ بار کردووە. دەی باشە چارم چییە؟ ″.

سەعاتێك و دووان و سیان و گرفتەکەی ئاوەها دەهێنا و دەبرد. دەیزانی لە چ بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە. تەقەلای دەدا ڕاگیر ببێ و نەدەبوو.. بیقرتێنێ و نەدەقرتا. دەتوت تایەکی قورس مێشکی داگرتووە. بەری نەدەدا و نەدەدا. بووبووە وڕێنەیەك و بینی گرتبوو. زۆر جار لێی بە ئاگا دەهات. بە ڕقەوە دەیوت: ″ بەسە ئیتر..

دەبــەسە.. بــوو بــە چــی؟". بــەڵام خــێرا ڕۆ دەچــووەوە نــاو گــێژەنــەکە و قــەوانــەکــەی لــێ دەکەوتــەوە گــەڕ.

لەو کاتانەدا کە تایەکە بەرۆکی مێشکی بەردەدا.. کە قەوانەکەی کپ دەکرد و بەئاگا دەهاتەوە، چوار جار سەردانی کامەرانی کرد. هەموو جار بەو نیازەی هاتبێتەوە سەرخۆ و بیدوێنێ بێ سوود بوو. تا لە دوا جاردا کە دەمەدەمی ئێوارە بوو، دەرکەوت و نەخێر.. کامەران نەخۆشە و خراپیش. ئەوەتا کراوە بە ژێر تەپۆڵکەیەك پێخەفەوە. لەرزێکی وەهای لێ هاتووە، کە تەپۆڵکەکەی پێ هێناوەتە جونبوش!.. کە لرفەی لێو و چۆقەی ددانی، لە ژوورەکەدا دەنگ دەدەنەوە !. ئەوسا خەمی خۆی بەلاوە نا. بە خەمی ئەوەوە لە پوورە عەتاوی پرسی:

– ئەی دکتۆر؟.

پوور وتی:

شادمان چووە بە دوای ساماندا.

شەوی دووەمــە و کــامــەران نــەخــۆشە. دوکــتــۆر ســامــان وتــوێتــی کــە کــورد واتــەنــی، تووشی سێبەرۆ و ڕەقیتەیەکی پیس بووە. چارەسەریشی خۆشی بێ و ترشی بێ، لە جێگەدا کەوتن و حەوانەوەیە. چەند ڕۆژ؟. ئەم بەر لە هەر کەسێکی تر و تەنانەت لە کــامــەران خــۆیشی، وەڵامــی پــرســیــارەکــەی مــەبــەســت بــوو. لــێکــی دەدایــەوە و وردی دەکردەوە.. سێبەرۆ و ڕەقیتە.. جەربەزە و بەخۆوە بە سێ ڕۆژ، بەڵام ترسنۆك و مردەلۆخ، بەسی ڕۆژ لێی دەرباز دەبێ.. " کامەران کامیانە؟. جا ئەوە پرسیاری پێ دەوێ؟ هیچ نەبێ بۆ من کە لە منداڵییەوە، دەمار بەدەماری دەناسم و دەزانم چ بەرازێکە. سێبەرۆ و ڕەقیتە نەبێ سیل و سەرەتانیش بێ، سێ چرکە لە سێ ڕۆژەکە تێ ناپەڕێنێ. ئەوە کــامــەرانــە کــامــەران. ئــەوە ئــەو دەروێشەشە کــە بــۆ ئــەوەی لــە بــەجێهێنــانــی ئــەرکــی حزبایەتییەکەی یەك سات دوا ناکەوێ، ئاساییە بە زمان پێداهێنانێك، ملی قرتاوی خۆی بە لەشییەوە بلکێنێتەوە!.. نا.. کامەران سێ چرکە زیاد لە سێ ڕۆژەکە، لە جێگەدا نامێنێتەوە".

ڕۆژی دووەمــە و کــامــەران، هــەڵساوەتــە سەربــاری دانــیشتن و پــاڵــی داوەتــەوە. کلێتەیەکی لەسەر دایە و ملپێچێکی ئاڵاندووەتە ملی. پاکەتێ کلێنکس و سێ جۆر حەب و کەپسوول و شووشەیەك شرووب لەم تەنیشتییەوەن. قەڵەمێکی جاف و چەند پەڕە

کاغەزێکی تەنك و لە جۆری رایز لەو تەنیشتییەوە. ئەم چ لەو کاتانەدا کە سەری لێ دەدا و چ لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، دەبینێ چۆن شادمانی کردووەتە فڕفڕۆکە. زۆر جار هەر هێندەی پێ دەنێتەوە ناو ماڵ، ئەو نامەیەکی تری بۆ ئامادە کردووە. تەنانەت بواری پێڵاو داکەندن و پشوودانێکی نادا و دەبێ دەستوبرد تێ تەقێنێتەوە. ئەم بە باری بیستنی هەواڵدا، زەینی لەلای فڕکان فڕکانەکەی شادمانە. لەگەڵ هەر چوونە دەرەوەیەکیدا، هیوایەك لە دڵیدا چەکەرە دەکا. لەگەڵ هەر هاتنەوەیەکیشدا، خورپەیەك و کسپەیەك و هەناسەساردییەك. هەموو جار لە گەڕانەوەکانیدا، ڕادەپەڕێتە بەر پەنجەرەکە. دەیەوێ لە ماوەی ساتە وەختی تێپەڕبوونەکەی دا ڕووی ببینێ. بیخوێنێتەوە و خواستی خۆی لێ هەڵێنجێ. کەچی بۆی نەدەکرا و کۆڵیشی نەدەدا. وەك کردارێکی لە ئیرادە بەدەر، دووپاتی دەکردەوە.

لە ڕۆژی سێیەمدا کامەران، درەنگانێ کەوتە سەرپێ. هەرچەندە بەڕەنگوڕوو، هێشتا وەك نەخۆش دەهاتە پێش چاو، بەڵام تین و توانای بە بەر هاتبووەوە. کات دەمەدەمی ئێوارە بوو. ئەم شادمانی بینی بە هەنگاوە تیژڕەوەکانی بەرەو ژوور بووەوە. ئینجا ماوەی جگەرەکێشانێکی پێ نەچوو، بەدیار کەوتەوە و کامەرانیشی بە بەرگی دەرەوە لەگەڵدا بینی. هەردوو بەرەو دەرگەی حەوشە هەنگاویان دەنا. ئەم وای زەن کرد کە کامەران فەرامۆشی کردووە و دەڕوا. لەوەدابوو لێی دەرپەڕێتە دەرەوە و خێرا هەستی کرد کە ئەوەتا، لادەداتە ناو هەیوان و بۆ لای ئەم دێ. ئا.. دەرگەی پاڵ پێوەنا و هاتە ژوورەوە. لای دەرگەکە ڕاوەستا و وتی:

– کاکە سوبحان.. وا پێویست دەکا بڕۆم. سبەینێ ئەگەر ڕۆژەکەی نەهاتمەوە، شەوەکەی مسۆگەر دێمەوە.

ئەم ویستی دوو نیشان بە تیرێ بشکێنێ، وتی:

– تۆ ناساغیت.. بەو حاڵەتەوە بۆ کوێ؟.. مەسەلە چییە؟.

ئەو وتی:

– سبەینێ کە هاتمەوە بۆتی باس دەکەم.

– سبەینێ؟ ئەی ئێستا بۆ نەبێ؟.

– ڕوون نییە.. تا سبەینێ ڕوون دەبێتەوە.

ئەو ڕۆیشت و ئەم شەوی ڕۆژی چوارەمی، لێ بووە دەیجوورە شەو.. ″ ڕوون نییە.. تا

سبـەینـێ ڕوون دەبـێتـەوە. خـۆ ڕەنـگـە سبـەینـێش بکـەوێتـە دووەی و سێیـەی ئـیـتر بـە دەمییەوە بڕوا!. ئەم دڵ پڕواندنە.. دەروون قانگدان و مێشك تەقاندنە. تاکەی وا بڕوا؟. تـاکـەی بـە تـەمـای ئـەوان بم؟. ئـەی خـۆم چـیـمـە؟. ئـەم سەرەی خـۆم بـۆچـی خـۆم نەیخورێنم؟. کەی من ئەوەندە بوودەڵە بووم؟. لەبەر خاتری ئەوان.. بۆ ڕاگرتنی دڵی کـامـەران و نـەڕەنجـانـدنـی.. یـا گـوایـە تـووشی گـرتـن نـەبم و ئـەوان نـەکـەونـە بـەر مەترسییەوە، ئەوە بوو.. بوو بە ساڵێك.. دە ساڵ و سەد ساڵ و خۆم بەندی ناو ئەم چوار دیوارە کردووە. نایکەم.. لەوە زیاتری ناکەم و لە وزەشمدا نەماوە بیکەم. گریمان دوایی دەرکـەوت کـە ئـەگـەر لـە کـات و سـاتـی خـۆیـدا بـجـوولاَمـایـە.. هـەڵپـەیـەکم بکـردایـە، ئەنجامێکم دەست دەکەوت و نەمکرد.. ئەوسا چ قوڕێك بەسەرمدا بکەم؟. ڕووی ڕەشم لە چ کون و قوژبنێکدا حەشار بدەم؟. ویژدانی لیتاویم بەچی پاك بکەمەوە؟. من چۆن تا ئێستا بیرم بۆی نەچووە؟. من دەبێ چ کابرایەکی گەمژە و گەلحۆ بم؟. نا نا.. بگرە دەبێ ویژدان مردوویەکی داشۆڕاو لە سۆز و بەزەیی بم، دەنا چۆن ئاوا لێی غافڵ دەبووم؟. یا با بڵێین: تووشی غافڵەت بووبووم. ئێ خۆ ئەوەش دادم نادا. ئەوەش لە کاڵەك شکاندن بە ئەژنۆ بەولاوە نییە. کاڵەکی چی، تۆ بڵێ سەرکێشان بەو دیوارەدا تا وەك کاڵەك دوو لەت دەبێ و تەنانەت، ئەوەش داد نادا، چونکە کات بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. حـاڵ نـاچـێتـەوە دۆخـی پـێشووی. کـارەسات نـاکشێتـەوە پـێش ڕوودانـی. کـە قـەومـا دەقەومێ و دەبڕێتەوە. فرسەتی بە فریاکەوتنی بەر لە قەوماندنت بۆ پێك نایەتەوە هـەزار جار دەست بـەدەستدا بدەیت.. لەپ بە ناوچەواندا بکێشیت.. پەنجە بگەزیت و تەنانەت کەللە سەرەکەشت بە چەشنی کاڵەکەکە بەریت، بێ سوودە هەر بێ سوودە. تازە ئەوەی قەوماوە قەوماوە و دەبێ، سزای کەمتەرخەمییەکەت.. گەمژە و گەلحۆیی و بـێویـژدانـیـیـەکەت بـنۆشیت. سەیرە!. چۆن تـا ئـێستـا لـەم لایـەنـەی گرفتـەکـەم غـافڵ بووبووم؟ جافر لە من وریاتر بوو. زوو تێ گەیشت و خێرا بڕیاری خۆی دا. کێ دەڵێ ئەو ئێستا شتێکی بە شتێ نەکردووە؟. خۆ هیچ نەبێ هەڵپە و پەلەقاژەیەکی لە دەست هـاتووە بیکا. ئەگەر کابرایەکی بوودەڵە و مردەلۆخ نەبوومایە، دەبوو چاوم لەو بکردایە و بە دوایدا منیش ملم پێوەبنایە. دەبوو.. جا خۆ نەچووە بچێ. هێشتا بە بەرییەوە ماوە. با لەوە زیاتر کات بەفیڕۆ نەدەم. با دوایی ئەم سەرە کاڵەکییەم بە ئەژنۆ نەشکێنم. ئەوا بـە نـاچـاری تـا سبـەینـێ چـاوەڕوانم. بـا بـزانم کـامـەران چیم بۆ ڕوون دەکـاتـەوە؟. کامەران؟.. نا نا.. بە تەمای ڕوونکردنەوەی ئەو ماتەل نابم. من بڕیاری خۆم دەدەم.

لاسایی جافریش ناکەمەوە بە دزییەوە بڕۆم. ڕاست و ڕەوان پێی دەڵێم: کامەران دەڕۆم.. دەڕۆم نەوەکو دوایی هەتا مردن، پیشەم سەر کێشان بێ بە دیواری ڕەقدا. ئا.. با سبەینێ بێتەوە.. ".

کامەران بەڵێنی بەجێ هێنا. لە سبەینێکەدا نا کە ڕۆژی چوارەم بوو، لە شەودا هاتەوە کە دەیکردە ڕۆژی پێنجەم. ئەم درێژاییی ڕۆژی چوارەمەکەی، بە زەینێکی سافی دوای بڕیارەکەیەوە بەسەر برد. خەمێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو مێشکی جەنجاڵ بکا. بڕیارە و داوێتی. کامەرانە و دێتەوە و پێی ڕادەگەیەنێ و ئیتر ڕۆژی دواتر، یاڵڵا و یا عەلی.

ئێستا ئەوە کامەرانە وا هاتەوە. شادمانیش لەگەڵیدایە. هەردووکیان ڕاستەوخۆ لادەدەنە لای ئەم. کامەران ئەگەرچی هێشتا وەك خۆ لە سەرما پارێزێك خۆی پێچاوەتەوە، بەڵام بە جموجووڵ و دەمودوو. بووەتە گوێزە ساغەکەی جاران. بە هەنگاوی گورج و جەستەیەکی پڕ تین و تواناوە، خۆی بە ژووردا دەکا. پێڵاو دادەکەنێ و دێتە بەرەوە. گرمۆڵەیەك ڕۆژنامە و کۆواری بە دەستەوەن. بەو حیسابەی بۆ ئەمی هێناون، دەیانهاوێتە سەر قەرەوێڵەکە. خۆیشی لەگەڵ شادماندا بە تەنیشت یەکەوە، لەسەر قەنەفەکە دادەنیشن. ئەم لەو ساتەوەی ئەوان پێیان ناوەتە ناو ژوور، لەلای دامێنی قەرەوێڵەکەدا ڕاوەستاوە و لەوان دەڕوانێ. بە دانیشتنی ئەوان لەسەر قەنەفەکە، ئەمیش دادەنیشێتە سەر قەراغی قەرەوێڵەکە. هەرسێکیان خامۆشن. ئەم بینایی لە نێوان ڕووی ئەواندا، وەك مەکۆی جۆلا دەهێنێ و دەبا، تەقەلا دەدا بخوێنێتەوە و پێشبینی بکا. کامەران ڕووەو پەنجەرەکە، چاوی بەسەر شوێنێکی نادیاردا ڕوواوە. ئاستەمە جووڵەیەك وەك نیشانەی خۆ دواندن بە لێوانییەوەیە. شادمان سەری بۆ ناو کۆشی هێندە شۆڕ بووەتەوە، کە نیشاندوێتییە سەر سنگی. دیمەنی زیاتر لە خەوتوویەکی وەنەوزدەر دەچێ، وەك لە ئاگەدار.

– هەواڵ خۆش نییە.

کامەران بەبێ چاو لادان لە شوێنە نادیارەکە، بەدەنگێکی پڕاوپڕ لە ناسۆر وای وت. لەرەی دەنگی هێندە خەمگین بوو، کە دەتوت هەواڵی کۆستێکی جەرگبڕ ڕادەگەیەنێ. وەك چاوەڕێی نوتقێك لەم بکا، بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو. بەڵام کە بۆی دەرکەوت ئەمیش لەلای خۆیەوە، بە تەمای ئەوە قسەکەی تەواو بکا، ئەوسا دای بەدەمییەوە و

وتی:

– گەرمیانیشیان سەرلەبەر خاپوور کردووە. بە دەستووری لای ئێوە، تالاّنکردن و سووتاندن و وێرانکردن. گوند بوێریان نەکردووە. لە زۆر قوڵەوە شالاّوی بۆ براوە. لەوەش ستەمتر چارەنووسی خەڵکەکەیە. هەموو گیراون و لە چەند شوێنێکدا، خڕکراونەتەوە و دەسبەسەرن. حەمۆل لە نامەکەیدا، ناوی قادر کەرەم و لەیلان و عەلیاوە دەبا.

– حەمۆل؟.. ئەو وا باس دەکا؟.

– ئا بەڵێ.. نووسیویەتی کە ژمارەیەکی زۆریشیان بردوونەتە چەمچەماڵ. بەڕێوە بوون بەرەو کەرکووکیان ببەن. بەلاّم خەڵکی شارەکە ڕاپەڕیون و بەهانایانەوە چوون و توانیویانە هەندێکیان ڕزگار بکەن. دەشڵێ: کە ئەوانەی چەمچەماڵیان بۆ کەرکووک بردووە و لەوە دەچێ خەڵکەکەی تریش بەرەو ئەوێ ببەن.

– بۆچی ئەوێ؟.

– نەینووسوە.

– بۆ خۆت بەڕای خۆت؟.

– نازانم کاکە سوبحان.. هێشتا زووە ڕای لەسەر بدرێ. دەبێ ڕوونتر ببێتەوە.

شەوی ڕۆژی پێنجەمە. وەرز ناوەڕاستی بەهارە و لەگەڵ ناوەڕاستی زستاندا، جێگۆڕکێی کردووە. ئەم لە پاش نیوەڕۆوە، لە پەنجەرەکەوە جێ جێ پەڵە هەوری خەیاتەیی، بە ئاسمانەوە دەبینی، بەلاّم تا ئەو کاتەی دنیا تاریک داهات، لەوەیان تێ نەپەڕاندبوو کە کەمێ روویان لە تەڵخی و شاندانە پاڵ یەکتر کردبوو. کەچی وەك لە ماوەی گفتوگۆکەی ئەماندا، گوێدێری قسە و باسیان بووین و بڕیان دابێ بە لێزمەی فرمێسك بەشداریی خەمیان بکەن، دایانە گرمە و ناڵە و نەعرەتە. ئەو کاتە قەدەرێ بوو کامەران و شادمان ڕۆیشتبوون و ئەم دڵ پڕ لە جەفار، بەژووەکەدا دەهات و دەچوو. وازی لە هاتوچۆ هێنا و چووە بەر پەنجەرەکە. گرمە و ناڵە و نەعرەتەیەکی تر و باران بەرێژنە دایدا. ئینجا کردی بەرەهێڵە و بینی پێوە گرت. دەتوت ئاسمان دەریایەکی هەڵکشاندووەتە لای خۆی و قلّپی دەکاتەوە. زۆری بەلاوە سەیر بوو. سەراپای هەست و بیر و هۆشی تێوە ئالاّند.. ″ ئەم بارانە ڕەگەزی خۆی گۆڕیوە. باران هەر بە تنۆك باریوە.. چەند چڕ و خێرا و تیژ بووبێ، هەر بە تنۆك بووە. کەچی ئەمە بە تووڵە.. تووڵی

درێژەوە بوو، لە بنی ئاسمانەوە تا سەر زەوی. بۆچی باران.. بۆچی؟.. تۆ بۆچی وا بێ بەزەیی بوویت؟. سێ چۆلەکەی لانە لێ شێواون. دایکانەیەك و دوو بەچکە. ئێستا ئەوان لەژێر ڕەهێڵەی بە تووڵتدا، چی بکەن و خۆیان بئاخننە کام کون و قوژبنەوە؟. ئەم غەزەبەی تۆ لە پای چی؟. تکایە کەمێ بەزەیی و ڕای گرە. هەر تنۆکێکت.. نا نا.. هەر تووڵێکت، وەك چۆڕاوی قورقوشمی تواوە، دەڕێژێتە هەناومەوە. دوو بەچکە و دایکانەیەکی سەرگەردان. خۆ ئەوان تا ئێستاش نازانن خەونە یا ڕاستی. نەك تەنیا ئەوان، منیش دڵنیا نیم. تۆ پێمان بڵێ. بگرە تۆ خۆیشت.. خەونیت یا ڕاستی؟.. بارانیت یا بەڵای ناگەهان؟ باران بە تنۆك دەبارێ، تۆ بە تووڵ و شووڵ!. نا تۆ باران نیت. باران بوویتایە دەتزانی، دوو بەچکە و دایکانەیەکی پەرەوازە، کەساس و بێ چارەن و بەزەیییەکت پێیاندا دەهاتەوە. نا نەخێر.. تۆش لەوانیت.. دەعبا و دێو و درنجیت و لە شێوەی باراندا شالاو دێنی. ئا.. تۆش لەوانیت. دەنا کەی باران ئەوەتەی هەیە بەم چەشنە باریوە.. چەشنی دەریایەك و ئاسمان هەڵی کێشابێتە لای خۆی و سەرەونخونی کردبێتەوە.. کەی؟".

ڕۆژی شەشەم بەیانییەکەی، یەخەی کامەرانی گرت. بێ پێچ و پەنا و بەدەنگی زولاڵ وتی:

– منیش دەچم.

کامەران یەکسەر لە مەبەستەکەی تێ گەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا وەك کاردانەوەیەکی بێ ئاگایانە وتی:

– بۆ کوێ؟.

– ئەوێ.

– ئەوێ کوێ؟.

– چەمچەماڵ.. سەنگاو.. قادر کەرەم.. لەیلان.. هەر کوێیەك خەڵکەکەی بۆ برابن.

– ئاخر..

– ئاخر و ماخری پێ ناوێ.. دەچم.

کات هێشتا بەیانییەکی زوو بوو. ئەم شەوەکەی لەو ساتەوەی بەر پەنجەرەکەی بەردابوو تا درەنگانێك، ڕستەی (منیش دەچم)ی هێندە وتبووەوە، کە بواری دەبێ و

نابێی لەلا تێدا نەمابوو. کامەرانیش هەستی پێ کرد و لەسەری نەڕۆیشت. دوای کەمێ ڕامان وتی:

– بچۆ.. بەڵام کەی؟.

– هەر ئێستا.. ئەمڕۆ.

– ئەی ئاخر.. لە پاسگەکان چۆن دەردەچیت؟. خۆ تۆ هیچ ناسنامەیەکت پێ نییە.

– ها!.. ناسنامە؟.

لەوە زیاتری بۆ نەوترا و حەپەسا. دەتوت لە ناکاوێکدا شتێکی بیر خراوەتەوە، کە ترنجابووبێتە قوژبنێکی تەریکی هۆشییەوە. تا ماوەیەك بە چاوی ئەبڵەق و دەمی داچەقاوەوە، گیری خوارد. دوو سێ جار تفی قووت دا و بە بەر بینیدا بڵقەی کرد. تا کاتێ جگەرەیەکی ئاگر دا و کەوتە قوم لێدانی، وەك مژە دووکەڵ کاری سیحراویی خۆی کردبێ، لەسەرخۆ وتی:

– بۆمی دروست بکەن.. کارێکی زەحمەتە؟.

لە دڵدا بەم وەڵامەی خۆشحاڵ بوو. تەنانەت وای بۆ چوو کە داشی خۆی سوار کردووە و ڕێگەی لە کامەران پێ بەستووەتەوە. بەڵام ئەو بەرپەرچی دایەوە و لە وەڵامیدا، بە زمانێکی شیرین وتی:

– نەء کاکە سوبحان.. هیچ زەحمەت نییە. بەڵام هێندە هەیە کە ئایا تۆ دەچیت چی دەکەیت؟. هەرچییەك بەو چوونەی تۆ بکرێ، بە ئێمەش دەکرێ و کراویشە. ئیتر بۆچی لە خۆڕایی، بکەویتە بەر مەترسیی ئەو چوونەوە؟.. مەترسیی هەڵگرتنی ناسنامەی ساختە و مەترسیی..

– مەترسیی گرتنم و... وانا؟.

– نا کاکە سوبحان.. تکات لێ دەکەم وای وەرمەگرە.

– با.. وای وەردەگرم و ئەولاتریش.. ئەی چیی تر.. بیڵێ بزانم.

– حەمۆل، ئەوەتا لەوێ لە بندەستەوەیە و ئاگادارمان دەکا خۆ...

– نەخێر.. حەمۆل بۆ تۆ و بۆ حزبایەتییەکەت لەوێیە، نەك بۆ من. ئەو تا ئیشی حزبایەتییەکەتان وەستابێ.. تا فەرمانی شاهانەی جەنابت لە ئارادابێ، ئەو یا تۆ، چ خامبایەکتان بە عەزابی مندا دێ؟. چ دەربەستی چارەنووسی، تەنانەت دەزگیرانەکەی

ئەو خۆیشین، چ جایە کەسەکانی من دەگا؟. بۆ گوایە ناتناسم؟. نازانم لە چ قوڕێك دروست کراون؟. ئاخر کامەران.. خۆ من ئەو پیاوە گێل و گەلحۆیە نیم، وا سووك و ئاسان فریوم بدەیت. ئەو منداڵەش نیم، بە قسەی لووس بمخەڵەتێنی. من ئاگرم تێ بەربووە ئاگر. من لە دۆزەخێکدام دۆزەخ. حەمۆل لەوێیە لەوێ نییە بەمن چی؟.. چ دادێکم دەدا؟. ئەو لەوێ پاڵی داوەتەوە دەنگوباس لە خەڵکەکە دەبیسێ. ئینجا دەیکاتە ڕاپۆرت و بۆ جەنابتی دەنێرێ. تۆش لێرە منی پێ دەسخەڕۆ دەکەیت. بەسە ئیتر. لەوە زیاتر فریو ناخۆم و دەچم. دەچم و خۆم مشوور دەخۆم. دیارە من کابرایەکی کەودەنم، دەنا وەك جافرم دەکرد. ئەو زوو لە فیکەی خۆی تێ گەیشت. زوو هەستی کرد کە دەبێ خۆی سەری خۆی بخورێنێ. چاوەڕێی شیردا بۆ داپیرداکەی ئێوە نەکا. لە سبەینێ زووتر نییە دەڕۆم. تا سبەینێ ناسنامەکەم بۆ جێبەجێ بکەن. نەیکەن بەبێ ناسنامە ملی پێوە دەنێم و چی دەبێ با ببێ. گوایە چی دەبێ؟. دەمگرن و دەمبەنە لای ماڵ و منداڵم. چاکتر. ناهێنرێنە لام، دەبرێمە لایان. دەیجا من چیم لەوە زیاتر دەوێ؟. هیچ ناسنامەکەم بۆ پەیدا بکەن و سەرتان سووك دەکەم. بوومەتە بارێکی ناقۆڵا بەسەرتانەوە. بوومەتە سپڵی لاورگ.. میوانێکی ڕەزاقورس و ئیتر بەسە. ناسنامەکەم بۆ پەیدا بکەن و ئیتر با بەس بێ.. دەیکەن؟.

کامەران ئەو کاتە چووبووە بەر پەنجەرەکە. پشتی کردبووە ئەم و دەیڕوانییە دەرەوە. هێندە بە خامۆشی ڕاوەستا بوو، دەتوت تەواو ئاگای لەم بڕاوە. بەڵام وانەبوو. یەکسەر بە دوای پرسیاری (دەیکەن)ەکەدا، ڕووی وەرگێڕاو بە زمانێکی شیرینی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– کاکە سوبحان.. دەیکەن و بەسەر سەر و بەسەر چاو. هەر ئێستاش دەچم خەریکی دەبم.

لەوەندە زیاتری نەوت. زۆر لەسەرخۆش، بەرەو دەرگە چوو. پێڵاوی لە پێ کرد و بەبێ ورتە، لە ژوور بە دەرکەوت. ئەم لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا، بیر و هۆشی لە گرێژنە چوو. سەرەتا واقی وڕما و تاس بردییەوە. نەیدەزانی چۆنی لێك بداتەوە. دوایی وتی: ”سەیرە!.. من چیم نەکرد؟.. چی ما نەیڵێم؟.. کەچی ئەو لەبزی لە لەبزم نەدا. ورتەیەکی بەرپەرچدانەوە.. بۆڵەیەکی ناڕەزایی.. مڵچەیەکی پەستیی لە دەم دەرنەهات. باشە کامەران.. تۆ داریت، بەردیت، دیواریت، چیت؟ نا دەریایت.. وا دیارە تۆ دەریایت. دەنا ئەم سەبری ئەیووبەت لە کوێ بوو؟”.

ڕۆژی شەشەم نیوەڕۆکەی، (دلێر) وەك دوومەڵان لە بەردەمیدا هەڵتۆقی. ئەم ئەو ساتە لەسەر زەوی، پاڵی دابوو بە قەنەفەکەوە و قاچی ڕاکێشابوو. سەری نابووە دوو توێی ڕۆژنامەیەکەوە و دەیخوێندەوە. ئەم وەختێ لێی بە ئاگا هات کە ئەو، تەنانەت پێڵاوەکانیشی داکەندبوون و هاتبوو بەژوورسەرییەوە ڕاوەستابوو، بەڵام چۆن ڕاوەستانێك؟. ئەو دلێرە هەردەم دەم بە خەندە و چاو پڕ لە نەشئە و سەروسیما گەشدارە، ئێستا لە شێوەی درەختێکی وشکهەڵاتووی لق و پۆپ داکەوتووی گەڵا سیسدایە. چاو زەق زەق ئاراستەی ئەمن و دەڵێی نابینن. لێو لەرەی قسەکردنیان پێوە دیارە و دەنگ دەرنابڕن. هەردوو دەستی بۆ هەڵبڕین بزواون و بە بەرزایی، قولانجێك سەروو کەمەرییەوە مەییون.

ئەمیش بۆ ماوەی چەند ساتێك حەپەسا و بینایی بەسەریدا ڕوا. لە ساتی یەکەمدا، وای هەست کرد کە دەبێ، هەڵەیەکی چاو خەڵەتێن بێ. لە ساتی دووەمدا، بە تێکەڵ و پێکەڵییەکی نێوان، زەین و بینینی زانی. لە ساتی سێیەمدا وتی: نا.. زیندەخەونە. لە ساتی چوارەمدا، دەستی بە ڕۆژنامەکەوە شۆڕ بوونەوە و وتی: نەخێر خۆیەتی و ئیتر، ڕۆژنامەی فڕێدایە لاوە و ڕاچەنییە سەرپێ. باوەشی بۆ کردەوە و ئامبازی بوو. ئەویش دەستە مەییوەکانی، جووڵەیان تێ کەوت و باوەشیان بە یەکتریدا کرد.

دلێر وەك وای بۆ بچێ کە ئەم دەبێ لێی بە گلەیی بێ، قسەی بەو بارەدا دامەزراند و وتی:

– بەیانی کە کامەران هات و باسی تۆی کرد، دەتوت لە بانێکەوە بەردراومەتە خوارەوە. من هەر زوو لە وەختی خۆیدا، هەواڵتم پرسی و وتیان: ڕۆیشتووەتەوە. دواتریش کە قەوما لێتم پرسییەوە و قەت وایان نیشان نەدا کە لێرەیت. بەڵام تۆ خۆت بۆچی ئاگەدارت نەکردم؟.

ئەم حەزی نەکرد قسە و باسیان، بەو بارەدا درێژە بکێشێ. بەتایبەتی کە هەستی پاشگەزبوونەوەی، سەبارەت بە بەزمەکەی بەیانی لەگەڵ کامەراندا، هێشتا گەرماوگەرم بوو. بۆیە وتی:

– وازم لێ بێنە.. وام لێ داوا کرا.. ئێستا بڵێ بزانم.. کامەران ناردووتی؟.

– ئا.. ئەی چی؟. هەڵسە خۆت بگۆڕە با بڕۆین.

– بۆ کوێ؟.

– بۆ لای وێنەگرێك.. پێویستم بە دوو وێنەت هەیە بۆ ناسنامەکەت.

– هی چیم بۆ دەکەیت؟.

– جاش .. لەوە باشتر چی هەیە؟.. لەم ڕۆژگارەدا شان لە باوەڕنامەی دوکتۆرا دەدا.. ناڕازیت؟.

– نا.. زۆر باشە.. بۆت دەکرێ؟.

– کردوومە.. بەیانی هەر هێندەی کامەران باسی کرد، یەکسەر چووم و قەیدی کردیت. برادەرێکم لە ئیدارەی یەکێك لە فەوجەکاندا کارمەندە. جێی متمانەی جەنابی موستەشاریشە. دەستوبرد بڕیاری بۆ دایت و ئێستا تۆ، جەنگاوەرێکی قارەمانی ئەو فەوجەیت. ناسنامەکەشت تەنیا وێنەکەتی نوقسانە.

شەوی ڕۆژی حەوتەمە. دلێر ناسنامەکەی هێناوە و ئێستا ئەم، لە تەنکەی باخەڵی ناوە، خۆیشی هاتووە شەوی بە دەمەتەقێوە لەگەڵدا بەسەر بەرێ و بەیانییەکەی بەڕێی بکا. ئەوا شادمانیش هاتەوە و بوونە سێ قۆڵی. بڕیار وایە کامەرانیش بێتەوە و دیار نییە. بەلایانەوە ئاساییە. بەتایبەتی ئەم کە ئەوەتا ناسنامەی گۆرین لە باخەڵیدایە و سبەی بەیانی، بەبێ خەم پێی دەکەوێتە ڕێ. شەوێکی ئارام گەیێنە بەخشە. ئاسوودە بەسەری دەبا.. ئاسوودە ڕادەکێشێ و ئاسوودە دەچێتە باوەشی شیرین خەوەوە.. شیرن خەو خەونی شیرینی پێ دەبینێ.. (ژوور و جێگە گەرم و نەرمەکەی خۆیانە. لە شار گەڕاوەتەوە. هەموو لە ژوورەکەدا کۆن. دایکی و باوکیشی. هیچی بۆ ئەوان نەکڕیوە. هیچیان ڕانەسپاردبوو. کەچی هاتوون بە چەشنێ دانیشتوون، وەك بڵێی چاوەڕێی وەرگرتنی کەلوپەلێك بکەن کە وەری بگرن. غوربەت تەنگەتاوە و ئەمیش تامەزرۆی یەکتر لە ئامێز گرتنن. جار لە دوای جار هەڵدەسن بڕۆن و ناڕۆن. تا لای دەرگەش دەچن و دەگەڕێنەوە. لە دوا جاردا دایکی دەستی چنار و باوکی دەستی بنار دەگرن و دەڕۆن. لە دەرگە ئاودیو دەبن. ئەمان شاڵاو دەبەن باوەش بە یەکتریدا بکەن و هەست دەکەن، وا دیسان گەڕانەوە. نەجارێك، نەدوو، نە دە، ئاودیو بوون لە دەرگە. شاڵاو بۆ یەکتربردن. گەڕانەوە و جودابوونەوە و حەسرەت.. سووتان لە کوانووی حەسرەتدا..).

ڕۆژی حەوتەم بەیانییەکەی زوو، کامەران پەیدا بوو. ئەم لەسەر قەرەوێڵە و شادمان و دلێر لەسەر ئەرز خەوتبوون. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا، ئەمی لێ بەخەبەر هات و قوت بووەوە. بە چاوی خەواڵووەوە تێی ڕاما و ورتەی نەکرد. ئەو هاتە بەرەوە

و بە ئەسپایی، پاشووی نیشاندە سەر قەراغی قەرەویڵەکە. بەئاشکرا پێوەی دیاربوو کە دیسان هەواڵ ناڵەبارە. واش بوو. بە دەنگی نزم وەك لەبەر خۆوە بدوێ، وتی:

– بەداخەوە.. چوونەکەت بێ سوودە. گشت خەڵکەکە بەرەو کەرکووك براون. کەسیان لەو شوێنانەدا نەهێشتووە کە لێی بوون. هەموو لە زیل و ئیڤای سەربازی بار کراون و براون.

ئەم لەسەر باری دانیشتنی ناو جێگەکەی، بوو بە بت. ویستی زمان بجووڵێنێ، شتێ بڵێ و نەیتوانی. هەوڵی دا لەشی ببزوێنێ و نەبزوا. تەنانەت چاوانیشی، تەمومژ دایگرتن و لە بینین کەوتن. جۆرە حاڵەتێکی بێ هۆشی لوولی دا. قوت دانیشتووە و زەق زەق دەڕوانێ و کەچی بێ ئاگایە. بووبووە جەستەیەکی مۆمیاکراو.

کاتێ هۆشی تێ گەڕاوە، شادمان و دلێریش بەخەبەر هاتبوون. لەناو جێگەدا دانیشتبوون و بە سەرسامییەوە، لەم و کامەرانیان دەڕوانی. دەتوت لە نێوان خەبەرداری و خەوبینیندان. بەڵام ئەم لە ناکاوێکدا، خۆی و ئەوان و کامەرانیشی ڕاچەناند، کە بەبێ پێچ و پەنا و بەدەنگی زوڵاڵ وتی:

– کەوابێ دەچم بۆ کەرکووك.

هەر چواریان تێسکەیی، سەرنجیان لە نێوان یەکتردا هێنا و برد. کامەران هەڵسا و چووە بەر پەنجەرەکە. لاونیو ڕاوەستا بینایی، لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا دەگواستەوە. شادمان و دلێر خۆیان بە پێچەوانەی جێگەکانیانەوە خەریك کرد. ئەم هەر لە جێوە، لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– وەك نەتانهێشت فریای ئەملا بکەوم، لەولاشم مەکەن. ئێستا چاکتر. لەملا پەرش و بڵاو بوون و لەولاکۆ. ئاسانتر دەیاندۆزمەوە.

هەرچەندە ڕستەی (نەتانهێشت)، هەرسێکیانی دەگرتەوە. بەڵام کامەران دەستوبرد لە فیکەی خۆی تێ گەیشت. بواری نەدا هەڵچوونەکەی پێشووی دووبارە ببێتەوە. زۆر ئاسایی وتی:

– بچۆ.. هەرچییەکیش بۆ ئاسانکردنی چوونەکەت پێویستە ئامادەین.

ئەمیش وتی:

– ئەوەی زۆر پێویستە و بنەڕەتییە، ئەوەتا لە تەنکەی باخەڵمدا. جاشێکی

جەنگاوەری قارەمانم. لە شارێکی ولاتی سەرۆکی فەرماندەمەوە، بۆ شارێکی تری سەفەر دەکەم. ئیتر کەس هەیە بوێری دەست بنێتە ڕێم؟.

کامەران وتی:

– نا.. کەس حەدی نییە. بەڵام ئەگەر بە قسەم دەکەیت، من پێم باشە یەکێکت لەگەڵدا بێ.

– یەك؟.. وەکو؟.. کێ؟.

– دایکم.

– بۆچی؟.. حیکمەتەکەی لە چیدایە؟.

– با پێت بڵێم.. تۆیەکی ئەو جەنگاوەرە قارەمانەی کە بەپێی ناسنامەکەت هەیت، ناکرێ و شوورەیییە لەم ڕۆژە پیرۆزانەدا، لە سەنگەری شەرەفدا نەبیت، بەڵام دایکم بۆت دەبێتە هۆیەکی ماقووڵ. نەخۆشە و دەیبەیت بۆ لای دوکتۆرێکی چاکتر لەوانەی لای خۆمان.. وایە یان نا؟.

– وایە و ئافەرین و ڕازیم.

## ٦

سەفەرەکەی کەرکووک، سێی تریشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا. بە هەر چواریان بۆ ماوەی سی و پێنج ڕۆژی ڕەبەق، لە نێوان سلێمانی و کەرکووک و دووز و تکریتدا خولاندیانەوە. لە کەرکووک وترا: نەخێر.. بۆ ئێرە نەهێنراون و براونەتە دووز. هاتنەوە سلێمانی و ناسیاو لە دووز پەیدا کرا. کە دڵنیا بوو ناسنامەکە تەواو بە بڕشتە، ئیتر بێ خەم بە تەنیا ملی پێوە دەنا. چوو بۆ دووز و وتیان: نا.. وا نییە. کەس لە کەرکووکەوە نەهێنراوە بۆ ئێرە. بگرە هەندێك لێرە خڕکرابوونەوە و بەرەو کەرکووك گوازرانەوە. چووەوە کەرکووك و دوای کۆششێکی چەند ڕۆژە، کە سەرکرا بە کۆشی چەندان پیاوی باش و پاڕانەوە لە ژمارەیەك پیاوی خراپ، بەو ئەنجامە گەیشت کە: بەڵێ.. هێنراون و لە (دووبز) بوون. بەڵام لەوێوە بارکراون و بەرەو خوار.. (ڕەنگە بۆ تکریت) براون. ئینجا خانەخوێیی ماڵە ناسیاوی کەرکووك، لەگەڵیدا چوو بۆ ماڵە ناسیاوێکی لە تکریت. لەوێش وترا کە: بەڵێ.. بینراون. بەڵام تەنیا پیایدا تێ پەڕێنراون و بەرەو خوار کراونەتەوە. بۆ کوێ؟. چەندەیان کرد و کۆشا و ڕەنجی فەرهادیان دا، کەسێکیان دەست نەکەوت تەنانەت بە سووسەش بیستبێتی. هەبوون بە مەزنە دەیانوت″ ڕەنگە بەغدا.. ڕەنگە ڕومادی.. ڕەنگە دیوانییە و دووریش نییە بەسرا.

گەڕایەوە شار و هەفتەیەك و دووان و سیان، ئۆقرەی بەخۆی گرت. دەیوت: ″هەواڵێکیان هەر دەگات. خۆ ئاخری لە شوێنێکدا دەگیرسێنەوە و بواری هەواڵناکردنیان بۆ دەڕەخسێ. ئەو حەشاماتە چی لێ دەکەن؟. لە چ بەندیخانەیەکدا جێیان دەبێتەوە؟. ئەوپەڕەکەی لە ئۆردووگایەکدا، یا لە دوو سێ ئۆردووگادا مۆڵیان دەدەن. ئەوسا ئیتر بە نامە بێ، بە خەڵکیدا بێ، بەهەر ڕێگەیەك بێ، دەتوانن هەواڵ بنێرن. دەبێ دان بە خۆمدا بگرم. لە سەبرگرتن بەولاوە چیم دەسەڵاتە″. بەڵام کانیی سەبر وشکی کرد و هەواڵ نەبوو. نە بە ئاشکرا نە بەنهێنی.. نە بەچاك و نە بەخراپ، هەواڵ سەری هەڵنەدا. دوای هەوڵ و تەقەلای خۆی کە هیچی پێ نەکرا، چووە وێزەی

کامەران.. "ئێوە.. ئەی ئێوە کوان و لە کوێن؟. حزبێکی گەورە و گران و حکوومەتێکتان هێنابووە زەلالەت. کەچی واتان لێ هاتووە نەتوانن، خەبەرێکی ئەو هەزاران کەسە بزانن؟".

کامەران لە هەوڵی هێورکردنەوەی و هاندانی بۆ دان بەخۆ داگرتن بەولاوە، هیچ وەڵامێکی تری قاییلکەری لانەبوو بیداتەوە.

وشکبوونی کانیی سەبر، خستییە سەر کەڵکەڵەی، گێمێکی تری بەدواداچوون. دەیوت: " دەچم شار بەشار و دێ بەدێ دەگەڕێم. هەرچی دەشت و دەر و بیابانی دەوروپشتمان هەیە دەیپێوم. خۆ زەنگیانە نین تۆو کرابنە ناو گڵ و خۆڵەوە. وەهاشبێ بست بەبستی ناو گڵ و خۆڵیان بۆ دەپشکنم. تا نەیاندۆزمەوە واز ناهێنم". سێ شەو و سێ ڕۆژ لە مێشکیدا تاووتوێی پێ کرد. نەخشەی وردی بۆ دادەنا. چۆن دەچێ؟. چی دەکا؟. خۆی لە کێ دەپارێزێ؟. پشت بەکێ دەبەستێ؟. دەیوت: خۆ جەجاڵ هەڵنەساوە؟.. خۆ ڕۆژی حەشر نییە. خێرەومەندانێك دەبێ مابن و دەستم بگرن. یاریدەیەکم بدەن. من چیم لێیان دەوێ؟. زانیارییەك لەبارەیانەوە و هیچی تر. تەنیا ئەوەندەی بزانم لە کوێن و هیچی تر. کەسێکیشم لەو بابەتە هەر دێتە ڕێ. ئاخر خۆ زەنگیانە نین هەزاریان لێ بخرێتە ناو ئەموستیلەیەکی دروومانەوە. ئادەمیزادن و بە دار و بارن. هەزاریش نین و هەزارانن. دەی باشە خۆ نە بەبن ئەرزدا براون نە بە ئاسماندا. بەسەر ئەرزدا براون و دەشبێ بەرچاوی خەڵکێکی زۆر کەوتبن. بە هەر لایەکدا و بۆ هەر شوێنێك براون، قۆناخ بەقۆناخ خەڵکێکی زۆر بینیویانن. سا من لەو خەڵکە زۆرە یەکێکیانم دەوێ و هیچی تر.. یەکێکیان کە پێم بڵێ: ئەوەتان لە فلانە شوێندا. ئێ خۆ دنیا ئاخر نەبووە. خێرومەندێکیان تێدا دەبێ پێمی بڵێ. کە پێی وتم، ئیتر ئەگەر دۆزەخیش بێ بۆی دەچم؟.

هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا بڕاندەوە. مایە سەر کامەران و وتی: " دەبێ ئاگەداری بکەم. دەزانم دەڵێ: مەکە. دەیناسم. بەڵام بۆ خۆی وت و دەکەم". شەوەکەی بە دوور و درێژی بۆی باس کرد. هێندە بە وردی بۆی شی کردەوە، دەتوت چیرۆکێکی بۆ دەخوێنێتەوە. ئەو هێمن و خامۆش گوێی لێ گرت. تا ئەم نەیپرسی: ڕات چییە؟. ئەو تەنانەت بە هێمای سەر و سیماش هیچی دەرنەبڕی. بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەدا، ڕاست بەو شێوەیەی ئەم بۆی چووبوو وتی:

– مەکە.. چونکە...

ئەو (مەکە) و (چونکە)کەی بەشێوەیەك لە زار هێنایە دەر، کە شیکردنەوەیەکی دوور و درێژی بە دوا دابێ. بەڵام ئەم بەپێی بڕیارێکی پێشینەی، بەری لێ گرت و قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– دەکەم.

بگرە کاتێ ئەو لە هەواڵێکی تریدا بۆ بەردەوامبوون وتی:

– ئاخر..

ئەم لاسارانە وتی:

– دەکەم!.

ئەوسا ئیتر ئەو کۆڵی دا. شانێکی نیشانەی ناچاریی بۆ هەڵتەکاند. بە دەم مڵچەیەکی بێزاریی دەربڕینەوە وتی:

– بکە!.

***

کردی و ملی پێوەنا. بەڵام کردەکە هێندەی نەمابوو، سەری بە فەتارەت بدا و خۆی واتەنی، قەدەر بۆ زیاتر ئەشکەنجەدانی، سەری بە زیندوویی گەڕاندەوە، دەنا سەر هیی ئەوە نەبوو، نە بە زیندوویی و نە بە مردوویی بگەڕێتەوە.

سەرەتا خێرومەندێك لە بەغدا، بە گوێیدا دا کە ڕوو بکاتە ڕومادی. لە ڕومادی خێرومەندێکی تر بۆ نەگبەتی، لە ئەنجامدا لە خراپ لێی حاڵیبووندا بە هەڵەی برد. ڕێگەی ئۆردووگای ئەو کوردە پەناهەندە ئێرانییانەی نایە بەر، کە لە ئەنجامی شەڕی عێراق و ئێراندا، پەڕەوازەی ئەمدیو بووبوون. کاتێ چووە ئۆردووگا و هەڵەکەی لا ڕوون بووەوە و بە نائومێدی گەڕایەوە ڕومادی، ئیتر وەختێ نۆرە گورزی شەڕەومەندان هاتبوو. سەروسەکوتێکی نامۆ بە شارەکەدا.. نەشارەزا حۆل حۆل بسووڕێتەوە.. بە عەرەبییەکی جلفیی شەق و شڕ بدوێ، دەبێ چۆن بەبێ زنجیرە پرسیاری: کێیت و لە کوێوە هاتوویت و بۆچی و چۆن و.. هتد، ڕزگاری ببێ؟.

– کاکە مەرحەبا.

کوڕێکی ڕەنگ و ڕوو گەش.. چاو و برۆ ڕەش.. سمێڵ قەیتانیی دەم بە خەندە بوو.

لەرەی زۆری دۆستانەی مەرحەباکە دیمەنی سەروسیما قشتیلە بێ خەوشەکەی، لە سەرەتادا وایان خستە زەینییەوە، کە دەبێ خێرومەندێکی تر بێ و لە غەیبەوە پێی وترابێ بێ بە هانایەوە. بەلام هەستی کرد نەخێر!.. ئەوەتا دەستی چەپی لە شانی گیر کردووە و پەنجەکانی دەستی ڕاستیشی، توند ئالاندووەتە مەچەکی.. ″ بۆ وادەکا؟ خۆ لەوەبەر نان و پیازم لەگەڵدا نەخواردووە؟ چیی لێم دەوێ؟ نیازی پاك نییە.. نا.. نیازی خراپە″. لەو ساتەدا، بیری بۆ ئەفسەرە لاوەکەی لەمەڕ کارەساتی ڕۆژە نەگریسەکە چووەوە و تێ گەیشت. لە چاوترووکانێکدا، پەستایانە ناو بەرازیلییەکەوە. لەگەڵ بەرێکەوتنی بەرازیلیدا، چاویان بەستەوە. دەستوبرد بەدەم ڕێوە، یەکەم سووکەڵە ژەمی ئەشکەنجەدان دەستی پێ کرد:

– خۆش صید.

– شوی لو سلگ؟.

– لا سلگ.. نسوی تشریب.

گومانی کرد ئەم شەقام و ئەو شەقامی پێ دەکەن. دەیگێڕن و دەیخولێننەوە. ماوەیەك دەنگی قەڵەباڵغی لێ بڕا. خێرایی ئۆتۆمۆبێلیش زیادی کرد. وتی: ″ دەرەوەی شارە″. چەند دەقیقەیەك بەو خێراییەی ڕۆیشت و هێواش بووەوە. پێچێکی گەورەشی کردەوە. زۆری نەبرد غەڵبەغەڵب سەری هەڵدایەوە. وتی: ″ گەڕاینەوە ناو شار. مەبەستیمان چییە؟″.

ئەوان ئەگەرچی هەموو قسە و باسێکیان سەبارەت بەمە، کەچی بە تاقە وشەیەك ئەم نادوێنن. دەڵێی لە گەڵیشیاندا نییە.

– أنا بارحە أول ما باوعتە عرفتە.

– یعني من النظرة الأولی؟.

– أي نعم.. نصیب.. الصید همین حظ ونصیب.

″ کە وابێ لە دوێنێوە بە دوامەوەن.. لەو کاتەوەی پێم ناوەتە شارەکەوە ئاگەدارمن و تاقیبم دەکەن. ″

– اظن هو عمیل لإیران.. جای یحرض الأکراد اللاجئین.

– تظن؟.. لا یابە.. هو أکید عمیل. و إلا شودا للمخیم مالهم؟.

″ ئـا.. ئەوەتـا دەشزانن بۆ ئـەوێ چووم. دەی بـاشە وەڵامم چ بۆ هـاتنم بۆ ئێرە و چ چوونم بۆ ئەوێ، چی بێ و چ بیـانوویەك بێنمـەوە؟″.

هـەرچەندە ئەو هـەڕەشە لابـەلایە دەیترساند، بـەڵام بیر و هۆشی بـەلای خۆیەوە بوو. لە وەڵامی پرسیارەکەیدا وتی: ″ هێندەی پێوەندیی بە خۆناساندنەوە هـەبێ، کارم ئاسانە. سوبحان کوێخا غەفوور. جەنگاوەر لە سووکە فەوجی چل و سێ – ژمارە ٢٣٧. ئەگەر بشنێرن بپرسن، وەڵامیـان دروست بۆ دێتەوە. لەو لایەنەوە خەمم نییە. بـەڵام سەبارەت بە هـاتنەکەم بۆ ئێرە و چوونم بۆ ئۆردووگا چی بڵێم؟. چ نوتقێك بدەم کە قایلیان بکا و بەرۆکم بەر بدەن؟″.

گەیشتینە جێ. بەچاو بەستراوەیی پەلکێش کرایە ژوورێکەوە، گوێی لێ بوو دەرگەی لەسەر داخرا. ماوەیەك بـەسەر پێوە، بە چـاو بـەستراوی مایەوە. کە زانیی دەوروبـەری کشومـاتە، دەستی برد و چـاوی کردەوە. ژوورێکی چۆڵوهۆڵی تـاریکە. بۆنی کەڕووی بە توندی لێ دێ. شێی زستـانە و وشك بووەتـەوە. دەرگە ئـاسنە و هێندە چەسپە، داوە تررووسکەیەکیشی پێدا ڕەت نابێتە ژوورەوە. هـەست دەکا سەرچاوەیەکی ڕووناکی بە لاتەنیشتییەوەیە. کونە پەنجەرەیەکە بە بەرزەوە نزیکی بنمیچ. چاو دادەگرێتە خوارەوە. بەنـاو ژوورێدا دەگێڕێ. نەخێر.. چۆڵ و هۆڵ نییە. ڕووناکی کونە پەنجـەرەکە، تارمـاییی مرۆڤی نیشان دەدا. ئـانوساتیش دەنگێك بە عەرەبی دەڵێ:

– فەرموو دانیشە.

ئێستا بەری بینایی تەواو لێی ڕۆشن بووەتەوە. سێ کەسن جێگەیان لە ڕیزەوەیە و دانـیشتـوون. لـێیـان چـووە بـەرەوە و لـە دامـێنـی جـێگـەیـەکـیـانـدا دانـیشت. خـێرا لـە بەخێرهـاتن لێکردن و دەمودووی لە وەڵامدانەوەدا، زانییان کوردە و خێراش، بـازدیـان بەسەر قۆنـاخی سڵکردنەوەدادا. لە دامێنەوە پەلکێشیان کردە سەرووتر. بـەرداخێ ئـاوی ساردیـان دایە. جگەرەیەکیان بۆ ئاگر دا و پرسیارە ئاساییەکەیان لێ کرد:

– کاکە لەسەر چی گیراویت؟.

ئەم نەیوێرا بـازدەکەی ئەوان بدا. وتی:

– نـازانم.

کە لە وەڵامی دوو سێ پرسیاری تریشدا وتی: نـازانم، تێگەیشتن و وازیـان لێ هێنا. تەنیـا بە کردەوە کەوتنە خزمـەتکردنی. یەکەم جار خواردن و ئینجـا پەرداخێك چـای نـاو

تەرمۆس و جگەرەیەکی تر لەگەڵیدا. دواییش ڕێکخستنی جێگەیەك بۆی، کە لەسەری دانیشت و پاڵی دایەوە.

ئەم زۆری پێ نەچوو، لە قسە و باسیاندا بۆی دەرکەوت، کە گیراوەی سیاسین. ئەوسا ئەم لێی پرسین:

– ببوورن.. حەز دەکەم بزانم ئێوە لەسەر چی گیراون؟.

ئەوان سەیرێکی یەکتریان کرد، ئینجا یەکێکیان، مەچەکی هەردوو دەستی هێنایە پێش چاوی و وتی:

– تۆ هەقتە بە گومان بیت. بەڵام بڕوانە.

هەردوو مەچەك، دوو بازنی مۆری سووربواویان لێ نەخشێنرابوون، کە قرنجابوونە ناو پێستەوە. ئینجا هەردوو بنی پێ و هەردوو پووزی، خستنە بەر دیدەی. بنی پێ بووبووە چەوەنەری پاککراو و وەك هەویری هەڵاتوو کیفی کردبوو. پووزیش لە قولاپێوە تا بن ئەژنۆ، بە نیوە ئەڵقەی ئاڵ ئاڵ کە دەست و فڵچەی هونەرمەندێك کێشابێتی، ڕازابووەوە. بە دوایدا بەدەنگێکی ئارامی گەیێنەوە وتی:

– دڵنیا بە و ئێمە بە هاودەرد و هاوخەمت بزانە. مەبەستمان یاریدەدانتە. گرتنەکەت تەنانەت لەسەر سیاسەتیش نەبێ، ئێمە ئامادەین یاریدەت بدەین.

ئیتر ئەم گومانی لە دڵدا نەما. بەسەرهاتی خۆی بە هەندێ پارێزەوە بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش خەمی چۆنیەتی یاریدەدانی دایگرتن.

***

لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا، ناردیان بە دوایدا و نیشتنە گیانی. ئەم پێشتر ڕستێك وەڵامی تۆکمەی بۆ پرسیارەکانیان ئامادە کردبوو. لە دڵدا هێندەی وتبوونەوە کە لە کاسەی سەریدا بووبوونە قەوانێك.. ″ دەڵێم: جەنگاوەرم لە فەوجی چل و سێ و ئەوە ناسنامەکەم. دەڵێم: دایکم و باوکم و ژنەکەم و دوو منداڵم، بە هەڵە گیراون و هاتووم بە دوایاندا دەگەڕێم. دەڵێم: منێك کە چەکم بۆ هەڵگرتوون و گیانم لە پێناوتاندا خستووەتە سەر بەری دەستم، هەقی خۆمە تەنانەت داواتان لێ بکەم، کەسوکارەکەمم بۆ بدۆزنەوە هەتا لەگەڵ خۆمدا بیانبەمەوە. ئا.. وا دەڵێم و قەرزاریاریان دەکەم″.

وای وت و ناسنامەکەیان لێ وەرگرت. ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون سیان بوون.

یەکەمیان لە پشت مێزێکی ئاسنی ڕووتەوە دانیشتبوو، کە لە هەندێ پەڕە کاغەز و قەڵەم و دەرزیی زیاتری لەسەر نەبوو. کابرایەکی ڕەقەڵەی سەر ڕووتاوی بە تەمەن بوو. دووەم کوڕ ڕەنگوڕوو گەشەکەی لەمەڕ کاتی گرتنەکەی بوو، کە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابوو. سێیەم کە لە چوونە ژورەوەیدا لە ئاستی دەرگەکەدا بەرچاوی کەوت، کەتەیەکی ورگنی سەر و کەللە بەرانی بوو. کابرای ڕەقەڵە دوو سێ جار ناسنامەکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد. وای نیشان دەدا کە بایەخێکی زۆری پێ دەدا. ئینجا دایە دەست کوڕەکە. ئەویش وەك ڕەقەڵەی کرد و بۆی ڕەت کردەوە. ڕەقەڵە ئەم جارە کەتەی بانگ کردە بەرەوە، کە چەند هەنگاوێك دوور لەو نزیك دەرگەکە ڕاوەستابوو. ناسنامەکەی بە بایەخەوە دایە دەست ئەویش. ئەم بەو هێنان و بردن و تێ وردبوونەوەیە دڵخۆش بوو. بە نیشانەی ڕێزلێنان و سڵکردنەوەیانی دانا لە ئاستیدا. تەنانەت وتی: ″ئا.. وا لێرەش کاری خۆی کرد. ئەی چۆن!.. خۆ گاڵتە نییە! ″. کەچی کەتەی ورگن وەك ئەرکێکی ئاسایی بەجێ بێنێ، ناسنامەکەی وەرگرت و هات بەلای ئەمەوە. پشتی تێ کرد و نووشتایەوە. ناسنامەکەی نا بە پاشوویەوە. تڕێکی بۆمبا ئاسایی پێدا تەقاند و دوو سێ جاریش، سووی بە پاشوویدا. ئینجا چوو دایەوە دەست ڕەقەڵە و ئیتر وەك ڕۆبۆتێك، گەڕایەوە جێگەکەی.

ئەم سەرسامییەکی وەها دایگرت، دەتوت چەشنە کردەوەیەکی دیوە کە بە خەوی شەویش نەبینرێ. لە سەرەتادا ناسنامە و دەڵێمەکان و گەشبینی و دڵخۆشییەکەی، بەجۆرێ لە بنەڕەتەوە لەلا سڕدرانەوە وەك هەر نەبووبن. تا کاتێ وردە وردە لێیان بەئاگا هاتەوە، ئەوسا هەستی کرد کە ئەوەی لە بیر و هۆشیدا بینایی کردبوو، لە حەماموٚکێیەك بەولاوە نەبوو. ئیتر شەپۆلێکی ورەبەردان ڕای ماڵی. وڕوکاس بوو. هەناوی داچوو. کسپەیەکی تیژ بەناخیدا، بە زنجیرە تێسکەی دەکرد. هەستی دەکرد کە بەپێوە خۆی بۆ ڕاگیر ناکرێ و لەوەدایە داڕمێتە سەر ئەرز. ڕاست لەو ساتەدا، (مەکە و دەکەم)ەکەی لەمەڕ خۆی و کامەرانی بەبیر هاتەوە. خەریك بوو بدا بە دەمییەوە و کابرای ڕەقەڵە لێی قرتاند کە وتی:

– یەللا کاکە.. کاکەی کوڕی قەحبە.. قەحبەی.. کوێ؟.. خۆت بیڵێ..

بۆی نەوترا. ئەو درێژەی دایە:

– هەر کوێ بێت.. بڵێ و ماتەڵمان مەکە. هێندەمان کات لێ زیاد نییە بە تەرەسێکی

وەکو تۆوەی سەرف بکەین. زوو، بە خێرایی، بەبێ پێچ و پەنا بڵێ بزانم: کێیت و لە کوێوە هاتوویت و بۆچی؟.

گەمە و شالاوەکە هێندە بە تێکچڕژاوی کاریان تێ کرد، کە ورەی هەوڵدانی بۆ قەرزاربارکردنیان، لێ گۆڕی بە زەلیلییەکی ئەوتۆ، تەقەلا بدا خۆی لە بەرامبەر ئەواندا قەرزاربار بکا. وتی:

– تکاتان لێ دەکەم باوەڕم پێ بکەن. لەوە بەولاوە نیم کە وتم: ئاگری جگەر هەڵی گرتووم. وێڵی دوای ژن و منداڵ و دایك و باوکمم. من غەدرم لێ کراوە. ئەوە ناسنامەکەمە و لە بەردەستاندایە. تکایە بەزەییتان پیامدا بێتەوە.

ڕەقەڵە هەردوو دەستی نانە سەر هەردوو چاوی و وتی:

– بەزەیی؟.. بەسەر ئەم دوو چاوەم.

بانگی کرد:

– جابر.. وەرە تۆزێ بەزەیی بەم کاکەیە بدە.

کەتە جابر دیسان ڕۆبۆت ئاسا هات بەلایەوە. بەبێ ڕاوەستان و چاوەڕێکردن، یەکسەر پڕی پێدا کرد و ییخی دایە سەر زەوی. خستییە سەر پشت و هەردوو قۆڵی، لە شێوەی باڵەکانی خاچدا پێ درێژکردن.. کوڕەی ڕووگەشی بینی چوو لەسەر هەردوو قاچی دانیشت. ئینجا کەتە وەرچەرخا و هەردوو پێی بە جۆرێك نیشاندنە سەر هەردوو قۆڵی، کە ڕووی پاشووی لە دەموچاوی ئەم بێ. ئیتر ئەوەندەی بوار نەدا، بیری لێ بکاتەوە ئەمە چییە و چی نییە. دەستوبرد پانتۆڵ و دەرپێی لە خۆی دامالی. دوو سمتی فوودراوی لە چەشنی ورگی، ڕووە و دەموچاوی ئەم داگرتنە خوارەوە. هێندە لەسەرخۆ دایدەگرتن، کە دەتوت بە سلنگێکەوە بەندن. ئەم هێشتاش، چەندە مێشکی خۆی هەڵووشی، هەر بۆی نەچوو کە مەبەست لەو کردەوە سەیروسەمەرەیە چییە. هەرچەندە دوایی بۆی دەرکەوت، کە دەبوو بە کردەوەکەی پێشوویدا زوو زەفەری پێ ببردایە.

سلنگەکە ورگە دوو فلیقانەکەی، لە بەرزاییی بستێکەوە ڕاگرت. بەرزاییەك کە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئامرازەکان، لە کاردانەوەی توندوتیژی پێویست بوو. ئێستا ئەم لە تێگەیشتنی مەبەست نزیك بووبووەوە. بەڵام هەر باوەڕی نەدەکرد ببێتە ڕاستی. تا کەتە وتی:

– سەیدی ئامادەم.. کامیان؟.

ڕەقەڵە وتی:

– هەورەتریشقە و برووسکە و باران.

ئیتر زرمەیەك و بە دوایدا فیشکەیەك و دواتر ئاوێکی گەرم وەك چۆڕاوگەی پلووسکێك، دارژایە سەر دەموچاوی و بوو بەڕاست. چۆڕاوگە دزەی کردە ئەودیوی پێڵووی چاو و ناو کونی لووت و درزی لێوەوە. وەك خوێواوکێك چاو و لووت و لێویان چووزاندەوە. دیسان لەو ساتانەدا، بیری بۆ کارەساتی گوللەبارانکردنەکەی چووەوە. وتی: " لەویاندا میزیان بە خۆمدا پێ کردم. لەمیاندا پێیاندا کردم.

کەتە دوای چۆڕەکان و تەنانەت دوای تنۆکەکانیش، ئینجا ڕاست بووەوە و دەرپێ و پانتۆڵی هەڵکێشانەوە. قاچی لەسەر قۆڵی لادان. نەوی لە قژی و خستییە سەر پێ. دوو هەنگاو بردییە پێش. بەرامبەر ڕەقەڵە ڕای گرتەوە و خۆی کشایەوە جێگەی پێشووی. ڕەقەڵەش وتی:

– ها کاکە گەوادی لە قەحبە بوو.. ئێستا ڕات چییە؟. لێمان حاڵی بوویت یا ماوتە؟. ئەوەندەت بەسە، یا جابر بێتەوە خزمەتت؟. خۆ دەزانیت ئەم جارە نۆرەی چییە و دەشکرێتە کوێتەوە.. دەزانیت یان نا؟.

– پرسیارت لێ دەکەم تەرەس.. وەڵام بدەرەوە.

– تکات لێ دەکەم لەوە زیاتر ئازارم مەدەن.. باوەڕ بکەن هیچ شتێکی شاراوەم لەلا نییە.. من..

– کوڕە هەی کەری کوڕی کەر ئاژداد کەر.. من پرسیاری چیت لێ دەکەم و تۆ چیم وەڵام دەدەیتەوە. دەزانیت یان نا؟.

– دەزانم.

– ئافەرم.. حەزت لێیەتی؟.

– نەء.

– ئافەریمێکی تریش. دەفەرموو شەکرەکەت بشکێنە.

– بڵێم چی؟.

– ئەوەی حەشارت داوە.

– باوەڕ بکە هیچم حەشار نەداوە.. بەخوا هیچ.

– حەوا!.. خۆ خۆی کەر کردەوە.. جابر..

جابر هێندەی بڵێیت یەك و دوو، ئەمبازی بووەوە. لەوە دابوو پڕی پێدا بکا و بیخی بداتەوە، کوڕی ڕووگەش دەستێکی لێ هەڵتەکاند. بە ڕەقەڵەشی وت:

– سەیدی.. وەختی بەڵێنەکەی ئەولاتە.

کەتە دەستی لێ بەردا و کشایەوە. ڕەقەڵە بەدەم ڕاستبوونەوەیەوە وتی:

– ئەمە جارێ بەرکوڵ بوو. سەعاتێ دووانی تر بە دیدارت شاد دەبینەوە. دڵ لە دڵ مەدە. جابر بۆتی هەڵدەگرێ. ژەمە ئەسڵییەکە بە ئارەزووی جەنابت دەبێ.

ئیتر کوڕە لاوی ڕووگەش لە پشتەوە هەردوو شانی گرت. وەری چەرخاند و بەرەو لای کەتەی توورِ هەڵدا. کەتە بە دەستی ڕاستی قۆستییەوە و بە دەستی چەپی، دەرگەی خستە سەر پشت. هەتا هێز لە لاقە کۆڵەکەییەکەیدا بوو، شەقێکی تێ هەڵدا و هاویشتییە دەرەوە.

کاتێ گەڕانیانەوە ژوورەکە، وەك زامەکەی لەولاهێشتا گەرماوگەرم بووبێ و لێرە سارد بێتەوە، یەکسەر دەستی کردە هێڵنجدان .. هێڵنجدانێك کە دەتوت: ئێستا گەدە و ڕیخۆڵەکانی لە زارییەوە فرێ دەداتە دەرێ. هاوژوورەکانی کەوتنە پشکنینی، مەچەك و بنی پێ و پووز و پشتی. شوێنەواری ئازاردانیان پێوە نەبینی و ڕامان. کە هێور بووەوە و بۆی گێڕانەوە، تێگەیشتن و لە قوڕنەیەکی ژوورەکەدا، دەموچاویان پاك پێ شووشت. دڵیشیان بەو بارەدا دایەوە، کە وەك شێوەیەکی ئاسایی ئەشکەنجەدان وەری بگرێ و ورە بەرنەدا.

بەڵام ئەم ترسی پلەی دووەمی شێوەکە، هەراسانی دەکرد. بە سات بەرۆکی مێشکی بەرنەدەدا. بەردەوام بە دەستییەوە گینگڵی دەدا و مەرگی بە ئاوات دەخواست. دەیهێنایە بەرچاوی کە ئەم جارە، چۆن بیخی دەدەن.. چۆن دەمی دادەچەقێنن و چۆن جابر، کونی پاشووی لە دەمی داچەقێنراوی نزیك دەکاتەوە و ئیتر!.. بۆی تەواو نەدەکرا دەکەوتە هێڵنجدان.

چاوەڕوانکردن بیر و هۆشی لە گرێژەنە دەبرد. زەینی بۆ دابین نەدەکرا. چەند تەقەلای دەدا لەو باسە دابڕێ.. بە لایەکی تریدا ببا و بەشتێکی تریەوەی خەریك بکا، دادی نەدا و وەك موگناتیز دایدەکێشایەوە و تێی دەئالایەوە. وتیان سەعاتێ دووانی تر.

لەگەڵ هەر خشپەی پێیەکدا ڕادەچڵەکی. ئەوا ناردیان بە دوایدا. دڵی لە سنگیدا دەهۆڵی دەکوتا. ڕەنگی دەبزڕکا و لێوی وشك دەبوو. زمانی لە دەمیدا دەبووە پەڵاس. سەراپای لەشی دەنیشتە سەر ئارەقێکی گەرم. هەردوو چاوی زەق دەبوونەوە و لەسەر دەرگەکە، لەنگەریان دەگرت. هاوەڵەکانی ئاگەدار بوون. هاودەردی بوون و دەیانزانی، بە چ ئازارێکی سەختەوە دەتلێتەوە. ئەم پێی زانی کە تەنانەت بە نۆرە ئێشکی لێ دەگرن.

سەعات و دووانە تێ پەڕین و دەنگ نەبوو. بوو بە سێ و چوار و هەر نەبوو. بگرە ئەوەتا لە سنووری نیوەی شەویش پەڕییەوە و دەنگ نییە. هاوەڵەکانی بەر لەم، دەمارە گرژەکانیان ڕوویان لە خاوبوونەوە کرد. ئێشکگر دووانەکەی تری خەبەر کردەوە. بە هەر سێکیان تێیان گەیاند، کە جەنابی جەللاد ئێستا ئیتر خەوتووە و قایلیان کرد، بخەوێ و کەمێ بحەوێتەوە.

***

بەیانییەکەی هەرچەندە کات درەنگ بووبوو، بەڵام ئەم هێشتا لە شیرین خەودا بوو کە ناردیان بە دوایدا. لەگەڵ چاوکردنەوەی و ئاگەدارکردنیدا کە بەخۆ کەوێ داوای دەکەن، یەکەندەردوو بیری بۆ هەڕەشەکە چووەوە و کسپەیەك دای لە دڵی. سەرنجێکی پڕ لە ترسی پرسیاراویی، بە ڕووی هاوەڵەکانیدا گێڕا. ئەوان زوو تێگەیشتن و یەکێکیان وتی:

– بۆ ئەشکەنجەدان نییە.. بەیانیان نایکەن.

– ئەی بۆچی بێ؟.

– ڕەنگە بۆ گرتنی وێنە، یا پەنجەمۆر بێ.

بەڵام ئەوەش نەبوو. دوو چەکدار لە چاوەڕوانیدا بوون. وەریان گرت و کەلەپچەیان کردە دەست. خستیانە ئۆتۆمۆبێلێکەوە و بردیان. لە خۆشیی ڕزگاربوونی لە جابرە کەتە، خەمی نەبوو کە ئاخۆ بۆ چ دۆزەخێکی تری دەبەن. لەو ساتانەدا لە پاڵ گەشکەی ڕزگاربوونەکەیدا، تاقە خەمی خواحافیزی نەکردنی بوو لە هاوەڵانی ژوورەکەی.

کە گەیاندیانە جێ، خێرا پێی زانی موخابەراتە. خێراش وردی کردەوە کە بۆچی. ″ئەی جاش نیم؟ ئەی جەنگاوەرێکی فەوجی سووکی چل و سێ نیم؟. ئێ دیارە کە دەبێ ئەوان پێستم بگروون نەك دەزگای ئەمن. منیش مەمنوونم. بە مەرجێ هەرامەکەی تێدا نەبێ، ئیتر چی دەبێ با ببێ″. هەرواش بوو. جەللادەکانی ئێرە، شەڕەفی شکۆمەندیی

سەربازیی خۆیان، بەم کردەوە چەپەڵانە لەکەدار نەدەکرد. ئەمان ئەهلی شەقی پۆستاڵ و جەربەزەیی بازووی ئاسنین بوون.

ڕەقەڵە ناسنامەکەی لەگەڵدا ناردبوو. نیشانیان دایەوە و سەد و یەك پرسیاریان لەبارەیەوە لێ کرد. دوا جار وتیان:

– خۆ لە بنی دنیا نییە.. دەپرسین.

ئەم بێ خەم وتی:

– بپرسن.

لەگەڵ ئەوەشدا، شەقی پۆستاڵ و جەربەزەی بازووی هەر لێ خرانە کار. چاوەڕوانیی وەڵام شتێکە و بەجێهێنانی ئەم ئەرکە شتێکی تر. چونکە ئامانج لەمیان شتێکە و لەمیان شتێکی تر.

هەژدە ڕۆژی ڕەبەقی پێ چوو تا وەڵام هاتەوە کە بەڵێ ڕاستە.. سوبحانی کوێخا غەفووری خاوەن ناسنامەی ژمارە (٢٣٧)، جەنگاوەرە لە فەوجی سووکی ژمارە (٤٣)دا. ئەوسا هەژدەی تریش هێڵرایەوە، کە ئێستا و ئەوسا نەیزانی بۆچی. ئینجا بەرێ کرا بۆ ئاسایشی گشتی لە بەغدا. لەوێش وەك ئەم تەنیا سەعاتێك لەوەبەر دەسگیر کرابێ، لە نووکەوە لەگەڵیدا تێ هەڵچوون. لە نووکیشەوە ئەشکەنجەدان و بەڵام، بەبێ جابرایەتی!. تەنانەت لەو سەدان جارەدا، کە بۆ ئەو سەدان هاودەردەی گیرابووەوە، لە کەسێکیانی نەبیست کە تووشی ئەو جۆرە ئەشکەنجەدانە بووبێ، ئەگەر چی زۆر بابەتی پڕ سەیروسەمەرەی خۆیشیان گێڕابووەوە.

لە ئاسایشی گشتیش، هەژدەیەکی تر و چەند ڕۆژێکیش سەرباری مایەوە. تا لە چێشتەنگاوێکدا، بێ ئەوەی بە قەد نووکی دەرزییەك، هیوای بەردانی لە دڵدا بێ، بانگیان کرد و وتیان: بڕۆ وەلبە. سەراسیمە و سەرسوڕماو خۆی لەسەر شەقام بینییەوە. تا پێی نەنایە ناو ئۆتۆمۆبێل و بەرەو شار نەکەوتە ڕێ، باوەڕی نەدەکرد کە خەون نییە و ڕاستییە. ئیتر دوای دوو مانگ بزربوون، درەنگ وەختێك دەمە و تاریکی، پێی نایەوە ناو ماڵ.

## ٧

ئیستا ئەوە ڕۆژی چەندەمە، داخزاونە ناو تاریکستانە ئەموستەچاوەکەوە؟ خۆی نازانێ.. خۆی بە دڵ و دەروون و بیر و هۆشەوە، بووەتە دەریایەکی هەژاوی چەتوون و دامرکانەوەی بۆ نییە. مێشك بە سات ناسرەوێ. بووەتە ڕیکۆردێك و لە یەکبینا، یەك شریت لێ دەدا و لێ دەداتەوە. هەست و نەست گریان گرتووە و بڵێسەیان لە کوژانەوە نایەت. هەناو کوانووە لە قرچە ناکەوێ. جەستە بووەتە پەڕێکی دەم ڕەشەبا و بەردەوام دەخولێتەوە.. بەناو ژوورەکەدا دەخولێتەوە. لەسەر هیچ بارێك ئۆقرە ناگرێ. پاڵ دەکەوێ دەخولێتەوە. دادەنیشێ و دەخولێتەوە. ڕادەوەستێ و دێت و دەچێت هەر دەخولێتەوە. بیر و هۆش و دڵ و دەروون و هەست و نەستیش، لەگەڵیدا دەخولێنەوە. تەنانەت دەرگە و پەنجەرە و دیوار و بنمیچ و ئەرز و کەلوپەلەکانیش، لە یەکبتوون دەخولێنەوە. بە ئامانوزەمان دابین نابن. چەندە تەقەلا دەدا نابن. چاو دەنووقێنێ.. توند دەیانپێچێ.. سەر دەکا بە ژێر بالیفەوە.. بە ژێر بەتانی و دۆشەکەوە و نابن و نابن.. ″ لێرە میزیان بە خۆمدا پێ کردم. لەوێ بەسەر و دەم و چاویاندا کردم″. لە نێوانیان دەخولایەوە و هەموو شت لەگەڵیاندا. شریتەکە کارەساتەکانی نێوان هەردوو میزیان لەسەر تۆمار کرابوو. ڕیکۆردەکە بەردەوام لێی دەدا و لێی دەدایەوە. ڕاگیر نەبوو. لەم بەیانییەوە بۆ ئەو بەیانی. لەو نیوەڕۆوە بۆ ئەو نیوەڕۆ. لەم شەوە بۆ ئەو شەو. بە سات ڕاوەستانی بۆ نەبوو.. ″ لێرە میزیان بە خۆمدا پێ کردم. لەوێ بەسەر و چاویاندا کردم!. من وام لێ کرابێ، دەبێ ئەوانیان چی لێ کردبێ؟″. ئەوانیش دەکەوتنە ناو گێژەنی خولانەوەکەوە. ئەوانیش وەك چەند پەڕێکی دەم ڕەشەبا دەبینێ، کە لەگەڵ خۆیدا دەخولانەوە. بەڵام هەرچەند دەستی دەبرد بیانگرێ، بەردەستی نەدەکەوتن. جار لە دوای جار بێ وەڕسبوون، دووپاتی دەکردەوە و نەدەگەیشت.

لەو ڕۆژەوەی پێی ناوەتەوە ژوورەکە، خەو و خواردنی نەماوە. چاوی خەوتنی بۆ لێك نانرێن. پارووی بە قوڕگدا بۆ ناچێتە خوارەوە. دەستی مەکینە ناگرێ ڕیش بتاشێ.

بیر بواری نییە بەلای خۆ شووشتن و پۆشاك گۆڕیندا گوزەر بكا. شێوە ڕوو لە نزیكبوونەوەیە، لە شێوەی دێوانەیەكی گەڕۆك یا شێتێك و دابێتییە كێو.

ئێستا ئەوە ڕۆژی چەندەمە؟ خۆی نازانێ.. خۆی مێشكی پواوە. هەست و هۆشی خەفەن. جەستەی لە پەلوپۆ كەوتووە. مۆمێكە و تا دوا تۆزقاڵی سووتاوە. لە ناوەڕاستی ژوورەكەدا بەلادا دێ و دەتلیسێتەوە.

ئینجا ئێستا ئەوە چاوە ڕەشەكانی كامەرانن، بە ژوور سەرییەوە دەبریسكێنەوە. ئەوەش لەرەی دەنگی ئەوە دەڵی:

– دوكتۆر.. بە ئاگایە.

ئەوەش دوكتۆر سامانە، دیمەنە منداڵكارە وردیلەكەی، بەسەریدا شۆڕ دەكاتەوە. پەنجە گەورەی دەنیشێنێتە، سەر پێڵووی چاوی ڕاستی و دایدەچەقێنێ.. " بۆ وام لێ دەكا".. خۆ نەمردووم!". واز لە چاو و پێڵوو دێنێ. لەسەر قەراغی قەرەوێڵەكە دادەنیشێ. بە هەردوو پەنجە گەورە و شایەتمانی، مەچەكی دەگرێ. دەزانێ دەژمێرێ. دەیبینێ سەری بە ئاستەم دەلەقێنێ. بۆچی؟ دەست دێنێ و سەری ئەم بەلای چەپدا وەردەگێڕێ. بۆچی؟ ئەوە كامەرانە بە دوو چاوی زەق پڕ لە حەپەسانەوە لەم دەڕوانی. بۆچی؟ كامەران دەبزوێ و لەپی دەستی، دەنیشێنێتە سەر ناوچەوانی. بۆچی؟ دەنگی دوكتۆر دەبیسێ دەڵێ:

– دەستت لابە.. وازی لێ بێنە.

دەنگەكە تووڕەیە. بۆچی؟!. كامەران دەست لادەبا و چاوی ئەو ون دەبێ. دكتۆر خەریكێتی. بە دەستێكی مەچەكی گرتووەتە نێو پەنجەكانی. پشتی دەستەكەی تریشی، چەسپاندووەتە سەر لاملی. هەردوو دەستی لادەدا و ڕاست دەبێتەوە. لە بەرچاوی ون دەبێ. ورتەورتێكی دێتە بەرگوێ. دەزانێ دوكتۆر و كامەرانن دەدوێن. تێ ناگا چی دەڵێن. حەز دەكا هیچ نەبێ، جموجۆڵیان ببینێ. تەقەلا دەدا سەر بەلایاندا وەرچەرخێنێ. پێ ڕاناگا و سیمای شادمانی لێ دەردەكەوێ. دێت و ڕووبەڕووی ڕادەوەستێ. سەرنجی پڕ لە خەم و پەژارەیە. نەهاتووە خەم و پەژارەی بە ڕوودا بدا. هاتووە ئەركێك بەجێ بێنێ. ئەوەتا بەسەریدا دەنووشتێتەوە. دەست و بازووە تۆكمەكانی، دەنیشێنێتە ژێر شان و پشت و سمتی. بە ئەسپایی ڕووەو دیوار وەری دەگێڕێتە سەرلا. دەیەوێ بپرسێ بۆچی و زمانی گۆ ناكا. بەڵام كە چزەیەك لە سمتی

هەڵدەسێنرێ، ئەوسا تێ دەگا.

ئێستا ئەم ڕووەو دیوار ڕاکشاوە. ئاگەدارە کە ئەوان لەولا ترییەوە ڕاوەستاون و دەدوێن. گوێ هەڵدەخا ببیستێ و بێ سوودە. خۆی جیڕ دەکاتەوە تەکان بە جەستەی بدا و بە لایاندا وەری بگێڕێ، تا هیچ نەبێ لەرەی لێویان ببینێ و جەستە نابزوێ. حیرسێکی شێتانە دەیگرێ و بە ناوەخۆدا دەتەقێتەوە. دەمی کەف دەچێنێ. لیك بە لالغاوەیدا دادەچۆڕێتە سەر سەرین. دادەڕێژێتە ڕوومەت و لاملی. لیکاوێکی لینجی گەرمە. تەنگەتاوی دەکا. نە دەتوانێ بەری لێ بگرێ و نەبیسرێ. پیش دەخواتەوە و قێزی دێتەوە. هەست دەکا زنجیرەیەك هێڵنج، لە قووڵاییی هەناوییەوە بڵق دەدەن و هەوراز هەڵدەکشێن. دەگەنە ئاستی گەرووی پەنگ دەخۆنەوە. تا لە پڕێکدا یەکسەڵەف دەتەقن و فیچقە دەکەن.

ئەم جارەش ئەوە دەست و بازووە تۆکمەکەی شادمانە، لێی دەنەون و دەیخەنەوە سەر پشت. دوکتۆر و کامەرانیش هاتوونەتەوە بەلایەوە. شادمان بە خاولییەك سەر و گوێلاکی دەسڕێ. دوکتۆر دەستی لێ دەکوتێتەوە. کامەران دەپرسێ:

– بۆچی ڕشایەوە؟.

دوکتۆر دەڵێ:

– هیچ نییە ئەنجامێکی لاوەکیی شرینقەکەیە.

ئیتر لێی لادەدەنەوە. دەچن لەولاوە بە دەنگی نزم دەدوێن. ئەم بەوە کەللەیی دەبێ و سەری دەئاوسێ. حەز دەکا لێیان ڕاپەڕێ و بڵێ: ″ ئێوەیەك کە باستان لە منە، بۆچی نایەن لە ڕووی خۆمدا بدوێن؟″. بەڵام ئاخۆ دەبێ، بدەرەنجامی حەزی جەستەیەکی بەسەر زیندووی بە لەش مردوو، بە چی بگا؟.

***

ئەو کەوتنەی کەوت، تا سێ مانگی ڕەبەق، نەچووەوە دۆخی ئاسایی، سێ مانگ و ئینجا بە تەواوی کەوتەوە سەرپێ. بە هەموو قۆناخەکانی پێگرتنی منداڵیدا تێ پەڕییەوە. بە درێژاییی ئەو ماوەیە، یەك بەیەکی ئەندامانی خێزان پێیان لێ نەدەبڕی. دلێر و دوکتۆر سامانیش لەگەڵیاندا. بەڵام بەتایبەتی و بەردەوام، ئەوەی شان بەشان و پەل بەپەل ڕووبەڕوویەوە بوو، شادمان بوو. دەتوت ئاهی کردووە کە تا نەکەوێتە سەرپێ، تەنیشتی بەرنەدا. ئەم لە عۆیەیدا، نەیدەزانی بە چ زمانێ سوپاسی بکا.

ڕۆژانی سەرەتا، کاتێ کە وەك ساوایەك، قەعدەی دەنایە ژێری و پاکی دەکردەوە و جلی دەگۆڕی، ئەم لە ڕشتنی ئارەقی تەریقی بەولاوە، هیچی تری بۆ نەدەکرا. ئەو کارەی تەنانەت دایکیشی سەرسام کردبوو. کە پێی دەوت: ″ کوڕەکەم.. من وەك دایکی تۆم، دایکی ئەویشم. وازی لێ بێنە بۆ من″. ڕازی نەدەبوو. دەیوت: ″ نا دایە.. چەندە کوڕی تۆیە، هێندەش برای منە و برای گەورەش″. بەڵام ئەم ئیتر وردە وردە، حاڵەتی شەرم و تەریقی بەری دا. هەموو کات کەم بە وشەی سەر زار و زۆر بە دەربڕین بە بریسکەی چاو و ڕازی دڵ و دەروون، سوپاس و ستایشی دەکرد. بە درێژاییی ئەم ماوەیە، سەرباری دەردەدارییەکەی، بە سات لە خەمە گەورەکەی غافڵ نەدەبوو. تەنانەت لە سەختترین ڕۆژانی نەخۆشییەکەیدا، سوێی ئەو زامیان شان بەشانی ئەمیان، هەراسانی دەکرد و لێی دەپرسییەوە. نزیکترین کەسیش لە بەردەستیدا شادمان بوو. کە دەیتوانی زوو یەخەی بگرێ. ئەویش قەت جارێك لە جاران، هەواڵێکی وای لەلا نەدەبوو، تروسکەیەکی هیوای نیشان بدا. تەنانەت ئەم لە دڵدا لێی پەست بوو، دەیوت: ″ وەرە زەلام.. من هەموو لەشم بۆ بیستنی سووسەی هەواڵێك لە تۆوە بوو بێتە گوێ، کەچی تۆش تروسکەیەکیت لێ هەڵنەوەری″.

بەڵام ئەوە هەتا سەر نەبوو. لە دەمە دەمی ڕۆژێکی عەسری باراناویدا، نەك تروسکە و سووسە، بگرە گەشەیەکی لێ هەڵوەری. لە بەیانییەوە وەك کوندەی سەر بەرەوخوار کردبێتەوە، بە ڕەهێڵە دابوویە دەمی و زستانی بە پایزەوە گرێ دەدا. ئەم ئەو ساتە چووبووە بەر پەنجەرەکە و بە تاسەوە، دەیڕوانییە لێزمەی بارانەکە و خەیاڵ بردبوویەوە.. ″ خوڕەمێکی سەیرە؟.. تەماشاکە.. تنۆکەکانی چەند قەڵەون!. ئەگەر ئێستا بچم لە ژێریاندا ڕابوەستم، هێندەی بڵێی یەك و دوو، دەبمە جلەگا. جا ناچم. بۆ دەچم. خۆ وەکو ئەو جارە خۆم بێ ئەقڵ ناکەم. وتی: مەچۆ.. سوبحان مەچۆ. هەورەکەی هێشتا تاڵە. وتم: نا.. لە قیبلەوە ڕوونی کردووەتەوە. نایبارێنێ. بە قسەم نەکرد و چووم. گوێژ گوێژ نەبوو. ئەگەر تەنیا بوون بە جلەگایەکە بووایە، دەیهێنا ببم. بەتایبەتی کە دەبوو دیاری دەستم بێ بۆ پوورم و گوڵناز. کەچی.. ئای چی پێ کردم، بە چ پەندێك بووم، ئەوەندەی ڕەتاندم.. ئەوەندەی هەڵخزاندم و هەڵنووتاندم، کە تەنانەت جارێکیان، گوێژەکەشی پێ هەڵڕشتمە ناو قوڕ و لیتە و دەنکێکم بۆ نەگەیەنرایە ماڵەوە. غوربەت وتی: نەموت مەچۆ.. دەبخۆ دەی.. تۆ سەیری ئەو بڵقە زلانە!. ئەی دیارە.. تنۆکی قەڵەو، یانی بڵقی زل و یانیش شەیتانی زل!. دایکم بە ڕاستی

بوو کە بە منداڵی وای بۆ باس دەکردم. لە ناخی دڵییەوە بوو. بەڵام من گاڵتەوگەپ، بە بنار و چناری دەڵێم.. سەر دەخەینە ناو پەنجەرەکەوە. ڕوومەتیان دەنێم بە ڕوومەتەوە و دەڕوانینە حەوشە. بارانێکی بە خوڕەمی دڵۆپ زلە. دڵۆپە زلەکان، بڵقی زل لە ئاوی پەنگخواردووی حەوشەکەدا، دروست دەکەن. دەرەوە ساردە. ناو هێلانەکەمان گەرمە. گەرمایی هەناسەمان، لەسەر شووشە ساردەکە، دەبێ بە هەڵم. چنار بە دەستە نەرمۆڵەکانی دەیسڕێ. غوربەت بانگمان لێ دەکا: بۆچی خزاونەتە ناو ئەو پەنجەرە ساردەوە؟– کوا ساردە؟!.. (ئەودیوی ساردە.. دەرەوەی هێلانەکە).

– دەباشە باش.. وەرە حەمام گەرم بووە. تۆ ئێستا خۆت دەشۆیت، یا دوای ئێمە؟. دوای ئەوان خۆم دەشۆم. بەفر نیو گەز باریوە. هیشتاش سەر بە کڵاوە دەبارێ. زۆپا نێڵەنێڵێتی. پەنجەرەی گەورەی سەر حەوشەکە و بچکۆڵەکەی سەر کۆڵانم نایلۆن بەند کردوون. پێشی هەیوانیش. کونبڕ.. گەرموگوڕ.. هێلانەیەکی گەرموگوڕی نەرم و نیان. غوربەت بنار دەشوا. توند و جوان پێچاوێتییەوە. وەری دەگرم و ڕای دەفڕێنمە ژوورەوە بۆ بەر زۆپا. چناریش. غوربەتیش دێ و من دەچم. منیش دێمەوە و لە دەوری زۆپا دادەنیشین. لە دەرەوە نیوگەز باریوە. هێشتاش دەبارێ. دەبارێ بۆ خۆی دەبارێ. من و دایکانە و بەچکەکانمان، لە هێلانەی گەرم و نەرمی خۆماندایین. نەك تەنیا ئێمە، دایکانە و باوکانەکانمان و خەڵکی گوند هەموو، بە ورد و درشتەوە. نەشچمە دەرەوە دەیبینم. هەر لوولە دووکەڵە و لە سەربانەکانەوە بە ئاسماندا دەچن. دیمەنێکی چەند دڵگیرە.. دیمەنی ئاوەدانی.. دیمەنی چست و چالاکیی ژیان، لەژێر بارستاییی بەفردا. هەر لوولەیەك و هێلانەیەکی لەژێر دایە. هەر هێلانەیەك و دایکانە و باوکانە و بەچکەی تێدان.. پڕن لە خەڵك، جا بۆ تەنیا خەڵك، جۆرەها زیندەوەریش. گا، مانگا، مەڕ، بزن، کەر، مریشك، قەل، کۆتر، سەگ، پشیلە، مشك و چەندانیش لە مێرووەکان. یا بۆ تەنیا ناو گوند؟. ئەی ئەو هەزاران هەزارە، لە ئاژەڵی کێوی و تەیر و توور و مار و مێروو، کە لەناو ئەو شاخ و داخ و دەشت و دەرانەدا دەژین؟. هەموو ئێستا لە هێلانە و لانەی خۆیاندان، لە کون و دەشت و قوژبن و دەرز و دەلاقە و پەنا و ئەشکەوتی تایبەتییاندان. ئاخۆ کێ بێ و چی بێ ئێستا بێ هێلانە و لانە بێ؟. نییە و نابێ هەبێ. ئەگەر هەبێ پەتۆ نابا و دەفەوتی. ئەها تۆ سەرنجدە.. تۆ وەرە ئێستا سوبحان و غوربەت و بنار و چنار ببە. لەو سەر چیایە فڕێیان بدە!. یا ئەوێ بۆچی؟. هەر لێرە و ئا لەم شوێنەدا، وەرە تۆ ئەو بنمیچ و چوار دیوارەیان لەسەر و لە دەور لاببە و ئەم

زۆپایەشیان لێ دوور بخەرەوە، بزانە چی ڕوو دەدا. سوبحان و غوربەت و بنار و چنارێکی بێ هێلانەیە.. بێ هێلانەی زستانە. ئینجا لە بەهاردا بێ بەهارانەیە و لە هاویندا بێ هاوینانە و لە پایزدا بێ پایزانە. دەبێتە چ کارەساتێك؟. زەمهەریری سەرما و قرچەی گەرمای دووانیان و لێزمەی تۆفانە بارانی دووانەکەی تر، چی بەرگەیان دەگرێ هێلانە نەبێ؟. کێ و چی خۆ لەبەریاندا ڕادەگرێ، لەناو هێلانەدا نەبێ؟. بچمە دەرەوە و خۆ بخەمە، ژێر لێزمەی ئەو تنۆکە قەڵەوە قەبانە؟. ئەها تۆ جوان لێیان ورد بەرەوە. تەماشا ئەو بڵقە زلانە دروستی دەکەن!. بەڕاستی دەڵێی خڕکە بەردن و لە کەشکەلانەوە بەردەبنەوە. خۆیان دەسرەوێننە تەوقی سەری شەیتانەکان. ئەوانیش لە تاو ئازار هەڵدەبڵووقێنەوە. وام بۆ بنار و چنار باس کرد و دامانە قاقای پێکەنین. چنار بۆ ماوەیەك مت بوو. لە پڕێکدا وتی: بابە.. ئەی بۆچی ناچنەوە بۆ ماڵی خۆیان؟. وتم کێ؟. وتی: شەیتانەکان.. گوناحن. بارانەکە سەریشیان دەشکێنێ و تەڕیشیان دەکا. وتم: ئاخر من گاڵتەم کرد. ئەوانە شەیتان نین. دڵۆپی بارانەکەیە دەیدا بە ئاوەکەدا و بڵق دروست دەکا. ئەو بێدەنگ بوو. بنار وتی: بابە.. ئەی چۆلەکە و هەنگ و مێرووله چی دەکەن؟. وتم: بابە گیان.. هەموو ماڵی خۆیان هەیە و چوونەتەوە ماڵەوە. ماڵی چۆلەکە هێلانەی پێ دەوترێ. هەنگ کوورە. مێرووله شار. ئینجا مریشك کولانە. ڕێوی کون. شێر لانە و ئێمەش ماڵ. ئەها لە ماڵەوەین. باران دەبارێ و تەڕ نابین. بەفر بێ سەرمامان نابێ. هەتاو بێ گەرمامان نابێ. تێیدا دەخۆین.. دەخەوین.. دەحەوێینەوە. کە غوربەت بەیناوبەینێك دەیوت: ئەمشەو لە ماڵی باوکم دەخەوم، لە سەرەتادا پێم سەیر بووا. دەموت: دەبێ چی بێ؟ ئاخر ماڵی باوکم ئەوەتا لە بن دەستمانەوە. بە ڕۆژ زوو زوو سەریان لێ دەدا. کە لێم دەپرسی، دەیوت: هەروا.. پێم خۆشە. تا کاتێ هەستم کرد، نەخێر خۆشم حەز دەکەم جار جارە، بچم لە ماڵی باوکم بخەوم، ئەوسا ئیتر ناهەقیم نەدەگرت. تێ گەیشتم کە مەسەلە هێلانەیە.. کە نوێ وا زوو کۆن لە بیر ناباتەوە. تۆ سەرنجدە.. من ئەو هەموو ساڵانەم لەم هێلانەیەی ئێرەمدا بەسەر بردن. چەندیشە گەرم و نەرم و پڕ لە سۆز بوو. کەچی وەك هێلانە کەعبە، بۆ ئەوەکەی حاجی سوبحان دەچوومەوە. بە تامەزرۆوە ڕۆژ و هەفتە و مانگم، بۆ داهاتنی تەعتیلەکان دەژمارد. هەندێ جار کە دەگەیشتە تینم و ڕێکەوتی ئۆتۆمۆبیل و تراکتۆرم بۆ هەموو ڕێگە نەدەکرد، بەپێ دەمکوتا، جافر و حەمۆل سەیریان لێ دەهات!. دەیانوت: پەلەی چیتە؟ خۆ لەوێ بووکت بۆ دانەبەزێنراوە؟ دەموت: خۆم دەزانم پەلەی

چیمە. ئێوە مەیەن. من دەڕۆم. هەندێ جار لەگەڵمدا دەهاتن و هەندێك جار نەء. دەیانوت: ڕاکە بیگەرێ، نەوەکو هێلانەکەت بفڕێ. ئەوەندەیان بەکارهێنانی وشەی هێلانە لێ بیستووم، کە دەموت: بەپێ دەیکوتم. دەیانوت دیسان سۆزەکە سەرشێتی کردووە. ئاوابوو. ئەگەر وا نەبووایە. چۆن تووشی بەزمی کەمتیارەکە دەبووم؟ تەعتیلی نیوەی سالە. لەگەڵ جافر مشتومڕمانە. پووریشم. – کوڕە مەڕۆ.. کاکە مەڕۆ.. هەورەکەی هەوری بەفرە. – نا نەخێر دەڕۆم. ئا.. ئۆتۆمۆبێل تا بازیانی هێناوم. ماوەیەك چاوەڕێ دەکەم. تراکتۆرێك پەیدا دەبێ. دەڵێ: تا دێڵێژە و دێم. لە دێلێژەم و پڕووشە دەکا. جێبێ، پیکابێ، تراکتۆرێ؟.. نییە و نییە. وەك جارەکانی تر.. بەپێ. ئەی ئاخر پڕووشە دەکا. پڕووشە کەم جار پاشگەز دەبێتەوە. زۆربە دەیکا بە ڕاست. – مەڕۆ و بگەڕێرەوە. – نا نایکەم.. عەیبە . – باشە ئەوە مەکە. مالی حاجی عەلیی دوورە ناسیاوتانی بچۆ شەوێ لەوێ یا لە هەر ماڵێکی تر بمێنەرەوە. – نا..، هێلانە کەعبە بانگم لێ دەکا. بانگی چۆن ڕەت دەکەمەوە؟. فەرمانی چۆن دەشکێنم؟. ملی پێوە دەنێم و دەڕۆم. دەڕۆم و لە پڕووشەی تێ نەپەڕاندووە. دۆڵاودۆڵ.. قەدپاڵ و قەدپاڵ، بەناو چیابەندا دەڕۆم . زۆرم ڕێگە پێ دەبڕێ و ئەوسا دەیکا بەڕاست. زووتر بیکردایە ڕەنگ بوو ڕا بگۆڕم. ( نا نا.. ئێستا وا دەڵێم. ئەوسا نەمدەگۆڕی). بەڵام تازە بێ سوودە. لە ناکاوێکدا لە پڕووشەوە، دەیکا بە کلوو کلوو.. بە لێشاوی کلوو کلوو. چارەکە سەعاتێك لەژێر پێمدا، گەیاندییە خرمەخرم. چارەکێکی ترو عەرش و قورش سپی دەچێتەوە. ئینجا چارەکی سێیەم و ئەو کەمتیارە فەنییە، بۆ یەکەم جار بەسەر تەپۆڵکەیەکی پێش دەممەوە بەدیی دەکەم. یەکسەر بە دەم و قەپۆزیدا دەیناسمەوە. ناو و ناوبانگیشیم بیستووە. پەلاماردەر نییە، بەڵام حیز فرسەتە. ئەوەش بۆ حاڵی من کە هیچم پێ نییە بۆ خۆ پاراستن، بە سوودی ئەو دەشکێتەوە. لەگەڵ ناچاری بەرەو پێش ڕۆیشتم، ماوەیەك بزر دەبێ. دڵ خۆش دەکەم برسی نییە و بەڕێی خۆیدا ڕۆییوە. بەڵام نا.. برسی نەبێ لە دەرەوەی لانە چی دەکا؟.. ئا.. هەست دەکەم ئەوەتا بە دوامەوەیە. ئاوڕ دەدەمەوە دەیبینم. ڕادەوەستم و ڕادەوەستێ. زۆرتر ڕابوەستم تێی بڕوانم، خۆی بزر دەکا و کە دەکەومەوە ڕێ، پەیدا دەبێتەوە. ترسم لێ دەنیشێ. بە دەم ڕۆیشتنەوە چاو هەڵدەخەم. بڕە دارێکم دەسگیر دەبێ. ماوەیەکی تر و یەکێکی تۆکمەتر. ئەو بە دوامەوەیە و منیش ئەمە چەکی دەستمە. بڕیار دەدەم تێی بگەیەنم کە زاتی پەلاماردانم نەکا. ڕادەوەستم و ڕووبەڕووی دەبمەوە. بڕەداری لێ ڕاست دەکەمەوە. دەینێمە سەر

شانم و دوو هەنگاو لێی دەچمە پێش. کەچی دەبینم چوار پەل بڵاو دەکاتەوە. ددان جیڕ دەکاتەوە و نابزوێ. دەترسم. چی بکەم باشە؟. بانگم کردووەتە شەڕە جەنگ و ڕازییە. بکشێمەوە شکاوم و بە پێی ئوسووڵ بێ، بەزیوم و هەقێتی بێت سواری سەرم ببێ. دیسان چی بکەم باشە؟ هێرش و بۆی چووم. بەزی و هەڵات. بەڵام ئەو وەك من نییە. ئەو بە سەبرە. ئەو خاوەن ئەقڵێکی ئابووریی جوولەکانەی ئەوتۆیە، کە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە و بە موو لێی لانادا. بە دوامەوەیە. هەر بە دواشمەوە دەبێ هەتا کەسیر دەبم.. هەتا لە پەلوپۆ دەکەوم و بێ ورتە و جووڵە، لەسەر بەفرەکە درێژ دەبم. ئەوسا تێ دەگا کە ئیتر وەختێتی. بەبێ ترس لێم نزیك دەبێتەوە. قەدەرێ بەسەر سەرمەوە ڕادەوەستێ. چاو دەبڕێتە چاوم. کەڵبەکانیم نیشان دەدا. دەڵێی پێم پێ دەکەنێ. سەیرێکی ئەملا و ئەولا دەکا. کەس دیار نییە. وەختێتی و سەر نزیك دەکاتەوە. دەیەوێ کەڵبە لە گوڵمی گۆشت گیر بکا و ڕادەچەنم. وەك ڕاکشابم و تەقەلای راستبوونەوە بدەم، ڕەتێك دەبەم و تێ دەگەم کە بە پێوەم هەنگاو دەنێم. وەردەچەرخێم و هەڵدەڕوانم. نایبینم. خولێك دەخۆم و چاو دەگێڕم. دیار نییە. گوندیشم لێ دەرکەوتووە. ئەوەتا بۆی دادەگەڕێمە خوارەوە. دەگەمە جێ و بۆ باوکم و دایکمی باس ناکەم. بۆ جافر و حەمۆلم گێڕایەوە. وتیان: دەبخۆ دەی هێلانەپەرست. ئەوە گورگێك بووایە چیت دەکرد؟. خۆ حەوت ڕوحت هەبووایە، لە چنگی دەرباز نەدەبوویت. ئینجا وتیان: بەسە ئیتر.. واز بێنە. ئاخر چۆن واز بێنم. ئەمان چەند سەیرن!. تۆ سەرنج بدەرە هەرچی لەم دنیایەدا هەیە و نییە. تۆ ورد بەرەوە بزانە. کێ هەیە بێ هێڵانە بێ؟. کێ بە مانای هەمووان. گیانلەبەر و بێ گیان.. ئادەم و ئاژەڵ و باڵندە و مار و مێروو. ڕووەکیش. کوڕە بگرە کانی و جۆگەلە و ڕووبار و دەریا و هەرچییەکی تریش هەن، لە زیخێکەوە بیگرە هەتا دەگاتە چیا هەرە زەبەلاحەکان، هەموو خاوەنی هێلانەی پیرۆزی خۆیانن. هەریەکە بە جۆرێ. جافر و حەمۆل بە وڕێنەیان دادەنا. کامەران نەء.. ئەو تێم دەگەیشت و تێم دەگا. بەڵام ئاخ ئەو دەروێشییەی نەبووایە. هەرچەند دەزانم ئەویش قسەی خۆی هەیە. کەی بوو دەمەتەقێیەکمان کەوتە نێوانەوە؟.. بەو نزیکانە بوو. ئەو سەلماندی کە بەڵێ: مەسەلەیەك هەیە پێی بوترێ هێلانە و بایەخداریشە. بەڵام بایەخەکە لە هێلانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. وتم: چۆن. وتی: لای من هێلانەی هەرە گەورە پیرۆزەکە نیشتمانە. وتم: هێلانەی گەورەی پاکۆدراو لە هێلانە گچکەکان بەچی دەچێ؟. وتی: هێلانەی گەورە بپارێزی و بمێنی. هێلانە گچکەکان با وێرانیش بکرێن، تێیدا بنیات

دەنرێنەوە. وتم: تۆ باس لە قاوغە هێلانە دەکەیت و من ئەوەکانی ناویانم مەبەستە..
ئەی ئەوان؟. وتی: ئەوانیش. گەیشتە تینم و وتم: ئەوانیش؟. ئەوانیش بنیات دەنرێنەوە؟
یانی ئەگەر غوربەت و بنار و چنار فەوتان، بۆمیان دێنێتەوە ژیان؟ بەڵام ئەو کوا بۆ
قسە دادەمێنێ. وتی: یەکەم: نافەوتێن. دووەمیش: ئەوانیشەکە بیسرەوە و باسەکە ڕاست
دەبێتەوە. زانیم قسەکەی بۆ خۆدزینەوەیە. نەمهێشت. وتم: لامەدە.. ئەوانیشەکە
ناسڕدرێتەوە. چونکە کرۆکی باسەکەیە. دوکتۆر سامان بواری نەدا درێژەی پێ بدەین.
هەڵی دایە و وتی: ئێمە وا ڕێککەوتبووین کە دەبێ هەوڵ بدەیت، مێشکت لە مۆڵەتدا بێ.
پێکەنیم، وتم: تۆ باوەڕت بەو ڕێککەوتنە هەبوو؟. ئەویش و کامەرانیش پێکەنین. من
بامدایەوە سەر باسەکە، وتم: پێکەنین لە هێلانەدا نەبێ مەحاڵە. سامان سەری سوڕما،
وتی: چۆن؟. وتم: فەرموو بچۆ لە بۆشاییدا، چەندە دەتوانیت پێ بکەنە و بزانە ئەنجامی
چی دەبێ!. دیارە هیچ. چونکە کەسێکی تێدا نییە بتبینێ و بتبیسێ. وتی: ئەی خۆم؟.
خۆ خۆم هەم!. وتم: بوونی خۆتی تاك و تەنیا. بریتییە لە نەبوون. ئەو بێدەنگ بوو.
کامەرانیش خۆی مت کردبوو. من وتم: بۆ نموونە: منی تاك و تەنیا، با لە بەیانییەوە
هەتا ئێوارە و ئێوارە هەتا بەیانی پێ بکەنم.. بەچی دەچێ؟. کامەران هەڵی دایە: تۆ لە
هێلانە دایت. وتم: لای تۆ وایە، لای من نا. ئەوان لە دەستم هەڵاتن و بە تەنیا مامەوە.
لەگەڵ خۆمدا لەسەری ڕۆیشتم. لە هێلانەیەکدام نا. بەڵام کەی هێلانەی منە؟ کوان
دایکانەکە و بەچکەکان؟. کوا ئەو هێلانەیەی تێیدا دەسرەوتن، دەخەوتن، دەیانخوارد،
دەحەوانەوە؟. بەسەربەستی، بەبێ ترس و سڵەمینەوە، بە حەوشە و هەیوان و ژووریدا
دەسووڕانەوە؟. کوان ئەو هەموو شتانەی پێیان هۆگر و ئاشنا بووین؟. لە دەرزیی
دروومانەوە بیگرە، تا باگردێنی سەربان. ئاخۆ غوربەت بە دەرزییەکە، چەند تەقەڵی لە
کراس و دەرپێ و فانیلە و ژێرکراس و سۆتیان و شرواڵ و عەزیزی و بلووزو قەمسەڵە
و پاڵتۆ و لەچك و کڵاو و گۆرەوی و کلێتەی خۆی و من و بنار و چناری هەڵدابێ؟ ئاخۆ
من بە باگردێنەکە، چەند هەزار جار ئەمسەر و ئەوسەری سەربانم پێ کردبێ و چەند
سەد هەزارێکیش خولم پێ دابێ. جا بۆ تەنیا دەرزی و باگردێن؟ ئەی بنمیچ، دیوار،
دەرگە، پەنجەرە، بەتانی، دۆشەك، سەرین، ئا.. سەرین.. چەند جار سەرم لەسەری داناوە
و هەڵم گرتووەتەوە؟. غوربەتیش. چەندمان سەر بەیەکەوە ناونەتە سەر و چەند..؟..
ئاخر خۆ هێلانە بە تەنیا شتی ڕەق و تەق و وشکوبرنگ نییە. ئاخر هێلانە گیانداری
تێدایە گیاندار. ئینجا کە گیانداری تێدابوو. شتە وشك و ڕەقەکانیش گیانیان تێ

دەگەڕێ. قاپ و قاچاغ. قۆری و پیاڵە.. سوراحی و پەرداخ.. ساج و پنە و تیرۆك.. تەنانەت ئاو و ئاگر و هەوا و خۆڵیش، گیانیان تێ دەگەڕێ و لەگەڵ گیانداری ناو هێلانەکە، هاوئاهەنگ دەبن. هێلانەی پڕ لە گیاندار، چراخانیکی ئاوێنەبەندە. بەڵام خاڵیی لە گیاندار، گۆڕێکی تەنگ و تاری بەتاڵە.. چ جایە خاپووریش کرابێ. ئینجا بزانە ئەوان چ جۆرە دڕندەیەکن!. ئێ باشە ئێوە کە گیاندارتان لێ دەرکێشا، ئاسایی دەبێتە ئەو گۆڕەی مەبەستتانە. ئیتر خاپوورکردنەکە بۆچی و لە پای چی؟. تۆ بزانە تووشمان بە تووشی چ جانەوەرێکەوە بووە؟. گیاندارەکەی لێ دەربێنێ و دەیفڕێنێ. پووش و پەڵاشەکەی بە تالآن دەبا. قاوغەکەشی تێکوپێك دەنێ. تەنانەت ئاگری تێ بەردەدا و دەیکاتە قەرەبرووت. ئەمە چ دەعبایەکە خوایە؟ وەرە تۆ دڵت بەرایی بدا. ئەو هەزاران هەزار هێلانە گەرموگوڕو نەرم و نیانە بڕمێنیت و خامبات پێدا نەیەت. ئاخر ئەمە بە جانەوەرێکی ئاخرزەمان نەبێ، بە کێ دەکرێ و لە کێ دەوەشێتەوە؟. من خۆم ئەوەتەی هەم، دەستم نەچووەتە هێلانەی چۆلەکەیەك. نەخێر بگرە جارەها، زەڕنەقووتە و بەچکەم هەڵگرتوونەوە و بە دار و دیواردا هەڵزناوم، هەتا بیانخەمەوە ناو هێلانەکانیان. کەچی وەرە هەبن، هەزاران هەزار زەڕنەقووتە و بەچکە، لە هێلانەکانیان دەربکێشن و بیانبەن بۆ.. بۆ.. بۆ کەس نەزانێ بۆ کوێ. باشە ئاخر تۆ هەی دەعبای لە هیچ دەعبایەك نەچوو.. هەرچیت کرد بە هێلانەکان کردت و چش. بەڵام گیاندارانی ناویان بۆچی دەفڕێنیت و حەشاریان دەدەیت؟ ئەمەیان بۆچی و لە پای چی؟ ئاخر خۆ.. ".

– تۆفانکەی نووحە.

شادمان بوو وای وت و بە ئاگای هێنایەوە. لەگەڵ دلێردا بە دەم قسەکردنەوە، هاتبوونە ژوورەوە و سەرقاڵی پێڵاو داکەندن بوون. چەتر دادی نەدابوون. دەتوت لە حەوز هەڵکێشراون. ئەم یەکەندەردوو دڵی خەبەری دا، کە ئەو هاتنەیان بێ مەڵامەت نییە. قسەکەی شادمانی کردەوە و وتی: " خۆیان بۆچی داوەتە دەم ئەم تۆفانی نووحە؟". سیمای گەش و دەمی بە خەندە و چاوی بریسکەداریشیان، هێندەی تر سەرسامیان کرد. هێشتا شەپۆلی سەرقاڵییەکەیان نەنیشتبووەوە، کە شادمان ئاورێکی بەلای ئەمدا دایەوە و وتی:

– کاکە سوبحان.. مژدەمان پێیە.

ئەم تەزوویەکی لەزەتی مژدەنۆشین، بە هەناویدا تێسکەی کرد. بەر پەنجەرەکەی بەردا و لایدایە تەنیشت قەرەوێڵەکە. بەزار هیچی بۆ نەوترا. بە دەمی داچەقیو و چاوی ئەبڵەقەوە، دەیپرسی و پەرۆشی وەڵام بوو. تا کاتێ هاتنە بەرەوە و بەرامبەری ڕاوەستان و دلێر بەدڵێکی خۆشەوە وتی:

– خاڵە عەزیز هاتووەتەوە.. خاڵێکی دایکمە.. ئەویش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوو. دوێنێ پەیدا بووەتەوە.

ئەوسا بە قسە هات و بە پەرۆشەوە وتی:

– لە کوێوە؟.

– جارێ نازانم.. جارێ هیچ هەواڵێکی تریم لەلا نییە. دایکم چووە بۆ چەمچەماڵ بۆ لای ئەو ڕەنگە ئێوارە بێتەوە. ئەوسا دێم بە دواتدا و دەچین تا خۆت بیدوێنیت.

– کێ بدوێنم؟.

– دایکم.

– نا.. من دەبێ خاڵە.. خاڵە..

– عەزیز.

– ئا ئەو.. ئەو بدوێنم.

– باشە.. بەسەر چاو.. وا دەکەین. بەڵام با دایکم بێتەوە.

ئەوان ماوەیەك دانیشتن و ئیتر چۆن هاتبوون، وەهاش خۆیان دایەوە دەم تۆفانەکە و ڕۆیشتن. ئەم بە هەواڵەکە گەشکەدار بوو. لە شادمانیدا پێی نەدەکەوتە سەر ئەرز. وەك پەپوولەیەك بە ژوورەکەدا دەخولایەوە. دەرگە و پەنجەرە و دیوار و بنمیچە تەڵخ و تاڵەکانی جاران، لە بەرچاوی دەبریسکانەوە. قەرەوێڵە و نوێن و قەنەفە و تەپڵەك و کەلوپەلە بێزراوەکانی لەوەبەری، لێ بوونە گوڵستانێکی ڕەنگاوڕەنگ. تەنانەت وەك دڵنیا بێ کە دەبێ، ڕەنگوڕووە زەرد و گرژ و مۆنەکەی خۆیشی گۆڕابێ، چووە بەر ئاوێنەی قەد دیوارەکە و هەڵی ڕوانی. هەرچەندە سمێڵ و ڕیشە قەترانییە تێکچڕژاوەکەی، زۆربەی پانتاییی دەموچاوی تەنیبووەوە، بەڵام تەختی سافی تەوێڵ و چاو و برۆی پڕ چریسکە و ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوی، شایەتییان بۆ دڵنیاییيەکەی دەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا کەوتەوە، دیسان چاوەڕوانی و هەڵقرچان لە بۆتەیدا.. دەبێ دایك لە چەمچەماڵەوە بێتەوە و (ئەگەر هاتەوە). دلێر بچێتەوە ماڵەوە و (ئەگەر چووەوە). لەگەڵ شادماندا بێنەوە بۆ لای ئەم و (ئەگەر بێنەوە). سەعاتێك و دووان و ئەم ئەگەرانە مێشکیان کرۆشت. ئەگەرەکانی لەمەڕ (حەمۆل – جافر – کامەران)ن و دووپات دەبنەوە!. دەمەدەمی ئێوارە.. ئێوارە.. ئێوارەیەکی درەنگ و ئینجا تاریکی و شەو !. بەڵام بەوەی باشە ئەوا شادمان (هەرچەند دلێری لەگەڵدا نییە) هاتەوە. دیسان دەڵێی لە حەوز هەڵکێشراوە. ئاودامان ئاوی لێ دەچۆڕێ. بەخێرایی ڕادەگەیەنێ:

– دایکی دلێر نەهاتەوە.. دەکەوێتە سبەینێ.

ئەم دەیزانی دەسەڵاتی گلەیی بەودیوەدا نییە. بەمدیودا کردی و وتی:

– نەدەکرا تۆزێ زووتر بێیتەوە؟.

ئەو لێی خواردەوە، وتی:

– بەتەمابووم تۆزێ خۆش بکاتەوە و نەیکرد.

– لە کوێ بوویت؟.

– لای دلێر.. لە ماڵەوە.. چاوەڕێی هاتنەوەی دایکیمان دەکرد.

– ئەویش ڕەنگە بارانەکە ڕێگەی نەدابێ.

– دەبێ وابێ.. ئەگین دەهاتەوە.

***

ڕۆژی دوایی شادمان و دلێر و سەرتاشێکی ناسیاو، لێی بەژوور کەوتن. دلێر بۆ گاڵتە وتی:

– خاڵە عەزیز وتوێتی: دەبێ ئەو ڕیشە پاك پاك بتاشێ، ئنجا بێ بۆ لام. ئەم کە بە پەرۆشیی چوونەکە حۆلی کردبوو. قسەی بەدەر لە گاڵتە وەرگرت و وتی:

– جا ئەو چووزانێ؟.

کە دلێر وتی:

– بە چاوی قوورەتی.

شادمان پڕمەیەکی کرد. ویستی پێکەنینەکەی کپ بکا و بۆی نەکرا. دلێریش خۆی

پیٚ ڕانەگیرا و ئاشکرا بوون. ئەمیش لەگەڵیاندا پێکەنی و ملی دا. بووەوە بە سوبحانە سەروسیما شیکەکەی جاران. بەڵام بەڕەنگوڕوویەکی زەرد و ژاکاو و لێوی توێخداری جگەرەکێشانەوە.

دلێر بەدەم ڕێوە هەندیٚ شتی ڕوون کردەوە. باسی کرد کە قەت ڕێی نەکەوتووەتە ماڵی ئەم خاڵەی دایکی. تەنیا ئەو کە بەیناوبەینێکی دوور هاتووە بۆ شار، شەوێك یا دوو ماوەتەوە و میوانیان بووە. ئێستاش لە چەمچەماڵ لە ماڵی کچێکێتی کە دەبیٚ، بەو ناونیشانەی لە دایکی وەرگرتووە بیدۆزنەوە. ئینجا لە زمانی دایکییەوە ئەوەشی باس کرد کە حاڵی شڕە.. کە لەسەرخۆ نییە و لە دەمودوویدا، وەك زارەترەك بووبیٚ وایە.

ماڵ بە ئاسانی دۆزرایەوە و ئێستاش ئەوەتا، لە حزووری خاڵە عەزیزدان. ئەم تا ئەو ساتەی بە دیدەنییەکەی شادبوو، وای چەسپاندبووە زەینی خۆیەوە، کە ڕاستەوخۆ بووبیٚ یا بە بیستن لەم و لەو، دەبیٚ هەواڵێکی دڵخۆشکەرەی بۆ ئەم پیٚ بیٚ. ئەم وای لێکدابووەوە کە ئەو حەشاماتەی براون، دەبیٚ لە دوو سیٚ ئۆردووگادا نیشتەجیٚ کرابن و بەو پێیە، هەواڵی یەکتری پیٚ دەزانن. بۆیە خاڵە عەزیزیش، هەواڵێکی هیوا گەیێنی بۆ ئەم دەبیٚ پیٚ بیٚ. کەچی ئەو خاڵە عەزیزە نەك تەنیا هەواڵی پیٚ نییە، بگرە بۆ خۆی دەڵێی لە گۆڕی تەنگ و تارەوە، دەرکێشراوەتە دەرەوە!. بە جەستە چنگێك ئێسقانی چەوێڵ ئاساییە و پێستێکی گرنج گرنجی چرچ و لۆچاوییان تێوە پێچراوە. بە زمان و دەمودووش، لاڵەپەتەیەکی ئەوتۆیە کە نە کەس تێی دەگا و نە خۆیشی دەزانیٚ دەڵیٚ چی. ئەم لە سەرەتای سەلام و کەلامەوە، دڵی داخورپا و هەستی بە نائومێدی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا. بەهیوای هەڵکڕاندنی هەر هەواڵێك، بە سووسەیەکیش بیٚ، بە هەمان کوڵی حەزرەتییەوە دواندی. لێی پرسی:

– خاڵە عەزیز.. من خەڵکی گوندی حاجی سوبحانم. ماڵ و منداڵ و کەسوکارم، هەموو لەگەڵ ئێوەدا بران. لەو وەختە ئیتر لێیان بیٚ خەبەرم. تۆ هیچ هەواڵێکیان دەزانیت؟.

ئەم وای چاوەڕیٚ لیٚ دەکرد کە هیچ نەبیٚ بپرسیٚ: کیٚ و کێن و ناویان چییە و تەمەنیان لە چیدایە؟. کەچی ئەو کە بەردەوام سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە، وەك پێوەی لکابیٚ و بە زۆر هەڵی بپچڕیٚ، بە ئاستەمێك بەرزی کردەوە. دوو چاوی کونە شووژنیی برژانگ و پێڵوو هەڵپڕووکاوی، ئاراستەی شوێنێکی نادیار کرد.

نەیدەزانی خاوەن قسەکە کامەیە. بە مەبەستی دۆزینەوە، سەرێکی لەرزۆکی بەندی ملێکی باریك دوو سێ جار هێنا و برد. وەك سەرەکەی لەوە زیاتر بەو نیمچە بەرزکردنەوەیە بۆ ڕاگیر نەکرێ، داینەواندەوە سەر سنگی، ئینجا وەك دەنگێ لە بنی بیرێکەوە بێتە دەرێ، بە ئەسپایی وتی:

– حاجی سوبحان؟.. ها؟.... ئا.. با..

ئەم بەبیستنی (ئا.. با..)کە، دیسان میلی هیوای بەرەوژوور هەڵکشایەوە. بە جۆرێ بۆی گوێقوڵا غ بوو، کە دەتوت دەیەوێ باوەشی پێدا بکا. بەڵام ئەوە لە ساتە وەختێك زیاتری نەخایاند و خاڵە عەزیز، دیسان لەو کەشکەلانەوە بەری دایەوە کە وتی:

– وابزانم وەختی خۆی.. هین.. چی..؟.. ئا.. حاجی سوبحان ئاغا بوو.

ئەم هێشتاش کۆڵی نەدا. بۆی ڕاست کردەوە و وتی:

– نا نا.. سوبحان ئاغا نا.. حاجی سوبحان.. گوندی حاجی سوبحان.

– گوندی حاجی سوبحان؟.. وەڵڵاهی نازانم.. نازانم بڵێم چی!..

– تووشی خەڵکەکەی نەبوویت؟.. ڕێککەوتی کەسێکیانت نەکردووە؟.

– من؟.. نەء.. نازانم.

– ئەی تۆ بۆ کوێ برایت؟.. لە کوێ بوویت؟.

– من؟.. دوور... زۆر دوور.. نازانم..

ئەم هەرچەندە لە دڵدا تەواو هیوابڕاو بووبوو. بەڵام کۆڵی نەدەدا و دەیویست بەردەوام بێ. دڵێر نەیهێشت و ئانیشکی تێوەژەند. لا چاوێکی لە شادمان داگرت و ڕاست بووەوە. خواحافیزییان کرد و لە ژوور بە دەرکەوتن. لە دەرەوە پیرۆزی کچی سوودی زیاتر پێ گەیاندن کە وتی:

–ئەوە چوار ڕۆژە من و مەجیدی مێردم دەیدوێنین. هێندەی پچڕ پچڕ لە قسەکانی پێکمانەوە ناوە، ئەوەیە کە یەکەم جار براونەتە شوێنێکی نزیك کەرکووك. لەوێ لە یەکتر جیا کراونەتەوە. بۆی دیار ناکرێ یا لە بیری نەماوە چۆن بووە. تەنیا دەڵێ کە ئەمیان لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا، کە باسی ئەوێ دەکا دەگری. دەست دەکا بە گریان و ئیتر هیچی تری بۆ ناوترێ.

ئەم لێی پرسی:

– پێش بردنەکەیان، باوکت چۆن بوو؟.

– مەبەستت چییە؟.

– مەبەستم.. یانی.. هەروا کەم زەین بوو؟.

– نەخێر قەت.. زۆر ئاسایی بوو. بگرە زۆر چالاك و وریا بوو. لەوێ وای لێ هاتووە. ڕەنگیشە جارێ وڕوکاس بێ و دوایی بێتەوە سەرخۆ.

– یا ڕەنگە هەڕەشەیان لێ کردبێ و نەوێرێ باسی بکا.

– دەبێ.. ئەویش دەبێ.

مەجید هەڵی دایە:

– نا.. من بڕوا ناکەم وابێ.. ئەو پچڕ پچڕ هەندێ شت باس دەکا.

ئەم لە پیرۆزی پرسییەوە:

– ئەو کاتەی بران، کێ و کێی لەگەڵدا بوون؟.

– دایکم و دوو برا و خوشکێکم.

– هیچ باسیان ناکا؟.

– با چۆن!.. بە دەم گریانەوە باسیان دەکا. لەو شوێنەی لای کەرکوك، لە یەکتریان جیا کردوونەتەوە. بەڵام ئیتر لێی تێکەڵوپێکەڵ دەبێ و جەمسەرەکانی لێ ون دەبن. ئەویش ئازاری زۆری دەدا.

– ئیتر کەسیانی نەدیوەتەوە؟.

– قەت.

– ناڵێ بۆ کوێ براون؟.. چییان بەسەر هاتووە؟.

– نەء.. تەنیا دەڵێ: نازانم..

– تۆ باوەڕت وایە کە نازانی، یا ناوێرێ؟.

– خۆ خۆت بینیت!.. ئەو چی پێوە ماوە تا نەوێرێ؟. نا.. بڕوا ناکەم.

ئیتر وازی هێنا. سەرنجێکی پڕ لە نائومێدیشی دایە دلێر و شادمان. ئەوانیش ڕوویان خەماوی بوو. هەرسێك بەنیازی کشانەوە بە نائومێدی، بەرەو دەرگەی حەوشە هەنگاویان نا. ئەم لەوێدا لە ناکاو، پرسیارێك لە مێشکیدا هەڵتۆقی:

– لە هاتنەوەیدا، کەسی تری لەگەڵدا نەبووە؟.

مەجید وەڵامی دایەوە، وتی:

– بـا.. دەڵـێ لـەوێ. کـە بـەرێ کـراون زۆر بـوون. بـەڵام ئـەوانـەی دوایـی پـێکـەوە ماونەتەوە، سێ یا چوار کەس بوون.

– ناڵێ کێ؟.

– نەء.. لەلای ڕوون نییە.

***

ئەم وەك بەنیازی نۆشینی شەربەتی نوێکردنەوەی تەمەن چووبێ و لە جێگەی، جامێ ژەهری بە قورگدا کرابێ، لە گەڕانەوەدا چووبووە ڕیزی نەبووانەوە. وەها بە ناوەخۆدا تلیسابووەوە، کە سرتە و پرتەی لێ بڕابوو. بە چاو زیتەی دەهات و بە جـەستـە، لـە نـێوان شادمـان و دلـێردا بـووبـووە پـەلاسێك. لـەگـەڵ هـەر جـووڵـەیـەکی سووکانی ئۆتۆمۆبێلەکەدا، وەك بەندۆلی سەعات دەهات و دەچوو. تا کاتێ گەیشتنە جێ و ئیتر دەبوو لە دلێر جودا ببنەوە، بیر و هۆشی لێ کەوتنە گەڕ. بە نیمچە پاڕانەوەیەکەوە وتی:

– دلێر.. کاکە.. تکایە ئەو ئەرکەم بۆ بکێشە کە چەند ڕۆژێکی تر، سەردانی خاڵە عەزیزم بۆ بکەیتەوە. بەڵکو بتوانیت ڕوونتر قسەی لێ وەربگریت و هیچ نەبێ، ناوی ئەو کەسانەی لێ دەسگیر بخەیت کە لەگەڵیدا بوون. ڕەنگە ئەوان وەك ئەم نەبن.

دلێر دەیزانی چەند بەو ئەنجامەی لەمەڕ خاڵە عەزیز، خەمگین و دڵ بەئازارە. دەستی بۆ نایە بان سەر و چاوی و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– هەر تۆ و ئەو سووکە داخوازییە؟. خۆ لە بنی دنیا نییە. لە باتی جارێك دە جار دەچم. هەموو ڕۆژێك دەچم. ئێستا ئێمە هیچ نەبێ سەرەداوێکمان دەسگیر بووە.. وا نییە؟.

ئەم کە تا ئەو ساتە لەو ڕاستییە زەقە بێ ئاگا بوو، بە قسەکەی دلێر ئاهێکی پێدا هاتەوە. بزەیەکی خۆشحاڵی کەوتە سەر لێوی و وتی:

– دەم خۆش.. با بەرێ وەڵا.. با!.

٨

″.. دلێر ڕاست دەکا. من خەریك بوو خۆم هیوابڕاو بکەمەوە. لە کاتێکدا تەنیا هاتنەوەکەی ئەو کابرایە، سەرەداوێکی بایەخدارە. مانای وایە ماون. منیش لەوە زیاتر چیم دەوێ؟. من تۆقیبووم قەلاچۆکرابن. ئەو ترسە بوو کە مێشکمی دەتەقاند. ئا.. تۆ وەرە لە چاوقووچانێکدا، هەر کێت بەلاوە ئازیزە، بەسەر دنیاوە نەمێنن. تەنانەت وەك بووبن بە هەڵم.. بە تنۆکە ئاوی ڕۆچووی ناو لم، بە خاوەنی تەرمیشیان نەبیت، تا هیچ نەبێ گڵکۆیەکانت لە بەرچاو بێ. مەگەر دڵێك لە کەرسەك و مێشکێك لە ئاسن بێ، بتوانێ خۆی ڕابگرێ. دەنا خوێن و گۆشت و ئێسقان، وەك مۆم دەتوێنەوە. هەشت مانگی ڕەبەق ئەوە حاڵم بووبێ، نازانم چۆن ماوم؟.. چۆن شێت و شبر نەبووم؟ ڕەنگە هیوایەکی حەشار خواردووی ناو ناخم، تین و توانای پێ هێشتبم.. هیوایەك کە ئەوەتا ئێستا، ترووسکەیەکی بە دیهاتنی لێ بەدی دەکەم. دلێر ڕاست دەکا. کە هەتا ئێرەم هێنابێ و مابم و ئەقڵم لە دەست نەدابێ، دەبێ دڵ بەو سەرەداوە زۆر خۆش بکەم. ئا.. دڵی پێ خۆش دەکەم و لێی نابمەوە. وەك لە کادانێکدا بۆ دەرزییەك بگەڕێم، بیست و چوار سەعاتەکە بە دوایدا وێڵ دەبم. خاڵە عەزیز نا ئەوانی تر. ئەوانی تر نا هەر کەسێك سەر هەڵبداتەوە. گرینگ ئەوەیە ماون.. ماون و هەر دەیاندۆزمەوە. بە غوربەت و بنار و چنارەکەم.. بە دایکم و باوکم و بە کەسوکار و خەڵکی حاجی سوبحانەکەم، شاد دەبمەوە.. ″.

ئەو لەو ڕۆژەوە، ئەمەکەی هەشت مانگی پێشووی، بەردەوام دارمان بە ناوەخۆدا نەما.. ئەمی هەردەم دەردەداری سەرکزی خەمۆکاویی زیندووی مردوو. بەڵکو بڕیاری دا ببێتە داشەهارەی سۆراغکردن. لە هەر سەرچاوەیەکەوە، هەر هەواڵێکی بەرگوێ بکەوێ، لە هەر کوێ بێ، سەر کێوی قاف، بنی دەریا، ئەوپەڕی دنیا، بۆی دەچێ و لێی دەپێچێتەوە. مادام ماون. بە بێگومان دەیاندۆزێتەوە و پێیان شاد دەبێتەوە.

بە درێژاییی هەشت مانگی پێشوو، شەوی ئەو ڕۆژە، بۆ یەکەمین جار تریقەی

پێکەنین لە ژوورەکەیدا بیسترا. هەموو ئەندامانی خێزان، بە بۆنەی دەسگیربوونی سەرەداوەکە، هاتنە سەردانی. لە دەرەوە کوندە قڵپکراوەکەی ئاسمان، چۆڕی لێ بڕابوو. بەڵام شەپۆلێکی سەرما بە دوایدا، خەڵکەکەی هەراسان دەکرد. لە کاتێکدا ئەمان لە ژوورەوە، کۆڕیان هێندە گەرم بوو دەتوت تەنووری تێدا ئاگردراوە. کەسێکیان باسی لە چوونەکەی لای خاڵە عەزیز و دەمودووە بێ سەروبەرەکەی نەبوو. هەموو مەستی گەشکەی سەرەداوەکە و مەغزاکەی بوون.

کامەران لەسەر پیشەی سەرقاڵی خۆی، وەختێك گەڕایەوە کە ئەمان لە دوا دوایی کۆڕەکەیاندا بوون. کە پێی نایە ژوورەوە، بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو، شتێکی پێیە و بەنیازە بیدرکێنێ. هێشتا بەسەر پێوە بوو کە وتی:

– ڕێککەوتی ناقۆڵا چەندە زۆر بن. خۆ دەبێ جار جار قولایەکیشی تێ کەوێ. ئینجا کە دانیشت، دەستی خستە ناو گیرفانی بەرباخەڵی چاکەتەکەیەوە بەدەم زەردەخەنەیەکی خۆشحاڵییەوە، ڕووی قسەی لەم کرد و وتی:

– چوار ڕۆژ بوو چاوەڕوان بووم بگاتە دەستم. ئەمڕۆ گەیشت و وا ڕێککەوتە چاکەکەی لێ کەوتەوە. فەرموو ئەوەش خەبەرێکی خۆشی تر.

دەستی بە نووقاوی دەرهێنایەوە و بۆ ئەمی درێژ کرد. کە کردییەوە نامەیەکی چکلێت ئاسای تێدا بوو. وتی:

– نامەی جافر و حەمۆلە.

ئەم لەوەبەر وای دانابوو، کە جافر بەر ئەنفال کەوتووە و براوە. پرسیاری لەبارەی تەنیا حەمۆلەوە لێ دەکرد. ئەو سەبارەت بەمیش لە سەرەتادا دەیوت:

″ هەواڵێ نازانم.. هەوڵ دەدەم بیزانم! ″. دواتر دەیوت: ″ باشە.. سەلامەتە.. خەمت نەبێ″. دوا جاریش هەروا بیست ڕۆژێك پێشتر بوو، کاتێ لە نەخۆشییەکەی هەڵسایەوە، بە گومانەوە وتی: ″ وا بزانم بووەتە پێشمەرگەی پارتیزانی!″. بە درێژایی ئەو ماوەیە، ئەگەرچی ئەو لە ئەنجامی ئەو هەڵەیەدا، سەبارەت بە جافر نەیدەپرسی، ئەویش لەو بارەیەوە وەها خۆی مت کردبوو، دەتوت لەم دڵنیاترە کە بەر ئەنفال کەوتووە. کەچی ئەوەتا ئێستا، زۆر ئاسایی دەڵێ: ″ نامەی جافر و حەمۆلە! ″. لەو ساتەدا نەیپەرژا. لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستێ و بیدا بە ڕوویدا. نامەکەی بە پەرۆشەوە، لەسەر بەری دەستی هەڵگرت. بە عەزرەتەوە هەڵی پچڕی و خوێندییەوە..

(سوبحانەکەی هاوڕێی تەمەنمان.. ئەم نامەیەت لەناو ئەشکەوتێکەوە بۆ دەنووسین، کە مەگەر تەنیا خۆمان و خوای ئەو کوردستانەی خۆمان بزانین، لە چ پێچ و پەنای چیا سەرکەشەکانیدایە. سوبحان.. دڵنیا بە ئێستا ئێمە لە یەکتری حاڵی بووین و موومان بە بەیندا ناچێ. گیانمان لەسەر بەری دەستی یەکترە. ژیان و مردنی هەریەکەمان، بەندە بەوی ترەوە. ئێستا ئێمە تەنیا لە تۆمان کەمە. بەڵام دەشتناسین و دەزانین، تۆ مرۆڤی ئەم ئەرکە سەخت و دژوارە نیت. دڵ لە دڵ مەدە و خەمی پێ مەخۆ. تۆ هەر ئەو تاجی سەرەیت و کە هەیت و دەزانین چ جۆرە زێڕێکیت. پڕ بە دڵ خۆشمان دەوێی. لەوەش دڵنیا بە کە تۆڵەی تۆ و خۆمان و نەتەوەکەمان، لە دوژمنی خوێنخۆرمان دەسێنینەوە. ئێمە بۆ ئیدامە پێدانی شۆڕش و تۆڵە سەندنەوە لە دوژمن، لەم ئەشکەوت و چیا و چۆڵەداین.

هاوڕێیانت: جافر و حەمۆل)

ئەوان لەو ماوەیەدا وەها خامۆش بووبوون، کە دەتوت بۆ بیستنی پەیامێك لە حزووردان. دیاربوو چاوەڕێن ئەم دوای خوێندنەوەی، نوتقێکیان لە بارەیەوە بۆ بدا. بەڵام کە لێ بووەوە، ئەمیش بەبێ ئاگا لەخۆ، چووە پاڵیان و کپ بوو. تا کامەران لەو گۆمی بێدەنگییە دەری کێشان. وەك بڵێی بارێکی گران لەسەر شانی دادەگرێ، ڕووی قسەی لەم کرد و بەدەم سووکە بزەیەکەوە وتی:

– ئەو گرێیەشمان کرایەوە.

ئەو زەردەیەکی تەوسئامێزی بە ڕوودادا و لە وەڵامیدا وتی:

– لای ئیمە ئا.. دەنا لای تۆ، گرێ لە بنەڕەتەوە لە ئارادا نەبووە.

کامەران لێی خواردەوە. بە ڕوویەکی گەشەوە وتی:

– نا.. لای منیش نیوە کراوە بوو.

ئەمیش درێژەی نەدایە، وتی:

– بەهەرحاڵ.. دەکرێ وەڵامیان بدەمەوە؟.

کامەران وتی:

– دەکرێ.

***

ئەم لەوە بەدوا، دەرگەی ژوور– قەفەزەکەی، لە خۆی والا کرد. ئەگەرچی هێشتا سڵی دەکردەوە، بەتایبەتیش کە دەیزانی کامەران حەز ناکا زۆر دەربکەوێ، بەڵام ڕۆژێ جارێك بەیانی یا عەسر، سەرێکی دەرەوەی دەدا. زیاتر دەچووە لای دلێر. یا یەکێ لەو برادەرە دێرینانەی بەسەر دەکردەوە، کە ئاگەداری بەسەرهاتەکەی بوون. سەری زمان و بنی زمانیش، سووسەکردنی هەواڵ بوو. بەڵام ڕۆژێك و دووان سیان و بە ژماردە گەیاندییە دووازدە و لە سەرەداوەکە بەولاوە، هیچی تری دەسگیر نەبوو. بە درێژایی ئەو ڕۆژانە، دەستەودامێنی یەك بەیەکی ئەو برادەرانەی بوو، کە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەداوێکی تری بدەن و نەبوو. بەردەوام لایەکی هۆشیشی لەلای دەستە گوڵەکەی بوو، کە زەینی ڕۆشن ببێتەوە و مژدەیەکی لە دلێرەوە لێ ببیسێ و ئەویش نەبوو.

شەوەکەی لەگەڵ شادماندا، لێیان بسووە مشتومڕ. ئەم عەزابی چاوەڕوانی، دیسان وەك مێردەزمە سواری کۆڵی بووەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، وورەی ڕووی لە نزمی دەکرد. مێشکی بەرەو شەکەتبوون دەچوو. تین و توانای سارد دەبوونەوە و جەستەی بەلای خەستەییدا دەشکایەوە. لەو حاڵی پەشێوییەدا شادمانی بەگیر هێنا و وتی:

– دەبێ ئەگەر لە کونی هەتیتەشدابێ، یەکێ لەوانە بدۆزینەوە کە لەگەڵ خاڵە عەزیزدا هاتوونەتەوە.

ئەوی بێ ئاگا لە دەروونی هەژاوی ئەم، ئاسایی وتی:

– ئاخر ئەوە کارێکی ئاسان نییە.

ئیتر مشتومڕەکە دەستی پێ کرد:

– زەحمەتیش نییە.

– چۆن؟.

– دەچین دەگەڕێین بە دوای خێزانی ئەنفالکراوەکاندا، تا بزانین کامیان کەسێکیان هاتووەتەوە.

– لە کوێ؟.

– چی لە کوێ؟.

– لە کوێ بۆیان بگەڕێین؟.

– لای خێزانەکانیان.

– تێ دەگەم.. لە کوێ بۆیان بگەڕێین.

– لە.. لە.. لەو شوێنانەی لێی هەن.

– ئەو شوێنانە کوێن؟.

ئەم ئەو ساتە، ئیتر گەیشتبووە ڕادەیەکی پیشخواردنەوەی ئەوتۆ، کە بەزار هیچی بۆ نەوترا. بەسەروسیمای دەری بڕی. چاوی زەق و ناوچەوانی گرژ و ڕەنگی هەڵبزرکاو. وەك لەبەر خۆوە وێرد بخوێنێ، لێوانی دەلەرینەوە. هەستی کرد ژاوەژاوێکی وەك ئەوەی گوزەری ئاسنگەرانیشی دێتە بەرگوێ و سرەوتی لەبەر دەبڕێ. دەیزانی چاوانی پڕ لە فرمێسکن و بە ترووکاندن فیچقە دەکەن. قورگی پڕ لە قوڵپی گریانە و بە قسەکردن دەتەقن. نەیدەویست لەوە زیاتر بدوێ و دوا. وتی:

– ئێوە بۆچی هێندە دڵڕەقن...

لە نێوان بەدەمەوەدان و بێدەنگیدا ڕاما. لە دڵدا وتی: ″ ئێوە بۆچی لێم تێ ناگەن و بەزەییی ڕاستەقینەتان بە حاڵمدا نایەتەوە؟″. بەڵام بەزار تەنیا وتی:

– ئێوە.. ئاخر ئێوە...

ئیتر سەری بە سنگیدا شۆڕ کردەوە و متەقی نەکرد. شادمان کە دیار بوو تێ گەیشت و بە بۆچوونی ئەو ساتەی ئەم، بەزەییە ڕاستەقینەکەی بزوا و وتی:

– بەسەرچاو کاکە سوبحان.. بەسەر سەر.. چۆنت دەوێ وا دەکەین؟.

***

* ڕۆژی سیازدەیەم بەیانییەکەی، لەگەڵ شادماندا چوونە لای دلێر. سێ قۆڵی نەخشەیەکی ورد و بەرفراوانیان دانا. نەخشەی گەڕان بە دوای دەرزییەکدا و فڕێ درابێتە ناو کادانێکەوە. پێش جێبەجێکردن شادمان وتی:

– من وام پێ باشە کاکم ئاگەدار بکەین.

کردیان و کاك وتی:

– بەڵام وریا بن.

* ڕۆژی چواردەیەم عەسرەکەی، لای دلێر یەکتریان بینی. دلێر مژدەی دا و وتی:

– سووسەیەکم بە گوێدا دراوە.

ئەم وەك گوڵ گەشایەوە. وتی:

– ئادەی.. زووکە.

ئەو زووی نەکرد. وتی:

– لە کێوەبێ باشە؟.

ئەم بەبێ ئۆقرەیییەوە وتی:

– دە بیڵێ.. لە کێوە؟.

– ئەم حەمەومینەی دراوسێ دووکانم. نازانم چۆن بوو قسەمان بەسەر قسەدا هێنا و پرسیارەکەم لێ کرد. کەچی وتی: وەڵا ناسیاوێکمان لەو ڕۆژانەدا، باسی کابرایەکی کرد کە زۆر نییە هاتووەتەوە. ئیتر وا بەڵێنی داوە تاقیبیم بۆ بکا و سبەینێ ئەنجامم بداتێ.

* ڕۆژی پازدەیەم بەیانییەکەی، دلێر سەرودڵی گرت کە وتی:

– حەمەومین هێشتا بۆی نەکراوە تاقیبەکە بکا. داوای کرد تا عەسر لێی ڕاوەستم.

ئەم بە گومان بوو، وتی:

– تۆ لێی دڵنیایت؟.. پیاوێکی ڕاستگۆیە؟.

– ئا.. زۆر.

لەم کەینوبەینەدا مەجید پەیدا بوو. ئەو شاگەشکەی کرد. وتی:

– دۆزیمەوە!.

ئەم بیری بۆ خاڵە عەزیز چوو. وتی:

– شوکر زەینی ڕۆشن بووەتەوە؟.

ئەو وتی:

– نەوەڵا.. ئەو خراپتر بووە. بەڵام خۆم بە پرسیارکردن لە برادەر و ناسیاوان، یەکێك لەوانەم دۆزیوەتەوە کە لەگەڵیدا هاتوونەوە.

– هانام کردە دەمت.. کێیە و لە کوێیە؟.

– ناوی حاجی ئەحە ڕەشە. لە ماڵی برازایەکێتی لە بازیان. بەڵام بۆ نەگبەتی برازاکەی کێ بێ باشە؟.

– کێ؟.

– ئەندامێکی ڕێکخراوی حزبی بەعس. ناوی کەریمە. کەریم کەللەی پێ دەڵێن.

– جا چیی تێدایە؟. ئێمە چیمان بەسەر ئەوەوەیە؟. ئێمە پرسیارێکە و لە مامی دەکەین.

دلێر وتی:

– نا کاك سوبحان.. تێیدایە.. دەبێ وردی بکەینەوە.

هەر ئەو ڕۆژە عەسرەکەی، حەمەومین هەمان ناو و زانیاریی پێ ڕاگەیاندن. کاتێ شادمانیش پەیدا بوو، سێ قۆڵی لەسەر نەخشەیەك ڕێککەوتن، کە ڕۆژی دوایی بەیانییەکەی جێبەجێی بکەن.

* ڕۆژی شازدەیەم نیوەڕۆکەی، دەرکەوت کە نەخشەکەیان سەری نەگرتووە. ئەو کەسەی ئەرکەکەیان پێ سپاردبوو، نەیوێرابوو خۆی لە قەرەی کەریم کەللە بدا.

ئێوارەکەی کۆبوونەوە و نەخشەیەکی تریان داڕشت، کە بە دوو قۆناخ بەدی دەهات و دەشبوو، کەریم کەللە بەزەییی بتلیسێتەوە و مەرحەمەت بفەرمووێ.

شەوەکەی ئەم تا درەنگ وەختێك گێنگڵی دا. ئەو نەخشەیەی بۆ قووت نەدەچوو، کە لەسەر بناخەی شیردا بۆ داپیردا داڕێژرابوو. دەیوت: ″ من لەسەر ساجێکی سوورەوە بوو دانیشتووم. هەناوم وەك ناو سکی ماسی ڕەش بووەتەوە. بەندی دڵم ها ئێستە پسا ها ساتێکی تر. دەروونم گێژەنێکی بێ ئامانە. شیردا بۆ داپیردا چ دادێکم دەدا؟″. کە سەری نایەوە بخەوێ، دوا بڕیار لە بێخی مێشکیدا سرەوت پێ گرتبوو.

* ڕۆژی حەڤدەیەم بەیانییەکەی، ڕێی بازیانی گرتەبەر، ئەو کاتەی بەخەبەر هات و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، گەلێ سەرسام بوو. سەعات دەوربەری دوازدە بوو کە راکشا و نووست. ئاگەدار بوو هەور سەرانسەری بەری ئاسمانی تەنیوە. بەڵام هیچ نیشانەیەکی پێوە دیار نەبوو، بەفرێکی ئاوەهای بەدواوە بێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەقەد نووکی دەرزییەك، کاری نەکردە سەر بڕیارەکەی. وتی: ″ با کلووی بەفر نەبێ و بارانی پشکۆ بێ.. هەر دەچم؟!″.

بستێك ڕەشایی بە دەرەوە نەمابوو. هێشتاش تێی دەکرد. لە ڕێگە بە دەم سەرنجدانییەوە، پرسیارێك سەری لێ هەڵدا: ئەم بەفربارینە سوودی بۆ چوونەکەی بۆ

لای حاجی تێدایە یا زەرەر؟. وردی کردەوە. شەو نەخشەکەی وا کێشابوو، کە وەختێ لە دەرگەی ماڵ دەدا، کەریم دەبێ چووبێ بۆ دەوام. ئەی چۆن!. پیاوەکە بەعسییە و دڵسۆزە و ئەرکی سەرشان بەجێ دێنێ. تەنانەت لەبەرئەوەی هاتوچۆ زەحمەتە، ڕەنگە هەر نەشیەتەوە بە ماڵدا. بەم بارەدا دەیوت: "ئەم بەفرە سوودمەندە".

کە دابەزین، ناونیشانی ماڵەکەی، لە یەکێ لە نەفەرەکان پرسی. ئەفەندییەکی گەنج بوو. هەرچەندە نەفرەتێکی ئاشکرای لە سیمایدا خوێندەوە و لەوەدا بوو بڵێ: نازانم، بەڵام وەك لە غەیبەوە شتێکی بە گوێدا چرپێنرابێ، ڕای گۆڕی و وتی:

– لە گەڵمدا وەرە.. نزیکی ئێمەن.

گەیشتن. ئەفەندییەکە دوور بەدوور نیشانی دا و لێی جودا بووەوە. دوودڵییەك لەبەر دەرگەکەدا، بۆ ماوەی چەند ساتێك گیری دا.. " ئەگەر لە ماڵەوە بوو چی بڵێم؟". لە دەرگەی دا و ئەوسا وتی: " چش و سەری بەگۆڕی بابی.. خۆ نامخوا.. ڕاست و دروست دەڵێم بۆ ئەوە هاتووم.. وەڵڵا!.. ". چاوەڕێ نەبوو وا زوو بە دەنگییەوە بێن. ژنێك بوو لە دوورەوە دەیوت:

– کێیە؟!.

دەنگە ژنییەکە ئاسوودەی کرد. وتی: " لەوێ بووایە، بەم سەرماوسۆڵەیە ئەو دەهاتە دەرەوە". بە دەنگی هێندە بەرز کە بگاتە بەرگوێی خاوەن دەنگە دوورەکە، وتی:

– خۆمانین..

– خۆتان کێن؟.

دەنگەکە هاتبووە ئەودیو دەرگەکەوە.. " لەوێ نییە.. نەء لەوێ نییە..".

– براژن.. من خزمێکی مامە حاجیم.. بۆ لای ئەو هاتووم.

بە زمانێکی شیرین، کە هەنگوینی لێ بتکێ، وای وەڵام دایەوە. ئیتر ژنەش بەشێوەیەك دەرگەی بۆ واڵا کرد، کە دەتوت پێشوازی لە خزمە فریشتەیەك دەکا. پەیتا پەیتاش دەیوت:

– یاخوا بەخێر بێی.. خێر و بەرەکەتت هێنابێ.. ئینشاڵڵا خەبەرێکی خۆشت پێیە.. ئینشاڵڵا!.

تەنانەت هەر هێندەی دەرگەی پێوەدایەوە، ئەمی جێ هێشت و بە پرتاو بەرەوژوور

گەڕایەوە. دیار بوو کە دەچێ خەبەر دەدا. بە کێش؟.. دەبێ بە حاجی بێ و هەرواش بوو. کاتێ ئەم پێی نایە ناو هەیوان، ئەو هاتبووەوە دەرەوە و بە پەرۆشەوە فەرمووی لێ دەکرد و دەیوت:

– فەرموو بۆ لای مامە حاجی.. فەرموو.

لە ژوورەوە، حاجی هەڵسابووە سەر پێ. دەتوت وەلییەکە و پێشوازی لە فریشتەیەك دەکا. پیاوێکی ئاوادامان بە بەرگ و سەر و ڕیش و سمێڵەوە، وەکو چۆڕی شیر سپی و بە ڕوویەکی نوورانییەوە. قنج و قیت و وتووریا و بە جەستە بە خۆوە. بەشکۆ و ڕێزدار. دەڵێی بۆ ئەوە خوڵقاوە باوەڕ بەیەکترکردن و ڕاستگۆیی ببەخشێتەوە. بەسەر و زمانێکی هێندە ساکار و خۆماڵی بەخێرهاتنی لێ کرد.. هێندە بە کەف و کوڵەوە فەرمووی دانیشتنی بە ڕوودادا، کە دەتوت لەوەتەی هەیە دەیناسێ. پەلکێشی کردە تەنیشتی خۆیەوە و داینیشاند. زۆپا عەلادینەکەی بەردەمی لێ نزیك کردەوە و وتی:

– بەفر و سەرمایەکی ناوەختە.. هێشتا مابووی.. دەبارێ؟.

ئەم لە هەیوانەکەدا، پاڵتۆ و کڵاو و جامانەکەی، لە بەفری کەڵەکەبووی سەریان تەکاندبوون. کە دانیشت هێشتا بە دەستییەوە بوون. پاڵتۆکەی لەلاوە دانا و بە دەم بەستنەوەی کڵاو و جامانەکەیەوە وتی:

– بەڵێ مامە حاجی.. دەبارێ.

ئەو ئیتر وەك ئارامی لەبەر بڕابێ، یەکسەر وتی:

– دەی باوکەکەمی.. دڵم خۆش بکە.. خوا بکەم خەبەرێکت پێ بێ و تروسکەیەکم پێ بدا.

ئەم دەمودەست لەگەڵ قسەی ژنەکەدا، لە یەکیدان و دۆش داما. بە حەپەسانەوە ڕوانییە حاجی و زمانی چووە کلیلە. ئەم مێشکی خۆی هەڵدەلوشی، تا جەمسەرێك بۆ دەرگەکردنەوە لەسەر مەرامەکەی بدۆزێتەوە. کەچی ئەو وای وت و ئەوەتا دەشدا بەدەمییەوە:

– بۆچی دەری نابڕیت؟ بیڵێ.. ڕاست و ڕەوان بیڵێ و خەمی منت نەبێ. من ئا بەم چاوانەم ئەوەندەم دی، کە ئیتر هەر چییەك لە تۆ ببیەستم، لە چزەیەکی تر بەولاوە نابێ کە لە جەرگم هەڵدەسێنرێ. دڵم کەم سووژن ئاژن نەکراوە. کەم ئەشکەنجە نەدراوم. کەمم ژەهری مار دەرخوارد نەدراوە، تا ئەگەر قەترەیەکی چووە سەر

دەربەسی بێم. من تەنیا هێندەم مەبەستە یەکچاو ببمەوە. خۆ من چاك دەزانم کە ئەوەکانی منیش، بە دەردی هەزارەهاکەی تر چوون.. بە دەردی ئەوانەی بەو چاوانەم بینیمن، چۆن برسێتی و توێنیەتی و ئەشکەنجەدان دەیکوشتن و دەکران بە ژێر لمی بیابانی (نوگرە)وە. گوایە قابیلە ئەوان بۆ ناو بەهەشتێك براب‌ن؟ دیارە بۆ دۆزەخێکی تری لەوەی ئێمە خراپتر براون. بۆیە من سوور دەزانم نەماون و تەنیا دەمەوێ، ڕێکەوتی کەسێك بکەم بە چاوی خۆی دیبێتی. تا ئیتر گومان لەوە زیاتر نەمپڕووکێنێ.. لەوە زیاتر مێشك و دڵم نەپڕوێنێ. خۆزگە ئەو کەسە تۆ دەبوویت. خۆشت نەتدیبن، لە کەسێکی ڕاستگۆت بیستبێ هەر ڕازیم. خۆ شاگەشکە دەبم ئەگەر بڵێی ماون.. ئەگەر سوێندم بۆ بخۆیت کە خۆت دیوتن.. یا کەسێکی ڕاستگۆ دیونی. تکایە بیڵێ و خەمت نەبێ. هەر کامیانە بیڵێ.

ئەم تاسێکی وەها بردبوویەوە، دەتوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە. بەجەستە بووە بتێکی بێ ورتە و جووڵە. بەڵام بە ناخ کوانووی ئاگرێکی بە نێڵە نێڵ. بۆ چی هاتبوو، چی دەبیسێ!. لە کاتێکدا ئەم هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا، زمانی تەنانەت بە وشە و ڕستەیەك لە وەڵامیدا بۆ نەدەهێنرایە گۆ، بەڵام ئەو وەك دەقی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیەوە لە نووکەوە تا کۆتایی گرتبێ، دوای پشوویەکی ساتەوەختی درێژەی دایە و وتی:

– کاتێ لە یەکتریان جیاکردینەوە، ئێمەی بەتەمەن و پیر و کەنەفتەکانیان بۆ ئەو دۆزەخە برد. دەی باشە خۆ کوڕ و کچ و پیاو و ژنە گەنجەکانیان، نەبردووە بۆ بەهەشتێك و بیانکەنە دابەستە!. خۆ کۆرپە و منداڵانیان نەبردووە، بیانخەنە باخچەی ساوایان و خوێندنگەی تایبەتییەوە!. دەبێ بۆ کوێیان بردبن کوڕەکەم؟. ئێمە لە دۆزەخەکەی نوگرە، بەردەوام ئەو پرسیارەمان لە خۆمان دەکرد. سەرباری ئەو حاڵەشمان، بیر و هۆشمان لەلایان بوو. هەوڵمان دەدا خەبەرێکیان بزانین و بێ سوود بوو. تەنانەت من جارێکیان غیرەتم دایە بەر خۆم. یەکێك لە پاسەوانەکانم، بە خاوەن بەزەیی هاتە بەر زەین و پرسیارەکەم لێ کرد. کەچی وەڵامەکەی ئەوە بوو، کە قۆناخە تفەنگێکی سرەواندە سنگم. میلیشی لێ هێنامەوە بمکوژێ و خۆی نەیکوشتم. من پیاوێکی خواپەرست و ئیماندارم. بە درێژاییی ژیانم، سەرم چووبێ نوێژم نەچووە. بەڵام ئەوەندەم عەزاب چەشت، کە زۆر جار گلەییم لێ دەکرد بۆچی ئەو وەختە نەیکوشتم. ئێستاش کوڕەکەم.. وا من دەردی دڵی خۆمم بۆ هەڵڕشتیت. بمبەخشە کە

بوارم نەدایت. ڕەنگە داخی دڵی تۆ، لەوەی من سەخت و ستەمتر بێ. دڵم وام پێ دەڵێ، تۆ لەو گەنجانە بوو‌بیت کە لێمان جیا کرانەوە. با من پێشت بکەوم و پێتی بڵێم: کچێکی بە شووم کە ناوی (نیعمەت)ە و (حەمید)ی مێردی و دوو منداڵیان، لەگەڵ دوو کوڕ و کچێکی ترم کە ناویان (قادر و نادر و عیسمەت)ە، لە من و دایکیان جیا کرانەوە. دایکیان هەر زوو خەفەت سەری پێ نایەوە. ئا.. بمبوورە کە بواری قسەکردنم پێ نەدایت. من هەموو ڕۆژێك جارەها دەمرم و دەژێمەوە. نازانم بۆچی خوای گەورە لە یەکێك لەو جارانەدا، لە کۆڵ ئەم ژیانە پڕ لە جەخارەم ناکاتەوە؟ تۆبە ئەستەخفیرەڵا.. ئەوەتا کفریش دەکەم!.. دەزانم نابێ بیکەم. بەڵام خۆم بۆ زەوت ناکرێ. ئەو ئازارەی پێوەی دەتلێمەوە دەمپسێنێ، خۆمم لەبەر شاڵاویدا بۆ ڕاناگیرێ. چی بکەم.. نازانم چی بکەم؟. تۆ هیچ چارەیەکت بۆ من لەلایە؟.. دەتوانیت ڕێگەیەکم نیشان بدەیت؟.. کار وا بڕوا من شێت دەبم. کاتێ شێتبوونم بە بیردا دێ، زۆر تەنگاو دەبم. نازانم تۆ لە نزیکەوە دەمناسیت یان نا. بمبەخشە کە من ناتناسمەوە یان ناتناسم. بەڵام حەز دەکەم بزانیت کوڕەکەم من پیاوی ئەوە نەبووم چاوەڕێی قەت شێتبوونم لێ بکرێ. منی حاجی حەمە ڕەشێك، کە گەورە و بچووکی گوندی (سوڵتانە) سوێنیان بەسەرم دەخوارد، شێت و شبر ببم؟!. ئاخر خوایە تۆ چۆن ئەم زوڵمە قبووڵ دەکەیت؟ ئاخر خۆ من خەڵکە داماوەکەم، بە ماڵەکەی تۆ سپارد. کەلامە پیرۆزەکەی تۆم بە ڕوودا بەرز کردنەوە. کەچی ئەفسەرەکەیان دایە قاقای پێکەنین. قورئانەکەی لە دەست وەرگرتم. لاپەڕەکانی هەڵدانەوە و لە ئاستی سوورەتی (الانفال)دا گیرساندییەوە. نووساندی بەدەموچاومەوە و وتی: ˝ حاجییە کەرەکە..˝. ئە ئاوا کوڕەکەم.. لە بەر چاوی ئەو خەڵکەی گوند، ئە ئاوای پێ وتم: ˝ حاجییە کەرەکە.. ئەگەر بە خۆشی خۆتان نەیەنە دەرەوە، بە پێی ئەو ئایەتە، ئاگرتان تێ بەر دەدەین˝. ئە ئاوا.. پەنابردنەکەشمان بۆ بەر ماڵی خوا، دادی نەداین. ئینجا ئەو کافری خوانەناسە، کاتێ سواری زیلەکانیشیان کردین، هاتەوە وێزەم. دیسان وتی: ˝ حاجییە کەرەکە.. بە دەم ڕێوە سوورەتەکە باش بخوێنەرەوە، تا باش تێ بگەیت کە شەقی ئەنفال دەزانێ قۆناغ لە کوێیە! ˝. ئە ئاوا بوو کوڕەکەم.. ئە ئاوا ئێستاش دڵم وام پێ دەڵێ کە بەم هاتنەی تۆ، کۆتایی بەو عەزابە جەرگبڕەم دێ و یەکچاو دەبمەوە.. بێڵێ.. ڕاست و ڕەوان بیڵێ.

ئەم چاوی بڕییە دەمی ئەم و بێدەنگ بوو. لەوە نەدەچوو چیی تر بدا بەدەمییەوە. ئەمیش هەستی کرد کە ئیتر دەبێ زمانی بێنێتە گۆ و بدوێ. بە پەلە مێشکی خستە کار:

″ بە چ شێوەیەك بدوێم؟. دەستی بۆ بخەمە ڕوو، یا بە پێچ و پەنا بدوێم؟. جا بۆ وا؟. نا نەء.. ئەو سڵ ناكاتەوە. زەینیشی ڕوونە و هەرچی بزانێ دەیڵێ″ ئەوسا تینی دایە بەر خۆی. بەبێ تەمومژ وتی:

– مامە حاجی.. من بە ڕێكەوت بەر شاڵاوەكە نەكەوتم. منیش لەلای خۆمەوە دەڵێم: شاڵا بەربكەوتمایە و ئەو سزایانەم بنۆشییایە نەك ئەمیان. من ئێستا لەم دنیایەدا، لاسقە سڵقێكی ڕووتم. كەسوكاری نزیكم لە ژن و منداڵ و دایك و باوك و خزم و خوێش هەرچی هەبوون، لەگەڵ سەرجەم خەڵكی گوندەكەمان، هەموو ئەنفال لوولی دان و من مامەوە. ئیتر من لەو كاتەوە وێڵی دوای هەواڵیانم. منیش لەو ساوە بە چەشنی تۆ، ڕۆژانە جارەها دەمرم و دەژێمەوە. منیش بەو نیازە هاتم بۆ لای جەنابت، دەستەودامێنت ببم كە یەكچاوم بكەیتەوە.. كە ئەگەر فەوتاون، لە دۆزەخی عەزابی گومان دەرم بكێشیت و ئەگەریش ماون، شاگەشكەم بكەیت. منیش داوای لێبووردنت لێ دەكەم كە دەبایە زووتر.. دەبوو هەر لە سەرەتاوە بیدركێنم. بەڵام پێم جوان نەبوو قسەت پێ ببڕم. ئێستاش من وەهات لێ حاڵی بووم كە هیچ نەبێ، ڕەنگە جەنابت ڕێكەوتی باوكم و دایكم، یا خەزوورم و خەسووم، یا كەسێك لە تەمەندارانی گوندەكەمانت لەوێ كردبێ. تكات لێ دەكەم بمبەخشە.

ئەم وای لە دڵ گرتبوو كە ڕەنگە حاجی پەست بووبێ، بەڵام ئەو بە دەنگێكی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– دڵ لە دڵ مەدە باوكەكەم.. هیچ خەتایەكت كردووە تا بتبەخشم؟. هاودەردمیت و وێڵی دوای تررووسكایییەك. بەڵام تۆ پێم بڵێ: گوندەكەتان ناوی چی بوو؟. ناوی باوكت و ئەوانی تریش؟. ئەی خۆت؟.

– گوندەكەمان حاجی سوبحانە. باوكم كوێخا غەفوور. دایكم فەیمە خان. خەزوورم حاجی مارف كە ماممە و برای باوكم. خەسووم پوور مەنیج. خۆشم سوبحان و بەناوی باپیرە گەورەمەوە ناونراوم.

ئەو وەك هەوڵی هەڵووشینی مێشكی بدا، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ كردەوە. بینایی بەسەر ئەڵقەی ئاگرە شینەكەی زۆپاكەدا ڕوا و خامۆش بوو. دیار بوو تەقەلا دەدا، یەك بەیەكی ئەو ناو و ڕوخسارانە. بێنێتەوە بەر زەین و چاوی كە بینیونی كەڵكی نەبوو. كە سەری هەڵبڕییەوە، بەدەنگێكی پڕ لە كەسەرەوە وتی:

– خۆزگە هەواڵێکیانم پێ دەبوو. دڵتی پێ خۆش بکەم. کوڕە وەڵا پێچەوانەکەیشم لە لا بووایە، گلم نەدەدایەوە دەمووت. من لە خۆمەوە سەیر دەکەم. بەڵام بە داخەوە.. ڕێکەوتم نەکردوون و هیچیان لەبارەوە نازانم.

ئەم ئیتر بەو بارەدا وازی لە حاجی هێنا. بە باری بۆچوونە تایبەتییەکەیدا، چووە گیانی و وتی:

– مامە حاجی.. ئینجا ئێستاش من دامێنت دەگرم.. لێت دەپاڕێمەوە کە ئەوەی لە ناختدایە، بۆمی بخەیتە ڕوو. من هیچ گوێ بەوە نادەم، تۆ ئێستا بڵێی نەماون دوایی دەربکەوێ ماون. ئەوە بایەخێکی ئەوتۆی لەلام نییە. من قەناعەتی ئەو ساتەی ناخی تۆم دەوێ.. ناخی دڵت نەك زمانی ناو دەم. تکایە بەپێی ئەو قەناعەتە، وەڵامی ڕاست و دروستم بدەرەوە.. ماون یا نەماون؟ حاجی ڕاما.. زۆر زیاتر لە ڕادەی ئاسایی وەڵامدانەوەی پرسیارێك ڕاما!. دەتوت پەلی بە پەلی دوو هێزی دژ بەیەکەوەیە و کێشمەکێشی پێ دەکەن. (ئا) دەیگەیەنێتە کەنار و (نەء) دەیکشێنێتەوە دواوە. (نەء) ڕاپێچی کەناری دەکا و هەردوو چاوی داهێنا. دوو جار سەرنجی دایە ئەم و لایدایەوە. ئینجا بەدەنگێکی پڕ لە ناسۆرەوە وتی:

– بۆ گوایە من هیچم تێدا هێشتەوە؟. جا با من بپرسم: تۆ خۆت چیت لە قسەکانم هەڵکڕاندووە؟. پوختەکەی چییە؟. مەبەستم قەناعەتەکەیە.

– نەماون.

– کەوابێ من بیڵێم یا نەیڵێم، تۆ خۆت دەیڵێی. ئا کوڕەکەم.. مەگەر ئەو خوایە بە خوایەتیی خۆی، بە فریایان کەوتبێ و لە گەرووی مەرگ دەری هێنابنەوە. دەنا دەربازبوونیان لە چنگی ئەو دڕندانە مەحاڵە. بەڵام خۆ دەبێ ئەوەش سەرنجی ڕاکێشابیت، کە چۆن هێشتا ترووسکەیەکم لە دڵدا ماوە. بەڵگەش بۆ ئەوە دڵخۆشبوونم بوو بە هاتنەکەت. سا ئیتر تۆش خۆت و قەناعەتی خۆت.

ئەم هیچی بۆ نەمایەوە بیڵێ. سوپاسی کرد و هەڵسا جێی بێڵێ. ئەو وتی:

– دەتوانیت سەردانم بکەیت، بەتایبەتی ئەگەر بە چاك یا بە خراپ، هەواڵێکت دەسگیر بوو.

– بەسەرچاو.

ئیتر خواحافیزیی لێ کرد. خۆی کۆکردەوە و لە ماڵ بە دەرکەوت. کەچی ڕاست لەو

ساتەدا کە پێی نایە دەرەوەی دەرگەی حەوشە، کەریم وەك مووی بۆ هەڵکڕووزێنرابێ، ڕووبەڕووی بووەوە. ئەم کەللە زلە گاییەکەی و دەم و قەپۆزی قەبەی، بەر لە هەر شتێکی تر سەرنجی ڕاکێشا و خەبەری دایە کە خۆیەتی. بۆیە بەبێ دوودڵی، بە سەر و زمانێکی شیرینەوە، بۆ دڵنیاکردنی کە گوایە دۆست و ناسیاوە وتی:

– کاك کەریم چۆنیت.

بەڵام ئەو خیسەیەکی ئاگراویی لێ کرد. بە ڕوویەکی گرژ و مۆنەوە، وەك لە دوژمنێك بخوڕێ وتی:

– –تۆ کێیت؟.

– سوبحان.. سوبحانی کوڕی کوێخا غەفوور.. بۆ لای مامە حاجی هاتبووم.

ئەو کاتە بەفر هێشتا هێلکە بارۆکەیی بە تەوژم بوو. دەیدا بەسەر برۆ و برژانگ و سەری لووتیاندا و بەری بینایی لێ دەتەنین. ئەم کردییە بیانوو بۆ دەربازبوون. بواری پرسیاری تری پێ نەدا. بەسەر هێمایەکی بۆ ئاسمان کرد و وتی:

– بمبوورە.. خواحافیز.

بە دەم ڕێوە پەیتا پەیتا، لەعنەتی لەو ڕێکەوتە نەگریسە دەکرد. دەیوت: ″ ئاخر دەبا یەك دەقیقە.. کوڕە بیگرە یەك دەقیقەی تر دوا بکەوتایە!. خۆ کفر نەدەبوو. خۆ ئاسمان بەسەر زەمیندا دانەدەڕما!. تەنیا نیو دەقیقە و من هیچ نەبێ، هەشت نۆ هەنگاو لە دەرگەکە دوور دەکەوتمەوە. بۆچی.. ئاخر بۆچی؟!″. ئینجا دەستی کردە وردکردنەوەی: ″ ئێستا کاردانەوەی لە دەرەوە چی دەبێ؟. یەکەم دەچێتە وێزەی ژنەکەی. ژن چی دەڵێ؟. هیچ. هاتبوو بۆ لای مامت. – بۆچی؟. – نازانم.. مەزەنەم کرد خەبەرێکی پێ بێ. دەچێتە لای مام. مام دەڵێ: واو وا. دەیجا چییە؟. خۆ کفری حەوت مەزەبمان نەکردووە!. دە هیچ نییە نا.. لە من کرا بە سەفەری کێوی قاف ″.

کاتێ گەیشتەوە لای پاسەکان، ئاسوودە سەرکەوتە ناو ڕیمێکەوە و دڵنیا لە چاوەڕوانی بەرێکەوتنیدا دانیشت. بەڵام زۆری نەبرد، چەکدارێك سەرکەوت. چاوێکی خێرای گێڕا و لەسەر ئەم گیرساندییەوە. وەك فەرمانێکی بێ ڕەتکردنەوە وتی:

– هەڵسە دابەزە.

***

## ٩

– ڕاستم پێ بڵێ.. تۆ کێیت و بۆ چ مەبەستێك هاتوویت؟.

– لە مامت نەپرسی؟.

– لەو ناپرسم.. لە تۆ دەپرسم و وەڵامم لە خۆت دەوێ.

– ئاخر بۆ لای ئەو هاتبووم و دەزانێ بۆچی؟.

– بۆ هەواڵ پرسینی کەسوکار.. وانا؟.

– با بەڵێ.

– دەگوێ بگرە گەلحۆ.. من بەم جۆرە درۆ و دەلەسانە فریو ناخۆم. لەم بابەتە قسانەمان، لە زۆر کەر و گای وەك جەنابت بیستووە. دادت نادات. ڕاست و دروست پێم بڵێ: کێیت و بۆچی هاتوویت؟.

– سوبحان کوێخا غەفوور. خەڵکی دێی حاجی سوبحان. وێڵی دوای هەواڵی کەسوکارمم. هاتم وتم بەڵکو مامە حاجی، شتێکیان لە بارەوە بزانێ.

– ئەوە بیانووەکە و دیوە درۆکەی. ئەی دیوەکەی تری. دیوە ڕاستەکەی؟.

– تێ ناگەم!.

– پێشمەرگە نیت؟.. بۆ کوشتنی من نەهاتوویت؟.

– پێشمەرگە؟!. بۆ پێشمەرگە ماوە؟.

ئەم دەستوبرد لە دڵدا، لە قسەکەی پەشیمان بووەوە. ئەگەرچی وای لە دەم دەرچوو. کە لە سەرسوڕمانێکی ساوێلکانە بەولاوە نەبێ، لە بەرامبەر ڕاگەیاندنی خۆیاندا کە پێشمەرگە نەماوە.. ئەگەرچی زووش لە مەغزا خراپەکەی بۆ ئەو حاڵەی تێی کەوتووە تێ گەیشت.. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. کەریم قۆستبوویەوە لە دووتویی زەردەیەکی ژەهراویشدا، دایەوە بە ڕوویدا و بەزاریش وتی:

– ئەوەش نیشانە و بەڵگەی سەلماندن!.

کەریم لە سپاردنیدا بە دەزگای (ئەمن)، پەلەی نەبوو. دابووی لە کەللەی کە بۆ کوشتنی ئەو نێردراوە. دەیویست پێشەکی لەگەڵیدا، بە ئەنجامێك بگا. عەسرەکەی بە نەرمی دواندی. بەسەر و زمانێکی شیرینی دۆستانە قسەی کرد. ئەمیش هەوڵی دا، پاساوی ئەو هەڵەیە بداتەوە کە بەیانی کردی. تەقەلاشی دا بیری چوونی ئەم بۆ کوشتنی، لە مێشکیدا بسڕێتەوە و کەڵکی نەبوو. ئەو لە دوا قسەیدا وتی:

– ئەمشەو لێرە دەتهێڵمەوە و ناتدەمە دەست (ئەمن). تا سبەینێ بیری لێ بکەرەوە. دەتوانین لە بەینی خۆمانیدا بهێڵینەوە. بەڵێن دەدەم کە وەك برایەکی خۆم و هەڵەیەکی بەرامبەرم کردبێ، مامەڵەت لەگەڵدا بکەم. برای خۆم و پشت و پەنای خۆمیت و لێت دەبوورم. تەنیا دەمەوێ بزانم، هەوڵی ئەم جارە لەژێر سەری کێدایە. تۆ دەزانیت ئەمە جاری چەندەمە؟. خۆ ناشێ نەزانیت؟.

– چەندەمی چی؟.

– کوشتنم.. هەوڵی کوشتنم کابرا.. خۆتم لێ گێژ مەکە. یا بیکە.. فەرموو چۆنت پێ کاریگەرە بیکە. بەڵام بەهیچ ناچێ. ئەمە جاری چوارەمتانە جەناب.. جاری چوارەم. ئینجا هەموو لەشت بکە بە گوێچکە و باش بمبیسە، تا چاك بچێتە ناو مۆختەوە. یەکەمم بەم دەستانەی خۆم، بە دۆزەخ شاد کرد. دووەم ئەو دەستەی لێم وەشاند، وەك سەگێکی گەری بەرەڵا، قرووسکانی و هەڵات و رەنگە تا ئێستاش، بە دەست ئەو گوللانەوە کە ئاخنیمنە گەڵوگیپاڵییەوە، هەر بقرووسکێنێ.. ئەمە ئەگەر نەتۆپیبێ. سێیەم.. تۆ خۆت لە جێی من حەکەم بەو بزانە، پیاوێکی چەندە بە بەزەیی و ویژدانم.. چەندە خێراخوا و بە ئەمەك و چەندیش بۆ بەڵێنم بە وەفام. ئەو مەردانە هاتە پێشەوە. وتی: من کردم تۆ نەیکەیت. نەمکرد و ئێستاش بووینەتە دوو برادەری گیانی بەگیانی. سامن بۆ تۆش وام پێ باشە و تۆش، کەیفی خۆتە و خۆت و خوای خۆت.

شەوێی لە ژوورێکی بارەگای رێکخراودا بەسەر برد. رۆژی دوایی کەریم لە چێشتەنگاودا دواندییەوە. پرسیار و وەڵام زۆر لەوەی پێشوو لای نەدا. ئەو سوور بوو لەسەر داواکەی و ئەم هیچی تری پێ نەبوو بیڵێ. ئەو دوا قسەی لە قالبی هەڕەشەدا کردو وتی:

– تا عەسر مۆڵەتت دەدەم. ئەوسا ناچار دەتدەمە دەستیان. ئیتر خۆت دەبێ ئەوەندە

گێل نەبێت نەزانێت، چۆن بە گاز و پلایس نهێنی لە گەرووی شێر دەردێنن.

ئەم قسەیە ئانوسات، دیمەنەکەی لەمەڕ جابری هێنایەوە بەرچاو. خورپەیەك دای لە دڵی و وای بۆچوو، کە (ئەمن)ی ئێرەش جابرێکی دەبێ لێ بێ. تەوژمە سامێك شالاَوی بۆ هێنا. خەمی کامەران و ئەوان مێشکی داگیر کرد. وتی: ″ دەترسم خۆم پێ ڕانەگیرێ و ورە بەربدەم؟″. بەلاَم خێرا بە خۆیدا هەڵشاخا، وتی: ″ ئەگەر نامەردیی وەهات لێ بوەشێتەوە، ئیتر چیت لێ دەمێنێتەوە؟ نا.. قەت نا. پارچە پارچەشم بکەن نایەڵم″.

لەگەڵ ئەوەشدا کات بەرداش ئاسا و دەستی نەخۆشێك بیسووڕێنێ، ئاوەها بەرەو عەسر هەڵدەکشا. سات بەسات سەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستی، لەو بازنەیەدا دەخولانەوە: کەریم دەنێرێتەوە بە دوایدا. – چیت وت؟ . هیچ ناڵێ..″ باشە بۆ نەیڵێم؟. بەڵێنی نەدامێ کە دەبێتە برادەری گیانی بە..چی؟! نەکەیت درۆ دەکا. سەگێکی نەگریسی وا چۆن باوەڕی پێ دەکرێ؟ دەمداتە.. دەست (ئەمن) با بیدا. جابرێکی تر؟.. قیروسیا. با ئەمیان گووووەکەشی بنێتە بان. چارەنووسە و تووشی بووم. تەنیا خەمی کامەران و ئەوانمە. نا نا.. درکاندن نا. ئەوە بڕیارە و داومە. لەت لەتیشم بکەن نا. خەمی ئەوەمە کە دیسان بە قسەم نەکردن. بەقسەم بکردنایە نەدەکەوتمە ئەم دواوەوە..″.

جارێك و دووان و دە ئەم قسانەی وتنەوە و عەسرەکەی داهات. ئەوە ترپەی پێیە و دێتە بەر دەرگە. کلیل دەخاتە ناو کێلوون دەیسووڕێنێ. دەرگە کەلێنێکی تێ دەخرێ. زەلامێك پەرداخێ چای بۆ ڕەت دەکا. دەشپرسێ:

– جگەرەت پێ ماوە؟.

ئەم لە سەعات و نیوێك لەوە بەرەوە، دوا مژی لە دوا جگەرە داوە و دەڵێ:

– نەء.

ئەو پاکەتی گیرفانی خۆی دەداتێ و دەرگە دادەخاتەوە. ئەم بە تاسەوە قوم لە چا و مژ لە جگەرە دەدا و بیری هەر لەلای عەسرەکەیە. بەلاَم سووری بەرداش وا لای دا. وا بوو بە دوای عەسر.. بە سەر لە ئێوارە و بە خۆرئاوا بوون و بە شەو و دەنگ نەبوو. کەریم نەینارده‌وه بە دوایدا.. بۆچی؟ نەیسپارد بە (ئەمن).. بۆچی؟ ئەوە زەلامەکەی پێشووە دەرگەی دەکاتەوە. سێ هێلکە کولاَوی لەگەڵ نانی تیری و تەڕەپیازدا دەداتێ..

بۆچی؟. ئینجا دیسان چا و جگەرە و شقارتە.. بۆچی؟ دەشچرپێنێ:

– سبەی بەر دەبیت.

بۆچی و چۆن؟

***

– بمبەخشە.. ئەرکی سەرشانم بوو بەجێم هێنا. لێمی بە دڵەوە مەگرە فەرموو ئازادیت.

بەیانییەکەی زوو، کەریم خۆی هات و دەرگەی لێ واڵا کرد. ئەم شەوەکەی تا ئەو کاتەی خەو خەپی کرد، بەو مەسەلەیەوە تلایەوە. بۆچی و چۆن و بۆی یەکالا نەدەکرایەوە. زیاتر بەلای ئەوەیدا شکاندەوە، کە دەبێ حاجی قسەیەکی خێری تێدا کردبێ. ئێستا لەگەڵ هاتنە دەرەوەیدا، خەریك بوو بیخاتە سەر زار و بۆ کەریمی دەرببڕێ، چەکدارێکی منداڵکار لەو ساتەدا لێی هاتە پێش و وتی:

– کاکە سوبحان.. فەرموو با بڕۆین.

لەگەڵ یەکەم سەرنجدا ناسییەوە. سەرەتا حەپەسا و وشك بوو. بینایی بەسەریدا ڕوا و نەیدەزانی، چی بکا و چی بڵێ. زنجیرەی دیمەنەکانی کارەساتی خۆتەڕکردنەکە، بە خێرایی تیشك بە زەینیدا ڕابوردنەوە. هەستێکی تەریقبوونەوە، لە ناخەوە هەژاندی و جەستەی نیشاندە سەر، ئارەقێکی گەرمی لینج. ئاواتەخواز بوو ببێتە تنۆکێك ئاو و ڕۆبچێتە ناو زەوییەکەی ژێر پێیەوە. بەری بینینی لێڵ بوو. بیر و هۆشی لوولیان خواردە ناو، تەمومژێکی خەستەوە. ئیتر وەك ڕۆبۆتێك بزوا و هەنگاوی نا.

کاتێ ئاسایی بووەوە، خۆی لەناو پاسێکی ڕیمدا بینی. چەکدارە منداڵکارەکەش، بەبێدەنگ لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، لای کردەوە بە لایدا و بەدەنگی نزم وتی:

– مەریوان.. من نازانم بە چ زمانێك سوپاستان بکەم!. ئەمە جاری دووەمە بۆم دەبنە فریشتە و بە هانامەوە دێن.

مەریوان تەنیا، بە بزەیەکی شیرین و سیمایەکی پڕ لە شانازییەوە، وەڵامێکی بە مەغزای دایەوە. ئەم بەنیاز بوو قسەی تر بکا و هەستی کرد، ئەو مەیلی نییە. یا خۆی لە قسەکردن دەپارێزێ. بە ئەنقەست ڕووی وەردەگێڕا و دەیڕوانییە دەرەوە. ئیتر وازی لەو هێنا و بیر و هۆشی لە مەسەلەکەوە ئالا. دەتوت مەتەڵێکە و دەبێ هەڵی بێنێ. دیارە

باوکی مەریوانە کە بە فریای کەوتووە. بەڵام چۆن لە کوێوە پێی زانیوە؟. بۆچی و لە پای چی هەوڵی بەردانی داوە؟!. ئەوا لە جاری یەکەمدا دیار بوو، کە کارەساتەکە بە بەرچاوییەوە ڕووی داوە و بەزەیی پێدا هاتەوە. ئەی ئەمیان چی؟!. زۆری تەقەلا دا سەری لێ دەربکا و بێ ئەنجام بوو. کە گەیشتنە ناو شار و دابەزین. بە نیاز بوو ڕاست و ڕاست بپرسێ و ئەو بواری نەدا. وەك هەستی بە نیازەکەی کردبێ، تەنانەت بەبێ تەوقەکردن، خێرا دووعاخوازی کرد و جێی هێشت.

بەڵام هەر هێندەی پێی نایە ماڵەوە، شتێکی لێ حاڵی بوو. کامەران و شادمان لە ژوورەکەیدا، بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانیدا بوون، بە سەروسیمای گرژ و مۆنیاندا، دیار بوو لێی پڕن. غەزەبێکی کپکراو، لە چاوانیاندا بڵێسەی دەدا. ئەم هەستێکی پەشیمانی، لە ناخدا دەپیرواند. دەیزانی هەڵەی کردووە و گوناهباره. کەچی هەوڵی دا داشی سواربێ!. بە نیمچە تەوسێکەوە وتی:

– کەوابێ دەتانزانی؟.

کامەران بە دەم ڕوو گرژییەکەوە، هەستا و بە دەم ژوورەکەدا دەستی کردە هاتوچۆ. هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. شادمانیش پشتگوێی خست. ئەم بێتامی کرد. ویستی قەرزاریان بکا. وتی:

– من سوپاسی ئێوەش و ئەو جاشە خێرخوازەش دەکەم. بەڵام کە ئەو ڕێگەیە هەبوو. بۆچی ئاگەدارتان نەکردم؟. بۆچی لە ڕێی ئەوەوە، چوونەکەی لای حاجیتان بۆ نەڕەخساندم؟.

ئەوسا کامەران وازی لە هاتوچۆ هێنا. وەك لە وزەیدا نەمابێ لەوە زیاتر دان بەخۆدا بگرێ، بەرامبەری ڕاوەستا. ڕووە گرژەکەی هێندەی تر ترش و تاڵ بووبوو. بۆ یەکەم جار پەتی ڕێز لێگرتنە تایبەتییەکەی لە ڕوودا پساند. بەدەنگێکی ڕەقی تووڕەوە وتی:

– کاك سوبحان.. جەنابت وا هەڵسوکەوت دەکەیت، کە وا دەزانیت سەری دنیا بە پووش گیراوە!. تا ئێستا چەند جارێك ئاگەدارم کردوویت، کە ئەو ئەرکەی ئەستۆی ئێمە گەمە نییە.. ئەو دوژمنەی لە ڕوویدا دەجەنگین، بەسزمان و بێ کەڵبە و نینۆك نییە.. جانەوەرێکی سەرسەختی خوێنڕێژی بێ وێنەیە. خۆ تۆ ئەگەرچی بە پێوەندی لەگەڵماندا نیت، بەڵام لە نزیکەوە ئاگەدارمانیت و دەزانیت، لە چ بارودۆخێکی دژوار و ستەمداین. ئێمە کەم دەلاقەمان تێ نەکراوە، تا تۆش لە خوت و خۆڕایی، یەکێکی تری

بخەیتە بان. ئایا دەزانیت ئەگەر ئەو جاشە خێرخوایە نەبووایە، بەهۆی جەنابتەوە ڕووبەڕووی، مەترسی چ دەلاقەیەکی تر دەبووینەوە؟، دەزانی ئەگەر بکەوتیتایە بەر کەڵبەی سەگە هەوشارەکانی (ئەمن)، خۆت چیت بەسەر دەهات و چ جەزرەبەیەکیشت لە ئێمە دەدا؟ بۆ جەناب.. ئاخر بۆ بە قسەمان ناکەیت؟. نە تۆ تاکە کەسێکیت ئەو نەهامەتییەت بەسەر هاتبێ، نە ئێمەش درێغیمان لە یاریدەدانت کردووە. چی دەبوو پێش چوونەکەت، گوێت لە بیر و ڕای ئێمە بگرتایە؟. خۆ تۆ لە کن خۆت مارانگازیت. دەبوو بزانیت کە جابرەکەی ڕومادییان، لە هەموو دایەرەکانی ئەمندا هەیە. ئەم جاشە خێرخوایە نەبووایە، ئێستا بە دەم جابرەکەی ئێرەیانەوە، لە چ حاڵێکدا دەبوویت. تۆ بۆچی ئەوەندە...

ئەم لە بەرامبەر ئەم شاڵاوە لە ناکاوەدا، تاسێکی قووڵ بردییەوە. وشە و رستەکان وا بە ڕەقی، بەتایبەتی (جەناب)ە پڕ لە تەوسی سووکایەتییەکە، وەك دڵۆپی قورقوشمی تواوە. دەتکانە کونە گوێیەوە و جەرگیان ئاگر دەدا. لە حەژمەتدا سەراپای لەشی، شەڵاڵی ئارەقێکی گەرمی کەتیرەیی بوو. زەنگوڵەی بەستە ناوچەوان و لاجەنگەکانی. تنۆکەکانی بە پشت مل و لا ڕوومەت و کەنارەکانی ڕوویدا، بۆ ناو بێخی سمێڵ و ژێر چەناگە و سەر شان و ملی گلۆر دەبوونەوە. ناچار دەسەسڕی دەرهێنا و کەوتە سڕین. چۆڕاوگەیەکی لێ دەسڕی و بە دوایدا، یەکێکی تر هەڵدەقولا!.

کامەران دەمی وەها لێ کردبووەوە، کە زیاتر بە ڕوویدا هەڵبرژێ. پێوەی دیار بوو کە گەلێك لێی پڕە.. گەلێکی لێ خواردووەتەوە و سەبری گرتووە. بەڵام کاتێ لە دوایینی قسەکانیدا هەستی بەو حاڵەی کرد، وەك ئاوێکی ساردی بەسەردا بکەن، کەف و کوڵی نیشتەوە. هەرچییەکی پێ مابوو قووتی دایەوە. چووە بەر پەنجەرەکە ڕووەو پەنجەرەکە ڕاوەستا. شادمان لەلای خۆیەوە، بۆ هەردووك تەنگەتاو بووبوو. بە خەمبارییەوە سەرنجی پەشۆکاویی، لە نێوانیاندا دەهێنا و دەبرد. هەر وا لە خۆوە دەستی دایە، پاکەتێ جگەرەی سەر تەپڵەکێکی نزیکی و جگەرەیەکی دەرهێنا. دایە دەست ئەم و بۆی ئاگر دا. ئیتر هەرسێکیان بێدەنگ بوون. کامەران پشتی لە ژوورە و دەڕوانێتە دەرەوە. ئەم ڕیزی بە مژلێدانی جگەرەکە گرتووە و چاوی پڕ لە فرمێسکی قەتیسە. شادمان سەرنج دەهێنێ و مرومۆچییەکە، خەمگین و بە ئازارە.. ئازاری هەستکردن بە پەشیمانی. ئەوەتا زۆر هێمن و لەسەرخۆ، بەدەنگێکی پڕ لە پەژارەوە دەڵێ:

– کاکە سوبحان بمبەخشە.. ئەگەر بتوانیت بیهێنیتە بەر زەینت، کە ئێمە ئەو دوو

ڕۆژ و دوو شەوە لە چ حاڵێکی پەشێودا بووین، هەقم دەدەیتێ و لێمی بە دڵەوە ناگریت. تۆ بڕوانە چیمان بەسەر هاتووە. ئێمە هەموو ماڵەوەمان جێ هێشت. دلێریش هەروەها و بگرە، زۆر ماڵی تریش کە تۆ قەت چاوت بە چاویان نەکەوتووە! ئێمە ئەوە حاڵمانە ئەوەندە لەبەر مەترسیداین. تکایە تێمان بگە و بۆ لە مەودوا، ئەو وەزعەمان لە بەرچاو بگرە. دیسان داوای لێبووردنت لێ دەکەم. ئیتر من دەبێ بچم، دایکم و باوکم و گوڵناز ئاگەدار بکەم. کە بێنەوە ماڵەوە.

کامەران هەنگاوی نا بڕوا. پێش چوونە دەرەوەی، وەرگەڕایەوە و وتی:

– ئەو کابرایە.. کێ؟.. کەریم؟!.

– ئا.. کەریم کەللە.

– نەیپرسی لە کوێیت و لە کوێوە هاتوویت؟.. مەبەستم!..

– نا نەء.. نە ئەو مەبەستی بوو.. نە منیش دوور و نزیك بە لایدا چووم. ئەو مەراقی تەنیا لەوەدا بوو کە دەیوت: تۆ پێشمەرگەیت و بۆ کوشتنی من هاتوویت.

***

(.. مەگەر ئەو خوایە بە خوایەتیی خۆی، بە فریایان کەوتبێ لە گەرووی مەرگ دەری هێنابنەوە. دەنا دەربازبوونیان لە چنگی ئەو دڕندانە ستەمە!..).

لەوە بەدوا قسەکەی حاجی ئەحە ڕەش، بووە دڕکەزییەك و ئالآیە هەست و هۆشی. بە سات بەرۆکیانی بەر نەدەدا. بەردەوام لە گوێی دەزرنگایەوە. لە کاسەی سەری دەنگی دەدایەوە. سەرەتا لە دڵدا، ئینجا وەك بڵمەبڵمێك لەژێر لێویەوە، دوا جار بەدەنگی بەرز دەیوت و دەیوتەوە. هێندەی وتەوە، تا وای لێ هات وشە و ڕستەکانی، لە یەکتری ترازان و پەرت بوون، تێکەڵوپێکەڵ دەیجوونەوە.. (خوایەتی مەگەر.. ئەو.. بەخۆی.. خوای لە چنگی.. مەگەر.. ستەمە.. مەگەر!...). لە ئەنجامیدا، تەوژمێکی خەمۆکیی ئەوتۆ لوولی دا، کە تەنیا بە جەستەوە بەسەر دنیاوە بوو، دەنا بە هەست و هۆش، نوقمی بنی گۆمێك بووبوو. هەردەم گرژ و مۆن، چاو بێ بریقە. لێو وشك و قڵێشاو. بێتاقەت و خاووخلیچك. بێ نوتق و زار داخراو. زۆربەی کاتی بە دانیشتنەوە، لە قوڕنە و لاپاڵەکانی ژوورەکەدا بەسەر دەبرد. تا ئازاری قاچ و ئەژنۆ و سڕبوونی سمتی، تەنگیان پێ هەڵچنییایە، وازی لە دانیشتنی چوار مەشقی نەدەهێنا. بە دەگمەن هاتوچۆی بە ژوورەکەدا دەکرد. بۆ نووستن نەبووایە، بە دەگمەنیش دەچووە سەر

قەرەویڵەکە. تەنانەت زۆرجار، شەوان هەر لە جێگەی دانیشتنەکەیدا، ڕادەکشا و دەنووست. بەر پەنجەرەکەش نەدەچوو. بەردەوام پەردەکەی پێدا داکشاندبوو. لە خواردندا تا ژەمێکی دەخوارد، دووی دەبوارد، بەڵام لە پاڵ جگەرەکێشانەکەیدا، سەری کردبووەوە چا خواردنەوە. پوورە عەتاو لە سۆزی دایکانەیەوە، دەرکی پێ کردبوو. تەدارەکی چا لێنانی بۆ دانابوو، ئەم خۆی لەسەر زۆپاکە لێی دەنا.

وتەکە تا دەهات چڕتر، یەخەگیری هەست و هۆشی دەبوو. تیژتر لە دڵ و دەروونیدا، کڵپەی دەسەند و ئاگری بەردەدایە هەناوی، توندتر لە مێشکیدا دەتەقییەوە و لق و پۆپی لێ دەبووەوە. زنجیرەیەك دیمەنی جەرگبڕی، لێ دەهێنایە بەرچاو. بۆ هەر لایەکی دەڕوانی: دیوار، بنمیچ، دەرگە، پەنجەرە و تەنانەت کە چاویشی دەنووقاند، لەسەر پەردەی زەینی، دەیبینین و دەیبینین:

(..* غوربەت بنار و چناری ڕافڕاندووەتە ماڵی باوکم. دایکم بناری گرتووەتە باوەش و غوربەت چنار. دایکم و غوربەت تۆقیون و جێ بەخۆیان ناگرن. بەبێ پەروا بە حەوشەکەدا دەخولێنەوە. باوکم تەنگەتاوە و ئەوان تەنگەتاوتری دەکەن. فەرمانیان پێ دەدا بچنە هەیوان و بێدەنگ دانیشن. جاشێك خۆی دەکا بە ماڵدا. دوو سەربازی بە دواوەیە. دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیانە. جاش داوا لە باوکم دەکا، هەر کێیەك لە ماڵدایە بچێتە دەرێ. باوکم فەرمان دەدا و دەچنە کۆڵان. لەوێوە دەیاندەنە پێش بۆ دەرەوەی ئاوایی. خەڵکەکە هەموو لە دامێنی ملەدا مۆڵ دەدەن. ئەفسەرێك دەنەڕێنێ: "تحرك!". جاشێك دەیکا بە کوردی: " بکەونە ڕێ!". غوربەت و چنار، دایکم و بنار، باوکم و خەڵکی گوند، هەوراز و ڕووەو ملە سەردەکەون. غوربەت بوار نادا بە قولانج، لە دایکم و باوکم داببڕێ. سوبحان لەوێ نییە. ئەوانی لێن. لەسەر ملە ڕایان دەگرن. ڕووەو ئاوایی دایان دەنیشێنن. دەبینن جاش و سەرباز ڕژاونەتە ناو دێ. تالان دەکەن. ماڵات و کەلوپەلی گرانبەها، کێش دەکەنە دەرەوەی گوند. خەڵکەکە بەوەندە، شوکری خوا دەکەن. حکوومەتە و تالان دەکا!. دەسەڵات نییە!. کەچی نەء.. ئەوەتا هەر گاڵۆن بەدەستەو خانووەکان بەنزین پرژێن دەکا!. ئەوەتا ئاگریشیان تێ بەردرا.!. خەڵکەکە لە عەزرەتدا ڕادەپەڕنە سەر پێ. پیاوان داد و بێ داد و ژنان شین و فوغان دەکەن. منداڵ دەزیرێنن. دوو سێ دەسرێژ بەسەریاندا، زارەترەکیان دەکا و دایان دەمرکێنێتەوە. بەڵام دەکوڵێن. ماڵەکانیان بە بەرچاویانەوە. ئاگریان تێ بەردراوە. وای تێ دەگەم کە هێشتاش شوکری خوا دەکەن. حکوومەتە و وێران دەکا!. دەسەڵات

نییه. دەمانخاتە سەر ساجی عەلی و دەڕوا وەل دەبیّ!. بەڵام ئەم جارەش نەء!. ئەفسەرەکە دیسان دەنەڕێنیّ و جاشەکە دەیڵێتەوە: ″ هەڵسن بکەونە ڕێ!″. باوکم و خەڵکەکە سەرسام دەبن و ناجووڵێن. دوو سیّ دەسرێژی تر دەیانجووڵێنیّ. ئاودیوی ملەیان دەکا. زیلیان بۆ ڕاگیراوە و بار دەکرێن و دەبرێن.

* غوربەت تۆقیوە. بنار و چناری توند بە خۆیەوە شەتەك داوە. لە باوکم دەپرسیّ: مامە بۆ کوێمان دەبەن.. چیمان لیّ دەکەن؟!″. باوکم بەدڵنیاییەوە دەڵیّ: کچەکەم ترست نەبیّ.. بۆ ئۆردووگایەکمان دەبەن. خۆ بە تەنیا ئێمە نین. ئەها چەندیان خەڵکی تر هێناوە؟!″. ئا.. بوونەتە قافڵەیەکی دوور و درێژ. خەڵکی چەندان گوندی تریش. غوربەت منی لە بیرە. خەمی منیشێتی. دەپرسیّ: ″ دوو سبەی دەگەڕێتەوە سەر حاجی سوبحانی خاپوورکراو. ئەو چی بەسەر دیّ؟!″ باوکم دیسان دڵنیای دەکا: ″ کارێکی زەحمەت نییە.. لە هەر ئۆردووگایەك بین، دەماندۆزێتەوە و دێتە لامان″.. ″ ئاخر دەترسم!..″.. ″ مەترسە مە..″.

* ئێوارەیەکی درەنگە. ئەرز تەماوی و ئاسمان هەوراوییە. خەم و پەژارە دەبەشنەوە. عەشاماتەکە زۆرن. ڕووبارێکە و لە هەموو لاوە تێی ڕژاوە. لە بەرامبەری قافڵەیەکی دوور و درێژی زیلدا ڕاگیراون. زیلەکان چادربەندن. وا خۆر ئاوا بوو. گاڵ دەدرێن بجووڵێن. دەجووڵێن و دەئاخنرێنە ناو زیلەکانەوە. خەمی گەورەی غوربەت و باوکم لێك دانەبڕانیانە. بنار بە باوەشی غوربەتەوەیە. چنار لە ئامێزی دایکمدایە. هەموو شان بەشانی یەکەوەن. غوربەت سەرنج دەدا چادر بەسەر پشتەوەشدا دەدەنەوە. شەتەکی دەدەن و بەری بیناییان لیّ دەگرن. ترس دایدەگریّ و بەگوێی باوکمدا دەچرپێنیّ: ″ مامە دەبینیت؟!.. بۆچی حەشارمان دەدەن؟″. باوکم وریایە و تیّ دەگا. ئەویش هەستی کردووە. بەڵام ناچارە کە ترسی لە دڵدا بڕەوێنێتەوە. دەڵیّ: ″ هیچ نییە.. کاری سەربازی وەهایە″.

* شەوە دەباریّ. کزە بایەکی ساردی لەگەڵدایە. قافڵە هەر دەڕوا و ناگاتە جیّ. چەند جارێك بۆ ماوەی چارەکە سەعات و نیو سەعات ڕادەوەستیّ. وا دەزانن گەیشتوون وا دەرناچیّ. دوا جار نیو سەعات.. سەعاتێك.. دووان و قافڵە ڕاوەستاوە و خامۆشە. تا لە ناکاوێکدا نەفخی سوور لیّ دەدریّ. دەبێتە ڕاکە ڕاکە و هەرا و زەنا. چادری پشتەوەی ئۆتۆمۆبێل هەڵدەدرێتەوە.. ″ یەللا.. دابەزن.. خێرا″. دادەبەزن. تازە خەریکە سپێدە دەدا. باوکم چاوێك بە چوار دەوری دەگێڕیّ. گڕە بیرە نەوتەکانی دەکەوتە بەرچاو.

خورپەیەك بە هەناویدا تێسكە دەكا.. "كەركووكە.. بۆچی؟!".

* ئەوەتان لە بەرچاومن. دەڵێی لەسەر لووتكەی چیایەكەوە سەیریان دەكەم. دەبینم جیایان دەكەنەوە. بە پانتاییی ناو تەلبەندەكە، ئەڵقە ئەڵقە ڕیزیان پێ بەستوون. سەرەتا ڕیز بەرەو دەرگەی تەلبەند دەبزوێ. لە ئاستی دەرگەكەدا جیا دەكرێنەوە. كچ و ژن و منداڵ بەلای چەپدا. ژن و پیاوی پیر و بە تەمەن بە لای ڕاستدا. كوڕی لاو و پیاوی گەنج ڕووەو ڕاست!. ئەها لە سەرەتادا هەندێك باوەش بە یەكتریدا دەكەن و بوار نادەن. بەڵام ئەوەتا زەق بەم چاوانەم دەڕوانم و دەبینم. سەرباز بە قۆناغە تفەنگ تێیان بەر دەبن. ئەوە داد نادا و دەكەونە دەسرێژكردن بەسەریاندا. ترسی مەرگ دەستیان لە یەكتری پێ بەردەدا. دیمەنەكە هەر بەیناوبەینێك دووبارە دەبێتەوە. باوەش بەیەكتریداكردن. قۆناغە تفەنگ. دەسرێژ و دەست بەردان. ئەها ئەوە ئەوانن وا هاتنە بەرەوە. باوكم لە پێشیانەوەیە. دایكم و غوربەت هەریەكە بە دەستێك، بنار و چناریان توند لە باوەش گرتووە. دەستەكەی تریان توند چەسپیوەتە پشتێنەكەی باوكم. ئەوەتا دەگەنە بەردەرگە. دەبێ غوربەت و بنار و چنار بەلای چەپ و باوكم و دایكم بە لای ڕاستدا لا بدەن. وا ناكەن و باوكم هەردوو باڵی بەسەر هەردووكیان دەكێشێ. توند بە خۆیەوەیان دەنووسێنێ. زەق زەق بەم چاوانە دەڕوانم و دەبینم. دوو سەرباز لێی دەچنە پێش. بە هەموو هێزیانەوە دەسرەوێننە ئەم شان و ئەو شانی. باوكم باڵیان لەسەر لانابا. سەربازەكان شوێن دەگوێزنەوە بۆ پێش دەمی. دەسرەوێننە سەر سنگی. خۆ سنگی لە پۆڵا و ئاسن نییە. قەفەزێكی ئێسكینە و بەو دوو قۆناغە ورد و خاش دەبێ. ڕەت دەبا و باڵەكانی لە دایكم و غوربەت دادەماڵرێن. بە پشتدا دەدرێتە سەر زەوی. نۆرەی جووت قۆناغ دەچێتە سەر دایكم. بناری لە باوەش دەپەڕێ و خۆی لە تەنیشت باوكمەوە تەخت دەبێ. غوربەت پەلاماری بنار دەدا و هەڵی دەگرێتەوە. بەدەم شەقی پۆستاڵی سەربازێكەوە، بەرەو شوێنی تەرخان ڕاپێچ دەكرێ. حاجی ناهەقی نییە كە باوكمی لە نوگرە نەدیوە. بە دوو شان و قەفەزەی سنگی ورد و خاشەوە، چۆن دەمێنێ و دەگاتە ئەوێ؟. دایكیشم چۆن خەفەت، بەندی دڵی ناپسێنێ و نایكوژێ؟.

* غوربەت دەتبینم. چاوم لێتە و دەزانم لە چ حاڵێكدایت. ئاگام لێیە چ ترس و سامێكی كوشندە هەراسانت دەكا. ئەوەتا بوونەتە مێگەلێك و گەلەگورگێك ڕاتان دەماڵن. دیسان دەتان پەستێونە ناو قافڵەیەك زیلی چادربەندەوە. قافڵە كشومات

دەکەوێتە ڕێ. چیی تر لە وزەدا نەماوە، منداڵ بداتە زریکە و دایکان و کچان، قیژەی گریانی پڕاو پڕی قورگ. تەنانەت تاقەتی ناڵینی جەزرەبەی قۆناغە تفەنگ و دارولیس و نووکە شەقی پۆستاڵیشیان نەماوە. هەموو لە شێوەی زیندوویەکی مردوودان. تۆپەڵ تۆپەڵ خزاونەتە تەنیشت یەکترەوە. تێك ئاڵاون. هەموو زارەترەکن زارەترەك.

* عەسرێکی درەنگە و قافڵە ڕاگیراوە. سەرنشینی هەر زیلێك دابەزێنراون و لە تەنیشتییەوە دانیشێنراون. چۆڵەوانییەکە تا چاو بڕبکا بێ ئاوەدانی، یەکی سەموونێکی وشکەوەبوویان دەدەنێ. یەکی جامە ئاوێکیش. یەکی بوار پێدانی پێشاوێکیش، بە بەرچاوی سەربازەکانەوە. ئینجا دەڕوانم و بەو چاوانەم دەبینم ڕیزیان پێ دەبەستنەوە. ئەها دیسان جیاکردنەوەیە!.. ئەم جارە کچانی عازەب لە دایکان و منداڵان!. قیژە و هاوار و شین و فوغان، عەرشی عەزیم دەگرێتەوە!.. گەردوون دەلەرزێنێ،. دنیا دەهەژێنێ دیسان جەزرەبەی قۆناغە تفەنگ و دار و شەقی پۆستاڵ دەست پێ دەکاتەوە. کچان دەبرێن و لە قافڵەیەکی تر بار دەکرێن. دایکان و منداڵان لە قافڵەی پێشوو. هەر قافڵەیە و بە لایەکدا بەڕێ دەخرێ. ئەوەتا من زەق زەق دەڕوانم و دەبینم.. غوربەتی زیندوویی مردوو، بنار و چناری زیندووی مردووی توند لە ئامێزا گرتوون.. هێندە توند کە ئازاریان دەدا.. کە هەر بەیناوبەینێك ئەوان، وەك هەناسەیان لەبەر ببڕێ، خۆیان ڕادەپسکێنن. ئەو لێیان بە ئاگا دێ و باسکیان لێ شل دەکا. کەچی زۆری پێ ناچێ لێیانی توند دەکاتەوە.

* شەوە و نیوەشەوە. قافڵە ڕاوەستێنراوەتەوە. سەرنشینان دابەزیون. سەموون و ئاو و پێشاو. مارانگازن. گێژەنی ترس و سام لوولیان دەدا. گڵۆپی زیلەکان کوژێنراونەتەوە. مانگێکی بەر تەماوی، کزە ڕووناکییەکی لێڵ بە دەوروبەریان دەدا. بیابانێکی کاکی بەکاکییە. گورگە پاسەوانەکان لەوە دەچێ سەرقاڵی کارێك بن ئەنجامی بدەن. فڕکان فڕکانیانە و بەیەکدا دێن. غوربەت زارەترەکە، هەموو گیانی هاتووەتە لەرزە. بنار و چناری بە خۆوە لکاندووە و نایەڵێ قۆلانجێك دوور بکەونەوە.. غوربەت لە دڵت گەڕابوو چ کارەساتێکی جەرگبڕ بەڕێوەیە ڕوویدا؟. غوربەت هەستە هەرە پیرۆزەکە پێتی ڕاگەیاندبوو. کە نۆرە لەسەر فڕاندنی پارچەکانی جگەرتە؟. غوربەت ئەوەتا دەتبینم.. بەم چاوانەم دەتبینم و منیش ئەوەتا لێرەوە، جگەرم پارە پارە دەکرێ. ئەوەتا سێ گورگی چاو ئاگرینی کەڵبە خەنجەری ئامبازت دەبن. یەکێکیان لە پشتەوە پەلامارت دەدا و لە پەلوپۆت دەخا. دووانەکەی تر پڕ بە دوو کۆرپەکەتدا دەکەن.

لە چاوتروکانێکدا لە باوەشتیان هەڵدەپچڕن. دەیانفڕێنن و لە بەرچاوتیان ون دەکەن. دەکەویتە هەلەکەسەما و ڕاکە ڕاکە. بە هەرچوار لادا شاڵاو دەبەیت. بەڵام قۆناغە تفەنگێك ئاراستەی گازەرای پشتت دەکرێ. لوولت دەداتە سەر زەوی و لە جووڵە دەکەویت!. چوار دەست بەرزت دەکەنەوە. تووڕت هەڵدەدەنەوە ناو زیل. ئێستا تەنیا جەستەی تۆ و دایکانی شلکوتکراوی بێ کۆرپە و ساوای تێدان غوربەت. نیوەشەوە غوربەت.. نیوەشەوێکی سیخناخ لە سام و ستەم و دەبرێیت.. بە تاك و تەنیا، بێ پشت و پەنا، دڵ و دەروون و جەستەی خەڵتانی زام دەبرێیت.. بە دەم کەڵبەی گورگێکی هار هارەوەیت و دەبرێیت و دەزانم غوربەت کە مەگەر ئەو خوایە بە خوایەتیی!..

خوایە.. پرسیارم هەیە و وەڵامیم دەوێ. تۆ خۆت ئەقڵت پێ داوم و بواری پرسیارکردنت بۆ ڕەخساندووم. دەپرسم: ئایا باوکم کە سەری بچوایە نوێژیی نەدەچوو.. کە بە موو لە هەموو فەرزەکانت لای نەدەدا.. کافر بوو؟.

ئایا دایکم کە لە سات بەساتی ژیانیدا، پاشکۆیەکی دەستەمۆی ئەو باوکە بوو. کافر بوو؟!. ئایا غوربەتێکی پەپوولەی بێ وەی کە تۆزقاڵ گەرد لە پەرەی ژیانی نەنیشتبوو.. کافر بوو؟ ئایا بنار و چناری دوو زەرنەقووتەی بێ خەبەر لە هەردوو دنیا.. کافر بوون؟ ئاخر خۆ ئەوان لەسەر فەرموودەکەی خۆت، دایکم و باوکم و غوربەت و بنار و چنار و هەزاران هەزاری وەکو ئەمانیان سەرنگووم کردووە. ئاخر تۆ خۆت ئەقڵت پێ داوم، تا پرسیار بکەم و دەیکەم و وەڵامم دەوێ. خوایە.. حاجی وتی: (مەگەر خوا بە خوایەتیی خۆی بەفریایان کەوتبێ و لە گەرووی مەرگ دەری هێنابنەوە. دەنا دەرباز‌بوونیان لە چنگی ئەو دڕندانە ستەمە). خوایە.. ئەو دڕندانە بۆچی هەبن؟. کە هەن، بۆچی دەربازبوون لە چنگیان ستەم بێ؟. کە ستەم بێ، بۆچی لە ستەمییان ناخەیت؟. بۆچی نێچیریان دەخەیتە بەردەست؟. کە دەیخەیت، بۆچی و بێ وەی و بێ گوناهانی وەکو پەپوولەکانی من بن؟. کە ئەمان بن، بۆچی بە فریایان ناکەویت؟!. خوایە.. حاجی هێندەی نووکی دەرزییەك.. بە قەدەر تاڵەموویەك.. بە قورسایی گەردیلەیەك هیوای لە دڵدا ماوە، کە بە فریایان کەوتبیت. بەڵام من نەمماوە. بگرە من باوەڕم وایە کە بەو فەرمایشتەت، هەر لە بنەڕەتەوە وازت لە مافی بە فریاکەوتن لەم حاڵەتەدا هێناوە. چونکە بکوژ تۆ خۆتیت نەك ئەوان. ئەوانی بەسەزمانی دڵسۆز و گوێڕادێری فەرمان عالی، تەنیا ئەندامانی لەشیان بزواندووە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش. دەنا ئەو چووزانێ غوربەت کێیە و سوبحان کێیە؟!. تۆ

خۆت فەرمووتە.. (فلم تقتلوهم ان اللّه قتلهم). تۆ خۆت پاکانەیان بۆ دەکەیت خوایە.. تۆ خۆت پێیان دەڵێی: (ئێوە نەتانکوشتوون.. من کوشتوومن!).

ئیتر چۆن باوەڕ بە تەنانەت تۆزقاڵە هیواکەی حاجی بێنم؟. نا نەخێر.. نەك هەر بە فریایان نەکەوتوویت، بگرە بە دەستی خۆیشت کوشتووتن!. ئا بەڵێ.. ئا.. ئاخر.. خۆ من خوایە حەز ناکەم وا بێ. نا.. قەت قەت حەز ناکەم وا بێ. بۆچی حەز بکەم؟ بەڵام من قوڕی کوێ بەسەری خۆمدا بکەم، کە ئەوان وا دەڵێن و تۆش وات فەرمووە!.. (ئێوە نەتانکوشتوون.. خوا کوشتوونی..). ئێ ئاخر دەپرسم و وەڵامم دەوێ: خۆت لەو دووری دوورەوە، لە بیابانێکی کاکی بەکاکییەوە دەجووڵێنیت. ئەو هەموو ڕێگەیەی پێ دەبڕیت. دەیگەیەنیتە حاجی سوبحانێکی ناو چیا بەندێك. دەیکەیتە گورگێکی هار هاری کەڵبەتیژ. گاڵ دەدەیت کەڵبە تیژەکانی لە جەستەی نەرمونۆڵی (بنار)ەکەی من گیر بکا و بیفڕێنێ و بیبا نازانم بۆچی و بۆ کوێ!.. ئاخر خوایە.. خوا هەرچی هەیە و نییە بۆچی؟!. تۆ خۆت ئەقڵت پێ داوم و بواری پرسیارکردنت بۆ ڕەخساندووم. دەپرسم و وەڵامم دەوێ. من دەزانم نەماون. سوور دەزانم نەماون. کە نەمابن، یانی بە فریایان نەکەوتیت.. بۆچی؟ کە بەفریان نەکەوتوویت، یانی ڕازی بوویت بە کوشت بچن.. بۆچی؟ کە ڕازی بوویت بە کوشت بچن، یانی دەستخۆشیت لە بکوژەکان کردووە.. بۆچی؟ کە دەستخۆشیت لێ کردبن، یانی بڕیارت بۆ داون.. بۆچی؟ کە بڕیارت بۆ دابن، یانی تۆ بکوژیت.. تۆ بکوژی دایکم، باوکم، غوربەت، بنار، چنار و هەزاران هەزارەکەی تریت.. بۆچی؟ ئاخر بۆچی؟)

# بەشی سێیەم

# ١

خەمۆكی و بنگۆمكەوتنەكەی ئەم جارەی درێژەی نەكێشا. ئەم جارە كەمتر بە یاریدەی یاران و پتر بە كۆششی خۆی، پەلی كوتا و سەر ئاو كەوتەوە. ئەگەرچی بە درێژاییی ئەو ماوەیە، شادمان رۆژانە سەردانی دەكرد، بەڵام كامەرانیش پێی لێ نەدەبڕی. لە سێ چوار ڕۆژ جارێك بەسەری دەكردەوە. تا لە دوا جاردا، وەك قەت ئەو سوبحانەی ڕۆژانی خەمۆكی و بن گۆمییەكە نەبووبێ، بەدەنگێكی بێ گرێوگۆڵ و بە متمانەكردن بە خۆوە وتی:

– كامەران.. تۆ قەت بیستووتە یەكێك، كەسانێكی هەرە ئازیزی بێ سەروشوێن كرابن، بگرە فەوتێنرابن، كەچی بە دڵنیابوونی لە نەمانیان خۆشحاڵ بێ!.. تۆ بیستووتە؟.

كامەران سەرەتا بە چاوی گومانەوە تێی ڕوانی. دەتوت لە دڵدا دەڵێ: ″ وا زمانی كرایەوە. ئینجا نۆرەی وڕێنەیە!″. ئەم ڕاستەوخۆ دایە ڕووی وتی:

– دڵنیا بە نابزرێنم. ئەوە منم. ئێستا سوور دەزانم نەماون و كەچی خۆشحاڵم. پێت سەیر نەبێ. دەزانم بە لاتەوە ستەمە و وای بۆدەچیت كە ئەقڵ نایگرێ. ناهەقت نییە. حاڵەتەكە بەسەر تۆ نەهاتووە تا بزانیت چۆن و بۆ؟. بەسەر من هاتووە چاك دەزانم بۆچی و بۆ؟. زەحمەتە بتوانم بۆتی شی بكەمەوە. بەڵام ڕەنگە لە ڕێگەی ئەنجامەوە بكرێ شتێكی لێ حاڵی ببیت.

كامەران هێشتا سەرسام بوو. دەنگی نەكرد و لە چاوەڕوانیی قسەی تردا مایەوە. ئەم لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– ئێستا ئیتر دەی!. ئیتر مانەوەی من لە ژیاندا، ئەگەر مانایەكی جیاواز لە جارانی پێ ئەدەم، لە ئەشكەنجەیەكی لەبن نەهاتوو بەولاوە چیی تر نییە. خۆت دەزانیت لەوەبەر، چیم لە ژیاندا هەبوون. چۆنیش لەگەڵیاندا بە پەرۆشەوە.. بە تامەزرۆیی و بە

عەزرەتەوە، پێچەڵپێچ بووبووم. من و ژیان لە خولێکی بێ پسانەوەدا، بە گەشکەدارییەوە یەکتریمان دەڕەتاند. بە ڕۆژ و بەشەو، بیست و چوار سەعاتە، ساڵ دووازدەی مانگ، یەکتریمان دەڕەتاند و وەڕس نەدەبووین. بەڵام ئێستا تای تەرازووەکە، بەلای تەنیا ڕەتاندنی مندا کەوتووەتەوە.. بەلای ئازار چەشتنێکی هەمیشەیی مندا!. من ئەوە قبووڵ ناکەم. من مل بۆ غەدر و زوڵمێکی وەها نادەم. من بە گژدا دەچم و دەبێ. هاوڕەتاندنێکی نوێ لە نێوان من و ژیاندا پەیدا ببێتەوە. دەنا مانم لە ژیاندا دەبێتە کارێکی بێهوودە.. بێ بایەخ.. پووچ.. کوێر.. ئیفلیج و زەلیل.. ڕزیو و گەنیو!. تێم دەگەیت دەڵێم چی.. تێم دەگەیت؟.

ئەو گومانەکەی سەرەتا لە لا ڕەوییەوە. نیشانەی سەرسوڕمانەکەی بە ڕووەوە نەما. بەڵام وەك هێشتا مەبەستە بنەڕەتییەکەی ئەمی لە لا ئاشکرا نەبێ، لە چاوەڕوانیی بیستنی قسەی زیاتردا مایەوە. ئەمیش ڕوونتر وتی:

– من ئێستا تەمەنم سی و سێ ساڵە. ڕەنگە سی و سێی تریش بژیم. ئینجا تۆ خۆت بۆمی ورد بکەرەوە. سی و سێ دانە ساڵی تر من ئەو عەزابەم بە کۆڵەوە بێ، دەبێ ئەوە چ ژیانێك بێ؟ نا.. وا ناکەم.. بڕیارم وایە سات بەساتی پڕ بکەم لە مانا و مەغزایەك، کە جێگەی ئەوی ترم بۆ بگرێتەوە.. کە بچێتە پارسنگییەوە.. بگرە کە ئەوی ترم هەردەم بە زیندوویی لەلا بهێڵێتەوە. دەزانیت چییە؟.

– ....

– تۆڵەسەندنەوە.

کامەران سەری حاڵیبوونی لەقاند. ئەو درێژەی دایە:

– خۆ دەشزانم کە من ڕۆستەمی زاڵ نیم، بە تەنیا بچمە بەر مەیدان و گورز بوەشێنم. دیارە دەبێ لەگەڵ خەڵکانێکی تری هاودەرد و هاوئامانجدا بجەنگم و ئەو مەبەستەم بەدی بێنم. ئێستا لەلات ڕوونە نیازم چییە و چیم دەوێ؟.

ئەوسا ئەو دوای کەمێ ڕامان و بیرکردنەوە وتی:

– ڕوونە و لە دوو سەرەوە خۆشحاڵم. یەکەمیان کە توانیوتە بەسەر گرفتەکەی ناو دەروونتدا زاڵ ببیت. دووەمیش کە ڕێگەی خەبات دەگریتە بەر. بەڵام کاکە سوبحان.. با پێشت بکەوم. تەنیا ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە، بەس نییە بۆ گرتنە بەری ئەو ڕێگەیە. ئەو ڕێگەیە سەخت و دژوارە. پڕە لە جۆرەها کەند و کۆسپ و زەحمەتی. لەخۆگرتنی بیر

و باوەڕێکی پتەوی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی پیرۆزتر مەزنتری، لە تۆڵەسەندنەوەی پێ دەویێ. تۆڵەسەندنەوە بەبێ ئەو ئامانجە، لە سنووری دامرکاندنەوەی ڕقی تاکەکەسی تێ ناپەڕێ، تۆ بە تەنیا یا لەگەڵ چەند کەسێکی تۆڵەوەسێنی وەك خۆتدا، دەتوانن دوو یا سێ یا دە ئەوەندەی ژمارەی ئازیزانی بێ سەروشوێنتان، لە زەلامەکانی دوژمن بکوژن. بەڵام ئەوە و دە ئەوەندەی تریش، هێندەی گرتنەبەری ڕێگەی خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکەدا کاری تێ ناکا. تۆ خۆت دەزانیت کە ئەو، بە ملیۆن هێزی چەکداری هەبوو. ئێمە چەند هەزارێك. کەچی لە عۆیەمان نەدەهات و ئەوە بوو، پەنای بردە بەر تەفروتوناکردنی حاجی سوبحانەکان. بۆچی؟. چونکە چەند هەزارەکە، گەلێکی بە چەند ملیۆنێکەوە و وڵاتێکی بە پانتاییەکی بەرینەوەیان لە پشتەوە بوو. ئەو ئەمەی بە دەردی کوشندە بۆ خۆی دەزانی و بڕستی لەبەر بڕیبوو. تۆ سەرنج بدە.. خۆ ئێستا پێشمەرگە وەك هێزە جەنگاوەرەکەی جاران، لەناو وڵاتدا نەماوە. ئەوەی ماوە تەنیا تاك و تەرایەکە لە شێوەی مەفرەزەی بچووکدا، کە لە چیا و چۆڵ و ئەشکەوتە تەریکەکاندا، خۆیان حەشار داوە. بەڵام هێشتا لە حاڵەتی تۆقیندایە. دەزانیت لە کێ؟. لە من.. لە فڵان و فیسار.. لە تۆ و بڕیارەکەت و لە هەزارانی وەك تۆ و بڕیارەکانتان.. لەو سەدان هەزار کەسەی پشت و پەنا و یاریدەدەریانن. تێم دەگەیت کاکە سوبحان دەڵێم چی و مەبەستم چییە؟.

ئەم وەکو هەموو جارەکانی تر، هەستی شانازیکردنەکە بە قوتابییەکەیەوە دایگرتەوە. بگرە ئەم جارە، خۆی لێ بووەوە قوتابییەك و ئەو بە مامۆستا. بە درێژاییی قسەکانی، بە دەم بزەیەکی شیرینەوە تێی دەڕوانی. کاتێ ئەو بێدەنگ بوو، ئەم وتی:

– قسەکانت هەمووی بەجێن و لەسەر سەرم. بەڵام با بڵێین: نیازی تۆڵەسەندنەوە، دەمخاتە سەر ڕێگەی خەبات. ڕێگەی خەباتیش،، لەگەڵ کارکردندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە دەمگونجێنێ.. نابێ؟.

– دەبێ و زۆر ئاساییە.

– دە ئێستا دەی.. من لەو ساتەوە ئامادەم.

– تۆ خۆت چیت لەم خەیاڵدایە؟.

– پێشمەرگایەتی.. بمگەیەنەرە لای حەمۆل و جافر.

داواکە بۆ کامەران لە ناکاو بوو. لە وەڵامدانەوەدا گیری خوارد. دوای ماوەیەك

خامۆشی، بۆ خۆ دزینەوە لە وەڵامی ئا و نەء وتی:

– با ئەم شەپۆلی بەفر و سەرمایە بەسەر بچێ، ئەوسا قسەی لێ دەکەین. ئەم بواری نەدا. ڕاست و ڕەوان وتی:

– دەستی دەستیت لێ قبووڵ ناکەم. خۆت چاك دەزانیت، من کوڕی ناو چیا و بەفر و بەستەڵەکم. ئەوە بۆ من تەگەرە نییە. تکایە ڕای خۆتم بە ئا یا نەء پێ بڵێ.

– ئاخر کارەکە هەروا ئاسان نییە.

– ئەی زەحمەتییەکەی لە کوێدایە؟. من تەنیا هێندەم دەوێ، بەو ڕێوشوێنە تایبەتییەی هەتانە، بمگەیەننە لای ئەوان.

– دەی باشە.. ئەوە یەکێکە لە زەحمەتییەکان. خۆ ئەوان بنکە و بارەگای وەك جارانیان نییە. تا بڵێم: ئەوەتان لە فلانە شوێن و فەرموو بچۆ.

– ئەوە یەکەکە.. ئەی ئەوانی تر کامانەن؟. گومانت لێم هەیە کە شایستەی ئەو کارە نەبم؟.

– ئەوان هەموو پێشمەرگەی شەڕکەری کۆنن.

– منیش دەبمە پێشمەرگەیەکی شەڕکەری جەربەزەی تازە.

کامەران بۆ وەڵام گیری خواردەوە. ئەم لێی چووە بەرەوە. ئەژنۆی نووساند بە ئەژنۆیەوە. دەستی خستە ناو دەستییەوە و هەڵی گوشی. بە نیمچە پاڕانەوەیەکەوە وتی:

– تکات لێ دەکەم.. کە دەمبینیت ئاوا هاتوومەتەوە سەرخۆ، بە خۆشیی ئەو بڕیارەمەوەیە. دەردە کوشندەکەمم پێ تیمار کردووە. خۆمم لە مرۆیەکی داڕماوی دابڕاوەوە لە ژیان، پێ کردووەتە پیاوێکی چالاکی بە هیوای ئامادەی فیداکاری. دەسا تکایە کۆسپ مەخەرە سەر ڕێگەم. یا کارێك مەکە هەروا لە خۆوە ملم پێوە بنێم.

کامەران هیچی بۆ نەمایەوە. زەردەیەکی ڕەزامەندیی بە ڕوو دادا و وتی:

– دەبێ هیچ نەبێ چەند ڕۆژێك لەسەرم ڕاوەستی.. دەبێ سەبرت هەبێ.

– لە تۆ جێبەجێکردن و لە من سەبری ئەیوب.

***

ئەو بەیانییە کە لە خەو هەڵسا، کارەکە هەنگاو بەهەنگاو بە پێی نەخشەکەیان

مەیسەر دەبوو. ئەم لە وەختێکی زووەوە، کەلوپەلی پێویستی نابوونە ناو جانتایەکی کۆڵەپشتەوە، کە شادمان بۆی پەیدا کردبوو. جانتاکەی بە گیانی کەسێکەوە ئامادە دەکرد، کە بەڕێوەبێ بۆ سەفەرێکی ئەفسووناوی بە کۆڵەوەی بگرێ. سەرەتا کەلوپەلەکانی هەموو لەسەر قەرەوێڵەکە ڕیزکردن. دوو دەرپێ و دوو فانیلە و دوو کراس.. ″یەکێکیش لەبەردا، دەبن سێ بە سێ و هەموو نوێ. دلێر نیازی زیاتری هەبوو. نەمهێشت..″. خاولییەك. دوو جووت گۆرەویی زستانەی تازە. ئەوانیش دلێر. تاقمی تەراش لە جانتایەکی چەرمی بچووکدا. فڵچە و مەعجوونی ددانیشی تێدان. ئاوێنەیەکی بچووك و شانەیەك. ئینجا یەکە یەکە خستییە ناو جانتاکەوە. بەڕێکوپێکی دایدەنان و جێگەی بۆ ساز دەکردن. جانتاکەی بە کراوەیی هێشتەوە، نەکو شتێکی لە بیر چووبێ. ماوەیەك بە ژوورەکە هات و چوو. پوور نانی بەیانی بۆ هێنا. بەری دڵی گیرابوو. هیچی وای بۆ نەخورا. کووپە چایەکەی چۆڕبڕ کرد. دەستی کردە جگەرەکێشان. کات قورس تێ دەپەڕی. بە پەرۆشییەکی بێ وێنەوە، چاوەڕوانی ئەو ساتە بوو کە یەکەم هەنگاوی بەرێکەوتنی تێدا دەنێ. بەڵێنی سەعات سێی دوای نیوەڕۆی پێ درا بوو، ئەم لە خۆیدا لە دڵدا وتی: ″کێ دەڵێ ناکەوێتە زووتر. دوور نییە پێشی بخەن. بۆچی من پێشتر بۆی ئامادە نەبم؟!.″. لە چێشتەنگاوەوە خۆی گۆڕی. بێجامەی داکەند و بە لاوەی نا. تا سەرنجێکی دایە. ئیتر لە پێی ناکاتەوە. ڕانك و چۆغەی لەبەر کرد و پشتێنی بەسەردا بەست. کڵاوی نایە سەر و ویستی جامانەکەی بەسەردا ببەستێ. نەیبەست وتی: ″زووە″. هەردووکیانی لە تەنیشت جانتاکەوە دانا. ڕوانییە پێڵاوەکانی. جووتێ پۆتینی تۆکمەی قەیتانلی بوو. شادمان بەتایبەتی بازاڕی بۆ تەی کردبوو.

نانی نیوەڕۆشی بە باشی بۆ نەخورا. دەیزانی دەبێ بخوا.. دەیزانی ڕەنگە سەعاتەهای پێ بچێ، تا بواری نانخواردنێکی تری بۆ هەڵدەکەوێ. بەڵام نەیتوانی.. زۆریشی لە خۆی کرد و نەیتوانی. تەنانەت پووریشی هەوڵی دا و کەڵکی نەبوو. ئینجا پوور پڕ توورەکەیەکی خام کولیچە و گاڵگاڵی بۆ هێنا، کە لەگەڵ خۆیدا بیبا. ئەم نەیدەویست و ئەم زۆری لێ دەکرد. تا شادمان بەسەردا هاتەوە و ڕزگاری کرد. دایکی تێ گەیاند کە ئەم ڕێگەیەکی دووری لەبەرە و ئەوە بۆی دەبێتە بارێکی گران. لە ئەنجامدا چنگێکی بۆ کردە کیسەیەکی نایلۆنەوە و ئەمیش، لە سووچێکی جانتاکەدا جێگەی بۆ کردەوە.

زۆری نەبرد کامەران و دلێریش پەیدا بوون. سەعات یەکە و هەنگاوی یەکەم. مام فەتاح لە شەوێوە خواحافیزی لێ کردبوو. پوور بە دەم چۆڕاوگەی فرمێسکەوە، دایکانە سەری لە باوەش گرت و ماچبارانی کرد. گوڵناز بە تەوقەی گەرم و کامەران و دلێر ئەملا و ئەولای ماچ کردنەوە. شادمانیش دایە پێش خۆی و بردی.

دیسان ئەوە (مەریوان)ە و ئەم لە پێشەوەی لاندکرۆزێکدا بە تەنیشتییەوە دانیشتووە. لەگەڵ سەرکەوتنیدا، کلاشینکۆفێك و ڕەختەیەك لەبەر پێیدا دەبینێ. مەریوان دەڵێ:

– ڕەختەکە لە خۆت ببەستە و کلاشینکۆفەکە بە دەستتەوە بگرە.

وا دەکا و ئانوسات، جاشایەتییەکەی پێشووی خۆی بیر دەکەوێتەوە. ئەوسا تەنیا بە ناسنامەی باخەڵی، ئێستا بە تفەنگ و ڕەختەشەوە. لەوە دابوو ختوورەکەی ناو دڵی، بۆ مەریوان دەرببڕێ و گێڕایەوە. بە ئاگاهات کە کامەران ئامۆژگاری کردبوو، بەبێ پرسیار و گفتوگۆ، جڵەوی خۆی بداتە دەست مەریوان و باوکی. ترسی نەبێ و هەقی هیچیشی نەبێ. ئەوان بە سەلامەتی دەیگەیەننە شوێن مەقسەد.

مەریوان لە (ئەڵلایی) لای دا. لە بەردەم خانوویەکی سەرپەڕدا ڕاوەستا. دوو جار دەستی بە هۆڕن دانا. زۆری نەبرد باوکی و کوڕێکی گەنج بە دوایەوە، هاتنە دەرەوە. ئەم بە خێرایی دابەزی و وەك بەڕاستی چەکدارێکی ئەو بێ و لە چاوەڕوانی گەیشتنیدا بێ، دەستی ڕاستی بە تفەنگەوە و دەستی چەپی بە دەرگەکەوە، بە کراوەیی هێشتەوە. ئەویش کاتێ گەیشت، تەنیا بزەیەکی گەشی بە مانای بەڕوودا دا و سەرکەوت و دانیشت. ئەم بە گورجی دەرگەی پێوەدا و بەگورجیش، قەڵەمبازدی دایە ناو خانەی پشتەوە.

لە ئەڵلایی دەرچوون. وا لە جادەی گشتی لایان دا و ئەوە شوێنی کارەساتەکەیە. ئەم هێندەی جەخار بەدەست بە بیر هێنانەوەیەوە چەشتبوو، کە لەگەڵیدا سیوای بووبووەوە و بەلایەوە، وەك باسێکی ئاسایی لێ هاتبوو. بەڵام ئەوەی بەردەوام مێشکی دەکرۆشت، ئەوە بوو کە ئایا کامەران و ئەوان هەر لە سەرەتاوە، لە ڕێگەی باوکی و مەریوانەوە لێی ئاگەداربوون یا نا؟. بۆیە بە فرسەتی زانی ئەو گرێ کوێرەیە بکاتەوە. ئامۆژگارییەکەی کامەرانی پشتگوێ خست. وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ و وتی:

– دوو جار مین.. یەکەمیان لێرەدا بوو.. بەخۆدا کردن.. دووەمیشیان لەوێ.. پێداکردن!..

کەچی ئەو بێ سەرسوڕمان.. بێ ئاوڕدانەوە بە لایدا.. بێ پرسیارکردن، وەك لە نووکەوە ئاگەداری هەموو شتێك بێ، بەدەنگێکی پڕ لە نەغمەی هاندان و تیژکردنەوە بۆ بەگژداچوون و تۆڵەسەندنەوە، وتی:

– ئێستا ئیتر نۆرە گورزتە.. هەقی ڕەوای خۆتە ئینجا تۆ، هەم پێیانی بکەیت بە خۆیاندا و هەم پیایشیانیدا بکەیت.

ئەم بەو وەڵامە کەوتە سەر هەوا. خێرا بۆی سەندەوە:

– دەم خۆش.. ئەوەتا بەڕێوەم وا بکەم. بەڵام تـوو ئەم خـوایە ڕاستم پێ بڵێ: یەکەمیان ئەوە بە بەرچاوی خۆتەوە بوو. بینیت و ئاگەداری بوویت. ئەی دووەمیان؟.

– مەبەستت ئەوەکەی ئەولایە؟.

– ئا بەڵێ.. بێگومان.. بەویانت چۆن زانی؟.

– ئەویان؟.. قسە قسەی ڕاکێشا و باس کرا.

– ئەی بەڕاست.. ئەو وەختە تۆ منت دەناسی؟.

– کام وەخت؟.

– ئەو وەختەی.. یەکەم جار کە..

– کردت بە خۆتدا.. وانا؟. بیلێ.. هەزار جاری بلێرەوە و بەقەد نووکی دەرزییەك شەرم مەکە . لەوە دەچێ تا ئێستا بۆ کەست باس نەکردبێ.

– وایە.. زۆرجار ویستوومە و ڕووم نەهاتووە. ئەی تۆ کاتی خۆی بۆ کا.. بۆ هینت باس کرد؟.

– ئا بەڵێ.

– دەتزانی من و ئەو خزمین؟.

– نا نەء.. من ئاسایی وەك ڕووداوێك بۆم گێڕایەوە. دواییش بە خزمایەتییەکەتانم زانی.

– کەوابوو ئەو لە سەرەتاوە لە بەسەرهاتەکەم ئاگەدار بوو.

– بەڵێ.

– توخوا کاکە حاجی ڕاستم پێ بڵێ: کە بۆت گێڕایەوە نەتوت:

کابرایەکی وا ترسنۆك و وا بوودەڵە و وا و وا بوو؟.

– بەچیت باوەڕە سوێندت بۆ دەخۆم کە نەء. لە بیرت نایە من هەر ئەو کاتە من چیم بەخۆت وت؟.

– با چۆن!.. وتت منیش بوومایە وەهام بەسەردەهات.

– دە دڵنیا بە بەویشم وەها وت.

– دە تۆش دڵنیا بە ئەو حاڵەتەم لێ ڕوو ناداتەوە.

– ڕووش بداتەوە، بە لامەوە ئاساییە. گریمان تۆ گوللەکانت پێوە نرابوون و فەوتابوویت. کێ ئێستا باسی لەو حاڵەتە دەبوو؟!.. خۆ من دەزانم مێشکت بەرۆکی ئەو باسە بەرنادا. بەڵام ئەوە باشە و باشیش نییە. باشە چونکە بەردەوام تیژت دەکا. باشیش نییە چونکە خاوت دەکاتەوە و ڕەنگە ورەت پێ بەربدا.

– نا نا.. بەپێچەوانەوە.. بەردەوام لە هەسانم دەدا و دەمکاتە ئاگر.

– چاکتر.. کەوابێ سڵ لە باسکردنی مەکەرەوە. بەڵکو بچۆرە سەر لووتکە و ترۆپکە هەرە بڵندەکان و پڕ بە دەم هاوار بکە و هەر بیڵێ و بیڵێرەوە.

– دەم خۆش.. هاتووم بچم وا بکەم.

***

دەمەدەمی خۆرئاوا بوو کە گەیشتنە جێ مەقسەد. بە پێی نەخشەکەیان، حاجی حەمە سوور فەرمانی ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێلەکەی بە مەریوان دا. ئاوڕیشی بە لای کوڕەکە دایەوە و وتی: سمایل دەی. سمایل فرتەی کردە خوارەوە. چوو بۆنیتی هەڵدایەوە و خۆی بە مەکینەوە خەریك کرد. مەریوان بە نەزمێکی تایبەتی، سێ جار دەستی بە هۆڕن دانا. هەر جارەش بە دوایدا، دوو جار پێی لە سکرێتەر گیر دەکرد. ئەم تێ گەیشت بۆ باسکردنی ئەو پێشمەرگەیەیە، کە دەبێ هاتبێ تا لەگەڵ خۆیدا بیبا. چاوی گێڕا و هیچی نەدی. سەری سوڕما. شوێنی ئەوە نەبوو زەلامی لە حەشارێکەوە لێ بێتە دەرێ. سادە و ساکار و بێ پێچوپەنا. کەچی دەنگێك وەك بەتایبەتی لەگەڵ ئەمی بێ، لە پشتییەوە وتی:

– ئەوەتام.

بە بیستنی بە جۆرێك وەرچەرخا بە لایدا. کە سوور بزانێ کێیە!. تەنانەت بە

پێویستیشی نەزانی لەسەر بینینەکەی، بۆ دڵنیابوون ڕاگیر ببێ. تەنیا سەرنجێکی ساتە وەختی و قەڵەمبازدی دایە خوارەوە. بەشێوەیەك باوەشی پێدا کرد و کەوتە ماچکردنی، کە دەتوت باوەش بە ژیانێکی نوێدا دەکا.. لە تەونی تەنیاییەکی کوشندە دەرباز دەبێ و سەرچۆپی لە زەماوەندێکی ئەفسووناویدا دەگرێ. حاجی سەری لێ دەرکێشانە دەرەوە و وتی:

– سەرکەون ئاشقە و ماشقە.. وەختی ترتان زۆر لەبەردەمدایە، یەکتریی تێدا بلێسنەوە. ئێمە ماتەل مەکەن.

ئیتر ئەم و جافر سەرکەوتنەوە. سمایلیش بەدوایاندا و مەریوان پێی لێنا. دەتوت نیازی وایە باڵ بە لاندکرۆزەرەکە بگرێ. ماوەی چارەکە سەعاتێکە و ئەوە جێ مەقسەدی دووەمە. ئەوە شوێن و کاتی لە یەکتر جوودابوونەوەیە. ئێرە ناو چیا بەندێکە و لەمێژە خۆری لێ ئاوا بووە. بەتایبەتی کە هەورێکی چڕی تەڵخیش، سەرانسەری بەری ئاسمانی لێ تەنیوە. هەورێك کە لە دەشتاییدا بوون، لە پەڵە پەڵەیەکی خاوی لۆکەیی بەولاوە نەبوو. حاجی سەیرێکی ئاسمانی کرد و دیمەنەکەی لێ خۆش نەهات. چاوی مۆن و ناوچەوانی گرژ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا جانتایەکی پشتەکۆڵەی سەربازیی دایە دەست جافر و وتی:

– ئەوە هەندێ خۆراکی ناو قوتووە.. بە کەڵکتان دێ.

ئینجا هەندێ پارەشی تێدایە. ئەوسا وەك بیر لە شتێك بکاتەوە کەمێ ڕاما. تا وەك لە ناکاوێکدا بڕیاری دابێ، دەستی برد چواردە خۆریەك بە ناو قەدییەوە بوو، بە قایش و قرووشیەکانییەوە لێیێ کردەوە. بۆ جافری ڕەت کرد و وتی:

– دیاریی تایبەتیمە بۆ حەمۆل. تکایە.. لە منەوە بۆ ئەوە و کەسی تر نا.

ئیتر بە سۆزێکی بێ ئەندازەوە، دەستی ئەمانی گوشی و خواحافیزیی لێ کردن. هەموو دەیانزانی دەبێ پەلە بکەن و کردیان. ئەمان ڕێگەیان گرتە بەر و دەستوبرد، لە پێچەدامێنێك دا کە دەیخستە ناو دۆڵێکەوە، لە چاو ون بوون، ئەوانیش بەرەو دوا گەڕانەوە.

***

## ٢

ئاسمان بواری تەنیا ساتە وەختێك ڕێبڕینی پێ دان و ئیتر لێی هەڵپێچان. سەرەتا بە کڕێوە و پڕووشە دەستی پێ کرد. ماوەیەك درێژەی کێشا و ئەمان پێی قایل بوون. جافر زوو زوو دووپاتی دەکردەوە کە بەڵکو، بارینی درۆزنەبێ و مۆڵەتی تا سبەینێیان بدا. هەر بەیناوبەینێك ڕادەوەستا و دەیڕوانییە ئاسمان. دەیوت:

– مەرد بە و قووتی بدەرەوە. تۆ وەکو ئێمە نیت. ئێمە تەنیا ئەمشەومان هەیە و تۆ شەوەها. ئەمشەومان پێ بدە و ئەوەکانی تر، حەز دەکەیت بیکە بە زریانێك ئەوسەری دیار نەبێ.

ئەم پێی پێ دەکەنی و دەیوت:

– دەڵێیت زەلامێك دەدوێنێ کە بە ڕاستی، لەوێ دانیشتبێ و دەستی بە قفڵێکەوە بێ، خەریکی بێ و وردە وردە بەری بداتەوە.

– بەڵکو وا بێ.. کێ چووزانێ؟

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. بەڵام هێشتا قاقایان گپ نەبووبووەوە کە وەڵامی دانەوە. لە ناکاوێکدا پڕووشەی لێ کردن بە هێلکە باڕۆکەیی. ئەو کاتە بە قەد پاڵی کێوێکی چڕستاندا. شەفتوول سەردەکەوتن. قەدپاڵێکی گڵین بوو.. گڵێکی ئاڵی گەش. لەژێر پێیان دا، دەبووە قوڕێکی خەستی لووس. هێشتا وا نەبوو توێژاڵی بەفر، بکەوێتە نێوانەوە. زوو زوو هەنگاویان دادەخزا و بێزاری دەکردن. جافر هەستی بەم کرد کە داخزان دوای دەخا. دە دووازدە شەقاوێك ماوە کەوتبووە بەینیانەوە. ڕاوەستا تا گەیشتە ئاستی. وتی:

– هەر ئەم قەدپاڵەیە و سەرووتر بەردەڵانە. هێندەشمان نەماوە.

قەدپاڵیان بڕی و چوونە سەر بەردەڵان. پێڵاویان پاك کردەوە و سووکەڵە بوونەوە. ماوەیەك پێچاوپێچ بە نێوان، زنجیرەیەك تاوێر سەرکەوتن، کە چین چین سەرەوژوور

ڕیـزیـان بـەستبـوو. ئـەو وەختـە بـەفـر، تـوێژاڵـێکـی لـەژێر پـێیـانـدا پـێك هـێنـابـوو. خرمەخرمەکەی لەو چیا و چۆڵە خامۆشەدا، ئاوازێکی کاریگەری بە گوێیاندا دەدا. لەوەبەدوا دەگەیشتنە ئاودرێك و دەبوو بەوێدا، بگەنە سەر ترۆپك و ئەوسا، شۆڕ ببنەوە بۆ ناو دۆڵ. هەردووکیان لە ستەمیی بڕینی، تاتی دەم ئاودڕ و بە وشکی و بە ڕۆژیش باش ئاگەدار بوون، چ جایە توێژاڵی بەفری بەسەرەوە بێ و شەویش بێ!. ئینجا وەرە تاتیش ئەمە بێ، کە جافر چەند جارێك بە خزمەتی گەیشتبوو، دەیزانی چەند سەخت و نەگریسە.

بۆ گوڕبەستنەوە لە تات، لەسەر داوای جافر لایان دایە بن تاشە بەردێکی چەماوە، کە دەتوت بەتایبەتی بۆ حەوانەوەی ئەمان، خۆی کردووەتە چەتر. تەنانەت جافریش داواکەی هەر بەو مانایە دەربڕی. بەڵام چەتر تەنیا بۆ ئەمان نەبوو. بگرە دەعبایەکیش بەر لەمان. بە پێی ئەو مافەی وەك ئەمان و بگرە لە پێشتریش هەیبووە، خۆی لە بنەوەیدا لە کون نابوو. هەر هێندەی ئەمان پێیان تێ نا، ئەو ڕاست بە پێی ئەو مافە لە پێشترەی، بە مرەمرێکی پڕ لە حیرس و تووڕەییەوە، دەنگی ناڕەزایی بە ڕوودا بەرزکردنەوە. ئەمان سڵیان کردەوە و کشانەوە. جافر دەمانچەکەی دەرهێنا و خستییە سەرپێ. ئەم وتی:

– تەقەی لێ دەکەیت.

ئەو وتی:

– نا نایکەم.. بەڵام نەوەکو دەعبایەکی دڕبێ!. تۆ کەلا بکەوە.. با ئەملا و ئەولا بۆی بوەستین.

وایان کرد و ئەم سەری سوڕما، کە جافر بە چەشنی دەعباکە و توندوتیژتر، دەستی کردە مرەمڕ، بگرە وتی:

– دەی تۆش وەك من بکە.

ئەم جگە لە سەرسوڕمانەکە، ئەوەشی خستە بان کە وتی:

– ئەی ئاخر گوناح نییە؟.. بۆچی وازی لێ نەهێنین؟.

بەڵام کە ئەو بەدەنگێکی، تێکەڵ لە پەستی و گاڵتەپێهاتنەوە وتی:

– کوڕە تۆ دەڵێیت چی سوبحان، گوناحی چی؟ دەی بمرێنە.

ئینجا وەك ئەو دەستی پێ کرد. بوونە دوو درِندە و بگرە سێ و چواری لە دەعباکە کەللەشەقتر، چونکە جافر بە سێ جۆر دەیگۆرِی. ئیتر دەعبای بەسەزمانیان دەرفرتاندە دەرەوە ژێر چەتریان لێ داگیر کرد. تەنانەت ئەو گەرماییەش، کە بە وزەی ناو لەشی خۆی، بە جێگەکەی بەخشیبوو. کە پالّیان دایەوە بێ ئەوەی بیەلّن ترووسکەی ئاگریان ببینرێ و یەکی جگەرەیەکیان ئاگر دا، ئەم وتییەوە:

– گوناح بوو.. لانەمان لێ تێك دا. ئاخۆ ئەگەر زمانی ببوایە، ئێستا چی پێ دەوتین؟.

جافری هاورِێی تەمەن، کە لە منداڵییەوە دەیزانی مۆخەکەی ئەم چیی تێدایە و جافری پێشمەرگەی بەکێوی بوو، وەڵامی جۆراوجۆری پێ بوو بیداتەوە. بەڵام سەرەتا بە بارە ساکارەکەدا وتی:

– خەمت نەبێ.. ئەگەرچی ئێمەش خەڵکی رِەسەنی ئەم کەژ و کێوانەین، بەڵام ئەو خەڵکی رِەسەن رِەسەنێتی. ئەو سەد شوێنی تری وەکو ئێرە پێ دەزانێ و پەکی ناکەوێ. ئێرە نا ئەوێ. ئەوێ نا ئەوێیەکی تر.

– جا کێ دەڵێ ئەوێکان هەموو نەگیراون؟.

– هێجگار وا؟!. باشە قەیناکە.. لەم نزیکانە، لە پەنایەکدا، چاوەرِێ دەکا تا ئێمە دەرِۆین.

– چۆن بزانێ ئێمە دەرِۆین؟.

– دەزانێ.. خاوەنی ئەقڵی خۆیەتی و تێ دەگا، کە ئێمە دوو ئادەمیی رِێبوارین و نامێنینەوە.

– ئێمە وەك خۆی نەبووینە دەعبای بە مرِەمرِ؟!.. بە چی بزانێ؟.

– دەزانێ کاکە.. دەزانێ.. بە بۆن.. ئەو وەکو تۆ بێ ئەقڵ نییە.

جافر قسەکەی بە پێکەنینەوە کرد. بەڵام لە ناواخندا، کردییە پێشەکییەك بۆ جۆرێکی تر لە وەڵام. ئەمیش لە ئاوازی دەربرِینی وشەی (بێ ئەقڵ)ەکەدا، هەستی پێ کرد و ورتەی نەکرد. ئەو بەدەنگێکی پرِ لە سۆزەوە وتی:

– سوبحان.. هێشتا لە سەرەتای سەرەتادایت.. هەنگاوی یەکەمی پێشمەرگایەتیتە. من بە بیستنی برِیاری بە پێشمەرگەبوونت، شاگەشکە بووم. حەمۆلیش وەك من.

هەردووکمان لە خۆشییاندا ئەوەندەمان هێنا و برد، کە بەختەوەریی بە دواداهاتن بەر کاممان بکەوێ، ناچار بە شێر و خەت دوو قۆڵی لە بەینی خۆماندا براندمانەوە. ئینجا با لە ئێستاوە پێشت بکەوم و بیئاخنمە مێشکتەوە. من نازانم کامەران و ئەوان چییان بۆ باس کردوویت. ڕەنگە زۆر شتیان بۆ ڕوون کردبیتەوە. بەڵام لەو باوەڕەدا نیم، ئەوانێك کە لە دوورەوە تەنیا دەخوێننەوە و دەبیسن، توانیبێتیان زەفەریان بە بەرچاوخستنی تەنانەت، تارماییەکی ئەم ساتی حاڵی حازرییە بردبێ!. کەسێکیان توانیبێتی بیهێنێتە بەرچاو و بڵێ: سوبحان.. سوبحانی تازە پێشمەرگەی تازەترین شێوەی پارتیزانی.. تۆ دوو سبەی شەو، سبەی شەو، ئەمشەو کە یەکەم شەقاو دەنێیتە ناو ئەو دنیا تازەیەتەوە، یەکەم گرفت زۆرانبازی دەبێ، لەگەڵ زیندەوەرێکی خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکەت لەسەر کونی بن تاشەبەردێکی چەترین، چ جایە لەشکری لەبننەهاتووی دێو و درنجانی وڵاتێکی تر دەگا، کە لە دووری دوورەوە.. لە بیابانێکی کاکی بەکاکییەوە، دێن و پەلامارت دەدەن. هێلانەی شێوێنراوت، شوێنراوتر و گوندی خاپوورکراوت، خاپوور تر و وڵاتی داگیرکراوت، داگیراوتر دەکەن. ئا.. لەو باوەڕەدا نیم توانیبێتیان. بەڵام ئێستا خۆت ئەوەتا لە یەکەم هەنگاو دایت.. یەکەم هەنگاو و یەکەم تاقیکردنەوە و سەرکەوتوو نەبوویت. ڕووبەڕووی زۆرانبازییەك لەگەڵ چەقەڵێك، ڕێوییەك، کەمتیارێکدا بوویتەوە و دەستت تێی نەچوو.. وتت: گوناحە!. سوبحان.. من پێشت دەکەوم و لە ئێستاوە دەیخەمە قوڵی مشتتەوە.. ئەو ئەرکەی بە ڕەزامەندیی خۆت هاتوویت بەجێی بێنیت، گوناحەی تی ناکەوێ. تێی بکەوێ مەیسەر نابێ. ئێرە جێگەی بەزەیی و دڵنەرمی و چاوخەفاندن نییە. ئێرە دڵی بەردین، پووز و بازووی بەردینی پێ دەوێ. تۆ لەو ساتەوە دەبێ ببیتە تاشە بەردێك.. وەك هەر تاشەبەردێکی ناو ئەو چیا و دۆڵانە. تۆ بەرامبەر دوژمنێك دەجەنەنگیت، کە ئەگەر وا نەبیت بەرگەی فوویەکی ناگریت. نەك تەنیا ئەو، بەرگەی شەو و ڕۆژێك سەختیی ژیانی ناو ئەو چیاوچۆڵە ناگریت. تۆ بڕوانە.. یەکەم شەقاوتە و ئاسمان چ غەزەبێکت بەسەردا دەبارێنێ!. تووشی چ مرەمرێکی کردیت!. ئەمە لە چاو ئەوەدا کە دادێ پەشمەکە. من نامەوێ بتتۆقێنم.. من بەری بینایت لێ ڕوون دەکەمەوە.. بەری بیر و هۆشیش. ئەگەر وا بزانیت مەسەلە تەنیا، شەڕە تفەنگ و تاقوتۆقە هەڵەیت. ئەوەیان ئاسانترین کارمانە. بەڵام قورسەکە بەر لەمە و دوای ئەوەیە. قورسەکە ئەوەتا لە یەکەم هەنگاودا، نموونەیەکت لێ بینی. لە ڕۆژانی داهاتوودا. زۆری تریشی لێ دەبینیت.. زۆرێکی لەو

بابەتەی کە دەبێ وەك ئەو تاشەبەردە، سەخت و پتەو و ڕەق و توند داچەقیبیت، هەتا بتوانیت بەرگەی بگریت.. بمێنیت و بمێنیتەوە و بەردەوام بیت.. وەك ئەو تاشە بەردە.. ئا ئەمە..

لەگەڵ دوایین قسەکانیدا، لەپی دەستی شڵپە شڵپ پێدا دەکێشا. لە کاتێکدا ئەم قسەکان بە جۆرێك خامۆشی کردبوون، کە دەتوت کەوتووەتەوە بنی بیرێکەوە، بەڵام ئەو دوای چەند ساتێك بێدەنگی وتی:

– لێم حاڵی بوویت وتم چی؟.

ئەوسا بە قسەهات و بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە وتی:

– یانی تۆ وات پێ باشە، چۆن هاتووم وەها بگەڕێمەوە؟ تۆ وام ئامۆژگاری دەکەیت؟ تەنیاش لەبەرئەوەی وشەی گوناحم بەسەر دەمدا هات؟.

جافر شڵەژا. چاوەڕێی ئەو وەڵامە توندەی نەدەکرد، نەیدەزانی چی بڵێ. دەعباکە بواری بیرکردنەوەی بۆ ڕەخساند. وەك شوێنێکی تری لەو دەوروبەرە نەدۆزیبێتەوە و بایداتەوە سەر ئەملا، بە دزەدزە لێیان نزیك دەبووەوە. تارماییەك و کەنارەو کەنار، بەسەر بەفرەکەدا بە دووچاوی بریسکەدارەوە دەخشا. جافر پێشتر بەدیی کرد. وتی:

– نەموت؟!.. وا هاتەوە.

ئەم لە مەبەستەکەی تێ گەیشت وتی:

– کێ؟.. گوناحەکە؟.

ئەویش وەڵامی ڕێك خستبوو وتی:

– سوبحان.. تکات لێ دەکەم خراپم لێ تێ مەگە. ئەگەر لەناو دڵی من و حەمۆلدا دەبوویت و دەتزانی چەندمان هاتنت پێ خۆشە، قەت ئەو قسەیەت بە دەمدا نەدەهات. گەڕانەوەی چی و ئامۆژگاریی چی؟!. من تەنیا ویستم پێشەکی لە چەند ڕاستییەك ئاگەدارت بکەم، کە سبەی دوو سبەیەك بە لووتتدا دەتەقنەوە. چاکە.. هەرچیم وت بیانسڕەوە.. با وازی لێ بێنین تا خۆت، بە کردار شارەزایان دەبیت. وا تێ دەگەم بکەوینە ڕێ باشە. ئەوەتا ئەویش هەر دێت و دەچێ. با لەوە زیاتر لەوبەر بەفرە چاوەڕێ نەکا.

– گوناحە.. وانا؟ قسەکەی تۆش هەر ئەو کفرە دەگەیەنێ کە من کردم.

جافر پێکەنی و بەبێ وەڵامدانەوە، کەوتە سەرپێ و تفەنگی کردە سەر شانی. ئەم پێش ڕاستبوونەوەی وتی:

– تۆ بڵێیت کولیچە بخوا؟.

– بۆچی؟

– هەندێ کولیچەم پێیە.. سێ چوارێکی بۆ دانێم.

– کرێی ژوورەکەیەتی؟ داینێ.. بەڵکو!. ئەی خۆ گۆشتی قووتومان پێیە؟.

– نا نا ئەوەندە بەرمەکی نیم.

***

ئەو کاتەی بن تاشەبەردەکەیان جێ هێشت، بەفر ڕەشایی بە دەرەوە نەهێشتبوو، بە بارستایی دوو بستیشی تێ کردبوو. قاچیان تا نزیك ئەژنۆ ڕۆ دەچوو. جافر پێش ئەوەی بگەنە ئاستی تاتەکە وتی:

– ئەگەر بە گژیدا بچین، پشتمان دەشکێنێ!. من دەیناسم و دەزانم چ ماڵێکە!. بە وشکی غەزەبێکە بۆ خۆی، جا وەرە بەفریش بەسەرییەوە تا ئەژنۆ بێ!. نەکەین باشە!.

– ئەی؟

– خۆمانی لێ لادەدەین. دوور بڕۆ و سەلامەت بگە. پێچە بە دەورەی لێ دەکەین. تۆ بە دوامدا وەرە و لێم دامەبڕێ، ئیتر خەمت نەبێ.

فێڵەکەی هەرچەندە سەعات و نیوێك کاتی خایاند، بەڵام سەری گرت. تات کەوتە پشتیانەوە و ئاودڕ لووت بە لووتەوە. جافر سوورێکی بە دەوری خۆیدا خوارد. لەبەرئەو تەڵخە ڕووناکییەی، سپێتی بەفرەکە دەیدا بە دەوروبەریان، بۆ پەناو پاسارێك گەڕا پشوویەکی تێدا بدەن و نەبوو. ڕووی پرسیاری لەم کرد و وتی:

– لە چیدایت؟.. خۆ!..

ئەم نەیهێشت تەواوی بکا، وتی:

–- هێشتا گوڕم زۆر تێدایە.

– ئاودڕێکی زۆر سەختە..

– گوێ مەدەرێ.. بکەوە ڕێ.

– ئاگات لە جێ پێت بێ.. من بست بە بستی شارەزام.. هەنگاو بەهەنگاو بەدوامدا سەرکەوە. وریای خزینی بەفری ژێر قاچت بە.

دوای چەند شەقاوێك، جافر ڕاوەستا و وتی:

– تفەنگەکەتم بدەرێ، با باری شانت سووکتر بێ.

ئەم پێی ناخۆش بوو، وتی:

– جا باری شانی تۆ قورستر دەبێ!.. نایدەم.. بڕۆ.

***

کە گەیشتنە سەر لووتکە، ماندوێتی بڕستی لەبەر بڕیبوون. لایان دایە نێوان دوو تاشە بەردەوە، کە سەریان بەیەکەوە نابوو. وشکاییان لە ژێریاندا بەدی نەکرد. بەڵام بۆ جگەرەکێشانەکە بە کەڵك بوون. ئەم لەسەر جانتاکەی دانیشت. جافریش لەسەر گاشەبەردێك بەفرەکەی لەسەر ڕامالّی و وشکی کردەوە. بە دەم جگەرەکێشانەوە جافر وتی:

– ئەگەرچی نامەردیی لەگەڵدا کردین، بەڵام لوتفیشی هەیە.

ئەم وای زانی مەبەستی کەسێکە، وتی:

– کێ؟

– ئەم بەفرە نەگریسە.. نە دەبوو بیخاتە وەختێکی تر؟.

– نەیخست و وا نامەردییەکەیم زانی. ئەی لوتفەکەی کامەیە؟.

– ئەوەیە کە لێمانی نەکردە زریان. بیکردایە دەردی دەداینێ.

– جا ئەوە پێوەندی بە با و ڕەشەباوە هەیە. دەبێ سوپاسی ئەوان بکەین.

هەردووکیان پێکەنین. جافر وەك پێشتر بیری لێ کردبێتەوە، وتی:

– وا تێ دەگەم چاکتر وایە بەرنامەمان بگۆڕین.

ئەم لە مەبەستی حاڵی نەبوو، وتی:

– چۆن؟.

– ئەم بەفرە بەم تەوژمە بەردەوام بێ و ئەگەر با و ڕەشەباش تۆ واتەنی، لوتفیان نەمێنێ و لێمانی بکەنە زریان، حاڵمان شڕ دەبێ و دەکەوینە بەر مەترسییەوە.

– ئەی چار؟.. نیازی چیت هەیە؟.

– لادەدەینە (توونێل). بە دوو سەعاتێك دەیگەینێ. لەوێ دەمێنیتەوە تا بزانین چۆن دەبێ.

– توونێل چییە؟.

– یەکێکە لە حەشارگەکانمان.. ئەشکەوتێکە و حەمە سالْح ئەو ناوەی لێ ناوە. با بیگەینێ ئەوسا دەبینیت چییە و چۆنە.

– قسە قسەی تۆیە. بە پێویستی دەزانیت لابدەین؟.

– زۆر.. ترسم هەیە لێمانی بکاتە زریان. کە ئەوێمان هەبێ و لەسەر ڕێماندا بێ، بۆچی لانەدەین؟.

بەو نیازە کەوتنە ڕێ. جافر لە پێشەوە و ئەم بە دوایدا. ئاودیوی ترۆپك بوون و قەدپاڵە و قەدپاڵ، ڕێگەیان بەرەو (توونێل) گرتە بەر. بەفر بەردەوام دەباری. بە پرووشە بووایە یا بە کلوو، هێمن و لەسەرخۆ لە بەرزاییەوە دەهاتن و بە ئەسپایی وەك پەپوولە دەنیشتنەوە. لە خرمە و خشەی ڕۆچوونی قاچی ئەمان بە ناو بەفرەکەدا بەولاوە، هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. دەوروبەریان خامۆش خامۆش بوو.

جافر وەك بزنە کێوییەك هەنگاوی هەڵدەهێنا. شارەزای بست بەبستی خاکی ژێر بەفرەکە بوو. ئەمیش بە پێی ئامۆژگاریی ئەو، پێی لە جێی پێی ئەو دادەنا. بەڵام هەر کات چەند هەنگاوێکی زیاد لە ئاسایی دەکەوتە نێوانیانەوە، ئەو ڕادەوەستا و تا ئەم دەگەیشتێ و ئینجا دەکەوتەوە ڕێ، لە دوا ڕاوەستانیدا، بە چەشنی جارانی تری نەکرد. کە ئەم گەیشتە ئاستی، سەری بۆ بەرەوژوور هەڵبڕی و وتی:

– توونێل ئەوەتا بە ژوور سەرمانەوە. سەرکەوتن بۆی کەمێ زەحمەتە. لێرەوە دەبێ ئیتر دەستت بەدەستمەوە بێ.

دەست بەدەستەوە سەرکەوتن. وەك ئەوە بوو بە دیوارێکدا هەڵزنێن. جافری شارەزا بە ئاسانی هەڵدەزنا. ئەم جار جار دەخزا و ئەو دەیگرتەوە. تا لە دوا هەنگاودا. بە کێشی کردە سەر گچکە تەختانییەك و وتی:

– گەیشتین.. ئێستا ئێمە لەبەر دەرگەی (توونێل)داین. حەشارگەی ژمارە دووی مەفرەزە پارتیزانەکان.. دەرگەی دەبینیت؟.

ئەم ورد هەڵی ڕوانی هیچی هەڵنەکڕاند. وتی:

– دەرگە؟.. دەرگەی چی؟!.. من نە دەرگە دەبینم نە ئەشکەوت.

ئەم ڕۆچووەوە ناو بنە دەوەنێکی چڕی داپۆشراوەوە بە بەفر و بزربوو، وتی:

– ڕاوەستە.. تا دەرگە دەکەمەوە.

زۆری نەبرد گەڕایەوە و بە دوای خۆیدا پەلکێشی کرد. ئا.. ئێستا لەناو تاریکستانێکدایە، بەڵام هەست بە دەلاقەیەك لە بەرامبەریدا دەکا. جافر بە ویدا پەلکێشی دەکاتە ناو تاریکستانێکی چڕترەوە کە وشکانییە. دیسان دەڵێ:

– لە جێی خۆت بوەستە و مەجووڵێ.

تێ دەگا ئەو دەچێتە دەرەوە. گوێی لە خشە خشێکە. لەوە دەچێ بە دەرگەکەوە خەریك بێ و وەهای دابخاتەوە شوێنبزر ببێ. ئەوەتا وا هاتەوە تەنیشت ئەم. وا ڕووناکیی لایت بە دەستییەوە دەبینێ. لایتێکی قەڵەمیی بچووکە. ڕووناکییەکەی ئاراستە دەکا و دەڵێ:

– جوان خۆت بتەکێنە، با ژوورەوەمان لێ تەڕنەبێ.

– ژوورەوە؟ ئەی ئێرە کوێیە؟.

– ئێرە کلیلدۆرە.. ئەولاتر هۆڵە.. بە دەستە ڕاستماندا ژوورەوەیە.. پەلەت نەبێ. ئێستا هەموو بەشەکانی ئوتێلە سیاحییەکەمان دەبینیت. ئەی چۆن!.. خۆ گاڵتە نییە.

ئەو پێشی کەوت و ئەم بە دوایدا. بە لایتەکە تەنیا بەر پێیانی ڕووناك دەکردەوە. ئەم وای زەن دەکرد کە بەشێوە ڕاڕەوێکدا ڕادەبوورن. بە زاریش دەری دەبڕی، وتی:

– ئەمەش ڕاڕەوە؟!.

– ئا.. ڕاڕەوە.. با بچینە ژووری خەوتن و چراکە داگیرسێنین، باشتر دەبینیت.

– چرا؟.

– ئا.. چرا.

بە دەستە ڕاستدا وەرچەرخان. جافر بە لایتەکەی، شوێنی چرا فانووسەکەی دۆزییەوە. دایگیرساند و وتی:

– ئەمە ژووری خەوتنە.

ئەوسا ئەم بە وردی کەوتە چاوگێڕان. ئێرە لای ڕاستی ئەشکەوتەکەیە. هەر بەڕاستی کراوەتە ژوورێك و لە هیچ پێویستییەکی سەرەکی کەم نییە. تایمانێکی چڕ تەنراو بە لقە دەوەن و ئاخنراو بە پووش و پەلاش، لەلای دەرگەوە بۆ بنەوەی ئەشکەوت بە درێژی و لە زەوییەوە تا بنمیچ بە بەرزی، بۆی کراوەتە دیوار. سەرانسەری بە بەتانیی کۆنە دادووراوە. لە بنەوە دەرگەیەکی تەیمانبەندی بۆ کراوە. سێ دیوارەکەی تر پێکەوە، یەك دیواری کەوانەیی پێك دێنن و بەوە ژوورەکە، شێوەی نیوە بازنەیی وەردەگرێ. بەرزترین شوێنی بنمیچ کە نزیك دەرگەی دەرەوەیە، لە سێ مەتر بەولاوە نییە. نزمترین کە دەکەوێتە بنەوە، لە مەتر و نیو کەمتر نییە. بە درێژاییی دیوارە کەوانییەکە، بە پێی کون و کەلەبەرە ئەسڵییەکانی، چەندان تاقی تێدا ڕیك خراون. هەر تاقە و بۆ جۆرە پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانە، لە ئازووقە و قاپ و قاچاغ و تەدارەکی چا لێنان تەرخانە. بە بناری دیوارەکە لەمسەر تا ئەوسەری، بە بەرزاییی دوو بست لە زەوییەوە، تەختێکی لە شێوەی قەرەوێڵەیەکی درێژدا، بە لقە دار و تەیمانچنی لێ دروست کراوە. گرمۆڵەیەکەك نوێنی لە چادرەوە پێچراوی لەسەرە..

– ئەوەی دەیبینیت، بەرهەمی ئەقڵی هاوڕێمان حەمەساڵحە.

ئەم سەرسامە. هەر ورد دەبێتەوە.. ″ ئا لە ئەقڵی حەمە ساڵح دەوەشێتەوە. هەردەم بە سەلیقە و دەست ڕەنگین بووە″. جافر دەچێتە دەرەوەی ژوور و دێتەوە. باوەشێك دار و چیلکە و چەوێڵی پێیە. دایدەنێتە تەنیشت ئاگردانێك کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە. چیلکە و چەوێڵی جوان تێدا هەڵدەچنێ. ئەم هەر سەرسامە!. ئەو دەچێ لە بنەوە دەست دەداتە قاپێك و دەیهێنێ. نەوتە!. هەندێکی بەسەر چیلکە و چەوێڵەکەدا دەڕێژێ. بە دەم شقارتە لێدانییەوە دەڵێ:

– دەتبینم حەپەساویت؟.

– بێگومان.

– بۆچی؟.

– ئەوە پرسیاری پێ دەوێ؟. ئاشکرایە!.

– ئا ڕاست دەکەیت.. یەك تۆز سەبرم لێ بگرە.

ئاگر کڵپەی سەندووە. بەجێی دێڵێ و بەرەو بنەوەی دەچێتەوە. ڕادەوەستێ و ئاوڕێك دەداتەوە. دەخنێتەوە:

– هیچ دەبینیت؟.

– نەء.

پشتی لەمە و بە شتێکەوە خەریکە. ئا.. چەپەرێکە و شەتەك دراوە. دەیکاتەوە و لای دەدا. دەلاقەیەك لە شێوەی دەمی توونێلێکدا دەردەکەوێ. وەك ئامێرێکی هەواکێشی تێدا چەسپ کرابێ، دەکەوێتە ڕاکێشانی دووکەڵی ناو ژوورەکە. بەهەڵمژین هەڵی دەمژێ، جافر پێ دەکەنێ:

– چۆنە؟.

– سەیرە!.. ئەوە چییە؟.

– هەواکێشێکی خوا کرد. بەڵام زیرەکییەکی تری حەمە ساڵحی لەگەڵدایە. سوبحان.. خۆ خۆت باشی دەناسیت. بلیمەتێکە بۆ خۆی. دەڵێیت ئەم پیاوە لە بنەڕەتەوە، بۆ ئەم جۆرە پێشمەرگایەتییە خولقاوە. زەفەر بە ڕێوشوێنی وەها دەبا، سەرت سوڕ دەمێنێ چۆن چۆنییە!. پێویست ناکا من بە درێژی بۆتی باس بکەم. دوایی خۆت لە نزیکەوە دەیبینیت و دەزانیت. بەڵام تۆ سەرنج بدەرە تەنیا ئەم نموونەیە: ئەوا هەواکێشێکی سروشتیمان هەیە، هەوای پیس دەبا و فڕێی دەدا کەس نازانێ بۆ کوێ!. چاکە.. خۆ دەبێ هەوای پاك بێتە جێی.. وانا؟ ڕاستە وردە کون و کەلەبەر زۆرن بۆ هاتنە ژوورەوەی. بەڵام بە تاقیکردنەوە دەرکەوت بەش ناکا. هەستمان دەکرد تووشی تەنگەنەفەسی و گێژی و سەر یەشە دەبین. ئەو بیری بۆچی بچێ باشە؟ کە ئەو هەوا کێشەمان بۆ دەرەوە هەبێ، دەبێ بۆ ژوورەوەیشمان هەبێ، بە مەرجێ هەستی پێ نەکرێ و بەتایبەتیش ڕووناکی چرا و ئاگری شەوانی لێ بەدی نەکرێ. جگە لەوەی کە ئاوی بەفر و بارانیشی پێدا نەیەتە ژوورەوە.

ئەم بە دەم قسەکردنەوە کشاوەتەوە لای ئاگرەکە. ئاگر نێڵەنێڵێتی. بە نیازی زیاتر خۆشکردنی، دەسکارییەکی دەکا، هەڵدەستێ و دەچێتە ئاستی بەرزترین ڕادەی بنمیچ و ڕادەوەستێ. بە کون و کەلەبەرەکانی دیواردا هەڵدەزنێ. دەستی دەگاتە بنمیچ و دەڵێ:

– وەرە تۆش سەرکەوە.. وەرە دەستت بێنە.

سەردەکەوێ و دەستی دەداتێ. ئەو تەکانێك بەملا و یەکێك بەولادا دوو تۆپەوانە لە دوو گوڵبێنە دەردێنێ:

– ها؟!.

– ئا.. وایە..

هەوا بە تەوژم و تەنانەت بە سووکە وژەیەکیشەوە، شاڵاو بۆ ناو ژوور دێنێ. دادەبەزن. جافر دەچێتەوە بەلای ئاگرەکەوە. دیسان خۆشی دەکا:

– وەرە دانیشە.. تۆ هەقی هیچت نەبێ.. جارێ میوانیت. ئێستا خواردنێکی شاهانەت بۆ ئامادە دەکەم.

ئەم بەرامبەر ئاگرەکە دانیشتووە. چەندە لەشی گەرم دادێ. هێندەش بە بیر و هۆش زیت دەبێتەوە. ڕوونتر وردەکارییەکان دەبینێ. جافر لە گرمۆڵەکە نەویوە و دەیکاتەوە. دۆشەك و بەتانی و سەرین..

– شێیان هەیە.. زۆر نا کەم.

وشککردنەوەیان بەم دەسپێرێ. بە دەوری ئاگرەکە هەڵیان دەخا. نەرمە هەڵمێکیان لێ بەرز دەبێتەوە. جافریش هاتووەتە بەر ئاگرەکە. کۆڵە پشتەکەی هێناوەتە بەردەمی. خواردنە قوتووەکانی لێ دەردێنێ. یەکە یەکە سەیریان دەکا. نووسینەکانیان دەخوێنێتەوە. هەڵدەسێ و دەیانبا دەیانخاتە تاقێکەوە. لە تاقێکی تردا دوو قوتوو دێنێ. مەنجەڵۆکەیەك و کەوچکێکیش. دادەنیشێتەوە و نووسینەکانی ئەوانیش دەخوێنێتەوە. بۆ مێژووی بڕکردنیان دەگەڕێ. دەیدۆزێتەوە و دەڵێ:

– بە بەریان ماوە.. ئامۆژگاریی حەمە ساڵحە.. کۆنەکان بخۆن و تازەکان بخەنە جێیان. لە بیریشتان نەچێ.. لە مێژووەکەی دڵنیا بن کە کۆن نەبووبێ.

هەڵیان دەپچڕێ و دەیانکاتە مەنجەڵۆکەکەوە. دەیخاتە سەر ئاگر و دەکوڵێ. ژەمە شاهانەکەیە. فاسۆلیا و قیمەی گۆشتی گا:

– لە ماڵی باوکیشتا شتی وات خواردووە؟.

– نەء.. بەڵام تۆ پێم بڵێ..

– چی؟!.

– ئەوە.. ئەو توونێلە هەواکێشە.. چییە و بۆ کوێ دەچێ؟.

– دەڵێی مێشکتی خەریك کردووە؟

– زۆر.

– بۆچی؟!.

– بەلامەوە سەیرە و حەز دەکەم بزانم.

– مادەم ئەوەندە حەز دەکەیت پێتی دەڵێم. بەڵام پێشت دەکەوم  کە نەیکەیت باوەڕ بکەیت!. ئەوە ئەگەر هەر بڕۆیت و هەر بڕۆیت، دەتگەیەنێتە شارێکی ژێر زەمینی کە خەڵکەکەی لە ئێمە ناچن. دەوترێ لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆندا.. زۆر کۆن.. لە ئەستێرەیەکی دوورەوە هاتوون لە وێدا جێگیر بوون.

– بە قسەی کێ؟.

– بە قسەی.. بە قسەی.. ئەی چیم پێ وتیت؟.

دەدەنە قاقای پێکەنین. دەنگی وژەیەکی تیژ لە دوو گۆڵبێنەکەوە، بێدەنگیان دەکا. تەوژمێکی توندی هەوایە، لە ئاگرەکە دەدا. کڵپەی ڕووەو توونێڵەکە لار دەکاتەوە. بە دوایدا گڤە و لوورەیەکی بەردەوام دەبیسن..

– زریانە.. ئاخری کردی..

– چاکمان کرد لامان دا... وانا؟.

– بێگومان.. بڕۆیشتینایە دەکەوتینە داوییەوە.

گەرمیان بووەتەوە. حەوانەتەوە. تێریان خواردووە. نوێن شێی نەماوە و ڕاخراوە. کاتی خەوتنە.

***

جافر ئاگری دامراندەوە. تۆپەوانەی ئاخنییەوە ناو یەکێك لە گۆڵبێنەکان. چوو دەرگەی توونێڵیشی شەتەك دایەوە. ئەوسا چرای کز کرد و ڕاکشا بنوێ.

ئەم لێی پرسی:

– دەرگەی توونێلەکە بۆچی؟.

– نەوەکو یەکێ لە خەڵکی ئەو شارە بێت  بەمدیودا.

– قەت هاتووە؟.

– نەء.. بەڵام دەڵێم..

– ئەی بۆ ئێمە نەچین؟.

– حەمە ساڵح ئامۆژگاریی کردووین کە نەچین. ئەو خۆی جارێکیان چوو. دوای

نزیکەی نیو سەعات کە هاتەوە، هەموو گیانی ئاودامان سپی بووبوو.. سپی سپی وەك چۆڕی شیر. لێمان پرسی: چیت دی؟. وتی: هیچ.. هەر ڕۆیشتم و هەر سپێتی بوو.. هەتا چاو هەتەر بکا هەر سپێتی بوو. ئیتر داوای کرد کە کەس نەخەڵەتابێ بچێ.

– دەبا من و تۆش سەرێکی پێدا بکەین، بزانین چییە؟.

– من لە قسەی حەمە ساڵح دەرناچم.. تۆش کەیفی خۆتە.

هەردووکیان پێکەنین. جافر جگەرەکەی دەستی کوژاندەوە. جەستەی توند وەك مەلۆتکە پێچایەوە. بە دەم سەرنانەوە وە وتی:

– بنوو.. نەچیت.

ئەو نووست. پرخەیەکی هێمنی تێکەڵ لە سووکە فیکەیەك، لە شێوەی ئاوازێکی خەمناکدا لە دەمییەوە دەردەهات، کە ئەمی بە چاوێك دەکردە خەو و بە چاوێك بە ئاگای دەهێنایەوە. بە دەمییەوە خەیاڵ بردییەوە. سەرەتا تیژێك گەڕایەوە بۆ دواوە.. بۆ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە و تیژ پێدا هاتەوە. " بەیانی لە کوێ بووم.. نیوەڕۆ لە کوێ و ئێستا لە کوێ؟ بە ئەسپایی سەرنجێکی سەراپایی گێڕا. بینایی لەسەر ڕووی جافر گیرساندەوە. ڕووی لەمە. جامانەکەی کردووە بە لەچکی. چاوی نووقاوە و خەوتووە. پرخە بە ئاوازەکەی هەر دێ. بەڵام نەرمە بزەیەکی بەسەر لێوەوەیە. بینایی لەو لادەدا. دەڕوانێتە دەرگەی تونێلەکە. چاوی لەسەر ڕاگیر دەکا. لەرەلەرێکی پێوە دەبینێ. لەرەلەری بێژنگێك و بەرامبەر تیشکێك ببزوێنرێ. لەرەلەرە تیشکەکە ڕوو لە خێرایی و درەوشانەوەن. دەرگە لەسەرخۆ دەکرێتەوە. تارماییەکی ئاودامان سپی.. سپی وەك چۆڕی شیر، لەناو تیشکەکەدا تیشك دەداتەوە. ڕووەو ئەم ڕاوەستاوە. پەنجەیەکی تیشکدار بە سۆزەوە، بۆ ئەم هەڵدەتەکێنێ. دەڵێ: وەرە.. وەرە!. بە دەم هەڵسانەوە ڕووی جافری دەکەوێتە بەر دیدە. نەرمە بزەیەکی هەر بەسەر لێوەوەیە. بەلایدا ڕەت دەبێ و دەڕوا. تیشکی ناو تیشکەکە کەمەنکێشی دەکا. جەستەی لێ دەکاتە پەپوولە پایزەیەك و لەگەڵ خۆی دەیبا. ماوەیەك و لێی جودا دەبێتەوە. ئەم خۆی ئێستا بە ناو توونێلە سپییەکەدا، کە بووەتە چراخانێك هەڵدەفڕێ. بەسەر پلیکانەیەکی هەزار بە هەزاردا، بۆ قووڵاییەکی زۆر قووڵ دادەفڕێتە خوارەوە. شارێکی لێ دەردەکەوێ و دەیگاتێ. شارێکە لە زیو. لە ژێر ئاسمانێکی زیویندا و بە بەر خۆرێکی زیوینەوە. پەپوولە ئاسا دەنیشێتەوە. شار و خەڵکەکەشی زیوپۆشن و تەنانەت زیو پێستیشن. هەموو سەرقاڵی

یەك جۆرە ئیشن. ئەم هەوڵ دەدا بزانێ چییە و بۆی ڕوون نابێتەوە. وا مەزەنە دەکا کە خەریکی دروستکردنی کەشتییەکی ئاسمانی بن. یا لە بنەڕەتەوە لە ناو کەشتییەکی لەو بابەتەدا بن و بۆ فڕینی ئامادە بکەن. کە یەکەیەکەش تێیان دەڕوانێ، وەك تیشکێکی گەشی دەوردراو، بە تیشکێکی گەشی تر دێنە بەرچاوی. وا زەن دەکا کەیەکبەیەکیان دەناسێ. دیونی و بە زەینی نامۆنین. ڕۆژێك لە ڕۆژان، لە شوێنێك لە شوێنان دیونی و زۆرجاریش نەك کەم!.. چەن ورد دەبێتەوە و سەرنج دەدا، دڵنیاتر دەبێ.. " دیومن.. دیومن.. دیومن.. ئەو دەموچاوانە.. ئەو سەروسیمایانە.. ئەو بەژن و باڵایانەم دیون. زیوپۆشی و زیوپێستییەکە لێمی دەشێوێنن، دەنادەیاننناسمەوە! ".

هەوڵ دەدا بیاندوێنێ و زمانی بۆ نایەتە گۆ. تەقەلا دەدا دەستی بەر لەشیان بکەوێ و سەرنجیان ڕابکێشێ و دەستی بۆ نابزوێنرێ. ئەوانیش وەك بە لایانەوە ئەم هەر نەبێ، بێ هەست و هۆش بە لایدا ڕادەبوون. لە دڵدا لێیان پەست دەبێ. بە سپڵە و بێوەفایان دەزانێ. تووڕە دەبێ و دەیەوێ پشتیان تێ بکا. جێیان بێڵێ و چۆن هاتووە وەهاش بگەڕێتەوە. بەڵام نەء.. ئەها ئەوە یەکێکیانە هاتووە، شان بەشانی هەنگاو دەنێ و بە دزەتیلەیەك سەیری دەکا.

بگرە سووکە زەردەیەکیشی بەسەر لێوەوەیە. هەرچەندە زیوپۆشی و زیوپێستییەکەی لەوانی تر خەستترە، بەڵام لە هەموویان باشتری دەناسێتەوە.. وا مەزەنە دەکا و کە زۆر باشتر و ئاسانتر دەیناسێتەوە. تەنانەت بڕیار دەدا لێێ نزیك ببێتەوە و بێ سڵەمێنەوە.. وەك هەر جارێك کە لە شار گەڕابێتەوە.. خۆی بە ماڵدا کردبێ و ڕێکەوت وای سازاندبێ کەس لەو دەوروبەرە نەبووبێ.. شاڵاو بەرێ و مارپێچ تێی ئاڵێ.. ئێستاش باوەشی پێدا کرد و تێی دەئاڵێ. کەچی چەندە هەنگاو دەنێ و دەنێ و دەنێ، ماوە لە نێوانیاندا کەم نابێتەوە و نابێتەوە!.. جارێك و دە و بیست.. هەنگاوێك و دە و بیست.. ماوە وەك خۆیەتی!. تا لە ناکاوێکدا، وەك ئەو لەم زویر ببێ، لا دەدا و دوور دەکەوێتەوە. هەر لەو ساتەشدا دەیبینێ کە پەلی بە پەلی دوو گچکە تارمایی زیوینەوەیە. تێ دەگا کە بە درێژایی ئەو ماوەیەی شان بەشانی یەکەوە بوون، ئەوان هەردووکیانی لە تەکەوە بوون و ئەم نەیدەبینین. ئەوە ئاگری تێ بەردەدا. ڕادەپسکێ بە دوایاندا ڕابکا و قاچی لە دووی ناچن.. هەنگاوی بۆ نانرێن!. ئەوان ئەوەتا بە بەرچاوییەوە، سات بەسات دوور و دوورتر دەکەونەوە. دەڕۆن و لە ناخدا هەست دەکا، کە ڕۆیشتن ئیتر نایانبینێتەوە.. ئیتر ببڕاییبڕ بە دیداریان شاد نابێتەوە. ئەو هەستە دیقی پێ دەکا..

سەری دەئاوسێنێ.. سینەی دەتەقێنێ.. خەریکە لە داخاندا لێك دەبێتەوە. بەڵام بێ کەڵکە. تارماییە گەورەکە.. دوو گچکەکە.. ئەوەکانی ترو شارە زیوینەکەش بە هەرچییەکەوە تێیدان، چۆنی لێ دەرکەوتن وەهاش بزر دەبنەوە. دەڵێیت هێزێکی زەمبەلەکی هێناونییە پێشەوە و بەرەو دوایان دەباتەوە! ئێستا پاشە و پاش بە تونێلەکەدا، تونێلی سپی سپی وەك چۆڕی شیر.. ڕووناك ڕووناك وەك چراخان دەکشێتەوە. پەپوولە پایزەکەیە و شەماڵی تیشکی ئەفسوون واوە.. بۆ ناو ژوورەکەی ناو ئەشکەوتی تونێل.. بۆ لای جافری خەوتووی بێ خەمی دێنێتەوە.

– سوبحان.. سوبحان.. ئەوە چییە؟.. خەریکی چیت؟.

کە جافر بانگی لێ کرد و بە ئاگای هێنا، وەك داهۆڵێك لە بەردەم دەرگەی تونێلەکەدا ڕاوەستابوو. وەرچەرخا و بۆ ماوەیەك، بە واقوڕماوی لە جافری ڕوانی. هێشتا باوەڕ بە چاوی خۆی ناکا. ئەوسا لەسەرخۆ گەڕایەوە سەر جێگەکەی و وتی:

– هیچ!.

– ئەی بۆ لەوێدا بوویت؟.. ویستت بچیت؟.

– ئا چووم و هاتیشمەوە.

– بەڕاست؟.

– بەڕاست.

– چیت دی؟.

– شارێکی زیوین.

– توو شەرەف!.. دە پێم بڵێ: کێی لێ بوو؟.. کێت دی؟.

– غوربەت و بنار و چنار.. دایکم و باوکم.. خەڵکی حاجی سوبحان هەموو.

جافر هەڵسابووەوە سەر باری دانیشتن. پرسیارەکانی دەخستنە قالبی سەرسوڕمانەوە. وەڵامەکانیشی بە بایەخ پێدانەوە وەردەگرتن و خۆی بۆ گوێقوڵاغ دەکردن. لەگەڵیاندا زەردەخەنەیەکیشی نیشاندبووە سەر لێوی. بەڵام بە بیستنی دوا وەڵام، چووە ناو قاوغەکەی. بۆ ماوەیەك کڕوکاس بوو. ئەوسا هەڵسا و چوو چراکەی خۆش کرد. دوو جگەرەی داگیرساند. یەکێکیانی بۆ ئەم ڕەت کرد و دووەمیانی نا بە لێوییەوە. دانیشتەوە سەر جێگەکەی. دوو سێ نەفەسی قووڵی لە جگەرەکەی دا. ئینجا

بەدەنگێکی خەمباری پڕ لە سۆزەوە وتی:

– سوبحان.. براکەم.. هاوڕێم.. هەموومان هاودەردین.. بە دەست یەك مەینەتییەوە دەناڵێنین. من ناڵێم لە داخ و خەفەت بشۆڕێینەوە. ئەوە کارێکی ستەمە. ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە، فەرامۆشکردن و لەبیرچوونەوەی بۆ نییە. جەخارێکە و لەگەڵ تەمەنماندایە. بەڵام چاکتر وایە.. هەق وایە وا پێویست دەکا، بیگۆڕین بە ڕق.. بە کینە.. بە گیانی بەرگری و بەگژداچوون.. بە تەقینەوە بەڕووی دوژمندا و بە هەوڵی تووناکردنی. سوبحان.. بۆ ئێمەیەکی جەرگ و دڵ پارەکراو.. بۆ تۆ، من، حەمۆل، حەمە ساڵح و بۆ هەزارانی وەك ئێمە و سەدەها هەزاری تری هەریەکە بە جۆرێك داخکراو، ئەوە تاقە ڕێگەیە. سوبحان.. دەزانم ناتوانین داخ و خەفەت بەلاوە بنێین. بەڵام با بەولایەیدا ببەین.. با بیرێژینە ئەو ڕووبارەوە. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟.

ئەم بێ ئەوەی بۆی بڕوانێ، وتی:

– تێ دەگەم.. ئەوەتا بۆی هاتووم.. با بنووین.

تەنیا هێندە و ئیتر جامانەکەی کرد بە لەچك. ڕاکشاو توند خۆی پێچایەوە.

پێش ئەوەی چاوی خەوتن لێك بنێ.. وتی:

– ناچمەوە.. ترست نەبێ.. بنوو.

***

## ٣

دەمەدەمی عەسر بوو کە زریان بەرۆکی ناوچەکەی بەردا. دەرەوەی ئەشکەوت لە ناکاوێکدا، بوو بە ئاشی ئاو لێ کەوتوو. جافر چوو لە دەرگەوە بە دەستوورێکی تایبەتی، سووسەیەکی کرد و ڕای گەیاند کە سایەقەیە و هەتاوە و هەوا کشوماتە. وتیشی کە لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا دەکەونە ڕێ.

لەو ماوەیەدا ژووری ئەشکەوتیان، بردەوە دۆخی پێش هاتنیان. هەر شتە و خرایە جێی خۆی. نوێن  گرمۆڵە کرایەوە و بەسترایەوە. تۆپەوانە خرایەوە ناو گوڵبێنە. چرا فووی لێ کرا. دەرگەی توونێل و ژوور بەسترانەوە. کۆڵەپشتیان کردەوە کۆڵ و لە ئەشکەوت بە دەرکەوتن. جافر دەرگەی توند چەسپاندەوە و لە بینین حەشاری دایەوە. بە لقە دەوەنێکی قژقژاوی، دەستی کردە شێواندنی شوێن پێیەکانیان. بەتایبەتی بەردەرگە و سەر تەختانییەکە و دوورتریش، بۆ ماوەی چل پەنجا شەقاو.

بە بێدەنگ قەدپاڵە و قەدپاڵ، شەفتوول داخزانە خوارەوە بۆ ناو دۆڵ. ئەو کاتە هەور پەڵە پەڵە، بەری ئاسمانی گرتبووەوە. لەتە مانگێك بەیناوبەین، لە نێوانی پەڵە هەورەکان دەردەکەوت. دیمەنێکی زیوینی گەشی زۆر دڵگیری، بە دەوروبەر دەدا و بەری بینینی ئەمانیشی ڕوونتر دەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جافر، لە یەکەم هەنگاوەوە ئەمی ئاگەدار کرد، کە بەدوایەوە بێ و پێ بنێتە سەر جێی پێکانی.

ناو دۆڵ سێلاوێکی سووکەڵەی پێدا بەرەوخوار دەبووەوە. جافر بەرامبەری ڕاوەستا و تێی ڕوانی. لەژێر ڕووناکیی مانگەشەوەکەدا، پێوەی دیاربوو کە دوژمنکارانە سەیری دەکا!. ئەم ویستی بپرسێ و ئەو دەری بڕی. وتی:

– دۆڵێکی پێچاوپێچی دوور و درێژە. ئەگەر ئا ئەمە ڕێگەمان پێ نەگرێ، بە سێ سەعاتێك کۆتایی پێ دێنین.

ئەم تێ نەگەیشت لێی پرسی:

– ئەمە؟ بۆچی؟ مەبەستت چییە؟.

ئەو مەتارەکەی لەناو قەدی کردەوە و دانیشتە سەر چیچکان. پڕ لە ئاوی کرد و نای بەسەرییەوە. تێری لێ خواردەوە و پڕی کردەوە. ئەوسا هەڵسایەوە سەرپێ و وتی:

– تۆش مەتارەکەت پڕ بکەرەوە.. با پێشت بڵێم مەبەستم چییە!. ئا ئەم جۆگەلە سووکەڵە بێ وەیە، ڕەنگە لە خوارەوە وردە وردە، لێمان ببێتە ڕووبارێکی چەتوونی هاری ئەوتۆ، کە نەتوانین تەنانەت توخنیشی بکەوین.

– چۆن؟.. بەچیدا دەیزانیت؟.. تۆ لەوەبەر دیوتە؟.

– دۆڵەکەم دیوە دەزانم چەند لکی لێ دەبێتەوە. ڕەنگە لە سەد لاوە، سێڵاوی تری تێ بڕژێ.

– هەر دەشبێ لێرەوە بڕۆین؟.

– ئا.. چونکە زۆر نزیکمان دەکاتەوە.

ئەگەرچی تا دۆڵیان کۆتایی پێ هێنا، ناچاری نۆ جار پەڕینەوە بوون، بەڵام لێیان نەبووەوە ڕووبارە چەتوونەکە. تەنیا لە دوا جاردا، هەندێ گێچەڵی پێ کردن و ترسی خستە بەر دڵیان. بۆ لەوە بەدوا کە دەبوو هەوراز سەربکەون، حەوانەوە و جگەرەکێشانێك و ئینجا خۆ گورجکردنەوە پێویست بوو. لایاندایە ناو حەشارگەیەك. ئەم سێ چوار کولیچەی لە پشتەکۆڵەکەی دەرهێنا و وتی:

– با پێش تاڵەکە، دەممان شیرین بکەین.

جافریش وتی:

– با گۆرەوییەکانمان بگۆڕین و قاچ و قولمان، وشك و توندوتۆڵ بکەینەوە. دەچینەوە ناو بەفر.

کە کەوتنە ڕێ، ماوەیەك بە لێژاییەکدا سەرکەوتن و جافر ڕاوەستا. سەری بەجۆرێك بەرز کردەوە کە دەتوت بۆ ئاسمان دەڕوانێ و وتی:

– ئێرەیە سوبحان.. سەختترین قۆناخی ڕێگەکەمان ئێرەیە. هەڵزنانە بەم دیوارە نەعلەتییەدا. هەموو بە دەستییەوە زەلالەتمانە. چاریشمان نییە. دەبێ بە گژیدا بچین و بەسەریدا زاڵ ببین.

– ڕێگەیەکی تر نییە؟

– با.. دەمانتوانی لەناو دۆڵەکە دەربچین و ماوەیەك، بە پێدەشتدا بڕۆین و ئەوسا وەرگەڕێینەوە ناو چیا. بەڵام ئەو دەمانباتە ناو قورگی ئەژدیها حەوت سەرەکەوە.. ناو موڵگەیەکی سەربازیی گەورەوە.. لەبەرئەوە ناچارین لەگەڵ ئەم ئەژدیهایەی خۆماندا، پێکدا هەڵگژێین. ئەم هەرچەندە لە پەلوپۆمان دەخا، بەڵام حولمان نادا.

– من لەم قسەیەت ڕازی نابم.. چۆن دڵت دێ بەمیش بڵێیت ئەژدیها. ئەو نەك حەوت، بگرە سەد سەرە ئا. بەڵام ئەم نەك ئەژدیها نییە، بگرە فریشتەیە. باوەشی دایکە.. هێلانەیە.. ماڵە.. ماڵی دووەمت. یەکەمیان وێران کردیت، ئەمیانت ماوە. بێ سفەت مەبە. کێ بوو دوێنێ شەو داڵدەی دایت؟. کێیە بە فریات دەکەوێ لەو ئەژدیها هەزار سەرە دەتپارێزێ.. ها.. کێ.. هەی بێ ویژدان؟.

ئەم قسەکانی هێندە بە حیرسەوە دەکردن، کە ئەو جگە لە خێرا سەلماندن، هیچ بوارێکی تری لە بەردەمدا نەبوو. وتی:

– وەڵا خۆ ڕاست دەکەیت!. هیچ بابە هیچ.. سەرم دای لە بەرد و عەفووم فەرمووا!.

– بەردی ئا ئەم کەڵەچیایەش.. وانا؟.

– با بێگومان.. با ئەم.

بە دەم پێکەنینەوە ملیان پێوەنا. دە پازدە شەقاوێکی تر و هەورازی دیوار ئاسا دەستی پێ کرد. دەتوت بە دێوە پلیکانەدا سەردەکەون.. دوو پنتکە مرۆڤ و هەنگاو، بە دێوە پلیکانەیەکدا سەردەخەن!. لە چ حاڵێکیشدا؟!.. کە بەفر میتلێکی ئاودامان، بەسەر داکشاندووە و دۆزینەوەی شوێن پێ، دەکاتە کارێکی سەخت و ستەم. بۆیە بەناچاری، سروشتی خۆیان لە بەرامبەریدا، لە دوو پێوە گۆڕی بۆ چوار پێ، و چوارپێیەکی کێوییش. بە چنگە کرێ هەڵدەزنان.

دەست و پەنجەیان، لە بنە دەوەن و درزەبەرد و بنچك و تەنانەت پووشوپەڵاش گیر دەکرد. ڕووی دەدا ئەم یا ئەو، بترازێن و دابخزێن و خۆیان بگرنەوە. دەتوت دوو مرۆڤی گیرخواردووی هەقایەتێکی ئەفسانەیین و ڕێگەی، شکاندنی تەلیسمێکیان پێگیراوەتە بەر.

بە قسەی جافر کە هەر بەیناوبەینێك ئاگەدارییەکی دەدایە، هێندەیان نەمابوو بگەنە سەرەوە کە ئەم لێی قەوما. بە مەزنەی خۆم قاچی چەپی، نیشاندبووە سەر شوێنێکی تۆکمە و دەستی ڕاستی، لە کەرسە بەردێکی قایم گیر کردبوو. کە تەکانی دا

قاچی ڕاستت و دەستی چەپی سەرووتر بخاو ترازا. شوێن پێی تۆکمە نەبوو. کەرسە کە بەردیش، قورسایی جەستەی بۆ گل نەدایەوە و بەرەوخوار، بەسەر دەمدا داخزا. هەردوو کڵاوەی ئەژنۆ و هەردوو لەپی دەستی، بەر جەزرەبەی داخزانەکە کەوتن. توێژاڵێك پێستیان لێ داماڵران و کسپەی ژانێکی تیژیان، لە هەناوی هەڵساند. لەو ساتەدا، لە گەرماوگەرمیی شاڵاوی ژانە بە کسپەکەدا، دڵی ختوورەیەکی خراپی کرد و وتی: ″ لە پای چی؟!″. بەڵام زوو خەفەی کرد و بە ڕقەوە، بە وشکە تفێك شەیتانی بە لەعنەت کرد. کسپەی ئازاری بەلاوە نا و باڵی بە خۆی گرت. شێتانە هەڵزنایەوە. تا چەند هەنگاوێك سەروو جافر نەکەوت نەوەستایەوە. کاتێکیش ئەو گەیشتە ئاستی و لێی پرسی:

– ئەوە چی بوو؟.

ئەم وتی:

– شەیتانم بە لەعنەت کرد. با بگەینە سەرەوە بۆتی باس دەکەم. زۆرمان ماوە بگەین؟.

– نەء.. وای دابنێ گەیشتووین.

لە سەرەوە جافر ئاگای لەم نەما. وەك بەدەم هەڵپەیەکەوە چووبێ، لە چاوی ئەم بزر بوو. کە گەڕایەوە دەتریقایەوە و لە دوورەوە دەیوت:

– نەباریوە.. لەوبەر بەفر نەباریوە.. ئیتر کارمان ئاسانە.

ئەم ئەو ساتە، گاشەبەردێکی لە بەفر پاك کردبووەوە و لەسەری دانیشتبوو. هەردوو لاقی درێژ کردبوون و دەرەلنگی شرواڵی، تا سەر ئەژنۆ هەڵکشاندبوو.

هەردوو پشتی دەستیشی نیشاندبوونە سەر هەردوو ڕانی لەپەکانی واڵا کردبوون!. ئەو تا گەیشتە ئاستی هەر دەیوت:

– نەباریوە.. لەودیو بەفر نەباریوە.

بەڵام کە گەیشت و لەبەر ڕووناکیی لەتە مانگەکەدا کە هێشتا بە ئاسمانەوە بوو، دیمەنەکەی بینی و سەرنجی دایە، بە سەرسوڕمانێکی تێکەڵ لە تەنگەتاوییەوە وتی:

– ئەوە چییە؟.. بە چی وات لێ هات؟.

ئەم بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– لە داخزانێکدا.

جافر بۆی دانیشتە سەر چیچکان. خوێن لە کڵاوەی ئەژنۆکانییەوە، بەسەر هەردوو لاقیدا دەزوولەی بەستبوو. ناو هەردوو لەپیشی سوور دەچوونەوە. بە دەم داگرتنی کۆڵەپشتەکەیەوە وتی:

– کەی بوو؟.. بۆ قسەت نەکرد؟.

ئەم وەڵامی نەدایەوە. ئەو دەرمان و لۆکە و لەفافی دەرهێنان. برینەکانی تیمار کردن و پێچانی. لێی پرسی:

– ئێسقانی ئەژنۆت سەلامەتە؟.

– ئا.. تەنیا پێستەکەیە.. وتت لەودیو نەباریوە؟.

– نەباریوە. نەك تەنیا ئەوە، بەڵکو ڕێگاش ئیتر خۆشە. تووشی ئەژ.. ببوورە.. هەورازی سەختی تر نابین. قەدپاڵە و قەدپاڵ دۆڵاو دۆڵ دەیبڕین.

***

ئێرە حەشارگەیەکی تری وەکو ئەولایە و مەفرەزە مەڵاسی تێدا خواردووە. ئەمیان بەدیوی دەرەوەیدا بە ڕووەوەترە. بەڵام شوێنەکەی چەپەکەتر و بەپێچوپەناترە. بەرەبەیان تاریك و لێڵ کە نزیکی بوونەوە، جافر وتی:

– هاتنی تۆ فرسەتێکە، بۆ تاقیکردنەوەی حەشارگەی ئەملامان، ئێستا ئێمە لێوەی نزیکین. دەی بە هەر چوارلا چاو بگێڕە، بزانم دەیدۆزیتەوە.

ئەو بە وردی کەوتە هەڵڕوانین. لە قووڵاییی دۆڵێکدان و لە بەردەمیاندا، سێ لکی لێ دەبێتەوە. یەکەمیان بۆ پێشەوە، درێژە پێدانی دۆڵەکەیە. دووەم و سێیەم دوو دابڕن، کە دەمی شمشێرێکی خواوەندی، لە ئاسمانەوە وەشێنرابێ و هەردوو شاخی، ئەملا و ئەولای دۆڵەکەی شەق کردبێ!. ماوەیەك بە دەوری خۆیدا خولایەوە. بینایی بە وردی، بە ترۆپك و قەدپاڵ و خەرەند و دابڕەکاندا گێڕا و بێ ئەنجام بوو. کۆڵی دا و وتی:

– نایبینم.

جافر وتی:

– حەمە سالح پێی خۆش دەبێ.

پێشی کەوت و لایاندایە ناو دابڕی دەستە چەپ. دوو دیواری بەرز و بەرینی زەبەلاح و سێلاوێك. بە نێوانیاندا بەرەوخوار دەبووەوە. بەسەر قەفی درەختێکی ڕایەڵکراودا، پەڕینەوە بۆ بەری لای دیواری دەستە ڕاست. کەوتنە ناو تاشەبەردگەلێکی تێکەڵ و پێکەڵەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك بوون لە دیوارەکە و داڕماونەتە خوارەوە. دە دووازدە مەترێك پێچاوپێچ، بەناویاندا ڕۆیشتن و ئیتر گەیشتنە جێ مەقسەد. ئەوە پاشماوەی لایە داڕماوەکەی دیوارەکەیە و دەلاقەیەکی تێدایە.. دەلاقەیەکی بەرین کە هیچ شێوەیەکی ئەندازەیی لە خۆ نەگرتووە. جافر پێش چوونە ناو دەلاقەکەوە، سەر هەڵدەبڕێ و بۆ بەرزاییەکی دوور دەڕوانێ.. لەگەڵیدا دەستی سەلامکردن هەڵدەتەکێنێ. ئەمیش هەڵدەڕوانی، بەڵام کەس نابینێ. ئەو لە دەلاقەوە بە ژوور دەکەوێ و ئەمیش بە دوایدا. ئیستا لەناو ئەشکەوتێکی پانوپۆڕی بنمیچ بەرزدان. پێش ئەوەی زیاتر لە ئەشکەوتەکە ورد ببێتەوە، جموجوولی ئادەمییەکانی ناوی.. ئەندامانی مەفرەزە سەرنجی ڕادەکێشن. ئەوەتان بۆ پێشوازی لێکردنی، بەرێز ڕاوەستاون. ئەوە حەمە سالحی فەرماندەیە و ئەگەرچی سالانێکە نەیدیوە، بەڵام هەر ئەو پیاوە بە شانوشکۆ و بە ویقارەی سالانی زووە، کە دیوێتی و ناسیوێتی. تاقە گۆڕانیك تێیدا، لاجانگە ماشوبرنجییەکەی و تاکەتاکەی مووە سپییەکانی سمێڵێتی، کە دیمەنیان لە بەرچاو شیرینتر دەکا. ئەوە حەمۆلە جاشەکەیە و بەدەم بزەیەکی بە مەغزای سەر لێوانییەوە، بە پەرۆشەوە باوەشی بۆ دەگرێتەوە . پڕ بە دڵ حەز دەکا پێی بڵێ: "کەرە.. پێم پێ مەکەنە.. من لە زووەوە لەوسەرت هاتبوومەوە!". بەڵام وەختی نییە و ئەوە هۆشیاری لەشولار خڕیلەی دەموچاو وردیلەیە کە ئەو دیمەنەی، چوار پێنج خوار تەمەنە بیست و چوار ساڵییەکەی نیشان دەدا. ئەوەش پشتیوانی بالابەرزی لاوازکارە و بەپێچەوانەی ئەوەوە، سمێڵە قەترانییە دەسکە کەوەرییەکەی، تەمەنی چوار پێنج ساڵ سەروو بیست و دوو ساڵییەکەی دەخا.. ئەوی تر سۆرانە سووری قسەخۆشی نوکتەبازی بەهاتوهاوارە و ئەوەش کۆچەری کەمدووی کشوماتە و هەردووکیان، لە بیست ساڵییان تێ نەپەڕاندووە. دوا کەس کەمالە.. کەمالی دەنگخۆش، کە خەمی گەورەی ئەوەیە ناتوانێ بچریکێنێ و دەبێ، بە دەنگی نزم و لەبەرخۆوە گۆرانی بچڕێ!. کە لەوان بووەوە، حەمە سالح وتی:

– دوایی ئاواتیش دەناسیت کە ئێستا لە نۆرەی ئێشکگرتندایە.

بە کۆتایی هاتنی سرووتی پیشوازیکردنەکە. تێ گەیشت کە نەخێر.. ئەمە تەنیا

هۆڵی حەشارگەکە بوو. دەنا حەشارگە ئەوەتا لەبنەوەتردایە. بنەوەتر بە دیوارێکی دەستکرد کە چەندان کونە هەوای تێدا هێڵراوەتەوە، لە هۆڵەکە جودا کراوەتەوە. حەمە ساڵح پێشی دەکەوێ و لە دەرگەیەکەوە، دەیباتە ژوورەوە. ئێستا ئەوە ژووری حەوانەوە و خەوتنی ئەندامانی مەفرەزەیە. هیچی لەولا کەمتر نییە. لێی زیادە و کەمی نییە. ئەوەی کە کەمە، ڕێگە توونیلەکەی شارە زیوینەکەیە!. شەوەکەی کە ئەندامانی مەفرەزە هەموو، جەم بوون و کۆڕی قسە و باسیان گەرم کرد، جافر هەقایەتی سەفەرەکەی ئەمی بۆ شارەکە گێڕایەوە. کوڕە لاوەکان پێکەنین. حەمە ساڵح لێیان تووڕە بوو. وتی:

– دەبێ لە بەرامبەر دەرد و جەخاری ئەم هاوڕێ هاوسەنگەرەتاندا، دەست بەسنگەوە بگرن.

***

## ٤

دوای گەیشتنی ئەم و جافر بە چوار ڕۆژ، مەفرەزە بە پێی بڕیار و نەخشەیەکی لەوەبەر، دەبوو بچێ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك، دوای نانی نیوەڕۆ، ئەندامانی مەفرەزە کۆبوونەوە. حەمە سالّح بۆی ورد کردنەوە و وتی:

– بەپێی دوا زانیاری، سووکە قافڵەیەکە و پێك دێ لە، گاز قیادەیەك و دوو یا سێ زیل. تانك یا زریپۆشیان لەگەڵدا نییە. لێدانی بۆ توانای ئێمە زۆر لەبارە. شوێنی لێدانی، دیوی پێدەشتی چیای مازووانە، ئاستی پێچەکەی تووە سووتاو. کات لە سەعات سێ و نیو بۆ چوارە. هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەو کات و شوێنە ئەمانەن. سەبارەت بەکات، ئێمە لێرەوە سەعات دووازدە و نیو دەکەوینە ڕێ. لە پێش سێ و نیودا دەگەینە جێ. ئەوان ڕۆژانە لە نێوان سێ و نیورۆ چواردا، بەوێدا تێ دەپەڕن. چاوەڕێ ناکەم بواری هاتنە دەستیان لێمان هەبێ. بەو پێیە لە پێنج بۆ دە دەقیقەدا کۆتاییان دێ. بەدوایدا ئێمە پێویستیمان بەسێ چارەکە سەعات دەبێ، بۆ کشانەوە بۆ ناو چیا و بزربوون. ئەوساش دنیا بەرەو تاریکبوون دەچێ. سەبارەت بەشوێنیش، یەکەم: ئەوان لەناو چیاوە دەردەچنە پێدەشت. ترسیان نامێنێ و پشتی لێ دەکەنەوە. دووەم: پێچێکی کووڕەو ناچاری کەمکردنەوەی خێراییان دەکا. سێیەم: لە دوای پێچەکەوە تەپۆڵکە و چاڵوچۆڵی زۆر هەن، کە بۆ خۆحەشاردان و سەنگەرگرتن نموونەیین. چوارەم: هیچ رەبییەیەکی لێوە نزیك نییە، بەسەریدا بڕوانێ و بمانبینن. تا ئێرە لەلاتان روونە؟.. کەس پرسیاری لەم بارەیەوە هەیە؟. ئەم پرسیاری هەبوو. ئەو باسی شوێنەکەی وەها کرد، کە هەموو پێی ئاشنابن. لە کاتێکدا ئەم رێی تێی نەکەوتووە. خەریك بوو دەست هەڵبڕێ و بپرسێ جافر کە لە تەنیشتییەوە بوو، نووکە ئانیشکێکی تێوەژەند کە نەکا. ئەم نەیزانی بۆچی، بەڵام بەقسەی کرد. حەمە سالّح لەسەری رۆیشت و وتی:

– ئینجا ئێستا گوێم لێ بگرن، با ئەرکی سەرشانی هەریەکەتان دیاری بکەم. هوشیار.. راست لە ئاستی وەرچەرخانی پێچەکەدا رووەو پێدەشت، سێ چوار تاوێرە

بەرد هەن. کتومت دەڵێی لە دێرزەمانەوە، بۆ خۆمەڵاسدانی تۆ لەوێدا دانراون. کە دەڕوانیتە ناو چیا، لە دووریی کیلۆمەترێکەوە قافڵە دەبینیت. کە بەلای منیشدا دەڕوانیت، سەیر دەکەیت ئەوەتا سەد و پەنجا مەترێك لێتەوە دوورم. لەگەڵ بینینیاندا، بەئەسپایی دەستێکم بۆ هەڵتەکێنە و ئیتر بێ خەم، خۆت بئاخنەوە بێخی تاوێرەکانەوە. حەمۆل تۆ، جافر و سۆران و کۆچەرت لەگەڵدا دەبن. لەوبەری جادەوە دادەمەزرێن. لەگەڵ یەکەم تەقەی مندا دایان دەبێژن. من و پشتیوان و کەمال و ئاواتیش پێکەوە دەبین. بەڵام وەك وتم: دەبێ لە ماوەی پێنج تا دە دەقیقەدا، قەڵاچۆ بکرێن. لە کشانەوەشدا زۆر بەدەستوبرد بن. پێویستیمان بەهیچ جۆرە دەستکەوتێك نییە و کەس بیری بۆ نەچێ. لە بیرتان بێ.. وەشاندنی جەزرەبەکە و تووناکردنیان لە ماوەی پێنج بۆ دە دەقیقەدا و خێرا کشانەوە بۆ ناو چیا. ئەمیشتان لەلا روونە؟. کەس پرسیاری هەیە؟. ئەم وەك هەستی بەجۆرە ناپاکییەك کردبێ، کە لەلایەن جافرەوە بەرامبەری کرابێ، ئاوڕێکی بەلایدا دایەوە و خێسەیەکی ئاگرینی لێ کرد. لە تووڕەییدا، هەردوو کونە لووتی فش بووبوونەوە. پێڵووەکانی هەردوو چاوی، لەیەکبینا دەلەرینەوە. خوێن هوروژمی کردبووە سەر و کەللەی و ڕووی پەمەیی بووبوو. جافر تێ گەیشت لە چ حاڵێکدایە و هیچی بۆ ناکرێ. چاوی لە خێسە ئاگرینەکەی کەلا خست. ئەوسا ئەم بورکان ئاسا تەقییەوە. بەدەنگێکی زوڵاڵی پڕ لە ناڕەزایی و تووڕەیی وتی:

–ئەی من؟!. حەمە ساڵح سەرەتا، سەرنجی بۆ نەغمە بوورکانییەکەی (ئەی من )ە کە نەچوو. ئاسایی وتی:

–تۆ جارێ پێویستیت بەحەوانەوە هەیە. کە ئەم بەڕوویەکی گرژەوە و بەکوڵتر وتی:

–بۆ لە تۆ وایە من بۆ حەوانەوە، تەشریفم هێناوەتە ئێرە؟.

ئەوسا سڵەمییەوە و کەمێ راما. ئاوڕێکی بەلای جافر و حەمۆلدا دایەوە و سەرنجێکی پڕ لە سەرسامیی دانێ. ئینجا وەك لە مەغزای مەسەلەکە تێگەیشتبێ، هەوڵی دا هێوری بکاتەوەو وتی:

–ببوورە کاکە سوبحان.. من مەبەستم ئەوەیە، کە زامەکانی ئەژنۆت هێشتا خۆش نەبوونەتەوە.

–خۆ ئەژنۆم وردوخاش نەبوون. پێستەکەیە و کەمێ رووشاوە.

–دەزانم.. بەڵام دەکولێنەوە و ئازارت دەدەن.

– دەکولێنەوە با بکولێنەوە.. کەیفی خۆیانە.. بۆ گوایە بەلای تۆوە، کولانەوەی زامی سووکە رووشانێك، بۆ من ئەوەندە بە ئازار دەزانیت، کە نەتوانم خۆمی لەبەردا رابگرم؟ یا تۆ نازانیت باسی ئازار و ئازارچەشتن لەگەڵ کێدا دەکەیت؟!.

حەمە ساڵح وەك تەنگەتاو بووبێ و بەتەمای بەهاناوە هاتنی بێ، دیسان روانییەوە جافر و حەمۆل. جافر لای کردەوە بەلای ئەمدا و ویستی قسەیەك بکا و پاشگەز بووەوە. سەری داخست و خۆی لە گرفتەکە دەرهاویشت. حەمۆل خۆی ئازاد کرد. بەجۆرە تەوسێکەوە، سەرنجی لە نێوان رووی ئەم و هەردوو لاقیدا هێنا و برد، کە تاقە دوولاق بوون لەناو بیستدا درێژ بووبوون و ئەوانی تر هەموو هەڵکشاوبوون. ئەم هەستەکەی پێشووی بەرامبەر جافر، حەمۆلیشی گرتەوە، وتی: "لەژێر سەری هەردووکتاندایە. پیلانەکەتان پێکەوە لەلای حەمە ساڵح لێ گێڕاوم. ئاخۆ دەبێ چۆنتان بۆ تێ چاندبم؟!" ئیتر گەیشتە تینی. بەرلەوەی ئەوان هیچ قسەیەکی تر بکەن، بەپرتاو راپەڕییە سەرپێ. دەرەلنگی شرواڵی هەتا سەروو ئەژنۆ هەڵکشاندن. بەرقەوە دەستی کردە دانیشتنە سەرچیچکان و هەڵسانەوە سەرپێ. هەر لە یەکەم جارەوە قەتماغە درزیان برد و لەبەریەك هەڵوەشان. خوێنێکی ئاڵی گەش، بەسەر لوولاقەکانیدا چۆڕاوگەی بەست. هەموو لە کردەوەکەی سەرسام بوون. جافر راپەڕی و راگیری کرد. دەیویست داینیشێنێتەوە و دانەدەنیشت. پەیتا پەیتا دەیوت:

–دێم.. منیش دێم.. دەبێ بێم.

ئەوسا حەمە ساڵح بزوا و لێی نزیك بووەوە. دەستی خستە ناو دەستییەوە و وتی:

–چاکە.. چاکە.. تێ گەیشتم. وا بڕیارم بەهاتنت دا. بەڵام دانیشەرەوە و گوێم لێ بگرە بزانە چی دەڵێم.

ئەم چوارمەشقی دانیشت. ئەژنۆکانی هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕا. حەمە ساڵحیش دانیشتەوە. خۆی لە دیمەنی خوێن لێچۆڕینەکە نەبان کرد. دوای کەمێ بیرکردنەوە، وەك فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ و جەنگاوەرێکی بدوێنێ، هێمن و لەسەرخۆ، بەڵام توندوتۆڵ وتی:

–کاکە سوبحان.. تۆ ئەوە چوار ڕۆژە بیست و چوار سەعات لەگەڵماندایت. بینیت و هەستت کرد کە ئێمە، لە هیچ شتێکدا بەموو لە یەکتری جودا نین. بەڵام تەنیا لەیەك مەسەلەدا جودایی هەیە، کە دەبێ تۆ باش لێی بەئاگا بیت و پەیڕەوی بکەیت. ئەویش

ئەوەیە کە ئەم دەستە پێشمەرگەیەی بە حوسن و رەزای خۆمان، گیانمان ناوەتە سەر بەری دەستمان، فەرماندەیەکی هەیە کە جەنابمم. جێگیری فەرماندە و ڕابەرێکی سیاسیشی هەن، کە ئەو حەمۆل و جافرەی هاوڕێی تەمەنی خۆتن. جا لەم جۆرە کارانەدا هەموومان ڕووبەڕووی مەرگ دەبینەوە، فەرماندە فەرماندەیە و پێشمەرگە پێشمەرگەیە. ئەگەر هەر کەسە بۆ خۆی بێ و بە ئارەزووی خۆی هەڵبسووڕێ و حەزی چۆن لێ بوو وا بکا، هەر زوو هەمووەمان بەگورگانخواردوو دەچین. ئێستا لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم، دوایی بەشێنەیی لێی دەدوێینەوە. ئینجا فەرمووی ئەو ئەژنۆیانەت تیمار بکە. لەگەڵ هاوڕێیان خۆت ببەستەوە و ئامادە بە. ئەم لە دڵیدابوو مەعزەرەتی بۆ بێنێتەوە، وتی:

–بەڵام خۆ من..

ئەو بواری پێ نەدا، وتی:

–پێویست بەقسەی تر ناکا. ئامادە بە و ئەرکی سەرشانیشت ئەوەیە، بەردەوام لە تەنیشت منەوە بیت و لێم جیا نەبیتەوە.

خەریك بوو بپرسێ بۆچی و گلی دایەوە.

***

لە کاتی دیاریکراودا گەیشتنە جێ. خۆیان لە بۆسە نا و دوای چارەکە سەعاتێ، نێچیر کەوتە داوەوە. بەختیان هێندە سوار بوو، کە تەنانەت کەشوهەواش بۆیان نموونەیی بوو. هەورێکی تەڵخی ئیقلیمگیر، پانتاییی ئاسمانی لە ئاسۆوە بۆ ئاسۆ تەنیبوو. بەپێی سەعاتەکەی مەچەکی ئەم، هێشتا نزیکەی سەعاتێکی مابوو بۆ خۆرئاوابوون و دنیا لێڵ دەینواند. ئەم سەرنجی دا حەمە ساڵح زوو زوو دەڕوانێتە ئاسمان. لێی پرسی:

–بۆ ئێمە بباریێ باشە یا نەباریێ؟.

–نا.. نەباریێ باشە.

دوای کەمێ وتی:

–بارین بۆ کاتێ کشانەوەمان باشە. دووعا بکە ئەوسا بباریێ.

–دوعا؟.

ئەم وشەکەی لە قالبی پرسیار و سەرسوڕماندا وتەوە. ئەویش تەنیا ئاوڕێکی بەلایدا دایەوە و بزەیەك گرتی. ئیتر لەو باسە لایدا و وتی:

– زامەکانی سەر ئەژنۆت دەڵێن چی؟

– دەڵێیت نین.

–خۆتم لێ مەکە بە.. وا بزانم هاتن.. ئەوەتا هوشیار دەست هەڵدەتەکێنێ. تۆش وای دەبینیت؟.

–ئا بەڵێ.

–حازر بە.. وەکو پێم وتیت.. لەگەڵ مندا راست بەرەوە. نیشانە لە شوفێرەکان و ئەوانەی تەنیشتیان بگرەوە. مەشڵەژێ. بەوردی نیشانە بگرەوە. ئامادەیت؟.

– ئامادەم.

–ئەو فیشەکانەی ئێستا دەیانتەقێنیت، مرۆڤ دەکوژن.. ناڵێم سەرباز.. دەڵێم مرۆڤ.. ئاگەداریت؟.

–بێگومان.

–جافر و حەمۆل بۆیان باس کردووم کە تا ئەم ساتە، یەك گوللەت بەقەسد و بێ قەسد، بۆ مرۆڤکوشتن نەتەقاندووە.

– راست دەکەن.

– ئەی ئێستا؟.

– دەیکەم.. بەتایبەتی لەم جۆرەی بۆی دانیشتووین.

– ئەگەر بۆت ناکرێ مەیکە و بەلامەوە ئاساییە.

–دەیکەم بەڵام حسابی یەکەم تاقیکردنەوەمی بۆ بکە.

– وا بزانم نزیك بوونەوە.. دەبیسیت؟.

– وایە.. دەبیسم. حەمە ساڵح لەمی لادا. سەرنجی دایە لای چەپی. پشتیوان و ئاوات و کەمال دە دووازدە مەترێك بەولاترەوە، چاوەڕوانی یەکەم تەقەی بوون. ساتانێکی سەخت و ستەمن. قافڵە دێ و دەگاتە ئاستیان. دەبێ حەمە ساڵح بڕیار بدا کە سەد لە سەد و بێ کەم و زیاد لە ئاستیاندان. ئەمان شەست حەفتا مەترێك لە جادەوە دوورن.

پێوانەی کەم و زیاد ئەنجامی خراپی دەبێ. بەڵام حەمە ساڵح لەم کاروبارانەدا، پیاوی سەرلێشێوان و هەڵەکردن نییە. ئەوەتا سەری بەلای ئەمدا وەرچەرخاندووە. بە بینایی لەم دەڕوانێ و بەبیستن، گوێقولاغی وڕەوڕی ئۆتۆمۆبێلەکانی قافڵەکەیە. ئینجا ئەوەتا وەك بوویێتە زمانحاڵی ئەم، لە کانگای دڵەوە دەڵێ:

–دەی هاوڕێ سوبحان.. ئەمەیان لە تۆڵەی غوربەت و بنار و چناردا.

ناوبردنی ئەمان لەم ساتەدا چەندە لە ناکاوە، هێندەش بۆ ئەم غیرەتدانەبەر و تینگەیێنە. شان بەشانی ئەم رادەچەنێتە سەرپێ. لوولەی تفەنگ لەسەنگەر دەباتە دەر. نیشان دەگرێتەوە و لەگەڵ یەکەم تەقەدا کە لەبندەستییەوە دێتە بەرگوێ، ئەمیش پەلەپیتکە دێنێتەوە. شوفێری گاز قیادەکەی دەبینێت و هەڵدەبلۆوقێتەوە. ئۆتۆمۆبێل لە جادە لادەدا. خۆی بەلاپاڵی گڵێندا دەدا و دەکەوێتە سەرلا. هەر لەو ساتەدا زرمەیەك، لە زیلی دوای گاز قیادەکە هەڵدەستێ و گڕ و چڕە دووکەڵێکی لێ بەرز دەبێتەوە. دەسرێژیش لە هەردوو بەرەوە دەستی پێ کردووە. ئەم گاز قیادەکەی فەرامۆش کردووە و تەقە لە زیلی دووەم دەکا. لەو مەزەنەدایە کە ئەویان، لە یەکەم تەقەکانەوە حسابی نەماوە. بەڵام ئەوەتا حەمە ساڵح بانگی لێ دەکا:

–سوبحان.. جێبەکە..

سەیر دەکا و دەبینێ. ئەفسەرێك و سەربازێکی لێ هاتوونەتە دەر و رادەکەن. نیشانە دەگرێتەوە. لەگەڵ حەمە ساڵحدا پێکەوە دایان دەبێژن. هەردووکیان دەکەون. زرمەیەکی تر رووی وەردەچەرخێنێتەوە. زیلی دووەمە و ئار بی جیی دووەمی تێ سرەوێنراوە. دوو سەربازی سەرنشینی یەکەم دەبینێ، گڕیان تێ بەربووە و لەسەر زەوییەکە دەگەوزێن. لە پشتی زیلی دووەمیشەوە، چوار پێنجێکی بەرچاو کەوتن لنگەفرتێیان بوو. وای بۆچوو کە پێش گوللە ئارِ بی جییەکە، خۆیان لێ دەرهاوێشتووەو دەسرێژی کلاشینکۆف دروێنەی کردوون. وەك لە ناکاو بیری بۆ وریاکردنەوەکەی حەمە ساڵح چووبێتەوە، بەپەلە رووی بۆی جێبەکە وەردەگێڕێتەوە. ئەفسەرەکە دەبینێ دەبزوێ. هەندێ بە سکەخشکێ و هەندێ لەسەر چوار پەل تەکان دەدا. نیشانی لێ دەگرێتەوە و راگیر دەبێ. چاو لە سێرە لادەدا و بۆی دەڕوانێ. پێوەی دیارە کە بە سەختی بریندارە و لە هەڵپە ناکەوێ. دیسان سێرەی لێ دەگرێتەوە و ئەم جاریش پەلەپیتکەی بۆ ناترەکێنرێ. بەڵام هەر لەو ساتەدا کە ئەم هێشتا لە

سێرەگرتندایە، گوللەیەك لە بندەستییەوە تێسكە دەكاو كابرا لەولاوە خپ دەبێ. ئاوڕ دەداتەوە و دەبینێ، حەمە ساڵح بەبزەیەكی بەمەغزاوە سەرنجی دەدا و دەڵێ:

–بەزەییت پێیدا هاتەوە؟.

–نا.. برینەكەی سەخت بوو. دەرباز نەدەبوو.. دەمرد.

–چووزانیت؟.

–بەسكە خشكێكەیدا.

–باشە با بڵێین وا دەبوو. ئەی دڵنیابوون لە تۆپینی بەمسۆگەری وەك بینیت باشتر نەبوو. ئەمەش دوایی بەدرێژی باس دەكەین.

ئەو كاتە تەقە نەمابوو. حەمە ساڵح هەڵسایە سەرپێ و هەڵی ڕوانی. ئەمیش هەڵسا و بەوردی چاوی گێڕا. قافلە بەجێب و هەردوو زیل و هەموو سەرنشینەكانیانەوە، توونا كرابوون. ئەفسەرەكە لەسەری ئەوسەرەوە لەپەوڕوو كەوتبوو. دە پازدە هەنگاو بەملاترەوە سەربازێك. شوفێری جێبەكە لە دەرگەی لای خۆیەوە، بەربووبووەوە سەر زەوی. وای هاتە بەرچاو كە لاشەی یەكێكی تریش، لە پشتی جێبەكەدا دەبینێ. لە سەرنشینانی زیلەكان، شۆفێری یەكەمیان بینی بەسەر سووكانەكەدا چەمابووەوە. یەكێكیش لە تەنیشتییەوە خزابووە قوژبنی لای دەرگەی سەكن. بەڵام شوفێری دووەمی نەدەكەوتە بەرچاو و كەسیشی بەتەنیشتەوە نەبوو. لە سەرنشینانی پشتەوەی زیلەكان، ئێستا لەباتی شەش، نۆ لاشەی پەرتوبڵاو، تەنیا بەدیوی لای خۆیان و پشتەوەی زیلەكاندا دەبینێ. ئیتر بۆ ئەوانەی لەناویاندا سووتاو و كەلەپارچە بووبوو، دەبوو یەكێك بچێ و بەسەرنجێكی خێرا ساغی بكاتەوە. تەنانەت كاتێ حەمە ساڵح بەنەزمێكی تایبەتی، چوار فیشەكی بەسەر حەمۆل و هاوڕێیانیدا، بەمەبەستی راگەیاندنی فەرمانی كشانەوە تەقاند، ئەم وتی:

– بچم بزانم ناو زیلەكان چەند كوژراوی تێدان؟. ئەو تەنیا وتی:

– نەء.. پێویست ناكا. ئیتر دروست بەپێی نەخشەكەیان، قافڵەی قەڵاچۆكراویان جێ هێشت. بەرەو ناو سەختەڵانی چیای بەلۆچاولۆچ و مەڵبەندی هێلانەی دووەمی لە خاپووركردن نەهاتوو كشانەوە.

***

## ٥

باران هێشتا بەرەهێڵە دەباری. ئەم کە بەیانییەکەی تاریك و روون، بۆ نۆرەی ئێشکگرییەکەی سەرکەوتە سەرەوە، پەڵە پەڵە هەور بە ئاسمانەوە بوو. ئەوانیش وەك رەشەبایەك راویان بنێ، چنگ لەسەر شان لوولیان دەخوارد و هەڵدەهاتن. بەڵام لە چێشتەنگاودا هێور بوونەوە. وردە وردە چوونە پاڵ یەکتر و بەری ئاسمانیان تەنی. کاتێ کونبڕیان کرد، بۆ ماوەی نیو سەعاتێك بەنمە دای دا و ئیتر کردییە رەهێڵەیەك کە تەنیا بەیناوبەینێك، بۆ ماوەی جگەرەکێشانێك خاوی دەکردەوە. دەبووە نمەیەکی وردی هێمنی کشومات و وات دەزانی، کە ئیتر کۆتایییە و خۆشی دەکاتەوە. تا لە ناکاوێکدا، وەك دەستێك لە غەیبەوە قوڕمیشی بکا، بای دەدایەوە سەر رەهێڵەیەکی بەخوڕەمتر، کە دەتوت بەنیازە ئەو کەژ و کێو و بەندەنانە، بتلیسێنێتەوە ناو دۆڵ و چەم و خەڕەندەکان و رایان بماڵێتە پێدەشتەکانەوە. ئەم سەرەتا وەك جارەکانی تری ئێشکگرتنی، کە هێشتا لە زستاندا بوون و تووشی کەشوهەوای سەختی وەك زریان و سەهۆڵبەندان و جارەهاش رەهێڵەباران بووبوو، ئەمیشیانی ئاسایی وەرگرت. بەپێی رێنوێنی، خۆی لە حەشارگەی ئێشکگرتندا مەڵاس دابوو، بەدووربین ورد بەهەرچوار لایدا هەڵدەڕوانی. بەڵام لە دوای نیوەڕۆوە، سەرنجی دا ئاوی رووباری ناو چەم لە خوارەوە، بەخێرایی روو لە زیادبوونە و تا دێ هەڵدەئاوسێ. هەر ئەوساش سەرنجی دا، بارانـاوی هەرسێ چەمی دۆڵـەکانی سەروو خۆیـان، بوونەتە سێ رووباری چەمووش و لە دۆڵەکەی لەمەڕ خۆیاندا، دەبنە لافاوێکی ترسناك. لە دەمەدەمی عەسردا سام دایگرت. ئاو پڕاوپڕی دۆڵی گرتەوە و تەنانەت، دای لە بناری هەردوو دیواری. لەوەبەدواش ئیتر ئەشکەوتی کەمێ سەرووبنار، دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. زیاتریش لە خەمی ئەوەدا بوو، تەوژمی لافاو بەری هاتنەدەر و سەرکەوتنیان لێ بگرێ. بۆیە کەوتە بیری پێوەندیکردنەوە بەخوارەوە بە هۆکی تۆکییەکەی، کە بەپێی رێنوێنی دەبوو تەنیا لە حاڵەتی، مەترسییەکی ئاشکرا و زەقدا بەکاری بێنێ. ماوەیەك تاوتوێی

پێ کرد. لە خۆی پرسی: ″ئەمە مەترسییە یان نا؟″. لە وەڵامدا وتی:″با.. بەڵام خۆ ئەوانیش دەیبینن. من بۆ مەترسییەك لێرەم كە ئەوان نەتوانن بیبینن. –ئەی ئاخر کێ دەڵێ بەئاگان؟. دوور نییە هەموو لە کونی ژوورەوەبن و لەم وەیشوومەیەی دەرەوە غافڵ بن–نا.. حەمەساڵح لە شتی وا غافڵ نابێ–جا باشە چی تێدایە ئەگەر بیکەم. لەم تۆفانی نووحەدا، کێ هەیە لەم نزیکانە، ئەو دوو سێ رستەیەی منی بەرگوێ بکەوێ؟. دەیکەم. وەزعەکە سامناکە. دەترسم لافاو لە ناکاوێکدا شاڵاویان بۆ ببا و رێگەی دەربازبوونیان لێ ببڕێ. ئەوسا من قوڕی کوێ بەسەرمدا بکەم. زۆر سامناکە..″. دەستی دایە جیهازەکە. ئامادەی کرد بدوێ و راست لەو ساتەدا، دەنگی حەمە ساڵحی لێوە کەوتە بەرگوێ، کە لەلای خۆیەوە دەیپرسی:

–وەزعەکە چۆن دەبینیت؟. ئەم بەدەم دەمەتەقێکەی ناخییەوە، بەپەلە و پەشۆکاوییەوە وتی:

– سامناکە هاوڕێ.. زۆر سامناکە.. تۆفانەکەی نووحە.. منیش لەوەدا بووم قسەت لەگەڵدا بکەم. ئاو نەگەیشتووەتە لاتان؟.

–نا نەء.. بەڵام ترسمان هەیە.

–بێمە خوارەوە؟.

–نەء.. ئێمە سەردەکەوین.

وەك بارێکی قورس لە کۆڵی داگیرابێ، هەناسەیەکی قووڵی حەوانەوەی هەڵکێشا، وتی: ″دەمزانی. حەمە ساڵح لە هیچ شتێ غافڵ نابێ. پیاوی کاتی تەنگانەیە. بۆ هەر حاڵەتێك، لە ساتی خۆیدا بەفریا دەکەوێ″. ئیتر زۆری پێ نەچوو، یەکەیەکە و هەریەکە کۆڵێك بەسەر شانییەوە، سەرکەوتنە سەرەوە بۆ لای ئەم. لای ئەم بریتییە لەژێر تاشە بەردێکی زەبەلاح، لە پشتییەوە هەڵەمووتێکە و دیوار ئاسا، لەمسەر تا ئەوسەری چیا بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. بەری هەرسێ لایەکەی تریشی، کە تەواوی ناوچەکەی لێوە دیارە، بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوتۆ تەنراوە، کە دەڵێی سروشت خۆڕسك پێکی هێناوە. ئینجا لەلایەکییەوە کەلەبەرێکی بۆ چوونە ژوورەوە تێدا هێڵراوەتەوە و لە پێشدەم و لایەکەی تریشدا دەلاقە بۆ بینین. شوێنەکە لە پێشدەمەوە، بواری راوەستانی بە پێوە بەکووڕیی تێدایە. بەڵام لەوەبەدوا ماوەی نێوان ئەرز و بنمیچ بەخێرایی تەسك دەبێتەوە، تا لە دووریی دوو مەترێکدا لەیەك دەدەن.

کەلوپەلەکان لە هەرە پێویست و بەهادارەکانن، وەك ئازووقە و تەقەمەنی و جیهازی راکاڵەکەیان، ئاخنرانە بنەوە. خۆشیان بە دوو ریز دانیشتن، ترنجانە تەنیشت یەکترەوە، بەمەرجێ ئەژنۆ بنووسێنن بەسنگەوە و دەبێ بەو حاڵەشەوە شێو بکەن. حەمە ساڵح نیازی نەبوو. ورتەورتێکی نێوان سۆران و کەمال، کە بەلاقرتێوە دەیاندا بەگوێیدا ناچاری کرد. بە پێکەنینەوە وتی:

–گوێم لێتانە.. مارەیی دایکتانە دەستی لی هەڵناگرن.. باشە باش.

فەرمانی دا بەهەڵپچڕینی دوو قوتوو گۆشت. هەر قوتووە و بۆ پێنجیان و هەریەکەش کولێرەیەك.

ئێستا دنیا ئەموستەچاوە. باران نۆرەی لەسەر نەمەیە. بەڵام نۆرەنمە درێژە دەکێشێ. هەروا نیو سەعاتێك و ئەویش نامێنێ. حەمە ساڵح بەفرسەتی دەزانێ. هاوڕێیان لەو شێوە دانیشتنە، ئەژنۆشکێن و سمتتەزێنە رزگار دەکا. فەرمان دەدا پێنج بچنە دەرەوە و پێنجەکەی تر، لاق درێژ بکەن و پاڵ بدەنەوە. یەکەم جار چارەکە سەعاتێکی بۆ ئاڵشتکردن دانا، نەکو باران دەست پێ بکاتەوە. کە نەباری، کردی بەنیو سەعات. کە هەوری غەزەب رەوییەوە و بووە پەڵەپەڵەی خاوی جێ جێ و مانگێکی چواردەش، لە نێوانیانەوە کەوتە سەرەتاتکێ، ئیتر ماوەکەی گۆڕی بەدوو سەعات.

ئێستا لە سەرەتای یەکەمین دوو سەعاتدان. ئەم و حەمە ساڵح و جافر و سۆران و کۆچەر، لە نۆرە حەوانەوەدان. سەعات نزیکی نۆ و نیوە. کاتی پێوەندیکردنی هەفتانەیە بە سەرکردایەتییەوە. حەمە ساڵح خەریکی ئامادەکردنی جیهازەکەیە. جافر لە تەنیشتییەوە، قەڵەم و کاغەز و لایتێکی لەسەر کۆشن. سۆران و کۆچەر بەنیازی خەوتن، خۆیان گرمۆڵە کردووە. ئەم رادیۆ ترانسستۆرەکەی حەمۆلی، ناوە بەبن گوێوە و وێڵی دوای دوا هەواڵە. کە دەزانێ ئەوا حەمە ساڵح پێوەندی کرد و ئەوەتا دەدوێ، دەیکوژێنێتەوە و گوێ بەلای ئەودا هەڵدەخا. ئەم لە زووەوە دەزانێ کە دەستوور وایە، حەمە ساڵحی فەرماندە ئەوەی دەیبیسێ دەیڵێتەوە و جافری رابەری سیاسی دەینووسێ. بۆچی؟.. ئەم قەت ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردبوو. چونکە بەکارێکی ڕۆتینیی نێوان خۆیانی دانابوو.

کارە ڕۆتینییەکەی ئەم جارەیان بەبێ مەبەست، هەواڵێکی جەرگبڕی ئەوتۆی بەرگوێ خست، کە بۆ ئەم لە بابەتی دارمانی ئاسمان بوو بەسەر زەمیندا!. دێتە

بەرگوێی حەمە ساڵح، ناوی کامەران.. حاجی حەمە سوور.. مەریوانی کوڕی، دەڵێتەوە و جافر دەیاننووسێ. وایشی دێتە بەرچاو لەبەر رۆشناییی ئەو کەمە رووناکییەی مانگدا کە دزە دەکاتە ناوەوە و ئەوەکەی لایتەکەش، هەردووکیان بەلاچاو لەم دەڕوانن!. لەگەڵ کۆتاییدا، ئەوان ئەگەرچی دەیانزانی کە دەبێ، روونکردنەوەیەك بەم بدەن، کەچی بۆ ماوەیەك خامۆش بوون و هیچیان بۆ نەوترا. بەئاشکرا دیاربوو کە بەسەردەمیاندا نایەت بیڵێن. ناچار ئەم بۆ بەقسە هێنانیان وتی:

– تکایە راست و درووستەکەیم پێ بڵێن .. چی بووە؟.

ئەوسا حەمە ساڵح وتی:

–گیراون.

ئەم بەلەرەی پڕ داخ و خەفەتی دەنگیدا، گومانی کردو وتی:

– هەرئەوەندە؟.

ئەو هەر بۆی دەرنەبڕدرا، یا نەیدەویست و تەنیا وتی:

–گیراون و.. ئەم تەواوی کرد:

–گیراون و ئیعدامیش کراون.. وانا؟.

***

تۆفانەکە خۆشی کردەوە. کە رۆژ بووەوە، کردبوویە سایەقەیەکی سامالی بەهارەی گەشکەدەر. رووبار هەرچەندە هێشتا چەمووش و پڕاوپڕی ئەمبەر و ئەوبەری چەم بوو، بەڵام لەبن دیوار کشابووەوە و دەبوو چەند هەنگاوێکیش، لە پێشدەمی ئەشکەوت دوور کەوتبێتەوە.

حەمە ساڵح زوو لە حاڵی ئەم تێ گەیشت. شەو نەیهێشت لە نۆرەگۆڕیندا بچێتە دەرەوە. ئەم هەوڵی دا ئاسایی بنوێنێ. سووربوو لەسەر بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی و ئەو بواری نەدا. دەیزانی لە دەروونا هەژاوە و دەکوڵێ. لێکی دابووەوە کە بیستنی ئەو هەواڵە بۆ ئەم بەتایبەتی، چەندە سەخت و ستەمە.

بەیانی کە هێشتا تاریك و لێڵ بوو، حەمە ساڵح سەردانێکی خوارەوەی کرد. زۆری نەبرد گەڕایەوە و رای گەیاند، کە هیچ مەترسییەك لە ئارادا نەماوە و فەرمانی گەڕانەوەی دا. ئەوانی یەکە یەکە بەڕێ کرد. ئێیشکگری ئەو رۆژە و ئەمی هێشتەوە

ئێشکگریان جێ هێشت و ئەمان دوو قۆڵی بەرەوخوار بوونەوە. لە ڕێگە لەسەر داوای ئەو، لایان دایە بن تاوێرێك و لەسەر چیچکان دانیشتن. ئەو بەدەنگێکی هێمنی پڕ لە سۆزی، تێکەڵ لە هاوخەمی و لە ئامۆژگاریی هاوڕێیانە، وتی:

– سوبحان براکەم.. من لێت بەئاگام و دەزانم، پێوەندیی نێوان تۆ و ماڵی پوورت و بەتایبەتی کامەران، چۆن بووە. دەزانم چەند سەخت و ستەم و چەند، پڕ لە ئازار و بە جەخارە بۆ تۆ. بەڵێ.. زامێکی ترە و دەکرێتە جەرگت. بەڵام وەك چۆن لەبەر زەبرە دڵپڕوێنەکەدا خۆت ڕاگرت، دەبێ بۆ ئەمیشیان وەها بیت. من حەدم نییە.. بگرە کەس حەدی نییە، ئەوە بە کۆست و زیانێکی گەورە دانەنێ. بەڵام دەبێ هەموو ئەوە بزانین، کە ئەو بەحوسن و ڕەزای خۆی، ئەو ڕێگە پڕ مەترسییەی هەڵبژاردبوو. کتومت وەك ئێستای من و تۆ و ئێمە هەموومان، کە دەبینیت چۆن گیانمان بەسەر بەری دەستمانەوەیە.. چۆن سات بەسات، دەستەیەخەین لەگەڵ مەرگدا. ئەویش وەها بووە و بەردەوام، وەك ئێستای ئێمە لێی بێ خەم بووە. من لێت بەئاگام.. وەك خۆت دەزانیت لە منداڵیتەوە ئاگەدارتم، کە هەردەم خاوەنی دڵێکی ناسك و گیانێکی بێ وەی و بیرێکی ڕۆشن و دەروونێکی بێ گرێ و هەناوێکی گوڵزاراوی بوویت. دەتناسم و پێت نامۆ نیم و لێت دڵنیام کە ڕەسەن تۆیت. دروست تۆیت. هەق و داد و چاکە و خێر لەلای تۆن. بەبارە ساکارە خواکرد و سروشتکردەکەدا، لەتای تەرەزووی تۆدان. کەچی بڕوانە و وردبەرەوە و بزانە، تۆ لە کوێیت. بپرسە: ئەرێ بۆچی من لێرەم؟ خۆ پێویست ناکا پێت بڵێم بۆچی؟. نەء.. ئەوەیان خۆت دەیزانیت. ئەوەی پێویست بە وتن دەکا ئەوەیە، کە ئەو هۆیەی تۆی هێناوەتە ئێرە و کردووتی، بە پڕۆژەیەکی هەموو کات ئامادە بۆ فەوتان، هەر ئەویش کامەرانی کردبووە ئەو پڕۆژەیە و بەو چارەنووسەی گەیاند. چارەنووسێك کە من و تۆیشی بەحوسن و ڕەزای خۆمان، بۆ بەرێوەین و دەشێ لە هەر ئانوساتێکدا ڕوو بدا. لەبەرئەوە تکات لێ دەکەم، هەوڵ بدە دان بەخۆتدا بگریت و لەنگەرت تێك نەدا. کامەران هاوڕێیەکی خەباتگێڕی بەجەرگی ئازیزی هەمووومان و ئازیزتر لەلای تۆ بوو، وا وەك ئەو هەزارانی ترمان، چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە. تکایە هاوڕێ سوبحان وەهای وەربگرە. نازانم لێم حاڵی بوویت یان نەء؟.

– نەء.

حەمە ساڵح سڵەمییەوە و سەرسام بوو. ئەوەشی پتر سەرسا کرد، شێوەی وتنی (نەء)ەکە بوو. ڕەق، وشك، توند و پڕ لە مانای حاڵینەبوون. (نەء)ەکە بەزەقی وای

دەگەیاند، ئەو لە ئاشێکی کردووە کە ئەم فڕی بەسەرییەوە نییە. ئەو ڕێگەیەکی گرتووەتە بەر، کە بەزەینی ئەمدا گوزەریشی نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەسەر پیشەی خۆی، هێمن و لەسەرخۆ و بەدەم زەردەیەکی گلەییئامێزەوە وتی:

—بۆچی؟

ئەمیش کە زوو لە مەغزاکەی تێ گەیشت، شێوەی دەنگە ڕەق و وشك و توندەکەی گۆڕی. لایدا بەلای نیمچە کڕووزانەوەدا و وتی:

—چونکە من کوشتوومن.. من بەکوشتم داون.. من بەگەلحۆییی خۆم، بەئیعدام کردنم داون. ئەوەیە کە هەراسانم دەکا. مێشکم دەکرۆژێ.. ویژدانم دەداتە دەم گێژەڵووکەیەکی سامناك و رای دەفڕێنێ نازانم بۆ کوێ!. هاوڕێ حەمە ساڵح، ئەوەیە حاڵی من. من رووی رەشم بەرەو کوێ هەڵبگرم؟. ویژدانی جەڕیوم بەو عەزابەوە، چۆن دەرباز بکەم؟. مەسەلەش تەنیا کامەران نییە. حاجی حەمە سوور و مەریوانی کوڕی، بۆ من هیچیان لە کامەران کەمتر نەبووە. تکایە تۆش تێم بگە.

ئەو ماوەیەك بەچاوی ئەبڵەقەوە لەمی روانی و نەیدەزانی چی بڵێ. تا کاتێ ئەم بەحیرسەوە وتییەوە:

—ئا بەڵێ.. من بە کوشتنم داون من. تکایە بەو بارەدا لێم حاڵی ببە، کە لە ئاگری چ دۆزەخێکدا دەسووتێم.

ئەوسا وتی:

—تۆ بۆچی؟!.. بە چ مانایەك؟.

—نابێ نەتبیستبێ!.. بۆتیان باس نەکردووە؟.

—چی؟!.

— ئەو هەڵە گەورەیەی کردم گێلێکی وەك من نەبێ، کەسی تر نایکا. ئاشکرایە کە بەوە بەکوشت چوون.

— تۆ راوەستە برام.. با بیستوومە. بەڵام بۆچی وای بۆ دەچیت؟. یەکەم: جارێ ئێمە هیچمان لەبارەی درێژەی هەواڵەکەوە نەزانیوە. دووەمیش: هەڵەیەکی لەو بابەتەی تۆ، بەئاسانی ئەنجامێکی گەورەی وەهای لێ ناکەوێتەوە. تکات لێ دەکەم.. رەوا نییە مێشکی خۆتی بەو بارەدا پێوە خەریك بکەیت. هیچ نەبێ چاوەڕێ بکە، هەتا درێژەی

مەسەلەکەمان پێ دەگات. من بەتایبەتی دەپرسم. وادەی پێوەندیمان لەگەڵ ڕێکخستنی شاردا نزیکە. لەوان دەپرسم.. باشە؟.. ئێستا وا خەریکە دنیا ڕووناك دەبێتەوە. هەڵسە با بچینەوە خوارەوە.

***

پرسیارەکە کرا و حەمە ساڵح ڕای گەیاند، کە بەڵێن دراوە لە پێوەندیی داهاتوودا، وەڵام وەربگرێتەوە. دوو هەفتەی تەواو ڕابوردن و ئەم لە نێوان دوو ئاگردا دەسووتا، گومانەکە و چاوەڕوانی. بە درێژاییی ئەو ڕۆژانە مات و مەلوول، لەسەر جێگەکەی دادەنیشت و بێشومار جگەرەی دەکێشا. قسەکردن و خوێندنەوە و گوێگرتنی لە ڕادیۆ نەمابوو. تەنانەت ئەرکەکانی ڕۆژانەشی، بەباشی بۆ بەجێ نەدەهێنران و حەمە ساڵح، وردە وردە سووکی کردن. ڕۆژی پێوەندی داهاتوو، کە ئەم بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بوو، دەردەکەی هێندەی تر گران کرد. حەمە ساڵح ڕای گەیاند کە وەڵامی دەسگیر نەبووە و بەڵێنی، پێوەندیی دواتریان پێ داوە. ئەم لەوەدا بوو پڕبەدەم بەرووی‌دا هاوار بکا و بڵێ: ″ڕاست ناکەیت″ و لە دوا ساتدا، زمانی خۆی گرت و دەری نەبڕی. ئەم پێش ئەوەی ئەو دەم هەڵبێنێتەوە، بە ڕەنگوڕووی و ترووکەی چاوی و لەرەی لێوی و ڕاڕاییە شاراوەکەیدا، وای زەن کرد کە بەڕێوەیە قسەیەکی ناڕاست بکا. بۆیە کاتێ کە کردی، ئەم پێشتر بڕیاری هاوارکردنەکەی دابوو. بەڵام بە فریا کەوت و گلی دایەوە و ئیتر ڕۆیشتنیشی، بە کارێکی بێهوودە زانی. خۆی کڕوکاس کرد و ورتەی لە دەم نەهاتە دەر. تا کاتێ ئەو ناڕاستتر وتی:

–داوام کرد و پێم لێ داگرتن، کە دەبێ لە جاری داهاتوودا، ڕاپۆرتێکی دوور و درێژمان لەو بارەیەوە بۆ بنووسن.

ئەم خۆی پێ نەگیرا هەڵسا و ژوورەکەی جێ هێشت. بە هۆڵەکەدا کەوتە هاتوچۆ. زۆری نەبرد جافر هات بەلایەوە و ویستی بیدوێنێ. دیاربوو حەمە ساڵح ناردوێتی. ئەم بواری نەدا و وتی:

–جافر تکات لێ دەکەم. حەزم لە قسەکردن نییە و وازم لێ بێنە. جافر ئەو جارە وازی هێنا. بەڵام دواتر لەگەڵ حەمۆلدا زۆریان بۆ هێنا. پێشیانەوە دیاربوو، کە لە حەز و ئارەزووی خۆیانەوەیە. کاتێ لێیان دڵنیابوو، ئەم قسەی لە ڕووی خۆیەوە بۆ کردن. ئەوانیش بە چاوەڕوانکرنی وادەی پێوەندیی داهاتوو قایلیان کرد. ئەگەرچیش وتی:

– بەڵام من دەزانم، هەمان ئەنجامی جاری پێشووی دەبێ.

وەهاش دەرچوو. راپۆرتەکە گوایە نەگەیشت. ئەم لە دڵدا کەللەیی بوو. بەلاقرتێوە وتی:

–ئەوا زانیمان راپۆرت نەگەیشت. ئەی ئەو کەسەی دێت بۆ پێوەندیکردن، لە مەریخەوە دێ؟ یا کەڕولاڵ و نابینایە؟.

قسەکە حەمەساڵحی تەنگەتاو کرد و لەنگەری تێك دا. بۆ وەڵام هەندێ راما. بەڵام خێرا فریای خۆی کەوت و وتی:

– نا نەخێر سوبحان.. تەنیا هێندە هەیە، ئەو هاوڕێیە لە تەتەرێك بەولاوە نییە. رەنگە وەك هەر هاوڕێیەکی تر، هەواڵ و قسە و باسی زۆری لەلا هەبن. بەڵام بۆ ئێمە و بۆ من بەتایبەتی، قسەی سەر کاغەز و مۆرکراو، جێی دوا متمانە و باوەڕە.

لەوە بەدوا، ئەم لەگەڵ جافر و حەمۆلدا، بەبێ پێچوپەنا دوا. یەکەم جار رازی دڵی لەلای جافر درکاند، وتی:

–بە فریام بکەوە و یاریدەم بدە. دەردی من بە تۆڵەسەندنەوە لە کەریم کەللە چارەسەر دەکرێ. ئەو هەڵەیەی من کردم، ئەو قۆستییەوە و دەستی خۆی پێ وەشاند. ئەو مەسەلەیە لە مێشکمدا وەها خول دەخوا، کە ئەگەر بە سەرییەوە بچێ، خەفەت دەمتوێنێتەوە و دەمکوژێ. ئەوەی پێشوو نەیکوشتم و ئەمیان دەمکوژێ. جافر.. تەنیا بە تۆپاندنی ئەو، دەروونی گڕگرتووم ئارام دەبێتەوە و دەسرەوم. تەنیا ئەوەندە و ئیتر هیچی ترم بۆ خۆم ناوێ. ئەوەش یاریدەی ئێوەم لەگەڵدابێ، کارێکی زەحمەت نییە. جافر رازەکەی لای حەمۆل درکاند و هەردووکیان پێکەوە، لای حەمە ساڵح. ئەو کارەکەی وەك چالاکییەکیش، سەرباری خواستەکەی ئەم، پێ پەسەند بوو. بەڵام لە سەرەتادا رای وا بووکە بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخستندا بکرێ. ئەم بە توندی دژی ئەو رایە بوو. کە جافر و حەمۆلیش لایەنیان کرت، ئیتر ملی دا و بڕیاردرا دەستەیەك لە خۆیان جێبەجێ بکا. مایە سەر ئەوەی کێ بن؟. لە نێوان جافر و حەمۆلدا بووە کێشمەکێش. حەمە ساڵح بڕیاری بنبڕی بۆ جافردا و بووە فەرماندە. ئەم و هۆشیار و پشتیوانیش لەگەڵیدا.

# ٦

دیسان ئەشکەوتی توونێلە و شارە زیوینەکەی ژێر زەمین. دەستە بەڕێوەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکەی. بەرەبەیانێکی سەرەتای هاوینە. تازە خەریکە سپێدە دەدا. کێوەکانی دەوروبەر بەلێڵی دەبینرێن. جافر دەرگە دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە. چرا دادەگیرسێنیٚ و بانگ لەمانیش دەکا. کە دەگەنە لای، سەرنجیان بۆ شێواندنی ناو ژوورەکە رادەکێشیٚ. قاپوقاچاغ و قوتووە خۆراك، بەربوونەتە خوارەوە. گرمۆڵە نوێنەکە، خلۆر بووەتەوە سەر ئەرز. سەریان سوڕما و حەپەسان. وتی:

–سەیرە!.. دەبیٚ چی بیٚ؟.

جافر فانۆسەکەی بەدەستەوە بوو وتی:

–چراکەش کەوتبوو. باش بوو سەلامەت بوو.

پشتیوان وتی:

–رەنگە بلەرزە بووبیٚ.

جافر بە وردی چاوی گێڕا. بەملا و بەولایدا هەڵڕوانی. خۆڵەمێشەکەو دەوروبەری سەرنجیان راکێشا. سەری رووەو توونێلەکە بەرز کردەوە. چوو بە لایەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

–درۆزیمەوە.

ئینجا رووی قسەی لەم کرد و وتی:

–یەکیٚ لە خەڵکی شارە زیوینەکە بووە هاتووە.

ئیتر دەرگەکەی نیشان دا کە دەلاقەیەکی تیٚ کرابوو. چراکەشی لەو جیٚ پێیانە نزیك کردەوە، کە لە دەوروبەری خۆڵەمێشەکەدا دەبینران. جیٚ پێی دەعبایەك بوو لە توخمی سەگ. لە چوار و پێنج شوێنیش پیسایییان بینی، کە هێشتا تەڕایی تێدا بوو. جافر وتی:

– بەو نزیکانە لێرە بووە. لەوەش دەچێ بە تێری هاتبێ و دوو سێ ڕۆژ مابێتەوە. دەبێ لە پاڵ دڕندەکەی تردا، لەمیشیان وریا بین.

***

حەمە ساڵح نەخشەدانان و چۆنیەتیی بەجێهێنانی، دابووە دەست ئەمان خۆیان. تاکە داوای، مسۆگەریی لە جێبەجێکردندا و خۆپاراستن بوو. بە جافری وتبوو:

–پشتت پێ دەبەستم و ڕەنجەڕۆم نەکەیت. دەبێ بزانیت بەهای چوار پێشمەرگەی پارتیزانی چەندە. دەبێ سەریانم بە سەلامەتی بۆ بێنیتەوە.

هەنگاوی یەکەمی نەخشەکە، لە زووەوە گەڵاڵە بووبوو. یەکەم جار جافر دەچێتە بەرمەیدان. نە توخنی ناو شار دەکەوێ نە ڕێکخستن. لە لاتەنیشتەوە دەست پێ دەکا و سەرەڕمیشیان سمایل دەبێ. پێشتر لە ڕێگەی حاجییەوە ناسیبووی. دەیزانی وەك خزمایەتی، تەنیا خاڵۆزایەکی دایکی حاجییە، بەڵام هۆگری و خۆشەویستییەکی دەروێشانەی بەرامبەر بە حاجی لەلا پەیدا بووە. حاجیش لەلای خۆیەوە، وەکو مەریوان مامەڵەی لەگەڵدا کردووە سۆزی باوکانەی بە ڕوودا داوە. بۆیە کە دوو قۆڵی وردیان کردەوە، دڵنیابوون سمایل، هەم جێی متمانەیە و هەم دەتوانێ، یارمەتییەکی باشیان بدا.

بۆ ڕۆژی دوایی، لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا بەڕێ کەوت. بەرلەوەی پێ لە ئەشکەوت بەرێتە دەر، لە شێوەی فەرماندا دووپاتی کردەوە و وتی:

–لە بیرتان نەچێ.. هەر ئەمشەو دەرگەی تونێل قایم بکەنەوە و ئێشکیشی بەدیارەوە بگرن. ئەو دەعبایە هەقێتی بەلانەی خۆی بزانێ و بۆی بێتەوە. دوور نییە دەعبایەکی دڕ و خەتەرناك بێ. لێی غافل مەبن.

ترسەکەی جافر لە جێدا بوو. ئەو شەوە نا، بۆ شەوی دواتر، تەقولبابی لێ کردن. بەڵام ئەمان هەر ئەو شەوە، فەرمانەکەیان بەجێ هێنابوو. دەمی تونێلیان بە دەرگەیەکی هێندە توندوتۆڵ، خڕ قەپات کردبوو، کە قەت لە گرێژەنە نەبرێ.

هێشتا هەرسێکیان دانیشتبوون و نۆرەی ئێشکگرتن نەهاتبوو، کە پەیدا بوو. لووتێکی بەدەرگەوە نا و سووکە مڕەمڕێکی کرد. پشتیوان وەك لە دڵدا بە شەوقەوە چاوەڕوان بووبێ، بە دەنگی نزم وتی:

–ئەرێ وەڵڵا هات.. ئەی بە قوربانی خوا بم.

بە دەمیشییەوە هەڵسا و دەستی دایە چەکەکەی. بەدوایدا هۆشیاریش. ئەم خێرا هەڵی دایە. بە چرپە وتی:

– نەکەن.. کورە نەکەن!.

ئەوان لە جێی خۆیان چەقین و رامان. ئەم دەیزانی کە راگەیاندنی مەبەستەکەی بە قسە، زۆری دەوێ. بە دوو سێ جووڵەی دەست و پەنجە و سەر و چاو، تێی گەیاندن کە تەقەکردن، مەترسیی هەرسهێنانی ئەشکەوتی لێ دەکرێ. قسەکردنی ئەم بە جووڵە، بوو پەتا و ئەوانیشی گرتەوە. هەر بەو دەستوورە، هۆشیار پرسی کە چار چییە. ئەم وەڵامی دایەوە کە چاو لەم بکەن.

جەنابی جانەوەر کەوتبووە رەتاندنی دەرگەکە. کەمێ دەوەستا و دەستی پێ دەکردەوە. لەوە نەدەچوو کۆڵ بدا. بەتایبەتی کە بۆن و بەرامەی گۆشت و فاسۆلیاشی، بە لووتدا چووبوو. رادەی رەتاندن تا دەهات رووی لە توندی دەکرد. دەتوت شەقاوە مرۆڤێکە و سەروکەللەی پێدا دەکێشێ.

هۆشیار خۆی پێڕانەگیرا. چوو تەوری داربڕینەکەی هێنا. پشتیوانیش قەمەکەی لە کیف دەرکێشا و بە چاو رای ئەمیان پرسی. ئەم دیسان تێی گەیاندن کە نەء و وەك ئەم بکەن. ئیتر دەستی کردە مڕاندن. ئەوان سەرەتا واقیان ورما. ئینجا شەپۆڵی پێکەنین زۆری بۆ هێنان، بەڵام لەپی دەستیان نیشاندە سەر دەمیان و دایان پڕمە. ئەم لەلای خۆیەوە مڕاندنی توندوتیژتر کرد و دەستیشی، بە تووڕەییەوە لەوان هەڵدەتەکاند کە بمڕێنن. ئەوان کە سەیریان کرد بە ڕاستییەتی، پڕمەکەیان گۆڕی بە مڕەو، وەك یارییەکی گاڵتەجاڕی بکەن، شان بەشانی ئەم توندوتیژیان کرد. تا زۆری پێ نەچوو ئەم هەستی کرد، کە مڕاندن لەودیوەوە کزبوو. بگرە بووە قرووسکەیەکی بەزیوی و دوور دەرکەوتەوە. لە کاتێکدا ئەوان هێشتا بەردەوام بوون. ئەوسا بانگی لێ کردن:

–بەس کاکە بەس.. ڕۆیشت.. وەل بوو.

کە بێدەنگیش بوون، ئەم بۆ پێکەنین و تێکەڵ لە سووکە تەوسێك وتی:

– ئێ خۆ وامان نەوت!. ئەو بەسزمانەتان تۆقاند.. مڕکوژتان کرد.

ئیتر دایانە قاقای پێکەنین. خۆیان لە پێوە بۆ دابین نەدەکرا. کشانەوە سەر قەرەوێڵەکان. بە پشتدا راکشان و لە تاسەوە دەچوون. دەتوت شانۆگەرییەکی کۆمیدیی

وەهایان نمایش کردووە، کە نمایشکاران بەر لە بینەران سەربەقوڕ بێنێتە پێکەنین. ئەم وازی لەوان هێنا و چوو بەلای کترییە چایەکەی ناو ژیلەمۆکەوە. پەرداخێکی سیخناخی لێ تێ کرد. بردی و لەسەر جێگەکەی پاڵی دایەوە. جگەرەیەکی ئاگر دا و قومێك لە چا و مژێك لە جگەرە، ریزی پێوە گرت. هەستێکی شانازیکردن بەخۆیەوە، دەرروونی تەنی. ئەوانیش کاتێ کوڵی پێکەنینیان نیشتەوە، هەڵسان پەرداخە چایان پڕ کرد و گەڕانەوە سەر قەرەوێڵە. پشتیوان لێی پرسی:

–دەی بۆمان باس بکە.. ئەم بیرەت چۆن بۆ هات؟.

***

جافر زۆری پێ چوو. لەوادەی دیاریکراودا نەهاتەوە. ئەم لە دڵدا ترسی لێ نیشت. سەرەتا بە سووکی و بەشەرمەوە. هاوسەنگەرە و گیانفیدایە و تا دوێنێ، کون لە جەرگیدا نەبووە. ئێستا چۆن وا بە ئاسانی گومانی لێ بکرێ؟ دڵی بەرایی نەدەدا و ترسەکەی خەفە دەکرد. بەڵام کە دواکەوتنەکەی بووە شەوو رۆژێك و بووە دوو شەو و رۆژێك و ئینجا کە دوو شەو و دوو رۆژ، ئیتر تای ترسی بەسەر شەرم و خەفەکردندا زاڵ بوو. لەوەش دەرچوو تەنیا لە دڵدا بێ و دەربڕدرا. سێ قۆڵی کەوتنە لێدوانی. لە یەکەم لێدواندا بە ئاشکرا و لە روو پشتیوان و هوشیاریش وەك بڵێی دڵیان نەیەت بە زەقی دەری ببڕن، خستیانە قالبی گاڵتەوگەپەوە هوشیار وتی:

–ئەگەر گیرابێ، دەکەوێتە بەر ئەشکەنجەدانێکی دڕندانەوە و جیقوفیقی دەردێنن. دەبێ حسابێکی بۆ بکەین. پشتیوان وتی:

– من کە بیری لێ دەکەمەوە وای دێنمە بەر زەین کە هیچمان لێ ناکەن. تەنیا لە گوڵبێنەکانەوە، دوو نارنجۆکمان بۆ خل دەکەنە ژوورەوە. ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ.

– نا.. وا ناکەن.. ئەوەندە گەمژە نین. نارنجۆك و ئالێرەدا، لەتوپەتمان دەکا. ئەوان لاشەی ساغوسەلیمیان دەوێ.

–بۆ؟!.

– دەمانکەن بەقۆزی.

– یانی لە شیشمان دەدەن؟.

– نەء بێ ئەقڵ.. دەمانپیشێنن. ئێمە کوا بە کەڵکی لە شیشدان دێین. بەتایبەتی تۆی

قالۆر.

هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین. ئەم هەڵی دایە وتی:

–جافر لەوەبەر، تووشی گرتن و ئەشکەنجەدان و بەندکردن بووە. من دڵنیام کە خۆی رادەگرێ. بەڵام...

پشتیوان قسەی پێ بڕی، وتی:

–ئاخر...

تەنیا ئەوەندە و بێدەنگ بوو. ئەم تێ گەیشت دەیەوێ چی بڵێ. حەزیشی نەکرد دەری ببڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

–چی؟. کە ئەو وتی:

– هیچ. ئەمیش چووەوە سەر قسەکەی خۆی و وتی:

– بەڵام چاکتر وایە وەك هوشیار وتی، حسابێکی بەو بارەدا بۆ بکەین و من وام پێ باشە ئێشك بگرین. هەر رۆژەی یەکێکمان بە دەستووری ئەولا، لە بەرەبەیانەوە تا تاریکی.

شەوەکەی حەشارگەیان ساز کرد. بەڵام شەوێك و دووانی تر و لە سێیەمدا، جافر ترسەکەی رەواندنەوە. بە سەروسیمای گەش و دەم بە خەندە و دڵ پڕ هیوای سەرکەوتنەوە، پەیدا بووەوە. بە درێژایی ئەو شەوە و رۆژی دوایی، باسیان لە نەخشەکە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بوو. بە کردەوە هەشت دانە جار و تا رادەی وەڕسبوون، مەشقی پێ کردن و پێ کردنەوە. تا لەگەڵ تاریکیدا بە هەموو پێویستییەکیانەوە و تەوری داربڕینەکەش لەسەر داوای ئەم، بۆ بە جێهێنانی چالاکییەکەیان بەڕێ کەوتن.

***

## ٧

ئێستا ئەمان لە سایەی سمایلەوە، لە بۆسەیەکی کۆکدان. ئەو وەك موریدێکی حاجییە سوورە، بە پیرەوە هاتبوو. ئامادەبوونی بۆ تۆڵەسەندنەوە، هیچی لەمان کەمتر نەبووبوو. جافر هەرچی داوایەکی لێ خواستبوو، بە کارامەییەکی خۆڕسکانەوە جێبەجێی کردبوو. سەرلەبەری نەخشەکە، لەبەر رۆشنایی زانیاری و تاقیبکردن لەلایەن ئەوەوە داڕێژرابوو. جافر بە سەرسوڕمانەوە باسی وریایی و ژیری و وردبینیی سمایلی بۆ ئەم کردبوو. تەنانەت وتبووی:

– سوبحان.. ئەوەی دوای خستم، پەیدابوونی سووکە گومانێك بوو لە دڵمدا، بەرامبەر بەو کوڕە. کار و کردەوەی وام لێ دەدی کە سەرسامی دەکردم!. دەموت: ئەو هەموو شارەزاییەی لەم جۆرە کارەدا، لە کوێوە هێناوە و چۆن؟ یا دەموت: ئەو هەموو نەترسی و چاو قایمییەی لە پای چی؟!سەیریش لەوەدابوو کە گومانەکەم دوو سەرەبوو. دەموت: یا ئەوەتا ئەندامێکی چاپووك و قارەمانی خۆمانە، یا جاسووسێکی زۆر زۆڵ و لێزانی ئەمنە!. ئیتر ئەوە سەرەگێژەیەکی خراپی پێ خستم. تا ساغم نەکردەوە و تەواو دڵنیا نەبووم، وازم نەهێنا.

وا بوو بە سەعات و نیوێك و لە چاوەڕواندان، نێچیر بە داویانەوە ببێ. ئێستا ئەحەی پاسەوانیش ئارامە. سەرەتا بە کڕووزانەوە و پاڕانەوە، هەراسانی دەکردن. جارێك و دووان و سیان، جافر دڵنیای کرد کە ترسی نەبێ و دادی نەدا. تا بە ناچاری قۆناخە تفەنگێکی سرەواندە ناو شانی و هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد. ئەوسا داسەکنا و خامۆش بوو.

سمایل زانیارییەکی زۆر وردی لەبارەی شوێنی بۆسەکەوە بە جافر گەیاندبوو. دوو جاریش لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لە دوورەوە نیشانی دابوو. کەریم لە سەعات دوودا، لە دەوام دەگەڕێتەوە ماڵەوە. کات هاوینە و دیارە دوای نانخواردن، سەرخەوێك

دەشكێنێ. بە زۆری لە نێوان سەعات پێنج بۆ پێنج و نیودا، سەردانی ئێرە دەكا. ئێرە دەواجنەكەی حاجییە سوورەیە و دوای دەستبەسەرداگرتنی، وەك خەڵات بەو دراوە. بە بەرازیلییەكەی دێ كە ڕەنگی شینە و ئەویشی، لە دوای ئیعدامكردنەوە بە ماوەیەك كڕیوە. زۆربەی جار بە تەنیایە و جار جارێك، منداڵەكانی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بەردەوام دەمانچەیەك بەلاقەدییەوەیە و كلاشینكۆفێكیش لە ئۆتۆمۆبێلەكەیدا. تەنیا كرێكارێك پاسەوانێكی هەن. كرێكارەكە لە سەعات دوو ئەوپەڕەكەی سێوە، جێی دێڵێ بۆ پاسەوان.

ئەمان لە چوار و چارەكدا خۆیان گەیاندێ. ئەحەیان بەئاسانی چەك كرد. دەست و قاچیان بەست و لە پشت دەرگەی هۆڵەكەوە دایان نا. ئەم و جافر لەگەڵیدا مانەوە. پشتیوان و هوشیار بە دیوی دەرەوەدا، لە پاڵ دیواردا خۆیان حەشار دا. ئەحە دەبێ دەوری ڕاكێشانی كەریم ببینێ بۆ ناو هۆڵ، بەوەی كە ئەگەر بانگی لێ كرد، تەنیا بڵێ ئەوەتام لێرە. ئێستا وا كات پێنج و سی و پێنج. پێنج و چل و ئەم بە مەغزاوە سەیرێكی جافر دەكا. ئەو بە بزەیەكی دڵنیاییەوە، وەڵام دەداتەوە كە ترسی نەبێ و گومان لە سمایل لە ئارادا نییە. وابوو بە پێنج و چل و پێنج و وڕەی ئۆتۆمۆبێل دێتە بەرگوێ. ئەم لە درزی دەرگەوە سەیر دەكا. بە سەرسوڕمانەوە رادەگەیەنێ، كە زەلامێكی لەگەڵدایە. جافر بە پەلە پاسەوان دەخاتە سەرپێ. بە قونەقون دەیگەیەنێتە لای درز و دەپرسێ:

– كێیە؟.. دەیناسیت؟.

– موعاون نوعمان.. موعاونی ئەمنە.

– لەوەبەر لەگەڵیدا دەهات؟.

– بەیناوبەینێك.. بۆ عارەق خواردنەوە.

جافر دەستوبرد مێشكی خستە كار. دەبوو ئەم ئەڵقە هەرە بنەڕەتییەی نەخشەكەی بگۆڕێ. وتی:

– سوبحان.. ڕەنگە هەردووكیان پێكەوە نەیەنە ژوورەوە. ئەوە ئیشەكەمان لێ تێك دەدا. دەبێ بۆیان دەرپەڕینە دەرەوە.

– تێ گەیشتم.. ئەی هوشیار و پشتیوان؟.

– بۆ ئەوان هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ. لەگەڵ هەڵمەتەكەی ئێمەدا، ئەوانیش

لەسەریان حازر دەبن.

ئەوساتە گەیشتبوونە بەرەوە. ئۆتۆمۆبێل دەنگی نەما. جافر لای کردەوە بەلای پاسەواندا. ترسی لێ نیشت هاوار بکا. بەپەلە کڵاو و جامانەکەی لەسەری خۆی داماڵی. کڵاوەکەی ئاخنییە دەمییەوە و بە جامانەکەی شەتەکی دا. ئەمیش بەپێی نەخشەکە کە دەبوو دەمامك بپۆشێ، نەکو کەریم بیناسێتەوە، جامانەکەی کرد بە لەچك و ڕووی خۆی پێ شاردەوە. هەر لەو ساتەدا دەنگی کەریمیان بیست کە بانگی کرد:

–ئەحە.. هۆ ئەحە..

بە خشپەی پێیدا زانییان بەرەو دەرگەکە دێ. هەردووکیان ئامادەی هەڵمەت بوون. بەبێ قسە لەسەر چۆنیەتیی هەڵمەتبردن ڕێککەوتن. ئانوسات جافر تای دەرگەی، بە تەکانێك ڕاکێشا و بۆ ئەمی واڵا کرد. ئەم قەڵەمبازدی دایە دەرەوە و ئامبازی کەریم بوو. جافریش بەدوایدا دەرپەڕی و بە ڕوانینێکی خێرا، نوعمانی لە دووریی دە هەنگاوێکەوە بینی و تانجی ئاسا نیشتە سەری. دەمودەست هوشیار و پشتیوانیش، هەڵمەتیان هێنا و هەردوو نێچیر، نەك هیچ بەرگرییەکیان بۆ نەکرا، بگرە دەستی خۆ بە دیلزانینیشیان بەرز کردەوە. پشتیوان بەخێرایی دەمانچەکانی لە ناوقەدیان کردەوە. هوشیار بەو پەتانەی پێشتر ئامادەیان کردبوون، دەستیانی لە پشتەوە بەست. جافر فڕکەی کردە ژوورەوە. قاچ و دەمی ئەحەی کردەوە و هێنایە دەرێ. ئیتر کاروان بە ڕاوکەر و نێچیرەوە، ئامادەی بە ڕێکەوتن بوون. دایاننە پێش و بە زەبری نووکی سونگییەکەی پشتیوان، خستیاننە لۆقە. لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا، داکشانە ناو چەم. سەعاتە وەختێکیش چەماوچەم، هەر بەلۆقە ڕایان فڕاندن. گەیشتنە ئەو شوێنەی کە لە هاتندا، کەلوپەلی زیادەیان لێ حەشار دابوو. هەڵیان گرتنەوە و هەیپێیان لێ کردەوە. دوای کەمێ لە چەم دەرچوون و بەرەو هەڵزنان بە چیادا، هەنگاویان سەر خست. لەگەڵ ڕۆئاوابووندا، ئاودیوی چیا بوون و ترسی ئاشکرابوون و بەدواداهاتنیان نەما.

***

ئێستا کات لە نیوەشەو تێپەڕیوە. دوای هەشت سەعات ڕێگە بڕینی بێ وچان، لایان داوەتە سەر کانی و ئاوێك. کە ئەم و جافر وەك چاو و فرمێسکی چاویان پێی ئاشنان.

لە شوێنێکیشدا کە وەك بەری دەستیان دەیناسن. ئێرە کانی و ئاوەکەی لەمەڕ گوندی کانی وەلییە. ئێستا بە پێی بڕیار و خواست و مەرامی پێشوەختی دڵی ئەم، کاتی دەستپێکردنی نمایشی تۆڵەسەندنەوەکە و قڵپکردنەوەی دەریای ئەو رق و کینە و غەزەبە بێ ئامانەیە، کە لە دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە.

پشتیوان و هوشیار، دار و تەختە و چیلکە و چەوێڵێکی زۆریان، لە کەلاوەکانی گوندەوە هێناوە. جافر ئاگرێکی خۆشی پێ کردوونەتەوە. شوێنەکە وا هەڵکەوتووە، کە ترسێکی ئەوتۆیان لە بینینی لەلایەن دوژمنەوە نییە. جگە لەوەی کە تەنیا لادانێکە، بۆ ژەمەخواردنێك و نیشاندانی دیمەنی یەکەمی نمایشەکە و ئیتر جێی دێڵن. ئەوان هەموو بە دەوری ئاگرەکەدا دانیشتوون و (تەنانەت نێچیرەکانیش)، چاوەڕوانی ژەمە خواردنەکەن، کە هوشیار خەریکە ئامادەی دەکا. ئەم کە بە درێژاییی رێگە و تا ئەو کاتە، بواری بە کەریم نەدابوو بیناسێتەوە، دەچێ راست بەرامبەری دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە چاوی. بە زەردەیەکی پڕ لە کینەی تێکەڵ لە گەشکەی سەرکەوتنەوە دەڵێ:

—کەریم کەللە.. باش تێم بڕوانە و وردبەرەوە.. دەمناسیتەوە؟. ئەو کە بە درێژاییی ماوەی رێگەبڕین و تا ئەم کاتە، لە سەراسیمەیی بەولاوە هیچ کاردانەوەیەکی تری نەبووبوو، بە بینینی ئەم و ناسینەوەی، کەوتە بەر حاڵەتی زارەترەکبوونێکی ئەوتۆ، مەگەر تەنیا ئەم بزانێ، چ جۆرە ئازارێکی مێشکتەقێن.. دڵپروێن.. جەرگبڕ و زراوڕژێن دەگەیەنێ. لە یەکەم ساتدا هەڵبڵوقایەوە. بەو جەستە قەبە و ورگە هەڵاوساو و کەللە زلەیەوە، هەڵبڵوقایەوە و بە دوایدا، هەموو لەشی وەك پەڕی دەم رەشەبا کەوتە لەرزین. چاوی بەشێوەیەکی وەها کرانەوە و بەسەر ڕووی ئەمدا ئەبڵەق بوون، کە دەتوت هەر ئێستا دەردەپۆقن و وەك دوو هەڵمات، بەردەبنەوە ناو کۆشی. رەنگی لە پەمەییەکەی بەر ئاگرەکەوە، بووە سپییەکی گەچینی وشکهەڵاتوو. کەللە زلەکەی بەسەر گێپەڕەی ملییەوە، کەوتە لارەلارە و بۆی دابین نەدەکرا. بەم زارەترەکبوونەیدا لەوە دەچوو تا ئەو ساتە، ترسێکی ئەوتۆی سەبارەت بە ژیانی لە دڵدا نەبووبێ و وا لە ناکاوێکدا لێی پەیدا بوو.

ئەم ماوەیەك بە بێدەنگی، چاوی بڕییە چاوی. ئینجا چوو تەورەکەی هێنا و دانیشتەوە. بە دەنگێکی زۆر هێمن و دوور لە تووڕەیی.. دەنگی کەسێك کە نێچیر لە بەردەستیدا، هێندەی تاڵە موویەکیش توانا و بواری بەرگریکردنی تێدا نەمابێ، وتی:

– کەریم ئەم تەورە دەبینیت؟. ئەمەم هەڵتەك هەڵتەك لەگەڵ خۆمدا، بۆ جەنابت هێناوە. دەمەکەیشی عەیامێکە لە هەسان نەدراوە و کول کولە. کەریم دەزانیت دانیشتووانی گوندەکەم چەند کەس بوون؟. سەد و بیست و دوو کەس و تەنیا چواریان دەرباز بوون. مانەوە چەند، تۆ بیڵێ؟. سەد و هەژدە. بەڵام تۆ بەئیعدامکردنی ئەم سیانە، سێ ئازیزی ترمت خستە جێیان. چەندی ترت بە ئیعدامکردن داوە، با لەولاوە بوەستێ. بەڵام ژمارەکەمان بووەوە بە چەند، تۆ بیڵێ؟. سەد و بیست و یەك. جا جەنابی کەریم کەللە.. ئەم تەورە کولە بەتایبەتی هێنراوە، تا لە خزمەتتدا بێ و بتکا بە سەد و بیست و یەك پارچەوە و ئا بەم دەستانەش دەکرێیت، لێم حاڵیی بوویت؟.

ئێستا کەریم بووەتە مریشکێکی سەربڕدراو. جەستەی بۆ دابین ناکرێ. قاچ رادەکێشێ و رادەکشێ. بەمدیو و بەودیودا تل دەخوا. هەڵدەستێتەوە و قاچ گرمۆڵە دەکا. سەری دادەخزێنێتە سەر سنگی. لە ناکاو هەڵی دەبڕێتەوە و چاو دەگێڕێ. چاوی پڕ لە هانا و فریاخوازی و پاڕانەوە. نوعمان کە ئەویش بە درێژاییی ماوەی رێگە، ورتەی لە دەم نەهاتبووە دەر، بە کوردییەکی شەقوشڕ کە پاڕانەوەی لێ دەتکێ، ترسی تەورە کولە سواری کۆڵی دەبێ و دەڵێ:

–تکاتان لێ دەکەم.. من هیچ پێوەندییەکم، بە ئیعدامکردنی ئەو کەسانەوە نەبووە.. تەنانەت گرتن و لێکۆڵینەوەش لەگەڵیدا، لەلایەن موخابەراتەوە بووە نەك ئێمە.

ئەم لەوەڵامیدا وتی:

– گریمان وایە. بەڵام تۆ پێم بڵێ: تۆیەکی خەڵکی ئەو بیابانانە، بۆچی هاتوویتە ناو ئەم چیایانە؟.

–نیردراوم.

–من غەشیم دەکەیت یا خۆت. قسەشم جارێ لەگەڵ تۆدا نییە. تۆ دەمت لێکنێ.

هوشیار هەڵی دایە و وتی:

– هاوڕێ.. دە تۆ خواردنەکەیان لێ مەکە بە زەقنەبووت.. گوناحە.. با جارێ قوزەڵقورتی بکەن. کەریم و نوعمان هیچیان بۆ نەخورا. بە چ حاڵێکەوە بخۆن!. ئەحەش بۆی نەدەخورا. پشتیوان تێوەی ژەند. بە چرپە پێی وت:

–بخۆ کەرە.. تۆ هیچت لەسەر نییە. ئێستا بەرەڵا دەکرێی. لە رێگە برسێتی پشت دەشکێنێ.

بـەڵام جـافـر ئـەو حسابـەی بـۆ کـرد. کـە کـاتـی جـێبـەجـێکـردنـی دوا ئـەڵـقـەی چالاکییەکەیان هات، دەبوو بەر لەوەی بکەونەوە ڕێ و بۆ شوێنەونی، جافر بۆ ماوەی یەك دوو کیلۆمەتر بیگەڕێنێتەوە دواوە. لە شوێنێکدا دای بنێ و هەڕەشەی لێ بکا، کە نابێ هەتا ڕۆژ دەبێتەوە بجووڵێ. ئیتر قوتوویەك فاسۆلیا و کولێرەیەك و شەش حەوت دەنك خورمای ئەشرەسیی بۆ پێچایەوە و دایە پێش خۆی. ئینجا هەر هێندەی ئەوان دوور کەوتنەوە و دەنگی پێیان نەما، ئەمانیش بە تاشاندا بەرەو حاجی سوبحان کەوتنە ڕێ.

زۆر نەڕۆیشتن و کەریمیان لێ بووە گرفتێکی گەورە. هەرچەندە تاریك و ڕێگا هەوراز بوو، بەڵام تەورەکەی دەستی ئەم، کە بەیناوبەینێك و هەر جارەی بە چەشنێك نیشانی دەدا، هێزی ئەژنۆی دەشکاند و هەنگاوی بۆ سەر نەدەخرا. بەلادا دەهات و دەکەوت و بە زۆری ڕاستیان دەکردەوە. تا کاتێ جافر گەیشتەوە لایان، ئەو نووکی قەمەکەی پشتیوانی لێ خستە کار. لەگەڵ هەر ڕاوەستان و گیرخواردن و کەوتنێکدا، وەك نەقیزە بێبەزەییانە، دەیچەقاندە سمت و پووز و ڕان و قەبرغەی و بە حوکمی ئازار، تەکانی بەرەو ژوور پێ دەدا.

کە گەیشتنە سەرەوە، لایاندایە ژێر داربەڕووەکەی (کوڵکنە). دنیا هێشتا تاریك بوو، ئەگەرچی بە پێی سەعات، زۆری نەمابوو سپێدە بدا. کەریم بەپێچەوانەی نوعمانەوە، کە دیاربوو هیوایەکی لە بیر و هۆشی خۆیدا هێشتووەتەوە، یا هیچ نەبێ تەورکارییەکە نایگرێتەوە، لە حاڵی حەولوەلادا بوو. وەك سیپاڵێك داڕمایە سەر ئەرز و بە ڕێکەوت، پاڵی دادایە سەر تەپۆڵکە گڵی گۆڕەکەی شەهید (ئاسۆ)، کە هێشتا دانەچوو بوو. جافر بەڕقەوە نیشتە سەری. لەقەیەکی تێ سرەواند و دووری خستەوە، وتی:

–کەلا کەوە ناپاك.. جەستەی بۆگەنت لەو گۆڕە پیرۆزە دوور بخەرەوە.

ئەم بەسەرهاتەکەی جافری بە بیر هاتەوە. چوو بە لای گۆڕەکەوە. دانەوییەوە و ماچی کرد. تەورەکەی هەر بەدەستەوە بوو. بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی بەر گوێی کەریم بکەوێ، وتی:

–تۆش ئاسۆ.. پارچەکی تۆشی دەچێتە سەر.

جگەرەکێشانێك و ئەوا سپیدەی دا. نەخشە ئەڵقە بە ئەڵقە و شەقاو بەشەقاو، بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێ. ئێستا دوا ئەڵقە و دوا شەقاویان لە بەردەمدا ماوە. ئەم بەدەر

له نەخشە، لە دەمێکەوە بە ئاواتی بینینەوەی حاجی سوبحانە خاپوورکراوەکەی بوو. ئێستا ئەوەتا سپێدەی داوە و دەیبینێ. بەڵام چی دەبینێ؟. قوڵپی گریانێکی خنکاو.. رستێك فرمێسکی قەتیسماو.. حەسرەتێکی جەرگبڕ.. سوێی زامێکی قووڵ و جەخارێکی لە بننەهاتوو!.. بۆ.. ئاخر بۆ.. ئاخر لە پای چی؟.

بەرلەوەی لەنگەر لەسەر چاوگێڕان و هێنانەوە بەر زەین بگرێ، لە ناکاوێکدا هاوارێکی پڕ بە گەرووی کەریمی کەوتە بەرگوێ، کە بەدەم بۆڕەی گریانێکی بەکوڵەوە دەیوت: توخوا گوللەیەك.. تۆزێك بەزەیی و یەك تاقە گوللە بە تەپڵی سەرمەوە و هیچی ترم ناوێ.. توخوا.. توخوا.

کاتێ ئەم بەخۆی و تەورەکەیەوە چوو بەلایەوە، ئەو رووی پاڕانەوەکەی لە هوشیار و پشتیوان کردبوو، کە بە دیار ئەو و نوعمانەوە راوەستابوون. بەڵام بە بینینی ئەم و تەورەکە، تووشی هیستریایەکی ئەوتۆی هاتوهاوار و بۆڕەی گریان بوو، کە لەناو چیاکاندا بە زنجیرە دەنگی دەدایەوە. لەگەڵیدا دەستی کردە قاچەکوتێ و خۆگەوزاندن و تەپاوتل و نوعمانیشی بە خۆیەوە لوول دا. ئەم بە دیارییەوە راوەستا و لێی ڕاما!. جافر لەولاوە بانگی کرد:

– ئەو سەگبابە بێدەنگ بکەن.. دەمی ببەستن.

هێندەی بڵێی یەك و دوو، هوشیار و پشتیوان نیشتنە سەری. هوشیار جامانەکەی خۆی، دوو سووڕ چەسپاندە ناو دەمی و لە پشتی سەرییەوە گرێی دا. بەڵام کە دەستیان لێ بەردا، یەکی تفێکی قێزهاتنەوەیان رۆکرد و بە دەم و لووتگرتنەوە لێی کەلا کەوتن. پشتیوان بە دەمییەوە وتی:

– بێشەرەفە بەخۆیدا ریا.. فیڕاندی!. بیستنی ئەو قسەیە بۆ ئەم، دەرزییەك بوو کرا بە بنی نینۆکیدا. زامێکی بەجەخاری لێ کولاندەوە و دەروونی ئاگر دا. وای هاتە بەرچاو دەستێك لە غەیبەوە دێ، دەمامکێك لە رووی ئەو لادەدا و یەکێکی تر دەردەکەوێ.. رووی ئەم بەسەر لەشی کەریمەوە!. دیمەنەکە بینایی بەسەر کەریمدا پێ ڕاوند. بە بێ ئاگا لە خۆ، دەستە بەتاڵەکەی بەرز کردەوە و چاوی هەڵگلۆفتن. رووی بووەوە تۆقیوە دەمئاخنراوەکەی کەریم، کە چاوانی دەرپۆقیوی بەسەر تەورەکەدا ئەبڵەق بووبوون و لە ژێریشەوە دەیفیڕاند.

کە پشتی تێ کرد و چووەوە بەلای حاجی سوبحانەوە، تەنیا بە چاو لەوێی دەڕوانی،

دەنا بە هەست و هۆش، هەر لەلای دیمەنی ڕووی تۆقیو و فیرەفیری ژێری کەریم بوو. لێی بووە خمخۆرکێك. چەندە لە مێشکیدا دەیهێنا و دەیبرد، پتر زامەکەی خۆی لێی دەهاتەوە سوێ و ئازار و ئەشکەنجەکەی لێ نوێ دەکردەوە. پتریش بەخۆدا دەشکایەوە و بە ناوەخۆدا نغرۆ دەبوو.

کاتێ جافر فەرمانی دا بجوولێن، شێوەی ڕۆیشتنی کەریم و ئێستا نوعمانیش لەگەڵیدا، بووە گلۆربوونەوە نەك هەنگاونان، کە ئەوە بە لای جافرەوە، ئەرکی لێخوڕینیانی ئاسان دەکرد و پێویستی بە بەکارهێنانی نووکە قەمە نەدەکرد. ئەم بە درێژاییی ماوەی دابەزینیان، دیمەنەکە و بەراوردکرنەکە بەرۆکی بیر و هۆشیان بەرنەدەدا. دەیوت: "دیارە دەبێ منیش وابووبم.. یا لە حاڵێکی لەم بابەتەدا. ئا.. نەء.. هێجگار وا نەبووم. هیچ نەبێ بەدیوی دەرەوەمدا هێجگار وانەبووم. بەڵام لە ناوەوەمدا منیش زارەترەك بووبووم. یا منیش دوایی ئاواتم نەدەخواست کە شەڵلا گوللەکانم پێوە بنرانایە؟. با.. ئەمیش ئەوەتا لە ترسی مەرگە سامناکەکە و پارەپارەکردنی بە تەورە کولە، بۆ مەرگێکی کتوپڕ دەپاڕێتەوە. خۆ ئەو داوا ناکا ژیانی پێ ڕەوا ببینرێ. ئەو داوا دەکا مەرگێکی ئانوساتیی پێ بدرێ.. مەرگ بە گوللەیەکی پشتی سەر!". لەوەبەدوا وردە وردە، لای دا بەلای پرسیارکردندا لە خۆ: "کوشتنی بەو شێوەیەی بۆم بڕیار داوە، بۆ ئەوێك کە ئەنجامەکەی هەر مردنە، چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێ؟. بە تەور بێ و کردنی بە هەزار پارچەوە، یا بە نووکە دەرزییەکی ژەهراوی، بۆ ئەو تەنیا بریتییە لە فەوتان و لە ژیاندا نەمان. ئازار زۆر بچێژێ یا کەم.. درێژخایەن بێ یا کورت.. لاشەی ساغ بێ یا هەپروون، ئەو کە مرد ئیتر چ دەربەستە؟.. چ ئاگایەکی لێ دەمێنێ؟. وا چوویتە بنگوێ و ملیۆنێك جار قیڕاندت: ئەها چیم بەسەر هێناویت، ئەو چ خامبایەکی پێدا دێ؟ ئەگەر وا بکەوتایەوە کە بۆ هەتا هەتایە، چاوی بەسەر ئەو حاڵەیدا زیتەی بووایە.. هەست و نەستی لێی ئاگەدار بوونایە.. هەتا ڕۆژی قیامەت هەر بیناڵاندایە.. ئا دەیهێنا. بەڵام ئەم بەخۆدا ریاوەی کە حاڵی حازر نیوە مردوو بووە و من دەمەوێ بیکەم بە ئەوەندە پارچەوە، تەنیا بە لێکردنەوەی چەند پارچەیەکی، کۆتایی دێ و ئیتر ئەگەر بە قیمەشی بکەم، لە شان و قۆڵکوتانێکی بەلاشوحەلاش بەولاوە، چیی تر دەگەیەنێ؟. کەوابوو مەسەلە ئەوی مردوو نییە بگرە منی زیندووم. منم کە لەبەر هەر هۆیەك بێ، وام پێ پەسند و خۆش و باشە. بۆ نموونە: منی زیندوو لە رقاندا.. لە داخ و خەفەتدا.. بۆ حەواندنەوەی دڵی پڕ حەسرەتم.. بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری تۆڵە لە

دەروونمدا، دەمەوێ بیکەم بەوەندە پارچەوە و هەر پارچەی بهاومە ناو کەلاوەی، هێلانەیەکی رمێنراوی خەڵکەکەی حاجی سوبحانەکەمەوە. ئا بەڵێ.. مەسەلە ئەو نییە. ئەو لەو ساتەوەی دوا هەناسە دەدا، ئیتر خامبای پێدانایە. مەسەلە منم.. منی زیندوو".

جافر بەپێی بڕیار و نەخشە، هەردووکیانی بردبووە ناو کەلاوەی ماڵەکەی ئەمەوە، کە دەبوو تەورکارییەکە بەتایبەتی، بۆ دامرکاندنەوەی گڕی تۆڵەی دەروونی ئەم لەوێدا بکرێ. ئەوان لەوە کەوتبوون بتوانن خۆ بەپێوە رابگرن و داڕمابوونە سەر ئەرز. ئەم کاتێ گەیشتە لایان، تەورەکەی هەر بە دەستەوە بوو. کەریم هیچی لە ورگدا نەمابوو بیفیرێنێ. نوعمان دەستی پێ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ شین و فوغان، بە پاڕانەوەیەکی پیاوانەوە وتی:

– تکاتان لێ دەکەم بە تەور نا.. کاسەی سەرم بە گوللە بهاڕن و بەوە نا.

ئەم داوای لە جافر کرد کە فەرمان بدا، هوشیار و پشتیوان جێیان بێڵن و بچن، لە ئەشکەوتی کونەکەمتیار چاوەڕێ بن. جافر وای بۆ چوو کە ئەم حەز ناکا تەورکارییەکە ببینن. پەسەندی کرد و فەرمانی دا. کە وەرچەرخان بڕۆن، ئەم بانگی لە هوشیار کرد:

– جامانەکەت..

ئەو وتی:

– نامەوێ.. گڵاو بووە..

لەگەڵ دوورکەوتنەوەی ئەواندا، ئەم جافری بردە لاوە. بە دەنگێك کە بڕیاری ببڕای ببڕ رابگەیەنێ، وتی:

– جافر.. رام گۆڕی.. تەورکارییەکە پێویست ناکا.

ئەو سەرسام بوو، وتی:

– بەڕاستتە یا بە گاڵتە؟.

– بەڕاستمە.

– یانی چی؟.. بۆچی؟.

– کارێکی بێپەروایە و هیچ ناگەیەنێ.

–ئەی ئەو هەموو شەو و رۆژانەی بەو ئاواتەوە بەسەرمان بردن؟. ئەو بڕیار و

نـەخشە بـۆ کـێشان و ئـەو هـەمـوو ئـەرك و زەحـمـەتـیـیـەی، بـەدەست هـێـنـانـیـانـەوە کێشامـان؟.. ئەو هەموو مەترسییەی لە ڕێگەماندا بوون؟. باشە کاکە کە ئەمە نیازت بوو، خۆ هەر لەوێ لە دەواجنەکە، یەکی گوللەیەکمان بە تەپڵی سەریانەوە دەنا و دەبڕایەوە.

–نا.. ئەوسا وام نیازت بوو. خۆ هەر لەوێ لە دەواجنەکە، یەکی گوللەیەکمان بە تەپڵی سەریانەوە دەنا و دەبڕایەوە. نا.. ئەوسا پڕ بە دڵ وام دەویست. ئێستا رام گۆڕی.. ئێستا.

– بەزەیی زەیفی لێ سەندوویت؟.. رەحمت تلیساوەتەوە؟.

– نەء جافر.. تکات لێ دەکەم.. دوایی لێی دەدوێین.. دوایی.. تۆ ئێستا بە قسەم بکە. ئەو تەورکارییە هیچ ناگەیەنێ. بیانخەرە سەر دەم و وازیان لێ بێنە بۆ من.

جافر لەسەری نەڕۆیشت. چوو نووکە شەقێکی سرەواندە قەبرغەی کەریم و وتی:

– بکەوە سەردەم تەرەس.. خوا فریشتەیەکی بۆ گیانکێشانت ناردووە. دەنا تۆ هی ئەوە نیت. ئینجا لە نوعمانیشی سرەواند و وتی:

– دەی تۆش داگیرکەری بۆگەن.. دەی..

هەردووکیان وەك لە دواساتدا، مژدەی گۆڕینی مەرگی دۆزەخ ئاسایان بۆ مەرگێکی ئاسایی پێ ڕاگەیەنرابێ، دوا تینیان دایە بەرخۆیان و بە خۆشنوودییەوە، جەستەیان وەرچـەرخـانـدە سەر سك. ئـەم لـێیـان چـووە پـێش و بـە دەمـانـچـەکـەی کـەریـم، یـەکی گوللەیەکی لە نزیکەوە، بە پشتی سەریانەوە نا. ئینجا کە جافر جەستەی هەردووکیانی وەرگێڕایەوە سەر پشت و ئەم لە پشکنینی گیرفانیان بووەوە، وتی:

– بابیشیاننێژین!.

***

دوا مژی لە جگەرەکە گیر کرد. چزوویەك چەقییە لێوی و رای چەناند. ئاگرەکەی گەیشتبووە ئاستی فلتەر. بە هەردوو پەنجە گەورە و شایەتمان، ئاخنییە ناو خۆڵەکەی تەنیشتییەوە. ئەو کاتە خۆر لەوەدابوو، لە دەم کەلی (نزارە)وە سەر دەربێنێ. دوا چاوی سەراپـایـی گـێڕا. لـە دیـمـەنـە دوورەکـانـەوە پـێداهـات. لـەسەر هـێلانـەی دارمـاوی گـیـرسـانـدیـیـەوە. بـۆ سـاتـەوەخـتـێك پـێڵـووی نـانـە سەریـەك. هـێلانـە ئـاوەدان و پڕ لـە

گەرموگوڕیی ژیانە. بنار و چنار وەك دوو فریشتە لە شیرین خەودان. غوربەتی لە ئامێزدایە. دەیەوێ خۆی دەربکێشێ و دەڵێ:

– دە بەسە ئیتر.. هەڵسە درەنگە.

چزوویەکی ترە و رای دەچەنێنێ. دەست دەداتە تفەنگ و تەورەکە و خۆی دەخاتە سەرپێ. بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی سارد و پڕ حەسرەتەوە، هێلانەی خاپوورکراو جێ دێڵێ و بەرەو، لانەی پشت و پەنا هەنگاو سەردەخا.

شوباتی ١٩٩٧ – شوباتی ١٩٩٩